


تصویر ابو عبدالرحمن الکردي
٢
تەفسیری نامی
بۆ
قورئانی پیرۆز
دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
ئامادەکردنی: موحەممەد عەلی قەرەداغی
سەرپەرشتی چاپی نوێ: ڕەئووف مەحموودی



تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

سرشناسه	:	مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م. Mudarris, Abd al - karim
عنوان و نام پدیدآور	:	دەقی تەفسیری نامی/دانراوی عبدالکریمی مودەرریس.
مشخصات نشر	:	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹.
مشخصات ظاهری	:	۶ ج.
شابک	:	دوره: 9649800363؛ ج.۱: 9649800370؛ ج.۲: 9649800387؛ ج.۳: 9649800394؛ ج.۴: 9649800400؛ ج.۵: 9649800417؛ ج.۶: 9649800424؛
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
عنوان دیگر	:	تەفسیری نامی بوقورئانی پیروز.
موضوع	:	تفاسیر اهل سنت -- قرن ۱۴ق.
رده بندی کنگره	:	BP۹۸/م۳۸ت۹ ۱۳۸۶
رده بندی دیویی	:	۱۷۹/۲۹۷
شماره کتابشناسی ملی	:	۷۲۵۶۱۱۱

تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

نووسینی:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

بەرگی دووهەم

(ئالی عیمران، نیساء و مائیدە)



بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە



سنە ـ پاساژی عیززەتی ـ تەلەفوون ـ ٢٢٦٥٣٨٢

تەفسیری نامی

✔ ناوی کتێب (نام کتاب):	تەفسیری نامی (بەرگی دووهەم)
✔ دانراوی (تألیف):	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
✔ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول)؛ ١٣٨٩
✔ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	٣٠٠٠ دەورەی شەش بەرگی (دورەی شش جلدی)
✔ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	٥٢٨ صفحەی وزیری (شش جلد ٣٣٦٠ صحفه)
✔ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی دەورەی شەش بەرگی: ٦٢,٠٠٠ تمەنە

شابک دوره: ٣ ـ ٠٣٦ ـ ٩٨٠ ـ ٩٦٤ ـ ٩٧٨
شابک ج ٢: ٧ ـ ٠٣٨ ـ ٩٨٠ ـ ٩٦٤ ـ ٩٧٨

سورة آل‌عمران، مدنية، و آيها مأتا آية
[سووره‌تی ئالی‌عیمران، مه‌دینه‌ییه و دووسه‌د ئایه‌ته]

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ



خوای ته‌عالا زاناتره به مه‌عنای.

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ۝٢﴾

واته: ئه‌و زاته که ناوی پاکی به‌ڕێزی «اللّٰه»یه هیچ که‌سێ نییه که «واجب الوجود» بێ و بوونی پێویست بێ و که‌س نییه که په‌روه‌ردگاری که‌م و زۆری جیهان بێ، وه که‌س نییه که عیباده‌تی بۆ بکرێ ئه‌و نه‌بێ، وه ئه‌و زاته زیندووه به بێ په‌یوه‌ندی که‌س و دامه‌زراو و راوه‌ستاو و راگری عالـه‌مه چ به‌رزی و چ په‌ستی.

له هۆی هاتنه‌خواره‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته و بازێ ئایه‌تی پاشه‌وه‌یدا ریوایه‌ت کراوه له ئه‌بووئه‌مامه‌وه رضي الله عنه ئه‌ڵێت: کۆمه‌ڵێ له گاوره‌کانی «نه‌جران» هاتن بۆ لای پێغه‌مبه‌ر ﷺ و له باره‌ی حه‌زره‌تی عیساوه موجاده‌له‌یان له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تا ﷺ کرد[1]، جا خودای

---

١. ئه‌م کۆمه‌ڵه ژماره‌یان شه‌ست که‌س بووه، ئه‌مانه هه‌موو سوار و خاوه‌ن به‌رگ و پۆشاك بوون و چوارده که‌سیان له ئه‌شراف بوون و له ناو ئه‌م چوارده‌دا سێ که‌سیان سه‌رۆك و خاوه‌ن فه‌رمان بوون ☜

تەعالا لە ئەووەڵی سوورەتی ئالیعیمرانەوە هەتا هەشتا و ئەوەندە ئایەتی نازڵ کرد.

﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾

واتە: خودای تەعالا ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ بە پلە پلە ئەو کتێبەی وا لە ناوا وەکوو قورئانی پیرۆز بێ، بە شێوەیێ کە حەقە و راستە. وە باوەڕ ئەکا و باوەڕ نیشان ئەدا بەو کتێبانە کە نازڵ بوون لە پێشی خۆیا.

﴿وَأَنزَلَ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ۝٣ مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ﴾

وە تەوراتی بە جارێ نازڵ کردووە بۆ حەزرەتی مووسا، وە ئینجیلی نازڵ کردووە بۆ حەزرەتی عیسا لە پێش قورئانا کە حاڵیان وابووە هۆی شارەزایی بوون بۆ قەومەکەیان.

﴿وَأَنزَلَ ٱلْفُرْقَانَ﴾

وە ناردوویەتە خوارەوە ئەو کتێبانە کە بوون بە هۆی جیا کردنەوەی حەق لە بەتاڵ لە هەر چەرخێکدا وەکوو کتێبەکانی رەهبەرانی پێشوو. وە یاخود ناردوویەتە خوارەوە قورئانێ کە هۆی جیاکردنەوەی راستە لە لار.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾

☞

«عبدالمسیح» ناو لە روتبەدا «عاقب» بووە کە ئەمیری هەموانە. «ئەیهەم» ناو خاوەن نان و پەنای رۆژی رەش بووە. «ابوحارثة» کوڕی «علقمة» کە یەکێ بووە لە قبیلەی «بکر بن وائل» ئەسقەف و عالمی دینییان بووە.

ئەمانە هاتوون بۆ مەدینەی مونەووەرە و چەن رۆژێ لەگەڵ حەزرەتا ﷺ موجادەلەیان کردووە لە خوسووسی حەزرەتی عیساوە، وە ئیدیعای ئەوەیان کردووە عیسا کوڕی خوایە (العیاذ باللّٰه!)، تا لە ئەنجاما حەزرەت ﷺ بانگی کردن بۆ «مباهلە» یانی بۆ ئەوە کە دوعای شەڕ بکەن لەو تاقمەیان کە لە سەر ناحەقە. بەڵام گاورەکان ترسان و گەڕانەوە بۆ نەجران.

بە راستی ئەوانە کە ئینکاری ئایاتی خودایان کردووە عەزاب و ئاگرێکی گرانیان بۆ بڕیار دراوە.

﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ۝٤﴾

وە خوای تەعالا غاڵبە و زاڵە بەسەر بەجێ‌هێنانی خواستی خۆیا و خاوەن تۆڵەسەندنە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَيْءٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ۝٥﴾

بە راستی خوای تەعالا شتێکی لێ ون نابێ نە لە عەرزا و نە لە عاسمانا.

﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى ٱلْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَآءُ﴾

ئەو خودا خوایەکی وایە تەسویرتان ئەکا و پەیکەردارتان ئەکا لە ناو منداڵدانا لە سکی دایکا هەرچۆنێ خواستی هەبێ، جوان بێ یا ناشیرین.

﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٦﴾

خوایێ نییە ئەو نەبێ. کە ئەو غاڵبە و زاڵە بەسەر هەموو خواستێکی خۆیا و خاوەنی حیکمەتە و زانستی راست و کرداری دامەزراو بۆ ئەوە.

﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾

خودا ئەو خودایەتە کە ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ بە فریشتەی تەوانای هێمنا ئەو قورئانە کە رەهبەری هۆشیارانە.

﴿مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ﴾

وە بازێ لەو کتێبە ئایاتێکن کە مەعنایان دیارە لەبەر ئەوە کە دەلالەتی لەفزەکان دیارە و کەلیمەکان مەشهوور و ناسراون، وە ئەم بازە ئایاتە دایکانەن لە ناو کتێبەکەدا، باقی ئایەتەکان لە تەنگانەی فامی مەعنایانا ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو دایکەیان و لەسەر خەتی ئەو مەعنایان دەرئەکەوێ.

﴿وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ﴾

وە بازێ ئایەتی ئەو کتێبە چەن مەعنایێ هەڵئەگرن و بە ئاسانی ئینسان نازانێ کام مەعنایان شیاوی ئیعتیبارە و پێویستی هەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە لایەنی ئینسانی زاناوە.

وە دەرنەکەوتنی مەقسوود لەو ئایەتانە یا لەبەر ئەوەیە ئەو «موشتەرەك»ە لە بەینی چەن مەعنادا یا لە بەر ئەوەیە «عام»ە و مەقسوود لە شوێنەکەدا «خاص»ە، یا بە عەکسی ئەمەیە یا لەبەر ئیجمالە، یا لەبەر ئەوەیە زاهیرەن تەشبیه و هاووێنەیی ئەگەیێنێ و مەقامەکە لەگەڵ تەشبیها رێك ناکەوێ؛ وەکوو لەو ئایاتانەدا کە «وَجه» و «عین» و «جنب» بەکاردێنێ بۆ خودا، وە یا لەبەر ئەوە مەعنای دیاری ئەو لەفزانە مەعنایەکی خاوەن سوود نادا بە ئینسان، وەکوو ئەو حەرفە لە یەك پچڕاوانە کە لە سەرەتای هەندێ سوورەتەوە. یا لەبەر چەن هۆیتر...

وە حیکمەتی بەکارهێنانی ئەم لەفزانە ئەمەیە ئەم کتێبە کتێبێکی عالەمییە و ئەوانە کە قسەیان لەگەڵدا ئەکرێ زۆر فەرقیان هەیە لە فام و لە پایەی زانستا، کەوابێ ئەگەر بە عیبارەتی زۆر پایە نزم بێ موناسبی زەوقی پایە بەرزەکان نابێ، وە ئەگەر لەسەر زەوقی ئەوان بێ پایە نزمەکان سوودی لێ وەرناگرن.

وە لە لایەکیتریشەوە قابیلە بە کەلیمەی «عام» یا «مشترك» مەعنای زۆر ئیفادە بکرێ، بەڵام بە کەلیماتی تایبەتی (خاص) ئەوەندە سوود وەرناگیرێ.

وە لە لایێترەوە لەبەر ئەوە هەتا خوێندەوارانی ئایین تێکۆشن بۆ فامی مەعنای بەرز وە بگەن بە ئەجر و سەواب.

لە لایێتریشەوە وەکوو خودا موختارە لە دروستکردنی عالەمدا وە لە ئیجادی مەعادین و گیا و گیانلەبەران و ئینسان لەسەر ئەنواع و ئەسناف و ئەفرادی جیا،

هەروا موختارە لە ئینزالی کتێبی وا کە لە هەموو شێوە ئەلفازی تێدا بێ: لە گران‌فام و ئاسان و، خاس و، عام.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ﴾

جا ئەو کەسانە کە لە دڵیانا لادان هەیە لە راست‌کاری، ئەوە ئەکەونە شوێنی ئەو ئایەتە موتەشابیهانە بە تەنها و تەماشای موحکەماتەکانیان لەگەڵا ناکەن هەتا بە هۆی ئەوانەوە چاری مەعنای ناباری ئەمان بکەن، بەڵکوو هەر تەماشای خۆیان ئەکەن لەبەر ئارەزووی ئەوە کە فیتنەی شەك بخەنە ناو دڵی موسوڵمانانەوە لە ئیسلاما، وە لەبەر داوای ئەوە وە خواستی ئەوە کە تەئویلیان بکەن لەسەر هەوای نەفسی خۆیان.

﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ﴾

وەلحاڵ تەئویلی ئەو موتەشابیهانە بە تەئویلێ کە موافیقی حەق بێ کەس نایزانێ ئیللا زاتی خودا (بالذات)، وە ئەو کەسانەیش کە دامەزراون لە زانستا بە هۆی مومارەسەی تەقوای خوداوە و فەرمانبەرداری عیلم و حەقیقەت. وە شانی ئەو دامەزراوانە وایە.

﴿يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ﴾

ئەڵێن: ئیمان و باوەڕمان هەیە بەم موتەشابیهانە لەسەر ئەو تەرزە خودا قەسدی کردوون. وە هەردوو بەشەکە لە لای خوداوە هاتوونەتە خوار و مەعنایان راست و دروستە.

﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧﴾

جا خودای تەعالا بۆ مەدحی ئەم کۆمەڵە زانایانە کە دامەزراون و ئیمانی خۆیان دەرئەبڕن بەرابەر بە ئایاتی موتەشابیهە و، موحکەمە، ئەفەرموێت: ئەمانە خاوەن عەقڵی ساغن بۆیە وەها تەسەووری حەقیقەت ئەکەن؛ چونکی بیر ناکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش لە حەقایقدا ئیللا کەسێ کە خاوەنی شوعووری ساغ بێ.

جا بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] یەکەم: لە بازێ ئایەتی قورئانا هەیە کە ئایاتی قورئان هەموو لە موحکەماتن و لە بازێ ئایەتا هەیە کە هەموو لە موتەشابیهاتن و لەم ئایەتە پێشووەیشا تەقسیمی ئایاتی قورئانی کرد بۆ دوو بەش: موحکەمات و، موتەشابیهات، وە بەیانی ئەمە وەهایە ئەو ئایەتە کە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە هەموو ئایاتی قورئان موحکەماتە مەبەست ئەوەیە: کە هەموو ئایاتی قورئان راستن و ئەلفازیان فەسیحە و مەعناکەیان سەحیحە. وەکوو لە ئایاتا هەیە: ﴿**لا یأتیه الباطل من بین یدیه و لا من خلفه**﴾.[1] وە ئەو ئایەتە کە ئەفەرموێت هەموو ئایاتی قورئان لە موتەشابیهاتە ئەوە مەعنای ئەوەیە: ئایاتی هەموو ئەشوبهێن بە یەکتر لەوەدا کە باسی تەوجیهی هۆشیارانە بۆ دینی ئیسلام و بازێکیان ئەبن بە تەفسیر بۆ بازێکیان و هەڵە و پەڵەیان تێدا نییە چونکی کەلامی خودایە و خودا «أصدق القائلین»ە. ﴿**ولو کان من عند غیر الله لوجدوا فیه اختلافاً کثیراً**﴾.[2] وە لەسەر ئەم بەیانە هەردوو قسەکان راستن. هەروا قسەی سێهەم کە ئەفەرموێت: بازێکیان موحکەم و بازێکیان موتەشابیهن، بەڵام بە مەعنایەکی غەیری ئەو مەعنایە کە ئیسە وتمان.

---

١. فصلت؛ ٤٢.

٢. النساء؛ ٨٢

باسی دووەم: لە مەعنای موحکەم و موتەشابیهدا گەلێ قسەیان کردووە، لە ناو هەموویانا دوو بیریان پەسەندە: **یەکەم:** ئەو مەعنایە کە موحکەم ئەوەیە مەعنای وازیح بێ، وە موتەشابیه ئەوەیە مەعنای وازیح نەبێ و گەلێ ئیحتیمال هەڵبگرێ وەکوو لە مەعنای ئایەتەکەدا باسمانکرد.

دووەم: وەکوو ساداتی ئەحناف فەرموویانە موحکەم ئەوەیە مەعناکەی وازیح و زاهیر بێ و ئیحتیمالی نەسخی نەبێ، وە موتەشابیه ئەوەیە کە مەعناکەی ئەوەندە داپۆشراو بێ کە دەرك نەکرێ نە بە دەلیلی عەقڵی و نە بە دەلیلی نەقڵی. خۆلاسە ئەو ئایەتانە کە تەنیا خودا خۆی مەعنایان ئەزانێ؛ وەکوو قیامی ساعەت و مەعنای تاقە حەرفەکان لە سەرەتای بازێ لە سوورەتەکانی قورئانەوە.

باسی سێهەم: ئەمەیە ئەو کەسە کە ئەڵێت موحکەم ئەوەیە کە مەعناکەی وازیح بێ و موتەشابیه ئەوەیە کە مەعناکەی وازیح نەبێ و چەن ئیحتیمال هەڵبگرێ لە کاتی خوێندنەوەی ﴿وما یعلم تأویله﴾دا لەسەر «العلم» ئەوەستێ؛ چونکی لەسەر ئەو مەعنایە وەکوو خودای تەعالا مەعنای موتەشابیهات ئەزانێ خاوەن زانستە دامەزراوەکانیش مەعنایان ئەزانن. وە ئەو کەسە کە ئەڵێ: موحکەم ئەوەیە مەعناکەی زاهیر بێ و موتەشابیه ئەوەیە کەس مەعنای نەزانێ ئیللا زاتی خودا، ئەوە لەسەر کەلیمەی «اللّٰه» رائەوەستێ؛ چونکی مەعنای موتەشابیهات خودا نەبێ کەس نایزانێ.

بەڵام لە ناو ئەو دوو مەعنایەدا کە بۆ موحکەم و موتەشابەهیان کردووە مەعنای یەکەم زۆر بەهێزە و لەسەر ئەم داوا چەن دەلیل هەیە:

یەکەم: بینا لەسەر ئەوە کە موتەشابیه کەس مەعنای نەزانێ ئیللا خودا نەبێ واجب بوو یا موناسب وا بوو لە موقابیلی ﴿فأما الذین فی قلوبهم زیغ﴾ەوە بیفەرمووایە: «وأما الراسخون فی العلم فیقولون آمنا به».

دووەم: بینا لەسەر ئەو ئیعتیبارە فایدە لە ئیعتیباری «رسوخ»دا نابێ، بەڵکوو ئەم حوکمە حوکمی هەموو زانایێکە دیارە هەموو موسوڵمانانێکی زانا ـ راسیخ بن یا غەیرە راسیخ ـ ئەڵێن ﴿آمنا به کل من عند ربنا﴾.

سێهەم: لەسەر ئەو مەعنایە حەسری کیتاب لە موحکەم و موتەشابیهدا تەواو نابێ؛ چونکی وەکوو ئایاتی موحکەمە هەن و ئایاتی موتەشابیهەی وا کە غەیری خودا کەس مەعنایان نەزانێ ئایاتیتریش هەن کە نە موحکەم بن و نە موتەشابیه بن بەو مەعنایە کە ئێمە ویستمان.

چوارەم: لەسەر ئەو مەعنایە موحکەمات نابن بە «أم الکتاب» و نابن بە مەرجەع بۆ ئایاتی موتەشابیهە؛ چونکی ئایاتی موتەشابیهە غەیری خودای تەعالا هیچ کەس مەعنایان نازانێ و بە موحکەمات بەیان ناکرێن.

پێنجەم: لە حەدیسی سەحیحدا سابت بووە کە حەزرەت ﷺ دوعای فەرمووە بۆ ئیبنوعەباس رضی الله عنه وە فەرموویەتی: «اللّٰهم فقهه في الدین و علمه التأویل» چونکی ئەگەر تەئویلات هەر عائید بووبایێ بە خودا سوودێ لەو دوعادا نەدەبوو.

شەشەم: سابت بووە کە نەفسی ئیبنوعەباس خۆی فەرموویەتی: «أنا ممن یعلم تأویله».

حەوتەم: خودای تەعالا مەدحی عولەمای راسیخی کردووە بەوە ئەهلی تەفەککور و تەزەککورن وەکوو لە سیاقی ئایەتەکەدا دەرئەکەوێ. وە ئەگەر عیلمیان نەبێ بە تەئویل ئیتر ئەبێ مەعنای رسووخیان لە عیلم و زانستا چی بێ؟

هەشتەم: لەسەر ئەو ئیعتیبارە لازم ئەکا گەلێ ئایەتی قورئان کەس مەعنایان نەزانێ و ئەمە زۆر دوورە لە یاسای میهرەبانی خوداوە کتێبێ رەوانە بکا بۆ سەر خۆشەویستی خۆی و ئەو خۆشەویستە لە مەعنای ئەو کتێبە حاڵی نەبێ!

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە دڵمان لامەدە لە پەیڕەوی ئەوەی کە راستە و حەقە (وەکوو دینی ئیسلام بێ) بۆ لای ئەوەی کە لارە و بەتاڵە (وەکوو کوفرو ئیلحاد و بیدعەت و ئیفساد و گومڕا کردنی عیبادە) پاش ئەوە کە تۆ شارەزات کردووین بۆ رێگای راست.

﴿وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً﴾

وە پێمان ببەخشە لەلای خۆتەوە تەوفیق و یارمەتی لەسەر حەق.

﴿إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ ﴿٨﴾﴾

بە راستی تۆ کە خودایەکی بەخشندەی.

زاناکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە واتەی زانا راسیخە دامەزراوەکانە و لە خودا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوە پایەداریان بکا لەسەر حەق. وە یاخود موباشەرەتەن لەلایەنی خوداوە هاتووە لە مەقامی فەرمان بە حەزرەت ﷺ کە ئەم دوعایە بکا و بەم شێوە لە خودا بپاڕێتەوە:

﴿رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ هەموو ئادەمیزاد گردئەکەیتەوە لە رۆژێکا کە گومان لە هاتنی ئەو رۆژەدا نییە.

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿٩﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا لە وەعدەی خۆی لانادا.

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾

بە راستی هەموو ئەو کەسانە کە کافر و بێ‌باوەڕن بە خودا ـ وە یا هەر مەبەست وەفدی گاورەکانی نەجرانە ـ لە پاشەڕۆژا، کە ڕۆژی قیامەتە، ماڵ و دارایی ئەوان و ئەولاد و نەتەوەی ئەوان دەفعی عەزابیان لێ ناکا لەلایەنی خوداوە هیچ نەوعە عەزابێ.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ وَقُودُ ٱلنَّارِ ١٠﴾

وە ئەو کافرانە هەموو سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن.

﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ﴾

وەکوو عادەت و ئەحواڵی ئالی‌فیرعەون و ئەو کافرانە کە لە پێش ئەوانا بوون.

﴿كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾

ئینکاری ئایاتی کتێبی ئێمەیان کرد.

﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ﴾

جا خودای تەعالا ئەوانی گرت بە هۆی ئەو تەکزیب و بێ‌باوەڕییەوە.

﴿وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ١١﴾

وە خودای تەعالا بە راستی زاتێکی وایە عیقاب و ئازاردانی موخالیفەکانی خۆی بەهێز ئەدا.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄: کاتێ کە حەزرەت ﷺ زاڵ بوو بەسەر کافرەکانا لە شەڕی بەدر و گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە ڕۆیشت جوولەکەکانی لە بازاڕی «بەنی‌قینقاع»دا گردکردەوە و فەرمووی پێیان: ئەی کۆمەڵەی یەهوود موسوڵمان ببن لە پێش ئەوەدا کە خودا عەزابتان بدا وەکوو عەزابی کافرەکانی دا لە رووداوی بەدرا.

ئەوانیش لە وەڵاما وتیان. ئەی موحەممەد بەوە بایی مەبە کە کۆمەڵێکت لە قوڕەیشەکان کوشت! ئەوانە بەراوردی جەنگ و مەیدانیان نەبوو، تۆ بە راستی ئەگەر

جەنگ بکەی لەگەڵ ئێمەدا ئەوکاتە تێ ئەگەی کە ئێمە چ نەوعە پیاوێکین! جا خودای تەعالا ئەم دوو ئایەتەی نازڵ کرد.

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾﴾

تۆ بڵێ بەو جولەکانە کە باوەڕیان نییە بە تۆ و بەو قورئانە هاتووە بۆ تۆ: ئێوە لە پاشەڕۆژێکی نزیکا لە بەرابەری موسوڵمانەکانا مەغلووب و سەرکز و گیرۆدە ئەبن، واتە لە ماوەیەکی نزیکدا گیرۆدە بوون: بەنی‌قورەیزە کوژران و، بەنی‌نەزیر لە شوێنی خۆیان دەرکران و شاری خەیبەر گیرا و سەرانەیان لەسەر دانرا. وە لە رۆژی قیامەتیشا گرد ئەکرێنەوە و حەواڵە ئەکرێن بۆ دۆزەخ، وە بە راستی دۆزەخ خراپترین قەرارگایە.

﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ﴾

بە راستی ئەی یەهودییەکان نیشانەیەکی گەورە هاتەجێ بۆ ئێوە لە هۆی ئەو دوو کۆمەڵەوە کە گەیشتن بە یەك بۆ جەنگ.

﴿فِئَةٌ تُقَـٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

کۆمەڵێکیان جەنگی ئەکرد لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی کەلیمەی خودادا کە ئایینی تەوحید و خودا بەیەك زانینە.

﴿وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ﴾

وە کۆمەڵێکی‌تریان کافر بوون.

﴿يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ ۚ﴾

کە خۆیان بە چاو ئەبینی دووقاتی کۆمەڵی موسوڵمانەکانن بە ئاشکرا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵە کەمە زاڵ بوون بەسەر ئەم کۆمەڵە زۆرە دووقاتەدا.

وە بازێ فەرموویانە مانای وایە: کە ئەو کافرانە موسوڵمانەکانیان بە دووقاتی خۆیان ئەزانی لەبەر ئەوە هەیبەتی موسوڵمانەکان دڵی ئەمان بترسێنێ.

﴿وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾

وە خودای تەعالا بە یارمەتی خۆی دەست و هێز ئەدا بە هەرکەسێ یا بە هەر کۆمەڵێ بیەوێ زاڵیان بکا.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُو۟لِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ﴿١٣﴾﴾

بە راستی لەم کارەساتەدا عیبرەت‌گرتن و پەندگرتن هەیە بۆ ئەو کەسانە کە چاوی وردەبینییان هەیە.

واتە: ئەی جوولەکەکان و، ئەی کافرە موشریکەکان لە پاش رووداوی بەدر پێویستە بزانن خودا ئەیەوێ موسوڵمانەکان یارمەتی بدا، وە کەسێ کە خودا یارمەتی بدا کەس ناتوانێ بیدا بە عەرزا، دەی مل راکێشن بۆ دینی حەق و موسوڵمان ببن.

جا ئەگەر نازانن بۆچی ئەو کافرانە موسوڵمان نابن و تەرکی ئارەزووی خۆیان ناکەن، بزانن:

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾

جوان‌کراوە لە بۆ ئادەمیزاد خۆش‌ویستنی ئەو شتانە کە ئارەزووکراویانە.

﴿مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَـٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَـٰمِ وَٱلْحَرْثِ﴾

ئەو ئارەزووکراوانە لە ژنانی جوان و دارایی و شان و، لە کوڕانی چالاکی سەر و شێوە جوان و، لە دارایی زۆری چین لەسەر چین دانراو لە ئاڵتوون و زیو و لە ئەسپ و مایینی رەسەنی نیشانەدار و لە وشتر و گا و مەڕ و بزن و لە کشت‌وکاڵی ئاوداری خاوەن بارە.

﴿ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾

وە لە واقیعدا ئەم ناوبراوە هەمووی هۆی ئاسایش و لەزەت وەرگرتنی ئەم ژینی جیهانەیە کە ماوەیەکی کەمی دیاریکراوی براوەیە.

﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤﴾

وە بە راستی خوای تەعالا خاوەنی مەڵبەندی جوان و ئارامگای پایەداری نەبڕاوەیە لە پاشەڕۆژا، وەکوو بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەت و پڕ لە ئاسایشی بێزەحمەت کە هەمیشە هەیە هەتا هەتایە.

جا بۆ رووناککردنەوەی ئەم مەڵبەندە جوانە خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۚ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: ئایا خەبەرتان پێ بدەم بە جەزایێ وە بە بەشێ کە زۆر باشتر بێ لەو ژن و ماڵ و منداڵە؟: بڕیار دراوە لە لای خوداوە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەنی تەقوا و پارێزن لە کوفرو لە بیر و باوەڕی ناپەسەند و کردەوەی ناشیرین:

﴿جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾

یەکەم: چەن قەسر و باخاتێ کە جۆباری شیرینکاری تامدار رەوان ئەبن بە ژێر دارەکانیانا، وە ئەم موسوڵمانانەیش حاڵیان وایە ئەمێننەوە لەو قەسرو باغاتەدا هەتا هەتایە.

﴿وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ﴾

دووهەم: لەوەی بۆیان بڕیاردراوە چەن ژنانێکن بە قەی دڵخوازی خاوەنیان لە ژنە جوانەکانی عالەمی خۆیان و لەو ژنە جوانانە کە خودا بۆیان دروست ئەکا لە

بەهەشتا وە پاك كراونەتەوە لە هەموو شتێ كە مانیعی لەزەتیان بێ: لە خووی ناپەسەند و، لە رووی گرژ و، لە زمانی دژ و، لە بۆن و بەرامەی نابار و، لە كردەوەی ناهەموار و لە نەخۆشی و ئازار و لە خوێنی وادەی ژنانە و، لە پیسی كە لە خواردەمەنییەوە پەیدا ئەبێ، وە لە مەیلی دڵیان بۆ لای هاوڕێیتر غەیری خاوەنەكانیان.

﴿وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ﴾

سێهەم: لەو شتانە كە بڕیار دراوە بۆیان: ڕەزامەندی خودایە و جیلوەی میهرەبانی ئەو خاوەن كیبریایە كە بە جارێ دەماغ و دڵ و دەروون و زەڕڕاتی وجوود و گیان داگیر ئەكا و ئادەمیزاد لە هەوای گڵ و ئاوی نامەردی و ناپیاوی دوور ئەخاتەوە بۆ عالەمی قودسی و فریشتە خوویی و كەرامەتی ئەبەدی و سەرشاری و مەستی هەتا هەتایە.

﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ۝١٥﴾

بە راستی خودا بینایە بە بەندەكانی و بە جەزای هەردوو جیهانی .

﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ۝١٦﴾

واتە: ئەو بەندە خاوەن تەقوایانە كە بەهەشتی ناوبراویان هەیە ئەو كەسانەن كە بە جۆش و كوڵ و بە سۆزی دڵ ئەپاڕێنەوە لە خودا و ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە بە راستی ئێمە ئیمانمان هێناوە بە تۆ و بە دینێ كە تۆ داتمەزراندووە بۆ بەندەكانت دەسا داپۆشە لەبەر ئێمە تاوانەكانمان و بمانپارێزە لە عەزابی ئاگری دۆزەخ.

﴿ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ۝١٧﴾

کە سیفەتی ئەو بەندە خاوەن تەقوایانە وایە سابیرن و خۆگرن لە بەجیٚهێنانی واجبات و مەندووباتا و خۆگرن لە تەرکی هەرچی حەرامە و خۆگرن لە کاتی جەنگی کافرانا و لە بەر باری میحنەت و مەینەتی جیهانا و بە دڵ رازین لە خودای خۆیان و وەهای دائەنێن ئەم ئازار و بێزارە یا ئەبن بە کەفارەتی تاوان؛ یا ئەبن بە هۆی پایەی بەرز لە قیامەتا.

وە سادیقن، واتە: راستن لە وتارا قسەیان موافیقی واقیعە و راستن لە کردەوەدا ئیشێکی خێریان کرد باش ئەیکەن و راستن لە نییەتا، کاتێ قەسدی کارێکی خێریان کرد بە کردەوە مۆری ئەکەن.

وە قانیتن: خاوەن عیبادەتن و پایەدار و بە ویسمانن لە تاعەت کردنا.

وە مونفیقن: خاوەن ئینفاق و ماڵ سەرف‌کەرن بۆ نەفسی خۆیان بۆ ژن و منداڵیان و بۆ میوان و خزم و خوێش و دراوسێ و داماوی داوای ماڵ‌کردوو، وە خاوەن سەرفن لە واجباتا وەکوو زەکات و فیترە و ئەدای حەقی موعامەلە لەگەڵ خەڵکدا و لە باقی موناسەباتا.

وە موستەغفیرن لە ئەسحارا، واتە: لە کاتی بەرەبەیانا راستەوە بوون لە خەو و خۆیان ئامادە کرد بۆ عیبادەت و نوێژی سونەتی پێش سوبحیان کرد جا نوێژی سبەینێیان کرد ئەمجار لە شوێنی خۆیانا بەرەو قیبلە مانەوە دەستیان‌کرد بە ئیستیغفار و داوای عەفو لە خودا و مەشغووڵی ئەو دوعایانە بوون کە موناسبی ئیستیغفارن وەکوو ئیقرار و دان پیانانی تاوان و گوناهباری خۆیان.

جا وەکوو لە ئەووەڵی ئەم سوورەتەوە باسمان‌کرد کە لە سەری ئەم سوورەتەوە هەتا هەشتاو ئەوەندە ئایەت هاتە خوارەوە بۆ بەتاڵ کردنەوەی بیر و باوەڕی ئەو کۆمەڵە گاورە کە لە «نەجران»ەوە هاتبوون بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ موجادەلە لەگەڵ حەزرەتا ﷺ و بەیانی ئەوە کە عیسا کوڕی خودایە.

وە خودا لەم ئایەتانەدا باسی زاتی خۆی کرد کە حەیی و قەییومە، وە باسی ئەو کتێبەیشی کرد کە هاتووە بۆ حەزرەتی موحەممەد ﷺ، وە باسی موسوڵمانانیشی کرد کە هەموو وان لە ئیتاعە و فەرمانی خودادا و لە خودا ئەپاڕێنەوە. جا خودا لەم چەن ئایەتەیشا بەیانی ئەوە ئەکا کە خودای عالەم یەکە و شەریکی نییە و دین لەلای خودا دینی ئیسلام و تەوحیدە و عالەم هەمووی وا لە ژێر تەسەڕوف و هێزی تەوانایی خۆیا، وە کافرەکان بە عەناد لەم ڕێگە راستە لا ئەدەن و عەناد ئەکەن و فەرمووی:

﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ ﴾

خودای تەعالا شەهادەت ئەدا و فریشتە ناسکە پاکە ڕۆحانییەکانیش شەهادەت ئەدەن، وە خاوەن عیلم و زانستە بەرزەکانیش هەموو هەر شەهادەت ئەدەن کە کەس عیبادەتی بۆ ناکرێ و بۆ خودایی ناشێ ئیللا زاتی خودا نەبێ و خودا یەکێکە، ئیتر ئەبێ لەسەر چ ئەساسێ گاورەکان عیسا بە خودای دووهەم و دایکی بە خودای سێهەم دابنێن!. وە ئەو خودایە کە یەکێکە حاڵی وایە:

﴿ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ﴾

راوەستاوە بە عەداڵەت، واتە: ئەو عەداڵەت و راستکاری و ئیعتیدال و میانەگیری لە هەموو شتێکدا رائەگرێ. کەوابێ چۆن لە ئیعتیدال و راستکاری دائەنرێ کە بەندەیەکی بێهێز و دروستکراو لە ئێسقان و گۆشت و خوێن و نیازمەند بە هەناسەدان و نان و ئاو و خواردن و ماندووبووی خەولێکەوتوو قەبووڵ بکا بە شەریك بۆ خۆی و بە خودای دووەم و سێیەم دایبنێ.

﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾

بە قەتعی خودا نییە بۆ عالەم ئیللا ئەو نەبێ.

﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١٨﴾

که ئەویش خودایەکە خاوەن عیزەت و غالبە بە سەر خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەتە لە هەر شتێکدا کە بیکا و هەموو کارێکی لەسەر باری حیکمەت و راستی و عەدالەتە.

﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ﴾

وە بە راستی دین و ئایین لە لای خودادا ئیسلامییەت و مل کەچ‌کردنە بۆ خودا، وە لە عالەمی وجوودا کەسێ نییە کە لە ژێر ئەمر و قار و فەرمانی خودادا نەبێ.

﴿وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ﴾

وە ئەو کەسانە کە کتێبی ئاسمانییان پێ دراوە وەکوو یەهوود و نەسارا نەکەوتنە ئیختیلافەوە لەناو خۆیانا: بەم نەوعە بازێ لە جوولەکەکان بڕیاریان دا کە عوزەیر کوڕی خودایە، وە گاورەکان بڕیاریان دا کە عیسا و دایکی بەشیان هەیە لە خودایەتیدا، وە کاتێ کە حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ رەوانە کرا بۆ سەر جین و ئینس، لەگەڵ ئەوەدا کە سیفات و نیشانەی لە کتێبە پێشووەکانا بەیان‌کراوە و لە لایان مەعلووم بووە، ئینکاری نوبووەت و ریسالەتیان‌کرد لە بەر بەغی و لادان لە حەق، ئیللا پاش ئەوە عیلم و زانستیان بۆ هات. واتە بە ناحەق و عەنادکاری لەگەڵ ئەوەدا کە ئەیانزانی حەق چییە لە حەق لایان دا و کوفری خۆیان دەرخست.

﴿وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ١٩﴾

وە هەرکەسێ کوفر و عەناد بکا بەرابەر بە ئایاتی خودا و ئینکاری کتێبی سەماوی بکا ئەوە خودا بە چەسپان زەبتی گوناهی ئەکا و تاقە تاوانێکی لە خودا ون نابێ و

حسێبی وردەگوناهەکانیان ئەکا چە جای کوفرەکەیان. وە لەمەوە دەرئەکەوێ کە کافر وەکوو بە هۆی کوفرەکەیەوە لە دۆزەخدا عەزاب ئەدرێ، حسێبی کردەوەی ناباریشی وەکوو عەناد و نامەردی هەم لەگەڵا ئەکرێ و زیادە عەزاب ئەدرێ.

﴿فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِىَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ﴾

جا ئەگەر پاش ئەم بەیاناتە کە رابوردن ئەو گاورانە هەر موحاجە و موجادەلەیان کرد لەگەڵتا تۆ پێیان بفەرموو: من وا خۆم و پەیڕەوەکانم شەخسی خۆیان موتیع و فەرمانبەردار و ملکەچ کرد بۆ خودای عالەم.

﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْ﴾

وە بڵێ بەو کەسانە کە کتێبان پێ دراوە (لە یەهوود و نەسارا) وە بەو ئوممییانە کە هیچیان نەخوێندووە: ئایا ئێوەیش ملکەچ بوون بۆ خودا وەکوو من؟

﴿فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾

جا ئەگەر ئەوانیش فەرمانبەردار و ملکەچ بوون بۆ خودا و ئەحکامی خودایان گرتەگەردن ئەوە دیارە ئەوانیش شارەزا بوون بۆ رێگەی راست.

﴿وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَـٰغُ﴾

وە ئەگەر پشتیان هەڵچەرخان و موسوڵمان نەبوون ئەوە ئیتر تۆ دڵگران مەبە، تۆ بە راستی هەر گەیاندنی پەیامی خودات لە سەرە وا گەیاندووتە پێیان.

﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾﴾

وە زاتی خودایش بینایە بە هەموو بەندەکانی خۆی، هەر شتێکیان پێ ئەکا ئەتوانێ.

لەم مەوزووعەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم:** پرسیار کراوە ئەو کەسەی داوای تەوحید و یەکیەتی ئەکا زاتی خودایە، دەی چۆن خۆی داواچییە و خۆیشی ئەبێ بە شاهید؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وتراوە: مادام هەرکەسێ ببێ بە شاهید لەسەر ئەم داوا، عیلم و زانستەکەی هەر لە خوداوە دەست کەوتووە «بالذات» وەکوو پێغەمبەر ﷺ یا «بالواسطة» وەکوو غەیری ئەو. وە بناغەی شەهادەتیش هەر عیلمە؛ چونکی هەتا یەکێ عیلمی نەبێ بە شتێ شەهادەت نادا، ئەوە لە حەقیقەتا شاهیدەکە هەر خودایە، وە لە بەر دەفعی خەیاڵی رەخنەگرێ کە بڵێ شەهادەتی خودا بۆ خۆی لێرەدا بە کار نایێت خودا ئیکتیفای نەکردووە بە شەهادەتی خۆی بەڵکوو دوو شاهیدی پاکی دوور لە شوبهەی توهمەتی هێناوە کە یەکێکیان فریشتەی بارەگای پاکە و ئەویشیان عالمی زانای بێغەشی دڵرووناکە بۆ ئەوە ئەگەر لات کردەوە بەم لاوە دوو شاهیدی باش حازر بن.

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە: ئەم شەهادەتە لەسەر مەعنای مەشهووری شەرع نییە هەتا خودا بۆ شەهادەت نەشێ لە سەر داوای خۆی. بەڵکوو شەهادەت بە مانا ئیخبار و ئیعلام و ئیعلان و دەربڕینە. وە مانیع نییە لەوەدا کە خودای تەعالا بۆ ئیرشادی عیبادی خۆی ئیعلانی حەقیقەتێ بکا لە عالەما هەتا هەموو کەس سوودی لێ وەربگرێ. وە بە هەر سوورەت لە گرد کردنەوەی عولەما و زاناکانی دین لەگەڵ خۆیا و فریشتەکانا بۆ دەربڕینی ئەم حەقیقەتە گەلێ تەشریف و ئیعتیبار دەرئەکەوێ بۆ زانایانی دین.

باسی دووهەم: کەلیمەی ئیسلام لە ئایەتی: ﴿إن الدين عند الله الإسلام﴾ دا تەفسیر کراوەتەوە بە تەوحید و خودا بە یەك دانان؛ چونکی لەسەر ئەم مەعنا ئەم ئایەتە

ئەبێ بە رەد لەسەر گاورەکان کە داوای ئیشراکی عیسا و مەریەم ئەکەن. بەڵام ئەگەر ورد تەماشا بکەین کەلیمەی ئیسلام لە زمانی عەرەبدا بە مانا ئینقیادە یانی مل‌کەچی، خواه بە سوورەتی زاهیری بێ نەك بە حەقیقەت یا بە حەقیقەت بێ وەکوو ئەوە کە سیفەتی موسوڵمانی ساغ و خاوێنە.

وە مادام ئیسلام بە مانا ئینقیاد و ئیتاعە بێ؛ ئیسلام یا لە مەقوولەی ئینفیعال ئەبێ، یا لە مەقوولەی «فعل» ئەبێ، وە لەبەر ئەوە کە ئیمان تەسدیق و باوەڕە بە دڵ، دەرئەکەوێ کە ئیسلام و ئیمان لە زاتی خۆیانا موباین و موخالیفن بۆ یەکتر؛ چونکە ئیسلام یا لە مەقوولەی ئینفیعالە یا فیعلە وە ئیمان لە مەقوولەی عیلمە بەڵام لە وجوودا و لە هاتنەجێگەی زاهیر موتەلازیم و موتەساوین؛ چونکی لە هەر لایێ ئینقیادی زاهیر ببێ ئیمانی زاهیریش دەرئەکەوێ؛ واتە شێوەیەکی وا دێتەجێ کە ئینسان ئەو کابرایە وەکوو بە خاوەن ئیسلام ئەزانێ بە خاوەن ئیمانیشی بزانێ.

وە ئەمما لە هاتنەجێگەی واقیع و «نفس الأمر»دا نیسبەت لە بەینیانا عومووم و خوسووسی «من وجه»ە؛ یانی ئەکەونە یەك و لە یەکیش جیائەبنەوە وەکوو دەرکەوتنی هەتاو و بارینی باران. واتە رێ‌ئەکەوێ ئینسانێ ئیسلام و ئینقیادی نەفسی واقیعی ئەبێ و ئیمان و تەسدیقی قەلبیشی ئەبێ وەکوو موسوڵمانە ساغەکان. وە رێ‌ئەکەوێ کەسێ ئیسلام و ئینقیادی نەفسی واقیعی ئەبێ و ئیتاعە ئەکا بەڵام بە قەتعی ئیمان و تەسدیق و عیلمی نییە بە شان و پایەی ئەو کەسە کە ئیتاعەی ئەکا. بەڵکوو هەر کوێرانە ئەکەوێتە شوێنی وەکوو ئەتباعی گەلێ «متشیّخ»ی نەزان. وە رێ‌ئەکەوێ کەسێ ئیمان و تەسدیق و عیلمی ئەبێ بە پایە و شانی کەسێ بەڵام بە قەتعی ئینقیادی بۆ ناکاو فەرمانی وەرناگرێ وەکوو ئەو زانایانی جوولەکەیە کە خودا لە

شانیانا فەرموویەتی: ﴿یعرفونه کما یعرفون أبنائهم﴾.[١] مادام وایە لازم دێ کە ئیمان بە مانا تەسدیق و باوەڕ بە تەنیا جێگەی ئیعتیبار نەبێ مەگەر بە مەرجی ئیسلام و ئینقیادی نەفسی واقیعی، وە لە واقیعیشا ئەمە وایە. جا ئەگەر یەکێ بڵێت کە وایە بۆچی مەشهوور وایە ئیمان تەسدیقە و ئیتر ناوی ئیسلام و ئینقیادی نەفسی نەبراوە؟ لە وەڵاما ئەڵێین: هەر چەند باسی ئەوە نەکراوە بەڵام ئیقرار بە دوو کەلیمەی شەهادەت شەرتە بۆ ئیمان و ئەم ئیقرارەیش لەبەر ئەوە غالبا پاش دەوام ئەبێ بە هۆی ئیسلامی نەفسی ئیکتیفای پێکراوە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ﴾

ئەو کەسانە کە ئینکاری ئایاتی خودا ئەکەن، واتە پشت هەڵئەکەن لە بیر و باوەڕی ئیسلامی و، پێغەمبەرەکان ئەکوژن بە ناحەق.

﴿وَيَقۡتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾

وە ئەو کەسانە ئەکوژن کە فەرمان ئەدەن بە بیر و باوەڕی ڕاست و کردەوەی ڕاست لە ئادەمیزادا.

﴿فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢١﴾

ئەوە موژدەیان بدەرێ بە عەزابێکی ئێش‌گەیێن.

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ﴾

ئەو کافرانە کەسانێکی وابوون لە کاتی خۆیا کە کردەوەی باشیان بە دیمەن بێ‌قیمەت بووە لە دنیادا لە بەرچاوی موسوڵمانانی زەمانی خۆیانا وە لە قیامەتیشا؛ چونکی سەوابی بۆ دانانرێ.

---

١. البقرة؛ ١٤٦.

﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾﴾

وە ئەوانە کەسیان نییە یارمەتییان بدا لەو کۆمەڵە یارمەتیدەرانە کە خۆیان گومانی یارمەتی و موساعەدەیان پێ ئەبەن.

ئەمە ئەگەر «أولئك» ئیشارەت بێ بۆ ئەو کافرانە کە لە کاتی خۆیا و لە زەمانی پێشوودا ئەو سیفاتە ناشیرینانەیان بووە. وە ئەگەر ئیشارە بێ بۆ لای هاووێنەی ئەوان لەو کافرانە کە لە زەمانی حەزرەتا ﷺ بوون یا لە پاش ئەو زەمانە ئەبن ئەوە مەعناکەی وایە کە ئەو کەسانە کە بە دڵ کافر و بێباوەڕن و ئەگەر بۆیان ڕێبکەوێ پێغەمبەری زیندوو لە بەردەستیانا بێ ئەیکوژن، وە هەرکەس ئەمر بە چاکە بکا و نەهی لە خراپە بکا گیرۆدەی ئەکەن و ئەمر بە بیر و باوەڕی راست ناکەن، ئەوانە کردەوەی چاکی دنیایان بێقیمەتە لە دنیادا لای موسوڵمانەکان وە بێسەوابیشە لە ئاخیرەتدا لە حوزووری خودادا و کەسیش نییە یارمەتییان بدا.

لێرەدا چەن باسێ هەیە:

باسی یەکەم: لەبەر ئەوەی کە خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا باسی ئەوانەی کرد کە پشت هەڵئەکەن لە حەق وە لائەدەن لە ڕێگەی راست، هات لەم ئایەتەدا باسی ئەقسامی ئەوانەی کرد: بەشی ئەوەڵیان ئەوانەن کە لە بیر و باوەڕا کافرن. بەشی دووەمیان ئەوانەن کە ناهەموارترینی گوناه ئەکەن، وەکوو کوشتنی پێغەمبەرانی خودا ـ سەلامی خودایان لێ بێ ـ. وە بەشی سێهەم ئەوانەن کە ئەو کەسانە ئەکوژن کە ئەمر ئەکەن بە عەداڵەت و راست کاری.

جا لەم سێ بەشە هەموویان لە زەمانی یەهوودەکانا رابوردوون؛ چونکی بە نەسسی ئایەت مەعلوومە کە کوفریان کردووە بە ئایاتی خودا و پێغەمبەرەکانیان کوشتووە و

ئەو کەسانەیشیان کوشتووە کە لە پاش پێغەمبەرەکان ئەمریان کردووە بە چاکە و نەهییان کردووە لە خراپە.

هەروا لە زەمانی پێغەمبەری ئێمەیشاﷺ ئەو یەهوود و نەسرانییانە ئینکاری قورئانیان کردووە کە ئایاتی خودان و ئینکاری پێغەمبەریان کردووە و ئامادە بوون بۆ کوشتنی وە ئەگەر بۆیان هەڵبکەوتایێ ئەیانکوشت وە هەرکەسێ ئەمری بکردایە بە چاکە و نەهی بکردایە لە خراپە لە ئەسحابی پێغەمبەردا ئەگەر دەستیان ببوایێ ئەیانکوشت، وە لە پاش ئەو زەمانەیش ئەو حاڵە هەر دەوام ئەکا.

باسی دووهەم: ئەمەیە ئەم ئایەتە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە واجبە. ریوایەت کراوە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە رضي الله عنه کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه و ذلك أضعف الإيمان». واتە: هەرکەسێ لە ئێوە چاوی کەوت بە شتێکی ناشەرعی با ئەو شتە ناشەرعییە بگۆڕێ بە هێزی خۆی، وە ئەگەر هێزی نەبوو، بیگۆڕێ بە زمانی خۆی، یانی بڕوا بۆ لای خاوەن دەستێ کە مەنعی ئەو ناشەرعییە بکا، وە ئەگەر ئەوەیشی پێ نەکرا با بە دڵ بیگۆڕێ، یانی بە دڵ بێزار بێ لەو کارە نابارە. وە ئەم پایە پەستترینی پایەی خاوەن ئیمانە.

بەڵام ئەم ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەرە چەن شەرتی هەیە:

[**شەرتی**] **یەکەم:** ئەمەیە نەکێشێ بۆ سەر بەکار هێنانی چەك؛ ئەگەرنا ئەو کاتە لەسەر عامەی خەڵك نییە بەڵکوو لەسەر خاوەن شەوکەتەکانە.

[**شەرتی**] **دووەم:** ئەمەیە کابرای ئامیر و ناهی ترسی نەبێ لە نەفسی خۆی یا حەیوانێکی موحتەرەم، وە ترسی نەبێ لە سەر ئەعزای خۆی، وە یا لەسەر ماڵێکی وا کە بە نیسبەتی ئەو کەسەوە قیمەتی هەبێ وە یا ترسی فەسادێکی ببێ زیاتر لە فەسادی خراپەکە.

شەرتی سێهەم: ئەمەیە کە عەقیدەی کابرا وەهابێ ئەو ئەمرە ئەیکا قەبووڵ بکرێ، وە یا ئەگەر قەبووڵ نەکرێ عینادی کابرا زیاتر نەکا.

[**شەرتی**] چوارەم: ئەمەیە ئەو مونکەرە یا بە ئیتیفاق لە مونکەرات بێ، یاخود ئەو کەسە ئەیکا لە لای وابێ حەرامە، وە ئەو شتە ئەمری پێ ئەکا واجب بێ یا مەندووب بێ بە ئیتیفاق یا بە عەقیدەی مەئموورەکە.

وە ئەوەی کە بازێ لە زاناکان فەرموویانە بە هەموو حاڵێ و لە هەموو کاتێکا ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر واجبە ئەوە موخالیفە بۆ زاهیری حەدیسی شەریف و کابرا دەلیلێکی بە دەستەوە نییە. بەڵام شەرت نییە کابرای ئامیر و ناهی عادڵ بێ، واتە هەرچەن خۆی ئەهلی فیسق بێ بۆی دروستە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر بکا، یا واجبە لەگەڵ ئەو مەرجانەدا کە وتمان.

وە ئەو کەسانە کە ئەڵێن: ئایەتی: ﴿أتأمرون الناس بالبر وتنسون أنفسكم﴾[1] دەلیلە لەسەر ئەوە یەکێ خۆی فەرامۆشکرد بێ و تاوانبار بێ دروست نییە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر بکا، ئەوە دەلیلەکەی تەواو نییە؛ چونکی ئەو ئایەتە زەمی ئەو زانایانە ئەکا لەسەر فیسق و فوجووری خۆیان نەك لەسەر ئەمر بە مەعرووفەکەیان و نەهی لە مونکەرەکەیان. وە ئایەتی: ﴿لا يضركم من ضل إذا اهتديتم﴾[2] نابێ بە دەلیل لەسەر سکووت کردن لە مونکەرات بۆ ئەو کەسانە کە خۆیان موهتەدی و باشن؛ چونکی لە کاتێکا ئەوان بە موهتەدی و بە باش ئەناسرێن کە واجباتی خۆیان تەواو بکەن، وە لە جوملەی واجباتە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر لە لایەنی ئەوانەوە.

---

١. البقرة: ٤٤.

٢. المائدة: ١٠٥.

فەرمووده‌ی خودا: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ الآية.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما: کە حەزرەت ﷺ رۆژێ رۆیشتە «بیت المدراس» لای یەهوودییەکان و کۆمەڵێ لە یەهوودەکانی بانگ کرد بۆ ئیسلام. جا لەوێدا نەعیمی کوڕی عەمر و حارسی کوڕی زەید پرسیاریان‌کرد لە حەزرەت ﷺ تۆ لە سەر چ دینێکی؟ ئەویش فەرمووی: لەسەر دینی ئیبراهیم ﷺ. ئەوانیش وتیان : دەی ئیبراهیم یەهوودی بووە. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەگەر راست ئەکەن وەرن تەورات بێنن و بیخوێننەوە و تەورات حەکەمی بەینی ئێمەو ئێوە بێ! ئەوانیش ملیان بادا لەو فەرموودەی حەزرەتە ﷺ جا خودا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾

ئایا نابینی ئەو کۆمەڵە لەوانەی کە بەشێکیان پێ دراوە لە کیتاب وەکوو تەورات بێ.

﴿يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾

بانگ ئەکرێن بۆ تەماشاکردنی ئەو کتێبی خودایە کە تەوراتە بۆ ئەوە کە کیتابەکە حەکەم بێ لە بەینی ئەوان و خاوەن دەعوەتەکەدا و حوکم بدا بۆ ئەوەی لەسەر حەقە بڵێ لەسەر حەقە و لەسەر ئەوەی ئەهلی ناحەقە بڵێت لەسەر ناحەقە.

﴿ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾﴾

لە پاش ئەو دەعوەت و بانگ‌کردنە بازێکیان پشت هەڵئەکەن لە قەبووڵی ئەو دەعوەتە و ئەوان بە جیددی لە دەستووری خودا لادەرن وە گوێی پێ نادەن؟

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ﴾

وە ئەو پشت هەڵکردن و موبالات نەکردنیانە بە کتێبی خودا بە هۆی ئەوەوەیە ئەڵێن: ئێمە ئاگری دۆزەخ لێمان ناکەوێ ئیللا چەند رۆژێکی کەمی هەڵژمێرراو.

﴿وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾

وە ئەوانی بایی کردووە لە دینی خۆیانا ئەو قسە پڕوپووچانە کەوا هەڵیان بەستووە بە بێ ئەساس و داوای ئەوە ئەکەن خودای تەعالا وەعدەی داوە بە یەعقووبعليه السلام کە نەتەوەی ئەو ناسوتێن بە ئاگری دۆزەخ ئیللا بەقەی ئادی سوێند.

﴿فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَـٰهُمْ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ﴾

جا ئەبێ حاڵی ئەم جوولەکانە چۆن بێ کاتێ کە گردیان ئەکەمەوە لەو رۆژەدا کە گومانی تیانییە؟

﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ﴾

وە تەواو ئەکرێ بۆ هەر نەفسێ جەزای ئەو بیر و باوەڕە و ئەو کردەوەیە کە کردوویەتی لە دنیادا کاتی ژیانی خۆی.

﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾﴾

وەلحاڵ ئەوان نە کەم و نە زۆر ستەمیان لێ ناکرێ.

لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ: هەرکەسێ ئیمان و باوەڕی ببێ بە دینی ئیسلام ئەوە نامێنێتەوە لە دۆزەخا هەتا هەتایە؛ چونکی هیچ نەبێ موستەحەقی جەزای ئیمانەکەیەتی و جەزای خێر لە ناو ئاگری دۆزەخا نابێ کە وابێ پێویستە لە ئاگری دۆزەخ دەربکرێ و ببرێ بۆ بەهەشت و هەرکەسیش رۆیشتە بەهەشت بۆ وەرگرتنی سەواب ناکرێتە دەرەوە.

فەرموودەی خودا: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ ﴾.

واحیدی و بەغەوی و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ فەرموویەتی: کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ شاری مەککەی موکەڕڕەمەی گرت وەعدەی دا بە ئوممەتەکەی کە وڵاتی فارس و رۆمیش ئەگرێ، جا مونافقەکان و جوولەکەکان وتیان: «هیهات هیهات» موحەممەد چۆن ئەتوانێ ئەو وڵاتانە بگرێ؟! ئایا تێر ناخوا بە مەککە و مەدینە؟! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد:

﴿ قُلِ ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست:

﴿ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ ﴾

ئەی پەروەردگارا! ئەی خاوەنی هەموو موڵك و دارایی، لە جیهانا تۆ دارایی و پادشایی ئەدەی بە هەرکەسێ خواستت لەسەر بێ و ئەسبابی بۆ رێك ئەخەی. وە دارایی و پاشاییش دائەڕنی لەبەری هەرکەسێ خواستت وابێ کزی بکەی وە ئەسبابی داکەوتن و پاشکەوتنی بۆ رێك ئەخەی.

﴿ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ﴾

سەربەرز ئەکەی هەرکەسێ خواستت هەبێ و سەرکز ئەکەی هەرکەسێ خواستت هەبێ.

﴿ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ﴾

هەر لە دەستی تۆدایە و لە تەوانایی تۆدایە هەموو سوودێکی دنیا و قیامەت بە هەرکەسێکی بدەی ئەیدەی و لە هەرکەسێ مەنعی بکەی ئەیکەی.

﴿إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾﴾

تۆ بە راستی بە سەر هەموو شتێکدا تەوانای.

﴿تُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾

ماشەڵڵا خودایە تۆ ئەوەندە تەوانای پەردەی تاریکی شەو ئەهاویتە ناو پەردەی رووناکی رۆژ و وەها لە یەکیان ئەچەسپێنی، وە پەردەی رووناکی رۆژ ئەهاویتە ناو پەردەی رەشی شەوەوە و لە یەکیان دەچەسپێنی کە ئادەمیزادی ورد مەگەر رۆژ و شەو لە یەك بکاتەوە لەو کاتانەدا یەکێکیان دێ و یەکێکیان ئەڕوا. وە یا بازێ لە کاتەکانی شەو ئەهاویتە سەر کاتەکانی رۆژ کاتێ بتەوێ کە شەو کورت بکەیتەوە و رۆژ درێژ بکەی. وە بازێ لە کاتەکانی رۆژ ئەهاویتە سەر کاتەکانی شەو کاتێ بتەوێ رۆژ کورت بکەیتەوە و شەو درێژ بکەی، وە هەموو ئەم کەم و زیادە لە سەر یاسایەکی دامەزراوی پایەداری وایە کە بەساڵەهای ساڵ بە تاقە دەقیقەیێ موخالەفەی تێدا نابێ.

﴿وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ﴾

وە مادەی زیندووی خاوەن شوعوور دەرئەکەی لە مادەی بێشوعوور.

﴿وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ﴾

وە مادەی بێزیندەگی و بێشوعوور دەرئەکەی لە مادەی زیندووی خاوەن شوعوور. گیاندار لە خاك و ئاوی بێڕۆح دروست ئەکەی، وە خاك و ئاوی بێشوعوور لە گیانداری زیندووی بە شوعوور دەرئەکەی. یاخود نەتەوەی گیاندار لە مادەی بێگیان دروست ئەکەی، واتە ئەو نەتەوە کە گیاندارە خاوەن هەست و بەخۆزانینە وە خاوەن بیستن و بینینە، وە جار بە جاریش خاوەنی زانست و هۆشی بەرزی

شیاوی تەتەوور و خۆگۆڕینە، ئەمانە بەم هەموو حاڵەوە، کە ئادەمیزاد سەری لێیان سوڕئەمێنێ، دروستیان ئەکەی لە مادەیێ کە ئەوپەڕی سیفاتیان هەر ئیستیعدادە بۆ حەیات. ئەگەرنا فیعلەن حەیاتیان نییە و شوعووریان نییە چ جای زانستی بەرزی بەڕێز، وە ئەگەر باش بڕوانی بۆ ئەو مادە خاوەن ئیستیعدادە فامی ئەوە ئەکەی کە ئەو ئیستیعدادە بۆی ڕەوانە کراوە ماڵی خۆی نییە و بە کەم و زۆر ئەگۆڕێ.

وە یاخود گیانلەبەری چاو کراوەی دڵڕووناکی شارەزا بە پیرۆزی دەرئەکەی لە ئینسانێکی دڵکوێری بێفام و بیر ئەگەر دەستی نەگری بە دوو چاوی ساغەوە ئەکەوێتە بیر، وە بە عەکسی ئەمەوە ئینسانێکی پڕ لە نوقسان دەرئەکەی لە مادەی ئینسانێکی بەرز و شارەزا بە بارەگای بەرزی خودا و ڕێنومای ئادەمیزاد بۆ پیرۆزی نەبڕاوە لە هەردوو دونیادا.

جا پەروەردگارا تۆ کە خودایەکی تەوانای وەها بی کە هۆشیار سەری لە ئەسراری کارت سڕ ئەبێ چۆن ناتوانی ڕیاسەت و پاشایی و دەوڵەمەندی و دارایی بدەی بەوەی کە خواستت لێ بێ وە یا مەنعی بکەی لەو کەسەی کە خواستت لێ بێ؟ بە دڵێکی پاکی ڕووناك ئیمان و باوەڕمان هەیە بەوە هەر تۆی خاوەن دەستەڵات لە ڕووی جیهانا لە ئاشکراو لە پەنهانا.

﴿وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ٢٧﴾

وە ئەتوانی ڕزق و ڕۆزی و ژیواری پیرۆزی و تاجی کەرامەت و سەربەرزی و بەرگی دەوڵەمەندی و بێنیازی و حاڵی دڵگوشادی و ئینتیزاری بدەی بەو کەسە کە پێی ئەدەی، وە یا بە ئەندازەیێ کە دەرچووبێ لە ژمارە کردن بە یاسای عادەتی.

وە ئەم دەستکەوتانە لە هەموو بابەتێکەوە لە دنیادا یا لە دینا لە ژیوارا یا لە ژینا بەشێکیان ئەسبابەکانیان لە بەرچاوی خاوەنەکەیانا نییە لەگەڵ ئەوەدا بۆی ئەبێ. وە

بەشێکیان ئەسبابەکانیان کەمترە لە ئەسبابی خەڵك، یا وەکوو ئەوانە لەگەڵ ئەوەدا دەسکەوتەکەی لەوان زۆرترە و گەلێ جار تۆ ئاگات لێ نییە ئەو خۆی هۆکەیان ئامادە ئەکا، وە گەلێ جار تۆ ئەسبابەکان ئامادە ئەکەی لەگەڵ ئەوەدا بە کەمتر هۆیێ ئەو ئەسبابانەت بەرباد ئەکا. سەد رەحمەت لەو کەسە کە وتوویە:

لە سەبەب سازیت ئەبم بە حەکیم — لە سەبەب سۆزیت سەودایی و سەقیم
هەرخۆتی هەرخۆت چی خواستت لێ بێ — عالەم بیەوێ نەبێ هەر ئەبێ
کە ویستت کەسێ دڵشادی بکەی — لە دوو دونیادا ئازادی ئەکەی
ئەو کەسەیش ویستت دڵشادی نەکەی — بە سووسەی بایێ بەربادی ئەکەی
داتناوە ئەسباب بۆ مەردی زانا — کردەوەی بە نرخ لە بۆ تەوانا
بەڵام موسەبیب بۆ هەموو ئەسباب — هەر خۆتی بە حەق، یا خودای وەهاب
ئەو ئەسبابانە ئەگەن بە ئەنجام — وان لە لای خۆتا ئەی خودای عەللام
بۆمان بێنەجێ بە میهرەبانی — مایەی پیرۆزی نەوعی ئینسانی

جا لەسەر ئەساسی ئەوە کە مەبدەئی ئیجاد هەر خودایە و بەس، حەزرەت ﷺ فەرمووی بە ئیبنوعەباس رضي الله عنهما: «إذا سألت فاسأل اللّٰه و إذا استعنت فاستعن باللّٰه» واتە: کە داوای شتێکت کرد لە خودا داوا بکە، وە کاتێ داوای یارمەتیت کرد داوای یارمەتی لە خودا بکە. ئیتر مەبەست لەم فەرموودە بەرزە ئەمە نییە کە ئینسان بە تەمەڵی دابنیشێ و مەشغوولی کار نەبێ و نەکەوێتە شوێن ئەسباب؛ چونکی ئەسباب خودا دایناون و کەوتنە شوێنی لە یاسای خودایە و لە «سنة اللّٰه»یە، ئەوەتە لە باسی «ذي القرنين»دا فەرموویەتی: ﴿وآتيناه من كل شيء سبباً فأتبع سبباً﴾[1] وە فەرموویەتی:

---

[1]. الكهف: ٨٤

﴿وأتوا البيوت من أبوابها﴾،[١] وە فەرموویەتی: ﴿وقل اعملوا فسيرى الله عملكم و رسوله﴾،[٢] وە فەرموویەتی: ﴿لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾.[٣] واتە: بۆ ئێوە هەیە لە زاتی رەسوولەڵلا پێشەوایەکی گەورەی جوانکار و جوانرەفتار. وە حەزرەت ﷺ بە کردەوەی تێکۆشیوە و ئەسبابی پێشکەوتنی خۆی جێبەجێ کردووە، وە لەگەڵ ئەوەدا بە رۆژا جیهادی کردووە لە شەویشدا شەونوێژی کردووە و لە خودا پاڕاوەتەوە و داوای یارمەتی کردووە و داوای دوعای خێری لە رەفیقەکانی کردووە، وە کاتێ کە عومەری کوڕی خەتابی نارد بۆ حەج فەرمووی: «لا تنسنا من دعائك يا أخي» واتە: فەرامۆشمان مەکە لە دوعای خۆت ئەی برای خۆشەویستم، وە فەرمانی داوە پێمان لە کاتی دەرد و بەڵادا سەدەقە و خێرات بکەین. وەلحاسڵ پێویستە ئینسانی موسوڵمان بکەوێتە شوێن ئەسباب چ بۆ دین چ بۆ ژین و تەوەکول بکا لەسەر خوای «أرحم الراحمين».

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کە کۆمەڵێ لە موسوڵمانە ئەنسارییەکان هاتوچۆیان بوو لەگەڵ کۆمەڵێ لە جوولەکەکان و تێکەڵ بوون بەوان. جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ئەفەرموێت:

﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾

واتە: با موسوڵمانەکان کافرەکان وەرنەگرن بە دۆست و لە موسوڵمانەکان لادەن.

١. البقرة؛ ١٨٩.

٢. التوبة؛ ١٩٤.

٣. الأحزاب؛ ٢١.

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ﴾

وە هەرکەسێ ئیشی وەها بکا ئەوە لە جانیبی خوداوە نییە لە هیچ پلە و پایەیەکدا و قیمەتی نییە لای خودا.

﴿إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَىٰةً﴾

لە هیچ کاتێکا و لە هیچ حاڵەتێکا دروست نییە بۆتان تێکەڵی و ڕێکەوتن لەگەڵ کافرانا ئیللا لە کاتێکا و لە حاڵێکدا بترسن لەو کافرانە بە ترساندن بە ڕاستی، یاخود لە کاتێکا بترسن لە کارێکی ناباری وا کە تەرێزی لێ ئەکرێ ئەو کاتە بە قەی ناچاری دروستە بۆ موسوڵمان ڕێکەوتن لەگەڵ کافرانا.

﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ﴾

خودا ئەتان‌ترسێنێ لە عەزابی خۆی.

﴿وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ۝٢٨﴾

وە دیارە هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەی ئێوە و لە دەستی دەرناچن.

﴿قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری رابەر پێیان بڵێ: ئەگەر ون بکەن ئەوەی وا لە دڵتانا لە پەیوەندیتان بە کافرانەوە وە یا دەری بخەن.

﴿يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ﴾

بە قەتعی خودای تەعالا ئەیزانێ.

﴿وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾

وە نەك بە تەنها ئەحواڵی ئێوە بەڵکوو خودا ئەزانێ ئەوەی وا لە ئاسمان و لە عەرزا.

﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾﴾

وە لەگەڵ ئەوەدا کە هەرچی هەیە لە عەرز و ئاسمانا خودا ئەیزانێ بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایە و ئەتوانێ بە هەموو نەوعێ جەزاتان لێ بسێنێ.

﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ﴾

واتە خودا قادرە و تەوانایە بەسەر هەموو جەزایێکدا لە چاکە و خراپە لەو ڕۆژەدا کە هەموو نەفسێکی موکەللەف دەستی ئەکەوێ بە حازر و دیاری لە لایا ئەوەی کردوویەتی لە دنیادا لە خێر و لە شەڕ و لە ئیحسان و لە عیسیان.

﴿تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا﴾

کە هەموو نەفسێکی خاوەن خراپە و کردەوەی نابار حەز ئەکا کە لە بەینی ئەو و ئەو ڕۆژەدا وە یا لە بەینی ئەو و ئەو کردەوە خراپانەدا ماوە و زەمانێکی زۆر دوور و درێژ ببوایێ و قەت چاوی نەکەوتایێ بە دەفتەری کردەوەکانی و نەگەیشتایێ بەو ڕۆژە کە حسێبی کردەوەی تێدا ئەکرێ.

﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ﴾

جا هەر لە ئێستەوە کە مەجالی گەڕانەوەتان هەیە بۆ لای خودا و هەڵی کردنی کردەوەی باشتان هەیە خودا ئێوە ئەترسێنێ لە عەزابی خۆی با بزانن.

﴿وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾﴾

بە ڕاستی خودا میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی کە لە ماوەی دنیادا ئاگاداریان ئەکاتەوە لە حسێبی پاشەڕۆژ، وە یاخود میهرەبانە لەگەڵیانا کە هەر لەم دنیادا حەقی ئەووەڵ و ئاخریان لێ ناسێنێ.

﴿إن الدين عند الله الإسلام﴾[1] وە باسی ئەوەی کرد کە ئیختیلافی ئەهلی کیتابیین، یانی جوولەکە و گاور وە کەتمی نیشانەی ریسالەتی پێغەمبەر ﷺ هەر لەبەر بەغی و حەسوودی بوو وە هەر کەسێ لە سەر عەناد و فەساد بێ ناگا بە ئەنجامی خێر، وە بەختیاری و گەیشتن بە رەزای خودا و بە رەحمەتی ئەو بەسراوە بە پەیڕەوی پێغەمبەرەوە ﷺ، دەستی کرد بە بەیانی ئیسباتی ریسالەت و گەورەیی حەزرەت ﷺ بەمە کە موحەممەد ﷺ لە خانەدانی ریسالەتی قەدیمە و لە ئەولادی ئیبراهیمە بەم جۆرە لە سەرەوە هێنای باسی ئیختیار و هەڵبژاردنی پێغەمبەرەکانی کرد لە ئادەم و نووح و ئالیئیبراهیم و ئالیعیمران، وە باسی مەبدەئی دروستکردنی عیسای کرد، وە چلۆن ئادەمیزادی بانگ کرد بۆ دینی حەق لەبەر ئەوە حەق دەربکەوێ و هەموو عاقڵێ تێبگا ئەم ئیفرات و تەفریتی جوولەکە و گاورە درۆ و ئیفسادە و حەق هەر ئەوەیە کە حەزرەتی موحەممەد ﷺ لەسەریەتی و لەسەر یاسای «سنة اللّٰه» ئەبێ حەق جێگەی خۆی بگرێ و ناخودا بە داخەوە بمرێ و فەرمووی:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾﴾

واتە: بە راستی خودای تەعالا هەر بە فەزڵی خۆی ئادەم و نووح و ئالیئیبراهیم و ئالیعیمرانی هەڵبژاردووە لەسەر عالەمی ئادەمیزادی زەمانی خۆیان.

زاناکان فەرموویانە: مەبەست لە «ئالیئیبراهیم» ئیسماعیل و ئیسحاق و حەزرەتی «محمد المصطفى» و یەعقووب و ئەسباتە عليهم‌السلام و مەبەست لە «ئالیعیمران» حەزرەتی مەریەم و حەزرەتی عیسایە عليه‌السلام.

---

[1]. آل عمران؛ ١٩.

جا بینا لەسەر ئەم تەفسیرە هەرچەند ئالی‌ئیبراهیم هەموو زورڕییەتی ئەو ئەگرێتەوە و ئالی‌عیمران داخڵی ئەوانن، بەڵام لەبەر ئەوە کە عیسا هەر لە جانیبی دایکەوە ئەگات بە ئیبراهیم ﷺ وە باوکی نەبووە بە تایبەتی باسی کردووە بۆ ئیسباتی شەرەفی ئەو.

وە بازێ فەرموویانە: مەبەست لە عیمران باوکی حەزرەتی مووسا و هاروون ﷺ وە نەتەوەی ئەمانەیە لە ساڵحان و پیاو و ژنە باشەکانیان.

بە هەرحاڵ ئەم زاتانە هەڵبژێرراوی خودان لە ناو ئادەمیزادی زەمانی خۆیانا بە میهرەبانی خۆی؛ چونکی پایەی نوبووەت و ریسالەت لە مەواهیب و بەخششی خودایە و نەبەسراوە بە تێکۆشینی بەندە و قابیلیاتی زاتییەوە.

لە تەفسیری قورتوبیدا ئەفەرموێت: خودا ئیختیاری ئادەمی کردووە بە پێنج شت: بە دەستی قودرەتی خۆی بە بێ‌باوك و دایك دروستی کردووە. ئەسمای هەموو شتێکی نیشانداوە. ئەمری کردووە بە هەموو مەلائیکەکان سوجدەی تەشریف و ئیحتیرامی بۆ ببەن. لە بەهەشتا داینا. کردی بە باوکی هەموو ئادەمیزاد.

وە حەزرەتی نووحیشی بە پێنج شت ئیختیار کردووە: یەکەم کردی بە باوکی دووهەمی هەموو ئادەمیزاد. دووەم عومری درێژ کرد و دیارە عومری درێژ لەگەڵ کردەوەی باشا مایەی پیرۆزی ئادەمیزادە. سێهەم ئەو دوعایە کردی لە کافرەکان قەبووڵ کرا وە کافرەکانی هەموو لەناو برد بە تۆفان. چوارەم لە ناو کەشتییەکەدا پاراستی. پێنجەم یەکەم کەسێ بوو کە شەریعەتی پێشووی نەسخ کردەوە؛ چونکی لە پێش زەمانی ئەودا مارەبڕینی پوور دروست بوو وە لە دینی ئەودا حەرام کرا.

وە ئیختیاری حەزرەتی ئیبراهیمی کرد بە پێنج شت: یەکەم: کردی بە باوکی پێغەمبەرانی پاش خۆی. دووهەم: کردی بە خەلیل بۆ خۆی. سێهەم: رزگاری کرد

لە ئاگر. چوارەم: کردی بە ئیمام بۆ ئادەمیزاد. پێنجەم: خودا بەراوردی کرد بە چەند کەلیمات و یارمەتی دا هەتا تەواوی کردن.

وە ئەگەر مەبەست لە عیمران باوکی حەزرەتی مووسا و هاروون بێ ئەوە خودا ئیختیاری کردوون بە باراندنی «مَنّ» و «سَلوی»، واتە: گەزۆ و پەلەوەری شەلاقە، وە ئەمە نەبووە بۆ هیچ پێغەمبەرێ. وە ئەگەر مەبەست باوکی مەریەم بێ ئەوە خودا ئیختیاری مەریەمی کرد بۆ ئەوە کە عیسا تەوەلودی ببێ لێی بە بێ باوك وە ئەمەیش لە پاش حەزرەتی ئادەم علیه‌السلام بۆ کەس نەبووە.

وە موناسبە بزانن کە عیمران باوکی حەزرەتی مووسا علیه‌السلام کوڕی «یصهر»ی کوڕی «قاهث» کوڕی «لاوی» کوڕی «یعقوب»ە. بەڵام عیمران باوکی مەریەم علیها‌السلام کوڕی «ماثان» کوڕی «معازار» کوڕی «أبی یرد» کوڕی «یوزن» کوڕی «زر بابل» کوڕی «سالیان» کوڕی «یوحنا» کوڕی «أوشیا» کوڕی «آمون» کوڕی «منشکن» کوڕی «حازقا» کوڕی «ئاخاز» کوڕی «یوتام» کوڕی «عوزریا» کوڕی «بورام» کوڕی «ساقط» کوڕی «ایشا» کوڕی «راحبعیم» کوڕی «سلیمان» کوڕی «داود» کوڕی «ایشی» کوڕی «عوبد» کوڕی «سلمون» کوڕی «یاعز» کوڕی «نحشون»، کوڕی «عمیاد» کوڕی «حصروم» کوڕی «فارص» کوڕی «یهودا» کوڕی «یعقوب»ە علیه‌السلام. وە لە بەینی ئەو دوو عیمرانەدا هەزار و هەشت سەد ساڵ بووە.

﴿ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ ﴾

واتە: حاڵی ئەم ناوبراوانە وایە کە کۆمەڵێکن هەموو لە ئەسڵێکەوە هاتوون وەکوو ئادەم بێ، یا لە ئەسڵێکەوە وەکوو نووح بێ، یا لە ئەسڵێکەوە وەکوو ئیبراهیم علیه‌السلام بێ کە بازێکیان لە سینف و لە تەبیعەتی بازێکیانە، لە دینداری و خودا پەرستی و رەوشتی باشا، وە خودای تەعالایش رازی هەموویانی بیستووە و نیازی هەموویانی زانیوە. وە خودای تەعالا ئیختیاری ئالی عیمرانی کرد.

﴿ إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ ﴾

لەو کاتەدا کە حەرەمی عیمران وتی:

﴿رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا ﴾

ئەی پەروەردگاری عالەم بە راستی وا من نەزرم کرد ئەو بەچکەیە وا لە سکمدا، واتە لە منداڵدانما بە ئازاد کراوی و دانراو بۆ خزمەتکردنی «بیت المقدس».

﴿فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٥﴾

دەی بە میهرەبانی خۆت لێم وەربگرە و قەبووڵی بکە، بە راستی تۆ بیسەری سکاڵای و زانای بە حاڵی ئەو کەسانە کە پەنات بۆ دێنن. وە ئەم ژنی عیمرانە ناوی «حەننە» بوو کچی «فاقوذ»، وە خوشکێکیشی بوو ناوی «ایشاع» بوو شووی کرد بوو بە حەزرەتی «زکریا» علیه السلام.

جا ئەم حەننە منداڵی نەدەبوو زۆر ئارەزووی منداڵی ئەکرد، رۆژێ لە سێبەری دارێکدا بوو چاوی کەوت بە پەلەوەرێ خواردەمەنی ئەخستە ناو دەمی بەچکەکەیەوە، لەو کاتەدا نەفسی حەننە کەوتە ئیشتیاق و ئارەزووەوە، بە سۆزی دڵ پاڕایەوە لە خودا کە منداڵێکی پێ بدا. لەگەڵ ئەوەدا کە پیر بوو بە ئەمری خودا حەملی پەیدا بوو. وە کاتێ زانی کە حامیلەیە ئەو نەزرەی کرد و لەو زەمانەدا لە شەریعەتی ئەوانا دروست بوو یەکێ نەزری ئەولادی نێرینە بکا بۆ خزمەتی مزگەوتی «بیت المقدس». ئەو منداڵەیش لە کاتی تەمیزەوە تا باڵغ ئەبوو خزمەتی ئەکرد و لە پاش ئەوە باڵغ بوو بە ئارەزووی خۆی ئەبوو: مەیلی لەسەر دەرچوون بوایێ دەر ئەچوو، وە مەیلی لەسەر ئەوە بوایێ بمێنێتەوە ئەمایەوە.

﴿ فَلَمَّا وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ ﴾

کاتێ کە حەننە سکەکەی داناو زانی بەوە کە کچە بانگی کرد لە خودای خۆی: ئەی پەروەردگاری من بە راستی من ئەو زاتەی لە سکما بوو دامنا بە شێوەی مێیە.

﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ﴾

وە لە بەر ئەوە کە حەسرەتمەند بوو ئەم بانگەی کرد، ئەگەرنا خودای تەعالا زاناترە لەو بەوەی کچە.

﴿وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰ﴾

ئەی خودایا خۆت ئەیزانی کە نێرینە وەکوو مێیینە نییە و ئەو خزمەتانەی بە نێرینە ئەکرێ بە مێیینە ناکرێ.

﴿وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ﴾

وە بە راستی لەسەر وەفا بە نەزرەکەی خۆم ناوم نا بە «مەریەم» یانی عابیدە یا خادیمەی جێگەی موبارەك.

﴿وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٣٦﴾

وە بە راستی من ئەم کچە و نەتەوەی ئەم کچە ئاهاومە پەنای میهرەبانی و تەوانایی تۆ لە دەسبۆبردن و زیان لێدان لە لایەنی ئیبلیسی دەرکراوەوە کە نە خۆی و نە نەتەوەی نەتوانێ ئیلقای وەسوەسەی ناهەموار بکەنە دڵی مەریەم و دڵی نەتەوەیەوە.

﴿فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ﴾

جا خودای تەعالا لەسەر میهرەبانی خۆی و زانایی بە ئیخلاس و سۆزی دڵی حەننە، مەریەمی وەرگرت بە وەرگرتنێکی جوان و کردی بە نموونەیێ بۆ تەوانایی و میهرەبانی خۆی و کردی بە دایکی یەکێ لە پێغەمبەرە «أولوا العزم»ەکان وەکوو عیسا، بە بێ ئەوە عەلاقەی زیواج و تێکەڵی پیاو دەستی ببێ لە بوونی ئەو کورە ناودارە بەختیارەدا.

﴿وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا﴾

وە رواندی و نواندی بە عالەمی «بیت المقدس» لە پاکی و دڵڕووناکی و خوو و رەوشت چاکی و چالاکی لە خزمەتی «بیت المقدس»دا.

وە لە تەفسیری «بەیزاوی»دا ئەفەرموێت: لە جوملەی قەبووڵی جوان بوو بۆ مەریەمعليها‌السلام ئەمە کە خودا وەریگرت لە باتی نێرینە بۆ خزمەتی «بیت المقدس». جا ئەم فەرموودەیە کە بەیزاوی ئەیفەرموێت مەعنای وایە خودای تەعالا وەحی کردووە بۆ پێغەمبەری ئەو زەمانە کە زەکەریا بووە بەوە کە مەریەمی کچی عیمرانی قەبووڵ کردووە بۆ خزمەتی «بیت المقدس» بە تایبەتی، ئەگەرچی لە شەرعی ئەو رۆژەدا هەر نەزری نێرینە دروست بووە بۆ ئەو خزمەتانە. وە تەئییدی ئەمە ئەکا [ئەوە] کە حەزرەتی زەکەریاعليه‌السلام کەفالەتی مەریەمی کرد لە منداڵیدا.

لە تەفسیری قورتوبیدا ئەڵێ: هێشتا مەریەم لە دایك نەبووبوو عیمرانی باوکی وەفاتی کرد: وە لە پاش وەزعی حەملی حەننە هەستا مەریەمی پێچا لە بەرگێکەوە و فڕەیدا لە «بیت المقدس»دا لە بەردەمی ئەحباری «بیت المقدس»، وە لەبەر ئەوە کە مەریەم کچی عیمران بوو، وە عیمران لە نەتەوەی ملووکی بەنیئیسرائیل و موحتەرەم بوو هەرکام لەو ئەحبارانە ئەیویست خۆی مەریەم بەخێو بکا و بوو بە مونافەسەیان لەسەر ئەم کارە. بۆ دەفعی ئەو مونافەسەیە بە یاسای ئەو رۆژە رۆیشتنە سەر جۆبارێ و بڕیاریان دا ئەو قەڵەمە کە کیتابی موقەددەسی پێ دەنووسنەوە دایکوتن بە ئاوی جۆگەکەدا و هەر کەسێ لەوان قەڵەمەکەی لەسەر ئاوەکە مایەوە ئەویانە مەریەم هەڵبگرێ. لە پاش ئەم موقارەعە زەکەریا ناجیح بوو و کەفالەتی مەریەمی کرد وەکوو خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا﴾

واتە: زەکەریا لەبەر ئەوە کە پێغەمبەری ئەو زەمانە بوو و ئەمانەت لە خانەدانی نوبووەتدا زۆرترە و «ئیشاع»ی خوشکی حەننە ـ پووری مەریەم ـ حەرەمی زەکەریا بوو خودا مەریەمی دایە دەستی زەکەریا، هەتا لەبەر چاوی ئەم رەهبەرەدا و لەبەر چاودێری پووری خۆیا بە پاکی و دڵڕووناکی مەریەم دەوام بکا.

بەڵام من بە بڕوای خۆم لە لام وایە ئەم موناقەسە و موقارەعە لەو کاتەدا نەبووە کە مەریەم مەلۆتکە بووە؛ چونکی زۆر دوورە لە میهرەبانی دایکەوە ـ بە تایبەتی دایکی مەریەم کچی عیمران ـ لەو خانەدانەدا ئەم منداڵە لەو حاڵەدا بهاوێتە بەر دەستی ئەحباری «بیت المقدس». وە ئەبێ ئەم وەزعە لە پاش ئەوە بووبێ کە مەریەم گەیشتووەتە ئەندازەی تەمییز و تەوانایی لەسەر خزمەتکردنی «بیت المقدس»، جا خودای تەعالا لەبەر میهرەبانی بەو خانەدانە زەکەریای ناجیح کرد و مەریەمی خستە بەردەستی ئەو.

ریوایەت کراوە: پاش ئەوە مەریەم گەیشتە حەددی موراهەقە حەزرەتی زەکەریاعليه السلام میحرابێکی دروست کرد لە «بیت المقدس»دا بۆ مەریەم (میحراب هۆدەی تایبەتی عیبادەتخانەیە) کە لە پاش ئەوە لە خزمەتی «بیت المقدس» رزگار ئەبوو ئەڕۆیشتە ناو میحرابەکەی خۆیەوە وە مەشغووڵ ئەبوو بە عیبادەتکردن و، حەزرەتی زەکەریایش جار جار ئەڕۆیشتە هۆدەکەوە و لە ئەحواڵی ئەپرسی و ئەوزاعی قودسییەتی مەریەمی حاڵی ئەبوو وەکوو خودا فەرموویەتی:

﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا﴾

هەمیشە هەرکاتێ کە زەکەریا ئەڕۆیشتە ئەو میحرابە و تەماشای ئەکرد رزق و رۆزییەکی موناسبی باشی چاو پێ ئەکەوت تیایا. مەشهوورە کە میوەی هاوینەی لە زستانا چاو پێ ئەکەوت و خواردەمەنی زستانەی لە هاوینا ئەبینی.

﴿قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ﴾

جا کە حەزرەتی زەکەریاعليه السلام سەری سوڕئەما لەو حاڵە پرسیاری ئەکرد و ئەی فەرموو: ئەی مەریەم چۆن و لە کوێوە ئەم رزق و رۆزییەت بۆ دێ؟ ئەویش عەرزی ئەکرد: ئەمانە لە لایەنی خوداوە حەواڵە ئەکرێن و پرسیار لە چلۆنی بوون و نەبوونی رزقی خودایی ناکرێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٍ ٣٧﴾

بە راستی خودای تەعالا رۆزی ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لێ بێ، بە بێ چاوەڕێیی و ئومێدەواری ئەو کەسە و ئاگاداری ئەو.

رزق و رۆزی بـۆ هـەتیوی رووت و قـووت
کـێیە بـیدا غـەیری حـەیی لایـەمووت؟
خـۆی سـەبەبسازە لە بۆ بـێدەست و کـەس
زەردەواڵە دیـــل ئـــەکا بـــۆ عـــەنکەبووت
بـێرە دەو بـۆ رزقـی پـاکی خـۆت، وەلێ
دەرمـەچۆ شـەو بـۆ دزی یـا راو و رووت
رزقـی تـۆ بـۆ تـۆیە بـۆ کـەس نـاخورێ
بـۆ بـە نـاحەق وا ئـەڕێژی ئـاوی رووت
بـەچکە کـوردی «شـێخ سـمایلی» ژیـاند
شیری سـەرمەمکەی دەمووکەی داری رووت
نـاوی «قـۆچالی» بـوو ئـەو رۆڵە کـەوا
شیری پاکی بزنی کۆڵ بۆی بوو بە قووت[1]

١. «شێخ سمایلی» و «قۆچالی» مەبەست دوو رووداوی سەیرە، یەکەمیان: کۆمەڵێکی شێخ سمایلی لە ☜

شــان و قــۆڵت تــا هــەیە هــەوڵێ بــدە

تـاقە حـاتەم تۆش لەگـەڵ ئەوبە بە جووت

بــێ حــسێبە رزقــی ئــەو بــۆ گــیانلەبەر

بــەحرو بــەڕ و ئــاسمانە کــانی قــووت

بـەس ئـەتۆیش تـا هـێزی هـەستانت هـەیە

هـەستە خـۆت مـەمرێنە وەك رێوی سکووت

حــەولی تــۆ فــەرزە ئــەگەرنا هــەر خــودا

رازیــقە بــۆ پسادشا و بــۆ پــیاوی پــووت

☞

کاتی شەڕو هەرایەکدا رەو دەکەن و دەڕۆن بە رێوە دەبن ژنێك دوو منداڵی دەبێ، دوو منداڵەکەیان پێ بەخێو ناکرێ، باوکیان یەکێکیان دەخاتە کولۆری دارێکەوە و بەجێی دێڵێ. کە شەڕو هەراکە تەواو دەبێت دەگەڕێنەوە و بەو رێگەدا تێدەپەڕنەوە، کابرای باوکی منداڵ دەڵێ با سەرێ بدەم لە کولۆرە دارەکە بزانم چی بەسەرهاتووە؟ کە دەچێ دەبینێ منالێکی ساوا لە کولۆرە دارەکەدایە و ئەو ماوە بە شیری «دەمووکە»دار ژیاوە!

دووەم: لەو گوێ چەمی باوەجانییە لافاوێکی گەورە هەڵدەسێ و چەند ماڵ و بەرە وێران دەکا و زەلام ئاو دەیبات، لە ناو ئەو کارەساتەدا بێشکەیەك بە منداڵێکەوە بەر لافاوی ئاو دەکەوێت، ئاو بێشکە دائەماڵێ و ئەیبات تا ماوەیەکی زۆر دوایی بە لقی بییەکەوە ئەگیرسێتەوە، بزنێکی کۆڵ فێر دەبێ هەموو رۆژێ ئەچێتە لای بێشکەکە و خۆی شۆڕ دەکاتەوە بەسەریا و منالەکە تێر گوانەکانی دەمژێ تا تێر دەخوات. ماڵی خاوەن بزن لە شوانەکە دەکەونە گومان و دەڵێن: تۆ بزنەکە دەدۆشی بۆیە هەموو رۆژێ گوانی خاڵییە، شوانەیش ناچێتە ژێر ئەو باسە و ئاگای لە هیچ نییە، تا کابرای خاوەن ماڵ دەکەوێتە پەیجۆری باسەکە و دوور و نزیك شوێن بزنەکە دەکەوێت تا دەگاتە گۆی چەمەکە دەبینێ بزنەکە دائەپەڕێت بۆ گوێ چەمەکە، وەختێ سەرنج دەدا ئەو رووداوە سەیرە دەبینێ و منالەکە دێنێتەوە و، منالە گەورە دەبێت و دەبێتە پیاو و خاوەنی منداڵ و نەوە، نەوەی کابرا گۆشتی بزنی کۆڵ لە خۆیان حەرام دەکەن.

﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥۖ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾﴾

جا لەو شوێنەدا کە زەکەریا علیه السلام ئەو وەزعە «خارق العادە»یە بە چاو بینی کە خودا دەرحەق بە مەریەم کردوویەتی ئەویش ئومێدی بە خودا زۆرتر قایم بوو و دڵی هاتەسەر پاڕانەوە لە خودا و پاڕایەوە لە خودای خۆی و فەرمووی: ئەی پەروەردگاری تەوانا لەسەر عالەم پێم ببەخشە لەلایەنی خۆتەوە و بە کەرەمی خۆت کوڕێکی پاك سیرەت و چاك سوورەت، بە راستی تۆ دوعا و نیازی نیازمەندان ئەبیسی.

﴿فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾

لەویا بانگی لێ کرد یەکێ لە فریشتەکان کە جوبرەئیل بوو بە فەرمانی خودا.

﴿وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ﴾

وەلحاڵ کە زەکەریا لەو کاتەدا راوەستابوو لە میحرابەکەدا نوێژی ئەکرد.

﴿أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ﴾

کە خودای تەعالا موژدەت پێ ئەدا بە پەیدا بوون و لە دایك بوونی کوڕێکی یەحیا ناو.

﴿مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾

کە حاڵی وەهایە تەسدیق و باوەڕی هەیە بەو زاتە وەکوو عیسا بێ بە کەلیمەی «کن فیکون» لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە هاتووەتە دنیاوە.

﴿وَسَيِّدًا﴾

وە گەورەی ئوممەتی خوداناسە.

﴿وَحَصُورًا﴾

زۆر مەنعی نەفسی خۆی ئەکا لە ئارەزووی عادەتی.

﴿وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾﴾

وە پێغەمبەرێکی پایە بەرزە و لە جەماعەتی پێغەمبەرە رەهبەرە بۆ خودا سوڵحاوەکانە.

﴿قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِىَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِى عَاقِرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾﴾

حەزرەتی زەکەریا عليه السلام فەرمووی: ئەی خودای من چلۆن ئەگونجێ کە من کوڕم ببێ وەلحاڵ پیری و فەرتووتی و کەم شەهوەتی گەییوە بە من؟ لەگەڵ ئەمەدا ژنەکەیشم نەزۆکە و پیریش بووە! خودایش فەرمووی: ئەی زەکەریا کار وەهایە کە پێم وتی، وە بڕیارم داوە کوڕتان ببێ و ئەم مەرجانە کە هەن لە ناودا لەسەر عادەتن ئەگەرنا خودای تەعالا خواستی لەسەر هەرچی ببێ ئەیکا.

﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۖ﴾

جا زەکەریا فەرمووی: خودایا کە تۆ بە خەرقی عادەت کوڕم پێ ئەدەی نیشانەیێکی خاریق بۆ عادەتم نیشان بدە هەتا دڵم لە خەیاڵات بکەوێ و بزانم کوڕەکە وا بەڕێوە.

﴿قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ﴾

فەرمووی: نیشانەکەت ئەوەیە لەو کاتەدا منداڵەکە لە سکی دایکیا دامەزرا تۆ حاڵێکت دێ بەسەرا هەتا سێ رۆژ زمانت ئەبەسرێ لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکا بە ئیشارەت نەبێ کە خەڵکی پێ تێ بگا.

﴿وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا﴾

بەڵام بۆ زیکری خودا زمانت بەرەڵایە، دەی بڕۆ لەو کاتی حەبسی زمانەدا هەر زیکری خودا بکە بە بێ ژمارە.

﴿وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ ﴿٤١﴾﴾

وە سوبحانەڵلا بکە لە پاش هەموو عەسرێ وە لە کاتی هەموو بەرەبەیانێکا.

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی پاڕانەوەی زەکەریای عليه السلام کرد لە دەرکی کەراماتی مەریەم عليها السلام گەڕایەوە بۆ باسی مەریەم و فەرمووی:

﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَىٰ نِسَاءِ الْعَالَمِينَ ﴿٤٢﴾﴾

وە باسی ئەوە بکە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست کە خودای تەعالا فریشتەی نارد ـ یانی جوبرەئیلی ئەمین ـ وە رووبەڕوو قسەی لەگەڵا کرد بە شێوەی «خرق العادة» و فەرمووی: ئەی مەریەم بە راستی خوای تەعالا تۆی هەڵبژارد بەوە کە قەبووڵی کردی بۆ خزمەتی «بيت المقدس» «مع أنه» ژن وەرنەگیراوە بۆ خزمەتی ئەو مەقامە و پاك و بێ‌عەلاقەی کردووی لە عادەتی ژنانە کە خوێنی حەیز و زەیسانی و خوێنی نەخۆشینە، وە زیاد لەوانە هەڵی‌بژاردی بۆ ئەوە بتکا بە دایکی یەکێ لە پێغەمبەرانی «اولو العزم» وەکوو عیسا بێ بە بێ ئەوە کە پەیوەندیت ببێ بە مێردەوە وەکوو ژنانی دنیا.

بزانن! هەرچەند زاهیری ئایەتەکە ئەفەرموێت مەلائیکە قسەی کرد لەگەڵ مەریەمدا عليها السلام بەڵام موفەسسیرەکان تەفسیریان بە جوبرەئیل کردووەتەوە وەکوو لە سوورەی مەریەمدا [ئایەتی ١٧] ئەفەرموێت: ﴿فأرسلنا إليها روحنا فتمثل لها بشراً سوياً﴾ وە ئەم حادیسە بە کەرامەتی مەریەم حسێب ئەکرێ؛ چونکی مەریەم نەبی

نەبووە. خودا ئەفەرموێت: ﴿وما أرسلنا قبلك إلا رجالاً نوحي إليهم﴾[١] کەوابێ ئەگەر جوبرەئیل بە سوورەتی ئادەمیزاد راوەستابێ قسەی لەگەڵا کردبێ یاخود بە شێوەی ئیلهام ئەم مەقسوودە گەیشتبێ بە مەریەم وەکوو ئەوە خودا فەرموویەتی ﴿و أوحينا إلى أم موسى﴾[٢] ئەبێ بە کەرامەت حسێب بکرێ.

جا وەکوو جوبرەئیل پێی فەرموو: ﴿يا مريم إن اللّٰه اصطفيك﴾ هەروا لە لایەنی خوداوە پێی فەرموو:

﴿ يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسۡجُدِي وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾

ئەی مەریەم عیبادەت بکە بۆ خودای خۆت و توول بدە بە راوەستان لە نوێژەکەتا و سوجدە ببە، تەختی تەوێڵت لەسەر عەرز دانێ و روکووع ببە و دانەوەرەوە لە راوەستان لەگەڵ ئەوانەدا کە روکووع ئەبەن بۆ خودای تەعالا. کاتێ فریشتەی ئەمین ئەمەی پێ فەرموو ئیتر ئەوەندە رائەوەستا لە نوێژا هەتاکوو پێی ئاوسان لەبەر بەجێهێنانی ئیتاعەی خودای تەعالا.

﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَۚ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەمەی کە بۆمان بەیانکردی لە سەرگوزەشتەی حەننەی حەرەمی عیمران و، لەدایك بوونی مەریەم و، کەفالەتی زەکەریاعليه‌السلام و، دوعاکردنی ئەویش بۆ ئەولاد تا ئاخر، هەموو لە ئیخباری غەیب و داپۆشراون لە تۆ، نە بیستووتن و نە خوێندووتن، بەڵام بە جوبرەئیلی ئەمینا گەیاندمان بە تۆ بۆ ئاگاداریت لەسەر حەقایق.

---

١. يوسف؛ ١٠٩.

٢. القصص؛ ٧.

﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾﴾

وە تۆ لە لای ئەحباری بەنیئیسرائیلی نەبووی لەو کاتەدا کە هاتن بەیەکا و هەر کام بۆ خۆی داوای بەخێو کردنی مەریەمی ئەکرد و قەڵەمەکانیان فڕە ئەدا بۆ سەر جۆبارەکە هەتا بزانن قورعە بۆ کامیان دەرئەچێ و کامیان کەفالەتی مەریەم ئەکەن و کامیان بەخێوی ئەکەن.

﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست کە جوبرەئیلی ئەمین لەو کاتەدا فەرمووی بە مەریەم: ئەی مەریەم خودای تەعالا موژدەت پێ ئەدا بە کوڕێکی جوانی جوانمەرد کە لە تۆ ئەبێ بە ئەمری تایبەتی بە کەلیمەی «کن فیکون» لە لایەنی ئەوەوە و ناوی بە لەقەب و نازناو «مەسیح»ە؛ چونکە دڵی ساف و پاکە لە پەیوەندی دنیای خراپ، وە ناوی عەلەمی «عیسا»یە و بە پەیوەندی بە ئەسڵەوە ئیبنومەریەمە لەبەر ئەوە کە لەو دایکە بووە، کە پاکە لە هەموو عەلاقەی زیواج.

﴿وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾﴾

وە حاڵی ئەو کوڕە وەهایە کە بڕیارمان داوە خاوەن ڕوو و پایەبەرز بێ لە دنیادا بە نیشانەی پێغەمبەری و ئامۆژگاری ئادەمیزاد و لە پاشەڕۆژا بە شەفاعەت و تکا کردن بۆ تاوانباران.

﴿وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٤٦﴾﴾

وە قسە ئەکا لەگەڵ خەڵکا لە بێشکەدا و لە کاتێکیشا پڕ و پێگەیشتووە لەو کاتەدا لە ئاسمان دێتەخوارەوە بۆ سەر عەرز، وە لەو پیاوانەیە کە بۆ خودا رێك‌کەوتوون و لەسەر فەرمانی ئەو ژیانی خۆیان تەواو ئەکەن، وە یاخود لە سولالە و لە نەتەوەی پیاوە باشەکانە؛ چونکی مەریەم لە نەتەوەی عیمران و ئەویش لە نەتەوەی سولەیمان و داوود بووە.

وە خودای تەعالا لەبەر ئەوە باسی ئەوە ئەکا کە عیسا ماوەیێ منداڵ و ماوەیێ پیر و تەواو بووە هەتا هەموو هۆشیارێ بزانێ ئەم زاتە بەندەیەکی خودایە وەکوو باقی ئادەمیزاد و دوورە لە حاڵی ئولووهییەت، چونکە خودا دوورە لە ئەحواڵی بێ‌هێزی و موحتاج نییە بە گەورە بوون و پێگەیشتن وە بۆ هەرکەسێ ئینسافی ببێ ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە حەزرەتی عیسا عليه السلام ماوە و لە ئاخری زەمانا دێتە خوارەوە؛ چونکی «کهل» کەسێکە تەمەنی نزیکی چل ساڵی بێ و عیسا لە تەمەنی (٣٣) سی و سێ ساڵی گیرۆدەی جوولەکەکان بوو.

﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ﴾

ئەویش فەرمووی: خودایا چلۆن قابیلە منداڵم لێ ببێ، وەلحاڵ کە ئادەمیزاد بە پەیوەندی زیواج نەگەیشووە بە من؟!

﴿قَالَ كَذَٰلِكِ﴾

خودای تەعالا فەرمووی: بڕیار وەهایە کە پێم وتی.

﴿اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ﴾

خودای تەعالا دروست ئەکا ئەوەی بیەوێ دروستی بکا، وە ئەم شەرتی پەیوەندییە شەرتی یاسایە نەك حەقیقەت.

﴿إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾﴾

خودای تەعالا کاتێ ویستی شتێ بکا هەر ئەوەندە پێویستە بەرابەر بەو شتە کە ئەیەوێ بیکا وە وا لە عیلمی خۆیا پێی بفەرموێت: ببە بە مەوجوودێکی واقیعی عەینی، وە لەم وجوودە عیلمییەی رووتەدا مەمێنە! ئەویش بە گورجی ئەبێ.

﴿وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾﴾

جا خودای تەعالا بۆ دامەزراندنی دڵی مەریەم دەستی کرد بە باسی نیشانە بەرزەکانی ئەو کوڕە کە پێی ئەدا وە فەرمووی: خودا تەعلیمی ئەو کوڕە ئەکا جینسی ئەو کیتابانە کە لە زەمانە پێشووەکانا هاتوونەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکان و بە ئیلقای رۆحی مەعنای ئەو کتێبانەی پیشان ئەدا هەرچەند کە نەسسی ئەوانە لەسەر عەرزدا نەماون بە ساغی و بە تەواوی. یاخود نووسینی نیشان ئەدا وەها کە باش خەت بنووسێ. هەروا تەعلیمی ئومووری عەقڵییە و ئەو حەقایقانە کە لەو رۆژەدا لە ناو دنیادا دائیر بوون ئەوانەیشی هەر نیشان ئەدا، هەروا تەورات کە نازڵ بووە بۆ سەر مووسا نیشانی ئەدا. وە کیتابی خۆیشی کە ئینجیلە فێری ئەبێ و بە تەواوی مەعنا و مەغزەکەی حاڵی ئەکا.

خولاسە: مەعلوماتی عالەمی ئەوەی خودا ناردوویەتی بۆ رەهبەرەکانعليهم السلام وە ئەوە لە ناو هۆشیاران و خوێندەوارانا هەیە هەمووی تەعلیم ئەکا بەو کوڕە کە عیسایەعليه السلام، وە ئەیشیکا بە پێغەمبەر بۆ سەر بەنیئیسرائیل.

﴿وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّى قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ أَنِّىٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ﴾

واتە: ئەو کورە ئەیشی‌کەین بە رەهبەر و فرستادە بۆ سەر ئوممەتی بەنی‌ئیسرائیل بۆ ئەوە کە بیان‌ترسێنێ لە عەزابی خودا و موژدەیان پێ بدا بە جەزای خێری نەبڕاوەی قیامەت و بە جۆرێ رەوانەی ئەکەم کە هێزی قودسی و قووەتی مەعنەوی پێ ئەدەم بۆ دەربڕینی موعجیزاتی خۆی لە ئادەمیزاد، وەها کە بڵێت بە قەومەکەی: من رەوانەکراوم بۆ لای ئێوە و هاتووم بۆ لاتان بە نیشانەیەکی گەورەی عالەمییەوە لە لایەنی پەروەردگاری ئێوەوە، وە هاتووم بەوهێزە غەیبییە کە بە فەرمانی خودا ئەتوانم شتێکتان بۆ بکەم لە قوڕ لە شەکڵ و شێوەی پەلەوەردا جا فووی پیادا ئەکەم ئەویش ئەبێ بە عەینی پەلەوەرێکی گیانلەبەری ساغ بە ئیزن و فەرمانی خودای تەعالا.

﴿وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ﴾

وە کوێری سکوما و ئینسانی بەڵەك خۆش ئەکەمەوە.

﴿وَأُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾

وە مردووەکان زیندوو ئەکەمەوە بە ئیزنی خودا.

﴿وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ﴾

هەروا بە هۆی هێزدان بە دڵ لە لایەنی خوداوە خەبەرتان پێ ئەدەم بەو خورادەمەنییە کە ئەیخۆن و بەو رزق و رۆزییە کە ئێوە دای‌ئەگرن لە ماڵی خۆتان بۆ کاتی خۆی.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾﴾

جا بە راستی هەیە لەم شتانەدا کە باسم کرد بۆتان دەلیل و نیشانە لەسەر گەورەیی خودای تەعالا بۆ ئێوە ئەگەر ئیمان و باوەڕتان ببێ سوودی لێ وەرئەگرن.

﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾

وە حاڵی ئەو فرستادەیە وایە کە باوەڕکردووە بەو کیتابە کە لە پێش ئەودا هاتووە بۆ حەزرەتی مووساعلیه‌السلام کە ئەویش تەوراتە.

﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾

وە هاتووم بۆ لاتان بۆ ئەوە کە بە ئیزنی خودا حەلاڵ بکەم بۆ ئێوە بازێ لەو خواردەمەنییانە کە حەرام کراوە لەسەرتان لە دینی حەزرەتی مووسادا وەکوو پیو و گۆشتی وشتر و ماسی و کار کردن لە ڕۆژی شەممەدا.

﴿وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾﴾

وە هاتووم بۆ لاتان لەگەڵ ئایەتێکدا لە لایەنی خوداوە، دەی لە خوا بترسن و فەرمانبەرداریم بکەن، وە ئایەتەکەیش ئەمەیە:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ﴾

بە ڕاستی زاتی خودا پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیشە.

﴿فَٱعْبُدُوهُ﴾

دەی عیبادەتی بۆ بکەن.

﴿هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾﴾

ئەمە کە من ئێوەی بۆ بانگ ئەکەم ڕێگەی ڕاستە.

﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ ٱلْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾

جا کاتێ عیساعلیه‌السلام شوعووری کرد بە ئینکاری ئەو قەومە لە پاش ئەوە کە لە دایك بوو و گەورە بوو و بە ئەمری خودا خەڵکی بانگ کرد بۆ دینداری و باوەڕ بە خودا، فەرمووی: کێ یارمەتی من ئەدا بۆ لای خودا؟

﴿قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾

حەوارییەکانی[1] حەزرەتی عیسا عەرزیانکرد: ئێمە یارمەتی تۆ ئەدەین لە گەیاندنی دین و ئایینی خودادا بە ئادەمیزاد.

﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾

ئیمانمان هێنا بە خودا و بە ریسالەت و رەهبەری تۆ.

﴿وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾﴾

تۆیش لە رۆژی قیامەتا لە حوزووری خودادا شەهادەتمان بۆ بدە بەمە کە ئێمە موسوڵمانین.

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە و باقی مەخلووقات، ئیمانمان هێنا بە تۆ و بەو دەستوورە کە تۆ ناردووتەتە خوارەوە بۆ سەر عیسا عليه السلام و کەوتووینە شوێنی ئەم رەهبەرە، دەی بماننووسە لە ناو دەفتەری ئەهلی ئیمانا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شەهادەت ئەدەن بە تاقی و تەنهایی تۆ.

﴿وَمَكَرُوا۟﴾

جا ئەو جوولەکانە کە حەزرەتی عیسا بانگی کردن بۆ ئیمان و ئەوانیش ئینکاریانکرد، دەستیانکرد بە فرو فێڵ و خەڵکیان هەڵنا بۆ کوشتنی حەزرەتی عیسا و کاری وایانکرد کە فەرمانداری ئەو چەرخە مەئمووری نارد بۆ هەڵاوەستنی عیسا عليه السلام.

---

١. دوازدە کەس بوون، کاسبییان گازری کردنی خام بوو، بەرگیان سپی بوو. حەواری لە حوورەوە هاتووە. واتە خالیس یا سپی.

﴿وَمَكَرَ ٱللَّهُ﴾

وە خودایش موقابەلەی فرو فێڵەکەی ئەوانی کرد بە کارێکی وا هەر لە شانی خودادا هەیە بیکا و شێوە و سوورەتی حەزرەتی عیسای دا بە یەکێ لەو کۆمەڵە کە هاتبوون بۆ کوشتنی حەزرەتی عیسا و ئەو کەسەیان هەڵاوەست و کوشتیان و عیسای رزگار کرد.

﴿وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾﴾

وە خودای تەعالا زاناتر و تەواناترە لە هەموو خاوەن سیاسەتێ و ئەتوانێ کە نەفسی خۆیان لەسەر خۆیان بگۆڕێ بە شێوەی دوژمن و بیکوژن و دوژمنەکەیان رزگار بکا.

﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ﴾

وە خودای تەعالا ئەم فەرمانە «خارق العادة»یە لەو کاتەدا کرد کە فەرمووی بە هۆی جوبرەئیلەوە: ئەی عیسا بە راستی من تۆ وەرئەگرم.

﴿وَرَافِعُكَ إِلَىَّ﴾

وە تۆ بەرز ئەکەمەوە بۆ شوێنێ کە لەبەر دووری لە دەستی ستەمکاران لەو شوێنانەیە کە هەر عەلاقەی بە خۆمەوەیە.

﴿وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾

وە پاکت ئەکەمەوە و دوورت ئەخەمەوە لە بەدگومانی و بەدئەندیشەیی و بەدکاری ئەو کەسانە کە کافرن بە خودا و بە رەهبەران.

﴿وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾

وە ئەو کەسانە کە ئەکەونە شوێنی تۆ و دینی خودایان وەرگرتووە لە تۆ و لە پاش تۆ رەفتار بە فەرمانەکانی تۆ ئەکەن و ئەکەونە شوێن ئەو کەسە کە تۆ موژدەی پێ ئەدەی، ـ وەکوو پێغەمبەری ئاخرزەمان بێ ـ بەرزیان ئەکەمەوە لە پایەی دڵڕووناکی و دەلیل هێنانەوەی راستدا بەسەر ئەو جوولەکانەدا کە دوور ئەکەونەوە لە دەستووری تۆ هەتا رۆژی قیامەت.

﴿ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾﴾

لە پاش هاتنی قیامەتیش هەموو زیندوو ئەکرێنەوە و دێنەوە بۆ حوزووری من جا حوکم ئەدەم لە ناوتانا لەو شتانەدا کە ئێوە ئیختیلافتان هەیە تیایانا.

﴿فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾

جا ئەوانەیان کە کافر بوون و ئینکاری یەکیەتی خودا و ریسالەتی پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانیان کردووە ئەوە عەزابیان ئەدەم بە عەزابێکی سەختی ناباری ناهەموار لە دنیادا بە کوشتن و سووککردن و کردن بە بەندە و سەرانە لەسەردانان و لە قیامەتا بە ئاگری خاوەن ئازاری دۆزەخ.

﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ ﴿٥٦﴾﴾

وە نییە بۆ ئەوان کەسێ یا کەسانێ کە یارمەتییان بدا بە یارمەتییەکی بە حورمەتانە.

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿٥٧﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە و کردەوەی باش ئەکەن ئەوە خودا بە تەواوی مزد و پاداشی ئەو کردەوەیانە پێ ئەداتەوە و حەقیان کەم ناکاتەوە؛ چونکی حەق

کەم کردنەوە هەرچەند نیسبەت بە خودا ستەم نییە بەڵام لە ستەم ئەچێ و خودا ستەمکارانی خۆش ناوێ لەبەر ستەمەکەیان ئیتر خۆی چۆن ستەم ئەکا.

﴿ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الْآيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ ﴿٥٨﴾﴾

ئەم ئەخباری پەیدابوونی عیسایە ئەیانخوێنینەوە بەسەر تۆدا، (وە حاڵی ئەوانە وایە) کە لە ئایاتی نازڵ کراوی خودان، وە لە زیکرێکی وان کە پڕن لە حیکمەت و زانستی راستی بە سوود بۆ دنیا و بۆ قیامەت.

﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ﴾

بە راستی شانی عەجیبی عیسا لە لای خودا وەکوو شانی ئادەم وایە.

﴿خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ﴾

دروستی کرد و سوورەت و پەیکەری کێشا لە گڵێ کە تێکەڵی ئاو بووە لە پاشان فەرمووی بەو.

﴿كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾﴾

ببە و ئەویش بوو.

﴿الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ الْمُمْتَرِينَ ﴿٦٠﴾﴾

قسەی راست و موافیقی واقیع ئەوەیە کە لە لایەنی خوداوە دێت بۆت، ئیتر پاش وەرگرتنی حەقیقەت لە لایەنی خودا مەبە بەو کەسانە کە خاوەن گومان و دوودڵن.

بزانن! لە ئایەتی: ﴿**إن مثل عيسى**﴾ وە دەرئەکەوێ کە قیاس جێگەی ئیعتیبارە، بە تایبەتی ئەگەر قیاسەکە رووناکی وابێ کە پایەی «مقیس» بەرزتر بێ لە «مقیس علیه». ئێستە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: وەکوو چۆن خودا تەوانا بووە لەسەر ئەوە کە ئادەم دروست بکا بە بێ دایك و باوك وە بە قودرەت گڵ و ئاو بکا بە پەیکەری ئادەمیزاد

و فووی لێ بکا و گیان دروست بکا لەو هەیکەلەدا، وەها ئەتوانێ عیسایش بە بێ باوك دروست بکا، بەڵکوو دروستکردن بە بێ باوك ئاسانترە لە لای بیری ئێمەدا لە دروستکردن بە بێ باوك و دایك. ئێستە دروستکردنی عیسا «مقیس»ە و دروستکردنی ئادەم «مقیس علیە»یە و جامیع لە بەینیانا نەبوونی ئاوی باوك و دایکە و حوکمی موتەرەتەب لەم قیاسەدا جەوازی ئیبداعە، بەڵام ئاو لە مەقیسەکەدا لە لایەنی دایکەوە مەوجوود بووە و لە مەقیسو عەلەیهیدا موتڵەقا نەبووە. جا مادام واقیع بووە کە ئینسانێ دروست ببێ بە تەرزێ موستەغنی بێ لە ئاوی باوك و دایك با واقیع ببێ کە ئینسانێ دروست ببێ لەگەڵ ئیستیغنا لە ئاوی باوك بە تەنیا بە «طریق الأولی».

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە بە هۆی وەفدی نەجرانەوە کە ئینکاری فەرموودەی حەزرەتیانکرد کاتێ فەرمووی: عیسا عەبدی خودایە و بە ئەمری «کن فیکون» دروست کراوە و وتیان: دەی عەبدێکمان نیشان بدە کە بە بێ باوك و دایك دروست کرابێ، وە حەزرەت فەرمووی: چۆن سەرتان سورئەمێنێ لەوە کە خودا عیسا بە بێ باوك دروست بکا؟! ئەوە نییە کە خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی بە بێ باوك ودایك دروست کردووە! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

هەروا ریوایەت کراوە: کاتێ حەزرەت بانگی کردن بۆ ئیسلامییەت، وتیان: ئێمە موسوڵمانین. حەزرەت فەرمووی: درۆ ئەکەن، سێ شت مەنعی ئێوە ئەکا لە راستی ئەم داواتانە:

یەکەم: ئەمە کە ئەڵێن: خودا کوڕی هەیە و عیسا کوڕی ئەوە!

دووەم: ئەمە کە سوجدە ئەبەن بۆ «سەلیب»!

سێهەم: ئەمە کە گۆشتی بەراز ئەخۆن! پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لەگەڵ ئایەتی «موباهەلە»دا کە لە پاش ئەمە دێت.

﴿فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ﴾

جا ئەگەر کەسێ موجادەلەی کرد لەگەڵ تۆدا لە پاش ئەم زانستە راستە کە بە تۆ گەیشتووە و تۆیش بەیانت کردووە.

﴿فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ﴾

تۆ بڵێ بەو کەسە و هاوبیری ئەو: فەرموون بانگ بکەین لە ئەولادی ئێمە و ئەولادی ئێوە و ژنانی ئێمەو ژنانی ئێوە، واتە ئێمە ئەوەی عەلاقە و پەیوەندی خۆمانە ئێوەیش ئەوەی عەلاقە و پەیوەندی خۆتانە بانگ بکەین.

﴿وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ﴾

وە خۆیشمان هەردوو لامان حازر و ئامادە ببین لە شوێنێکا.

﴿ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ﴾

پاش ئەوە بە پەرۆشەوە دوعای زیاندار بکەین لەوانە کە دژن بە بیری بەرابەر.

﴿فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ٦١﴾

وە بڕیاری دوورکەوتنەوە و دوورخستنەوە لە لایەنی خوداوە بدەین لەسەر ئەوانە کە قسەیان راست نییە و داواکەیان درۆیە.

ئیبنوعەباس فەرموویەتی: ئەمانە کە حەزرەت بانگی کردن بۆ موباهەلە و دوعا لەیەك کردن کۆمەڵی گاورەکانی نەجران بوون بە تایبەتی گەورەکانیان کە «سید» و «عاقب» و «ابن الحارث» بوون.

وە ریوایەت کراوە: پاش ئەم بانگ کردنە عاقیب ـ کە گەورەی وەفدەکە بوو ـ مەنعی هاوڕێکانی کرد لە حازر بوون بۆ ئەو دوعاکردنە و پێی وتن: ئەگەر بێن و موحەممەد دوعای شەڕتان لێ بکا هەمووتان ئەفەوتێن! ئەوانیش تەرکیان‌کرد و

رازی بوون بەوە کە هەموو ساڵێ جیزیە بدەن بە حەزرەت ﷺ و بەم‌جۆرە نیزاع بڕایەوە.

﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ﴾

ئەوەی کەوتە بەر هێزی بیستنی تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، لە باسی مەریەمی کچی عیمران و پەروەردە بوونی بە عیسمەت و عیبادەت لە چاودێری یەکێ لە پێغەمبەرانی بەنی‌ئیسرائیلدا وە دەرکەوتنی فریشتەی ئەمین و بەخشینی خودا بە مەریەم کوڕێکی رەهبەری پایەبەرزی وەها کە جیهان لە پەیدابوون و قسەکردنی لە ناو بێشکەدا و گەورە بوونی بە ئەمانەت و دەرچوونی موعجیزات لەسەر دەستیا سەرسام بوو و فڕو فێڵی جوولەکەکان بۆ هەڵاوەستنی و فریاکەوتنی هێزی قودسی بۆ رزگار کردنی، هەر ئەوەیە وتارێ کە رێکی واقیع و حەقیقەت بێ و هەرچی دژی ئەم باسەیە درۆیە.

﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ﴾

وە هیچ کەس نییە شیاوی خودایی بێ ئیللا زاتی خودا وە هەموو رەهبەرەکان بەندەی ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەو خودایەن وە دوورن لە پایەی خوداوەندی.

﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾﴾

وە بە راستی خودا غاڵبە و تەوانایە و زاڵە بەسەر هەموو عالەما و موحتاج نییە بە کوڕ و پەیوەندی کەس.

﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾﴾

جا ئەگەر سەرپێچییان‌کرد و لە راستی لایان دا ئەوە خودای تەعالا خراپکاران و لەرێ لادەران دەناسێ و لێی ون نابن.

﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو و بڵێ: ئەی ئەهلی کیتاب، ئەی وەفدی نەجران و، ئەی ئەحباری یەهوود وەرن بۆ لای وەرگرتنی تاقە جوملەیێ کە [هاوبەشە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا] کە ئیخلاسە بۆ خودا و دێتە جێگە لە زیمنی ئەم چەن کەلیمە وە ئەم چەن جوملە دا کە بریتین لەمانە کە دێن.

﴿أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾

عیبادەت نەکەین بۆ کەس بۆ خودا نەبێ و شەریکی بۆ بڕیار نەدەین بە هیچ نەوعە شەراکەتێ.

﴿وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ﴾

وە بازێ لە ئێمە بازێکمان قەرار نەدا بە خاوەن فەرمان بە بێ وەرگرتنی فەرمان لە خودا وە بە بێ فام کردنی حوکم لە فەرموودەی خودا، وە هیچ شتێ حەڵاڵ یا حەرام نەکەین بە بێ دەلیلێ کە پاڵ بدا بە فەرموودەی خوداوە.

﴿فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤﴾

جا ئەگەر ئەو ئەهلی کیتابە پشتیان هەڵکرد لەم ئامۆژگارییە ئەی پێغەمبەر لەگەڵ پەیڕەوەکانتا بڵێن بەو کۆمەڵە کیتابییانە: ئێوە ئاگادار بن ئێمە فەرمانبەرداری خوداین و موسوڵمانین.

ئەم ئایەتە تەعریزە بەو گاورانە کە عیبادەت ئەکەن بۆ عیسای مەسیح و مەریەم وە عیسا و مەسیح دائەنێن بە ئالیهە لەگەڵ خودادا، وە زانا گەورەکانیش ئەکەن بە مەسدەری تەحریم و تەحلیل بە بێ دەربڕینی دەلیل. هەروا تەعریزە بەو یەهوودانەیش کە یەکێ لەم سیفەتانەیان تێدا بووە.

فەرموودەی خودا: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ الآيات.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ؓ فەرموویەتی: گاورەکانی «نەجران» و عالمەکانی یەهوود گردبوونەوە لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ و هاتن بەیەکا لە باسی حەزرەتی ئیبراهیمدا؛ یەهوودیەکان وتیان: ئیبراهیم یەهوودی بووە و لەسەر دینی یەهوود بووە و، گاورەکان وتیان: نەخێر لەسەر دینی نەسرانی بووە، جا خودا ئەم سێ ئایەتەی ناردە خوارەوە:

﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾

ئەی ئەهلی کیتاب، ئەی زانایانی یەهوود و نەسرانی لەبەرچی نیزاع و موجادەلە ئەکەن و دێن بە یەکا لە هۆی ئیبراهیمەوە، وە یا هەر تاقمێ داوای ئەوە ئەکا کە لەسەر دینی ئەوان بووە «مع أنه» خۆتان ئەزانن دینی ئیبراهیم و دینی مووسا و دینی عیسا لە ئادابی فورووعا و لە یاسادا لە یەك جیان! وە ئەزانن کە تەورات نازڵ بووە بۆ سەر حەزرەتی مووسا لە پاش حەزرەتی ئیبراهیم بە ماوەیەکی زۆر. وە ئینجیلیش نازڵ بووە بۆ سەر حەزرەتی عیسا لە پاش حەزرەتی ئیبراهیم بە ماوەیەکی زۆرتر ئیتر چۆن رووتان هەیە ئەم درۆ گەورەیە بڵاو بکەنەوە بە جیهانا؟ ئایا ئێوە عەقڵی ئەوەتان نییە کە رەوا نییە ئادەمیزاد درۆ بکا، بە تایبەتی ئەوانە کە زەمامی کۆمەڵ لە دەستی ئەوانایە و بە تایبەتی درۆیێ کە هەموو هۆشیارێ بزانێ درۆیە؟!

﴿ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ ﴾

باشە وا ئێوە ئەی کۆمەڵ، موجادەلەتانکرد لە بازە شتێکا کە بە گومانی خۆتان ئاگادارن لەسەری وەکوو مەعنای عیبارەتی تەورات و مەعنای عیبارەتی ئینجیل کە وەریان ئەگێڕن لە زاهیر و سیفاتی پێغەمبەری ئاخرزەمان کە موحەممەدە ﷺ و لە تەوراتا نووسراوە و موژدە بە هاتنی موحەممەد بە عینوانی «ئەحمەد» کە لە ئینجیلدا دیاری کراوە. «الحکم للّٰه»! ئەی بۆچی موجادەلە و ملەجڕێ ئەکەن لە شتێکدا کە نایزانن و ئاگاتان لێ نییە، وەکوو نیسبەتدانی ئیبراهیم بۆ لای دینی خۆتان؟!

﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٦٦﴾

وە خودا بە ئەحواڵی ئیبراهیم ئەزانێ و ئێوە بە قەتعی نایزانن.

﴿مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا﴾

بە قەتعی ئیبراهیم لەسەر ئایینی یەهوودی نەبوو کە عوزەیر بە کوڕی خودا ئەزانن، وە لەسەر دینی نەسرانی نەبوو کە عیسا بە کوڕی خودا دائەنێن و عیسا و مەریەم ئەکەن بە شەریکی خودا لە پایەی خوداوەندییا.

﴿وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا﴾

بەڵام ئینسانێکی لە پڕوپووچ لادەر و مونکیر بۆ ئیشراك بوو وە موسوڵمان بووە و رووی لە حەقیقەت کردووە.

﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧﴾

وە لەو کەسانە نەبووە کە شەریك و هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەن. وە لەم جوملەدا تەعریز هەیە بەوە کە یەهوود و نەسرانییەکانی زەمانی حەزرەت ﷺ موشریك بوون.

﴿إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ﴾

بە راستی نزیکتر و عەلاقەدارتری ئادەمیزاد بە ئیبراهیمەوە ئەو کەسانە بوون لە ئوممەتەکەی کە تابیعی بوون لە وەختی خۆیا.

﴿وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾

وە ئەم پێغەمبەرە کە موحەممەدە و ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە موحەممەد؛ چونکی موافیقی ئیبراهیمن لە گەڵێ حوکمی دینا.

﴿وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾﴾

وە خودای تەعالا دۆست و یارمەتیدەری موسوڵمانانە لە دنیا و قیامەتا.

فەرموودەی خودا: ﴿وَدَّت طَّآئِفَةٌ﴾ **الآية.**


هاتە خوارەوە لە شانی کۆمەڵێ لە جوولەکەکانا کە حوزەیفەی ئیبنولیەمان و عەمار و مەعازیان دڵخۆش ئەکرد بۆ ئەوە ببن بە جوولەکە و دینی یەهوودی ئیختیار بکەن. خودای تەعالا فەرمووی:

﴿وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ﴾

بە دڵ ئارەزوویان ئەکرد و زۆریان پێ خۆش بوو کۆمەڵێ لە کیتابییەکان ئەگەر ئێوە گومڕا بکەن و بتانبەن بۆ سەر دینی خۆیان.

﴿وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾

بەڵام ئەمانە ناتوانن کەس گومڕا بکەن ئیللا نەفسی خۆیان و ئەو کەسانە کە هاودین و هاوڕەوشتیانن.



وە بەم واقیعە نازانن. یاخود ئەمانە بەم تێکۆشینانەیان بۆ گومڕا کردنی موسوڵمانان ناتوانن کەس گومڕا بکەن ئیللا خۆیان نەبێ؛ چونکە رێگەی راستی ئەوان ئەوە بوو کە تێکۆشێن بۆ بەیانی سیفاتی پێغەمبەری ئاخر زەمان و ئیمانی پێ بێنن و خەڵك بێننە سەر ئەو رێگا، ئێستە کە لەو رێگە لایان داوە و بۆ ون کردنی حەقیقەت حەول ئەدەن، ئەوانیان پێ گومڕا ناکرێ بەڵکوو هەر خۆیان گومڕا ئەکەن بەڵام جەهلی مورەکەبیانە و بە خۆیان نازانن.

﴿ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾

ئەی خاوەن کیتابەکان، ئەی یەهوودییەکان و، ئەی نەسرانییەکان لەبەرچی ئێوە کوفری ئایاتی خودا ئەکەن و ئەو سیفات و نیشانانەی پێغەمبەری ئاخرزەمانە کە لە تەورات و ئینجیلدا، نووسراوە ونیان ئەکەن، وەلحاڵ ئێوە شەهادەت ئەدەن لەسەر ئەوە کە کتێبەکانتان حەقە و راستە؟

﴿ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَلْبِسُونَ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ ﴾

ئەی خاوەن کتێبەکان لە بەرچی ئەو عیباراتە حەقە کە لە تەوراتا و لە ئینجیلدا هەیە لە بابەتی رەوانە کردنی موحەممەدەوە ﷺ دای ئەپۆشن بە مەعانییەکی بەتاڵ و نارەوا و ئەو نیشانانە ئەبەنە سەر کەسانێ کە هێشتا پەیدا نەبوون؟!

﴿ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ ﴾

مەعنا راستەکە دائەپۆشن.

﴿ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ ﴾

وەلحاڵ ئێوە ئەزانن کە ئەو سیفاتانە هەر سیفەتی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمی قورەیشین. وە ئەو نیشانانە کە لە بۆ کۆمەڵی ئەتباعەکانی ئەو نووسراون هەر نیشانەی ئەسحاب و یارانی ئەو زاتەن.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٌ﴾.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە عەبدوڵلای بەنی‌سەیف و عەبدی بەنی‌زەید و حارسی بەنی‌عەوف لە بەینی خۆیانا راوێژیان‌کرد وتیان: با بڕۆین لەسەر سبەینێکانا ئیمانی خۆمان بە دینی ئیسلام دەربڕین و لە کاتی ئێوارانا لەوە پەشیمان ببینەوە، هەتا بەم جۆرە وەزعە دوو دڵی و پەشێوە بخەینە ناو موسوڵمانەکانەوە و ئەوانیش وەکوو ئێمە وەزعیان بگۆڕن! جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾

وتیان کۆمەڵێ لە ئەهلی کیتاب.

﴿ءَامِنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾﴾

ئیمان بێنن بەو قورئانە کە نازڵ کراوە بۆ سەر موسوڵمانە خاوەن ئیمانەکان لە ئەووەڵی رۆژەوە و ئینکاری بکەن لە ئاخری رۆژدا بەڵکوو ئەمانە بکەونە پەشێوە و دوودڵییەوە و لە دینی خۆیان وەرگەڕێن و رزگار ببین لێیان.

﴿وَلَا تُؤْمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ﴾

ئەمەیش هەر لە واتەی ئەهلی کیتابە ئەڵێن: قەت ئیمان مەیەنن ئیللا بە دینی ئەو کەسانە کە ئەکەونە شوێن دینەکەی ئێوە.

جا خودای تەعالا بۆ رەدی ئەو کافرانە ئەمر ئەکا بە حەزرەت و ئەفەرموێت ئەی پێغەمبەری خۆشەویست.

﴿قُلْ إِنَّ ٱلْهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤْتَىٰٓ أَحَدٌ مِّثْلَ مَآ أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ﴾

بلّێ بەو کافرانە کە بە راستی هیدایەت هەر هیدایەتی خودایە بەم شێوە کە بدرێ بە یەکێ لە غەیری تاقمی ئێوە دینێ وەکوو دینی ئێوە بە وەحی لە لایەنی خوداوە نازڵ بووبێ بە وێنەی ئەوەی کە دراوە بە ئێوە بیخوێننەوە یاخود ئیستیدلال و ئیحتیجاجی پێ بکەن لەگەڵ ئێوەدا.

چونکی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا، وە هەر وەکوو قودرەتی بووە کە کیتاب نازڵ بکا بۆ پێغەمبەرانی پێشوو وەکوو ئیبراهیم و مووسا و عیسا ئەیشتوانێ کیتابی وەکوو ئەو کیتابانە نازڵ بکا بۆ سەر ئێمە و ئێمەیش ببین بە خاوەن کیتاب لە عالەما. وە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بۆ تەئکید و دامەزراندنی ئەم مەبەستە.

﴿قُلْ إِنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٧٣﴾﴾

بلّێ بەو ئەهلی کیتابە بە راستی فەزڵ و گەورەیی هەمووی وا لە دەستی قودرەت و تەوانایی خودادا ئەیدا بە هەرکەسێ خواستی لێ ببێ. وە خودای تەعالا زانست و تەوانایی زۆر گوشادە و بە هەموو کەس و بە هەموو ئوممەتێ زانایە و، ئەزانێ ریسالەتی خۆی لە چ شوێنێکا دابنێ.

لەسەر ئەم مەعنایە کەلیمەی «قل» لە ئەووەڵەوە تا ئاخری ئایاتەکە هەموو عائیدی حەزرەتە ﷺ و ئەبێ بە رەد بۆ کیتابییەکان، وە بازێ فەرموویانە: ئیحتیمالی هەیە کە: ﴿قل إن الهدى هدى الله﴾ جوملەیەکە کەوتووەتە ناو کەلامی کیتابییەکانەوە قسەکەیان ئەمەیە: «ولا تؤمنوا إلا لمن تبع دينكم أن يؤتى أحد مثل ما أوتيتم أو يحاجوكم عند ربكم» واتە ئیمان و باوەڕتان نەبێ ئیللا بەو کەسانە کە تابیعی دینی ئێوە ئەبن لە هۆی ئەوەوە کە بدرێ بە کەسێ وێنەی ئەو کتێبە دراوە بە ئێوە یا بتوانن کە موجادەلە بکەن لەگەڵ ئێوەدا لە رۆژی قیامەتا. وەلحاسڵ ئەهلی کیتاب ئەیانوت بە هاودینەکانیان

باوەڕ مەکەن بەوە کەسێ لە غەیری تاقمی خۆتان کتێبێکی وێنەی کتێبی ئێوەیان پێدرابێ رەفتاری پێ بکەن لە دنیادا یا دەلیلێکی پێ بهێننەوە لە دنیادا لە هۆی خوداوە یا لە قیامەتا لە حوزووری خودادا؛ چونکی دین بڕاوەتەوە لەسەر بەنی‌ئیسرائیل.

جا خودای تەعالا فەرموویەتی بە حەزرەت ﷺ تۆ بڵێ بەو کیتابییانە هیدایەت هیدایەتی خودایە و لە قودرەتی ئەوایە بە هەر تاقمێك یا بە هەر کەسێکی بدا ئەیدا، وە بڵێ: فەزڵ و کەرەم و رەحمەت هەموو لە لای خودایە بە هەرکەسێ وە هەر تاقمێ خواستی هەبێ ئەیدا و کەس ناتوانێ مەنعی بکا. خودا «واسع القدرة» و «واسع العلم»ە «والحمد لله».

﴿يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ﴾

خاس ئەکا بە میهرەبانی و کەرەمی خۆیەوە هەرکەسێ خواستی هەبێ.

﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٧٤﴾

وە خودا ساحیبی فەزڵێکی گەورەیە.

﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ﴾

وە ئەهلی کیتاب هەموویان لەسەر زەوقێ نین و لەسەر حاڵێ نین، بەڵکوو جیاوازییان هەیە لە ناو خۆیانا: لە ئەهلی کیتابە کەسێ ئەگەر بیکەی بە ئەمین لەسەر قینتارێ ئاڵتوون، کە ئەکاتە هەزار و دووسەد هۆقە ئاڵتوون، ئەیداتەوە بە خاوەنەکەی بە تەواوی وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام کە ئەو ئەندازەیە لە لایەنی عەرەبێکی قوڕەیشییەوە درابووە دەستی بە ئەمانەت و هەمووی دایەوە بە خاوەنەکەی.

﴿وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ﴾

وە لە ئەهلی کیتابە کەسێ ئەگەر دینارێکی بە ئەمانەت بدەیتە دەست، کە وەزنی حەفتا و دوو دەنکە جۆیە، نایداتەوە بە خاوەنەکەی مەگەر کابرا بە سەریەوە راوەستابێ،

یا مەگەر تۆ، ئەی خاوەن حەق، بەسەریەوە راوەستابی لێی جیا نەبیتەوە تا دینارەکەت ئەداتەوە دەست.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَيْسَ عَلَيْنَا فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٌ﴾

ئەمەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەو ئەهلی کیتابانە ئەڵێن: نییە لەسەر ئێمە لە هۆی ئوممەتی ئوممییەوە کە عەرەبە رێگەی زەم و عیتاب و هەرچۆن ماڵیان بخۆین رەوایە.

﴿وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾﴾

وە درۆ هەڵئەبەستن لەسەر شەریعەتی خودا و ئەوانیش خۆیان ئەزانن کە درۆ ئەکەن.

﴿بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾﴾

واتە وا نییە، خراب حاڵی بوون خودا زیممەی بڕیارداوە بۆ هەموو ئوممەتێکی «غیر مهدر» لەسەر هەموو ئوممەتێ و دروست نییە کەس ماڵی کەس بخوا، وە مادام بڕیاری خودا وابێ هەر کەسێ وەفا بکا بە عەهد و پەیمان و موعامەلە لەگەڵ ئادەمیزادا بە ساغی و لە خودا بترسێ ئەوە بە راستی خودا لەگەڵ ئەو کەسەدایە؛ چونکی ئەوە خاوەن تەقوایە و خودا لەگەڵیانایە.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە ئەشعەسی کوڕی قەیسەوە وتوویەتی: وەڵڵاهی ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵ بوو؛ چونکی عەرزێ لە بەینی من و شەخسێکی یەهوودییا نیزاعی تێدا بوو؛ من داوام ئەکرد و کابرای جوولەکەیش ئینکاری ئەکرد، هێنام بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ فەرمووی: شاهیدت هەیە ئەم عەرزە ماڵی تۆیە؟ وتم شاهیدم نییە،

جا فەرمووی بە یەهوودییەکە: سوێند بخۆ! منیش عەرزم کرد: یا رەسولەڵڵا سوێند ئەخوا و ماڵەکەم ئەفەوتێ! جا لەو کاتەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو. ئەمە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە. وە لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفا ریوایەت کراوە[1] پیاوێ ماڵێکی فرۆشی هەبوو لە بازاڕا سوێندی خوارد ئەوەندە پارەم پێداوە، بۆ ئەوە کە یارۆی موشتەری لێی بکڕێ، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا ﴾

ئەو کەسانە کە ئەگۆڕنەوە عەهدی خۆیان لەگەڵ خودادا بە ئیسلام و ئیمان و بەجێهێنانی ئەمانەت وە ئەو سوێندانە ئەیخۆن بە قیمەتێکی کەم. واتە تەرکی ئیمان و ئەمانەت و ئیهتیمام بە سوێند ئەکەن بۆ ئەوە کە ماڵێکی کەمی دنیایان دەست بکەوێ.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾

ئەوانە هیچ بەش و بارەیان نییە لە رۆژی قیامەتا.

﴿ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ ﴾

وە خودای تەعالا قسەیان لەگەڵا ناکا بە میهرەبانی و مەحەببەت.

﴿ وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾

وە بۆیشیان ناڕوانێ بە تەماشا و روانینی مەحەببەت لە رۆژی قیامەتا.

﴿ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ ﴾

وە پاکیان ناکەتەوە لە تۆڵەی تاوانەکانیان وە یا خود سەنایان ناکا.

---

١. ئەم ریوایەتەیش لە بوخاریدایە و ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ئەڵێ: موونافات نییە لە بەینی ئەم دوو حەدیسەدا؛ چونکی مانیع نییە لە نوزوولی ئایەتەکەدا لەبەر هەردوو سەبەبەکە.

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٧﴾

وە عەزابی سەختیشیان هەیە لە قیامەتا.

﴿وَإِنَّ مِنۡهُمۡ لَفَرِيقٗا يَلۡوُۥنَ أَلۡسِنَتَهُم بِٱلۡكِتَٰبِ لِتَحۡسَبُوهُ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾

وە بە راستی تاقمێ هەیە لە ئەهلی کیتاب وەکوو کەعب و مالیك و «حيّ بن أخطب» زمانی خۆیان هەڵئەسووڕێنن لە خوێندنەوەی کەلامی خودادا کە تەوراتە لە عیبارەتی راستەوە بۆ لار لە نەفسی ئەلفازی واقیعەدا وە یاخود لە تەفسیر دانەوەیان بە مەعنایەکی ناڕاست بۆ ئەوە کە ئێوە بە کیتابی خودای بزانن و لە واقیعیشا لە کیتابی خودا نییە؛ چونکی موحەڕڕەف و غەیرە سەحیحە.

﴿وَيَقُولُونَ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ﴾

وە ئەڵێن: ئەمەی ئێمە ئەیخوێنینەوە لە لای خوداوە هاتووە و کەلامی خودایە، وە لە واقیعا ئەوە لە لای خوداوە نەهاتووە.

﴿وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٨﴾

وە درۆ لەسەر خودا هەڵئەبەستن و ئەشزانن کە درۆ ئەکەن، جا ئەبێ ئەمانە لە قیامەتا عەزابیان چۆن بێ؟!

فەرموودەی خودا: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ﴾ الآية.

ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی: کاتێ کە زاناکانی یەهوود و گاورەکانی نەجران گردەوە بوون لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ ئەبوورافیع ناوێ جوولەکەی قورەزی وتی: یا موحەممەد تۆ ئەتەوێ ئێمە عیبادەتت بۆ بکەین وەکوو گاورەکان عیبادەت ئەکەن بۆ عیسا؟ جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «معاذ اللّٰه» کە ئێمە عیبادەتی غەیری خودا

بکەین، یا فەرمان بدەین بە کەس کە عیبادەتی غەیری خودا بکا، خودا نە بۆ ئەمە منی رەوانە کردووە نە ئەمری بەمە کردووە. جا خودا ئەم دوو ئایەتەی نادرە خوارەوە.

﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾

قەت نەبووە لە جیهانا و نابێ کە ئادەمیزادێ خودای تەعالا کیتابی بۆ بنێرێ، واتە کیتابی ئاسمانی پێ بدا و عیلم و فام و زانستی پێ بدا و پایەی نوبووەت و ریسالەت و پێغەمبەری پێ ببەخشێ: ئادەم بێ یا خاتەم، مووسا بێ یا عیسا. یا غەیری ئەمانە. کەچی ئەو پێغەمبەرە لەم رێگەی راستی ئیرشاد و رەهنومایی و رابەرییە، ئادەمیزاد بۆ لای خودا لادا و بڵێت بەو ئادەمیزادانە کە بانگیان ئەکا ببن بە بەندەی من و عیبادەت بۆ من بکەن و عیبادەت بۆ خودا مەکەن حاشا وەکەللا ئەم کارە ناهەموارە و ئەم وتارە نابارە لە پێغەمبەرانەوە رووی نەداوە.

﴿ وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾

بەڵام ئەمە ئەفەرموون بە ئادەمیزاد؛ ئێوە ببن بە ئینسانێکی پاکی خوداناس و خاوەن پەیمان و پەیوەند لەگەڵ خودای خۆتانا و خەیانەت مەکەن نە لەگەڵ خواتانا و نە لەگەڵ ئادەمیزادا و نە لەگەڵ هیچ گیانلەبەرێکا، بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە ئامادە کراون بە هۆی تەبلیغاتی ئێمەوە کە تالیمی کیتابی خودا بکەن و بە هۆی ئەوەوە کە خۆیشتان کتێبی خوداتان بە دەرس وەرگرتووە.

واتە: پێغەمبەران بە ئەمانەت ئادەمیزاد بانگ ئەکەن بۆ بەندەیی خودا و بۆ ئەوە کە خودا بە یەکێ بزانن و شتی موخالیفیان پێ نالێن، بەڵکوو ئەڵێن بە ئەفرادی ئوممەتەکەیان ئەوانەیان کە زانان: ئێوە ببن بە ئادەمی رەببانی = خۆ بەسەر خودادا

ساغەوەکەر؛ چونکە ئێوە دەرسی کیتابتان خوێندووە و تێگەیشتوون و پێ گەیشتوون ئینسانێ وەهابێ ئەبێ خاوەن تەربییە بێ بۆ ئادەمیزاد.

﴿وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ﴾

ئیتر پێغەمبەران ئەمرتان پێ ناکەن کە فریشتەکان بکەن بە خودای خۆتان. یا پێغەمبەرەکان بکەن بە رەببی مەعبوود.

﴿أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾﴾

ئایا ئەمرتان پێ ئەکەن بە کافر بوون پاش ئەوە کە موسوڵمان بوون و بوون بە موسوڵمانی دامەزراو؟!

وە هەر وەکوو پێغەمبەران ئەمر ئەکەن بە ئوممەتەکەیان کە باوەڕ بە خودا بکەن و بەندەیی ساغ بۆ خودا بکەن و لە خودا لانەدەن، خودای تەعالا ئەمری فەرمووە بە پێغەمبەرەکانیش و میساق و پەیمانی لێ وەرگرتوون: هەر یەکێ لە ئێوە کە کردم بە رەهبەر و لە پاشان پێغەمبەرێکی فرستادەی خودایان چاو پێ‌کەوت کە یارمەتی بدەن و بەقەد تەوانا کۆمەکی بکەن بۆ ئەمە لەو زەمانەدا کە پێغەمبەران زۆر بوون و لەیەك چەرخا گەلێ لە پێغەمبەران کەوتوونەتە یەك بە جارێ، هەریەکێ لەوان نەسرەتی باقییەکان بدا و خوداناسی لە جیهانا بڵاوبکەنەوە، وەکوو لە ئایەتی داهاتوودا ئەم باسە ئەکا کە فەرموویەتی:

﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّۦنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾﴾

خودا ئەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە خودا ئاد و پەیمانی کردووە لەگەڵ پێغەمبەرەکانا و پەیمانی لێ وەرگرتوون هەرکاتێ کیتاب و عیلم و زانستم پێدان لە پاشان یەکێ لە پێغەمبەران هات بۆ لاتان کە باوەڕدارە بەوەی لەلای ئێوە هەیە لە دین و عیبادەت بۆ خودا بە پێویستی بزانن کە موخالەفەی نەکەن و باوەڕی پێ بکەن و بەقەی تەوانا یارمەتی بدەن. جا خودا فەرمووی پێیان: ئایا ئیقرارتانکرد بەمەی کە پێم وتن و عەهدی منتان لەسەر ئەمە وەرگرت؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ ئیقرارمانکرد. جا خودا فەرمووی: دەی شەهادەت بدەن لە ڕێگەی خودادا لەسەر ئەم مەوزووعە و بڵێن بە خەڵك و جاڕ بدەن بەمە کە خودا ئەم پەیمانە و ئەم عەهدەی لە ئێوە وەرگرتووە، وە منیش لەگەڵ ئێوەدا لەو شاهیدانەم کە من ئەم پەیمانەم کردووە لەگەڵ پێغەمبەرەکانا. یاخود منیش ئەبم بە شاهید بۆ ئێوە کە بازێ لە ئێوە شەهادەتی داوە لە ناو عالەما بۆ بازێکیان و هەمووتان هاودڵ و هاووتار و هاوڕەفتارن.

بازێ لە زاناکان فەرموویانە: خودا ئەم پەیمانەی وەرگرتووە لە هەموو پێغەمبەرەکان بەم مەعنا کە هەر پێغەمبەرێکی ڕەوانە کردووە ئەحواڵی حەزرەتی «محمد المصطفى»ی بۆ بەیانکردووە و فەرموویەتی: ڕەوانەی ئەکەم بۆ سەر جین و ئینس و پەیمانی لێ وەرگرتووە کە سیفات و نیشانەکانی پێغەمبەر بڵاوبکەنەوە بە ناو ئوممەتەکەیانا، وە ئەگەر تەسادوفی کرد کە موحەممەد لە زەمانی ئەوانا هات ئوممەتەکەیان ئیمانی پێ بێنن و خزمەتی بکەن و یارمەتی بدەن.

﴿فَمَن تَوَلَّىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾﴾

جا پاش ئەوە کە خودا ئەم پەیمانەی کرد لەگەڵ پێغەمبەرەکانا و قسەکە بڵاوەوە بوو بە ناو عالەما هەرکەسێ لە ئەفرادی ئوممەت لە کاتی هاتنی پێغەمبەرێ لە

پێغەمبەرەکانا عەنادی کرد و دوژمنایەتی لەگەڵ کردن و ئیمانیان نەهێنا ئەوە لە فەرمانی خودا دەرچوون و بە کافر ئەژمێررێن.

جا پاش ئەوە خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد ئەو کەسە لە ئوممەتی ئەهلی کیتاب و غەیری ئەوان پشت هەڵبکا لە حەق ئەوە بە فاسق و خاریج لە دین ئەناسرێ، بە سوورەتی پرسیاری ئیستینکاری فەرمووی:

﴿أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ﴾

ئایا ئەم جوولەکانە و ئەم گاورانە داوای غەیری دینی خودا ئەکەن و بە دینی خودا رازی نابن؟!

﴿وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا﴾

وەلحاڵ هەر بۆ خودا ئینقیاد و ملکەچی ئەکا هەر عاقڵێ لە ئاسمانا بێ یا لە عەرزا بە خۆشی دڵی خۆی یا بە نارەزایی و زۆرداری ئەوەی لە ئاسمانا بە خۆشی خۆی موسوڵمان بووبێ مەلائیکە «کافە» و ئەوە بە زۆر و ناچاری لە ئاسمانا موسوڵمان بووە ئەو جینانەن کە چاریان نەماو لە ترسی عەزابی خودا موسوڵمان بوون، وە ئەوەی لە عەرزا بە خۆشی دڵی خۆیان موسوڵمان بوون بازێ ئادەمیزاد و بازێ پەری (جین) بوون، وە ئەوەیش کە بە ناحەزی موسوڵمان بووبێ ئەو ئینسانانە و ئەو جینانەن کە چاریان نەماوەتەوە و مەجبووری ئیسلامییەت بوون.

عەکرەمە فەرموویەتی: موسوڵمان بوون بە خۆشی دڵ بۆ موسوڵمانێکە داوای دەلیلی نەکردبێ و بە چاوپێکەوتنی رەسوول ئیمانی هێنابێ، وە موسوڵمان بوونی بەزۆرداری بۆ موسوڵمانێکە کە بە هۆی دەلیلەوە ناچار بووبێ بۆ ئیسلامییەت.

﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾

وە ئەمانە هەموو ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خودا.

﴿قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾﴾

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بۆ دەربڕینی ئیمانی راستی بێگرێ هەتا هەموو کەسێ تێ بگا: ئیمانمان هێنا بە خودای تەعالا بە زات و سیفات و بە ئەفعالی، وە بەوەی لە لایەنی خوداوە نازڵ کراوە بەسەر ئێمەدا وە ئەوەی نازڵ کراوە بۆ سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەتەوەکانی و بەو کتێبەی دراوە بە مووسا کە تەوراتە و بەو کتێبەی کە دراوە بە عیسا کە ئینجیلە و بەو کتێبانەی دراون بە پێغەمبەرەکان لە لایەنی خودای خۆیانەوە، وە ئێمە بە قەتعی فەرق و جیاوازی ناخەین لە بەینی هیچ یەکێ لەو پێغەمبەرانەدا و ئێمە ئیسلام بووین و گەردنمان کەچ کردووە بۆ خودا.

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ﴾

وە هەرکەسێ داوای دینێکی غەیری ئیسلام بکا کە دینی تەوحید و خودا بە یەك زانینە ئەوە بە قەتعی لێی قەبووڵ ناکرێ.

﴿وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾

وە ئەو کەسەیش لە پاشەڕۆژا زیان ئەکا و لە تاقمی زیان کردووەکان ئەژمێررێ.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا﴾ الآيات.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە کە پیاوێ لە ئەنسار موسوڵمان بوو، وە لە پاشا مورتەد بوو و گەڕایەوە بۆ سەر کوفر و لە پاشان پەشیمان بووەوە لەم حاڵە و جوابی گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەی کە بڕۆن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و پرسیاری لێ

بکەن: ئایا من مەجالی تەوبەم هەیە تا بێمەوە بۆ ناو موسوڵمانەکان و تەوبە بکەم؟ ئەوانیش چوون و عەرزی حەزرەتیانکرد، پاش ئەوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە.

وە ریوایەت کراوە لە موجاهیدەوە ئەڵێت: حارسی کوڕی سووەید هات بۆ حوزووری حەزرەتﷺ و موسوڵمان بوو پاش ماوەیێ گەڕایەوە بۆ سەر کوفر و ڕۆیشتەوە بۆ ناو قەومەکەی، جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون، وە پیاوێ لە تاقمی خۆی ئەم ئایەتانەی برد بۆ لای و خوێندییەوە بەسەریا. جا حارس وتی بە کابرا: وەڵڵا ئەزانم کە تۆ پیاوی راساڵی و راست ئەکەی و ئەزانم کە پێغەمبەریشﷺ راستگۆترە لە تۆ و خودایش لە هەموان راسترە. جا هاتەوە بۆ خزمەتی حەزرەتﷺ و موسوڵمان بووەوە و ئیسلامییەتەکەی زۆر باش بوو. «أخرجه ابن‌المنذر و غیره».

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿كَيْفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ﴾

واتە: چلۆن خوای تەعالا هیدایەتی تاقمێکی وەها ئەدا کە کافر بوونەوە لە پاش ئەوە کە ئیمانیان هێنا و شەهادەتیان دا لە عالەما کە ریسالەتی پێغەمبەر حەقە و راستە و چەن ئایاتی رووناکیشیان هاتەلا و باش حاڵی بوون لێیان؟

﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿٨٦﴾﴾

بێ‌گومان ئەو تاقمە ستەمکارن لەسەر خۆیان و دین و لەسەر ئەهلی دین وە خودایش هیدایەتی ستەمکاران نادا.

﴿أُولَٰئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾

ئەو تاقمە کە باسمان‌کردن جەزایان ئەمەیە کە لەعنەتی خودا و مەلائیکەی خودا و ئادەمیزادی موسوڵمانیان لە سەرە بە تێکڕایی.

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ۝٨٨﴾

وەها قەرار و بڕیار دراوە کە هەتا هەتایە ئەمێننەوە لە دۆزەخا کە تێی‌کەوتوون بە هۆی ئیستیحقاقی لەعنەتەکەوە و عەزابیان لەسەر سووك ناکرێ و مۆڵەتیان نادرێ چەن ساتێ لە عەزاب دوور بکەونەوە.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ﴾

ئیللا ئەو کەسانەیان نەبێ کە پەشیمان بوونەوە لەو کوفرە و لە پاش پەشیمانییەکەیشیان مەشغووڵی کاری باش بوون بە نەوعێ کە ئیسلاحی ئەو وەزعە ناشیرینەیان‌کرد کە بە سەریانا هاتبوو، واتە ئەوەندە موسوڵمانێکی باش بوون کە وەزعی پێشوویان فەرامۆش کرد.

﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ۝٨٩﴾

ئەوە بە ڕاستی خودا گوناه پۆش و میهرەبانە.

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ **الآية.**

قەتادە و حەسەنی بەسری فەرموویانە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە یەهوودییەکانا کە کوفریان‌کرد بە ڕیسالەتی عیسا پاش ئەوە کە ئیمانیان هێنا بوو بە پێغەمبەرەکانی خۆیان و لە پاش ئەوە تەئکیدی کوفرەکەی خۆیانیان‌کرد بە هۆی کوفر بە موحەممەد ﷺ وە بە قورئان.

وە ئەبولعالیە ئەڵێ: نازڵ بوو لە یەهوود و نەسارادا، کوفریان‌کرد بە موحەممەد ﷺ پاش ئەوە کە ئیمانیان بوو بە سیفەت و مەناقیبەکەی کە لە ناو کتێبەکانیانا بوو، وە لە پاشان کوفریان زیاد کرد بە هۆی دەوامیان لەسەر عەناد و دوژمنایەتی دینی ئیسلام.

وە موجاهید ئەڵێ: نازڵ بوو لە هەموو سنفێ لەو کافرانە کە شەریکیان بڕیارداوە بۆ خودا لە پاش ئەوە کە ئیمانیان بوو بەوە کە خودا خالیقی ئەوانە، وە لە پاش ئەوەیش کوفریان زیادی کرد بە هۆی دەوامیان لەسەر کوفر و تازە کردنەوەی کوفر لە هەر کاتێکا ئایەتێ لە ئایاتی خودایان دەرك کردووە. وە قەبووڵ نەبوونی تەوبەی ئەمانە لە کاتی مردندایە کە نائومێد بوون لە حەیات. جا خودا فەرمووی:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە کافر بوون بە پێغەمبەرایەتی عیسا لە پاش ئەوە کە ئیمانیان هێنا بوو بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی مووسا.

﴿ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرًا ﴾

لە پاش ئەوەیش کوفریان زیاد کرد لەسەر خۆیان بە هۆی کافربوون بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ و بە قورئانی شەریف.

﴿لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ ﴾

ئەوە بە قەتعی تەوبەیان لێ قەبووڵ ناکرێ مادام لەسەر ئەو حاڵەتە ناهەموارە بمێننەوە.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ٩٠﴾

وە ئەو تاقمە ئەوانەن گومڕای ڕاستەقینە، نەك ئەو کەسانە کە لە ئەنجاما بگەڕێنەوە بۆ سەر حەق و ئیسلام؛ چونکی لە غەیری کاتی نائومێدیدا هەرکەسێ موسوڵمان ببێ یا تۆبە بکا ئەوە وەرئەگیرێ.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٞ ﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە کافربوون بە ڕیسالەتی پێغەمبەران و بەو کتێبانە کە خودا ناردوونی بۆیان، خواه کافر بن بە هەموویان یا بە یەکێکیان و مردن لەسەر ئەو کوفرە.

﴿فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ﴾

ئەوە قەبووڵ ناکرێ و وەرناگیرێ لە یەکێ لەوان پڕ بەم عەرزە ئاڵتوون کە بیکا بە خێر لە دنیادا وە یاخود بیدا بە فیدیەی نەفسی خۆیا لە ڕۆژی قیامەتا بۆ ئەوە کە عەزاب نەدرێ.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾

بۆ ئەوانە عەزابێکی ئازاردەر و ئێشگەیێن بە لەشیان هەیە.

﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾﴾

وە نییە لەبۆ ئەوان کەسانی وا یارمەتییان بدا بۆ ڕزگار بوون لەو عەزابە.

لێرەدا دوو پرسیار هەیە؛

یەکەم: سابت بووە بە نەسی ئایەتی: ﴿وهو الذي يقبل التوبة عن عباده ويعفو عن السيئات﴾ کە هەرکەسێ تەوبە بکا خودا تەوبەی لێ قەبووڵ ئەکا، کەوابێ چۆن لە ئایاتی پێشوودا خودا فەرموویەتی: ﴿لن تقبل توبتهم﴾؟ جوابی ئەم پرسیارە ئەمەیە ئەو تەوبەیە کە قەبووڵ ناکرێ ئەوەیە کە لە کاتی مردندا بێ لەو ئەنجامەدا کە نائومێد بێ لە ژیان ئەگەرنا هەموو تەوبەیێ قەبووڵ ئەکرێ.

دووهەم پرسیار ئەمەیە: کە فیدیەدان لە ڕۆژی قیامەتا چۆن ئەبێ؟ لەگەڵ ئەمەدا کە ڕۆژی قیامەت ڕۆژی تۆڵەدانەوەیە و بەس، وە قیامەت چۆن ئەبێ بە شوێنی پارە تەسلیم کردن بۆ ڕزگار بوون لە عەزاب؟ جوابی ئەمەیش بە دوو جۆرە؛

[**جوابی**] یەکەم: مەعنای ئایەتەکە وایە: کە بۆ ڕزگار بوون لە عەزابی کوفر لە قیامەتا ئەگەر لە دنیادا پڕ بەم عەرزە ئاڵتوون بدا بە خێر بە داماوان خودا قەبووڵی ناکا، وە هەرچی کردووە لە دنیادا بێ‌نرخە.

جوابی دووهەم: ئەمەیە ئەم عیبارەتە بۆ تەئکیدە لەسەر رزگار نەبوون بە شێوە و یاسای دنیا لە قسەکردنا، واتە لە دنیادا بۆ کەسێ کە رزگار بوونی لە عەزابێ مەحاڵ بێ، خەڵك ئەڵێن: پڕ بە دنیا ئاڵتوون بدا رزگار نابێ، ئەم ئایەتەیش لەسەر ئەو یاسا هاتووە ئیتر مەبەست ئەوە نییە کە لە قیامەتا پارە هەیە وە بە پارە خەڵك خۆیان رزگار ئەکەن.

جا لە کاتێکا خودای تەعالا فەرمووی: کافرەکان ئەگەر پڕی دنیا ئاڵتوون سەرف بکەن رزگار نابن، وە تەبعەن سەرفکردنی ماڵ ئەبێ سوودی هەبێ بۆ موسوڵمانان، خودا تەرغیبی کردن لەسەر سەرفی ماڵی باش بۆ ئەوە خێری زۆریان پێ بگات، وە فەرمووی:

﴿لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ﴾

ئەی موسوڵمانەکان بزانن ناگەن بە حەقیقەتی سەواب و خێری کامڵ و رەسا.

﴿حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ﴾

هەتا سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا لەو ماڵ و داراییە کە ئێوە خۆشتان ئەوێ، وە یا لەو شتانەی کە ئێوە خۆشتان ئەوێ؛ ماڵ بێ وەکوو ئاڵتوون و زیو و بەرگ و پۆشاك و خواردەمەنی، وە یاخود غەیری ماڵ بێ وەکوو سەرفی جاه و شان لە رێگەی خودادا بە هۆی قیمەت و نرخی خۆی داماوێ لە شەڕێ بپارێزی، وە یاخود داماوێ دابمەزرێنی لەسەر کارێ ببێ بە هۆی ژیانی، وە یا بە زمان ئامۆژگاری موحتاجان بکەی، وە یاخود بە لەش خزمەت بکەی؛ مەسەلا یارمەتی کەسێ بدەی لە تەواو کردنی کارێکی خێرا، وە یاخود رۆحت لە رێگەی خودادا سەرف بکەی لە جیهادی کافرانا.

ریوایەت کراوە کاتێ ئەم ئایەتە بەرزە نازڵ بوو ئەبووتەلحە هات بۆ حوزووری پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد: یارەسولەڵلا مەحبووبترینی ماڵی من عیبارەتە لە «بیرحاء»

کە عیبارەت بووە لە باخێکی باش لە شاری مەدینەی مونەووەرەدا بە ئارەزووی خۆت بە کێی ئەدەی و چی پێ ئەکەی بیکە. ئەویش فەرمووی: بەخ بەخ ماڵێکی قازانجدارا! وە من وا بە باش ئەزانم بیدەی بە خزم و خوێشەکانت.

وە زەیدی کوڕی حاریسەیش ئەسپێکی هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت فەرمووی: بیدە بە هەرکەسێ مەیلت هەیە. ئەویش دای بە ئوسامە، زەید عەرزی کرد من مەبەستم ئەوە بوو بیکەی بە سەدەقە، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بە راستی خودا قەبووڵی کرد لێت.

﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾﴾

وە ئەوەی سەرفی بکەن لە هەر شتێ بێ ئەوە بە راستی خودای تەعالا عالم و زانایە بە سەرفی ئەو شتە. وە جەزات ئەداتەوە لەسەری کەم بێ یا زۆر. چاك بێ یا خراپ، جا با زۆر بێ و چاکیش بێ هەتا لە رۆژی قیامەتا قازانجی باشی هەبێ بۆ خۆت و خودات لێ رازی بێ.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ﴾ **الآية.**

ئیمامی واحیدی ریوایەتی کردووە لە کەلبییەوە کاتێ حەزرەت ﷺ فەرمووی بە یەهوودییەکان: من لەسەر میللەتی ئیبراهیمم، یەهوودییەکان وتیان چلۆن تۆ لەسەر میللەتی ئەوانی «مع أنه» تۆ گۆشتی وشتر ئەخۆیت و شیری وشتر ئەخۆیتەوە؟! حەزرەت ﷺ لە جوابا فەرمووی: ئەم گۆشتە و ئەم شیرە حەڵاڵ بوون بۆ ئیبراهیم و ئێمەیش بە حەڵاڵیان ئەزانین. یەهوودییەکانیش لە موعارەزەدا وتیان: هەر شتێ ئێمە ئیمرۆ نەیخۆین و حەرامی بکەین ئەوە حەرام بووە لە زەمانی نووح و ئیبراهیمدا هەتا ئیمرۆ. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە بۆ تەکزیبی جوولەکەکان و فەرمووی:

﴿كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسۡرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ مِن قَبۡلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوۡرَىٰةُۗ﴾

واتە هەموو خواردەمەنییەك حەڵاڵ بوو بۆ بەنیئیسرائیل ئیللا ئەوەی نەبێ کە ئیسرائیل (یەعقووب) حەرامی کرد لەسەر خۆی لە پێش ئەوەدا کە تەورات نازڵ ببێ.

ئیبنوعەباس ئەفەرموێت: حەزرەتی یەعقووب گیرۆدەی دەردی (عرق النسا) بوو ـ کە ئێشێکە وا لەڕەگی سێبەندەی ئینسانا و ئەو ئێشە جار بە جار بە هۆی ڕەگەوە بە لای ڕاستا دێتەخوار و جار بە جار بە لای چەپدا دێتەخوار تا ئەگاتە پەنجەی پێ ـ جا حەزرەتی یەعقووب لە بەر ئەوە کە دوکتۆرەکان لەو ڕۆژەدا مەنعی ئەو گۆشتەیان لێ کرد حەرامی کرد لەسەر خۆی وە خواردنی ئەم گۆشتە حەرام نەبووە لەسەر غەیری یەعقووب و قسەی جوولەکەکان کە ئەڵێن هەر لە پێش یەعقووبا حەرام بووە و هەر بەو جۆرە ماوەتەوە و لە تەوراتا ئەڵێ حەرامە، قسەیەکی ناڕاستە.

﴿قُلۡ فَأۡتُواْ بِٱلتَّوۡرَىٰةِ فَٱتۡلُوهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٩٣﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ بە جوولەکەکان: ئێوە تەورات بێنن و بیخوێننەوە تا حەق دەربکەوێ ئەگەر ڕاست ئەڵێن و ئێوە ڕاست ئەکەن.

﴿فَمَنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٩٤﴾

جا ئیتر هەرکەسێ درۆ هەڵبەسێ بەسەر خوادا، بڵێت: فڵان شتی حەرام کردووە و فڵان شتی حەڵاڵ کردووە بە درۆ، ئەوە ئەو کەسانە ستەمکار و نابارن.

﴿قُلۡ صَدَقَ ٱللَّهُۗ فَٱتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٩٥﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ پێیان: خودا راست ئەکا کە فەرموویەتی هەموو خواردەمەنییێك حەلاڵ بووە ئیللا ئەوە نەبێ کە ئیسرائیل حەرامی کرد لەسەر خۆی، دەی ئێوەیش بکەونە شوێن ئادابی ئیبراهیم کە حاڵی وابووە لای داوە لە هەرشتێ کە بەتاڵ بێ و رووی کردووەتە خودای تاق و تەنیا و لە جوملەی موشریکەکان نەبووە.

فەرموودەی خودا: ﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ ﴾ **الآية.**

هۆی نازڵ بوونی ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە جوولەکەکان وتیان بە موسوڵمانەکان: «بیت المقدس» گەورەترە لە «کعبة اللّٰه»؛ چونکی شوێنی گردەوەبوونی پێغەمبەرەکانە و قیبلەی ئەوانە و لە عیبادەتا روویان لەوێ کردووە و وا لە ناو عەرزی پیرۆز و مەحشەرگادا. وە ئەو قسە گەیشت بە حەزرەت ﷺ جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٦﴾ ﴾

واتە: بە راستی یەکەم هۆدەیێ دانرابێ لەسەر عەرزا بۆ خوداپەرستی ئەو هۆدەیەتە کە لە شاری مەککەدایە کە حاڵی وایە خاوەن بەرەکەت و پیرۆزە لەلای خودای تەعالاوە؛ چونکە شوێنی تەوافە بۆ هەموو موسوڵمانێ و مەقامی ناوبردن و یادکردنی خودایە و سەبەبی هیدایەت و شارەزابوونە بۆ رێڕەوانی راسی عالەم.

بوخاری و موسلیم رحمهما ریوایەتیان لە ئەبووزەڕی غەفاری رضي الله عنه کردووە فەرمووی: پرسیار کرا لە حەزرەت: کام خانوو یەکەم جار دروستکراوە بۆ خوداناسی لە عالەمدا؟ جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: مزگەوتی حەرام لە پاشان «بیت‌المقدس»، عەرزیان کرد: چەند ساڵ لە بەینی بینای ئەم دوو مزگەوتەدا بوو؟ حەزرەت فەرمووی: چل ساڵ.

جا ئەم فەرموودەی حەزرەتە بە «مشکل» دانراوە؛ چونکە «بیت المقدس» بینای داوود و سولەیمانە عليهما السلام و لە بەینی ئەوان و ئیبراهیمدا موددەتێکی زۆر هەیە. جوابی

ئەم ئیشکالە دوو شتە؛ یەکەم ئەمەیە: لە ئەساسا حەزرەتی ئیبراهیم پاش ئەوە کە خانووی کەعبەتوڵلای کردەوە بە ماوەی چل ساڵ بەیتولمەقدیسیشی کردەوە، بەڵام حەزرەتی داوود لە زەمانی خۆیا ئەو شێوەی بینای ئیبراهیمەی گۆڕی و بە شێوەیەکی عال کردییەوە و پاش وەفاتی داوود سولەیمان بیناکەی تەواو کرد.

جوابی دووەم ئەمەیە: کە قابیله یەکێ لە پێغەمبەرانی قەدیم چل ساڵ پاش بینای کەعبەتوڵلا بە چل ساڵ بینای بەیتولمەقدیسی کردبێتەوە.

﴿فِيهِ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ مَّقَامُ إِبۡرَٰهِيمَۖ﴾

واتە: لەم خانووە دروست کراوەدا چەن ئایات و نیشانەی گەورەی تێدایە کە هەموو ئەبن بە دەلیل لەسەر گەورەیی زاتی باری تەعالا:

یەکەم: بەراورد کراوە هەرکەسێ قەسدی وێرانکردنی ئەو بەیتەی هەبێ خودا زوو هیلاکی ئەکا وەکوو ئەسحابولفیل و غەیری ئەوانیش.

دووهەم: دڕندەی کێوی زیان نادا لە حەیواناتی ئەو حەرەمە و ئەترافی حەرەم، وەکوو مەعلوومە.

سێهەم: پەلەوەر بەسەر کەعبەدا نافڕێ. وە مەقامی ئیبراهیم چوارەمینی ئەو ئایاتەیە کە جێگەی هەردوو پێی حەزرەتی ئیبراهیم قووڵ بووە لەو بەردەدا کە لە سەری راوەستاوە لە کاتی دروستکردنی کەعبەتوڵلادا.

﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنٗاۗ﴾

وە یەکێتر لەو ئایەتانە ئەوەیە هەرکەسێ بڕواتە ئەو بەیتە یا بڕواتە مەتافی ئەو بەیتەوە مەناسیکی تێدا جێبەجێ بکا لە سەر یاسای شەرع خودا ئەمینی ئەکا لە عەزاب و ئازاری دۆزەخ.

﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ﴾

وە بۆ خودا هەیە بەسەر هەموو ئینسانێکی موکەللەفەوە کە تەوانای تەیکردنی ئەو ڕێگەی ببێ حەجکردنی ئەو کەعبەی موعەزەمە. «زادها الله شرفاً».

وە ئەو ئیستیتاعە و تەوانایی ڕێگەیە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی ﷺ عیبارەتە لە دارایی و ماڵداری، بۆیە فەرموویەتی کەسێ لەشی بیمار بێ و نەتوانێ خۆی بڕوا فەرزە لەسەری یەکێ بنێرێ لە باتی ئەو حەج بکا. وە ئەمینی ڕێگە و نەبوونی ئەو شتانە کە مەنعی ئینسان ئەکەن لە ڕۆیشتن بۆ حەج، لە لای ئیمامی شافیعی، لە شورووتی واجب بوونی حەجە.

﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٧﴾

وە هەرکەسێ کوفر بکا بە واجب بوونی حەج و بڵێت حەجکردن واجب نییە ئەوە خودا غەنییە و بێئیحتیاجە لەو کەسە؛ چونکە خودا بێباکە و بێئیحتیاجە بە عالەم، وە ئەم عیبارەتە کینایەیە لە هێزی تەهدید و هەڕەشە کردن لەوانە کە ئیهمالی حەج ئەکەن و تەرکی حەج ئەکەن پاش ئیستیتاعە و تەوانایی. بۆیە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من مات ولم يحج فليمت إن شاء يهودياً أو نصرانياً»: واتە: کەسێ بمرێ و حەجی نەکردبێ ئەوە با بمرێ بە جوولەکەیی یا بە گاوری.

ئەگەرنا لەسەر فەرموودەی ئیمامەکان مادام ئینسان ئیمان و باوەڕی ببێ بە دڵ بەوە کە ئەو عیبادەتە فەرزە ئەوە بە هۆی تەرکی ئەو عیبادەتەوە بە کافر ناناسرێ، ئەگەرچی خاوەنی گوناهی گەورەیە وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیم لە باسی نوێژا ئەم مەوزووعەی بەیانکردووە.

وە ڕیوایەت کراوە کاتێ ئایەتی: ﴿ولله على الناس حج البيت﴾ نازڵ بوو حەزرەت ﷺ ئەهلی هەموو میللەتەکانی گردکردەوە لە جوولەکە و گاور و سوببی و موشریك و موسوڵمانەکان و خوتبەی بۆ دان و فەرمووی: «إن الله كتب عليكم الحج، فحجوا، فآمنت

به ملة واحدة و كفرت به خمس ملل، فنزل: ومن كفر فإن اللّٰه غني عن العالمين». زاهیرەن ئەو پێنج میللەتە کە باوەڕیان بە وجووبی حەج نەکردووە عیبارەتن لە: یەهوود و، نەسرانی و، سوببی و، مەجووس و، موشریکەکانی وڵاتی حیجاز.

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٨﴾﴾

جا لە بەر ئەوە کە ئەهلی کیتاب زۆربەی کافرە زاناکانی ئەو ڕۆژە بوون و زۆر دوژمنایەتی و ناباریيان کردووە بەرابەر بە دینی ئیسلام خودا زۆربەی هەڕەشەی لەوانە کردووە. واتە ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی ئێوە ئینکاری ئەو ئایەتانە ئەکەن کە لە لاتانا هەیە و دەلالەت ئەکەن لەسەر سیفاتی پێغەمبەری ئاخرزەمان کە موحەممەدە ﷺ و حەق وا بوو ئێوە بێن حەق دەربخەن لە عالەم؟ وە بۆچی هەر ئایەتێ حوکمێ لە ئەحکامی ئیسلام دەربخا وەکوو حەج و غەیری ئەو ئەڕۆن ئینکاری ئەکەن «مع أنه» لەبەر زانایيەکەتان پێویست بوو یارمەتی بدەن؟ ئێستە کە وەها نین خودا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن و جەزاتان لێ ئەستێنێ.

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی ئەوانە کە ئیمان دێنن بە خودا و بە پێغەمبەری خودا، و دینی ئیسلام وەرئەگرن ئێوە مەنعیان ئەکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی خودادا.

﴿تَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾

حاڵتان وا نابارە کە ئەو ڕێگەی خودایە و ئەو دینە جوانە ئێوە لاری ئەکەن، وە ناشیرینی ئەکەن لە پێش چاویانا بۆ ئەوە هەرکەسێ پیایا ئەڕوا لابدا لێی و هەرکەسێ هێشتا نەکەوتووەتە سەری لێی دوور بکەوێتەوە.

﴿وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ﴾

وەلحاڵ ئێوە کومەڵێکن ئاگادارن لەسەر ئەوە کە ئەو پێغەمبەرە حەقە و دینەکەی راستە؟

﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٩﴾﴾

وە بە راستی خودا بێئاگا نییە لەو ئیشە ناپەسەندانە کە ئێوە ئەیکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ﴾ **هەتا ئاخری شەش ئایەت.**

ریوایەت کراوە لە زەیدی بەنیئەسلەم فەرموویە: شاس کوڕی قەیسی یەهوودی، کە پیرێکی کۆنەساڵ بوو لە دینی یەهوودیدا، گەلێ رقی لە موسوڵمانەکان بوو، رۆژێ رابورد بەلای کۆمەڵێ لە موسوڵمانانا لە قەبیلەی «ئەوس» و «خەزرەج» بە خۆشی بە یەکەوە دانیشتبوون، ئەویش زۆر دڵگران بوو لەم رێکەوتنی ئەو دوو هۆزە. جا وتی بە جوانێکی یەهوودی لەگەڵیا بوو وتی: برۆ بۆ ناویان و باسی جەنگی رۆژی «بعاث» بکە لە ناویانا کە ئەوس و خەزرەج بە گژ یەکا چوون، بەڵکوو ئەو داخە تازە ببێتەوە و بچنەوە بە گژ یەکا! جوانەکە رۆیشت و فیعلەن هەردوو تاقمەکەی دا بەشەڕ و وادەیان دا بەیەك کە چەك هەڵبگرن و برۆن بۆ قەراخی مەدینە و لەویا شەڕ بکەن! کە حەزرەت ﷺ بەم فیتنەیە زانی لەگەڵ بازێ لە ئەسحابەکانا رۆیشت کەوتنە ناویان و گەلێ ئاموژگاری کردن هەتا ئارام بوونەوە و ئاشتی کردنەوە. جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە. هەر لەو شوێنا حەزرەت ﷺ بە دەنگی بەرز خوێندنیەوە بەسەریانا و هەموو گوێیان راگرت و بازێکیان دەستیانکرد بە گریان و هەرکەسێ چەکی لە لا بوو چەکەکەی فڕەدا و دەستیانکردە ملی یەك.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا ئەگەر ئێوە بێن فەرمانبەرداری تاقمێ لە خاوەن کتێبەکان بکەن ئەتانگێڕنەوە بۆ سەر کوفر پاش ئەوە کە ئیمانتان هێناوە.

﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ﴾

وە چلۆن ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفر و ئەبنەوە بە کافر، وەلحاڵ ئێوە بە ئیستیمرار ئایاتی خوداتان بەسەرا ئەخوێنرێتەوە و پێغەمبەری خودا لە ناوتانایە؟ واتە لەگەڵ ئەم هەموو شتانە کە هێز ئەدەن بە دینتان چۆن ئێوە تابیعی فرو فێڵی جوولەکەکان ئەبن و لە ناوخۆتانا تێك‌ئەچن و دینەکەتان بەرباد ئەکەن؟

﴿وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾

وە هەرکەسێ دەست بگرێ بە خودای تەعالاوە و بکەوێتە شوێن یاسای دینی ئەو، ئەوە بە راستی شارەزاکراوە بۆ رێگەی راست، وە هەرکەس بەسەر رێگەی راستا بڕوا بە سەلامەتی ئەگا بە مەبەستی خۆی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەری خودا! تەقوای خودا بکەن و لە خودا بترسن بە حەقی تەقوای ساغ کە بریتییە لەوە لە تاوانباری و کاری ناپەسەند خۆتان دوور بخەنەوە، وە هەرچی پێویستە لە دنیا بە دەوام جێ‌بەجێیان بکەن و هەمیشە ئاگادار بن بەسەر دڵ و حاڵ و ماڵی خۆتانا هەتا لەپەنامەکی و لە ناکاوا شەیتان نەدا بە سەرتانا و بناغەی خانووی بەختیاریتان بدا بە ئاودا.

﴿وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾

وە مەمرن ئیللا بە حاڵێ کە ئێوە موسوڵمان بن، واتە: ئەوەندە تێکۆشن کە فیعلەن دین ببێ بە ماڵتان و لەسەر رووی دڵ ببێ بە خاڵی دامەزراو هەتا هەر ئانێ گیانتان دەربچێ لەگەڵ نیشانەی ئیسلامییەتا بمرن.

﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا﴾

وە دەست بگرن بە رشتەی رابیتەی عەهد و پەیمانی خوداوە ـ کە دینی ئیسلامە؛ چونکی ئەو دینە ئێوەی لە بلاوی گردکردووەتەوە و لە تەنگانەیی ئێوەی رزگار کردووە و کردوونی بە برا بۆ یەکتر و لە بێ‌پەیوەندییەوە ئێوەی کردووە بە خاوەن پەیوەند بە هۆی یەك مەبدەئییەوە ـ هەمووتان.

﴿وَلَا تَفَرَّقُواْۚ﴾

وە جیا مەبنەوە لە یەك و جیا مەبنەوە لە خزمەتی حەق.

﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ﴾

وە باسی نیعمەت و کەرەمی خودا بکەن لەسەرتان؛ چونکی ئێوەی خستە یەك و ئولفەت و خۆشەویستی خستە ناو ئێوەوە لەو کاتەدا کە دوژمنی یەکتر بوون.

﴿فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا﴾

وە بوون بە برای یەکتری بە هۆی نیعمەتی ئیسلامەوە.

﴿وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ﴾

وە ئێوە لەسەر قەراغی چاڵی پڕ لە ئاگری دۆزەخ بوون و رزگاری کردن لەو ئاگرە.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ١٠٣﴾

ئا بەم جۆرە بە رووناکی خودا بەیانی دەلائیلی گەورەیی خۆی و میهرەبانی لەسەر ئێوە ئەکا بە ئومێدی ئەوە کە شارەزای رێگەی بەختیاری ببن.

﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ﴾

با هەمیشە کۆمەڵێ لە ئێوە ببێ کە ئادەمیزاد بانگ بکەن بۆ چاکە لە بیر و باوەڕا و لە کردارا و لە وتارا و لە خوو و ڕەوشتا.

﴿وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ﴾

وە ئەمر بکەن بە شتێ کە ناسراو و مەحبووب بێ لە ئیسلاما کە عیبارەتە لە واجبات و مەندووبات.

﴿وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ﴾

وە نەهی بکەن لە کردنی وتار و کرداری نەناسراو لە دینا وە نامەحبووب کە حەرام و مەکرووهە.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٤﴾

وە ئەو ئوممەتە کە ئەم سیفەت و ڕەوشتیانە هەیە هەر ئەوانن ڕزگار لە عەزاب و گەیشتوو بەخێر لە حوزووری خوادا.

﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ﴾

وە وەکوو ئەو ئوممەتانە مەبن بە بێ‌دەلیلی دینی جیا بوونەوە لە بیر و باوەڕا و ئیختیلاف کەوتە بەینیان لە ئوسووڵی دین و موهیمماتی فورووعا بە هەوا، وەکوو یەهوود و نەسارا لە پاش ئەوە کە لای خوداوە گەلێ دەلیلی ڕووناکیان بۆ هات و حاڵی بوون «مع أنه» چاویان لێ نا بە یەکا و دڵیان دوورخستەوە لە وەرگرتنیان لەبەر ئارەزووبازی و زەمانە سازی، وە یا وەرگرتنی مادەی دیاری و حورمەتی دنیایی و ساختە کاری.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٥﴾

وە ئەو کەسانە کە ئەم وەزعە ناپەسەندە ئەکەن و دەوام ئەکەن لەسەری هەتا ئەمرن عەزابێکی گەورەیان بۆ دیاری کراوە.

﴿ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ ﴾

ئەم عەزابەیان کە بۆ دێتە پێش لەو رۆژەدایە کەبازێ روخسار سپی ئەبێ وە بازێ روخسار رەش ئەبێتەوە لەبەر شەرمەساری و تاوانباری.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ١٠٦﴾

جا ئەوانەیان کە روویان رەش بووە ئەوە لە لایەنی مەلائیکەکانەوە پێیان ئەوترێ: ئایا ئەوە ئێوە گەڕانەوە بۆ کوفر لە پاش ئەوە کە ئیمانتان هێنا؟ دەی سا مادام وایە عەزابی ئەم رۆژە بچێژن بە هۆی کافربوونەکەتانەوە.

﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبۡيَضَّتۡ وُجُوهُهُمۡ فَفِي رَحۡمَةِ ٱللَّهِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١٠٧﴾

وە ئەوانەیش کە روویان سپی بووەتەوە و پڕتەو ئەداتەوە، ئەوە وان لە ناو رەحمەت و کەرەمی خودادا، وە یا لە ناو بەهەشتا کە جێگەی رەحمەتە، وە ئەوان لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۗ ﴾

ئەم ئایەتانە کە رابوردن ئایاتێکن هاتوونەتە خوارەوە لە لایەنی خوداوە و ئەیانخوێنینەوە بە شێوەیێ کە حەقن و راستن، یاخود ئەیانخوێنینەوە بەو شێوە کە نازڵ بوون و هیچ شتێکیان تێکەڵ نەبووە.

﴿وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٨﴾

وە لەوەدا کە وتمان بازە کەسێ بە رووڕەشی زیندوو ئەکرێنەوە خودای تەعالا بە قەتعی خواستی لەسەر ستەم نییە لە ئەهلی عالەم؛ چونکی لە لایەکەوە کائینات

وا لە قەبزەی قودرەتی خۆیا و هیچ حەقێ واجب نییە لە سەری هەتا زاڵم ببێ بە نەقسی ئەو حەقە و، مەنعیش ناکرێ لە کارێ هەتا زاڵم ببێ بە کردنی ئەو شتە. وە لە لایەکی‌تریشەوە لە یاسای حیکمەتی خۆی لانادا، واتە کارەکانی ساغ و موناسب و پڕ حیکمەتن. وە مادام وابێ کاری ئەو قەت مەوسووف نابێ بە زوڵم.

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾

وە هەر بۆ خودایە هەرچی وا لە ئاسمان و عەرزا، وە مادام وابوو هەمووی موڵکی خۆیەتی و مالیك ئەتوانێ هەموو تەسەڕوفێ بکا لە مەملوکی خۆیا. هەروا عالەم موسەخخەر و رامە بۆ سەڵتەنەتی ئەو وە پادشا ئەتوانێ هەموو فەرمانێ بدا بەسەر ژێردەستەی خۆیا، وە کەسێ کە کائینات رامی ئەو بێ کارەکانی لە حیکمەت دەرناچن؛ چونکی نەقسە بۆ پادشای کائینات کە خیلافی حیکمەت لە موڵکیا جاری ببێ.

﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ١٠٩﴾

وە هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو کارێ، جا هەرکەسێ لەسەر موناسبی خۆی تۆڵە وەرئەگرێ.

﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ﴾

ئێوە ئەی ئوممەتی موحەممەد چاکترین ئوممەتێکن کە لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە دروستکراون و دەرکراون بۆ پەیڕەوی پێغەمبەرەکان.

﴿تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾

وە سیرڕی ئەو چاکی و چاکتری ئێوە ئەمەیە کە ئەمر ئەکەن بە بیر و باوەڕ و وتار و کردارێ چاك بێ لەسەر یاسای دین، وە نەهی ئەکەن لە هەر کارێ وە کردارێ وە وتارێ کە خیلافی فەرمانی شەرع بێ.

﴿وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾

وە لە حاڵی ئەو ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپەدا ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا وە لە بەر خودا ئەو ئیشە ئەکەن.

﴿وَلَوْ ءَامَنَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم﴾

وە ئەگەر هەموو خاوەن کتێبەکانیش ئیمانیان بهێنایێ ئەوە ئەو ئیمانە زۆر باش ئەبوو بۆیان؛ چونکە ئەگەیشتن بە پیرۆزی دینی و دنیایی بە تەواوی کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئامۆژگارییەدا...

﴿مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿١١٠﴾﴾

بازێ لەوان خاوەن ئیمانن و زۆربەیان فاسق و نابار و ناهەموارن.

لێرەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: باسی موخاتەب بە جوملەی ﴿کنتم خیر أمة﴾ ئەکەین، ئاخۆ ئەمانە کێ بن؟ بازێ لە زاناکان فەرموویانە: موخاتەب ئەو موسوڵمانانەن کە لەگەڵ حەزرەتا ﷺ یا لە پاش کۆچی ئەوا لە مەککەی موکەڕڕەمەوە کۆچیان‌کرد بۆ شاری مەدینەی مونەووەرە، وە بازێ فەرموویانە ئەمانە ئەو ئەسحابانەن کە حازر بوون لە جەنگی بەدر و ئوحودا.

وە فەرموودەی ڕاست ئەمەیە: موخاتەب بەم ئایەتە جەمیعی ئوممەتی ئیجابەی حەزرەتە ﷺ جا حازرەکانیان لە وەختی خیتابەکەدا «بالذات» و غائیبەکانیان «بالتبع» واتە: ڕووهەمرەفتە ئەم ئوممەتی حەزرەتی موحەممەدە ﷺ لە هەرچی ئوممەتی پێغەمبەرەکانی عالەمە باشترن؛ چونکە لە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە و دەوام و ئیستیقامەت لەسەر حەق و ئیمانداری لە هەموو ئوممەتێکی‌تر پێشکەوتوون.

ترمزی ریوایەتی کردووە لە بوهزی کوڕی حەکیم ئەویش لە باوکیەوە ئەڵێ: «قال رسول اللّه صلى اللّه عليه وسلم: إنكم تتمون سبعين أمة أنتم خيرها و أكرمها على اللّه» واتە ئێوە، ئەی ئوممەتی موحەممەد، هاتوون بە دوای حەفتا ئوممەتا لەو ئوممەتانە کە ئیمانیان هێناوە بە پێغەمبەران وەکوو ئوممەتی عیسا و مووسا و ئیبراهیم و نووح عليهم السلام لە هەموو ئەو ئوممەتانە گەورەترن.

وە ریوایەت کراوە لە ئەبوومووسای ئەشعەری رضي الله عنه لە حەزرەتەوە صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت: حاڵی موسوڵمانان لەگەڵ حاڵی جوولەکە و گاورا وەکوو ئەوە وایە پیاوێ کۆمەڵەیێ بەکرێ بگرێ کە کاری بۆ بکەن لە سبەینێوە تا شەو، ئەوانیش هەتا نیوەڕۆ ئیشیانکرد ئیتر ماندوو بوون وتیان بە خاوەنکارەکە: ئێمە ئوجرەمان ناوێ، ئەویش ڕۆیشت چەن عامیلێکیتری گرت و فەرمووی پێیان: ئێوە ئیشی ئەم ڕۆژە تەواو بکەن و هەرچی ئەمدا بە ئوجرە بەو شەخسانە ئەیدەم بە ئێوە، ئەمانیش عەمەلەکەیانکرد هەتا نوێژی عەسر و وتیان بە خاوەن کرێ: ئەوەی ئێمە کردمان بۆ تۆ، ئەویش ڕۆیشت کۆمەڵێکیتری گرت، ئەوانیش لە پاش عەسرەوە هەتا مەغریب ئیشیانکرد و خاوەن کارەکە هەموو ئوجرەی عومماڵی ئەو ڕۆژەی پێدان.

وەلحاسڵ ئەم ئوممەتی حەزرەتی موحەممەدە صلى الله عليه وسلم لەو ڕۆژەوە کە خودا دروستی کردن تا ڕۆژی قیامەت لە کوللی قەڕنێکدا لە ئوممەتی باقی پێغەمبەران گەورەترن بە عیلم و عەمەل و سیفەتی مرووەت و ئیستیقامەت لەسەر بەجێهێنانی ئادابی ئیسلام.

وە لە چەن رێگەوە ریوایەت کراوە کە حەزرەت صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: خودا حەفتا هەزار کەسی پێداوم لە ئوممەتی خۆم کە داخڵی بەهەشت ئەبن بە بێحیساب و هەریەکێ لەوانیش حەفتا هەزار کەسی لەگەڵدایە. وە لەو ڕۆژەوە دینی ئیسلام دامەزراوە هەتا ئیمڕۆ لە هەر چەرخێکا و لە هەموو ئەوزاعێکا ئەم ئادابی ئیسلامە

کە نوێژە و جەماعەتە لە نوێژا و ڕۆژووە و حەجە و زەکاتە لە لایەنی بەشێ لەم ئوممەتەوە جێبەجێ کراوە.

وە ئەم کیتابی خودایە کە هاتووە بۆ دەستووری دین بە مەحفووزی ماوەتەوە و خزمەتی کراوە، هەروا خزمەتی فەرموودەکانی حەزرەت ﷺ کراوە و گەلێ لە زانا بەرزەکانی ئیسلام ژیانی خۆیانیان لە خزمەتکردنی سوننەتی پێغەمبەرا ﷺ سەرف کردووە. وە بەرابەر بە هەموو ئاشووبێکی جیهانی و هەموو بیدعەت و ئیفساداتێ کە ڕووی کردووەتە دینی ئیسلام زاناکان تێکۆشیون و مەنعی تەجاوزاتیان بە قەی ئیمکان کردووە. وە مادام دەرکەوت کە ئەم ئوممەتە باشترین ئوممەتن هەروا واجبە بزانن کە ئەسحاب و یارانی حەزرەت ﷺ لە هەموو چینی دوایی لە ئوممەتی ئیسلام گەورەترن. لەبەر چەن دەلیل:

یەکەم ئەمەیە: ئەووەڵ چینێ کە خودای تەعالا خیتابی لەگەڵ کردوون بە ﴿کنتم خیر أمة أخرجت للناس﴾ ئەوانن، وە گەلێ ئایاتی قورئان تاریف و سەنای کردوون بە تێکڕایی و بە تاقم تاقمی تایبەتی، وەکوو ئەو فەرموودەیە ئەڵێ: ﴿محمد رسول اللّٰه و الذین معه أشداء علی الکفار رحماء بینهم﴾[١] وە ئایەتی: ﴿لقد رضي اللّٰه عن المؤمنین إذ یبایعونك تحت الشجرة فعلم ما في قلوبهم فأنزل السکینة علیهم﴾.[٢] وە ئایەتی: ﴿والسابقون الأولون من المهاجرین والأنصار والذین اتبعوهم بإحسان رضي اللّٰه عنهم و رضوا عنه﴾.[٣]

وە حەزرەت ﷺ تاریفی ئەسحابەکانی خۆی کردووە بە کۆمەڵ، وەکوو ئەوە کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئەبووموosای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه فەرموویەتی:

١. الفتح؛ ٢٩.

٢. الفتح؛ ١٨.

٣. التوبة؛ ١٠٠.

نوێژی مەغریبمانکرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ لە پاشان وتمان: دائەنیشین لە مزگەوتا هەتا نوێژی عیشایش ئەکەین، تەماشامانکرد حەزرەت ﷺ لە هۆدەی خۆی هاتەدەرەوە فەرمووی: ئەوە هەر لە مزگەوتن؟ عەرزمانکرد بەڵێ یا رەسولەڵلا، وتمان دائەنیشین هەتا نوێژی عیشا ئەکەین، فەرمووی: چاکتانکرد. جا سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی: ئەستێرەکان ئەمانن بۆ ئاسمان کاتێ ئەستێرەکان نەمان ئاسمان نامێنێ، وە من ئەمانم بۆ ئەسحابەکانم کە من نەمام ئەسحابەکانم گیرۆدەی فیتنە ئەبن، وە ئەسحابەکانم ئەمانن بۆ ئوممەتی من کە ئەسحابەکان نەمان ئوممەتەکەم گیرۆدە ئەبن.

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: «خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم.. الحديث» وە کافییە لەم بابەتەدا فەرموودەی حەزرەت: «لو أنفق أحدكم مثل أُحُد ذهباً ما بلغ مد أحدهم ولا نصفه» کە فەرمووی بەرابەر بە بازێ لە یارە «قريب العهد»ەکانی کە لەگەڵ بازێ لەیارە پێشووەکانیدا کەمێ نارێکی هەبوو. واتە مادام نیسبەت بە تەفاوتی زۆر هەبێ لە بەینی دوو چین لە خۆیانا ئەبێ نیسبەتی چینەکانی پاش قەرنی تابیعین لەگەڵ ئەوانا زۆر دوورتر بێ.

وە ئەو حەدیسانە کە ئەبن بە هۆی گومانی ئەوە کە موسوڵمانانی ئاخرزەمان بە قەی ئەسحابەکان یا زیاتر لەوان قەدریان ببێ لەلای خودای تەعالا وەکوو ئەو فەرموودەیە کە ئەڵێ: ئەجری یەکێ لە موسوڵمانانی ئاخرزەمان لەوانە کە رۆژەکەیان باش نییە بەقەی حەفتا کەسە لە ئێوە.. ئەوە واجبە تەئویل بکرێ بەوە: کە بازێ کردەوەیان بە تایبەتی لەبەر ئەسبابێکی موعەییەنە ئەجری لە کردەوەی بازێ لەوانە زۆرتر بێ کە حەزرەت ﷺ قسەی لەگەڵا کردوون نەك شەرافەتی ئەو کەسە و ئەجری هەموو کردەوەی ئەو کەسانە لە کردەوەی ئەسحابەکان زۆرترە؛ چونکێ زۆر دەلیل هەیە

لەسەر ئەوە کە ئەسحابەکان «علی‌الاطلاق» لە موسوڵمانانی چینە دواییەکان گەورەترن. وە فەرموودەی: «مثل أمتي كمثل المطر: لا يدرى أوله خير أم آخره؟» کینایەیە لە دەوامی پیرۆزی و بەختیاری لە هەموو چینەکانی ئوممەتی پێغەمبەردا ﷺ، ئیتر مەعنای ئەوە نییە کە ئوممەتی ئاخرزەمان پایەیان ئەگا بە پایەی یارانی حەزرەت ﷺ؛ چونکی بە ئیتتیفاق شەرەف و پایەی چاوپێکەوتنی حەزرەت ﷺ بە هیچ فەزیلەتێ موقابەلە ناکرێ.

﴿لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّآ أَذًى﴾

وە ئەم کیتابییە بێ‌ئیمانە فاسقانە قەتعەن ناتوانن زەرەر بدەن لە ئێوە ئیللا شتێکی کەمی بێ‌نرخ وەکوو تانە لێدان و هەڕەشەی دوور بەدوور.

﴿وَإِن يُقَـٰتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ ٱلْأَدْبَارَ﴾

وە ئەگەر جەنگیش بکەن لەگەڵتانا پشت هەڵئەکەن لێتان و ئەشکێن و زاڵنابن بەسەرتانا.

﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ١١١﴾

وە لەپاش ئەوە کە پشتیان هەڵکرد و شکان ئیتر یارمەتییان نادرێ لە لایەنی کەسەوە کە بێنەوە بۆ سەرتان.

ئەم ئایەتە لەو ئایەتانەیە کە ئیخباری غەیبی داوە؛ چونکی لە واقیعا کاتێ جوولەکەکانی «قریظه» و «نضیر» و «بنی قینقاع» و خەیبەر کەوتنە جەنگەوە لەگەڵ حەزرەتا ﷺ شکان و خۆیان نەگرتەوە.

﴿ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوٓاْ إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾

وە دەواری ناباری داماوی و کزی بە سەریاندا هەڵدرا و لە ژێریا مانەوە لە هەر لایەکا هەبوون ئیللا بە هۆی عەهد و پەیمانی خوداوە کە بریتییە لە بڕیاری جیزیە و

لەگەردن گرتنی سەرانە، وە بە هۆی عەهد و پەیمانێ کە بەستبێتیان لەگەڵ ئادەمیزادی خاوەن دەسەڵاتا ئەمە بەشی دیارییان بوو.

﴿وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْمَسْكَنَةُ﴾

وە گەڕانەوە بە غەزەبێکی خودایی کە لە عالەمی غەیبەوە باری بە سەریانا و پەردەی پەستی و بێنرخی نەفسی لێدرا بە سەریانەوە ئەمەیش بەشی مەعنەوی نەفسییان بوو.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾

ئەم وەزعە ناهەمـوارە کە هات بەسەر ئەهلی کیتاب لە بەنیئیسرائیلدا لەبەر ئەوە بوو کە وەختی خۆی لە زەمانی مووسا و عیسادا ئینکاری ئایاتی مونەززەلەی خودایان ئەکرد و پێغەمبەرەکانیان ئەکوشت بە ناحەق حەتا بە بیر و باوەڕی خۆیشیان.

﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿١١٢﴾﴾

وە ئەم تاوانە گەورە نابارەیشیان لەبەر ئەوە کرد کە هەر لە کاتی جوانییانەوە نافەرمانی خودایان ئەکرد و لایان ئەدا لە یاسای شەرعی خودای تەعالا، وە لە واقیعا تاوانی بچووك ئەبێ بە هۆی تاوانی گەورە، وە تاوانی گەورەیش ئەبێ بە هۆی تاوانی زۆر گەورە.

بێداری! بازێ لە موفەسسیرەکان تەفسیری ﴿بحبل من اللّٰه﴾یان کردووەتەوە بە قەبووڵکردنی دینی ئیسلام و ﴿حبل من الناس﴾ بە جیزیەدان بە حەزرەت ﷺ و بە خەلیفەکانی ئیسلام. وە بازێتر لە موفەسسیرەکان وەکوو ئیمام فەخری رازی تەفسیری ئەووەڵی کردووەتەوە بە عەقدی جیزیە و تەفسیری دووهەمی کردووەتەوە

بە ئیجتیهادی سەلاتینی ئیسلام لە هۆی ئەوەوە کە بە ئارەزووی خۆیان جیزیەکەیان بگۆڕن.

وە من باوەڕم وایە کە ﴿حبل من اللّٰه﴾ عیبارەتە لەو ئەمانە لە لایەنی خوداوە دەستیان کەوتووە، یاخود دەستیان بکەویٚ لە حوکوومەتەکانی ئیسلاما بە عەقدی جیزیە و سەرانە یا بە هەر بارێکیترا کە ئەو حوکوومەتانە مەیل بکەن، وە ﴿حبل من الناس﴾ عیبارەتە لەو پەنادانە و لەو یارمەتیدانە کە لە دەوڵەتە کافرەکانەوە دەستیان کەوتووە و دەستیان ئەکەویٚ، وەکوو ئەوە کە لەبەر چاوی مێژووناسەکانا دیارە ئەو جوولەکانە کە لە بیلادی ئیسلاما نەبوون و پەناهیندەی کافرەکان بوون پاراستوونیان بە تایبەتی لە پێش جەنگی عالەمی گەورەوە تا ئێستە کە بە هەموو مەعنایێ دەوڵەتە گەورە کافرەکان جوولەکەیان گرتووەتە بن دەستی خۆیان و بە هەموو نەوعێ خزمەتیان ئەکەن.

هەروا باوەڕم وایە: کە زیللەت عیبارەتە لە کزی و داماوی جوولەکە لە بەردەستی زۆردارەکانا، وە مەسکەنە عیبارەتە لە پەستی نەفسی خۆیان، وە باوەڕم وایە ئەو پەستی نەفسەیان وەکوو غەریزە وایە بۆیان تا مردن لێیان جیا نابێتەوە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَيۡسُواْ سَوَآءٗ﴾ الآیة.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کە عەبدوڵڵای ئیبنی سەلام و رەفیقەکانی لە یەهوود، مەیلیان پەیدا کرد لە ئیسلامییەتا و فیعلەن موسوڵمان بوون و ئیسلامییەتەکەیان راست بوو و دامەزران لە سەری، جا ئەحبار و عالمە یەهوودییەکان وتیان: ئیمان ناهێنێ بە موحەممەد ﷺ لە قەومی یەهوود ئیللا پیاو خراپەکانمان، ئەم شەخسانە ئەگەر پیاوی باش بوونایێ دینەکەی خۆیان نەدەگۆڕییەوە بە دینێکیترا! جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿لَيۡسُواْ سَوَآءٗۗ﴾

واتە ئەم ئەهلی کیتابە هەموویان وەکوو یەك نین، واتە هەموویان ئینسانی خراپ نین بەڵکوو.

﴿مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ١١٣﴾

واتە: لە ئەهلی کیتابە کۆمەڵێ و جەماعەتێ کە راوەستاون و دامەزراون لەسەر حەق و قورئان ئەخوێنن لە چەن کاتێکا لە شەوا کاتێ کە شەونوێژ ئەکەن.

وە بەعزێ لە موفەسسیرەکان ئەڵێن: موراد بەم خوێندنی ئایاتە خوێندنی قورئانە لە نوێژی عیشادا؛ چونکی ئەهلی کیتاب نوێژی عیشا ناکەن. ریوایەت کراوە حەزرەت ﷺ جارێك نوێژی عیشای دواخست وە کاتێ لەماڵ دەرچوو بۆ نوێژ تەماشای کرد خەڵکەکە وان لە مزگەوتا ئینتیزاری نوێژی عیشا ئەکەن، ئەویش فەرمووی: بزانن کەس نییە لە ئەهلی دینەکان ئەم نوێژە بکا ئێوە نەبێ.

﴿يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾

وە ئەو تاقمە کە دامەزراون لەسەر دین ئیمانێکی ساغیان هەیە بە خودا و بە رۆژی ئاخیرەت نەك ئیمانێ کە تێکەڵ بێ بە ئیشراك، وەکوو ئیمانی یەهوودی بە خودا لەگەڵ ئیشراکی غەیرا، وە ئیمان بە ئاخیرەت بەو جۆرە کە یەهوودەکان ئەڵێن ئاگری دۆزەخ نادا لەوان ئیللا چەن رۆژێ.

﴿وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾

وە ئەمر ئەکەن بە هەموو چاکەیێ و بە تایبەتی ئەمر ئەکەن بەوە کە خەڵکی بێن ئیمان بێنن بە حەزرەتی «محمد المصطفى» ﷺ، وە نەهی ئەکەن لە هەموو شتێکی موخالیف بۆ شەرع و بە تایبەتی نەهی ئەکەن لە موخالەفەتی پێغەمبەر ﷺ.

﴿وَيُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾

وە ئەو تاقمە وەکوو ئەو سیفەتە باشانەیان هەیە پەلەپەلیش ئەکەن بۆ بەجێهێنانی کردەوەی باش، خواهـ لەوانە بێ کە خودا واجبی کردوون وە یا لەوانە بێ کە موستەحەبن. وە کاتێ کە خێرێ هەڵبکەوێ ئامادە دەبن بۆ کردنی و سستی ناکەن لە جێبەجێ کردنیا.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١١٤﴾

وە ئەوانە لە ئادەمیزادە باشەکانن و لەگەڵ ئەوانن لە دنیادا و لە رۆژی قیامەتیشا.

﴿وَمَا يَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلَن يُكۡفَرُوهُۗ﴾

وە هەر ئیشێکی چاك بکەن نادرێتەوە بە سەریانا؛ چونکە لەگەڵ عەزمی پاك و تەقوادا دەیکەن.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ ١١٥﴾

وە خودای تەعالایش زانایە بە ئەهلی تەقوا.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۖ﴾

ئەوەی کە ئێستە باسمانکرد ئەحواڵی موسوڵمانانی ئەهلی کیتاب بوو، وە ئەو کەسانەیش لە ئەهلی کیتاب کە کافرن و باوەڕیان نییە بە ریسالەتی حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ بە قەتعی دارایی ئەوان و ئەولادی ئەوان بەکاریان نایێن لە حوزووری خودادا بە هیچ نەوعە بەکار هاتنێ.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۚ﴾

وە ئەوانە مولازمی ئاگری دۆزەخن.

﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿١١٦﴾﴾

ئەو کافرانە لە ناو ئەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هَٰذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ﴾

حاڵی ئەو مانیعە کە لە لایەنی خوداوە دێت بۆ کردەوەی چاکی ئەوان وەکوو حاڵی بایەکە پڕ بێ لە سەرما و بدا لە کشتوکاڵی کۆمەڵێ لە فەلاحەکان، وەکوو چۆن ئەو بای وەیشوومە ئەو کشتوکاڵە زایە ئەکا وەها غەزەبی خودا لەو کافرانە کردەوەی چاکەی ئەوان زایە ئەکا و سوودی لێ وەرناگرن.

جا بینا لەسەر تەقدیری موزاف لەسەر «ماینفقون» ئەم تەشبیهە بۆ تەشبیهی موفرەد بە موفرەد غەزەبی خودا موشەببەهە و بای وەیشوومە موشەببەهوبیهییە. وە قابیلە بیکەی بە تەشبیهی مورەککەب بەم رەنگە هەیئەتێ وەربگری لە کردەوەی چاکەی ئەو کافرانە کە موعانید و بەدئەخلاقن و کردەوە چاکەکانیان لە جانیبی موشەببەهەوە، وە هەیئەتێکیش وەربگری لە بای وەیشوومە وە کشتوکاڵی کۆمەڵێ لە فەلاحەکان لە جانیبی موشەببەهوبیهییەوە.

﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ﴾

خودای تەعالا بە قەتعی زوڵمی نەکردووە لەو کۆمەڵە مەخلووقە کاتێ کردەوەکانیانی زایە و بێمایە کردووە.

﴿وَلَٰكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١١٧﴾﴾

بەڵام ئەو کافرانە ستەمیان لە خۆیان کرد کە کەمێ بیریان نەکردەوە لە حاڵی خۆیان و لە سیفەتی عالەم و لە گەورەیی خودا هەتا حاڵی ببێ کە خودا تەوانایە بەسەر

ڕەوانە کردنی حەزرەتی «محمد المصطفی»دا، وەکوو چۆن حەزرەتی مووسای ڕەوانە کرد، جا باش ئیمان بێنن وە لەگەڵ ئیمانا ئەو کردەوانە بکەن هەتا خودای تەعالا کەم و زۆر بۆیان حسێب بکا.

فەرموودەی خودا: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ﴾ الآية.

ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ کە چەن پیاوێ لە موسوڵمانەکان تێکەڵی و سیلەیان لەگەڵ چەن پیاوێکی جوولەکەدا بوو لەبەر دراوسێتی و ژن و ژنخوازی و عەهد و پەیمان سازی، جا خودای تەعالا ئەم چەن ئایەتەی نارده خوارەوە و مەنعی کردن لەم تێکەڵ بوونە لەگەڵ ئەو کافرانەدا و فەرمووی:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام قەت دروست مەکەن بۆ خۆتان کەسانێ کە بیانکەن بە ئەمینی ئەسرارتان لە غەیری موسوڵمانەکان.

﴿لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا﴾

کە قوسوور ناکەن لە فەسادی حاڵ و وەزعی ئێوەدا، واتە هەرچەند بە ئاشکرا جەنگتان لەگەڵا ناکەن بەڵام لە ژێرەوە قوسوور ناکەن لەوەدا کە ئێوە کز بکەن و لە ئەنجاما مەحوتان بکەنەوە.

﴿وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ﴾

حەز ئەکەن و خۆزگە ئەخوازن بۆ هیلاك و فەوتانی ئێوە.

﴿قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ﴾

بە ڕاستی دەرئەکەوێ نیشانەی ڕق و کینە و دڵپیسی لە وتارێ کە لە دەمیان دێتە دەرەوە.

﴿وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾

وە ئەو کینە و دوژمنییە کە سینەیان شاردوویەتیەوە زۆرترە و گەورەترە و قەبەترە لەوەی کە لە ئیشارەی کەلیمەیان دەرئەکەوێ.

﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١١٨﴾﴾

بە راستی دەرمانبڕی ئایاتێکی وا بانگتان بکا بۆ دۆستی موسوڵمانان و دوورکەوتنەوە لە کافرەکان ئەگەر خاوەن هۆش بن.

خودای تەعالا بەم ئایەتە موسوڵمانانی ئاگادار کردووەتەوە و مەنعی کردوون لەوە کە بیتانە (بطانة) و دۆستی تایبەتی لە کافرەکان بگرن؛ چونکی بچووك چاو ئەکا لە گەورە، وە مادام موسوڵمانە بە نرخەکان دۆستی کافریان گرت وردە موسوڵمانەکانیش وا ئەکەن و منداڵی موسوڵمانان و گەنجەکانیش تێکەڵی ئەکەن لەگەڵیانا و ئەم وەزعە ئەبێ بە زیان بۆ موسوڵمانان لە چەن رووەوە:

یەکەم: ئەو کافرانە باش ئاگادار ئەبن لەسەر ئەحواڵی موسوڵمانان و لە شوێنی هێز و بێهێزیان ئەزانن و ئەم وەزعە لە ناو خۆیانا بڵاوئەکەنەوە و ئەمە گەلێ زیانی تێدایە بۆ موسوڵمانان.

دووهەم: موسوڵمانەکان بە تایبەتی منداڵ و گەنجی بێبەراورد و ئینسانی کەمهۆش مەیل ئەکا بەلای ئاداب و ئەخلاقی کافرەکان و ئەبێ بە دوژمنی ئاداب و ئەخلاقی موسوڵمانان و ئەمەیش مەعنای نەمانی ئیسلامییەتە.

سێهەم: ئەم تێکەڵبوونە ئەبێ بە یاسا لە ناو موسوڵمانانا و گەلێ فیتنەی دینی و ناموسی و دارایی و سوپایی پەیدا ئەبێ بۆ موسوڵمانان. بۆیە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «المرء على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل» واتە: پیاو وا لەسەر ئایینی دۆستی خۆی جا با یەکێ لە ئێوە تەماشا بکا کە چ کەسێ ئەکا بە دۆست. وە ریوایەت

کراوە لە ئیبنومەسعوودەوە ﷺ فەرموویەتی: «اعتبروا الناس بإخوانهم»: واتە قیمەتی ئادەمیزاد تێ بگەن بە براکانیانا. وە حەزرەتی عومەر ﷺ مەنعی ئەبوومووسای ئەشعەری کرد لە ئیستیخدامی کیتابی و فەرمووی: نزیکیان مەکەنەوە مادام خودا دووری خستوونەتەوە، وە ئیکرامیان مەگرن مادام خودا ئیهانەی کردوون، وە مەیانکەن بە ئەمیندار مادام خودا بە خائینی ژماردوون. وە فەرموویەتی: یارمەتی وەربگرن لەسەر ئومووراتی خۆتان و لەسەر رەعییەتتان بەو کەسانە کە لە خودا ئەترسن. وە ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە ﷺ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «ما بعث الله من نبي ولا استخلف من خليفة إلا كانت له بطانتان: بطانة تأمره بالمعروف وتحضه عليه، وبطانة تأمره بالشر و تحضه عليه؛ فالمعصوم من عصم الله». واتە: خودا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە و هیچ کەسێکی نەکردووە بە گەورە لە عەرزا ئیللا دوو تاقم ئینسانی بۆ رێکخستوون کە ئاگایان هەیە لە ئەحواڵی: تاقمێکیان ئەمری پێ ئەکا بە چاکە و تەرغیبی ئەدا لەسەری، وە تاقمێکیان ئەمری پێ ئەکا بە شەڕ و تەرغیبی ئەدا لەسەری؛ و بێتاوان ئەوەیە کە خودا بێتاوانی بکا و بیپارێزێ لە فیتنەو ئاشووب.

﴿هَٰٓأَنتُمْ أُوْلَآءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ﴾

بێداربینەوە ئێوە کەسانێکن کە ئەو کافرانەتان خۆش ئەوێ بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ.

﴿وَتُؤْمِنُونَ بِٱلْكِتَٰبِ كُلِّهِۦ﴾

وە ئێوە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە هەموو کتێبێ کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەران بەڵام ئەوان ئیمان و باوەڕیان نییە بە کتێبێ کە بۆ ئێوە رەوانە کراوە.

﴿وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا﴾

هەر کاتێ پێتان بگەن ئەڵێن: ئیمانمان هێناوە بەوەی ئێوە ئیمانتان پێ هێناوە.

﴿وَإِذَا خَلَوْاْ عَضُّواْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَنَامِلَ مِنَ ٱلْغَيْظِ﴾

وە کاتێ کە رابوردن و دوورکەوتنەوە، سەرپەنجەتان لێ ئەگەزن لە داخا و لە کینە و رقا.

﴿قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو پێیان: دە بمرن بەو رقەوە کە لە دڵتانایە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ١١٩﴾

خودای تەعالا بە راستی زانایە بەو شتانە وان لە سینەتانا، واتە وان لە دڵتانا.

﴿إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ﴾

ئەو کافرانە ئەوەندە ناپیاون ئەگەر جارێ بارەیێکی باشتان پێ بگا ئەوە ئازاری دڵی ئەوان ئەدا.

﴿وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا﴾

وە ئەگەر نەگبەتی و بەڵایەکی نابار بگا پێتان پێی شادمان ئەبن و پێیان خۆشە.

﴿وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا﴾

وە ئەگەر ئێوە سەبر بکەن لەسەر ئەو وردە ئازارە کە لەوانەوە پێتان ئەگات و خۆتان بپارێزن لەوە کە بیانکەن بە دۆست و جێگەی ئەسرارتان ئەوە فرِو فێڵی ئەوان زیان ناگەیەنێ بە ئێوە بە هیچ نەوعە زیانێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ١٢٠﴾

بە راستی خودای تەعالا ئیحاتەی داوە بەو شتانەدا کە ئەوان ئەیکەن، واتە کاری ئەوان لە لای خودا قابیلییەت و نرخی نییە.

فەرمموودەی خودا: ﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ لەگەڵ چەن ئایەتێ کە لە دوایەوە دێن.

ئەم ئایەتانە هەموو نازڵ بوون لە غەزای ئوحودا. ریوایەت کراوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ئەڵێ: ئەو دوو تائیفەی کە لە قورئانایە لەم ئایەتانەدا لە شانی ئێمەدا هات کە تائیفەی بەنوحاریسەن لە ئەوس و بەنوسەلەمەن لە خەزرەج. وەڵلاهی هەرچەن ئەم ئایەتانە ئازار ئەدەن بەڵام حەزم وا نییە کە نازڵ نەبوونایێ؛ چونکی خودا فەرموویەتی: «واللّٰه وليهما» واتە: خودای تەعالا دۆست و ناسیری ئەم دوو تائیفەتانێ.

وە واقیعەی جەنگی ئوحود لەسەر ئەمە بوو کە قورەیشەکان پاش ئەوە کە لە رووداوی بەدردا تووشی نەگبەت بوون و حەفتا کەسیان لێ کوژرا و حەفتا کەسیان بە دیل رۆیشتن. کەوتنە بیر کردنەوە بۆ ئەوە کە تۆڵەی ئەم رووداوە بسێنن لە موسوڵمانەکان. لە ئەنجاما رێکەوتن لەسەر ئەوە کە قافڵەی وشتری «ئەبووسوفیان» هەرچەن هەیە بە بارو ئەموالەوە سەرفی بکەن بۆ ئەم جەنگە، وە سوپای قورەیش ئامادە بوون بۆ دەرچوون بۆ جەنگ و گەلێ لە ئەحباش کە لە مەککەدا بوون و ئیشیان ئەکرد کەوتنە تەکیان، وە گەلێ ژنیان کەوتە تەك بۆ ئەوە نەشید بخوێننەوە و پیاوەکان غیرەت بیانگرێ و نەشکێن.

جا لە شاری مەککە دەرچوون لە ئەووەڵی مانگی شەووالا و ژمارەیان گەیشتە سێ هەزار پیاوی جەنگ‌کەر و روویانکرد لە مەدینەی مونەووەرە و حەزرەت ﷺ ئەم دەنگوباسەی بیست. وە ئیستیشارەی کرد و داوای بیری کرد لە ئەسحابەکان ﷺ وە خاترخۆی کردن لە بەینی ئەوەدا کە لە مەدینە دەرچن بۆ بەرابەری دوژمن، یاخود هەر لە مەدینەدا بمێننەوە، جا ئەگەر دوژمن هاتنە ناو شار شەڕیان لەگەڵا بکەن.

بیری بازێ لە پیرەکانیان لەسەر ئەوە بوو هەر لە مەدینەدا بمێننەوە و عەبدوڵلای بەنیئوبەیی بەنیسەلوول لەمانە بوو. وە بیری زۆربەی ئەسحابەکانیش لەسەر ئەوە بوو کە بڕۆنە دەرەوە، بە تایبەتی ئەوانە کە لە جەنگی بەدردا بەشدار نەبوون. وتیان: یا رەسوڵەڵلا فەرموو بمانبەرە دەرەوە بۆ سەر دوژمنەکان با وا حاڵی نەبن کە ئێمە بێهێزین، وە ئەم خاوەن بیری دووهەمە دەوامیانکرد لە سەر بیری خۆیان هەتا حەزرەت موافەقەی کرد لەسەر بیری ئەمانە.

جا حەزرەت رۆیشتە ماڵەوە و ئەسبابی حەربی پۆشی و شیری خۆی هەڵگرت و هاتەدەرەوە، لەم کاتەدا ئەم خاوەن بیرانە گومانیانکرد کە حەزرەت ﷺ لەسەر ئیلحاحی ئەوان موافەقەی کردووە ئەگەرنا بە تەبیعەت حەزی لە دەرچوون نییە. هاتن بۆ خزمەتی عەرزیانکرد: ئێمە زۆر ئیلحاحمانکرد لە تۆ، ئێستە ئەگەر مەیلت نییە با هەر لە شاری مەدینەدا بمێنینەوە!

حەزرەت فەرمووی: قابیل نییە بۆ پێغەمبەر پاش ئەوەی کە ئەسبابی حەربی پۆشی ئەو ئەسبابە لاببا هەتا ئەو حەربە ئەکا.

جا حەزرەت ﷺ لە رۆژی شەممەی حەوتی شەووالدا لە مەدینە دەرچوو لەگەڵ هەزار کەس لە ئەسحابە و قەرەباڵغدا، لەسەری دوو ساڵ و هەشت مانگ لە هیجرەت لە مەککەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە.

کاتێ گەیشتنە بەینی کێوی ئوحود و مەدینە لەویا عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول ـ لە قەبیلەی خەزرەج و لە ئەشرافیان بوو، بەڵام مونافق بوو ـ بە سێیەکی ئەو سوپایەوە کە لەگەڵیا بوون گەڕایەوە بۆشاری مەدینە، وە زۆربەی ئەمانە ئەتباعی ئەو بوون، ئەیوت: تەماشا بکەن موحەممەد بە بیری من ناکاو بە بیری منداڵان ئەکا؛ ئەچێتە دەرەوە بۆ جەنگ، ئەمەیشی کرد بە بەهانە بۆ خۆی لە

گەڕانەوەدا. وە ئەیوت: نازانم ئێمە لەسەر چی ئەم شەڕە بکەین؟! حەتا دوو تاقم لە ئەوس و خەزرەج ویستیان بگەڕێنەوە بەڵام خودا پاراستنی. وە عەبدوڵلای کوڕی حەرام کەوتە شوێنی گەلێ رجای لێ کرد نەگەڕێتەوە بۆ مەدینە و ئەم سوپای ئیسلامە بێهێز نەکا. ئەو موبالاتی نەکرد و ئەیوت: «لو نعلم قتالا لأتبعناكم»!

وە ئەسحابەکان لە ناو خۆیانا بوون بە دوو تاقم: تاقمێکیان وتیان: ئەمانە کە گەڕانەوە کافرن و شەڕیان لەگەڵ بکەین با لە ناوا نەمێنن. وە تاقمێکیان وتیان: وازیان لێ بێنن. لەم حاڵەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو: ﴿فما لكم في المنافقين فئتين والله أركسهم بما كسبوا. أتريدون أن تهدوا من أضل الله؟!﴾.[1]

وە بازێ لە ئەسحابەکان ئیقتیراحیانکرد لە حەزرەت ﷺ کە یارمەتی وەربگرن لە جوولەکەکان؛ چونکی لەو کاتەدا پەیمانیان هەبوو لەگەڵ موسوڵمانانا، وە حەزرەت ﷺ رازی نەبوو و فەرمووی: «لا نستنصر بأهل الشرك على أهل الشرك» واتە: یارمەتی وەرناگرین لە موشریکەکان بۆ سەر موشریکەکان.

جا حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەسحابەکاندا ئەوەی کە لە خزمەتیا بوون قەرارگای گرت لەبەر کێوی ئوحوددا پشتیان لە ئوحود و روویان لە مەدینە کرد، وە پەنجا تیرئەندازی لە ئەسحابەکان نارد بۆ ئەو بەرزییە کە لە پشتی قەرارگاکەیانەوە بوو، وە عەبدوڵلای بەنیجوبەیری کرد بە سەرۆکیان و فەرمووی پێیان: لە شوێنی خۆتانا راوەستن و موحافەزەی لای پشتەوە بکەن ئەگەر چاوتانکەوت بە ئێمە غاڵب بووین ئێوە مەیەن بۆ لای ئێمە، وە ئەگەر ئێمە فەوتاین ئێوە یارمەتیمان مەدەن.

جا هەردوولا ـ موسوڵمان و کافر ـ دەستیانکرد بە جەنگ و شەڕ گەرم بوو، وە موسوڵمانەکان بە شێوەیەکی عەجیب کافرەکانیان دایەبەر و کافر کەوتنە راکردن،

---

١. النساء؛ ٨٨

وە لە پێشەوە «ئەبوودوجانە» و «حەمزە»ی مامی پێغەمبەر و «مەسعەب»ی کوڕی عومەیر هێرشیان ئەبرد. وە مەسعەب لە بەردەمی حەزرەتا کوژرا. جا حەزرەتی عەلی ئالآکەی وەرگرت و خودا نەسرەتی موسوڵمانەکانی دا بە نەوعێ کافرەکان رایان ئەکرد و لایان نەئەکردەوە بە لای کەسیاناو ژنەکانیان هاواریان ئەکرد و موسوڵمانەکان لێیان ئەکوشتن و تالآنیان لێ ئەگرتن. لەم کاتەدا پەنجا کەسە تیراندازەکان لەسەر بەرزییەکەی پشتی قەرارگای سوپای ئیسلامەوە وایان زانی حەرب تەواو بووە کافرەکان شکان و رایانکرد، لە ناو خۆیانا ئیختیلافیان تێ کەوت زۆریان دابەزین لەو بەرزییە و رۆیشتن بۆ ناو موسوڵمانەکان وتیان: ئێمەیش غەنیمەت وەرئەگرین. بەڵام رەئیسەکەیان ـ عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر ـ لەگەڵ چەند کەسێکدا لە شوێنی خۆیانا مانەوە، وتیان: ئێمە بێ ئەمری حەزرەت ناکەین و ئەم شوێنی خۆمانە بەجێ نایەڵین.

کاتێ خالیدی کوڕی وەلید لە دوورەوە تەماشای کرد کە ئەو تیرئەندازانە پشتی سوپاکەیان چۆڵ کرد گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەو عەکرەمەی کوڕی ئەبووجەهل کەوتە شوێنی و هێرشیان برد بۆ ئەو چەن کەسە کە مابوونەوە لە شوێنی خۆیانا ئەوانەیان شەهید کرد و هاتنە خوارەوە لە پشتەوە دایان لە سوپای ئەسحابە و شپرزەیان کردن و گەلێکیان لێ شەهید کردن. وە دانی حەزرەتﷺ شەهید کراو، حەمزەی مامی شەهید کرا، لەم کاتەدا کە ئەسحابەکان وەزعیان کەوتە خەتەرەوە هاتنەوە بۆ دەوری حەزرەتﷺ، وە ئەبووتەلحە کە تیرئەندازێکی زۆر موهیم بوو بە دەوری حەزرەتا تیری ئەهاویشت لە کافرەکان، وە ئەبوودوجانە خۆی کرد بە قەڵغان و چەمییەوە بەسەر حەزرەتا و چەن تیر دای لە پشتی هەر بەجێی نەهێشت، هەروا «زیاد بن السکن» ئەویش مودافەعەی ئەکرد لە حەزرەتﷺ هەتا خۆی و پێنج کەس لە رەفیقەکانی شەهید کران، ئاخرکەسیان عەمارە کوڕی یەزیدی کوڕی سەکەن بوو.

حەزرەت فەرمووی: نزیکی بخەنەوە تا هێنایان بۆ لای، وە حەزرەت سەری نایە سەر رانی خۆی تاگیانی دەرچوو «إلى رحمة اللّٰه»، پاش ئەم وەزعە کافرەکان خۆیان بە غالّب زانی شەڕگاکەیان بە جێ‌هێشت و رۆیشتن، موسوڵمانەکانیش گردەوە بوون لە شەهیدەکانیان و دەفنیان‌کردن.

ئەمە بە کورتی باسی رووداوی جەنگی ئوحود بوو، وە خودای تەعالا لەو خوسووسەوە ئەفەرموێت:

﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ مَقَـٰعِدَ لِلْقِتَالِ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەو کاتە بکە کە دەرچووی لە لای خێزانی خۆت بۆ مەیدانی جەنگ لە نزیکی ئوحودا وە موسوڵمانەکانت دائەمەزران لە شوێنی خۆیانا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ قورەیشەکانا.

﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٢١﴾﴾

وە خودای تەعالا وتاری ئێوەی ئەبیست و زانا بوو بە قەسدی دڵتان.

﴿إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا﴾

لەو کاتەدا کە دوو تاقم لە ئێوە ـ بەنو سەلەمە لە خەزرەج و بەنو حاریسە لە ئەوس ـ کە دوو جەناحی سوپاکە بوون قەسدی ئەوەیان‌کرد بگەڕێنەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە؛ چونکی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بە خۆی و دەستەکەیەوە کە سێسەد کەس بوون گەڕایەوە بۆ مەدینە وەکوو باسمان‌کرد.

جا ئەم دوو تایفەیشە کەوتنە خەیاڵی گەڕانەوە بەڵام خودا پاراستنی و لەو بیرە لایان دا و لەگەڵ سوپاکەی حەزرەتا رۆیشتن بۆ نزیکی کێوی ئوحود.

﴿وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا﴾

وە لەبەر ئەوە خودا پاراستنی لەو فیکرە؛ چونکی خودا دۆستی ئەو دوو تاقمەیە و خۆشی ئەوێن.

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

وە لە حەقیقەتا پێویستە کە موسوڵمانان هەر لەسەر خودا ئیعتیماد بدەن، وە نابێ کاتێ کافرەکان یا مونافقەکان ئیشێکیان‌کرد کە موسوڵمانەکان زەعیف بکا ئیتر موسوڵمانەکان ورە لە خۆیان ببڕن و بێ‌هێز ببن؛ چونکی یاسای خودا ئەمەیە کە نەسرەتی موسوڵمانان بدا مادام کە لە خەتی تەعلیماتی خودا و پێغەمبەر دەرنەچن.

﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾

وە بیر بکەنەوە لەوە کە بە راستی خودای تەعالا نەسرەتی ئێوەی دا لە جەنگی بەدر[١]دا وە ئێوە کۆمەڵێکی کز و بێ‌ژمارە و بێ‌مایە و کەم چەك بوون.

﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

دەی ئێستە ئێوە تەقوای خودا بکەن و هەر لە خودا بپارێنەوە، رجا وایە لە کۆمەڵی ئادەمیزادی شوکرگوزار و سوپاس‌کار بژمێررێن هەتا خودایش نیعمەتی یارمەتیتان زیاد بکا.

﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُنزَلِينَ ﴿١٢٤﴾﴾

لەو کاتەدا خودا نەسرەتی دان لە بەدرا کە تۆ ئەتوت بە موسوڵمانەکان: ئایا بەشتان ناکا ئەمە کە خودای تەعالا یارمەتیتان بدا بە ناردنی سێ هەزار مەلائیکە کە لە بارەگای بەرزی خوداوە نێررانە خوارەوە بۆ ناوتان؟ وە هەزاریان لە پێشا هاتنە خوارەوە

١. بەدر: ناوی سەرچاوەیەکە وەختی خۆی بەدەستی بەدر ناوێکەوە بووە ئێستە ئەو شوێنە شارە و قەزایە.

و «بالفعل» بوون بە هاوڕێتان لە جەنگکردنا بەو شێوە کە خودا سپاردبووی پێیان، وە پاش ئەوە دوو هەزار مەلائیکەی‌تریشی بە دوای ئەوانا ڕەوانەکرد بۆ خوارەوە بۆ دڵ ئەستوور کردنی ئێوە نەك بۆ جەنگکردن.

﴿بَلَىٰٓ﴾

پوختەی مەعناکە ئەوەیە کافییە و بەسە بۆتان ئەگەر خودا ئەو سێ هەزار فریشتەیە بنێرێ بۆ یارمەتیتان. جا حەزرەت ﷺ دەست ئەکا بە موژدەدانی تازە بە ئەهلی بەدر و بە ئیحای خودای تەعالا ئەفەرموێت بە ئەسحابەکان:

﴿إِن تَصۡبِرُواْ﴾

ئەگەر ئێوە خۆتان بگرن لە زەحمەتی جەنگکردنا.

﴿وَتَتَّقُواْ﴾

وە لە کاتی سەبرەکەیشا تەقوای خواتان ببێ و هەر لە بەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەق جیهاد بکەن.

﴿وَيَأۡتُوكُم مِّن فَوۡرِهِمۡ هَٰذَا﴾

سوپای کورزی کوڕی جابیری موحاریبی لە هۆی کینە و غەزەبی خۆیانەوە بێن بۆ یارمەتی قورەیش و جەنگیان لەگەڵ بکەن وەکوو بیستووتانە.

﴿يُمۡدِدۡكُمۡ رَبُّكُم بِخَمۡسَةِ ءَالَٰفٖ مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ ١٢٥﴾

خودا ئیمدادتان بۆ ئەنێرێ بە پێنج هەزار مەلائیکەی وەها دوژمنەکانیان نیشانەدار ئەکەن بە شوێنی شیر و تیری غەیبی. یاخود خۆیان نیشانەدار کردووە بە نیشانەیەکی دیاری لە بەرچاوی ئەو کەسانە کە ئەیان‌بینێ وەکوو پێغەمبەر بێ ﷺ.

﴿وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشۡرَىٰ لَكُمۡ﴾

وە خودای تەعالا ئەو ئیمدادناردنەی نەکردووە ئیللا بە هۆی موژدەدان بە ئێوە.

﴿وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ﴾

وە بە هۆی ئەوە کە دڵتان دابمەزرێ و لە بیم و ترسی کافرەکان رزگار ببێ.

﴿وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾﴾

وە حەقیقەتی نەسرەت نییە ئیللا لە جانیبی ئەو خوداوە کە خاوەن عیززەتە و زاڵە بەسەر خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەتە لە تەسەڕوفاتیا. ئەم نەسرەتەیش لەبەر ئەوەیە.

﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾

بۆ ئەوە کە بازێ لە نوفووسی ئەوانەی کافرن ببڕێ و بیانکوژێ.

﴿أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُواْ خَآئِبِينَ ﴿١٢٧﴾﴾

یاخود کافرەکان رسوا بکا و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە نائومێدی.

بزانن! ئەمەی کە بەیانمانکرد لە تەفسیری ئەم ئایەتانە دامەزراوە لەسەر ئەوە کە خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەت ﷺ ئەداتەوە لە پاش ڕووداوی ناباری ئوحود کە بوو بە ئازار بۆ دڵی حەزرەت ﷺ، وە ئەفەرموێت: ئێمە ئاگادارین لە ئەحواڵی تۆ لەو کاتەدا کە لە مەدینە دەرچووی و جێگەی جەنگت دیاری ئەکرد بۆ یارانت، وە لەو کاتەدا کە دوو تاقم لە یارانت دڵیان کەوتە خەیاڵی ترس لە کافران و ئێمە ئەوانمان پاراست لە کردەوەی خراپ کە جیا بوونەوەی ئەوان بوو لە ئێوە. وە ئاگادارم لەم وەزعە کە بە سەرتانا هات لەبەر موخالەفەی بازێ لە یاران لە فەرمانی تۆ بەڵام تۆ دڵت تێك نەچێ و عەزمت نەشکێ و ئەم شکستە و پەرێشانی ئێوەیشە پڕە لە حیکمەت بۆ ئەوە کە جارێکیتر موخالەفەی فەرمانت نەکەن، وە بۆ ئەوە بزانن لەسەر یاسای خودا جەنگ بازێ جار سوودی لێ پەیدا ئەبێ و بازێ جار زیان، وە ئەمەیش قەیناکا و خۆت ئەزانی کە خودا یارمەتی دان لە واقیعەی بەدرا لەو

کاتەدا یارانت ئەترسان و تۆیش بە ئەمری من وتت پێیان خودا سێ هەزار فریشتە ڕەوانە ئەکا بۆ یارمەتی، هەزاریان فیعلەن ئەکەونە شەڕەوە وە دوو هەزاریان هەر بۆ زیادە دامەزراندنی دڵتانە.

وە هەم لەسەر وەحی لە لایەنی منەوە وتت بە یاران: ئەگەر سوپای کورزی کوڕی جابیر بێن بۆ سەرتان و ئێوەیش خۆگر و خاوەن پارێز بن پێنج هەزار مەلائیکەتان بۆ ڕەوانە ئەکەم، بەڵام سوپای کورز نەهات بۆیێ ئەو فریشتانەم نەنارد. هەروا خودا حازرە بۆ ئیمدادی تۆ، ئەی خۆشەویست، وە ئاگادارە لە ئەحواڵتان.

جا لەم بەیانەوە دەرکەوت کە لە لایەنی خوداوە لە ڕووداوی ئوحودا ئیمدادی خودا بە فریشتە ناردن نەبوو ئیللا ئەو دوو فریشتەیە نەبێ کە لە بازێ ڕیوایەتا هەیە خودا ناردوونی بۆ پاراستنی حەزرەت ﷺ لە کوشتن. وە لە بەر ئەوە ئیمدادی نەدان چونکی بە هۆی ئەو موخالەفەی حەزرەتەوە قەلبی حەزرەت ئێشا وە ئەو جیلوەی کەرەمی خودایە نەما لە سەریان هەتا فریشتە ڕەوانە بکا بۆ یارمەتیدانیان، وە باسی فریشتەکان هەمووی هەر عائیدە بە گێڕانەوەی ڕووداوی بەدر بۆ دڵخۆشکردنی حەزرەت ﷺ.

بەڵام وەکوو لە تەفسیری «روح المعانی» دەرئەکەوێ واتەیێ هەیە کە ئایەتی: ﴿بلى إن تصبروا وتتقوا﴾ تا ئاخر لەسەر ڕووداوی ئوحودە؛ چونکی پاش ئەوە کە قوڕەیشەکان خۆیان بە غاڵب زانی و ڕووبەڕووی مەککە گەڕانەوە، لەو دەرچوونەیان پەشیمان بوونەوە و وتیان: ئەبوا داخڵی شاری مەدینە ببووینایێ و خۆمان دەرخستایێ و فیعلەن ویستیان بگەڕێنەوە.

جا خودای تەعالا وەحی کرد بۆ حەزرەت ﷺ کە ئەمر بکا بە ئەسحابەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ موقابەلەی قوڕەیش و موژدەیشی دا بە حەزرەت ﷺ: هیچ باکت نەبێ لە هاتنەوەی ئەو کافرانە، وە ئەگەر ئێوە تۆزێ خۆبگرن و تەقوای خودا

بکەن، واتە یارەکانت بێئەمری تۆ نەکەن، مادام ئەو کافرانە بەم رق و غەزەبە کە وا لە دڵیانا بگەڕێنەوە لەم سەفەرەدا خودا ئیمدادتان ئەکا بە پێنج هەزار فریشتە کە ئەو کافرانە نیشانە بکەن، وە نەسرەت هەر لەلای خوداوەیە و یارمەتیتان ئەدا بۆ ئەوە کە بازێ لەو کافرانە بکوژێ و بازێك رسوا بکا بە نائومێدی بگەڕێنەوە.

جا بینا لەسەر ئەم فەرموودەی خاوەنی «روح المعانی»ە باسی فریشتەی بەدر لە پاش کەلیمەی «بلی» ئەبڕێتەوە، وە لە ئیبتیدای «إن تصبروا وتتقوا» هەتا ئاخری سێ ئایەت باسی ناردنی فریشتە ئەکا بۆ ئیمدادی موسوڵمانان پاش رووداوی ئوحود بە شەرتێ ئەو کافرانە بگەڕێنەوە بەڵام بە میهرەبانی خودا لەگەڵ حەزرەتا ترسێ کەوتە دڵی قورەیشەکان وە وایان بیست کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینەی مونەووەرە بەرباد ئەبن، وە فیعلەن حەزرەت ﷺ بۆ ئەوە ئیسباتی هێزی خۆیان بکا و ئەوانیش بخاتە بیمەوە ئەندازەیێ لە ئەسحابەی رێکخست و رۆیشت بە دوای قورەیشەکاندا هەتا ماوەیێ ئەوسا گەڕانەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە.

بزانن! رووداوی ئوحود یەکێ بوو لە رووداوە نابارەکانی عەهدی دەعوەتی حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ، لەو رووداوەدا کە ئەسحابەکان شکان و بڵاوەیانکرد کەس نەمایەوە لە دەوری حەزرەتا ﷺ ئیللا دوازدە کەس، وەکوو ئەبووبەکر و عومەر و عەباس[١] و عەلی و زوبەیر و عەبدورڕەحمانی کوڕی سەعد و سەعدی کوڕی

[١. ئەگەر مەبەست لە عەباس مامی پێغەمبەر بێ، ئەوە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، عەباس لەو سەردەمەدا لە مەککەدا بووە و ئیسلامییەتی خۆی دەرنەبڕیوە. وە هەروەها لە هیچ سەرچاوەیەکدا عەباس ناوێکیتر و «عبدالرحمان»ی کوڕی سەعدمان نەدۆزییەوە بەم بۆنەوە وای بۆ ئەچین کە ئەمە هەڵەی چاپی بێ و راستەکەی ئەمەبێ کە عەباس ناو هەر نەبووە، و عەبدورڕەحمانیش کوڕی عەوف بووبێ، نەك کوڕی سەعد. وە ئەوەش بزانین کە سەعد ناوی زۆر هاوبەشی شەڕی ئوحودیان کردووە وەکوو: سەعدی کوڕی وەققاس، سەعدی کوڕی مەعاز، سەعدی کوڕ رەبیع و سەعدی کوڕی عوبادە. بڕوانە: «الرحيق المختوم» ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

ئەبیوەقاس و تەلحەی کوڕی عوبەیدیللا و قەتادەی کوڕی نەعمان و چەن کەسێکیتر. وە لەم هەلەدا کافرەکان هێرشیان هێنا بۆ سەر حەزرەت و ئەم کۆمەڵە مودافەعەیان ئەکرد لە حەزرەت بە هەموو هێزی خۆیان. وە ژنی کافرەکان هاتن ئەعزای شەهیدەکانیان ئەبڕی و عەیبداریان ئەکردن، وە لەو کاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی قەمئە نزیك بووەوە لە حەزرەت ﷺ بەردی فڕێ ئەدا بۆی وە بەردێ دای لە روخساری موبارەکی لووتی بریندار کرد و روخساری زامار کرد و لە دانی ریزی لای راستی لە خوارەوە روباعییەی حەزرەتی شکاند و مەسعەبی کوڕی عومەیر مودافەعەی ئەکرد لە حەزرەت و عەبدوڵڵای کوڕی قەمئە مەسعەبی شەهید کرد و لەبەر ئەوە کە مەسعەب زۆر نزیکی حەزرەت بوو وە عەبدوڵڵای کوڕی قەمئە وای زانی حەزرەتی شەهید کردووە، بانگی دا بە ناو خەڵکا موحەممەدم کوشت، وە ئەو دەنگە بە ناو کافرەکانا بڵاوبووەوە وە زۆر شێتگیرتر بوون بۆ هوجووم و ئەسحابەکان زۆرتر دڵیان زەعیف بوو و کەوتنە بێتفاقی و راکردن بەملاو بەولادا.

لەویا ئەنەسی کوڕی نەزر بانگی کرد لە ئەسحابەکان وتی: ئەگەر موحەممەد کوژراوە خودای موحەممەد نەکوژراوە وە ئیتر ئێوە لە پاش موحەممەد ژیانتان بۆچییە! یاڵڵا گردببنەوە و جیهاد بکەن و شەڕ بکەن لەسەر دینی موحەممەد و بمرن لەسەر ئەو حاڵە کە موحەممەد مردووە لەسەری، وە سەری بەرزەوە کرد و وتی: «اللّٰهم إني أعتذر إليك من هؤلاء المسلمين و أبرء إليك مما جاء به المشركون».

لە پاشا حەزرەت ﷺ خۆی بانگی کرد لە موسوڵمانەکان: ماوم گرد ببنەوە لێم و نزیکی سی (٣٠) کەسی لێ گرد بوونەوە و کافرەکانیان دوور خستەوە لێی لەویا حەزرەت چاوی کەوت بە پیاوێ لە سوورەتی مسعەبی کوڕی عومەیردا وای زانی مەسعەبە و نەکوژراوە، بانگی لێ کرد یا مەسعەب نزیك بەرەوە لێم! ئەویش عەرزی

کرد: من مەسعەب نیم، جا حەزرەت حاڵی بوو کە ئەو کەسە لە مەلائیکەیە و دیفاع لە حەزرەت ئەکا.

وە لەویا سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس ئەوەندە تیری هاویت هەردوو لای کەوانەکەی زایە بوو وە حەزرەت تیردانەکەی خۆی پێدا و فەرمووی: «ارم فداك أبي و أمي»، وە ئەبووتەلحە تیراندازێکی چاك بوو دوو کەوانی لەو ڕۆژەدا شکاند وە کەسێ لە یاران کاتێ ڕائەبورد حەزرەت ئەیفەرموو: بەشی ئەبووتەلحە بدە لە سەرە تیر. وە لەو ڕۆژەدا دەستی ئەبووتەلحە لە کار کەوت ئەوەندە ماندوو بوو، وە چاوی قەتادەی کوڕی نوعمان کەوتە سەر ڕوخساری، جا حەزرەت ﷺ چاوەکەی خستەوە جێگەی خۆی بە قودرەتی خودا پەیوەست بووەوە و لەوسا باشتر ئەیبینی، جا حەزرەت لەو شوێنی خۆیە هەستا جێگەکەی گۆڕی و سەرکەوت بۆ شوێنێکی قایمتر، لەو کاتەدا ئوبەییی کوڕی خەلەف ڕایکرد بە شوێنی حەزرەتا و وتی: قەت رزگار نەبم ئەگەر نەتکوژم، لەویا حەزرەت ﷺ حەربەیەکی لە حارسی کوڕی سەمە وەرگرت و دای بە گەردنی ئوبەیدا و کەوت، وە هاواری ئەکرد ئەیوت: ئەم ئێشە وا لە گیانی مندا ئەگەر لە گیانی هەموو هۆزی ڕەبیعە و موزەردا بوایێ ئەمردن! وە پاش ڕۆژێ مرد و ڕۆیشت بۆ شوێنی شوومی خۆی.

جا ئەبووسوفیان کە باسی کوشتنی حەزرەتی بیستبوو لە ناو کافرەکانەوە بانگی کرد: موحەممەد ماوە لە ناوتانا؟ حەزرەت ﷺ فەرمووی: جوابی مەدەنەوە، هەتا سێ جار بانگی کرد کەس جوابی نەدایەوە، جا بانگی کرد: کوڕی ئەبووقوحافە وا لەناوتانا؟ کەس جوابی نەدایەوە، جا بانگی کرد: عومەر ماوە لە ناوتانا؟ کەس جوابی نەدایەوە، ئەبووسوفیان ڕۆیشت بۆ لای کافرەکان پێی وتن: ئەوانە کەسیان نەماون. لێرەدا عومەر خۆی پێ نەگیرا بانگی کرد: وەڵڵا درۆت کرد ئەوانەی کە تۆ ناوت

بردن هەموویان ماون و بەشی تۆمان ماوە کە تۆڵەت لێ بستێنن و بزانە کوژراوی ئێمە هەموو وان لە بەهەشتا و کوژراوی ئێوە وان لە ناو ئاگرا و، حەرب وەکوو دۆڵچە وایە هەر ساتێ وا بەدەستی کەسێکەوە.

جا ئەبووسوفیان بانگی کرد: ئێوە بازێ کوژراو ئەبینن کە عەیبدارکراون من ئەمرم پێ نەکردوون و دەستی کرد بە خوێندنەوەی نەشیدی خۆیانە «أعل هبل، أعل هبل!» ئەمان بێدەنگ بوون، حەزرەت فەرمووی: بۆ جوابی نادەنەوە؟! وتیان: چی بڵێین؟ فەرمووی: بڵێن «اللّٰه أعلی و أجل، اللّٰه أعلی و أجل»، جا ئەبووسوفیان وتی: «إن لنا العزی ولا عزی لکم!»، حەزرەت فەرمووی: بڵێن «اللّٰه مولینا ولا مولی لکم». هەروا پاش ماوەیێ کافرەکان گەڕانەوە و کەوتنەڕێ بۆ مەککە و بە خۆشی دەرچوون.

جا حەزرەت ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە و زۆر دوعای شەڕی ئەکرد لەو کافرانە وەکوو بوخاری و ترمزی و نەسائی ریوایەت ئەکەن لە ئیبنوعومەرەوە رضی الله عنهما کە حەزرەت ئەیفەرموو: «اللّٰهم العن أبا سفیان، اللّٰهم العن الحارث بن هشام، اللّٰهم العن سهیل بن عمرو، اللّٰهم العن صفوان بن أمیة!!» وە تا چەن رۆژێ دەوامی کرد لەسەر دوعا کردن جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست نییە بۆ تۆ لە حوکمی قەزا و قەدەر هیچ شتێ کەم یا زۆر.

﴿ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ﴾

وە بە دەستی تۆ نییە ئەمە کە خودا تەوبەیان لێ قەبووڵ بکا، خودا خۆی ئەتوانێ کە تۆبەیان لێ قەبووڵ بکا کاتێ کە تۆبەیان کرد.

﴿أَوۡ يُعَذِّبَهُمۡ فَإِنَّهُمۡ ظَٰلِمُونَ ١٢٨﴾

یاخود بە دەستی تۆ نییە ئەگەر خودا عەزابیان بدا لە دنیادا یا لە قیامەتا؛ چونکی بە راستی ئەو کافرانە ستەمکارن.

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾

هەر بۆ خودایە پادشایی بەسەر هەرچی وا لە ئاسمانەکانا و هەرچی وا لە عەرزا.

﴿يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٢٩﴾

عەفو ئەکا ئەوەی خواستی لەسەر عەفوی هەبێ وە عەزاب ئەدا ئەو کەسەی خواستی لەسەر عەزابدانی هەبێ. وە خودای تەعالا میهرەبان و تاوانبەخشە.

جا لەفزی «أو یتوب» و «أو یعذبهم» بە نەسبەی ئاخریان بە تەقدیری عامیلی ناسیبە وە لەسەر تەئویلیان بە مەسدەر مەعتووف ئەبن لەسەر لەفزی «أمر» و تەقدیری کەلام «لیس لك من الأمر أو التوبة علیهم أو تعذیبهم شيء مطلقاً والكل راجع إلی اللّٰه تعالی».

جا لەبەر ئەوەی زیانی سوودخواردن زیانێکە ئەبێ بە هۆی مەحوبوونەوەی گەلێ خانەدان و گەلێ ئەولاد و نەتەوە وەکوو چۆن لە جەنگدا ئەم عالەمە ئەکوژرێ و کەس رەحم بە کەس ناکا. وە لەولایشەوە خودا ئیعلانی شەڕی کردووە لەسەر سوودخۆر، خودای تەعالا بە شوێنی رووداوی جەنگی ئوحودا ئایەتی مەنعی سوودخواردنی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ أَضۡعَٰفٗا مُّضَٰعَفَةٗۖ﴾

ئەفەرموێت: ئەی کەسانێ کە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خوداو پێغەمبەر سوود مەخۆن بە چەن قات زیاد لە سوودە دیاری کراوەکە لە ئەووەڵەوە، کە ئەم چەن قاتە

زیادەیش وەرئەگرن بە هۆی دووقات کردنەوەی سوود لە وادەی قەرزوەرگرتنا لە کابرای قەرزار.

ریوایەت کراوە لە عەتاء ئەڵێ: عەرەب وەختی خۆی ماڵیان ئەفرۆشت بە قەرز بە وادەی ساڵێ ـ مەسەلا ـ بە دە دینار، وە کاتێ وادەی قەرزەکە ئەهات مادام کابرا پارەی نەبوایە بیداتەوە ئەو دە دینارەیان ئەکرد بە دوازدە دینار ـ مەسەلا ـ وە لە وادەکەیشیان زیاد ئەکرد تا ئەبوو بە دوو ساڵ، وە لە ئاخری دوو ساڵەکەدا مادام کابرای قەرزار پارەی نەبوایە بیداتەوە ئەو دوو دینارە زیادەیانە ئەکرد بە چوار دینار و وادەکەیان پاش ئەخست بۆ سێ ساڵ، وە لە ئاخری سێ ساڵەدا زیادەکەیان ئەکرد بە هەشت دینار. ئەم موعامەلە ئەبوو بە خواردنی سوودی چەن قات زیاتر لە سوودە ئەسڵییەکە بە هۆی ئەو موزاعەفاتەوە. وا ئەبوو کابرای قەرزار چارەی نەئەما مەگەر لەو ولاتە رای بکردایە! جا خودای تەعالا مەنعی موسوڵمانانی کرد لە ئیستیمرار بەو یاسا ناهەموارەی زەمانی جاهیلیەتە و بە تەئکید ئەمری کرد بە تەقوا و پارێز لە عیقابی خودا و فەرمووی:

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ١٣٠﴾

واتە تەقوای خودا بکەن و تەرکی ئەم یاسا ناشیرینە بکەن، بەڵکوو خودا رزگارتان بکات.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِيٓ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ١٣١﴾

وە خۆتان بپارێزن بە هۆی پارێز کردن لە تاوانباری، لەو ئاگرە سەختە ناهەموارە کە بە تایبەتی ئامادە کراوە بۆ کافرەکان. واتە ئەساسەن خودا نایەوێ ئادەمیزاد عەزاب بدا مادام ئیمانی ببێ. هات و کافر بوو خۆی بۆ خۆی ئامادە ئەکا بۆ ئەو عەزابە نابارە. جا هەرکەسێ پارێزی نەکرد لە گوناح ئەوە خۆی کردووە بە هاوڕێی کافرەکان لە موبالات نەکردن بە گوناحا جا خودا عەزابی ئەدا.

یاخود ئەگەر ئینسان ـ خودا نەخواستە ـ موبالاتی نەکرد بە تاوان دڵی ڕەش ئەبێتەوە هەتا ئەندازەیێ قیمەتی فەرمانی خودای لەلا نامێنێ و ـ پەنا بە خودا ـ کافر ئەبێ. وە واقیعەن لەم حاڵەدا موستەحەق ئەبێ بە عەزابی جەهەننەم وەکوو کافرەکان.

ئەم ئایەتە ئیشارەیە بۆ لای ئەوە کە سوودخواردن پێش قەرەوڵی کوفرە، مادام کابرا دەوامی کرد لەسەر سوودخواردن غاڵبەن کافر ئەبێ.

﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ١٣٢﴾

وە فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەری خودا بکەن ڕجایە کە ڕەحمتان پێ بکرێ.

﴿وَسَارِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾

پەلەپەل بکەن بە بەجێهێنانی فەرمانی خودا بۆ ئەوە کە خودای ئێوە تاوانتان بپۆشێ.

﴿وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ﴾

وە پەلە پەل بکەن بۆ ئیستیحقاقی ئەو بەهەشتە گوشادە کە پانایییەکەی بەقەی پانایی ئاسمانەکان و عەرزە.

﴿أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ١٣٣﴾

کە حازر و ئامادە کراوە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن تەقوان و خۆیان پاراستووە لە کوفر و لە هەڵگرتنی تاوانی گەورە و لە ڕۆچوون بە خۆشەویستی دنیادا.

هەرچەن خودای تەعالا جێگەیێ دیاری مەعلووم نەکردووە بۆ بەهەشت بەڵام لە فەرموودەی حەزرەت ﷺ کە فەرموویەتی: «سقف الجنة عرش الرحمن» دەرئەکەوێ کە بەهەشت عالەمێکی زۆر گۆشاد و پان و درێژ بێ لە ژوور ئاسمانەکان و لە خوار عەرشەوە، هەروا لە ئایەتی چل لە سوورەتی ئەعراف: ﴿إن الذين كذبوا بآياتنا واستكبروا عنها لا تفتح لهم أبواب السماء ولا يدخلون الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط

وکذلك نجزي المجرمين﴾، وە لەو حەدیسا کە ئەبووزەڕی غەفاری ریوایەتی کردووە دەرئەکەوێ کە عەرز و ئاسمانەکان بە نیسبەتی کورسییەوە وەکوو حەڵقەیێکە لە سارایەکدا، وە کورسی نیسبەت بە بەهەشت وەکوو حەڵقەیێکە لە دەشتێکدا.

وەلحاسڵ خودای تەعالا لەم عالەمی مەوجوودی موعتەبەرەدا کە مەگەر خۆی بزانێ چۆنە و مەسافەی چەندێکە ئەم عەرز و ئاسمان و ئەستێرانەی دروست کردووە، وە لە ژووری ئەمانەوە کورسی و، لە ژووری کورسی و لە ژێر عەرشا بەهەشتی دروست کردووە. وە ئەم بەهەشتە ئێستە مەوجوودە خودا دروستی کردووە و ئامادەی کردووە بۆ ئەوانە کە موستەحەقی بەهەشتن، وە لە رۆژی قیامەتا ئەڕۆنە ناوی لەسەر تەقسیماتێکی شەرعی بە پێی عیلمی خودا بە جەزای عیبادی خۆی بە فەزڵ و ئیحسانی خۆی.

هەروا عالەمی جەهەننەم ئەویش موخلووقەو ئامادە کراوە بۆ ئەوانە کە ئیستیحقاقی عەزابیان هەیە لەو شوێنەدا کە خودا بڕیاری داوە.

جا خودای تەعالا بەیانی ئەو ئەهلی تەقوایە کردووە بە چەن سیفەت؛ [سیفەتی] یەکەم کە ئەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾

ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا لە وەختی هەرزانی و گرانی و لە کاتی لەش‌ساغی و بیماریدا. سیفەتی دووەم:

﴿وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ﴾

واتە ئەو خاوەن تەقوایانە کە رق و دڵگرانی خۆیان ئەخۆنەوە و دەری‌نابڕن. سیفەتی سێهەم وا لەم عیبارەتەدا:

﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ﴾

واتە ئەو خاوەن تەقوایان کە ئادەمیزاد عەفو ئەکەن لە ئازاردانیان لە کاتێکا تەوانایان هەیە کە ئازاریان بدەن بە مەحزی چاکە و ئیحسان‌کردن.

﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣٤﴾

وە خودای تەعالا چاکەکەرانی خۆش دەوێ. وە سیفەتی [چوارەم و] پێنجەم بەیان‌کراوە لە فەرموودەی:

﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٣٥﴾

واتە ئەو خاوەن تەقوایانە کە حاڵیان وایە هەرکاتێ کارێکی شەرم‌ئاوەری ناشیرینیان‌کرد وەکوو زینا کردن بێ یا ستەمیان لە خۆیان‌کرد بە تاوانێکی غەیری فەحشکاری وەکوو تەعەڕوز بۆ نەفس یا بۆ ماڵ یا بۆ پایەی کەسێ، بیری قاری خودای گەورە ئەکەنەوە و ئەپاڕێنەوە لە خودا و داوای عەفوی لێ ئەکەن و لەسەر کردەوە نابارە ناهەموارەکەی خۆیان دەوام ناکەن لەگەڵ عیلم و زانستا. وە لە حەقیقەتا کارێکی زۆر باش ئەکەن کە داوای عەفو لە خودا ئەکەن؛ چونکی کێ هەیە کە تاوان‌پۆش بێ بۆ بەندەکان غەیری پەروەردگاری میهرەبان؟.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ﴾

ئەو کەسانە کە ئەم سیفەتانەیان هەیە جەزایان عەفو و تاوان‌پۆشییە لە لایەنی خودای خۆیانەوە.

﴿وَجَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾

وە چەن بەهەشتێکە کە جۆباری زەلاڵ لە ژێریان رەوان ئەبێ.

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ﴾

وە حاڵی ئەو کەسانە کە ئەڕۆنە ناویان وەهایە بڕیاری دەوامیان بۆ دراوە لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە.

﴿وَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾﴾

زۆر جوانە پاداشی ئەوانە کە کردەوەی باشیان هەیە لەبەر رەزای خودای تەعالا.

بێدار بن! ئیستیغفار لەو ئایەتەدا بە نیسبەتی ئەو گوناهانە کە هەر حەقی خودان تەوبە و پەشیمان بوونەوەیە بە دڵ و عەزمە لەسەر ئەوە کە جارێکیتر نەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو تاوانە. وە ئەگەر حەقی موخلووقیشیان تێدایە وەکوو ئەوە کەسێ بکوژێ یا ماڵێ داگیر بکا ئەوە ئیستیغفار بە نیسبەتی ئەوانەوە عیبارەتە لە رەدی حوقووقی ماڵی، وە داوای عەفو لە خاوەن حەقی غەیرەماڵی ئەگەر لە فیتنە نەترسێ، بەڵام ئەگەر ترسا لە فیتنە وەکوو ئەوە جنێوی دابێ بە کەسێ یا حەقێکی وای لەسەر بێ ئەگەر دەری برێ ئاشووب پەیدا ببێ ئەوە شاردنەوەی پێویستە بۆ ئەوە کە تاوانەکەی نەبێ بە هۆی چەن تاوان.

﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ﴾


بە راستی رابوردووە لە پێش زەمانی ئێوەدا واقیعات و رووداوی زۆر کە خودای تەعالا رایبواردوون بەسەر ئوممەتی خاوەن ئیمان و ئوممەتی کافر و بێئیماندا، وە بەسەر ئوممەتی راساڵی راستکار و بەسەر ئوممەتی ستەمکارا.

﴿فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾﴾

جا بڕۆن بگەڕێن بە دنیادا تەماشا بکەن و مولاحەزەی ئاساری خەرابەی شاران و وێرانەی دیاران و نووسراوی ئەشکەوت و مەغاران بکەن، وە یا ئەگەر خوێندەوارن تەماشای مێژووی جیهان بکەن هەتا باش تێبگەن لەگەڵ ئەوەدا کە قیامەت جەزاخانەی ئادەمیزادە. هەرنەفسی ئەم جیهانەیش وەکوو دادگای عالەمی وایە و هەرکەسێ و هەر ئوممەتێ بە ئەنجامی خۆی ئەگا. کەوابێ ئەبێ بزانن تەنیا ئێوە لە جەنگی کافرانا گیرۆدەی کوشتن و برینداری نەبوون، بەڵکوو گەلێ پێغەمبەران لە بەنیئیسرائیل و غەیری بەنیئیسرائیل و ئەتباعەکانیان کەوتوونەتە جەنگەوە لەگەڵ کافرانا و گەلێکیان لێ کوژراوە بەڵام لە ئەنجاما سەرکەوتن هەر بۆ حەق و حەقیقەتە.

﴿هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٨﴾﴾

ئەم قورئانە کە ڕەوانەم کردووە بۆ سەر خۆشەویست بۆ دەستووری خۆی و پەیڕەوەکانی، بەیانە و ئەحکام ڕوونکەرەوەیە و هۆی شارەزا کردنە و ئامۆژگارییە بۆ ئەوانە کە عەقڵدارن و تەقوای خودا ئەکەن و ئەیانەوێ لە عەزاب و جەزای ئازارداری قیامەت ڕزگار ببن.




سست مەبن.

﴿وَلَا تَحْزَنُوا﴾

زویریش مەبن بەو کارەساتە کە تووشتان بوو لە ئوحودا.

﴿وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ﴾

وە ئێوە بەرزتر ئەبن بەسەر کافرەکانا.



ئەگەر دامەزراو بن لە دین و ئیمانی خۆتانا.

﴿إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ﴾

ئەی موسوڵمانەکانی رووداوی ئوحود، ئەگەر ئێوە برین و شکستەیەکتان تووش بوو لە ئوحودا.

﴿فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ﴾

کافرەکان شکستەیێکی وەکوو ئێوەیان تووش بوو لە رووداوی بەدرا.

﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾

وە ئەم ئەییام و زەمانە دائیر ئەکەین و رائەبوورێن لە بەینی ئادەمیزادا.

﴿وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ﴾

با عیلمی خودا تەعەللوق ببەستێ بەوانەتانەوە کە بە راستی خاوەن ئیمان و دامەزراوە لە نەفسی خۆیا و چەن شاهیدێ لە خۆتان وەکوو غەیری خۆتان بگرێ بۆ ئاگاداری لەسەر ئیمان و دامەزرانی حاڵتان. ئەمە زۆر بە سوودە بۆ راگرتنی مێژووی کارەساتەکانی جیهان و بۆ سەربەرزی رۆژی قیامەتیشتان. وە یاخود با خودای تەعالا چەن کەسێکتان بکوژێ لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئالای راستیدا هەتا بێجگە لە سەربەرزی دنیاتان لە رۆژی قیامەتا لەگەڵ ئەوانا حەشر بکرێن کە خودا نیعمەتی خۆی رژاندووە بە سەریانا لە پێغەمبەران علیهم السلام، وە لەوانە کە سدیق بوون: ئیمانیان بووە بە غەیب و باوەڕیان‌کردووە بە رەهبەرە سەربەرزەکان، وە لەوانە کە لە رێگەی خودادا بە خوێنی خۆیان رووی عەرزیان رەنگ کردووە، وە لەگەڵ ئەوانەدا کە بۆ خودا سوڵحاون. خودا لە هەموویان رازی بێ و لە ئێمەیش لەگەڵ ئەوانا.

بزانن! خودای تەعالا عیلمی هەیە بە هەموو شتێ «أزلاً و أبداً» بەڵام هەرچی رووئەدا بە سیفەتی رووداوی تازە دووبارە عیلمی خودا تەعەللوق ئەبەستێ پێیەوە و، هەرچی «لیعلم اللّٰه» و ئەمسالی ئەوە هەیە لە قورئانا لەسەر ئەم ئیعتیبارەیە.

﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾﴾

وە بە راستی خودا هەموو ستەمکارێ ئەبوغزێنێ و رقیەتی لێیان و ئەگەر ماوەیێ مۆڵەتیان بدا لە رۆژی خۆیا ئەیانگرێ و باش ئەیاندا بە عەرزا. خودا ئیمهالی هەیە بەڵام ئیهمالی نییە. پەنا بە خودا و بە میهرەبانییەکەی.

﴿وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَمۡحَقَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾﴾

وە ئەو کارەساتەی بەسەرتانا هێنا بۆ ئەوە کە خودای تەعالا موسوڵمانەکان پاك بکاتەوە لە تاوانێ کە لەسەریان بوو، وە لە ئەوهام و خەیاڵاتی غەیرە موناسب کە گومانی ئەوە بوو موسوڵمانان ناشکێن لە جەنگا. وە لە ئەنانییەت و خۆخۆش‌ویستن و مونافقەکان؛ چونکی ئەگەر رووداوی ئوحود نەبوایێ قابیل بوو بازێ کەس وا گومانی ببردایە کە عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول موسوڵمانە، بەڵام لەو رۆژەدا دەرکەوت کە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە؛ چونکە هەزار عوزری شڕۆڵەی ببوایە ئەو رۆژە رۆژی ئەوە نەبوو کە ئەو سوپایە کەم بکاتەوە بە ئەندازەی سێ‌یەك، وە ئەگەر گەورەیی دەروونی حەزرەت نەبوایە پاش ئەو رووداوی ئوحودە لە هەر هەلێکا ببوایە ئەبوو هەمووی دەربکردانایە لە مەدینەی مونەووەرە، با لەوە زیاتر ئەو بوومە پاکە شووم نەکەن. وە «بالآخرة» تا پاکیشیان بکاتەوە لە بێ‌ئەمری حەزرەت؛ چونکی بە ئاشکرا دیارە ئەگەر تیرئەندازەکان، پشتی سوپای حەزرەتیان چۆڵ نەکردایێ دوژمنەکان جەسارەتیان نەدەکرد بێن بۆ نزیکی حەزرەت یان بگەن بەو بەرزی و ددانەیە ئەوان بە سەریەوە بوون. پەنجا تیرئەندازی پاڵەوان کەم نییە کە لە شوێنێکی بەرزەوە تیر بخا لە دوژمنێ لە خوارەوە بەرزەوە ببن. بەڵام حیکمەتی خودا کەس نایزانێ خۆی نەبێ.

وە لە لام وایە حیکمەتی لە هەموو بەرزتر ئەوەبوو تا ریسالەتی پێغەمبەر ﷺ وەکوو رۆژ بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە دەربکەوێ ئەم زاتە چۆن لە ئینتیساراتی بەدرا

لەسەر حاڵی خۆی سابت بوو هەروەها لەم رووداوی ئوحودەیشا هەر نەگۆڕا و بە وێنەی پیاوێکی سەلاری سوپاسالاری دامەزراو عەزمی نەشکا و نەگریا بۆ حەمزە و بۆ خزمەکانی و بۆ ئەسحابە شەهیدەکانی، وە بە وێنەی پاڵەوانی نەبەز بەو خوێنەوە سوپایەکی رێکخست و کەوتە شوێن دوژمنەکانی هەتا وا حاڵی نەبن کە موحەممەد کەوتووە و بێدەست بووە، وە وا بزانن تازە هێزی رۆح و قەلبی موبارەکی کەوتووەتە پڕتەودان و ئامادەیە بۆ هەموو رووداوێکی وەها.

هەزاران سەلام لەو کەسەی وابێ	کە حوببی نەفسی لەلا نەمابێ
هەزاران سەلام لەو گەورە مەردە	کە پاڵەوانی رۆژی نەبەردە
هەزاران سەلام لەو شامەردانە	لە رووی جیهانا ئەبنە تاقانە
هەزاران سەلام لەو خوداناسە	کە خاوەن دین و ئایینی راسە
هەزاران سەلام لە مەردی تەواو	حەقناس، خوداناس، هەرگیز نەگۆڕاو
هەزاران سەلام لەوەی تێکۆشێ	تا جیهان بەرگی بەرزی بپۆشێ
سەلام لە خۆی و لە گشت یارانی	لە رێی خودادا فیداکارانی
کام یار؟ ئەوانە وەکووخەرمانە	بوون بە هەڵقەی ئەو ماهە تابانە
مەسعەب بە سەهلی لەگەڵ ئالادا	ئەگەرا بە دەور بەژنی بالادا
بەو سەعدە لەبەر ئازادی عەزمی	فەرمووی: «فداك أبي و أمي»
ئەبوودوجانەی جانانەی جوان	بەسەر حەزرەتا بووبوو بە قەڵغان!
زوبەیر وەکوو چەرخ ئەسووڕایەوە	هەتا ئاگرەکەی بۆ کوژایەوە
کوردێکم بە ماڵ بە رۆح و گیانم	بە قوربانی شای خاوەن پەیمانم
ئەو شاهە کەوا رەحمەتی عامە	رەهبەری رێگەی دینی ئیسلامە
«نامی» تا ماوە سەنا ئەخوێنێ	بەم شاها چونکی بەرزی ئەنوێنێ

جا خودای تەعالا روو ئەکاتە ئەسحابەکانی ئوحود و دەست ئەکا بە ئاموژگارییان لەسەر یاسای سونىنەتوڵلاو ئەفەرموێت:

ئادەمیزاد خواھ دینی بێ یا دنیایی بێ لە یاسای سونىنەتوڵلا دەرناچێ و لەو یاسانەیە کە خودا دایمەزراندووە ئەمە کە کۆمەڵێ دین‌خواھ پێویستە ماڵ و رۆح و عەلاقەیان بکەن بە فیدای ئەو ھەدەفە کە کەوتوونە شوێنی ئەگەرنا ناگەن بە غایەی خۆیان و ئەفەرموێت:

﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾﴾

واتە: یا خەیر باوەڕتان وەھا بوو کە موستەحەقی چوونە بەھەشت ببن وەلحاڵ هێشتا عیلمی خودا تەعەللوقی نەبەستووە بەوانەوە کە جیھاد ئەکەن لە رێگەی خودادا وە یا لە رێگەی خودا سەبر ئەکەن و خۆئەگرن لە بەر باری مەینەت و مەرارەتی دنیادا؟

﴿وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ﴾

وە بە راستی ئێوە بە داوای خۆتان ئارەزووی مردنتان ئەکرد لە رێگەی خودادا لە پێش ئەوەدا پێی بگەن.

﴿فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾﴾

دەی وا چاوتان‌کەوت بە مردن بە هۆی چاوپێکەوتنی برا کوژراوەکانتانەوە و ئێوە ئەتانڕوانی بۆیان. جا ئەگەر ئێوە لەو تەمەننا پێشووەدا راستتان‌کردووە ئیتر لەم کارەساتە بۆچی دلگران بوون؟ ئەو مردنە کە داواتان ئەکرد ئەمە بوو پێویست بوو پێتان خۆش بێ.

﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ﴾

موحەممەد هیچ کەسێ نییە ئیللا پێغەمبەرێکە کە لە پێش زەمانی ئەودا چەن پێغەمبەری دی رابوردوون.

﴿أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ﴾

ئایا ئەگەر ئەو بمرێ یا بکوژرێ ئێوە وەرئەگەڕێن لەسەر پاژنەتان بەرەودوا؟! واتە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفر (العیاذ باللّٰه)؟ ئەم جوملە تەعریزە بەو کەسانەیان کە شەیتان خستیە دڵیانەوە پاش بیستنی کوژرانی حەزرەت ﷺ چارەسەری خۆیان بکەن و پەنا بەرنەوە بۆ لای پیاوەگەورەکانی قورەیش. یاخود جەوابی ئەو واتە هەڵەیە کە بازێ لە موناففەکان لە بیستنی کوژرانی حەزرەتا وتی بە بازێ لە موسوڵمانەکان: هەتا زووە بڕۆن پەنا ببەن بە گەورەکانی قورەیش و بڕۆنەوە بۆ سەردینی ئەوان.

﴿وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا﴾

وەلحاڵ هەرکەسێ هەڵسووڕێتەوە لەسەر هەردوو پاژنەکانی و پاشە و پاش بڕوا (واتە مورتەد ببێتەوە) هیچ زیانێ بە بارەگای بەرزی کیبریای خودا نادا و هەرخۆی زیان ئەکا.

﴿وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾﴾

وە بە راستی خودا لەمەولا جەزای ئەو کەسانە ئەداتەوە کە شوکری خودایان کردووە لەسەر نیعمەتی ئیسلام و زەحمەتەکانیان بە رەحمەت زانیوە.

وە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئیشارەیە بە رووداوێ لە رۆژی حەربی ئوحودا، وەکوو ریوایەت کراوە لە عومەرەوە ﷺ فەرموویەتی: لە رۆژی واقیعەکەدا بڵاوەمان کردبوو وە دوورکەوتبووینەوە لە حەزرەت ﷺ و سەرکەوتم بە کێوەکەدا لەو کاتەدا بیستم

دەنگێ لە ناو کافرەکانەوە هات بەم شێوە: «موحەممەد کوژرا»! منیش بانگم کرد: هەرکەسێ بڵێ موحەممەد کوژرا ئەدەم لە گەردنی! کە روانیم چاوم کەوت بە حەزرەت ﷺ وە ئەسحابەکان مەشغووڵ بوون ئەگەڕانەوە بۆ دەوری، لەو کاتەدا یەکێ بانگی ئەکرد: «ألا إن محمداً قد قتل فارجعوا إلى دينكم الأول» وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەوە هاتووەتە خوارەوە.

وە بەیهەقی لە «دلائل النبوة»دا ریوایەت ئەکا: کە پیاوێ لە موهاجیرین رابورد بە لای یەکێ لە ئەنسارا لە ئاخر ئەنفاسا لە نزیکی مردنیا ئەمیش پێی وت: موحەممەد کوژرا! جا ئەنسارییەکە ﷺ فەرمووی: ئەگەر کوژرابێتیش قەی ناکا، ئەو دینەکەی تەبلیغ کرد و گەیاندی! دەبڕۆن ئێوەیش جەنگ بکەن و دیفاع بکەن لە دینی خۆتان، وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەوە هاتەخوارەوە و مانیع نییە لەسەر هەردوو سەبەبەکە نازڵ بووبێ.

﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ﴾

جا خودای تەعالا لۆمەی ئەو کەسانە ئەکا کە لە مردن و کوژران ئەترسن و لە رۆژی رووداوەکەدا دوورکەوتنەوە لە حەزرەت ﷺ نەکا بکوژرێن، وە ئەفەرموێت: بۆ هیچ نەفسێ و هیچ گیانلەبەرێ مردن نییە ئیللا بە خواستی خودا نەبێ. وە خودا مردنی گیانلەبەری نووسیوە بە نووسینێکی موەقەت و بڕیاردراو لە ئانێکی دیاریدا کە بەرو دوا ناکا.

﴿وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْءَاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ﴾

جا ئیتر هەرکەسێ هەر خێر و سوودی دنیای ئەوێ و نایەوێ تێکۆشێ و جیهاد بکا لە رێگەی دینا ئەوە سوودی دنیای پێ ئەدەین، وە هەرکەسێ خێر و سوودی

پاشەڕۆژی ئەوێ و خۆی ئەهاوێتە ناو کۆڕەی جیهاد و جەنگەوە لە بۆ سوودی پاشەڕۆژ ئەوە لە سوودی ئەو ڕۆژەی پێ ئەدەین.

﴿وَسَنَجْزِي ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾﴾

وە لەمەولا جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە مەشغووڵی شوکری خودان و هیچ مەبەستێ دووریان ناخاتەوە لە جیهاد کردن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە ئەڵێ کە خودای تەعالا بۆ هەر گیانلەبەرێ ماوەیەکی تایبەتی داناوە کەم و زیاد ناکا و ئەجەل عیبارەتە لە هاتنی ئاخری ئەو ماوە، وە مەعلوومە کە عیلمی خودا بە قەتعی ناگۆڕێ، کەوابێ ئەجەل یەکێکە و هەرچەن ئینسان خۆی بپارێزێ لە مردن ئەبێ لەو کاتەدا بمرێ و خۆپاراستن شتێکە عادەتە و یاسایە و فەرمانی پێ دراوە؛ چونکی ئێمە سوود و زیان بە زاهیر جیا ئەکەینەوە و کەسیش نازانێ بە چی ئەمرێ «بناء علیه» لە زیان خۆمان لائەدەین ئەگەرنا ئەو خۆلادانە ئەبەدا بە قەی مووێ سوودی نییە.

﴿وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ﴾

زۆر پێغەمبەر بوون لەمەوپێش کە جیهاد و جەنگیان ئەکرد لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەدا کۆمەڵێکی خوداناسی زۆر.

﴿فَمَا وَهَنُواْ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

وە هەرکاتێ جەنگیان ئەکرد عەزمیان سست نەدەبوو لەبەر ئەو زەحمەتانە ئەگەیشتن بەوان لە ڕێگەی خودادا.

﴿وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا ٱسْتَكَانُواْ﴾

وە زەعیف نەدەبوون بەرابەر بە دوژمنەکەیان و سەریان شۆڕ نەدەکرد بۆ دوژمن.

﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٤٦﴾

وە خودای تەعالا بە راستی ئینسانە سابیرەکانی خۆش ئەویٚ.

﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُواْ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِيٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ١٤٧﴾

وە ئەو کۆمەڵە خوداناسانە لەگەڵ ئەو عیبادەت و تاعەتەیانا وتاریٚکیان نەدەبوو ئیللا ئەمە نەبیٚ ئەیانوت: خودایە گوناحەکانمان بە عەفوی خۆت داپۆشە و عەفوومان بکە لە زیادەڕەوی لە ئیشی خۆمانا و پیٚمان دابمەزریٚنە لە جیهادا و یارمەتیمان بدە و زاڵمان بکە لەسەر ئەو قەومە کافرە بیٚدینانە.

﴿فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾

جا خودای تەعالا بە هۆی ئەو پاڕانەوەیان لە مەیدانی عوبوودییەتا جەزای دنیای پیٚدان کە بریتییە لە غەنیمە و ماڵی تالاٚنی و چاوکرانەوەی ئادەمیزادی ساغ. وە سەوابی جوانی ئاخیرەتیش کە ڕەزای خودا و عوبوورە بە ئاسانی لەسەر سیرات و چوونە بەهەشتە.

﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ١٤٨﴾

وە لە واقیعا خودا پیاوچاکان و چاکەکەرانی خۆش دەویٚ.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾.

ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی ئەو موسوڵمانانەدا کە لە ڕۆژی ئوحودا موونافقەکانی ئەتباعی عەبدوڵلاٚی کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول پیٚیان ئەوتن بگەڕیٚنەوە بۆ لای دینی خۆتان و براکانتان لە ولاٚتی خۆتانا، وازبیٚنن! ئەگەر موحەممەد پیٚغەمبەر بوایێ نەدەکوژرا و ئیٚوەیش گیرۆدە نەدەبوون، جا خودا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا و پێغەمبەری ئەو! ئەگەر ئێوە ئیتاعەی بازێ لەو ئنیسانە کافرانە بکەن ئەوە پاشەوپاش ئەتانگەڕێننەوە بۆ سەر کافری و ئێوەیش لە سوود و قازانج نائومێد ئەبن. قەت نەخەڵەتابن بکەونە شوێن قسەی ئەو کافرانە و لەسەر حاڵی ئیمانی خۆتان دامەزراو بن!

﴿بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ﴿١٥٠﴾﴾

بەڵکوو هەر خودای تەعالا خۆی مەولا و سەییدە و ئەو چاك ناسیر و یارمەتیدەرێکە.

فەرموودەی خودا: ﴿سَنُلْقِي﴾.

ریوایەت کراوە لە سوودەیی و ئیبنوعەباسەوە ﵄: کاتێ ئەبووسوفیان و کافرە موشریکەکان باریانکرد و رووبەڕووی مەککە کەوتنە رێگە رۆیشتن هەتا ماوەیێ لە پاشا پەشیمان بوونەوە لە گەڕانەوەکەیان وتیان: ئیشێکی نابارمانکرد! زاڵ بووین بە سەریانا و ئەو هەموو پاڵەوانانەمان لێ کوشتن ئەم چەن کەسە ماون بۆچی وازیان لێ بێنین؟! یاڵڵا بگەڕێنەوە بۆ مەدینە هەتا بە تەواوی قەلاچۆیان ئەکەین! بەڵام کاتێ کەوتنە رێگە رووبەڕووی مەدینە خودا ترسێکی وەهای خستە دڵیانەوە نەیانتوانی رێبکەون دووبارە روویانکردەوە مەککە.

جا لەم هۆیەوە خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًاۖ﴾

واتە بە تەئکید و بە راستی ئەهاوینە ناو دڵی کافرەکانەوە ترس و بیم کە نەتوانن بێنەوە بۆ سەرتان، ئەمەیشم لەسەر ئەوە کرد کە ئەوان شەریك بۆ خودا بڕیار ئەدەن وە لەسەر ئەم کارە خودای تەعالا هیچ دەلیل و هیچ حوجەتێکی بۆ نەناردوونەتە خوارەوە.

﴿وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ﴾

وە لە پاشەڕۆژیشا ماوایان ئاگری دۆزەخە.

﴿وَبِئْسَ مَثْوَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٥١﴾﴾

وە زۆر ناشرینە مەڵبەندی ستەمکاران کە دۆزەخە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ﴾.

موحەممەد کوڕی کەعبی قورەزی ئەڵێت: کاتێ حەزرەت ﷺ و ئەسحابەکان گەڕانەوە بۆ مەدینە لە ناو خۆیانا کەوتنە وتوویژ کە ئەم نەگبەتە چۆن هات بە سەرمانا (مع أنه) خودای تەعالا وەعدەی نەسرەتی پێدا بووین؟ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد: کە ئێوە خۆتان لاتان دا لە فەرمانی پێغەمبەری خودا، ئەگەرنا خودا نەسرەتی پێدان، وە فەرمووی:

﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ﴾

بە راستی خودا وەعدەی خۆی بۆ ئێوە جێبەجێ کرد لەو کاتەدا کە ئەتاندا لە دوژمنەکان و ئەتانکوشتن و شوعوور و حیستان پێ نەدەهێشتن بە ئیزنی خودا.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ﴾

هەتا خۆتان زائیف بوون و بێهێز کەوتن.

﴿وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ﴾

وە کەوتنە نیزاعەوە لە بە جێ‌هێنانی ئەمری حەزرەتا؛ بازێکتان ئەتانوت ئەمرەکەی حەزرەت مەشکێنن و بازێکتان وتتان نابێ ئێمە نەڕۆین بۆ غەنیمە و پیتاڵی دوژمنەکان.

﴿وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَۚ﴾

وە عیسیانتان کرد و لە فەرمانی حەزرەت دەرچوون پاش ئەوە کە خودا ئەوەی نیشان دان کە ئێوە پێتان خۆش بوو وەکوو نەسرەت و زاڵ بوون بە سەر دوژمنەکانا.

﴿مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ﴾

بازێکتان خواستی لەسەر ماڵی دنیا بوو، وە بازێکتان خواستی لەسەر جەزای قیامەت بوو.

﴿ثُمَّ صَرَفَكُمۡ عَنۡهُمۡ﴾

لە پاش ئەم نیزاعە خودا دەستی ئێوەی لابرد لەسەر کافرەکان و ئەوانی زاڵ کرد بەسەر ئێوەدا.

﴿لِيَبۡتَلِيَكُمۡۖ﴾

بۆ ئەوە بەراوردتان بکا و دەربکەوێ کێیە خۆی ئەگرێ لەبەر ئازار و بێزاری نامەدیدا و کێ سەبر ئەکا لەسەر بریندار بوونی خۆی و کوشتنی خزم و خوێشی و تانەی ناحەزەکانی، وە بۆ ئەوە سافتان بکا و باش تێتان بگەیەنێ کە بەختیاری وا لە یەکیەتی و فەرمانبەرداری و دینداریدا.

﴿وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ﴾

وە بە رەغمی ئەم هەموو موخالەفەیە خودا عەفوی کردن و چاوپۆشی لێ کردن؛ چونکی موسوڵمانن.

﴿وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٥٢﴾

وە خودایش خاوەن کەرەمە لەسەر موسوڵمانەکان.

﴿إِذۡ تُصۡعِدُونَ وَلَا تَلۡوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٖ﴾

خودا دەستی ئێوەی لابرد لەسەر دوژمنەکان و ئەوانی زاڵ کرد بەسەرتانا لەو کاتەدا کە سەرئەکەوتن بە کێوەکەدا و سوپاگای خۆتان بەجێ‌هێشت، وە ئەوەندە پەرێشان و بێ‌وره بوون ئاوڕتان نەئەداوە بەلای هیچ کەسێ لە رەفیقەکانتانا.

﴿وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ فِيٓ أُخۡرَىٰكُمۡ﴾

وەلحاڵ حەزرەتی پێغەمبەری خۆشەویست بانگی پێشووەکانتانی ئەکرد لەگەڵ تاقمی دواییتانا کە بگەڕێنەوە بۆ مەیدانی جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانا.

﴿فَأَثَٰبَكُمۡ غَمَّۢا بِغَمّٖ﴾

جا خودای تەعالا جەزای دانەوە لەسەر ئەم حاڵە نابارەتان بە غەمی بریندار بوونێ کە ئەلکا بە غەمی کوشتنەوە، یاخود جەزای دانەوە بە غەم و میحنەتێ لە بەدەل و باتی ئەو غەمە کە گەیانتان بە دڵی پێغەمبەر ﷺ. واتە بە زنجیرەی لەیەك نەبڕاو چەن غەمی هێنا بەسەرتانا: غەمی عاری راکردن لەبەرابەر دوژمن، وە غەمی لە دەس دەرچوونی غەنیمەی کافرەکان، وە غەمی ئەوە کە ماڵی خۆیشتان کەوتە دەستی ئەوان، وە غەمی بریندار بوون، وە غەمی کوژرانی پیاوە پاڵەوانە فیدائیيەکانتان، وە غەمی تانەی مونافقەکانی شاری مەدینە و تانەی جوولەکەکانی ئەو دەورو بەرە هەموو ئەم کارەساتەتان تووش بوو لەسەر نافەرمانی پێغەمبەر ﷺ. وە ئەم هەموو میحنەتەی دا بە سەرتانا هەتا قاڵ بین و چاو بکەنەوە و بزانن بەرزی بە خواستی خودایە و بە فەمانبەرداری رەسولەڵڵایە.

﴿لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَـٰبَكُمْ ۗ﴾

هەتا جارێکیتر دڵگران و زویر نەبن لەسەر ئەو ماڵەی کە لە دەستان دەرچێ و لەسەر ئەو مەینەتە و ئەو میحنەتە و بریندار بوون و کوژرانە کە تووشتان بووە یا تووشتان ئەبێ؛ چونکی کاتێ ئینسان کەوتە کوورەی کۆڕی کۆمەڵەی دوژمنانەوە ئەوەندەی کارەسات بەسەرا دێ کە مردن و زیانکردن ئەبێ بە شتێکی عادەتی و موبالاتیان پێ ناکا.

﴿وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٥٣﴾﴾

وە خودای تەعالا بە هەموو حاڵ و لە هەموو کات و شوێنێکا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم﴾.

ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتی کردووە لە زوبەیری کوڕی عەوام ئەڵێ لە کاتی میحنەتی رۆژی ئوحودا کە ترس زۆر داگیری کردبووین خەو دایگرتین کۆمەڵێ بووین هەموو لە قەرارگای خۆمان هەموو چەناکەمان دانەوی بۆ سینەمان بە خودا وەکوو خەو ببینم گوێم لێ بوو کە «معتد» کوڕی «قشیر» ـ لە موناففقەکان ـ ئەیوت: «لو كان لنا من الأمر شيء ما قتلنا هنا. فحفظتها».

واتە ئەگەر ئێمە لە ئەمری ریسالەت و قودسییەت بەشێکمان ببوایێ لەم شوێنەدا نەدەکوژراین. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە:

﴿ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنۢ بَعْدِ ٱلْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَىٰ طَآئِفَةً مِّنكُمْ ۖ﴾

پاش ئەو ترس و بیمە خودای تەعالا بە کەرەمی خۆی ئەمن و ئاسایشی نارد بۆتان بە نەوعێ سەرەوەنەوز گرتنێ تاقمێکتانی داگیرکرد.

﴿وَطَآئِفَةٌ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ﴾

وەلحاڵ تاقمێکیشتان غەمی نەفسی خۆیان داگیری کردبوون.

﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ﴾

گومانیان ئەبرد بە خودای تەوانای زانا بە ناحەق بە بازە گومانێ کە موناسبی زەمانی جاهیلییەت و کوفر بوون.

﴿يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ﴾

ئەیانوت: ئایا ئێمە لە نەسرەت و زەفەر بەشمان هەیە؟ وە یاخود لە رزگار بوون لەم غەم و قارە هەلێکمان هەیە؟

﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ﴾

تۆ بلێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: بە راستی هەرچی ئیشە هەمووی عائیدی خوایە.

﴿يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ﴾

ئەشارنەوە لە دڵی خۆیانا حاڵێ لە ئینکاری نوبووەت و عەناد لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانانا کە دەری ناخەن بۆ تۆ.

﴿يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ﴾

ئەڵێن لە دڵی خۆیانا و لە ناو خۆیانا کاتێ کە موسوڵمانی ساغ لە ناویانا نەبێ: ئەگەر ئێمە بەشێکمان ببوایێ لە نەسرەت و لە پایە لە لای خودا لەم شوێنەدا نەدەکوژراین.

ریوایەت کراوە ئەم قسە لە لایەنی گەلێ شەرکەرەوە نەبووە بەڵکوو قسەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بووە و لەبەر ئەوە کە غالبەن تێکەڵی ئەسحابەکان بووە بە نیفاق، سیاقی کەلامەکە وای لێ دەرئەکەوێ کە لەوانەوە بووە.

﴿قُل﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست.

﴿لَّوۡ كُنتُمۡ فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ﴾

ئێوە هێشتا لە مەعنای قەزا و عیلم و زانستی خودا حاڵی نەبوون و، ئاگاتان لەوە نییە کە خودا ئاگادارە بە هەرچی کەم و زۆرە و هەر گیانلەبەرێ بڕیاردراوە کەی گیانی دەرئەچێ و لە کوێ ئەمرێ، وە هەر خودا بەمە ئەزانێ و هەرکەسێ غەیری خودا ئەمە بزانێ ئەوە لە خۆیەوە نییە بەڵکوو بە ئیحا و ئیلهامی خودایە و مەحاڵە ئەوەی کە خودا عیلمی پێی بووە بگۆڕێ. وە ئەم خۆپاراستنە کە یاسایە لەبەر ئەوەیە ئێمە نازانین کەی ئەمرین و بە چی ئەمرین و بەقەی هۆشیاری خۆمان ئەزانین هۆی مردن و ژیان و هۆی سوود و زیان چییە. جا لەسەر یاسای دین و لەسەر نیزاعی عەقڵ حەول ئەدەین و پێویستە حەول بدەین بۆ جەلبی خێر و بۆ دەفعی شەڕ، ئەگەرنا لە واقیعا ئەم جەلب و دەفعی ئێمە تەئسیر ناکا لە بڕیاری قەزای خودادا بە قەتعی «لا مانع لما أعطى ولا معطي لما منع ولا راد لما قضى».

کە واتە ئەگەر لە ناو ماڵی خۆیشتانا ساکن بووناین لەو ڕۆژی جەنگەدا ئەو کەسانە کە نووسراوە لە سەریان ئەکوژرێن لەو شوێنانا، ئەبوو بڕۆنە دەرەوە بۆ شوێنی کوشتنەکەیان و لەویا ماوەی ژیانی خۆیان تەواو بکردایێ.

﴿وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ﴾

جا خودا ئەم کارەساتەی هێنایە پێشەوە و ئێوەی گیرۆدە کرد هەتا ئەوەی وا لە دڵتانا لە ئیمان و پەیمان و هێز، هەمووی بەراورد بکا بە نەوعێ لە عالەما دەربکەوێ.

﴿وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۗ﴾

وە تا ئەو عیلم و تەسدیق و باوەڕە کە وا لە دڵتانا سافی بکا و پاکی بکاتەوە لە وەسوەسە و تەڕەدود و دوودڵی.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾﴾

وە خودای تەعالا زانایە بەو خەیاڵاتە کە دێن و ئەچن لە دڵا.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ ﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە لە ئەووەڵی شکانی موسوڵمانانا پشتیان هەڵکرد و ڕۆیشتن و سوپاکەیان پەرێشان کرد ئەوە ئیبلیس هەڵی خەڵەتاندن بە هۆی شوومی بازێ تاوانەوە کە بریتی بوون لە بێئەمری حەزرەت ﷺ و تەرکی قەرارگای خۆیان و چۆڵکردنی پشتی سوپاکە و پشتی پێغەمبەر ﷺ.

﴿وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٞ ﴿١٥٥﴾﴾

بە ڕاستی خوا عەفوی کردن؛ چونکی بە ڕاستی خودا تاوانپۆش و میهرەبانە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ إِذَا ضَرَبُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ كَانُواْ غُزّٗى لَّوۡ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ ﴾

ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە، وەکوو ئەو مونافقانە مەبن کە کافرن و کوفری خودای تەنها ئەکەن و حاڵیان وایە ئەڵێن دەرحەق بە برایان و برادەرانیان ـ کاتێ کە بڕۆن بۆ تیجارەت بە دنیادا یا ئەگەر جیهاد بکەن ـ: ئەگەر لە لای ئێمەدا بوونایێ نەدەمردن لە وڵاتی غەریبیدا و نەدەکوژران لە جەنگدا. وە ئەم قسەیش لەبەر ئەوە ئەکەن:

﴿لِيَجۡعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسۡرَةٗ فِي قُلُوبِهِمۡۗ ﴾

هەتا خودا ئەم قسەیە و ئەم باسە بکا بە هۆی حەسرەت و غەم لە دڵی ئەو برایانە ـ ئەوانەیان کە ماون ـ یا لە دڵی خزم و خوێشیانا.

﴿وَٱللَّهُ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ﴾

هەر خودایە ئەو کەسە کە زیندوو ئەکاتەوە و ئەمرێنێ.

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ١٥٧﴾

وە خودا بینایە، کردەوەکەتان ئەبینێ.

﴿وَلَئِن قُتِلۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوۡ مُتُّمۡ﴾

وە ئەگەر بڕۆن بۆ جیهاد و بکوژرێن لە رێگەی خودادا یا خود بمرن بە مردن لە رێگەی ئەوا.

﴿لَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحۡمَةٌ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ١٥٧﴾

ئەوە مەعلوومە خودا تاوانتان دائەپۆشێ و میهرەبانیتان لەگەڵدا ئەکا وە دیاریشە عەفوو تاوان بەخشییەك لەلایەنی خواوە و میهرەبانییەك لە تەرەفی ئەوەوە زۆر باشترە لەو ماڵی دنیایە کە ئەوان گردی ئەکەنەوە. خۆلاسەی کەلام غەزا کردن و سەفەرکردن نابن بە هۆی نزیك کردنەوەی ئەجەل، وە ئەگەر هات و ئینسان مرد یا کوژرا لە رێگەی خودادا دیارە کە خودا عەفوی ئەکا و ئەو عەفو و میهرەبانی خودایە زۆر باشترە لەوەی ئەوان گردی ئەکەنەوە.

﴿وَلَئِن مُّتُّمۡ أَوۡ قُتِلۡتُمۡ لَإِلَى ٱللَّهِ تُحۡشَرُونَ ١٥٨﴾

وە بە راستی ئەگەر ئێوە بمرن یاخود بکوژرێن لە رێگەی خودادا ئەوە لە ئەنجاما ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا و لەسەر وەعدەی خۆی جەزای باش و پایەی بەرزتان پێ ئەدا و ئەو پایە لە هەموو مایە و غایەیێ باشترە.

﴿ فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ ﴾

ئەی خۆشەویست لە هۆی رەحمەتی خوداوە تۆ نەرم بوویت بۆ ئەو رەفیقانەت.

﴿وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا﴾

وە ئەگەر تۆ ئینسانێکی خوو و رەوشت ناشیرین بوویتایێ.

﴿غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ﴾

وە ئەگەر دڵڕەق بوویتایێ.

﴿لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ﴾

ئەم رەفیقانەت بڵاوەیان ئەکرد لە دەورت، مادام ئێستە خودای تەعالا تۆی وەها بە خاوەنی ئەخلاقی بەرز کردووە.

﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ﴾

چاوپۆشییان لێ بکە لە هەر کردەوەیەکدا کە پەیوەندی هەیە بە تۆوە.

﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ﴾

داوای جورمپۆشی بکە لە خودا بۆ هەر تاوانێکیان وا لە بەینی خۆیان و خودادا.

﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ﴾

وە داوای راوێژیشیان لێ بکە لە کار و باری جەنگ و سوڵح و ئیدارەی شوئوونتا.

﴿فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ﴾

جا پاش راوێژەکە کاتێ عەزمت جەزم بوو لەسەر ئیشێ بیکەی ئیتر تەوەکول ببەستە بە خودا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ ١٥٩﴾

بە راستی خودای تەعالا خاوەن تەوەکولەکانی خۆش ئەوێ.

﴿إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡۖ﴾

ئەی موسوڵمانان ئیعتیماد و تەوەکولتان هەر لەسەر خودا بێ ئەگەر ئەو نەسرەت و یارمەتیتان بدا هیچ کەس زاڵ نابێ بەسەرتانا.

﴿وَإِن يَخۡذُلۡكُمۡ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ﴾

وە ئەگەر ئەویش مەنعی یارمەتیتان بکا ئیتر ئەوە کێیە بتوانێ نەسرەتی ئێوە بدا لە پاش موبالات نەکردنی ئەو؟

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٦٠﴾

با هەر لەسەر خودا پاڵ بدەنەوە موسوڵمانەکان، ئەگەرنا چاوتان کەوت بە عالەم، بە دۆست و دوژمن، بە سادق و موناف‍ق، و دەرسی بەرزی بەختیاریتان وەرگرت.

بێدار بن! لەمەدا کە خودا فەرمووی: ﴿وشاورهم في الأمر فإذا عزمت فتوكل على اللّٰه﴾ دەرکەوت کە مەعنای تەوەکول ئیعتیمادە لەسەر خودا لە پاش سەبەبسازی و راوێژ وەرگرتن و ئامادەبوون بۆ کار. (جا رەحمەت لەوەی ئەڵێ):

ئەگەر نازانی مەعنای تەوەکول	دوو قسەی سافە بێتۆزو توێکڵ
سەبەبسازییە تا وای لە روودا	بێنیازیشە لە غەیری خودا
یانی هەر خودا ئەسباب جەم ئەکا	ئەویش «مسبِّب مُسلِّم» ئەکا
تۆ پێویستە بۆت چۆن رێکەوێ بۆت	تێکۆشی لە بۆ بسەختیاری خۆت
ئەمجار بۆ کەشفی مانای تەوەکول	وەربگرە دەرسی «سید الرسل»
بڕە تەماشای ئەسبابسازی ئەو	لە غەیری خودایش بێنیازی ئەو
دەرسی فەرموودە و کارو رەفتاری	دەرسی دەوامی لەیل و نەهاری
چەك جەمکردنی رم و شیرو تیر	راوێژ کردنی بە ئەهلی تەدبیر
سەبرو ئارامی هەنگاوەکانی	موداری لەگەڵ هاوماڵەکانی

سەفای دەروونی و وەفای بۆ یاران — دەرمانی زامی دڵ برینداران
بەخشینی ماڵی بە گوێرەی ئیمکان — دووری لە تەماع لە پەلە و تەکان
دەوامی لەسەر باری سەلامەت — یانی تێکۆشین بە ئیستیقامەت
ئەیفەرموو لەگەڵ دەروونی ئاگاه: — «و أفوض أمري إلى اللّه»
بە هەڵە نەڵێی مەعنای تەوەکول — پاڵدانەوەیە عاتڵ و باتڵ
وەکوو لاتەکان لە بەغدادا زوو — بڵێ: «زەردالوو خۆت بێ بۆ گەلوو»
خۆت بکەی بە بار بۆ شانی عالەم — ببی بە بەندە بۆ هەرزە ئادەم
بڕوانە مێژووی رەهبەرانی دین — مێژووی هۆشیاران لە رووی سەرزەمین
هەموو تێکۆشان بە قەی دەستەڵات — لە بۆ سەربەرزی لە رووی سەربەسات
ئادەمی نازی لە رووی جیهانا — بە بێ تێکۆشین لە رێگەی شانا
شان پایە و مایە و سایە و ژیوارە — پاسەوان گەورەی عەدالەت کارە
ئەوەی کە بنوێ سەر لە سەبەینێ — ئەبێ خێرۆمەن نانی بۆ بێنێ
تا شانت هەیە تێکۆشە بۆ نان — تا نانت هەیە بیدە بە ئیحسان
هەرگیز نەڕوانی بۆ تۆڵە و پاداش — هەتا رەنجەکەت نەڕوا بە بەلاش
تۆڵە و جەزای تۆ لە لای خودایە — بە مەبەستی تۆ تەواو ئاگایە
هەتیوێکت دی لەویا کەوتووە — بێکەسە و بێدەس بابەی مردووە
داماوێکت دی لە لاکۆڵانێ — بێ پایە و مایە ئەمرێ بۆ نانێ
یارمەتیدەر بە هەتا ئەتوانی — نەکا بکەوی و بە خۆت نەزانی
کوێرێکت بینی دەستی راکێشە — کوێری ئەنجامە لە بۆ چاوئێشە
نەك بە چاوێشە کوێربن چاوانت — جا پاش بکەوی لە رێڕەوانت
تەنیا ئیخلاسە سایێنی ئیسلام — تەنیا خزمەتە رێی «دارالسلام»
خزمەتی خەڵکە هۆی پایە و شانت — خزمەتە خزمەت هێزی ئیمانت
«نامی» دڵسۆزە دەرسی وەربگرن — بە سوودە بۆتان پاش کاتی مردن

فەرموودەی خو دا ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە باسی چەرچەفێکی سوورا کە ون بووە لە ناو غەنیمەدا لە رۆژی بەدرا. جا بازێ کەس وایان ئەزانی کە حەزرەت ﷺ ئیختیاری کردووە بۆ خۆی! لەسەر ئەمە خودا فەرمووی:

﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾

واتە نەبووە و نابێ بۆ پێغەمبەر کە شتێ بە غەیری شێوەی تەقسیمی عادڵ وەربگرێ بۆ خۆی لە غەنیمە بەر لە تەقسیم، کەسێ شتێ وەربگرێ بۆ خۆی عەیبە، ئەمە دوورە لە ئەخلاق و رەوشتی پێغەمبەری خودا ﷺ قەت شتی وا ناکا وە هەرکەسێ شتێ ببا بۆ خۆی لە رۆژی قیامەتا ئەینێ بەسەر شانیەوە ئەیهێنێ بۆ مەیدانی حسێب و شەرمەزار ئەبێ.

﴿ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦١﴾﴾

وە لە پاشان هەر نەفسێ بۆی تەواو ئەکرێ جەزای ئەو کردەوانە کردوویەتی لە چاکە و لە خراپە و ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ.

﴿أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَن بَاءَ بِسَخَطٍ مِّنَ اللَّهِ﴾

ئایا کەسێ بکەوێتە شوێنی رەزای خودا و تاعەت و بەندەیی ساغی بۆ بکا وەکوو ئەو کەسە وایە کە ئەگەڕێتەوە بە بارێ لە نارەزایی خودا؟!

﴿وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٦٢﴾﴾

وە جێگەی ئەو کەسە دۆزەخە و خراپ مەڵبەندێکە دۆزەخ.

﴿هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٣﴾﴾

خاوەن کردەوە خراپەکان خاوەنی چەن پایە و پلەی جیاجیان، هەروا خاوەن کردەوە باشەکانیش هەم خاوەن پلەو پایەی زۆری جیاوازن و بە هەرحاڵ خودا بینایە بە کردەوەکانیان.

﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾

خودا منەت و کەرەمی رژان بەسەر موسوڵمانانا.

﴿إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾

لەو کاتەدا کە ناردی لە ناو ئەواندا پێغەمبەرێ لە رشتەی خۆیان.

﴿يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ﴾

وە ئایاتی خودایان بەسەرا ئەخوێنێتەوە بۆ ئیرشادیان ئەلای خێر و لادانیان لە تاوانباری.

﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾

وە پاکیان ئەکاتەوە لە بیر و باوەڕی ناپەسەند و لە خوو و رەوشتی پەست و لە کردەوەی ناشیرین.

﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾

وە کوتوبی خودا و سونەتی پاکی پێغەمبەر نیشان ئەدا بەوان.

﴿وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾﴾

هەرچەن ئوممەتە لە پێش هاتنی ئەم پێغەمبەرە رەهبەرەدا لە ناو گومڕاهییێکی دیاریدا بوون لە باوەڕی ئیشراك و کردەوەی ناپاك و رەوشتی پەست.

فەرموودەی خودا: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم﴾ تاچەن ئایەتێ.

ئیبنوئەبی‌حاتەم ریوایەتی کردووە لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﷺ کاتێ لە ساڵی ئایندەی پاش ڕووداوی بەدرا خودا ئیرادەی کرد کافرەکان تۆڵەی ئەوە بسێننەوە کە کردمان لە ساڵی بەدرا و حەفتا کەسمان لێ کوژرا و ڕەفیقەکانی حەزرەت ﷺ رایان‌کرد و دانی «رباعیه» (دانی تەنیشتی دانی خرێ لای خواروو لە لای راست)ی دەمی حەزرەتەوە شکا و خوودەی سەری شکا بە یەکا و خوێن لە روخساری پاکی حەزرەتەوە هاتەخوارەوە. خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە و فەرمووی:

﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ﴾

یا خەیر لە کاتێکا گەیشت بە ئێوە نەکبەت و موسیبەتێکی ناهەموار لە ڕووداوی ئوحودا وەلحاڵ ئێوە دووقاتی ئەو موسیبەتەتان گەیاند بە دوژمنەکانتان لە بەدرا. واتە ئەوان لە ئوحودا حەفتا کەسیان لە ئێوە کوشت و ئێوە لە بەدرا حەفتا کەستان لێ کوشتن و حەفتا کەسیشتان لێ گرتن بە دیل. ئێوە بە ڕووی تەعەججوب و حیرەتەوە ئەڵێن: ئەم موسیبەتەمان چۆن پێ گەیشت؟!

﴿قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ﴾

تۆ بڵێ پێیان ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: ئەوی پێتان گەیشت لە لایەنی خراپی نەفسی خۆتانەوە بوو کە موخالەفەی ئەمری حەزرەتی پێغەمبەرتان کرد و مەرکەزی خۆتان بەجێ‌هێشت.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥﴾

خودای تەعالا بە ڕاستی بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە و ئەتوانێ بیکا و کەس ناتوانێ مەنعی بکا.

﴿وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾

ئەوەی بەسەر ئێوەدا هات لەو ڕۆژەدا کە هەردوو تایفەکە: (کافرە موشریکەکانی قورەیش و، موسوڵمانە موهاجیر و ئەنسارییەکانی مەدینە) بە یەك گەیشتن ئەوە بە ئیرادە و خواستی خودا بوو.

﴿وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٦٦ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْۚ﴾

وە لە بەر ئەوە ئەو کارەساتەی بەسەر موسوڵمانەکانا هێنا هەتا باش عیلمی تەعەللوق ببەستێ بە موسوڵمانەکان و موسوڵمانی دامەزراو جیابکاتەوە لە دانەمەزراو، وە هەتا عیلمی تەعەللوق ببەستێ بە کافرە موناففەکانەوە کە دەستەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بوون و بە تەواوی نیفاق و بێمەغزی ئەوان دەربکەوێ لە عالەم.

﴿وَقِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ قَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوِ ٱدۡفَعُواْۖ﴾

وە لەو ڕۆژەدا وترا بەو موناففقانە: وەرن جیهاد بکەن لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی کەلیمەی خودادا، وەیا ئەگەر جیهاد و جەنگ ناکەن بێن قەرەباڵغی موسوڵمانەکان زۆر بکەن و کافرەکان بترسێنن و بەم شێوە کافرەکان دەفع بکەن و دووریان بخەنەوە لە موسوڵمانەکان.

﴿قَالُواْ لَوۡ نَعۡلَمُ قِتَالٗا لَّٱتَّبَعۡنَٰكُمۡۗ﴾

ئەوان بە هەموو سەلافە و بێشەرمییەکەوە ئەیانوت: ئەگەر بمانزانیایێ جەنگێکی ڕاست هەیە ئەکەوتینە شوێنتان و جەنگمان ئەکرد.

﴿هُمۡ لِلۡكُفۡرِ يَوۡمَئِذٍ أَقۡرَبُ مِنۡهُمۡ لِلۡإِيمَٰنِۚ﴾

ئەو کۆمەڵە موناففقانە [لەو ڕۆژەدا] لە کوفرەوە نزیکترن [تا ئە]وەی لە ئیمان، ئەگەرنا ئەگەر موسوڵمان بوونایێ چۆن ئەو قسە بێسوودەیان ئەکرد. ئایا عەبدوڵڵای

کوڕی ئوبەی نەیئەزانی کە موحەممەد چەن ساڵە داوای ریسالەت ئەکا لە لایەنی خوداوە نازانێ قورئان نازڵ ئەبێ بۆی؟ نازانێ دەعوەتی ئادەمیزاد ئەکا بۆ تەوحید؟ نازانێ موشریکەکان ئازاری خۆی و ئەسحابەکانیان ئەدەن؟ نازانێ کە بۆ خاتری بەهێز کردنی ئیسلام و موسوڵمانان لە مەککەوە هیجرەتی کردووە بۆ مەدینە؟ نازانێ کە جەنگی سەرچاوەی بەدر رێکەوت لە ناویانا؟ وە نازانێ ئێستە ئەو کافرانە بۆ تۆڵەسەندن هاتوون بۆ مەدینە؟ ئیتر ئەبێ بە چ جۆرێ یارۆی موناڧق بزانێ جەنگ لە بەینا هەیە؟ نە، نە، ئەو زاتە ناپاکە کافرە و لەبەر پاراستنی خۆیان جار بە جار تەلەفوز ئەکا بە شەهادەتەین و ئیعتیبار بەو تەلەفوزەیان نییە.

﴿يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ﴾

بە دەم و زمان شتێ ئەڵێن لە تەوحیدی خودا و ریسالەتی «محمد المصطفی» ﷺ کە لە دڵیانا نییە ئەبەدەن.

﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴿١٦٧﴾﴾

وە خودا لە ئێوە زاناترە بەوەی کە لە دڵیانا شاردوویانەتەوە لە کوفر و لە کینە و رق و قەساوەت بەرابەر بە ریسالەت و بە خاوەنی ریسالەت و بە تەرەفدارانی ئەم ریسالەتە.

﴿الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾

ئەو کافرە موناڧقانە ئینسانی وەهان کە ئەیانوت بە برا هاوولاتییەکانیان ـ وەلحاڵ خۆیان بێ‌خەم دانیشتبوون ـ: ئەگەر ئەمانە ئیتاعەی ئێمەیان بکردایە نەدەمردن و نەدەکوژران.

﴿قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٦٨﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ پێیان: ئەگەر بە بیر و رای ئێوە مەنعی مردن و کوشتن لەوان ئەبێ، بێن بەو بیر و رایانە مەنعی مردن لە خۆتان بکەن ئەگەر راست ئەکەن.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟﴾ الآيات.

ریوایەتیان کردووە ئیمامی ئەحمەد و ترمزی و حاکم لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما فەرموویەتی حەزرەت ﷺ فەرمووی: لەو کاتەدا براکانتان کوژران لە ئوحودا خودای تەعالا ئەرواحی ئەوانی خستە ناو چەن تەیرێکی سەوزەوە و ئەو تەیرانە ئەڕۆن بۆ سەر جۆبارەکانی بەهەشت و لە مێوەی بەهەشت ئەخۆن، جا ئەگەڕێنەوە بۆ سەر چەن قەندیلێ کە هەڵاوەسراون لە سێبەری عەرشا، جا پاش ئەوە کە دامەزران لەم خۆشی و ئاسایشەدا و لەزەتی خواردن و خواردنەوەیان وەرگرت وتیان: خۆزگە خزم و خوێش و براکانمان ئاگادار ئەبوون لە حاڵی ئێمە و بیانزانیایێ خودا چی لەگەڵ ئێمەدا کردووە هەتا لە ماوەی ژیانی خۆیانا تەرکی جیهادیان نەکردایێ و زویر نەبوونایێ لە وەزعی حەرب!

وە لە ریوایەتێ‌ترا ئەفەرموێ: کێ بێ خەبەر بدا بە براکانمان کە ئێمە زیندووین لە بەهەشتا و رزقمان هەیە؟ جا خودای تەعالا فەرمووی: من خەبەریان پێ ئەدەم لە باتی ئێوە، وە فەرمووی:

﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا﴾

گومان مەبەن بەو کەسانە کوژران لە رێگەی خودادا مردوون.

﴿بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾﴾

بەڵکوو زیندوون و لە لای خودای خۆیشیان رزقیان بۆ رەوانە ئەکرێت.

﴿فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ﴾

شادمان و دڵخۆشن بەوەی کە خودا بە فەزڵی خۆی داویەتی پێیان.

﴿وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمۡ يَلۡحَقُواْ بِهِم مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾

وە بەشارەت و موژدە ئەدەن بەو کەسانە کە نەگەیشتوون پێیان و هەروا لە دواوە بە شوێنیانا دێن.

﴿أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿١٧٠﴾﴾

موژدەی ئەوەیان پێ ئەدەن کە هیچ خەوف و ترسێ نییە لە سەریان و ئەوان زویریش نابن. واتە ترسی پاشە وەخت و زویری لە شتی پێش وەخت لەسەریان نییە.

﴿يَسۡتَبۡشِرُونَ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ﴾

وە شادمان ئەبن بەو نیعمەتە بە نرخە کە لە لایەنی خوداوە هاتووە بۆیان.

﴿وَفَضۡلٖ﴾

وە بە زیادە نیعمەتێکیش کە بۆ ئەوان دانراوە.

﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٧١﴾﴾

وە مەسرووریشن بەوە کە خودا ئەجری موسوڵمانان زایع ناکا بەڵکوو زیاد لە ئەندازەی عادەتی بەشیان ئەدا.

بێدار بن! لەم ئایەتانەدا خودا بڕیاری حەیاتی شەهیدەکانی داوە و ئیعلانی ئەوەی کردووە کە ڕزقیان بۆ دێ و موژدە ئەدەن بەو کەسانە کە لە پاش ئەوانەوە دێن. بەڵام ئەبێ بزانن ئەم حەیاتە وەکوو حەیاتی زیندووەکان نییە بە حەیاتی عادەتی ئەمە دیارە، هەروا حەیاتیشیان وەکوو حەیاتی بەرزەخی باقی مردووەکان نییە چ موسوڵمان

و چ کافر؛ چونکە ئەویش بە قەراری قەتعی مووجیبی هیچ نەوعە شەرافەتێ نابێ بەڵکوو ئەم حەیاتە حەیاتێکی حەقیقی راستە لاکین لە جەسەدێکی بەرزەخیدا وەکوو جیسمی لەتیفی مەلائیکەکان وە ئەمانە لەم جیسمە لەتیفەدا ئەمێنن هەتا رۆژی قیامەت، وە رۆژی قیامەت کاتێ کە حەشری عیباد ئەکرێ ئەوانیش ئەڕۆنەوە ئەو لیباس و جیسم و بەرگە پێشووەیان کە لە دنیادا تیادا ژیاون و لەسەری مردوون.

وە دەلیل لەسەر ئەمە کە شەهیدەکان لە پاش مردن زیندوون بە زیندوویەتییەکی راست و لە جیسمێکی ناسکی وەهادا کە وەکوو شێوەی جیسمی دنیایان بێ، چەن شتە:

یەکەم: نەفسی ئەم ئایەتە کە خودا ئەفەرموێت: ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتاً بل أحياء عند ربهم يرزقون﴾ هەتا ئاخری سێ ئایەتەکان؛ چونکی بە زاهیری ئایەتەکان حەیات و رزق وەرگرتن و موژدەدان بەو رەفیقانە کە دێن و ئەگەن بەوان [ئەوە] ئەگەیەنن، بەم شێوە ئەبێ کە زیندووبن و لە ناو جیسمێکدا بن قابیل بێ بۆ رزق وەرگرتن.

دووهەم: ئایەتی: ﴿فأما إن كان من المقربين ﴿٨٨﴾ فروح وريحان وجنة نعيم ﴿٨٨﴾﴾[1] چونکە ئەم ئایەتە وا لە باسی گیان دەرچوونی ئادەمیزادی موسوڵمانا و بە زاهیری ئایەتەکە ئەمە دەرئەکەوێ کە ئەو رەوح و رەیحانە فەورەن لە پاش مردن بۆیان دێت.

سێهەم: ئەو حەدیسەیە کە ئەبوداوود بە ئیسنادی سەحیح ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما «قال: قال رسول الله ﷺ: لما أصيب إخوانكم بأحد جعل الله أرواحهم في جوف طير خضر ترد أنهار الجنة تأكل من ثمارها وتأوي إلى قناديل من ذهب معلقة في ظل العرش؛ فلما وجدوا طيب مأكلهم و مشربهم و مقيلهم قالوا: من يبلغ عنا إخواننا إنا أحياء في

---

١. الواقعة؛ ٨٩ ـ ٨٨

الجنة نرزق، لئلا يزهدوا في الجهاد و لا ينكلوا عند الحرب؟ فقال الله سبحانه: أنا أبلغهم عنكم قال فأنزل الله ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا﴾. الآيات».

واتە: کاتێ کە براکانتان لە ڕووداوی ئوحودا تووش بوون و شەهیدکران خودا ڕۆحەکانیانی خستە ناو لەشێ لە سوورەتی پەلەوەری سەوزدا هاتن بۆ سەر جۆباری بەهەشت و لە میوەی بەهەشتیان ئەخوارد و ئەگەڕانەوە بۆ چەن چرایەکی هەڵاوەسراو بە عەرشا، جا کاتێ ئەم خواردن و خواردنەوە و ماوا جوانەیان دەست کەوت وتیان: کێ بێ ئەم وەزعی ئێمە بگەیەنێ بە براکانمان لە دنیادا خەبەریان پێ بدا کە ئێمە زیندووین و ڕزقمان پێ ئەدرێ با بزانن بۆ ئەوە تەرکی جیهاد نەکەن و نکوول نەکەن لە جەنگ کردن؟ خودای تەعالا فەرمووی: من خەبەرداریان ئەکەم و ئەم ئایەتی: ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا﴾ەی نازڵ کرد بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هەتا موسوڵمانەکان خەبەردار بکا.

وە ئەم جیسمە بەرزەخییە بۆ هەموو مردوویێ هەیە، چ کافر بێ چ موسوڵمان، پایەدار بێ یا نە، بە دەلیلی ئایەت کە خودا لە شانی قەومی مووسادا فەرموویەتی: ﴿أغرقوا فأدخلوا ناراً﴾، وە بە دەلیلی فەرموودەی حەزرەت ﷺ «القبر إما روضة من رياض الجنة أو حفرة من حفر النيران» واتە: قەبر یا باخێکە لە باخەکانی بەهەشت یاخود چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ.

بەڵام جیسمی بەرزەخی شەهیدەکان دەورێ باڵاو تەورێکی ئەعلای هەیە، یەعنی عەینەن وەکوو جیسمی ئینسانی زیندوو وایە ڕزق وەرئەگرێ و تەمەتوع ئەکا بە میوەی بەهەشت. وە گەلێ لە موحەقیقین، وەکوو ساحیبی «روح المعاني»، ئەڵێن: ئەو جیسمە وەکوو جیسمی خۆیان وایە لە دنیادا بەڵام لەتیف و ناسکە و قابیلی گۆڕانە. وە زاهیری ئەو فەرموودەی حەزرەتە ﷺ کە فەرموویەتی: ئەرواحی

شەهیدەکان لە ناو جیسمی پەلەوەری سەوزا، موخالیف نییە بۆ ئەمە؛ چونکی مادام قەرار درا ئەو جیسمە لەتیفە و بەرزەخییە مانای وایە ئەتوانن خۆیان بگۆڕن و بڕۆنە شێوەی پەلەوەری سەوزەوە کاتێ ئارەزووویان لە گەڕان بێ بە ئاسمانەکانا وە یا بڕۆن بۆ بەهەشت، وە ئەتوانن بڕۆنە شێوەی جیسمی خۆیانەوە لە دنیادا وە (هکذا).

وە ئەم گۆڕینی شێوە و تەتەووراتی جیسمییە وەکوو بۆ فریشتەکان هەیە بە تایبەتی بۆ حەزرەتی جوبرەئیل کە جار بە جار لە شێوەی «دحیە» ناوا لە ئەسحاب ئەهاتە حوزووری پێغەمبەر ﷺ وە جار بە جار وەهای چاو پێ ئەکەوت کە رووی ئاسمانی پڕ ئەکرد. وەها بۆ کیباری «أولیاء اللّٰه»یش واقیع بووە.

وە پێویستە ئینسانی موسوڵمانی خاوەن ئیمان بە دڵی ساف باوەڕی بەم تەقریرە بێ چونکە بەم شێوە دەفعی ئیشکاڵ ئەبێ لە پرسیاری فریشتە لە ئینسانی مردوو لە پاش مردن خواه لە قەبرا بێ یا لە دەریادا فەوتابێ یا بە ئاگر سووتابێ یا دڕەندە خواردبێتی. «وهکذا والحمد للّٰه».

ڕۆڵەی دڵدارم، بـــرای هـــۆشیارم! کـــاکی فـــامیدەی دڵ ئـــاگادارم!
ئـینسانی بـێهۆش هـەرچەن تـێکۆشێ ئـاوی حـەیاتی مـەردی نـانۆشێ
هـۆش عـەقڵ و فـامە یـانی بـیری دڵ بـتوانـێ دەرچـێ لە داوی مـوشکڵ
کـەلامی خـودا واتـەی خـودایـە وتـاری لەگـەڵ «رسـول اللّٰـه»یە
ڕەسوول بـە ئـەخلاق بە ڕەوشتی بـەرز بـوو بـە ڕەحـمەتی ئـاسمان و عـەرز
هەرچەن موعجیزەی خاوەن تەئسیر بوو زۆربـەی ڕەوشـتی مـایەی تـەنویر بـوو
پــەیامی هــێنا لە لای خــوداوە بـۆ تـەمێی هـۆشیار لە رووی دنـیاوە
ئـەڵێ: ئـەم مـادە وا لە بـەرچاوان دەریـا و دەشت و دەر، کێوان و کـەیوان
لە هــەواو لە تــاو لە ئــەستێرەکان کــە دەورە ئـەدەن بـە هـێز و تـەکان
هــەموو ئــەمانە بــێغەیبی پــەنهان پـێی تـەواو نـابێ دائـیرەی جـیهان

ئەو غەیبە بوونی بێگومان راسە   لای عاقڵ وێنەی جێگەی حەواسە
وەکوو ئەو هێزە کە جیهان هەموو   بەو هاتە وجوود لەو کاتەوە بوو
وەکوو جازیبە بۆ ئەستێرەکان   هەرکام سووڕێەخوا بە هێز و تەکان
هەر یەکێ بۆ خۆی لەسەر مەداری   ئەسووڕێتەوە بە ئیستیمراری
هەر لەو غەیبەیە رۆحی گیانلەبەر   نازانی چۆن دێ و چۆن ئەڕواتە دەر
لە غەیبە ئەجەل بۆ کەسێ ئەمرێ   بە خۆی نازانێ تا دەرگای ئەگرێ
هەر لەو غەیبەیە پرسیاری گۆڕ   لە مەرد و نامەرد سەربەرزو سەرشۆڕ
هەر لەو غەیبەیە رۆژی قیامەت   زیندوو ئەبنەوە سەراسەر ئوممەت
هەر لەو غەیبەیە فریشتەی خودا   لەگەڵ ئینسانا لە رۆژ و شەودا
هەر لەو غەیبەیە حەیاتی شەهید   شەهیدی رێگەی کەلیمەی تەوحید
بخنکێ لە ناو گێژی دەریادا   یاخود بسووتێ و بدرێ بە بادا
یاخود بکوژرێ بە تیری قەزا   ئەوسا دایپۆشن لە چاڵی عەرزا
کە گیانی دەرچوو بەر لە قیامەت   زیندووە بە لەش ساغ و سەلامەت
لەشێکی پاکی ناسك و نازار   وێنەی فریشتەی خاوەن ئیعتیبار
بێ فەرقە لای ئەو دەرو دەشت و کێو   بەرزی ئاسمان یا عەرزی نشێو
ئەم لەشە بەرگی خودا پێداوە   چونکی لە رێگەی ئەوا کوژراوە
لە حەدیایە وێنەی پەلەوەر   ئەفڕێ بۆ بەهەشت وەرئەگرێ سەمەر
زاناکان ئەڵێن: یا بە شێوەی خۆی   خواستی هەرچۆن بێ رێ‌ئەکەوێ بۆی
وێنەی «جوبرەئیل» لە لای پێغەمبەر   بە شکڵی «دوحیە» خۆی ئەخستە دەر
جارجاریش پەنهان جارجاریش یەکسەر   ئوفوقی داگرت «اللّه أکبر»
جا تا دەوامی نەشئەی یەکەمە   شەهید بەم حاڵە خاتری جەمە
ئەو کاتەیش زیندوو ئەبنەوە بەشەر   بە هێزی خودای تەوانای ئەکبەر
بە شێوەی خۆیان ئەڕۆن بۆ مەحشەر   شەهیدەکانیش ئەگۆڕێن یەکسەر

بـــەلام ئـــالایان گـــەلێ بـــالایە   شـــاهیدی حـــالیان «رســـول اللّــە»یە
بـــاوەڕتان وابـــێ شـــەهیدان بـــەرزن   وێنەی فـریشتەی سـەما و سـەر عـەرزن
خـــودا بـــە جـاهی ئـیخلاسی چـاکان   حـــەشرمان بـــکەی لە ریـــزی پـاکان

فەرموودەی خودا: ﴿ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾. **الآية.**

ئیبنوئیسحاق و غەیری ئەویش ئەڵێن: کاتێ کە لە رۆژی شەممەی شازدەی مانگی شەووالدا واقیعەی ئوحود رووی دا پاش ئەوە مونادی لە لایەنی حەزرەتەوە بانگی کرد: کە حازر بن بڕۆین بە شوێنی دوژمنەکانا و کەس نەیەت ئیللا ئەوانە کە دوێنێ لەگەڵمان بوون، جا حەزرەت ﷺ رۆیشت بە شوێنیانا لەگەڵ نزیکی شەشسەد [کەس] لە ئەسحابەکان، لەبەر ترساندنی دوژمنەکان هەتا گەیشتە «حمراء الأسد» کە هەشت میل لە مەدینەی مونەووەرەوە دوورە، وە دانیشت لەویا رۆژی دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە جا گەڕایەوە. وە لە «حمراء الأسد» مەعبەدی کوڕی ئەبوومەعبەدی خەزاعی گەیشت بە خزمەتی حەزرەت ﷺ، وە قەبیلەی خەزاعە ـ موسوڵمان و موشریکیان ـ دۆستی حەزرەت بوون. جا عەرزی حەزرەتی کرد: وەڵلاهی زۆر ئێشمان پێ گەیشت لە رووداوی ئوحود وەلحەمدو لیللاه کە خۆت رزگار بووی. جا مەعبەد رۆیشت و حەزرەت هەر لە «حمراء الأسد» مایەوە. وە لە «روحاء» مەعبەد گەیشت بە ئەبووسوفیان و ئیتتیفاقیان کردبوو بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینەی مونەووەرە بۆ ئەوە هەتا بتوانن هەموویان بکوژن و کەسیان نەهێڵنەوە. کاتێ ئەبووسوفیان چاوی کەوت بە مەعبەد پێی گوت: لەم رێدا چیت چاو پێکەوت یا مەعبەد؟ ئەویش وتی: چاوم کەوت بە موحەممەد لەگەڵ هەموو ئەسحابەکانیاو ـ ئەوانەیش کە حازر نەبوون لە ئوحودا ـ سوپایێ تا ئێستە شتی وەهام نەدیوە هەموو

ئەسووتێن و لەقارا ئاگریان لێ ئەبێتەوە! ئەویش وتی: کورە نابێ ئەمە تۆ چی ئەڵێت؟ وتی: جا فەرموو بڕۆ هەتا ئەگەی بە سوارە و سوپاکەی! ئەبووسوفیان وتی: وەڵڵاهی ئێمە بڕیارمان وایە بڕۆین قەڵاچۆیان بکەین! مەعبەد وتی: ئەگەر بە راستم ئەزانن مەڕۆن و من نەهی ئەکەم لەم گەڕانەوەتە بۆ سەر مەدینە، وە لەم کارەدا خێر نابینی. جا ئەبووسوفیان بە قسەی مەعبەدی کرد دووبارە گەڕانەوە بۆ مەککەی موکەڕڕەمە.

وە خودای تەعالا لە شانی ئەو ئەسحابانە کە پاش ئەو زەحمەتی رۆژی ئوحودە ئامادە بوون و لە خزمەتی حەزرەتا چوون بە شوێنی دوژمنەکانا ئەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُۚ﴾

ئەو کەسانەی کە ئیتاعەی ئەمری خودا و پێغەمبەریان کرد و کەوتنە رێگە بە شوێنی دوژمنەکانیانا لە پاش ئەوەی تووشیان بوو لە زام و کوشتار.

﴿لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ وَٱتَّقَوۡاْ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾﴾

بۆ ئەم کۆمەڵە ئەسحابە کە ئەهلی ئیحسان و ئیخلاس و تەقوای خودان ئەجر و سەوابێکی گەورە هەیە.

وەکوو بۆم بەیان کردن جوملەی ﴿للذين أحسنوا﴾. تا ئاخر، خەبەرە بۆ ﴿الذين استجابوا﴾ وە «مِن» لە لەفزی «منهم»دا بۆ بەیان و رووناککردنەوەی ماقەبلەکەیەتی.

فەرموودەی خودا: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ﴾ الآيات.

ریوایەت کراوە کاتێ ئەبووسوفیان ویستی پاش واقیعەی ئوحود بگەڕێتەوە بۆ مەککە بانگی کرد: «يا محمد موعدنا موسم بدر القابل إن شئت. فقال عليه الصلاة والسلام: إن‌شاءاللّٰه تعالى. فلما كان القابل خرج في أهل مكة حتى نزل بمر الظهران؛ فأنزل اللّٰه الرعب في قلبه وبدا له أن يرجع، فمر به ركب من عبد قيس يريدون المدينة للميرة، فشرط لهم حمل بعير

من زبيب إن ثبطوا المسلمين. وقيل لقي نعيم بن مسعود الأشجعي قد قدم معتمرا فسأله ذلك والتزم له عشراً من الإبل، فخرج نعيم، فوجد المسلمين يتجهزون، فقال لهم: أتوكم في دياركم فلم يفلت منكم أحد إلا شريد، أفترون أن تخرجوا وقد جمعوا لكم؟ ففتروا! فقال ـ عليه الصلاة والسلام ـ: والذي نفسي بيده لأخرجن ولو لم‌يخرج معي أحدا! فخرج في سبعين راكباً وهم: يقولون: ﴿حسبنا الله ونعم الوكيل﴾. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد:

﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ﴾

ئەو ئەسحابانە کە قافڵەی «عبدقيس» یاخود نەعیمی کوڕی مەسعوود پێی وتن ـ لەبەر پەرێشان کردنیان ـ: کە سوپای قورەیش گردبوونەتەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵتان لێیان بترسن و مەڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵیان.

﴿فَزَادَهُمْ إِيمَـٰنًا﴾

کەچی ئەو قسە نابارە ئیمانی زیاد کردن.

﴿وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾

وە وتیان بە ئیخلاسی دڵ: بەسمانە خودا بۆ دەفعی زیان و بۆ راکێشانی خێرات و ئیحسان، وە باش زاتێکە خودا کە ئیعتیمادی لەسەر بدرێ.

﴿فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ﴾

جا ئەم کۆمەڵە ئینسانە موسوڵمانە گەڕانەوە لە بەدر لەگەڵ زیادی دارایی دا بە هۆی تیجارەت کردنیان لە بازاڕی بەدرا و هیچ زیانێ لە لایەنی دوژمنەوە نەیدا لێیان.

﴿وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ﴾

وە کەوتنە شوێنی ئەسبابی رەزامەندی خودا کە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جیهاد.

﴿وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ١٧٤﴾

وە خودای تەعالا خاوەنی ئیحسان و بەخششی بێ‌پایانی گەورەیە.

﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ﴾

ئەو نەعیمی کوڕی مەسعوودە کە هات لە لای ئێوە دەستی کرد بە دیعایەی نابار ئەوە ئبیلیسە لە شێوەی تەشبیها هەر بۆ ئەوە ئەشێ کە دۆستەکانی خۆی بترسێنێ؛ چونکی کافر بۆ کافر ئەخەڵەتێ و بۆ ئەوە ناشێ کە ئێوە بترسێنێ.

﴿فَلَا تَخَافُوهُمۡ﴾

قەت لەو نەوعە ئینسانانە مەترسن.

﴿وَخَافُونِ﴾

هەر لە من بترسن کە تەوانام هەیە لەسەر هەموو کارێ.

﴿إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٧٥﴾

ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خودا.

﴿وَلَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِۚ﴾

با دڵگران و زویرت نەکەن ئەو موناففقانە کە پەلەپەل ئەکەن بۆ کوفر و خۆیان رائەکەن بەرەو پیری کوفر و هەر کاتێ باسی کوفر ئەکرێ گەش ئەبنەوە، وە کاتێ باسی ئیمان ئەکرێ رەش ئەبنەوە.

﴿إِنَّهُمۡ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ﴾

چونکی بە راستی ئەوانە بە قەتعی ناتوانن زەرەر و زیان بدەن لە دینی خودا و لە پێغەمبەری خودا و لە پەیڕەوانی پێغەمبەری خودا بە جۆرێ کە قافڵەی دین‌خواهان لە پێشکەوتن بخەن و وردە زیانیش زیانی وای نییە.

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجۡعَلَ لَهُمۡ حَظّٗا فِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ﴾

خودا ئەیەوێ کە بەش و بەهرەیێ برِیار نەدا بۆ ئەمانە لە قیامەتا.

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ ١٧٦﴾

وە بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی گەورە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیستیعدادیان هەبوو بۆ ئیمانهێنان و بۆ دەرچوون لە تاریکستانی کوفر کەچی کوفریان ئیختیار کرد و ئیمانەکەیان گۆڕییەوە بە بێئیمانی وەکوو یەکێ ئاڵتوونی ساغ بدا بە قوماشی سووتاوی بێسوود.

﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٧﴾

ئەوە بە قەتعی هەتا هەتایە ناتوانن هیچ زیانێ بدەن لە خودا و بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی ئێشدەر.

﴿وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ خَيۡرٞ لِّأَنفُسِهِمۡۚ﴾

با وا گومان نەبەن ئەو کافرانە بەو مۆڵەتەی کە ئێمە پێیان ئەدەین و زوو بەزوو تۆڵەیان لێ وەرناگرین ئەوە سوود و قازانجە بۆیان.

﴿إِنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِثۡمٗاۚ﴾

بۆیە مۆڵەتیان ئەدەین هەتا زۆرتر تاوانبار ببن و تاوانباری زیاد بکەن؛ چونکی هەرچی ئامۆژگاریمان کردن سوودی نەبوو دەی با هەر بمێنن و باریان قورستر ببێ و باشتر دابمێنن.

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٧٨﴾

وە بۆ ئەوان هەیە لە قیامەتا عەزابێکی وا کە سووکیان ئەکا.

فەرمودەی خودا: ﴿مَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ **الآية.**

ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبی حاتەم ریوایەتیان کردووە لە «سدی» ﷺ ئەڵێ: موناففەکانی شاری مەدینە وتیان: ئەگەر موحەممەد لە داوای پێغەمبەرایەتیدا راست ئەکا با بێت بڵێ بە ئێمە کام کەس لە ناو ئێمەدا ئیمان دێنێ و چ کەسێ ئیمان نایێنێ؟! جا خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و فەرمووی:

﴿مَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ﴾

واتە: خودای تەعالا بڕیاری ئەوەی نەداوە کە ئەوانەی موسوڵمانن هەروا بەم شێوە کە تێکەڵی کافر و موناففەکانن بیانهێڵێتەوە کە کەس نازانێ موخلیس کێیە و منافق کێیە، ئەبێ هەر جیایان بکاتەوە لە یەك یا بە هۆی وەحی بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وە یا بە هۆی تەکلیفی زەحمەت و نابار کە موسوڵمانەکان هەڵی ئەگرن و موناففەکان تەرکی ئەکەن، وە ئەم پاك و پیسە لە یەکتر جیا ئەکاتەوە.

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِي مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾

هەروا خودا یاسای وا نییە کە ئێوە ئاگادار بکا لە سەر ئومووراتی غەیبی و پەنامەکی؛ چونکی خودا تەشریفی دۆستانی خۆی ئەکا بە ئاگادار کردنەوە لەسەر بازە کارێ. بەڵام خودای تەعالا لە ناو پێغەمبەرەکانیا ئیختیاری کەسانێ ئەکا کە خواستی وایە حاڵی ببن لە ئومووراتی غەیبی و بە وەحی و ئیلهام گەلێ شتی پەنامەکی بۆ رووناك ئەکاتەوە، خواهـ ئەویش ئەو شتانە بەیان بکا بۆ خەڵك یا نە.

﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾

دەی ئیمان بێنن بە خودای تەعالا بە تەنیا و باوەڕتان وابێ عیلم بە غەیب بۆ کەس نییە ئەو نەبێ؛ چونکی عیلم سیفەتێکی زاتییە و دەوام ئەکا لەگەڵ دەوامی خاوەنەکەیا؛ دەی هیچ کەس ئەم عیلمەی نییە ئیللا خودا نەبێ، بەڵێ ئەوەندە هەیە وا ئەبێ بە ئیخبار و ئیعلام بازێ لە پێغەمبەران وە یا بازێ لە ڕەهبەران حاڵی ئەکات.

وە ئیمان بێنن بە پێغەمبەرانی خودا بە سیفەتی ئەوە کە بەندەی خودان، وە عیلم بە غەیب سیفەتی ئەوان نییە، سا مەگەر خودا ئیخباریان بکا بە وەحی یا بە ئیلهام.

﴿وَإِن تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٩﴾﴾

جا ئەگەر ئێوە ئیمان بێنن بە خودا و پێغەمبەران بەو شێوە ئێستە باسمان کرد و خۆتان بپارێزن لە نیفاق و دووڕوویی و خۆتان بپارێزن لە غولوو و موبالەغە کردن لە عەقیدە و بیر و باوەڕا ئەوە ئەجرێکی گەورەتان بۆ هەیە.

﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا لَّهُم﴾

واتە: با گومان نەبەن ئەوانەی کە بەخیلی ئەکەن بە سەرفی واجباتی ماڵەکەیان ئەو ماڵەی کە خودا بە فەزڵی خۆی پێی داون، ئەو بوخلەیان چاکە بۆیان.

﴿بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ﴾

بەڵکوو ئەو بەخیلییە خراپە و فەسادە و موفسیدە بۆ حاڵیان و بۆ مەئالیان.

﴿سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾

ئەو ماڵە کە نەیاندا بە کەس تەوقدار ئەکرێن پێی لە ڕۆژی قیامەتا. واتە ئەکرێ بە دائیرەیێ لە وێنەی ئاسن و ئەکرێتە ملیان. ئەلحاسڵ ئەو حوقووقە کە واجبە لەسەر ئینسان سەرفی بکا بۆ خاوەن حەقەکە وەکوو زەکات و مەنزوورە و نەفەقەی واجبە و مارەیی ژن و ئوجرەی کرێکار و بەشی خاوەن ماڵ لە بەجێ‌هێنانی فەرزی

کیفایە وەکوو میوانداری داماو و بەخێو کردنی هەتیو و دەفن کردنی مردووی بێ‌ماڵ.
ئەم حوقووقانە لە ڕۆژی قیامەتا ئەکرێن بە تەوق و ئەکرێنە ملی مانیعەکان.

﴿وَلِلَّهِ مِيرَاثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

هەر بۆ خودا ئەمێنێتەوە هەر ماڵێ کە لە بەینی ئاسمان و عەرزا ببێ و دائیر بێ لە ناو خەڵکا و دەست بە دەستی پێ بکرێ.

واتە: ئەم ماڵانە لە ئەنجاما لەبەر ئەوە کە خاوەنەکانیان ئەمرن غەیری خودا کەس نییە کە خاوەنیان بێ، جا ماڵێ وەها دەستان‌گەڕ بێ بۆچی خۆتانی پێ تووش ئەکەن بە شەڕ؟

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٨٠)﴾

وە خودا ئاگادارە لەسەر ئەوە کە ئەم خەڵکە ئەیکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟﴾ **الآية.**

ڕیوایەت کراوە لە حەسەن و قەتادە: کاتێ کە ئایەتی: ﴿من ذا الذي يقرض الله قرضاً حسناً﴾[١] نازڵ بوو جوولەکەکان وتیان: خودا فەقیرە و ئێمە دەوڵەمەندین؛ چونکە ماڵمان لێ قەرز ئەکا. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە ئیبنوئیسحاق و غەیری ئەو ئەڵێن: حەزرەت ﷺ نامەیەکی نووسی بۆ لای یەهوودی بەنی‌قەینەقاع و دای بە ئەبووبەکری سدیق و لەو کاغەزەدا دەعوەتی ئەکردن بۆ ئیسلام و نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن و بۆ زەکات دان وە بۆ ئەوەیش کە «قرض الحسنة» بدەن بە موحتاجان جا ئەبووبەکر ڕۆیشت و چووە «بيت المدراس»ی

١. البقرة؛ ٢٤٥.

یەهوودەوە کە تەماشای کرد کۆمەڵێکی زۆر لە یەهوود گرد بوونەتەوە لەلای «فنحاص» ناو کە گەورەیان بوو لە عالمانی یەهوودیش بوو، ئەبووبەکر فەرمووی بە فەنحاس: «اتق اللّٰه واسلم» وتی: تەقوای خودا بکەو موسوڵمان ببە، وەڵلاهی تۆ خۆت ئەزانی کە موحەممەد رەسوولوڵلایە و بە حەق هاتووە بۆ لاتان لە لایەنی خوداوە و لە تەوراتەکەیشتانا ناوونیشانی نووسراوە، دەی ئیمان بێنە و تەسدیق بکەو قەرز بدە بە خودا بە قەرزی جوان هەتا بتخاتە بەهەشت و سەوابت دووقات زیاد بکا. جا فەنحاس وتی: یا ئەبابەکر تۆ گومان ئەبەی کە خودای ئێمە ماڵمان لێ قەرز ئەکا و هەمیشە فەقیر قەرز لە دەوڵەمەند ئەکا جا ئەگەر ئەمە تۆ ئەیڵێیت حەق بێ ئەبێ خودا فەقیر و گەدا بێ و ئێمە دەوڵەمەند بین، وە ئەگەر دەوڵەمەند بوایێ ماڵی ئێمەی بە قەرز داوا نەدەکرد، خودا خۆی مەنعی ئێمە ئەکا لە ریبا کەچی ریبامان ئەداتێ و ئەگەر دەوڵەمەند بوایێ ریبای نەئەدا بە ئێمە! جا ئەبووبەکر دای لە فەنحاس بە لێدانێکی خراپ و سوێندی خوارد ئەگەر عەهد و پەیمان لە ناویانا نەبوایێ ئەمدا لە گەردنت ئەی دوژمنی خودا! ئەویش رۆیشت بۆ خزمەتی حەزرەت و شکاتی لێ کرد وتی: تەماشا بکە ئەبووبەکر چی پێ کردووم. جا حەزرەت ئەبووبەکری بانگ کرد فەرمووی: بۆچی داوتە لە فەنحاس؟ ئەویش عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا ئەم ناپیاوە ئەیوت: خودا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین، منیش بە راستی رقم داگیرسا و لێمدا لەو کاتانەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ﴾

بە راستی خودا بیستی واتەی ئەو کەسانە کە وتیان: بە راستی خودا گەدایە و ئێمە دارا و دەوڵەمەندین.

﴿سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا۟ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾

ئێمە ئەم تاوانی وتاری ئەوانە ئەنووسین وەکوو تاوانە کردارییەکانمان نووسی کە عیبارەت بوو لە کوشتنی پێغەمبەرەکان بە ناحەق وەکوو زەکەریا و یەحیا و غەیری ئەوانیش.

﴿وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾﴾

وە ئێمەیش وەکوو بە کردەوە ئەیان‌سووتێنین لە ئاگری دۆزەخا بە وتاریش داخ ئەنێین بە دڵیانا و پێیان ئەڵێین: بچەژن عەزابی ئاگری سووزەندە، واتە وەکوو چۆن کەسێ شتێ بچەژێ وەها زەرڕاتی وجوودیان ئەو ئێش و ئەلەمە وەرئەگرێ و بە تەواوی ئازاریان پێ ئەگا.

﴿ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾﴾

وە پێیشیان ئەڵێین: ئەم عەزابتانە بە هۆی ئەو تاوانانەیە کە دەستی ئێوە پێشی خستن وە بزانن کە خودای تەعالا ستەمکار نییە لەسەر بەندەکانی خۆی.

«ظلّام» لەم ئایەتەدا سیغەی نیسبەتە وەکوو «عمّار» بۆ وەستای بیناکردن و «تمّار» بۆ خورمافرۆش، یانی خودای تەعالا خاوەن ستەم نییە و نیسبەتی ستەم نادرێ بۆ لای.

فەرموودەی خودا: ﴿الَّذِينَ قَالُوا﴾ الآية.

واحیدی و بەغەوی و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە کە نازڵ بووە لە تاقمێ جوولەکەدا وەکوو کەعبی کوڕی ئەشرەف و مالیکی کوڕی سەیف و حویەیی کوڕی ئەختەب لەگەڵ چەن کەسێکدا هاتن بۆ لای حەزرەت ﷺ وتیان: تۆ داوای ئەوە ئەکەی کە خودا کردوویتی بە رەهبەر و پێغەمبەر و کتێبی بۆ رەوانەکردووی، وە ئێمەیش خودا وەختی خۆی بڕیاری داوە بۆمان لە تەوراتا کە ئیمان بە هیچ پێغەمبەرێ

نەیەنین کە داوای ریسالەت بکا هەتا قوربانێك بێنێ و ئاگرێ لە ئاسمانەوە بێتەخوار و بیخوا و لە ناوی ببا، جا ئەگەر قوربانێکی وا دێنی بۆمان و ئاگریش هات بۆی و خواردی باوەڕت پێ ئەکەین. وە فەرمووی:

﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيۡنَآ أَلَّا نُؤۡمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأۡتِيَنَا بِقُرۡبَانٖ تَأۡكُلُهُ ٱلنَّارُۗ ﴾

واتە: ئەو یەهوودییانە کە وتیان: بە راستی خودا گەیاندوویەتی پێمان کە ئیمان نەهێنین بە هیچ پێغەمبەرێ هەتا قوربانێك دێنێ بۆ لامان و ئاگرێ لە ئاسمانەوە بێتە خوار و بیبا.

﴿ قُلۡ قَدۡ جَآءَكُمۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِي بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِي قُلۡتُمۡ فَلِمَ قَتَلۡتُمُوهُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٨٣﴾ ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: بە راستی لەمەوپێش چەن کەسێ لە رەهبەرانی گەورە و لە پێغەمبەرانی سەربەرز وەکوو زەکەریا و یەحیا و شەعیا هاتن بۆ لاتان بە چەن موعجیزاتێکەوە و بەو قوربانییەوە کە ئێوە باسی ئەکەن، دەی لەبەرچی ئەوانتانە کوشت لەگەڵ ئەوەدا کە قوسووریان نەکرد لە ئامۆژگاری ئادەمیزادا ئەگەر راست ئەکەن و خۆتان لە راستان ئەزانن.

﴿ فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدۡ كُذِّبَ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ ﴾

جا ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردیت تۆ سەبر بکە و ئازار مەدە بە دڵی خۆت؛ چونکی ئەمە یاسای رۆژگارە و گەلێ پێغەمبەرانی پێش زەمانی تۆ تەکزیب کراون و ئازاردراون (مع أنە) لەسەر هەوڵدان بۆ گەیاندنی دین و ئایین دەوامیان کردووە، وە ئەو پێغەمبەرانە کە تەکزیب کراون،

﴿جَآءُو بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُنِيرِ ١٨٤﴾

لە لایەنی خوداوە کیتابی پڕ لە فەرمان و یاسای ئایین و ڕێگەی خوداناسییان هێنا بۆ ئادەمیزاد و حیکمەت و ڕێبازی هۆشیارییان پێشکەش کرد، بە عەلاوەی ئەمانە موعجیزات و کارەهای عەجایبی دنیایان نیشان دا. جا دەرکەوت «بینات» بە مانا موعجیزاتە و «زبر» جەمعی زەبوورە یانی حیکمەت و هۆشیارییە کە لە فەرموودەی پێغەمبەرەکان بووە، وە «کتاب منیر» ئەو کیتابە ئاسمانییەتانێ کە بە وەحی هاتووە بۆیان لە لایەنی خوداوە.

ئاگادار بن! لە ئایینی ئەنبیاکانی پێشوودا یاسا بووە هەرکەسێ موهیمەیەکی بووبێ وە یاخود دەعوای شتێکی کردبێ و خەڵك باوەڕیان پێ نەکردبێ هاتووە حەیوانێکی سەربڕیوە بۆ خودا جا ئەگەر خودا خواستی تەرویجی ئەو کەسەی بووبێ کە ئیسباتی دەعواکەی بکا ئاگرێ لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوار و دەنگێکی لێ هاتووە هەتا گەیشتووە بە قوربانییەکە و سووتاندوویەتی و مەحوی کردووەتەوە. وە ئەم وەزعە دەوامی کردووە هەتا عەهدی حەزرەتی عیسا عليه السلام ئیتر ئەو یاسا بڕاوەتەوە. وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە: لە تەوراتا نووسراوە قوربانی کە ئاگر خواردی دەلیلی ڕاستی ڕەهبەری خاوەن ریسالەتە هەتا عەهدی مەسیح و موحەممەد وە لە عەهدی ئەوانا حوججەت وا لە موعجیزاتا. بەڵام یەهوودییەکان ئەو غایەتەیان لە تەورات لابردووە لەسەر عادەتی تەحریفاتی خۆیان کە لە بازێ جارا کەم و زیادیان کردووە لە ئەلفازی تەوراتا و لە بازێ جارا مەعناکەیان بە ئارەزووی خۆیان گۆڕیوە.

﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ﴾

هەموو گیانلەبەرێ مردن ئەچەژێ.

﴿وَإِنَّمَا تُوَفَّوۡنَ أُجُورَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ﴾

وە جەزاتان پێ ئەدرێتەوە بە خێر یا بە شەڕ لە رۆژی قیامەتا لە پاش ئەوە کە خودا زیندووتان ئەکاتەوە و گردتان ئەکاتەوە و حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوەکانتان ئەکا.

﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ﴾

جا هەرکەسێ دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایە ناو بەهەشتەوە ئەوە بە راستی گەیشتووە بە مایەی رزگاری خۆی.

﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾﴾

وە نییە ئەم ژیانی دنیا و خۆشییە کە لە دنیادا دەس ئەکەوێ ئیللا مایە و هۆیە بۆ غروور و بایی بوونی ئینسان بە خۆی جا ئاگادار بن دنیا باییتان نەکا.

بزانن! دنیا ئەم چەرخەیە عەرزە و ئاسمانە و ئەستێرەکانە، وە مەتاع شتێکە ئادەمیزاد لەزەت و ئاسایشی لێ وەرئەگرێ وەکوو: دارایی، ژن، ئەولاد، پایە، زانایی، تەوانایی. وە غروور: بایی بوونە کە مەعنای پشت هەڵکردنە لە بەجێ‌هێنانی یاسای دین کە خودای تەعالا ناردوویەتی بۆ بەختیاری ئادەمیزاد.

جا ئەم دنیا کە مەتاعە و هۆی رابواردنە هەروا بۆ ئینسانی بەختیار هۆی کەسبی پیرۆزی و سەربەرزی دنیا و سەرفرازی قیامەتیشە وە سوود و زیانی دنیا لەسەر حاڵی خاوەنەکەی دێتە جێ، ئەم دنیا کە مەتاعی غوروورە بۆ ئینسانی قاسی و عاسی و دڵڕەق و پەست هەروا مەتاعی بەلاغ و گەیشتنە بە پیرۆزی بۆ ئینسانی دڵ نەرم و فەرمانبەری خودا و رەوشت بەرز بۆیە لە حەدیسی شەریفا هەیە: «الدنیا مزرعة الآخرة».

راگرتنی دین بە هێزە، هێز بە دارایی و زانستە وە راگرتنی دنیایش هەر پێویستە بە دارایی و حەزرەت ﷺ وەکوو مەنعی ئەبوودەردا و ئەسحابی سوففەی نەکردووە لە

زوهد و مانەوە لە مزگەوتا بۆ عیبادەتکردن، مەنعی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشی نەکردووە لە تەماشای دارایی و مەنعی باقی ئەسحابەکانیشی نەکردووە لە باخداری و تیجارەت و ئاڵوویر. کەوابێ دنیا بۆ ئەو کەسە لە حەڵاڵ کەسبی بکا و لە حەڵاڵا سەرفی بکا زۆر باشە و خێرە بۆیە خودا لە قورئانا بە خێر ناوی بردووە و فەرموویەتی: ﴿كتب عليكم إذا حضر أحدكم الموت إن ترك خيراً الوصية﴾[1] وە لە چەن شوێنیترا ناوی بە خێر بردووە. جا واجبی ئینسانی موسوڵمانە قەت بەتاڵ نەبێ و بە قەی ئیمکان مەشغووڵی کەسبی پاك بێ؛ لە کشت‌وکاڵ، لە باخ و بێستان، لە ئاڵوویر، لە دووکانداری، لە کرێکاری، لە حەیوانداری، وە باقی کاسبی حەڵاڵ بەم شەرتە تەماشای یاسای ئیسلام بکا لە پەیداکردنیا و لەسەرف کردنیا هەتا مەسئوولییەتی گەورە رووی تێ نەکا.

جا لەبەر ئەوە ئادەمیزاد «بالذات» خۆی بە بێ ئامۆژگاری ئەکەوێتە شوێن دنیاداری، خودا لە زۆربەی ئامۆژگاری لە ئایاتا رووی کردوونەتە دینداری و بێ‌تەماعی. ئەگەرنا هیچ کارێ لە دنیادا بە بێ زۆری لەش و بە بێ‌عەقڵ و عیلم و دارایی تەواو نابێ. خودا لە باسی «تالووت»دا فەرموویەتی: ﴿وزاده بسطة في العلم و الجسم﴾.[2] لە باسی «سولەیمان»دا فەرموویەتی: ﴿قال الذي عنده علم من الكتاب﴾.[3] وە لە باسی «داوود»ا فەرموویەتی: ﴿وعلمناه صنعة لبوس لكم﴾.[4] وە فەرموویەتی: ﴿ولا تنس نصيبك من الدنيا و أحسن كما أحسن اللّٰه إليك﴾.[5] رەحمەت لەوە وتوویەتی:

---

١. البقرة؛ ١٨٠.

٢. البقرة؛ ٢٤٧.

٣. النمل؛ ٤٠.

٤. الأنبياء؛ ٨٠

٥. القصص؛ ٧٧.

دارایی بۆ مەرد لەگەڵ دانایی　　زۆر بـــالاتره له پـــادشایی
دین و دنیای خۆی ئامادە ئەكا　　چـــرا هـــەڵئەكا بـــۆ رۆشـــنایی
لە پاش مردنیش دیاری بۆ دێ　　لای مـــوسوڵمانان بـــێئاشنایی

فەرموودەی خودا: ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ﴾ الآية.

ئیبنوئەبیحاتەم و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ ئەڵێن: ئەم ئایەتەیش هەر نازڵ بوو لە هۆی ئەو جیدالەوە کە لە بەینی ئەبووبەکری سدیق و فەنحاسی کوڕی عازووراد ارووی دا کە وتی: ﴿إن الله فقير ونحن أغنياء﴾ ـ پەنا بە خودا!ـ

بەڵام عەبدوڕەزاق ریوایەت ئەکا لە زوهرییەوە: کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە کەعبی کوڕی ئەشرەفدا کە زۆر زەمی پێغەمبەر ﷺی ئەکرد لەگەڵ ئەسحابەکانیا وە هانی کوففاری قورەیشی ئەدا لەسەریان جا فەرمووی:

﴿لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ﴾

بە راستی ئێوە گیرۆدەی ئازاری دڵ ئەکرێن و تەجرەبە ئەکرێن ـ واتە شتی واتان بەسەر دێ وەکوو بەسەر تەجرەبە کراوا بێ ئەنا خودا خۆی زانایە بە هەموو شتێ و بەراوردی پێویست نییە ـ بە زیان کردن و سەرف کردنی دارایی لە رێگەی چەك کڕین و خواردەمەنی و باقی پێویستی جەنگ، وە بە زیان لە نەفسی خۆتانا بە بریندار بوون بە کوشتار و ئازاردان بۆ دڵ و لەش.

﴿وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا﴾

وە بە راستی ئەبیسن لەو کەسانەوە کە لە پێش ئێوەدا کیتابی ئاسمانییان پێ دراوە وەکوو یەهوود و نەسارا و لەوانەوە کە شەریکیان بۆ خودا قەرار داوە «العیاذ باللّٰه» وتارێکی ناباری ناهەمواری درۆ و دەلەسە و بوختان و گاڵتە پێ کردن ـ وەکوو یاسای سەرسەرییەکان بووە لەگەڵ پێشەواکانا ـ ئەو ئەندازەیە کە ئەبێ بە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ ئێوە.

﴿وَإِن تَصۡبِرُواْ﴾

وە ئەگەر خۆتان بگرن و ئەو ئازاری دڵتانە هەڵبگرن.

﴿وَتَتَّقُواْ﴾

وە خۆتان بپارێزن لە بێئەمری خودا لەم هۆیەوە، واتە لە باتی تاوانبارێ بێتاوانێ ئازار نەدەن.

﴿فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٨٦﴾

ئەوە بە راستی ئەم سیفاتە بەرزانە لەو سیفەتانەن کە خودا بڕیاری داون بۆ بەندە ئازادەکانی و بۆ رەهبەرە بەرزەکانی و بۆ پێغەمبەرە نازارەکەی.

﴿وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكۡتُمُونَهُۥ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەو چەرخە بکە بۆ یارانت کە خوای تەعالا عەهد و پەیمانی وەرگرت لەو زانایانە کە کیتابی خودایان پێ دراوە ـ واتە بە دەرس خوێندوویانە وەکوو عالمەکان ـ کە بە راستی و راساڵی مەعنای ئەو کیتابە رووناك بکەنەوە بۆ هەموو ئەفرادی ئوممەت وە کەم و زیادی تیاناکەن و بە عەناد و ملەجڕێ مەعناکەی لە راستە لانەدەن وە بیری پرسیاری پاشەڕۆژیان لە دڵدا بێ و هیچ باسێ لەو باسانە کە وان لە کتێبەکەدا نەیشارنەوە لە کەس.

﴿فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ﴾

کەچی ئەو ئادو پەیمانەیان فڕەدا بۆ لای پشتیانەوە، واتە موبالاتیان پێ نەکرد و پاپاییان نەکرد.

﴿وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ﴿١٨٧﴾﴾

وە بەو کیتابە کە لەلایان بوو نرخی کەمیان وەرگرت، واتە لەبەر ئەوە کە دیاری و دەسەندەیان دەس بکەوێ و لەسەر پایە و مایەی خۆیان دەوام بکەن پەیمانی خودایان لە بیر بردەوە بەڵکوو کەم و زیادیان تێدا کرد و لەسەر موناسبی هەوای خۆیان مەعنایان بڵاو کردەوە، ئەمەیش شتێکی خراپ بوو ئەوان وەریان گرت و کڕییان بەو ماڵە نەختە رەواجی خۆیانە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا۟﴾ **الآية.**

موسلیم و بوخاری و ترمزی و نیسائی و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە: کاتێ کە مەروان کوڕی حەکەم کوڕی عاس ئەمیری مەدینەی مونەووەرە بوو لە لایەنی موعاویەوە خزمەتکارێکی خۆی هەنارد بۆ لای ئیبنوعەباس و پێی وت: بڵێ بە ئیبنوعەباس: ئەگەر کەسێ شادو مەسروور بێ بەوەی کە دەستی ئەکەوێ و حەز بکا بەوە سەنای بکرێ لەسەر شتێ کە ئەو نەیکردووە عەزابی بدرێ لە قیامەتدا، هەموومان عەزابمان ئەدرێ. ئیبنوعەباس ﷺ فەرمووی: چیتانە بەسەر ئەم باسەوە؟ ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی ئەهلی کیتابا کە حەزرەت پرسیاری شتێکی کرد لێیان ئەوان شاردیانەوە و بەیانیان نەکرد و خەبەریان بە شتێکی موخالیف پێدا. جا دەرچوون وایان نیشان ئەدا کە جوابی پرسیارەکەیان بە راستی داوەتەوە و سوپاسی خودایان نەکرد لەسەر ئەمە و دڵشادیش بوون بەوەی کە کەتمی حەقیقەتەکەیان کردووە، ئەم ئایەتە لەوەدا نازڵ بووە.

وە ریوایەتیش کراوە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە ﵁ کە تاقمێ لە مونافقەکان هەر کاتێ حەزرەت ئەڕۆیشت بۆ غەزا خۆیان دوا ئەخست و نەدەچوون و دڵشاد بوون بە مانەوەیان لەسەر موخالەفەی حەزرەت ﷺ وە کاتێ حەزرەت ئەهاتەوە لەو غەزایە ئەچوون عوزریان ئەهێنایەوە لە خزمەتیا و سوێندیان لەسەر ئەخوارد و پێیان خۆش بوو کە تاریف بکرێن لەسەر ئەوەی کە نەیانکردووە. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو. ئەمەیش بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە. جا عەللامە قورتوبی ئەڵێ: حەدیسی ئەووەڵ بە خیلافی ئیقتیزای حەدیسی دووهەمە. کەوابێ ئیحتیمالی هەیە ئەم ئایەتە لەسەر هەردوو سەبەبەکە نازڵ بووبێ چونکە هەردوو واقیع بوون لەیەك زەمانا. کەوابێ ئایەتەکە ئەبێ بە جواب بۆ هەردوو تاقمەکە.

وە حافز ئیبنوکەسیر ئەڵێ: مونافات نییە لە بەینی ئەوەدا کە ئیبنوعەباس فەرموویەتی و لە بەینی ئەوەدا کە ئەو جەماعەتە فەرموویانە؛ چونکی ئایەتەکە عامە و شامیلە بۆ هەموو ئەو وەزعانە. بە هەرحاڵ خودا ئەفەرموێت:

﴿ لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست زەن مەبە ئەوانە کە دڵشاد و شادمان ئەبن بەو کردەوە نابارانە کە ئەیکەن وەکوو حەق ونکردن و دەرخستنی بەتاڵ لە شێوەی حەقدا.

﴿وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا ﴾

وە زەن مەبە بەو کەسانە کە حەز ئەکەن سەنایان بکرێ بە بازێ کردەوەی باشی وەها کە نەیانکردووە.

﴿فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾

زەن مەبە بەوانە کە دارای نەجات و فەوز و رزگارین لە سزا و تۆڵەی خودا.

﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨٨﴾﴾

وە بۆ ئەوانە هەیە عەزاب و ئازارێکی ئێش گەیێن.

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٨٩﴾﴾

هەر بۆ خودایە پادشاهی و دارایی ئاسمانەکان و عەرز بە هەموو کان و گیا و گیانلەبەران و ئینسانەوە تەسەڕوفیان تیادا ئەکا لەسەر داوای حیکمەتی شامیل و رەسایی خۆی، وە کەس یارای ئەوەی نییە پرسیار بکا بۆچی و لەسەرچی؟ وە خودا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە.

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ الآيات.

ئیمامی تەبەرانی و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە فەرموویەتی: قورەیشییەکان هاتن بۆ لای یەهوود پرسیان کرد لێیان: حەزرەتی مووسا چلۆن هات بۆ لای ئێوە و چ موعجیزەیەکی هێنا؟ وتیان: عەسا و یەدی بەیزا، واتە: عەساکەی فرەئەدا ئەبوو بە مارو دەستی ئەکرد بە باخەڵیا و کاتێ دەری ئەهێنا وەکوو چرا پرتەوی ئەدایەوە. وە رۆیشتن بۆ لای گاورەکان پرسیاریان کرد: عیسا چ موعجیزەیەکی هێنا بۆ ئێوە؟ وتیان: کوێری سکومای چاك ئەکردەوە و ئینسانی بەڵەکی رزگار ئەکرد و مردووی زیندوو ئەکردەوە. جا هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێیان وت: داوا بکە لە خودای خۆت کە تەپۆڵکەی «صفا» بکا بە ئاڵتوون بۆمان! جا بە شوێنی ئەمەدا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾﴾

بە راستی هەیە لە ئیجاد و خەلق و دروستکردنی ئاسمانەکان و ئەو ئەستێرانە کە لە شوێنی خۆیانا ئەمێننەوە و ئەوانە کە لەسەر مەداری تایبەتی هەڵئەسووڕێن بە درێژی کات و لە ئەوزاعی عەرزا و ئەو کان و مەعدەنانە وان لە ناویانا و لەو ئاوە شیرینە سافانە و لەو ئاوە شۆرە و ئەو شەلالە و تافانە کە بە توولی ئەییام دێن و رەوانن و لەو بەرزەوە بوونی بوخار و هەور و هاتوچۆی هەور و باراندنی باران بەسەر عەرزا و لە ئیختیلاف و بەیەکاچوونی زەمانی شەو و رۆژ بە کەم و زیاد، وە لە ئیستیمراری ئەمانەدا بە بێ موخالەفە گەلێ ئایات و نیشانە هەن لەسەر وجوودی پەروەردگاری زیندووی زانای تەوانای خاوەن خواست و تاق و تەنیای بێ‌وێنە و بێ‌ئیحتیاج و نیاز بە کەس. بۆ ئەو کەسانە دارای عەقڵی خاڵس و بێ‌نەخۆشین؛ چونکی ئەم شتانە باس کران هەموو رام بوون بۆ ئیشکردن وەکوو خادم و کارەکەر، واتە هێزێکی خاریج ئەمانەی خستووەتە ئیشەوە، وە ئەو هێزە ئەگەر بێ‌زانست و شوعوور بێ بە عەقڵ و فام مومکین نییە هێزی بێ‌شوعوور بە درێژی چەرخی رۆزگار ئەم هەموو هاتوچۆوە نازارە و ئەم هەموو کارە شیرینانە و ئاسارانەی لێ پەیدابێ. وە ئەگەر خاوەن زانست و شوعوورە ئەوە هێزی ئەو پەروەردگارە زانای تەوانای خاوەن کردگارەیە کە عالەمی رام کردووە. تەنیا ئەمە ئەمێنێ لە ئارادا کە تۆ نازانی حەقیقەتی ئەو زاتە خاوەن هێزە چییە، ئەمەیش نابێ بە مانیعی تۆ لە ئیعتیراف بە بوونی زاتی پەروەردگار؛ چونکی گەلێ شت هەن لای تۆ وجوودیان موحەققەقە و نایشزانی حەقیقەتیان چییە وەکوو رۆح، گیانی خۆت ئەزانی هەیە و نازانی چییە، وەکوو جازیبەی ئەم سەییاراتە کە هەموو کورەیێ لەسەر جازیبەیەکی تایبەتی ئەسووڕێتەوە و تۆیش نازانی حەقیقەتی ئەو جازیبەیە چییە، وە وەکوو ئەم رۆژە کە ساڵەهای ساڵە بەم گەورەیی و قەوارەوە بووە بە دایکانە و بە مەرکەز بۆ ئەم هەموو

مەوجووداتی عالەمە و داگیرساوە و بووە بە چرای رووناکی تەواوی عالەم و نایشزانی حەقیقەتەکەی چییە، وە وەکوو ئەم «أثیر»ە کە لە عالەما هەیە و بووە بە هۆی گەیشتنی دەنگ و رەنگی ئەشباح بە ئادەمیزاد و حەقیقەتەکەیشی نازانی چییە.

جا ئەگەر ئینسان بە دڵێکی پاکی خاڵی لە خەوش و خاڵ، وردبێتەوە لەمانەدا بە ناچاری ئیعتیراف ئەکا بە پەروەردگاری جیهان ئەو پەروەردگارە کە لەسەر ئەم یاسا جوانە جیهانی دروست کردووە و رازاندوویەتیەوە کە هەمووی سەروخوار وەکوو خانوویێ وایە کە بە گومەزێکی گەورە دروست کرابێ و لەو گومەزەوە چرای زۆر بەرەوە بووبێ و لەسەر هەموو چراکانەوە شاچرایێ ئاوێزان بووبێ و بە دەوام ئەو دیمەنە جوانەت بێ‌خیلاف نیشان بدا. وە بۆ پێغەمبەری ئاخر زەمان موعجیزە لەم دەرسە بەرزتر پێویست نییە. لەم لایشەوە ئەگەر ئینسانێ داوای دەسکەوتنی دەرمانی دڵ بکا وەکوو چۆن ئەگەڕێ بە شوێنیا و هەرکەسێ دەرمانێکی نیشان بدا. ئەگەر هەر بۆ بەراوردیش بێ چەن رۆژێ بە کاری دێنێ. وەها ئەم پێغەمبەرانە عليهم السلام هەموو وەکوو دوکتۆری نەخۆشینی گیانن وە بڕیاریان داوە بە یەك روویی داوای یارمەتی غەیبی لە خودا بکەی و ماوەیێ مەشغووڵی یاد و ناوی خودا بی دڵت دائەمەزرێ. ﴿ألا بذكر الله تطمئن القلوب﴾[1] وە ئەم دەرمانە لە هەموو دەرمانێ بە سوودترە؛ چونکی بەراورد کراوە کەس بە فەلسەفە لە حەقیقەتی غەیبییات حاڵی نەبووە وە تا یەکێ کەمێ حاڵی بووبێ بە دەلیلی عەقڵی هەزاران کەس لە سەر یاسای دین و تەمێ و تەربییەی پێغەمبەر ﷺ پێگەیشتووە وە ئەوەندە تێگەیشتووە کە دڵی ئارام ببێ، بۆیە خودا بە شوێن کەلیمەی ﴿أولي الألباب﴾دا ئەفەرموێ:

١. الرعد؛ ٢٨.

﴿ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ ﴾

واتە: خاوەن هۆشە ساغەکان ئەو کەسانەن کە زیکری خودا ئەکەن بە راوەستان و دانیشتن و لەسەر تەنیشتەوە.

﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

وە بیر ئەکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و عەرزا.

﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَـٰذَا بَـٰطِلًا سُبْحَـٰنَكَ﴾

لە ئەنجامی ئەو بیر کردنەوە پاکەدا ئەڵێن: پەروەردگاری میهرەبانی ئێمە، تۆ ئەم کۆمەڵە جوانە کە ناوت ناوە جیهان بە بێ سوود دروستت نەکردووە و تۆ تەقدیس و تەنزیهـ و تەبرییە ئەکەین لە دروستکردنی شتی بێسوود، جا کە مادام تۆ ئەم عالەمەت بە بێ سوود دروست نەکردووە بەڵکوو دروستت کردووە بۆ بەندەیی خۆت و بۆ ئەوە ببێ بە جیلوەگای دەرکەوتنی ئاساری تەوانایی خۆت و ئێمە ناتوانین بە تەواوی تۆ بناسین و بە رەسایی عیبادەتت بۆ بکەین، وە قوسوورمان ئەوەندە زۆرە شیاوین بۆ شالاوی ئاگری دۆزەخ.

﴿فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾﴾

بمانپارێزە، ئەی خودای میهرەبان لە ئازاری ئاگری دۆزەخی خۆت.

ئێمە بەندەی تۆ و تۆیش بە حەق خودا	جیهانی جوانت کرد بە جیلوەگا
فریشتە و جینی و گشت ئادەمیزاد	کردت بە شاگرد، رەهبەر بە ئوستاد
ئەگەر لە دەرسی بەرزی زانستی	یا لە ئەنجامی خودا پەرستی
راسب ماینەوە بە زۆری خەتا	ناجیحمان بکە ئەی خاوەن عەتا
بە مایەی پایەی حەزرەتی رەهبەر	یەعنی موحەممەد سەرداری ئەنوەر

﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدۡخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥۖ﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە، بۆیێ وا بە جۆش داوای ئەوەت لێ ئەکەین کە بمانپارێزی لە ئاگری دۆزەخ؛ چونکی بە راستی ئەو کەسەی کە تۆ بیهاویتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئەوە بە تەواوی رسوات کردووە لە ناو هەموو ئەو ئادەمیزادانە کە خاوەن پایەن و بە ستەمکارت ژماردووە؛ چونکی تۆ پادشایەکی عادڵی ئینسانێ کە ستەمکار نەبێ نایهاویتە ناو ئاگر.

﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ١٩٢﴾

وە ئەو کەسانەیش کە ستەمکارن هیچ یارمەتیدەرێکیان نییە کە بە هێز دەریان بکا لەو ئاگری دۆزەخە، وە ئەترسین کە خواستیشت لەسەر ئەوە نەبێ کە تکاکاری گەورە زوو بێت و تکامان بۆ بکات، وە بەم شێوە زۆر لەو ئاگرەدا بمێنینەوە.

﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ﴾

پەروەردگارا بە راستی ئێمە گوێمان لە دەنگی جارکێشێکەوە بوو بانگی ئەکردین بۆ ئەوە ئیمان بێنین، وەکوو پێغەمبەر بێ ﷺ، وە ئێمە سوپاس بۆ تۆ ئیمانمان هێنا.

﴿رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا﴾

پەروەردگارا دەی مادام ئیمانمان هێنا و چووینە ریزی ئوممەتی ئیجابەوە تۆیش تاوانە گەورەکانمان بپۆشە و بە میهرەبانی خۆت کەفارەتی تاوانە بچووکەکانمان بۆ بدە.

﴿وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ ١٩٣﴾

وە بمانمرێنە و گیانەکەمان لێ وەربگرەوە لەگەڵ پیاوە باشەکانا، واتە کاتێ کە گیانمان دەردەچێ پیاوی باش زۆر لە دەور و پشتمان بن، وە یاخود لە ناو پیاوە باشەکانا و لە گۆڕستانی ئەوانا بمانێژە.

﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ﴾

پەروەردگارا بە میهرەبانی خۆت و بە وەفای خۆت بە وادەکانت ئەو سەوابە و ئەو پایە و مایەیە کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانت وادەت پێداوین بماندەرێ.

﴿وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾

وە لە رۆژی قیامەتا رسوامان مەکە لە ناو کۆڕی پیاوەباشەکانا.

﴿إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ (١٩٤)﴾

بە راستی تۆ تەرکی وەفا بە وەعدە ناکەی.

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۖ﴾

جا خودای تەعالا داواکەیانی قەبووڵ کرد و دڵخوازەکەیانی بەجێ‌هێنا و فەرمووی: بە راستی من کردەوەی هیچ خاوەن کارێ لە ئێوە زایە ناکەم نێر بێ یا مێ، کە بازێکتان لە بازێکتانە، واتە نێرینە لە مێیینە و مێیینە لە نێرینەیە، یاخود بازێکتان تێکەڵی بازێکی‌ترە، بەم مەعنا کە هەمووتان لە یەك ئەسڵن، وە یاخود هەمووتان بە یەکەوە لکاون لە دین و ئایینا.

﴿فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي﴾

وە ئەو کەسانە کە هیجرەتیان کرد لە مەککەی موکەڕڕەمە بۆ مەدینەی مونەووەرە و دەرکران لە خانووبەرەی خۆیانا و ئازاریان درا لە رێگەی مندا.

﴿وَقَاتَلُوا﴾

وە جەنگیان کرد لەبەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەق:

﴿وَقُتِلُوا﴾

وە کوژران.

﴿لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾

بە بێ‌گومان هەموو تاوانەکانی ئەوان گەورە و بچووك دائەپۆشم.

﴿وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾

وە بە راستی ئەیانخەمە ناو چەن باخێکی بەهەشتی وا کە جۆبار لە ژێر دارەکانیەوە رەوان ئەبێ.

﴿ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ﴾

وە سەوابیان ئەدەمێ بە سەوابێ کە شیاوی کەرەمی خودا بێ.

﴿وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾﴾

وە خودای تەعالا لە لایەتی سەوابی جوان، وە بە فەزڵ و ئیحسانی خۆی ئەیبەخشێتەوە بە موسوڵمانانا.

ریوایەت کراوە لە «أم سلمة» رضي الله عنها ئەڵێ: عەرزی حەزرەتم کرد: یا رەسوولەڵلا نابیسم کە خودای تەعالا ناوی ژنان ببا لە ئەهلی هیجرەتا بە هیچ نەوعێ! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتی «فاستجاب لهم»ەی نارده خوارەوە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ﴾ الآيات.

واحیدی و بەغەوی و غەیری ئەوانیش فەرموویانە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە موشریکەکانی مەککەدا؛ ئەوان زۆر لە رابواردن و ژیانێکی رەسادابوون و موسوڵمانەکانیش گەدا و بێ‌دارایی بوون، جا لە ناو خۆیانا باسیان کرد وتیان: ئەم دوژمنانی خودا وان

لە ناو ناز و نیعمەتا و ئێمە نزیکە لە برسێتییا بمرین. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە فەرمووی:

﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى ٱلْبِلَـٰدِ ﴿١٩٦﴾﴾

با دڵت تێك‌نەدا و دڵی ئوممەتی تۆ تێك‌نەدا هەڵسووڕانی ئەوانە کە کافرن لە ناو ناز و نیعمەتی زۆرا لەم شارەدا و لە شارانی‌ترا.

﴿مَتَـٰعٌ قَلِيلٌ﴾

ئەو هەڵسووڕانە لە ناو نیعمەتا جێگەی ئیعتیماد نییە؛ چونکی لەزەت و ئاسایشێکی کەمە و مادام لەگەڵ ئیمانا نییە ماوەیێ پێی رائەبوێرن.

﴿ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ﴾

لە پاشان ماوا و مەنزڵیان دۆزەخە.

﴿وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾﴾

وە خراپ ئارامگایەکە دۆزەخ.

ئەم نەوعە ئاخ و داخی ئینسانی گەدا لە کاتی تەماشای دارایی دەوڵەمەندانا زۆرە، بە تایبەتی ئاخی ئەوانە کە مەشغووڵی عیلم و زانستن و مەجالی دنیایان نییە، بەڵام بە باوەڕی من ئەم داخە زۆر بێ‌موناسەبەیە؛ چونکی هەموو عاقڵێ ئەزانێ ئەم جیهانە لەسەر یاسای ئەسباب و ئەسبابسازی ئەڕوا، هەرکەسێ کشت‌وکاڵ بکا گەنم و جۆ درەو ئەکا، وە ئەوەی چۆداری بکا شیر و دۆ وەرئەگرێ، وە ئەوەی تیجارەت و ئاڵ‌ووێر بکا دراوی دەست ئەکەوێ؛ دەی ئینسانێ لە مزگەوتا شەو و رۆژ دوور بکەوێتەوە لە ئەسبابی دارایی چۆن دارایی دەست ئەکەوێ؟! یا ئەو کەسە وا لە دەشتا چۆن عیلم و زانست وەرئەگرێ؟! بە عادەت ئەمە مەحاڵە. بێجگە لەمانە کابرا کە لەبەر خودا تەرکی دنیا و دارایی بکا و مەشغووڵی خزمەتی دین و کەسبی جەزای

ڕەزای خودا بێ چۆن عەقڵ مەجالی پێ ئەدا وەربگەڕێتەوە بۆماڵێکی دنیایی دەست بکا بە ئاخ و داخ؟ هەرکەسێ بارەی کاری خۆی وەرئەگرێ وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾

بەڵام ئەو کەسانە کە تەقوای خودای خۆیان ئەکەن بۆ ئەوان هەیە چەن بەهەشتێ کە جۆبار ڕوان ئەبێ لە ژێری ئەو باخانەوە و بڕیاری مانەوەیان دراوە هەتا هەتایە.

﴿نُزُلٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۗ﴾

حاڵی ئەم بەهەشتانە وایە کراون بە ئیکرامییەی ئامادەکراو بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن تەقوای خودان.

﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ ١٩٨﴾

وە ئەو بەهەشتە کە لە لای خودایە و ئامادەکراوە باشترە بۆ پیاوە باشە خێرۆمەندەکان لەو دارایی دنیایە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَإِنَّ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ **الآية.**

نەسائی ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەس ﷺ: کاتێ باسی مردنی «نەجاشی» پاشای حەبەش گەیشت بە مەدینە حەزرەت ﷺ فەرمووی: نوێژی لەسەر بکەن، ئەسحابەکان عەرزیان کرد: یا ڕەسوولەڵڵا نوێژ ئەکەین لەسەر ئینسانێکی حەبەش؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردووە لە جابیر فەرمووی: کاتێ کە نەجاشی مرد حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەسحەمەی براتان لە حەبەشستان وەفاتی کرد، جا

حەزرەت ﷺ رۆیشتە دەرو نوێژی لەسەر کرد وەکوو چۆن نوێژی لەسەر جەنازە ئەکرد، وە چوار جار «اللّٰه أكبر»ی کرد. جا مونافقەکان وتیان: تەماشا بکەن موحەممەد نوێژ ئەکا بەسەر کافرێکدا مردووە لە عەرزی حەبەشەدا جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە هەیە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا: کاتێ نەجاشی مرد حەزرەت باسی مردنی ئەوی کرد لەگەڵ ئەسحابەکانیا و فەرمووی: براییکتان لە حەبەشەدا وەفاتی کرد نوێژی لەسەر بکەن، جا تەشریفی برد بۆ سەحرا و ئەسحابەکانی ریز کرد و نوێژی لەسەر کرد.

وە لە بازێ ریوایەتا ئەڵێن: نازڵ بووە لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و رەفیقەکانیا. وە لە بازێکی‌ترا ئەڵێ: نازڵ بووە لە چل کەس لە ئەهلی نەجران وە سی و دوو کەس لە ئەهلی حەبەشە و هەشت کەس لە رۆم کە گاور بوون و هاتن موسوڵمان بوون.

﴿وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾

بە راستی لە ئەهلی کیتابە بازەکەسێ کە ئیمان دێنێ بە خودا و بەو کیتابە کە نازڵ کراوە بۆ سەر ئێوە و بەو کیتابە کە نازڵ کراوە بۆ سەر ئەوان و حاڵیان وایە دڵیان ئەترسێ لە عەزابی خودا و هەموو وجوودیان ئەلەرزێ لەبەر ئەمری زاتی حەقدا و لە موقابیلی ئایاتی خوداوە عیوەز و پاداشێکی کەم وەرناگرن.

﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾

ئەم کۆمەڵە کە باسمان کردن ئەجرو سەوابیان سابتە لای خودای خۆیان.

﴿إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾﴾

وە بە راستی خودا بە پەلە حسێبی کردەوەکان تەواو ئەکا و سەوابەکەیان پێ ئەگەیەنێ.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱصْبِرُوا۟﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا! خۆتان بگرن و سەبر بکەن لەسەر ئازاری تاعات و لەسەر ئەوەی کە پێتان ئەگا لە زەحمەت و بێئاسایشی.

﴿وَصَابِرُوا۟﴾

وە خۆتان غاڵب بکەن بەسەر دوژمنانی خودادا بە هۆی سەبر و خۆگرتن لەسەر جەنگی کافران لە مەیدانا.

﴿وَرَابِطُوا۟﴾

وە بمێننەوە لە حودوودا و چاوەڕێی جەنگ بکەن لەبەر بەرزکردنەوەی دین وە یا لە پاش ئەوە کە فەرزێکتان لە نوێژەکانتان کرد بمێننەوە لە مزگەوتا هەتا وەختی نوێژی دووەم. مەسەلا لە پاش نوێژی نیوەڕۆ چاوەڕێی نوێژی عەسر بکەن، وە یا لە پاش نوێژی مەغریب ئینتیزاری نوێژی عیشا بکەن. بۆ ئەوە کە نوێژی سانی هەم لە مزگەوتا بکەن؛ چونکی خێری زۆرترە بە بیست و حەوت دەرەجە لە نوێژی خاریجی، یاخود نوێژی دووەم بە جەماعەت بکا بۆ ئەوە وەکوو نوێژی یەکەمی بە جەماعەت بووە ئەم نوێژەیش هەر بە جەماعەت بێ بۆ ئەوە بە سەوابی جەماعەتەکان بگات.

وە لە فەزڵی «رباط»دا لەسەر مەعنای ئەووەڵ چەن حەدیسی شەریف وارید بووە. ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففانەوە ﵁ فەرموویەتی: بیستوومە لە حەزرەت ﷺ ئەیفەرموو: «من رابط ليلة في سبيل اللّٰه كانت له كألف ليلة صيامها وقيامها» واتە: کەسێ یەك شەو لە حودوود و سنووری بەینی کافران و موسوڵمانانا

بمێنێتەوە لەبەر پاراستنی وڵاتی موسوڵمانان لەبەر رەزای خودا ئەوە ئەو مانەوەیە وەکوو هەزار شەوە کە رۆژەکانیان بە رۆژوو بێ و شەوەکانیان نوێژی کردبێ.


وە بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدییەوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «رباط یوم في سبیل اللّٰه خیر عند اللّٰه من الدنیا و ما فیها».

وە لە سەحیحی موسلیمدا ریوایەت کراوە لە سەلمانەوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «رباط یوم ولیلة خیر من صیام شهر و قیامه، و إن مات جری علیه عمله الذي کان یعمله، و أجری علیه رزقه، و آمن الفتان. أي الشیطان».

وە وارید بووە لە فەزڵی ریبات بە مەعنای دووەمدا حەدیسێ کە ئەبوو نەعیمی حافز ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس ئەڵێ: شەوێ حەزرەت ﷺ پاش نوێژی مەغریب رۆیشتەماڵەوە، جا هەرکەسێ رۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی، رۆیشت. وە هەرکەسێ مایەوە لە مزگەوت، مایەوە. پاش ئەمە حەزرەت ﷺ لە ماڵ هاتەدەرەوە لە پێش ئەوەدا کە خەڵك نوێژی عیشا بکەن فەرمووی: موژدەتان لێ بێ ئەی موسوڵمانەکان خوای تەعالا دەرگایەکی لە دەرگاکانی ئاسمان کردووەتەوە و بە هۆی ئێوەوە فەخر ئەکا بەسەر مەلائیکەتانا و ئەفەرموێت: ئەی مەلائیکەکان بڕوانن بۆ ئەم عەبدانەم کە فەرزی نوێژیان کردووە، وەلحاڵ چاوەڕێی نوێژی‌تر ئەکەن.

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾

ئەی موسوڵمانان لە هەر عیبادەتێکا ئەیکەن تەقوای خودا بکەن، واتە ئەو عیبادەتە بە ساغی بۆ خودای بکەن.



رجا هەیە رزگار ببن.

سورة النساء، مدنية و آياتها "١٧٦" نزلت بعد سورة الممتحنة
[سووره‌تی نیساء، مه‌دینه‌ییه و "١٧٦" ئایه‌ته،
دوای سووره‌تی مومته‌حینه هاتووته‌خواره‌وه].

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

به‌ناوی خودای به‌خشنده و میهره‌بان

ئه‌م سووره‌ته پیرۆزه له مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره‌دا نازڵ بووه ئیللا ئایه‌تێك كه له ساڵی فه‌تحی مه‌ككه‌دا نازڵ بووه له شانی عوسمانی كوڕی ته‌لحه‌ی كلیلداری كه‌عبه‌ی شه‌ریفه‌دا كه عیباره‌ته له: ﴿إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلى أهلها﴾ الآية.

بازێ فه‌رموویانه: «یا أیها الناس» له هه‌ر شوێنێكا نازڵ بوو ئه‌وه مه‌ككییه، كه‌وابێ ئه‌بێ ئه‌ووه‌ڵی ئه‌م سووره‌ته مه‌ككی بێ و باقییه‌كه‌ی مه‌ده‌نی بێ. به‌ڵام راسته‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه مه‌ده‌نی بێ؛ چونكی له سه‌حیحی بوخاریدا ریوایه‌ت ئه‌كا له «أم‌المؤمنين» عائیشه‌وه رضي الله عنها فه‌رموویه‌تی: «ما نزلت سورة النساء إلا و أنا عند رسول الله ﷺ». واته: سووره‌تی نیساء نازڵ نه‌بوو ئیللا له‌و كاته‌دا كه من خانه‌واده‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بووم. وه مه‌علوومه كه عائیشه له مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره‌دا رۆیشته خزمه‌تی حه‌زره‌ت ﷺ و له‌وێ گوێزرایه‌وه. وه ئه‌و قسه كه ئه‌ڵێ «یا أیها الناس» له هه‌ر شوێنێ ببێ ئه‌وه مه‌ككییه، ته‌واو نییه؛ چونكی سووره‌تی «بقرة» مه‌ده‌نییه و له دوو شوێنا «یا أیها الناس» مه‌وجووده تیایا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ﴾

ئەی ئادەمیزاد خۆتان بپارێزن لە عەزاب و لە نافەرمانی پەروەردگاری خۆتان.

﴿ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾

ئەو پەروەردگارە کە ئێوەی دروست کردووە لە یەك نەفسی تەنها کە ناوی ئادەمە. بەو ئیعتیبارە کە بە تەنیا ئەو باوکی هەمووتانە.

﴿وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾

وە دروستی کردووە لەو نەفسە تەنیایە هاوجووتەکەی کە عیبارەتە لە «حواء».

﴿وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً﴾

وە بڵاوی کردەوە لەو دوو کەسە پیاوانێکی زۆر و ژنانێکی زۆر.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ﴾

وە لە خودا بترسن لە بارەی حوقووقی ناوتان: دەست درێژ مەکەن بە ناحەق بۆ حەقی کەس نە پیاو نە ژن؛ چونکی ئێوە لە حوقووقا وەکوو یەك وەهانە. هەمووتان لە ئادەم و ئادەم لە گڵە. ئەو خودایە کە هەموو هۆشیارێ دان ئەنێ بە وجوودیا و ئەڵێ هەیە و تەوانایە، ئەو خودایە کە ئەوەندە گەورەیە لە لاتانا یەکێکتان داوای شتێ بکا لە یەکێکتان بە هۆی ناوی ئەوەوە داوای ئەکا، ئەڵێ: بۆ خاتری خوا ئەم شتەم بدەرێ، ئەو قسە بکە، ئەوە مەکە، بۆ خاتری خوا خزمەتم بکە، ئازارم مەدە... وە خۆتان بپارێزن لە بڕینی حوقووقی میهرەبانی پێویست لە ناو خزمانا؛ چونکی بێجگە لەوە هەمووتان لەگەڵ هەموو کەسێکدا هاوڕشتەن و ئەڕۆنەوە سەر ئادەم لەگەڵ خزمەکانتانا نزیکترن و حوقووق لە ناوتانا زۆرە، وە بڕینی ڕشتەی میهرەبانی خزمایەتی ئەبێ بە هۆی گەلێ ئازار و بێزاری تەنهایی و گشتی.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾

بە راستی خودا لە کاتێکەوە ئێوەی دروست کردووە و ئێوەی گەیاندووە بە پایەی داوا و زیمەداری هەموو کاتێ نیگاهبان و ئاگادارە و تەماشاکاری وتار و کردەوەتانە و هەموو کەم و زۆرێکتان حسێبی لەسەرە.

بزانن لەم مەقامەدا چەن شتێ هەیە:

یەکەم: لەبەر ئەوە کە ئەم سوورەتە گەلێ ئەحکامی تێدا هەیە و قەبووڵی ئەوانە زۆر زەحمەتە لەسەر نەفسی ئینسان خودا ئەم سوورەتەی دەس پێ کرد بە ئەمر بە تەقوای خودا؛ چونکی ئینسان مادام تەقوای خودای بوو ئەتوانێ هەموو تەکلیفێ وەربگرێ، ئەو ئەحکامانە وەکوو ریعایەت و پاراستنی ماڵی هەتیو و پاراستنی حوقووقی مارەیی، وەکوو بەراوردکردنی حاڵی هەتیو لە پێش ئەوەدا کە ماڵەکەی بدرێتەوە دەستی، وەکوو دادگەری لە بەینی ژنانا بۆ کەسێ چەن ژنێ مارە بکا، وەکوو تەسلیم کردنی میرات بە خاوەن حەق لە کوڕ و لە کچ. وە وەکوو ئەمر کردن بە تەهارەت و نوێژ کردن و جەنگ لەگەڵ موشریکانا. وە بە تایبەتی چونکی حوقووقی ژن زۆر باس ئەکرێ لەم سوورەتەدا و ژنان لە موقابیلی برا و مام و ئامۆزاوە زەعیف و بێدەستن، هەروا لە موقابیلی مێردەوە غاڵبا داماون سوورەتەکە ناوبراوە بە «سوورەتی نیساء».

دووەم: زانایانی دین ئیجماعیان بووە لەسەر ئەوە کە مەقسوود لە «نەفسی واحیدە» ئادەمەعليه السلام، وە مەقسوود لە هاوجووتەکەی حەوایە. وە حەوا دروست کراوە لە لەشی حەزرەتی ئادەم و پاش ئەوە کە خودا ئادەمی دروست کرد خەوی بەسەرا هێنا، وە لەو کاتەدا ئادەم لە خەودا بوو حەوای لە پەراسوویەکی چەپی حەزرەتی ئادەم دروست کرد، کاتێ ئادەم لە خەو هەستا و چاوی کەوت بە حەوا ئولفەتی پێوە گرت.

وە ئیستیدلالیان کردووە لەسەر ئەمە بە فەرمۆودەی حەزرەت ﷺ: «إن المرأة خلقت من ضلع أعوج، فإن ذهبت تقيمها كسرتها، و إن تركتها وفيها عوج استمتعت بها» واتە: بە راستی ژن لە پەراسوویەکی لار دروست کراوە ئەگەر تۆ بتەوێ راستی بکەیتەوە ئەیشکێنی، وە ئەگەر وازی لێ بێنی بەو لارییەوە لەزەتی لێ وەرئەگری.

سێهەم: لەفزی «والأرحام» دەلالەت ئەکا لەسەر گەورەیی حەقی رەحم وا لەگەڵ عیبادەتی خودای تەعالا و حوقووقی باوك و دایکدا، خودا فەرموویەتی: ﴿واعبدوا اللّٰه ولا تشركوا به شيئاً وبالوالدين إحساناً وبذي القربى واليتامى والمساكين﴾[1] وە گەلێ حەدیسی پێغەمبەر ﷺ وارید بوون لەسەر سیلەی رەحم لە حەدیسێکا فەرموویەتی: هیچ کارێ نییە کە ئیتاعەی خودای پێ کرابێ بە قەی سیلەی رەحم بۆ ئینسان ببێ بە هۆی ئەوە کە زووبەزوو سەوابەکەی دەست بکەوێ، وە هیچ کارێك نییە کە عیسیانی خودای پێ کرابێ و زوو عەزابی لەسەر وارید ببێ وەکوو بڕینی رەحم و سوێنی درۆ. وە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: سەدەقە و سیلەی رەحم ئەبن بە هۆی زیادبوونی عومری ئینسان و پاراستنی خاوەنەکەیان لە مردنی ناهەموار. وە فەرموویەتی: گەورەترینی سەدەقات ئەوەیە کە سەرف بکرێ لە خزمێکدا زۆر دوژمن و نابار بێ. ئەمانە هەموو دەلیلن بۆ شەرەفی سیلەی رەحم.

وە بزانن بە ئیتیفاقی زانایانی ئیسلام سیلەی رەحم واجبە و، قەتعی رەحم حەرامە. وە سابتە کە ئەسماء لە پاش هیجرەت، دایکی لە مەککەوە هات بۆ چاوپێکەوتنی، جا ئەسماء هات عەرزی حەزرەتی کرد: دایکم هاتووە بۆ دیدەنیم و هێشتا کافرە ئایا موبالاتی پێ بکەم و خزمەتی بکەم یانە؟ حەزرەت ﷺ فەرمووی: «نعم صلي أمك»: بەڵێ خزمەتی دایکت بکە و حورمەتی بگرە.

---

[1] النساء؛ ٣٦.

بە تایبەتی ئەو خزمانە کە بە هۆی سیلەی رەحمەوە هیوات ببێ روو بکەنە ئیتاعەی خوداو ئەخلاقیان باش ببێ. وە ئەم سیلەی رەحمە بە پێی کەس و رۆژ و حاڵ ئەگۆڕێ؛ بۆ باوك و دایك و بۆ ئەولاد لە کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزا مادام ئینسان دەستی بڕوا و ئەوان گەدا بن یا کاسبییان پێ نەکرێ واجبە مەسرەفیان بکێشێ و بە قەی حاڵ ئیکرامیان بگرێ. خودا فەرموویەتی: ﴿وإن جاهداك على أن تشرك بي ماليس لك به علم فلا تطعهما وصاحبهما في الدنيا معروفاً﴾.[1] واتە ئەگەر باوك و دایك هەوڵیان دا لەگەڵتا بۆ ئەوە شەریك بۆ خودا بڕیار بدەی ئەو حاڵە کە هەموو کەسێ و تۆیش ئەزانی درۆیە و عیلمت نییە بەوە کە راست بێ، فەرمانیان وەرمەگرە، بەڵام لە دنیادا بە پیاوەتی لەگەڵیانا رابوێرە. یانی خزمەتیان بکەن.

وە بۆ غەیری ئەسڵ و فەرع یانی بۆ حاشیە وەکوو مام و خاڵ و پوورو ئەولادەکانیان ئەگەر گەدا بوون بە قەی ئیمکان یارمەتییان بدە و ئەحواڵیان بپرسە، وە ئەگەر دوور بن نامەیان بۆ بنووسە یا سەلامیان بۆ رەوانە بکە؛ چونکی دینی ئیسلام هاتووە بۆ ئیمان بە خودا بە ئیخلاس وە بۆ خزمەتکردنی موسوڵمانان بە قەی دەسەڵات، جا نەخوازەڵا کە خزم و نزیکی ئینسان بن.

فەرموودەی خودا: ﴿وَءَاتُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰٓ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ﴾.

ئیبنوئەبی‌حاتەم ریوایەت ئەکا لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ﵁: پیاوێ لە قەبیلەی «غطفان» برایەکی بوو مرد وە کوڕێك و ماڵێکی زۆری بەجێ‌هێشت، کاتێ کوڕەکە باڵغ بوو داوای ماڵەکەی کرد و داواکەیان هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە. کاتێ مامی کوڕەکە ئایەتەکەی بیست وتی: «أطعنا اللّٰه

---

١. لقمان؛ ١٥.

و رسوله» ـ خودا بمانپارێزێ لە تاوانی نابار ـ وە هەموو ماڵەکەی داوە بە برازاکەی، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: هەرکەسێ بپارێزرێ لە بوخلی نەفسی خۆی و ئیتاعەی خودای خۆی بکات ئەڕواتە بەهەشتی خوداوە. جا ئەفەرموێت:

﴿وَءَاتُوا۟ ٱلْيَتَـٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْ﴾

ئەی موسوڵمانەکان، ئەی برا و مام و خزمی هەتیوان، ئەی فەرماندارانی ڕۆژ، بدەنەوە بە دەستی ئەو کەسانەوە کە زوو هەتیو و نابالّغ بوون و ئێستە بالّغ و خاوەن هۆشن و روشدیان هەیە لەسەر حالّ و مالّی خۆیان. ئەو ماڵەیان کە لە لای خۆتان ڕاگیرتان کردووە لەگەڵ هەموو بارەی ئەو ماڵە.

﴿وَلَا تَتَبَدَّلُوا۟ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِ﴾

ماڵی پیس و بێنرخ و حەیوانی لاتی خۆتان مەکەن بە بەدەل و تۆڵە بۆ ماڵی باشی ئەوان؛ مەڕە باشەکانی ئەوان هەڵبگرن بۆ خۆتان و مەڕێکی لاوازی بێخێر بدەن بەوان، یاخود ماڵی پیسی حەرامی ئەوان وەرمەگرن و ماڵی حەلاّڵی پاکی خۆتان بدەن بەوان.

﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ﴾

ماڵی ئەو هەتیوانە مەخۆن لەگەڵ ماڵەکەی خۆتانا واتە بە بەهانەی دینارێ لە ماڵی خۆتان، دوو دینار لە ماڵی ئەوان بخۆن، واتە کاتێ مەسرەفتان کرد نیسبەت ڕابگرن، ئێوە کە چوار سەر خێزانن چوار دینار سەرف ئەکەن با لە ماڵی ئەو هەتیوە تاقە دینارێکی تێدابێ وە زیانیان لێ مەدەن.

﴿إِنَّهُۥ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا ﴿٢﴾﴾

ئەم خواردنی ماڵی هەتیوە تاوانێکی گەورەیە بە هەر شێوەیێ بێ.

لەو ولاتەدا کە هەتیو هەیە و ماڵی هەیە ئەگەر حاکمی شەرعی عادڵی تێدا ببێ باشتر ئەوەیە کە بە حسێبێکی راست ماڵی هەتیوەکان ـ هەرچەن هەیە ـ وەربگیرێ و لە مەخزەنێکی ئەمینا لەسەر دەفتەر هەڵبگیرێ. جا ئەگەر تیجارەتێکی شەرعی بوو ئەوە دروستە کە قازی ئەو ماڵە بخاتە تیجارەتەوە بە مەسڵەحەت، ئەگەرنا ماڵەکە رابگرێ وەکوو خۆی مەسرەفی لێ بکا بۆ هەتیوەکان و کاتێ باڵغ بوون تەسلیمیان بکاتەوە. ئەگەر لەو ولاتەدا قازی نییە پێویستە ئەهلی شوعووری ئەو شوێنە کەسێ بکەن بە چاودێری ئەو ماڵی هەتیوانە، واتە بیدەنە دەستی کەسێکی ئەمین کە بەخێویان بکاو مەسرەفی لێ بکا بۆ هەتیوەکان، جا ئەگەر هەتیوەکان دایکیان بوو وە شووی نەدەکرد و خاوەن روشد بوو ماڵەکە بە حسێب بدرێتە دەستی دایکەکەیان و لە خاریجیشەوە کەسێ دابنێن تەماشایان بکا و یارمەتی دایکەکەیان بدا لە هەر کارێکدا پێویست بێ.

وە ئەگەر دایکیان نەبوو لەم کاتەدا ئەگەر برایەکی موسوڵمان وە یا مامەیەکی موسوڵمانیان ببێ هەم بە حسێب بەشی منداڵەکان بدرێتە دەستیان بە خێوی بکەن و مەسرەفی منداڵەکانی لێ بکەن تا گەورە ئەبن، جا ئەگەر لە پاشا مایەوە تەسلیمیان بکەنەوە.

لەم سوورەتەدا کە ماڵەکەیان لە لای برا یا لە لای مامە مەسڵەحەت وایە هەر ماڵێ لەوانەیە زایە ببێ وەکوو فەرشێکی کۆن یا حەیوانێکی لاواز یا کاسە و کەوچکێ کە دەوام نەکا، بیانفرۆشن و سەرفی بکەن بۆ منداڵەکان، هەروا باش وایە کابرای خاوەن هەتیو لە غەیری ئەو ماڵە تۆمێ پەیدا بکا و بیکا بە مایەی فەلاحەت و کشتوکاڵ، جا هەر ئەندازەیێ لەو بەرەجووتە سەرف ئەکرێ بەشی هەتیوەکان حسێب بکا بەقەی ئەوە لە ماڵی هەتیوەکان هەڵبگرێ لە تۆڵەی ئەوا. وە ئەمما ئەوە کە ئێستە لە بازێ شوێنا ئەیکەن کە ماڵی هەتیوەکان ئەدەن بە برای گەورە یا بە

مامە بە قەرز یانی ئەیفرۆشن بەو شەخسە و لە پارەی ئەو ماڵە مەسرەف ئەکا بۆ منداڵەکان ئەمە زۆر ستەمە و سوودی تیا نییە بۆ منداڵەکان واجبە تەرکی بکەن لەبەر چەن دەلیل:

یەکەم: فرۆشتنی ماڵی هەتیو بە قەرز دروست نییە ئیللا لەبەر مەسڵەحەتێکی دیاری وەکوو ئەوە کاتێ ئاشووب و تاڵان بێتە پێشەوە و ئەگەر ئەو ماڵە نەدرێ بە قەرز بە تاڵان بڕوا، وە مادام ئەو مەسڵەحەتە نەبوو پێویستە رەهن وەربگیرێ لە باقی ئەو قەرزە، وە لەم سوورەتانەدا ئەم ماڵی هەتیوە ئەدەن بە قەرز ئەو مەسڵەحەتانە وجوودیان نییە و رەهن وەرناگیرێ و ئەو براگەورە یا ئەو مامە ئەو ماڵەی پێ ئەفرۆشن بە قەرز لە ئەساسا پیاوی نوێژکەر یا خاوەن روشد نییە و ئەگەر وایش بێ ئەو ئەمانەتەی نییە کە ئەو قەرزە بداتەوە بە منداڵەکان.

دووهەم: ئەو هەتیوانە ـ کوڕ و کچ ـ لە شەشساڵ بەرەوژوور ئەو برا یا ئەو مامە دائیما ئیشیان پێ ئەکا و لە کشتوکاڵ و حەیوانداری دا بە کاریان دێنێ بە نەوعێ کە ئەوەندە خۆیان ئەیخۆن و زیاتر لەوە کرێیان ئەکەوێ ئیتر پێویست نییە بەوە کە لەو ماڵی خۆیانە مەسرەفیان بۆ بکرێ، وە ئەمەی کە من وتم لەگەڵێ شوێنا بە تەواوی راستە.

سێهەم: حەیوان، وەکوو مەڕو بزن و مانگا و ماین، مانەوەیان لە کوردستانا گەلێ بە سوودە؛ وا ئەبێ لە ماوەی دە ساڵدا لە زاوزێی ئەو حەیوانانە گەلەیێ ئەکەوێتەوە و کاتێ منداڵەکان باڵغ بوون تەسادوفی دارایی و ماڵێکی زۆر ئەکەن کە زۆر سوودیان لێ وەرئەگرن و، لە فرۆشتنی ماڵەکەیانا کاتێ باڵغ ئەبن وەکوو داری دەست وەها رووت و بێمایە و ماڵن و ئەم حاڵە ئەبێ بە هۆی بەدبەختی ئەو هەتیوانە.

چوارەم: ئەم نەوعە موعامەلە بۆ ئەنجام ئەبێ بە هۆی فیتنە و ئاشووب لە بەینی ئەو هەتیوانەدا لەگەڵ براکەیانا یا مامۆکەیانا کاتێ کە خۆیان بە رووتی و داماوی

ئەبینن خەڵکی ئامۆژگارییان ئەکەن، پێیان ئەڵێن:ماڵێکی زۆرتان بوو و براکەتان خواردی وە ئاشووب پەیدا ئەبێ و گەلێ جار کوشتن و شەڕە قسە لە بەینا ئەبێ ئەویش حەرامە و هەرچی سەربکێشێ بۆ حەرام حەرامە.

بە هەرحاڵ ئەگەر حاکمی شەرع ماڵەکە وەربگرێ و لە دائیرەی ئەیتاما دایبنێ ئەوە بە هەر جۆر بێ مومکینە «رأس المال»ەکەیان بۆ سەرف بکرێ، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ مانەوەی ماڵەکەیان وەکوو خۆی لە هەموو سوورەتێ ئەهوەنترە و ئەمە بە سوورەتی راستی بەراورد کراوە وەهایە. وە لە سوورەتێکا ماڵی هەتیوەکان تێکەڵی ماڵی براو مامی بێ بەو نەوعە باسمان کرد زۆر باشترە.

بێجگە لەمانە جار بە جارێ بازە موسوڵمانێ سێ‌یەکی ماڵی ئەکا بە خێری گیانی خۆی ئەگەر یەکێ لێی بخوا. ئەوەیش مەقسوودی کابرا ئەوە نییە ئەو سێ‌یەکە لە پاش مردنیا جیا بکرێتەوە و خەڵك ئیستیفادەی لێ بکا، بەڵکوو مەقسەد ئەوەیە هەتا ماڵی ئەو کابرا ئەمێنێ موسوڵمانان کاتێ رێکەوت چوونە ماڵی ئەولادەکانی لەو ماڵە بخۆن و خێری کابرا نەبڕێ.

فەرموودەی خودا: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا﴾.

بوخاری و موسلیم ـ خوایان لێ‌رازی‌بێ ـ ریوایەتیان کردووە لە عوروەی کوڕی زوبەیر ﷺ عوروە ئەڵێ: پرسیارم کرد لە پوورم عائیشە ﷺ لەم ئایەتە ئەویش فەرمووی: هاتەخوارەوە لە شانی کچانی بێ‌باوکدا کە لای حەقداریان بوون و ئەو حەقدارە لەبەر ماڵی کچەکە یا لەبەر جوانی مارەی ئەکرد بۆ خۆی، بەڵام ئەوەندە کە عادەتە مارەیی بۆ دانەئەنا وە ئەگەر شتێکی بۆ دابنایێ پێی نەئەدا جا خودا مەنعی کردن لە مارە کردنی ئەم کچانە مەگەر وەکوو ژنانی‌تر مارەیی و حوقووقیان بۆ دابنێن.

وە خودا فەرمووی: بڕۆن لە ژنانی‌تر مارە بکەن و فەرمووی:

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ﴾

ئەگەر ترستان بوو لەوە عەدالەت نەکەن لە میقداری مارەیی ئەو کچە هەتیوانە کە وان لە ئیدارەتانا.

﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ﴾

بڕۆن مارە ببڕن ئەوەی کە موناسب و جوانە لەبەر چاوتانا لە ژنان.

﴿مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾

خوا دوو دوو ژن مارە بکەن یا سێ سێ یا چوار چوار، بۆ ئەوە کە لە ستەمکردن لە کچە هەتیو دوور بکەونەوە، بەم مەرجە کە بتوانن عەدالەت بەجێ بێنن لە بەینی ئەم ژنانەدا لە مانەوە لە لایاندا بە یاسای شەرع؛ چونکی ئەگەر عەدالەت نەکەن لە ناویانا لە مارەکردنی ئەمانەیشا تووشی تاوان ئەبن وەکوو لە مارە کردنی هەتیوەکانا.

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾

ئەگەر بیمتان بوو لەوە عەدالەت نەکەن لە ناو ئەم ژنانەدا ئەوە [یەك] ژن بێنن، وە یا لەزەت وەربگرن لەو جارییانە کە بوون بە موڵکتان؛ چونکی لە جارییەدا قەسم واجب نییە، وە لەبەر ئەوە کە موڵکن ئەتوانن بە هەموو نەوعێ تەسەڕوفیان تیا بکەن.

﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا ﴿٣﴾﴾

ئیختیاری یەك ژن یاخود کڕینی جارییە بۆ لەزەت وەرگرتن نزیکترە لە ستەم نەکردن لە بەینی ژنانا. وە یاخود مەعنای ئایەتەکە وایە ئەگەر ئێوە ترستان هەیە لەوە کە لە هۆی هەتیوانەوە گیرۆدەی تاوان ببن و ماڵیان بخۆن و لە ترسی ئەمە هەتیو ناگرنە خۆتان، دەی لە خوسووسی ژمارەی ژنانیشەوە لە خودا بترسن، وە یاسای زەمانی نەزانین تەرك بکەن کە بە بێ حسێب ژن مارە بکەن و سەرگەردانیان

بکەن لە بابەتی بێئیدارەیی و موبالات نەکردن پێیان، وە مارە بکەن لەو ژنانە کەوا پاکن و موناسبی ئێوەن یا دوو دوو یا سێ سێ و چوار چوار، وە لە چوار ژن زیاتر مارە مەکەن با تووشی فیتنە و تاوان نەبن.

ئەم کورت هەڵهێنان لەسەر عەدەدی مەحدوودە نزیکترە لە عەداڵەت کارییەوە لەوە کە موقەیەد نەبن بە ژمارەوە وەکوو زەمانی جاهیلییەت. وە ئەم مەعنای دووهەمە لەسەر ریوایەتی سەعیدی کوڕی جوبەیرە کە فەرموویەتی: موسوڵمانەکان دووریان ئەگرت لە وەرگرتنی هەتیو و ماڵی هەتیو لە ترسی تاوانباری، جا خودایش فەرمووی: دەی وەکوو لەم هۆوە لە خودا ئەترسن لە هۆی ژنی زۆریشەوە لە خودا بترسن و ئەوەندە ژن بێنن کە بتوانن تەماشای عەداڵەتی شەرعییە بکەن تیایانا کە ئاخر پایەی چوارە، وە ئەگەر ترسی ستەمتان بوو هەر یەك ژن مارە بکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗ ﴾.

ئیبنوئەبیحاتەم و ئیبنولمونزیر ریوایەت ئەکەن ئەڵێن: عادەت وابوو کاتێ پیاوێ کچی خۆی ئەدا بە شوو هەموو مارەیی کچەکەی وەرئەگرت و نەیئەدا بە کچەکەی. جا خودا نەهی کرد لەم رەفتارە نابارە و فەرمووی:

﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗ ﴾

بدەن بە ژنان مارەییەکەیان کە بەشێکە خودا بۆی داناون و غەدریان لێ مەکەن بە زۆری دەس یا بە زۆری روو لێیان مەستێنن، حەقی خۆیانە خودا پێ داون، ئەگەر ئێوە کچەکانتان بەخێو کردووە ئەوانیش لە عومری شەش حەوت ساڵییەوە هەتا کاتێ شوو ئەکەن رەنج ئەدەن و چەن قاتی سەرفی خۆیان کار ئەکەن.

﴿ فَإِن طِبۡنَ لَكُمۡ عَن شَيۡءٖ مِّنۡهُ نَفۡسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا ﴿٤﴾ ﴾

وە ئەگەر بە خۆشی دڵ و ئارەزووی خۆیان دەست‌بەردار بوون لە شتیٚ لەو مارەییە و پێیان دان وەری بگرن و بیخۆن وەکوو خواردەمەنییەکی گەوارا.

ئەمە تا ئێستە لەسەر ئەوە رۆیشتین ئایەتەکە خیتاب بیٚ لەگەڵ باوك و برای ژنەکەدا. وە ئەگەر خیتاب بیٚ لەگەڵ مێردەکانیانا وەکوو سیاقی ئایەتە پێشووەکانە ئەوە ئەفەرموێت: ئەی موسوڵمانەکان کاتیٚ ژنتان مارە کرد ئەوە مارەییەکەیان پیٚ‌بدەن وەکوو خودا پێی‌داون، یا پێیان بدەن بە پیاوەتی وەکوو کەرەمیٚ و بەخششیٚ بدەن بە یەکیٚ، وە مارەییەکەیان مەخۆن و مەنعی مەکەن، حەقی خۆیانە، بەڵیٚ ئەگەر بە ئارەزووی دڵ شتێکیان لەو مارەییە دا بە ئێوە بیخۆن عافییەتتان بیٚ.

بێدار بن! لەوەدا کە خودا ئەفەرمویٚ: ﴿عن شيء منه﴾ دەرئەکەویٚ کە سەرفی نەزەری ژن بە نیسبەت جوزئیٚ لە مارەییەکە مەسمووحە ئەگەرنا سەرفی هەموو مارەییەکەیان مەعنای نییە، ئەگەر ئەوانیش سەرفی نەزەر بکەن ئێوە قەبووڵی مەکەن.

بە راستی خودا «رب العالمين»ە و نیسبەت بە هەموو کەسیٚ نەوعیٚ میهرەبانی هەیە و حوقووقی ژنی داناوە بە یەکیٚ لە حوقووقە بە نرخەکان، بەڵام ئادەمیزاد بەدبەخت و سەرسەختن، نە باوك و نە برا نە مامۆ نە ئامۆزای ژن تەماشای حوقووقی ژن بە تەواوی ناکەن، وە موعامەلە ئەکەن لەگەڵ ژنا ـ بە تایبەتی لە کەژ و کێو و لە دێهاتی عەشایەریدا ـ وەکوو ئینسانێکی بیٚ‌رەحم، وە مێردی ژنەکانیش هەر بە قەساوەت رەفتار ئەکەن لەگەڵ ژنەکانا، بە تایبەتی قەزییەی ژن بە ژن ئەوەندە مەرارەت و میحنەتی تیا هەیە بۆ ژنەکان کە ویجدانی ئادەمیزاد بریندار ئەکا.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَا تُؤۡتُواْ ٱلسُّفَهَآءَ﴾ الآيات.

هاتوونەتە خوارەوە لە شانی سابیتی کوڕی ریفاعە و لە مامەکەیا؛ کاتیٚ کە ریفاعە وەفاتی کرد سابیتی کوڕی منداڵ بوو، جا مامی سابیت چوو بۆ حوزووری

پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد: ئەم برازامە هەتیوە و لەلای منە چی حەڵاڵە بۆ من لە ماڵی ئەم کوڕە و کەی ماڵەکەی پێ بدەمەوە؟

وە ریوایەت کراوە لە عائیشەوە ﵂ کە: نازڵ بوون لە شانی هەموو حەقدارێکی هەتیوا بە شێوەی گشتی. دەفەرموێ:

﴿وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ قِيَـٰمًا﴾

واتە: ئەی خاوەن کاران مەدەن بەو سەفیهانە کە وان لە ژێر دەستانا ئەو داراییە کە وا لە دەستانا، ئەوەی کە خودا راوەستان و مانەوەی ئێوەی بەستووە پێیەوە.

﴿وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ﴾

وە رۆزی ئەوانە بدەن لەو داراییەدا و بەرگ و پۆشاکیان بۆ بکەن.

﴿وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ۝٥﴾

وە قسەی وایان بۆ بکەن دڵیان خۆش بکا، واتە: بە رووگرژی و زمانی تاڵ دڵیان ئازار مەدەن، بەڵکوو وەها بیان‌دوێنن کە چاویان بکەنەوە بۆ تەماشای جیهان و دڵیان رووناك بکەنەوە بۆ فامی رازی نیهان. بە راستی حەقدارێ و خاوەن کارێ هۆشیار بێ ئەبێ وتاری عادەتی لەگەڵ منداڵ و وردەواڵەدا وەکوو دەرس وابێ و رۆژ بە رۆژ پایەی ئەوانە بەرز بکاتەوە هەتا لە رێگەی ژیانی خۆیان تێ‌بگەن و بۆ بەخێو کردنی نەتەوەیش پێ‌بگەن.

بزانن! سەفیه لە زمانی عەرەبا: یانی کەم هۆش، وە لە عورفی دینا: بە کەسێ ئەڵێن کە مەسڵەحەتی خۆی نەزانێ و کارسازی نەتوانێ بکا. بەڵام پێشەواکان بازێکیان ئەو کارسازییە توند ئەگرن و ئەڵێن: سەفیه دژی رەشیدە وەکوو «سَفَه» دژی «رُشْد»ە و روشد بریتییە لە کارسازی دین و دنیا، واتە ئاگاداری بێ لە یاسای دینی خۆی

بە قەی پێویستی خۆی و رەفتاریشی پێ بکا، وە ئاگاداریش بێ لە یاسای دنیا و ژیواری خۆی وە لە سەر ئەو یاسا بڕوا بە رێدا.

جا لەسەر ئەم شێوە ئینسانی شێت سەفیهە و کەسێ باڵغ بووبێ و تەمەنی گەیشتبێ بە پازدە ساڵە و ئیشی دینی خۆی یا دنیای خۆی نەزانێ، یا بیزانێ و رەفتاری پێ نەکا. ئەمەیش سەفیهە. وە ئەو مەنعی تەسەڕوفە کە لە کاتی منداڵیدا بە سەریا چووە هەر ئەمێنێتەوە هەتا وای لێ دێ کە روشد پەیدا ئەکا، وە لە هەردوو جانیبدا باش پێ ئەگا. بەڵێ ئەگەر ئەو منداڵە کە لە ئیدارەی حەقدارا نەبێ هەروا خۆی بۆ خۆی بژی ئەوە لە پاش بلووغدا موعامەلەی دروستە؛ چونکی نازانین بە چ حاڵێ باڵغ بووە وە ئەسڵ لە کەسێکدا کە لە ژێر دەستی حەقدارا نەبێ ئەوەیە رەشید بێ وەکوو لە کتێبی نیهایەی رەمەلیدا بەیانی ئەکا.

وە بازێ لە پێشەواکانی دین لەسەر ئەوەن کە رەشید ئەوەیە کارسازیی دنیای خۆی بیزانێ و بیکا. یانی: روشد سەلاحی ماڵەو بەس. واتە کارسازی دینی لە مەعنای روشدا نییە. لەسەر ئەم شێوە کار ئاسانترە. لەبەر ئەوە هەر کەسێ بە قەی حاڵ دنیای خۆی رائەگرێ و تەماشای ئەکا. وە ئەم جۆرە کەسە لەسەر ئەم فەرموودەیە موعامەلەیان دروستە و بە رەشید ئەناسرێن.

هەروا ئەگەر کەسێ بە رەشیدی باڵغ ببێ و پاش ماوەیێ دەست بکا بە تەبزیر و ئیسراف، واتە ماڵی خۆی بێسوود زایە بکا، ئەوە مادام قازی مەنعی نەکا لە موعامەلە کردن پێی ئەڵێن: سەفیهی موهمەل و موعامەلەی ئەمەیش دروستە.

﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾

بەراوردی حاڵی هەتیوەکان بکەن لە پێش بلووغا؛ بزانن ئایا سەلاحی حاڵ و ماڵیان هەیە یا نە؟

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ﴾

بۆ ئەوە کاتێ گەیشتن بە وادەی بلووغ، کە وەختی ژن هێنان و شووکردنیانە ئەگەر لەو کاتەدا دەرکی روشد و کارسازیتان لێ کردن هەر ماڵێکیان وا لە دەستانا پێیان بدەنەوە.

﴿وَلَا تَأْكُلُوهَآ إِسْرَافًا﴾

وە ماڵی ئەو هەتیوانە مەخۆن بە زیادەڕەوی لەو ئەندازەیە کە حەقی خۆتانە.

﴿وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُواْ﴾

وە بە پەلە پەل کردن لە ترسی ئەوە کە منداڵەکان گەورە ببن و ماڵەکەیان ببەنەوە.

﴿وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ﴾

وە هەرکەسێ لە ئێوە دەوڵەمەند بێ با خۆی دوور بگرێ لە ماڵی ئەو هەتیوانە، با هەموو خزمەتەکەی ببێ بە هۆی ئەجری قیامەت بۆی.

﴿وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

وە هەرکەسێکیش کە موحتاجە و گەدایە با لەو ماڵە بخوا بە شیوەیێ کە یاسا بێ لە دینا، واتە بە قەی ئیحتیاجییەکەی و بە قەی ئوجرەی خزمەتەکەی.

﴿فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْ﴾

وە کاتێ کە ماڵەکەتان داوە بەو هەتیوانە کە ئێستە باڵغ و خاوەن روشد و شوعوورن شاهیدیان لەسەر بگرن و ئاگادار بن لەسەر ئەندازە و چلۆنیەتی ماڵەکەیان نەکا سبەینێ داوای ماڵەکەتان لێ بکەن و بڵێن وەرمان نەگرتووەتەوە لێتان، وە یاخود داوای ئەوە بکەن کە ماڵی پەڕپووت و بێنرخیان وەرگرتووە لێتان یا کەمتر لەوەیان وەرگرتووە کە لە دەستانا بووە. وە ئەم یاسایە بۆ ئەوە دامەزراوە کە بە زاهیر داواتان لەسەر قەید نەکەن و ئازارتان نەدەن نەك بۆ رزگارییە لە عیقاب و ئازاری خودا.

﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ۝٦﴾

وە خودا خۆی بەسە بۆ موحاسیبی لەسەر ئێوە و ئەگەر خەیانەتێکتان لەوماڵەدا کردبێ هەرچەن بە زاهیر تووشی ئازاری حاکم نەبن بەڵام خودای تەعالا ئازار و عیقابتان ئەدا.

فەرموودەی خودا: ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ﴾ الآیات.

ئەوسی کوڕی سابیتی ئەنساری وەفاتی کرد ژنێ وە سێ کچی لەو ژنە بەجێهێشت و دوو ئامۆزای بوون «سوید» و «عرفجة»، وە ئەم دوو کەسە وەسی و عەسەبەی بوون هاتن هەموو ماڵەکەیان برد و هیچیان لێ نەدا بە ژنەکەی و کچەکانی و یاسای جاهیلییەت وابوو میراتیان نەئەدا بە ژن و کوڕی بچووك و تەنیا بە پیاویان ئەدا و ئەیانوت: ماڵ نادرێ ئیللا بە کەسێ کە جەنگ بکا لەسەر پشتی ئەسپ و تالان بگرێ! جا ژنەکەی ئەوس هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسولەڵڵا ئەوس مردووە سێ کچی بە سەرما بەجێهێشتووە و منیش ژنی ئەوم و هیچم لەلا نییە بۆ خەرجی ئەم کچانە و باوکیشیان ماڵێکی باشی بەجێهێشتووە هەمووی وا لەلای «سوید» و «عرفجة» هیچیان لەو ماڵە نەداوە نە بە من و نە بەم کچانە!

جا حەزرەت ﷺ بانگی کردن ئەوانیش عەرزیان کرد: یا رەسولەڵڵا ئەولادی ئەم ژنە نە سواری ئەسپ ئەبن و نە زەحمەتی کەسێ هەڵئەگرن و نە زیانێ ئەدەن لە دوژمن! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد: «للرجال نصيب» وە بە راستی ئەوەی گەیاند کە میرات خاس نییە بە نێرینەوە و بە پیاوی گەورەوە، بەڵکوو کوڕ و کچ شەریکن تیایا گەورە بن یا بچووك. جا حەزرەت ﷺ جوابی نارد بۆ لای «سوید» و «عرفجة» کە لە ماڵی ئەوس هیچ بڵاونەکەنەوە؛ چونکی خودای تەعالا

بەشی داناوە بۆ ژنەکەیی و بۆ کچەکانی و ڕۆشنی نەکردووەتەوە چەندێکە، هەتا چاوەڕێ ئەکەم بۆ ئەوەی ئەینێرێتە خوارەوە. جا خودای تەعالا ناردیە خوارەوە: ﴿يوصيكم الله في أولادكم﴾.

جا کاتێ ئەمە نازڵ بوو حەزرەت ﷺ ناردی بە شوێنی «سويد» و «عرفجة»دا کە هەشت‌یەکی ماڵی ئەوس بدەن بە ژنەکەی و دوو «ثلث»یش بدەن بە کچەکانی و چی مایەوە بۆ ئێوە ئەبێ.

وە ئیمامی ترمزی و ئەحمەد و ئەبووداوود ریوایەتیان کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە: کە ژنی سەعدی کوڕی رەبیع هات بۆ لای حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵڵا ئەم دوانە کچی سەعدی کوڕی رەبیعن باوکیان لەگەڵ تۆدا لە ئوحوددا شەهید بووە و مامی ئەم کچانە ماڵەکەی بردووە و هیچی بەجێ‌نەهێشتووە بۆیان و مەعلوومە کە شوو ناکەن ئیللا ئەبێ ماڵێکیان پێ بێ. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: خودا حوکم ئەکا لەم ماڵەدا، جا ئەم دوو ئایەتەی میرات هاتنەخوارەوە و حەزرەت ﷺ ناردی بە شوێنی مامەکەیانا هات و حەزرەت ﷺ فەرمووی: هەشت‌یەکی ئەو ماڵی سەعدە بدە بە ژنەکەی و دوو سولسیشی بدە بەم دوو کچەی و هەرچی مایەوە بۆ تۆیە.

وە بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ هات بۆ عەیادەتم لەگەڵ ئەبووبەکردا لە ناو «بنی‌سلمة»دا بە پێ ئەهاتن گەیشتنە لام تەماشای کرد بێ‌هۆشم، ئەمری کرد ئاویان هێنا و خۆی دەسنوێژی گرت جا لەو ئاوەی پرژان لە من و من ئیفاقەم بۆ هات و وتم: یا رەسوولەڵڵا چی بکەم بەم ماڵەم؟ جا دوو ئایەتەی میرات هاتنەخوارەوە. ﴿يوصيكم الله في أولادكم﴾ هەتا ﴿والله عليم حليم﴾ فەرمووی:

﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ﴾

لە بۆ ئادەمیزادی نێرینە بەشێ هەیە لەوەی باوك و دایك و خزمان بەجێیان هێشتووە بۆیان.

﴿وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ﴾

هەروا بۆ مێینەیش بەشێ هەیە لەوەی کە باوك و دایك و خزمانی نزیکیان بەجێیان هێشتووە بۆیان.

﴿مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ﴾

لەوە کەم بێ یا زۆر لەو میراتە کە بەجێماوە.

﴿نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ۝٧﴾

وە حاڵی ئەم بەشە وایە بەشێکە خودا بڕیاری داوە بۆیان و بە ئیختیاری ئەوان نییە وەری‌بگرن یا وەری‌نەگرن ماڵی ئەوانە[1].

﴿وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُو۟لُوا۟ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ۝٨﴾

کاتێ کە حازری بەشکردنی میرات بوو خزمانی مردووەکە لەوانە کە بەشیان نییە لە میراتەکەدا یا منداڵانی هەتیو و داماو یا ئینسانی بێ‌چیز ئەوە لەو میراتە بەشیان بدەن و قسەی باشیان لەگەڵ بکەن. ئەم ئەمرە بۆ میراتبەری باڵغی خاوەن روشدە، ئەنا ئەگەر میراتبەر ناباڵغ بێ یا باڵغی بێ‌روشد بێ ئەوە دروست نییە بە کەم و

---

۱. بۆ زیادە ئاگاداری لە باسی میرات و میراتگر و بەشەکانی میرات و جۆر و شێوەی خاوەن بەشەکان تەماشای بەرگی سێهەمی «شەریعەتی ئیسلام» بکە.

زۆر دەست لەو بەشی ئەوانە بدرێ. وە ئەم حوکمە لە لای بازێ لە ئیمامەکان مەنسووخە و رەفتاری پێ ناکرێ، وە لە لای بازێکیان موحکەم و سابتە.

قەتادە ریوایەتی کردووە لە یەحیای کوڕی یەعموورەوە فەرموویەتی: سێ ئایەت هەن لە موحکماتن بەڵام خەڵك رەفتاریان پێ ناکەن؛ ئەم ئایەتە و، ئایەتی داوای ئیزن بۆ چوونەماڵی خەڵك: ﴿یا أیها الذین آمنوا لیستأذنکم الذین ملکت أیمانکم﴾،[1] وە ئایەتی: ﴿یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر و أنثی﴾.[2] وە ئەو رزقە کە لەم ئایەتەدا هەیە ئەوەیە خواردەمەنییەکیان بۆ ئامادە بکرێ بیخۆن و قسە باشەکەیش وەکوو ئەوە پێیان بڵێن: یا خوا عافیەتتان بێ، ئەگەر مەجالمان ببوایێ زیاتر خزمەتمان ئەکردن. «وهکذا».

﴿وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا۟ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَـٰفًا خَافُوا۟ عَلَيْهِمْ﴾

با لە خودا بترسن ئەو میراتبەرانە کە ئەگەر خۆیان لە مردنا بوونایێ و منداڵی وردیان بەجێبهێشتایە ئەترسان لەوە کە منداڵەکان بفەوتێن و زایە ببن. با لە خودا بترسن کاتێ چاویان کەوت بەم هەتیو و منداڵانە و ئەم گەدایانە کە حازر بوون وە تەماشای ئەوانە بکەن وەکوو منداڵی خۆیان کە لە پاش مردنی باوکیان بکەونە دەران.

﴿فَلْيَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾﴾

دەی با ئەم میراتبەرانە لە خودا بترسن و قسەی پیاوانە و میهرەبانانە و ساغ لەگەڵ ئەم هەتیوانەدا و لەگەڵ ئەم گەدایانەدا بکەن. وە یاخود ئەم ئایەتە قسە ئەکا لەگەڵ مردووەکانا لە کاتی حەیاتا و لە نزیکی مردنیانا. واتە با لە خودا بترسن ماڵەکەیان بە وەسیەتی بێجێگە زایە نەکەن و زیاد لە سێیەك وەسیەت نەکەن لە ترسی

١. النور؛ ٥٨.

٢. الحجرات؛ ١٣.

منداڵەکانیان کە بە لاتی نەکەونە کۆڵانان. وە یاخود ئەم ئایەتە قسە ئەکا لەگەڵ میراتبەرە گەورەکان، واتە لە خودا بترسن و چاوتان لە میراتبەرە هەتیوەکانەوە بێ و بەشەکەیان مەخۆن و ماڵەکەیان داگیر مەکەن، ئێوەیش ئەمرن و ئەولادی داماوتان لێ بەجێ ئەمێنێ، ڕۆژان ڕۆژیان لە دوایە، ئیمڕۆ ئەوانە هەتیون سبەینێ منداڵی تۆ هەتیو و بێنەوایە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا﴾

ئەو کەسانە کە ماڵی هەیتوان ئەخۆن بە ناحەق و بە ستەم.

﴿إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا﴾

بە ڕاستی پڕ بە سکی خۆیان ئاگری دۆزەخ ئەخۆن.

﴿وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾

وە لە پاشەڕۆژی نزیکدا داخڵی ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ ئەبن، ئەو جارە پەشیمان ئەبنەوە بە بێسوود.

﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾

خوای تەعالا عەهدتان بۆ ئەکا لە هۆی میراتی ئەولادەکانتانەوە لە کوڕ و کچدا، لە بۆ کوڕ هەیە دوو ئەوەندەی بەشی کچێ، واتە: کەسێ مرد کوڕ و کچێکی هەبوو میراتەکەی ئەکرێ بە سێ بەشەوە؛ دوو بەشی بۆ کوڕەکە و بەشێکی بۆ کچەکەیە.

﴿فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾

وە ئەگەر ئەولادەکان هەرکچ بوون و زیاتر بوون لە دوو کەس ئەوە دوو تەقسیم سێ [($\frac{٢}{٣}$)] ئەبەن، بە دوو دەلیل: یەکەم بە نەسی ئایەت بڕیار دراوە کوڕێك دوو قاتی کچێك ببا، لەمەوە لازم ئەکا دوو کچ بە قەی بەشی ئەو کوڕە ببا.

دووهەم: تاقە کچێ لەگەڵ کوڕێکدا سێ یەکی ماڵ ببا پێویستە دوو کچ، کە کەس مانیعیان نەبێ، دوو سێ یەك ببەن.

﴿وَإِن كَانَتْ وَٰحِدَةً فَلَهَا ٱلنِّصْفُ﴾

وە ئەگەر نەتەوەی مردووەکە یەك کچ بوو نیوەی میراتەکە ئەبا.

ئەمە تا ئێستە قسەمان لە کوڕ و کچی نەفسی مردووەکە بوو، وە ئەگەر لە کوڕی ئەو مردووە بوون و باوکیان نەمابوو ئەوە وەکوو کوڕ و کچی پشتی مردووەکە میرات ئەگرن بە یاسای «للذكر مثل حظ الأنثيين». وە ئەگەر ئەم دوو چینە گردەوە بوون؛ ئەوە ئەولادی پشتی یا تەنیا نێرینەن یا نێرینە و مێیینەن، یا تاقە مێیینەیەکە یا زیاترە، وە لەم چوار حاڵەدا ئەولادی کوڕی مردووەکە یەکێکە لەم چوارە، وە چوار لە چوارا ئەکاتە شازدە. جا مادام ئەولادی پشتی هەر نێرینە بن یا خود نێرینە و مێیینە بن بە هەموو حاڵێ ئەولادی کوڕی مردووەکە حەجب ئەکەن، وە ئەگەر ئەولادی پشتی هەر مێیینە بوون ئەوە ئەگەر ئەولادی کوڕی مردووەکە هەر نێرینە بوون یا نێرینە و مێیینە بوون ئەوە لە پاش بەشی ئەولادە پشتییەکان هەرچی مایەوە ئەیبەن و «على الأصول» بەشی ئەکەن. وە ئەگەر هەر مێیینە بوون ئەوە لەگەڵ یەك کچی پشتیدا شەش یەکی ماڵەکە ئەبەن و لەگەڵ زیاتر لە یەك کچدا بەشیان نییە.

﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٌ﴾

وە لە بۆ باوك و دایکی مردووەکە ـ هەریەکێ لەوان ـ یەك تەقسیم شەش [($\frac{1}{6}$)] هەیە لە میراتی مردووەکە ئەگەر نەتەوەی میراتگری ببێ یا کچ. ئەوەندە هەیە ئەگەر نەتەوەکە کچ بوو ئەوە کە ئەمێنێتەوە لە بەشی دایکەکە و لە بەشی کچەکە و شەش یەکی باوك، باوکەکە بە تەعسیب ئەیبا.

﴿فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ﴾

وە ئەگەر مردووەکە نەتەوەی نەبوو وە بەس باوك و دایکی هەبوو ئەوە دایکەکە لەو میراتە یەك تەقسیم سێ [($\frac{1}{3}$)] ئەبا و دوو تەقسیم سێ [($\frac{2}{3}$)] ئەمێنێتەوە بۆ باوکەکەی؛ چونکی پیاو و ژنی هاوپایە کە کەوتنە یەك ئەوە پیاوەکە دوو قاتی ژنەکە ئەبا. بەڵام ئەگەر بێجگە لەو باوك و دایکە مردووەکە ژنی لێ بەجێما وە یا مێردی لێ بەجێما ئەوە لە پێشا بەشی ئەو ژنە یا ئەو مێردە ئەدرێ، جا پاش ئەوە هەرچی مایەوە یەك تەقسیم سێ [($\frac{1}{3}$)] ئەدرێ بە دایکی مردووەکە و دوو تەقسیم سێ [($\frac{2}{3}$)] ئەدرێ بە باوکەکە لەبەر ریعایەتی یاسا پێشووەکە وە لەم سوورەتەدا دایکی مردوو سێ‌یەکی هەموو میراتەکە نابا بەڵکوو سێ‌یەکی ئەوە کە ئەمێنێتەوە لە ژنەکە یا ژنەکە یا لە مێردەکە ئەوە ئەبا.

﴿فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ﴾

بەڵام ئەو مردووە کە دایکی ماوەتەوە لە دنیادا ئەگەر چەن برایێ یا چەن خوشکێ یا چەن برا و خوشکێکی هەبوو ئەوە دایکی ئەو مردووە شەش‌یەکی [($\frac{1}{6}$)] ماڵەکەی هەیە نەك سێ‌یەك؛ چونکی ژمارەی براو خوشکی مردووەکە مەنعی سێ‌یەك ئەکەن لە دایکەکە و ئەیهێننە خوار بۆ شەش‌یەك، خواە لەو مادەدا باوکی مردووەکە ببێ و مەنعی ئەمانە بکا لە میرات یا نەبێ و ئەمانە میرات ببەن.

﴿مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ﴾

وە ئەم میرات بەشکردنە لە ناو میراتبەرانا لە پاش بەجێ‌هێنانی وەسیەتی مردووەکە و لە پاش دانەوەی قەرزی خاوەن قەرزە.

وە کەلیمەی «أو» لەم شوێنەدا بۆ ئەوەیە تا بزانن کە وەسیەت و قەرز هەردوویان وەکوو یەك وانە لە پێشکەوتن لە سەر ماڵ بەشکردن هەرچەن قەرز ئەبێ پێش وەسیەت بکەوێ لە بەجێ‌هێنانا؛ چونکی وەسیەت تەبەڕوعی خاڵسە بەڵام قەرز حەقی ئادەمیزادە.

وە حەقیقەتی تەرتیبی حوقووق لە میراتی مردوودا، وەکوو لە کتێبە شەرعەکانا هەیە، ئەمەیە: پاش مردنی ئینسان هەر حەقێ موتەعەلیق بە عەینی ماڵەکەوە بێ واجبە لە پێش هەموو شتێکا جێبەجێ بکرێ، ئەوەیش وەکوو حەقی زەکات لە ماڵی مردووەکەدا، وە حەقی سوکنا و نیشتمان بۆ ژنی کابرای مردوو لە ماوەی عیددەدا، وە حەقی گەڕانەوەی ماڵێ کە کابرای مردوو بە قەرز وەری گرتبێ و لە پێش سەرفکردنیا مردبێ ئەوە واجبە بیدەیتەوە بە خاوەن ماڵەکە؛ چونکی عەینەکەی ماوە، وە وەکوو حەقی بەدەلی ماڵێ کە کابرا بە پارە کڕیبێتی لە یەکێ و پارەکەی نەدابێ و کابرا لات بێ ماڵی نەبێ حەقی ئەو ماڵە کڕاوە جێبەجێ بکا ئەوە واجبە عەینی ماڵە کڕاوەکە بدرێتەوە بە خاوەنەکەی، وە وەکوو حەقی «مرتهن» لەو ماڵەدا کە دانراوە لە لای بە یاسای رەهن ئەوە پێویستە لە پێشا ئەو ماڵە مەرهوونە بفرۆشرێ و حەقی کابرای «مرتهن» جێبەجێ بکرێ و غەیری ئەمانەیش لە حوقووقی موتەعەللەق بە عەینی میراتەوە.

جا پاش ئەمانە کابرای مردوو بشۆررێ و کفن بکرێ و دەفن بکرێ لە حسێبی ماڵەکەی خۆی، هەروا ئەگەر یەکێ لە ئەفرادی عائیلەی لە پێش مردنی ئەم خاوەن ماڵەدا مردبێ ئەوەیش واجبە تەجهیز بکرێ.

پاش ئەمە قەرزی خاوەن قەرز بدرێتەوە. پاش ئەوە لە سێیەکی باقی ماڵی کابرا هەر وەسیەتێکی کردبێ جێبەجێ بکرێ. جا پاش ئەمانە ئەوەی مایەوە بەش ئەکرێ لە ناو میراتبەرەکانا بە یاسای شەرع.

﴿ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ﴾

واتە: ئەی موسوڵمانەکان ئێوە نازانن لە ناو باوك و باپیرەتانا و لە ناو کوڕ و کچتانا کامیان نزیکترە بە ئێوە لە سوودگەیاندنا لە دنیادا یا لە رۆژی قیامەتا، کە وابێ قەت

مەیل مەکەن بە لای بازێکیانا بێن میراتەکەی خۆتان بە فرو فێڵ و بە ئینتیقالاتی بێئەساس و بە ئیقرار لە دادگادا بدەن بە بازێکیان و باقی میراتبەرەکان بێبەش بکەن بەڵکوو واز بێنن لەو ماڵە و لەو میراتبەرانە خۆیان ماڵی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بەش بکەن لەسەر ئادابی شەرعی خودایی.

﴿فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ﴾

وە خودای تەعالا فەرزی ئەو تەقسیماتەی کردووە و ئەم تەقسیمی قورئانە بڕیاردراوە لە لایەنی خوداوە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا زانایە و خاوەن حیکمەتە بە هەموو شتێ و لە هەموو شتێکا.

﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ﴾

وە بۆ ئێوە هەیە نیوەی ئەوەی کە هاوجووتەکانتان لە پاش مردن بەجێیان هێشتووە ئەگەر ئەولادیان نەبێ، واتە نەتەوەی میراتگر.

﴿فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ﴾

وە ئەگەر ئەو هاوجووتانەتان نەتەوەی میراتگریان ببێ ئەوە بۆ ئێوە هەیە چواریەکی ئەوەی ئەوان بەجێیان هێشتووە، خواه ئەو نەتەوە لە ئێوە بێ یا لە مێردێکی‌تر بێ.

﴿مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ﴾

ئەم بەشەیش وەرئەگرن لە پاش بەجێهێنانی ئەو وەسیەتەی ئەوان کردبێتیان یا لە پاش دانەوەی ئەو قەرزە کە لەسەریان بێ.

﴿وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ﴾

وە بۆ ژنەکانتان هەیە چواریەکی ئەوەی ئێوە بەجێتان هێشتووە ئەگەر ئێوە نەتەوەی واریستان نەبێ.

﴿فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ﴾

وە ئەگەر ئێوە نەتەوەی میراتگرتان ببێ ئەوە بۆ ژنەکانتان هەیە هەشتیەکی ئەوەی کە بەجێتان هێشتووە.

﴿مِّنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ﴾

ئەو بەشەیش وەرئەگرن لە پاش رابواردنی ئەو وەسیەتەی کە ئێوە بیکەن وە لە پاش دانەوەی ئەو قەرزەی کە لەسەرتانە.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما فەرموویەتی: میرات بۆ ئەولاد بوو وە وەسیەتیش بۆ باوك و دایك، جا خودای تەعالا خواستی نەسخی بکاتەوە ئەمەی نەسخ کردەوە، وە بۆ نێرینەیێ دوو قاتی بەشی کچی دانا، واتە بۆ هەر نێرێ وێنەی بەشی دوو مێینە. وە بڕیاری دا بۆ باوك و دایك هەر یەکێ لەوان شەشیەکی ماڵ وە سێیەکی ماڵ، وە بۆ ژنی مێرد «ربع» و «ثمن» وە بۆ مێرد نیوە و چواریەك. ئەمە سەحیحی بوخاری ریوایەتی کردووە و ئەبووداوودیش.

وە لە باسی میراتی پیاو لە ژنی خۆی و ژن لە مێردی خۆی لە هەردوو حاڵی وجوودی نەتەوەی میراتبەر و نەبوونی نەتەوە دەرکەوت کە لە حاڵی هێز و بێهێزی دا موتڵەقا مێرد دووقاتی بەشی ژنەکەی ئەبا؛ لە حاڵی هێزی هەردووکیانا ژن چواریەك و پیاو نیوەی میرات، وە لە حاڵی بێهێزی هەردووکیانا ژن هەشتیەك و مێرد چواریەك ئەبا و ئەمە قیاسە بۆ هەموو پیاو و ژنێ کە شەریك بن لە جیهەتی ئیرسا و لە نزیکیدا بۆ مردووەکە و کەس جیانەکراوەتەوە لەم قیاسە ئیللا براو خوشکی دایکی و سەییدی بەندە و سەییدە. واتە ئەگەر پیاو و ژنێ بەندەیەکیان ئازاد کرد ئەوە میراتی ئەو بە موساوات ئەگا بەو سەیید و سەییدەیە.

بزانن! لە میراتی ژنانا یەکێ بن یا دوو یا سێ یا چوار هەموو شەریکن لە روبعدا یا لە سومندا بە موساوات.

﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ﴾

وە ئەگەر پیاوێ میراتی لێ ئەگیرا وەلحاڵ نە باوکی هەبوو نە ئەولاد وە ئەو پیاوە براییکی دایکی یا خوشکێکی دایکی هەبوو ئەوە بۆ هەر یەکێ لەو خوشك و برایە شەش‌یەکی ماڵی ئەو کابرایە هەیە، هەروا ئەگەر ژنێ بمرێ و باوك و ئەولادی نەبوو وە براێ یا خوشکێکی دایکی·هەبێ.

﴿فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ۚ﴾


وە ئەگەر ئەو برا یا ئەو خوشکە دایکییە زیاتر بوون لە یەکێ ـ دوو بن یا زیاتر ـ ئەوە هەموویان شەریکن لە سێ‌یەکی میراتەکەدا.

﴿مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ ۚ﴾

وە ئەم بەشە کە هەیە بۆیان لە پاش تەنفیزی وەسیەتێکە کە کرابێ، یا پاش قەرزێکی وا بەسەر مردووەکەوە بێ، وەلحاڵ ئەو وەسیەتە یا ئەو قەرزە نەبووبێ بە هۆی زیان گەیاندن بە میراتبەرەکان، بەم جۆرە وەسیەتەکە بە زیاد لە سێ‌یەك کرابێ، وە ئەو قەرزە نەبووبێ بەڵام بە درۆ کابرا ئیعتیرافی پێ بکا بۆ ئەوە زیان بدا لە میراتبەرەکانی.

﴿وَصِيَّةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ﴾

وە خودا وەسیەتتان بۆ ئەکا لە لایەنی خۆیەوە بە وەسیەتێکی بە نرخ.



﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿١٢﴾﴾

وە خودا ئەزانێ بە بیر و باوەڕی ئێوە و بە کردەوەتان و خاوەن حەوسەڵەیە ئەگەرنا دەمێ بوو عیقابی ئەسەند لە گەلێ کەس.

بزانن لێرەدا چەن شتێ هەیە:

یەکەم: «کەلالە» بەکار دێ بۆ یارۆی مردووی خاوەن میرات، وە لەم حاڵەدا کەلالە بە مردوویەك ئەڵێن: کە نە باوکی هەبێ نە ئەولاد. وە بە کاریش دێ بۆ میراتبەرەکان، وە لەم حاڵەدا کەلالە ئەو میرات بەرانەن کە نە لە ئەولاد بن و نە باوك بن وە لە حوکمی کەلالەدا نەبوونی باپیرەیش پێویستە، واتە ئەگەر مردووەکە باپیرەی ببێ ئەوە نابێ بە کەلالە و پێی ناڵێن کەلالە.

دووهەم: لەم ئایەتانەدا کە خوێندنمانەوە لە باسی میراتا دەرکەوت کە بازێ میراتبەر بە بازێ مەنع ئەکرێ بە تەواوی یاخود لە بازێ حەق. (جێگەی ئەم باسە کتێبە شەرعییەکانە).

﴿ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ ﴾

ئەو ئەحکامە کە تا ئێستە بەیانمان کردن وەکوو سنووری وڵاتی خودا وانە لێیان لامەدەن.

﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾ ﴾

وە هەرکەسێ فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەری خودا بکا ئەوە خودا ئەیخاتە ناو چەن بەهەشتی وەها کە جۆبارەکان لە ژێریانەوە دەرئەچن و لە ژێریانەوە ڕەوان

ئەبن و حاڵیان وەهایە بڕیاری خولوود و مانەوەی هەتا هەتایان تێدا هەیە و ئەمەیش بە مەرام گەیشتنێکی گەورەیە.

﴿وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ﴾

وە هەرکەسێ عاسی ببێ لە خودا و پێغەمبەری خودا و تەجاوز بکا لە حودوودی خودا.

﴿يُدْخِلْهُ نَارًا خَـٰلِدًا فِيهَا﴾

ئەوە خودا ئەیخاتە ناو ئاگرەوە لە حاڵی تەقدیری خولوود لەو ئاگرەدا.

﴿وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٤﴾﴾

وە بۆ ئەو کەسەیش عەزابێکی موهین هەیە کە خاوەن عەزابەکە سووك ئەکا لە حوزوورا (أعاذنا اللّه تعالی).

﴿وَٱلَّـٰتِى يَأْتِينَ ٱلْفَـٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَٱسْتَشْهِدُوا۟ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ﴾

ئەو ژنانە کە موباشەرەی زینا ئەکەن لە ژنانی ئێوە، داوا بکەن لەو کەسە نیسبەتی زینایان لێ ئەدا چوار شاهیدی موسوڵمانی پاك بێنن ئەدای شەهادەت بکا لەسەر کردەوەی ناهەمواری ئەو ژنانە.

﴿فَإِن شَهِدُوا۟ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِى ٱلْبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلْمَوْتُ﴾

جا ئەگەر شاهیدییان دا لەسەریان و ئەو کردەوە ناپارە سابت بوو لەسەریان ئەوە ئەو ژنانە رابگرن لە ماڵدا و حەبسیان بکەن لە ناو هۆدەیەکدا هەتا مردن وەریان ئەگرێ.

﴿أَوْ يَجْعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا ﴿١٥﴾﴾

یا خودا یاسایێ وە رێگەیێ‌تریان لە تۆڵەی ئەم کارەدا بۆ بڕیار بدا، وەکوو حەددی زینا بە دارلێدان یا سەنگەسار کردن.

﴿وَٱلَّذَانِ يَأْتِيَـٰنِهَا مِنكُمْ فَـَٔاذُوهُمَا﴾

ئەو دوو کەسە دێن بە کردەوەی فاحیشە لە ئێوە ئازاریان بدەن بە لۆمە و سەرزەنش.

﴿فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمَآ﴾

جا ئەگەر ئەمانە تۆبەیان کرد و نەفسی خۆیان پوختە کرد لە چڵکی تاوانباری ئیتر ئێوەیش وازیان لێ بێنن و ئازاریان مەدەن و لە ناو خەڵکا باسیان مەکەن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿١٦﴾﴾

بە راستی خوای تەعالا هەمیشە تۆبە وەرگرە لە بەندەکانی خۆی و میهرەبانە و عەیب پۆشە.

بازێ لە زاناکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە پێش ئایەتی یەکەم کەوتووە لە نوزوولا و ریزی عوقووبەتی زیناکاران بەم جۆرە بووە؛ یەکەم لۆمە و سەرزەنش، ئەمجار بەندکردنیان لە خانوودا، ئەمجار جەڵدە و دارلێدان بۆ پیاو و ژنێ کەوا ئیحسانیان نەبێ، (واتە ژنەکە شووی نەکردبێ و پیاوەکە ژنی نەهێنابێت) جا رەجم و سەنگەسار بۆ پیاو و ژنێکە کە موحسەن بن.

﴿إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَـٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ﴾

ئەو تەوبە کە لەسەر خودایە و قەبووڵی ئەکا و رەدی ناکاتەوە بە موجیبی ئیحسان و فەزڵی خۆی هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە کردەوەی نابار ئەکەن بە جەهالەت و

کەمهۆشی و وردنەبوونەوە لە ئەنجامی کار و عەزابی پەروەردگار، وە پاش ئەو کردەوە نابارە تەوبە ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا لە پێش ئەوەدا کە ئاکامیان بێت.

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ﴾

ئا ئەو جۆرە کەسانەن کە خودا تەوبەیان لێ قەبووڵ ئەکا.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧﴾

وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو بارێکا و خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکا مادام تۆبەی ئەوانە قەبووڵ بکا ئەوە پڕە لە حیکمەت.

﴿وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ﴾

وە قەبووڵ کردنی تۆبە بۆ ئەو کەسانە نییە کە کردەوەی ناشیرین ئەکەن و دەوام ئەکەن لەسەری تا کاتێ کە مردن دایێ بە سەری یەکێکیانا ئەڵێ بە راستی وا ئێستە تەوبەم کرد.

﴿وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمۡ كُفَّارٌۚ﴾

وە بۆ ئەو کەسانەیش نییە کە ئەمرن وەلحاڵ دامەزراون لەسەر کوفر، واتە تەوبەی ئەوانە کە لە سەرەمەرگا تەوبە ئەکەن وەکوو تەوبە نەکردنی ئەو کەسانەیە کە بە کافری ئەمرن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا ١٨﴾

ئەمانە کە تەوبەکەیان پاش ئەخەن بۆ سەرەمەرگ و ئەوانە کە هەر تەوبە ناکەن و بە کافری ئەمرن ئامادەمان کردووە بۆیان عەزابێکی ئێشدار.

فەرموودەی خودا : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا۟ ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا﴾.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: یاسای عەرەب وابوو کاتێ پیاوێ بمردایێ حەقدارانی ئەو کابرایە موستەحەق بوون بە ژنەکەی؛ ئەگەر یەکێ لەوان مەیلی ببوایێ مارەی‌ئەکرد بۆ خۆی، وە ئەگەر مەیلی ببوایێ مارەی بکا لە غەیر ئەیتوانی، وە ئەگەر مەیلی وابوایێ هەر بمێنێتەوە و شوو نەکا وەها دەبوو. واتە ئەوان شیاوتر بوون بەو ژنە لە ئەهلی خۆی. جا فەرمووی:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا۟ ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا! حەڵاڵ نییە بۆ ئێوە کە ژنان وەربگرن وەکوو میرات لە پاش مردنی خاوەنەکانیان بە زۆر؛ بەڵکوو ئەو ژنانە بۆ ئێوە دروست نەبێ مارەیان بکەن، وە یا دروست بێ بەڵام ژنەکە ئێوەی نەوێ.

﴿وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا۟ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ﴾

وە مەنعیان مەکەن لە شووکردن بە هیوای ئەوە کە ژنەکان بە مەجبووری بازێ لەو ماڵ و مارەییە کە پێتان داون پێتان بدەنەوە، مەگەر ئیشێکی بێ‌موناسەبەیان لێ پەیدا بووبێ.

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە خیتابە لەگەڵ مێردی ژنەکانا، بازێ پیاوی بێ‌مروەت بوون موبالاتیان بە ژنەکانیان نەدەکرد و وەکوو یاسای پیاوانی هۆشیار و بەختیار ئیدارەیان نەدەکردن؛ نە تەڵاقیان ئەدان برۆن بۆ خۆیان شوو بکەن، وە نە حورمەتیان رائەگرتن. هەروا ئەیان‌هێشتنەوە بۆ تەمای ئەوە یا تەڵاقیان لێ وەربگرن بە پارە وە یاخود بمرن و شووەکانیان ئیستیفادە بکەن لە میراتەکەیان، جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئیشی وا مەکەن خودا رازی نییە بەم غەدرە.

﴿إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ﴾

مەگەر کاتێ کە ژنەکان زۆر بەدڕەوشت بن و کردەوەیەکی ناشیرینیان بە ئاشکرا لێدەربکەوێ و ئێوەیش بۆ عوقووبەتی ئەو ئیشە وەها قەساوەتیان لەگەڵا بکەن.

﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ﴾

رابوێرن لەگەڵیانا بە یاسایێ کە ناسراوە لە ناو خاوەن مروەتەکانا بە ئینساف و قسەی خۆش.

﴿فَإِن كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ١٩﴾

وە ئەگەر سوحبەت و هاوڕێیی ئەو ژنانەتان لە لا ناشیرین بوو لەبەر ناشیرینی سوورەتیان یا ناپەسەندی رەوشت و سیرەتیان. ئەوە هەر خۆتان بگرن و سەبر بکەن لەگەڵیانا و مدارا بکەن و ئازاریان مەدەن؛ چونکی زۆر رجا هەیە کە ئێوە شتێك باش بۆی نەڕوانن و خودای تەعالا خێرێکی زۆری تێدا دانابێ، ئەگەر ژنی برا مردووەکەتان یا باوکە مردووەکەتان بن هیوایە مانەوەیان ببێ بە هۆی ئینسیجامی ئەفرادی عائیلە یا ببێ بە هۆی ئولفەت لەگەڵ «ئەسهار» و ئەنسارا، وە ئەگەر ژنی خۆتان بێ هیوایە مندالّی باشیان لێ ببێ وە یا مندالّەکانتان بە باشی تەمێ و تەربییە بکەن و بۆ یاسای دینداری بوونیان باش بێ.

﴿وَإِنۡ أَرَدتُّمُ ٱسۡتِبۡدَالَ زَوۡجٖ مَّكَانَ زَوۡجٖ﴾

وە ئەگەر خواستی دلّتان وابوو کە ژنێ تەلّاق بدەن و ژنێ‌تر بێنن.

﴿وَءَاتَيۡتُمۡ إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ﴾

وە دابووتان بەو ژنە کە تەلّاقی ئەدەن هەزار و سەد دیناری ئالّتوون لە مارەییدا، ئەوە وەرمەگرنەوە لەو ژنانە شتێ لە مارەییەکەیان کەم بێ یا زۆر.

﴿أَتَأْخُذُونَهُۥ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٢٠﴾﴾

ئایا ئێوە ئەو مارەییە وەرئەگرنەوە لەو ژنە داماوانە لە حاڵێکدا «مُباهِت» بن و بوهتانیان بۆ هەڵبەستن، وە لە حاڵێکدا خۆتان تاوانبار بکەن بە تاوانێکی دیاری؟

ئەگێڕنەوە بازێ لەوانە کاتێ ژنێکیان بەسەر ژنە پێشووەکەیانا ئەهێنا بوختانێکیان هەڵئەبەست بۆ ژنە کۆنەکەیان بۆ ئەوە کە مەعزوور بن لە تەڵاقدانیا وە بۆ ئەوە کە ئەو ژنە داماوە لە ترسی ناموسی خۆی تەڵاق وەربگرێ لەو کابرایە و ماڵی خۆی پێ بدا و بێدەنگی بکا. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەم کارە ناهەموارانە و ئەم درۆ و بوختانە و ئەم گوناح و تاوانبارییانە هەمووی شتێکی ناپەسەندن و تەرکیان بکەن، ئەگەرنا خودا ئینتیقامتان لێ ئەستێنێ.

﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾

چۆن جەسارەت ئەکەن و لە خودا ناترسن و ئەم مارەییە وەرئەگرن لەو ژنە داماوانە وەلحاڵ بازێکتان گەیشتووە بە بازێکتان؟ واتە پیاو گەیشتووە بە ژن و ژن گەیشتووە بە پیاو وە بە یەکەوە رایان بواردووە و لە بەرابەری ئەو مارەییەوە لەزەتتان لە ژنەکان وەرگرتووە و ئەو مارەییە بەدەل و تۆڵەی ئەو لەزەتەیە.

﴿وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَـٰقًا غَلِيظًا ﴿٢١﴾﴾

وە ئەو ژنانە بە هۆی خوازبێنی و پەیمانکار و مارەبڕینەوە، وەریان گرتووە لە ئێوە پەیمانێکی ئەستوور ئەو پەیمانە لەگەڵ خودادا کە بە واسیتەی پێغەمبەرەوە ﷺ کراوە لەگەڵ ئێوەدا؛ چونکی حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: وەسیەتتان بۆ ئەکەم لە هۆی ژنەوە؛ چونکی ئێوە ئەوانتان وەرگرتووە لەسەر ئەساسی ئەمە کە ژنان ئەمانەتن و وەدیعەی خودان لای ئێوەدا و ئێوە عەورەتی ئەوانتان حەڵاڵ کردووە بە هۆی

ئیجرای عەقد بە کەلیمەی خودا کە بریتییە لە «انکاح» و «تزویج»، وە ئەو ژنانە لە زاتی خۆیانا بەرابەر بە پیاو زەعیفن، وە هەر ئەوەندە گەیشتن بە مێردەکانیان ئیتر غالْبا سکیان ئەبێ و، شانیان قورس ئەبێ بە خزمەتی ماڵ و چاودێری منداڵ و ئەم وەزعانە موجیبن بۆ ئیکرام و ئیعانە نەك بۆ تەحقیر و ئیهانە.

وە لە واقیعا یەکێ بە چاوی راستبین و دووربین و وردبین تەماشای قورئانی پیرۆز بکا حاڵی ئەبێ کە وەزعی ژنان لە پێش دامەزرانی ئایینی پاکی ئیسلاما چەندێ نابار و ناهەموار بووە و چەندێ ستەم بەسەر ژنا رابوردووە و، لە بەرەبەیانی مێژووی دینی ئیسلامەوە چەندێ ئایەت و حەدیس وارید بوون بۆ خزمەتکردنی عەداڵەت و بۆ ریعایەتی حوقووقی ژن لە: میراتا، لە خانەدانا، لە ژیانا، لە شووکردنا، لە هاتنەوەیا بۆ ماڵی باوکی خۆی و، لە مەسرەف و خەرجیدا و، لە موجامەلە و قسەی ئیحتیرام و ئەدەب لەگەڵیانا. بەراستی حەزرەت ﷺ «رحمة العالمین»ە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَا تَنكِحُواْ﴾ الآیة.

ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتیان کردووە ئەڵێن: ئەهلی مەدینە لە زەمانی جاهیلییەتا و لە ئەووەڵی ئیسلامەوە یاسایان وابوو کاتێ پیاوێ بمردایە و ژنێکی بەجێبهێشتایە ئەگەر کوڕێك لە غەیری ئەو ژنەی ببوایە یا ئەو کوڕە یا خزمێك لە پشتی کابرا ئەهات جلێکی ئەدا بەسەر ئەو ژنەدا ئیتر ئەو کەسە ئیستیحقاقی ئەو ژنەی زۆرتر ئەبوو لە نەفسی ژنەکە و لە غەیری ژنەکە، وە لە پاشا بیویستایێ مارەی بکا مارەی ئەکرد بە بێ مارەیی ئیللا ئەو مارەییە کە وەختی خۆی مێردەکەی بۆی بڕیارداوە، وە ئەگەر بیویستایێ مارەی ئەکرد لە غەیری خۆی لە هەرکەسێ داوای بکردایە و مارەییەکەی وەرئەگرت و خۆی ئەیخوارد و بەشی ژنەکەی لێ نەئەدا.

وە ئەگەر بیویستایێ راگیری بکا هەروا ئەیهێشتەوە و بە سووکی تەماشای ئەکرد هەتا ئەو ژنە فیدیەی نەفسی خۆی ئەدا. بەم جۆرە وازی لە میرات و لە مارەیی و حوقووقی خۆی ئەهێنا بۆ ئەو کەسە و ئەویش بەرەڵای ئەکرد، وە یاخود هەتا ژنەکە ئەمرد ئەوجار ئەو کورە یا ئەو خزمە پشتییە هەرچی ماڵ و میراتی ئەو ژنە هەبوو ئەیبرد بۆ خۆی.

جا ئەبووقەیس کوڕی ئەسلەتی ئەنساری وەفاتی کرد و ژنێکی بەجێ‌هێشت ـ کەبشە کچی مەعنی ئەنساری ـ لەویا کوڕێکی ئەبووقەیس ـ لە غەیری کەبشە ـ هەستا ویستی کەبشە مارە بکا، کەبشە وتی: من وەکوو کوڕی خۆم تەماشای تۆ ئەکەم و تۆ لە پیاوە باشەکانی هۆزی خۆتی، بە بێ ئیجازەی حەزرەت ﷺ شتی وا نابێ با بڕۆم بۆ لای حەزرەت ﷺ پرسی پێ بکەم. کاتێ رۆیشت بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و وەزعەکەی عەرز کرد. فەرمووی: بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆت بەڵکوو خودا حوکمێ نازڵ بکا لە هۆی تۆوە. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئەفەرموێت:

﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ﴾

مارە مەکەن ئەو ژنانە کە باوکەکانتان مارەیان کردوون، وە ئەگەر شتی وەها بکەن موستەحەقی عیقاب و عەزابی خودا ئەبن لەم هۆوە ئیللا ئەو نیکاحانە نەبێ کە لەمەوپێش کران و خاوەنەکانیان مردن.

﴿إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةً وَمَقْتًا﴾

چونکە بە راستی مارە کردنی ژنی باوکەکانتان لە لای خودادا بە کارێکی زۆر ناشیرین دانراوە و خودا قەت شتی وای برِیار نەداوە لە هیچ ئایین و دینێکا و کارێکی ناپەسەندە لەلای ئینسانی خاوەن مروەت و پیاوەتی و خاوەن ویجدان.

﴿وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾﴾

وە زۆر ناشیرینە ڕێگە و ڕەویەی ئەو کەسانە کە ئەم کارە ئەکەن لە جیهەتی ئیعتیبار و سلووك و پیارۆیشتنا.

فەرموودەی خودا: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ﴾ ـ تا ـ ﴿رَّحِيمًا﴾.

ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە «ابن‌جریج» فەرموویەتی: پرسیارم کرد لە «عطا» لە مەعنای ﴿وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم﴾ ئەویش فەرمووی: بیستوومانە کاتێ کە حەزرەت ﷺ ژنەکەی زەیدی کوڕی حاریسەی مارە کرد کافرە موشریکەکانی مەککە دەستیان کرد بە قسە کردن.

جا خودای تەعالا ناردیە خوارەوە. ﴿وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم﴾، وە ناردیە خوارەوە: ﴿و ما جعل أدعيائكم أبنائكم﴾.[1] وە ناردیە خوارەوە: ﴿لكيلا يكون على المؤمنين حرج في أزواج أدعيائهم﴾[2] وە ناردیە خوارەوە: ﴿ما كان محمد أبا أحد من رجالكم﴾[3] الآية.

جا بینا لەسەر ئەمە قەیدی «من أصلابكم» قەیدە لە حەرامکردنی ژنی کوڕ لەسەر باوك. واتە: حەرام ئەبێ لەسەر باوکەکان ژنی ئەو کوڕە لە پشتی خۆیان بێ نەك کوڕێ کە بە یاسای ڕۆژ ئەکرێ بە کوڕ، وە یاخود لە دائیرەی ڕەسمیدا لە دەفتەرا بە ناوی کوڕی فلان کەس ئەنووسرێن.

کەوابێ لەسەر نەسی قورئانی کەریم مانیع نییە لەوە کە پیاو ژنی کوڕێکی جەعلی مارە بکا، وەکوو ئەوە کە حەزرەت ﷺ زەینەبی کچی جەحشی پوورزای مارە کرد

---

١. الأحزاب: ٤.

٢. الأحزاب: ٣٧.

٣. الأحزاب: ٤٠.

لە پاش ئەوە زەید کە کوڕی جەعلی حەزرەت ﷺ بوو تەڵاقی دا. وە حەزرەت ﷺ تەشریعی ئەوەی کرد کە ژنی کوڕی جەعلی حەلاڵە مارەبکرێ فەرمووی:

﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ ﴾

واتە لە لایەنی ئێمەوە حەرام کراوە لەسەر ئێوە ـ ئەی موسوڵمانان ـ مارەکردنی دایکەکانتان و کچەکانتان و خوشکەکانتان و پوورەکانتان کە خوشکی باوکتان بن یا پوورەکانتان کە خوشکی دایکتان بن [وە کچانی برا (برازا) و کچانی خوشك (خوشکەزا)].

﴿وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ﴾

ئەو دایکانەتان کە شیریان داوە پێتان.

﴿وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ﴾

وە مارە کردنی خوشکەکانتان لە شیرخواردنەوە.

﴿وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ﴾

وە حەرام کراوە لەسەرتان نیکاحی دایکی ژنەکانتان.

﴿وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ﴾

وە حەرام کراوە لەسەرتان مارە کردنی ئەو کۆڵەبەستانە کە هان لە باوەشتانا و بەخێویان ئەکەن بەم مەرجە لەو ژنانەتان بن کە ئێوە چوونەتەلایان و دوخوولتان پێ کردوون.

﴿فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ﴾

ئەگەر ئێوە دوخوولتان پێ نەکردوون.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾

ئەوە تاوانتان لەسەر نییە لە مارەبڕینی کچەکانیانا.

﴿وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ﴾

وە حەرام کراوە لەسەرتان مارە کردنی ژنی ئەو کوڕانەتان کە لە پشتی ئێوەن.

﴿وَأَن تَجْمَعُوا۟ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ﴾

وە حەرام کراوە لەسەرتان جەمعی دوو خوشك بکەنەوە لە نیکاحا.

﴿إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ﴾

بەڵام ئەوەی کە زوو رابوردووە ئەوە قەی ناکا لە جاهیلییەتا بووە، بەس ئێوە لەو کارە ناپەسەندە دووربن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾﴾

بە راستی خودا خەتاپۆش و میهرەبانە.

جا لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە:

بزانن! مارە بڕینی ژن یا حەرامە، یا مەکرووهە، یا حەڵاڵە. وە ئەو نیکاحانە کە حەرامن چوار بەشن؛

بەشی یەکەم: ئەوانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر عەینی ژنەکان و زاتیان، وە بۆ ئەم بەشە سێ سەبەب هەیە: **سەبەبی یەکەم:** نەسەبە و حەرام بەم سەبەبە حەوت سینفن:

ئەووەڵ: دایکە کە عیبارەتە لە ژنێ کە تۆی بەوەلەدا هێنابێ یا کەسێکی بەوەلەدا هێنابێ کە تۆیان بەوەلەدا هێناوە، یانی هەموو ژنێکی وەهایە رشتەی نەسەبی تۆ بگات پێی.

دووهەم: کچی تۆیە و هەرکەسێ تۆ بەوەلەدت هێنابێ یا کەسێکت بەوەلەدا هێنابێ کە ئەوی بەوەلەدا هێنابێ یا هەر ژنێ کە رشتەی نەسەبی بگا بە تۆ ئەوە کچی تۆیە.

سێهەم: خوشکە کە عیبارەتە لە ژنێکی وا کە باوك و دایکی تۆ بەوەلەدیان هێنابێ یا یەکێ لەوان.

چوارەم: پوور یانێ خوشکی باوکت کە عیبارەتە لە خوشکی نێرینەیێ تۆی بەوەلەدا هێناوە بەواسیتە یا بێواسیتە، هەرچەن خوشکی مامی دایکییشت بێ.

پێنجەم: پوور، خوشکی دایکت، واتە [خوشکی] هەر ژنێ بێ کە تۆی بەوەلەدا هێناوە بە واسیتە یا بە بێواسیتە هەرچەن خوشکی دایکت بێ لە لایەنی باوکییەوە.

شەشەم: برازات کە عیبارەتە لە کچی پیاوێ کە لە باوك و دایکت یا لە یەکێکیان پەیدا بووبێ.

حەوتەم: خوشکەزات کە عیبارەتە لە کچی ژنێ کە لە باوك و دایکی تۆ یا لە یەکێکیان پەیدا بووبێ.

سەبەبی دووهەم: رەزاعە یانی شیر خواردن. وە حورمەت سابت نابێ بەم شیرخواردنە ئیللا بەمە کە ئەو شیرە شیری ژنی ئادەمیزادێ بێ کە تەمەنی لە نۆ ساڵ کەمتر نەبێ، خواه کچ بێ یا بێوەژن بێ یا ژنی خاوەن مێرد بێ، وە ئەو شیرە بگا بە دەماخ یا بە میعدەی شیرخۆرەکە، وە ئەو شیرخۆرەیش تەمەنی لە دووساڵ کەمتر بێ و لای کەمی پێنج جار شیری ئەو ژنەی خواردبێ لە حاڵی حەیاتی دامەزراوا، وە لەو پێنج جارەدا ئەو منداڵە لەبەر ئیعراز لە شیرخواردن دەسبەردار بووبێ نەك لەبەر هەناسەدان

یا گاڵتە کردن یا موجیبێکی خاریجی. وە هەرکاتێ شیرخواردن بەم جۆرە ژنێکی حەرام کرد ئەوە ئەسڵ و فەرع و حاشیەی ئەو ژنەیش حەرام ئەکا، یانی ئەبێ بە هۆی حەرام بوونی نیکاحی دایکی ئەو ژنە و کچی و خوشکی، هەروا ئەبێ بە هۆی حەرام بوونی ئەسڵ و فەرع و حاشیەی پیاوە خاوەن شیرەکە، یانی دایکی ئەو و کچی و ژنی و خوشکی لەم شیرخۆرە حەرام ئەبێ. بەڵام نیسبەت بە شیرخۆرەکە حەرامی هەر تەئسیری بۆ فەرعی هەیە، واتە بۆ نەتەوەی نەك بۆ ئەسڵ و حاشیەی. منداڵێ شیری ژنێ بخوا ئەو ژنە حەرام نابێ لە باوکی ئەم شیرخۆرە و لە برای بەڵکوو حەرام ئەبێ لە کوڕی ئەم شیرخۆرە. وەکوو نووسیومە:

حورمەتی شیری دایەی خاوەنشیر — لە پیاوەکەشیا هەیەتی تەئسیر
بۆ ئەسڵ و فەرع و حاشیەی هەردوو — گشت حەرام ئەبن بە بێ یەك و دوو
لە شیرخۆرەدا ئەو حوکمە ئەڕوا — هەر بۆ نەتەوەی، وەهایە فتوا

وە ئەم حەوت سینفە کە بە نەسەب حەرام ئەبن بە هۆی رەزاعەیشەوە حەرام ئەبن بە دەلیلی ئەو ئایەتە کە رابورد، وە فەرموودەی حەزرەتیش ﷺ کە فەرموویەتی: «يحرم من الرضاع ما يحرم من النسب» (رواه الشيخان). واتە حەرام ئەبێ بە شیرخواردن ئەوەی حەرامی نەسەبە.

سەبەبی سێهەم: موساهەرەیە، واتە خزمایەتی تایبەتی بە هۆی ژنهێنانەوە، وە ئەوانە چوارن:

یەکەم: ژنی باوك و باپیرە موتڵەقا، دوور بن یا نزیك، لە لایەنی باوکەوە یا لە لایەنی دایکەوە.

دووهەم: ژنی کوڕ و کوڕەزا دوور یا نزیك.

سێهەم: دایکی ژن هەرچەن بەرز بێتەوە، ئەمانە هەموو بە تەنیا عەقدی نیکاح حەرام ئەبن هەرچەن دوخوولیش نەبێ.

چوارەم: کچی ژن بەم شەرتە دوخوول بە دایکەکە کرابێ، هەروەها کچەزای ئەو ژنە دوور بێ یا نزیك.

بزانن! کچی ژن لە شەرعا ناوی «ربیبە»یە و کوڕی ژن ناوی «ربیب»ە وە هەروەکوو کچی رەبیبە حەرام ئەبێ کچی رەبیب هەم حەرام ئەبێ لەسەر مێردی دایکەکەیان خواه ئەمانە دوور بن یا نزیك.

بێدار بن! لە ئیعتیباری ئەم چوارەوە فەقەت لە موساهەرەدا دەرکەوت کە حەرام نییە مارەکردنی دایك و کچی مێردی دایکی ئینسان کە بە کوردی پێی ئەوترێ «باوەپیارە». هەروا دایك و کچی مێردی کچی ئینسان کە پێی ئەڵێن «زاوا». وە دایك و کچی ژنی باوکی ئینسان کە پێی ئەڵێن «باوەژن» وە دایك و کچی ژنی کوڕ کە پێی ئەڵێن «بووك»، یانی ئەگەر بووکی تۆ دایکی بوو دروستە بۆ تۆ مارەی بکەی یا ئەگەر کچی بوو لە غەیری کوڕەکەی تۆ دروستە مارەی بکەی بۆ خۆت. هەروا دروستە مارە کردنی ژنی رەبیب کە پێی ئەڵێن (کۆڵەوەس) هەروا ژنی باوە پیارە کە هەوێی دایکی ئینسانە دروستە مارەی بکەی ئەگەر مێردەکەی بمرێ یا تەڵاقی بدا.

بەشی دووهەم: ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر جەمع و کەوتنە یەك لەگەڵ ژنی‌ترا، وە ئەم بەشە لە هەشت مەسەلەدایە؛

مەسەلەی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم: جەمعی ژنە لەگەڵ خوشکیا یا لەگەڵ دایکیا یا لەگەڵ عەمەیا (خوشکی باوکی) یا لەگەڵ خالەیا (خوشکی دایکی)؛ چونکی خودای تەعالا فەرموویەتی: ﴿وأن تجمعوا بين الأختين إلا ما قد سلف﴾ وە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «لا تنكح المرأة على عمتها ولا العمة على بنت أخيها ولا المرأة على خالتها ولا الخالة على بنت أختها ـ لا الكبرى على الصغرى، ولا الصغرى على الكبرى ـ» (رواه الترمذي و قال حسن صحيح) وە لەگەڵ دایکیشیا بە «قیاس الأولى» واتە ژن مارە ناکرێ بەسەر عەمەیا و عەمە مارە ناکرێ بەسەر برازایا و ژن مارە ناکرێ بەسەر

خالەیا و خالە مارە ناکرێ بەسەر خوشکەزایا نە گەورەکەیان دێت بەسەر بچووکەکەدا و نە بچووکەکەیان بەسەر گەورەکەدا.

مەسئەلەی پێنجەم: جەمعی دوو جارییە لە نیکاحا بۆ مێردێ کە حوڕ بێ؛ چونکە بە یەك جارییە ئیکتیفا ئەکا.

مەسئەلەی شەشەم: جەمعی زیاتر لە چوار ژنە بۆ حوڕ وە زیاتر، حەزرەت ﷺ فەرمووی بە «غیلان» کوڕی سەلمەی سەقەفی کە موسوڵمان بوو لە سەر دە ژن: «أمسك أربعاً و فارق سائرهن»، چوار ژن لەو ژنانە رابگرە بۆ خۆت و جیاببەرەوە لە باقیەکەیان.

مەسئەلەی حەوتەم: جەمعە لە بەینی زیاتر لە دوو ژن بۆ ئینسانێ کە بەندە بێ؛ ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لە لەیس ئەویش لە حەکەمی کوڕی عوتەیبە وتوویە: ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ ئیجماعیان کردووە لەسەر ئەوە کە بەندە زیاتر لە دوو ژن مارە نەکا.

مەسئەلەی هەشتەم: جەمعە لە بەینی دوو مێردا بۆ تاقە ژنێ ئەمە لە دینی ئیسلاما مەمنووعە بە ئیجماع. وە ئەگەر دوو عەقد جاری ببن لە لایەنی دوو کەسەوە بەسەر تاقە ژنێکدا ئەوە ئەگەر بە ئانێ بێ هەردوویان بەتاڵن وە ئەگەر بەرودوا بن پێشووەکەیان دروستە و دوایی بەتاڵە وەکوو تەفسیل دراوە.

بەشی سێهەم: ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر ئیشتیباه پەیدا بوون لە بەینی ژنێکی وا کە نیکاح ئەکرێ بە ژنانێکی وەهاوە کە نیکاحیان دروست بێ. وەکوو ئیشتیباهی ژنێ کە حەرام بێ بە نەسەب یا بە رەزاع یا بە موساهەرە، یا لەبەر لیعان یا لەبەر وەسەنییەت یا لەبەر ئەوە کە لە عیددەدا بێ، یا سێ تەڵاقەی کەوتبێ، یا لەبەر ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە. لەم سوورەتانەدا ئەگەر ئەو ژنە تێکەڵی ژنانی بێگانەی مەحسوورە بوون وەکوو: دە، بیست، سەد، دووسەد، سێسەد. ئەمە

بە قەتعی نابێ لەم ژنانەدا ژن مارە بکا. وە ئەگەر تێکەڵی غەیرە مەحسوورات بوون وەکوو: هەزار، نۆسەد، هەشتسەد، حەوتسەد. ئەمە بە قەتعی دروستە ژنێ لەم ژنانە مارە بکا و موبالات بەو ئیشتیباهە ناکرێ لەبەر عوسرەتی پارێز. وە ئەگەر تێکەڵی مابەینی سێ سەد و حەوت سەد بوو ئەوە پرسیار لە دڵی خۆی بکا؛ ئەگەر بیری هاتە سەر ئەوە کە ئەو ژنە مارەی ئەکا حەرامەکە نییە دروستە مارەی بکا، ئەگەرنا حەرامە مارەی بکا لەبەر دوودڵییەکەی «علی المعتمد».

بەشی چوارەم: ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر وجوودی مانیعێ لەو عەقدەدا وەکوو ئەو نیکاحە مەشهوورە بە «نیکاحی شیغار» و سوورەتەکەی ئەوەیە: کابرا ئەڵێ بە کەسێ: وا کچەکەم لێ مارە کردی لەسەر مەرجی ئەوە تۆیش کچەکەی خۆتم لێ مارە بکەی و چوونەلای کچەکەی تۆ مارەیی کچەکەی من بێ، وە چوونەلای کچەکەی من مارەیی کچەکەی تۆبێ. وە کابرای موقابیلیشی ئەم نیکاحە قەبووڵ بکا بەم شێوە ئەڵێ: وا کچەکەی تۆم قەبووڵ کرد بە ژنی خۆم و کچەکەی خۆمم مارە بڕی لە تۆ لەسەر ئەو یاسا کە تۆ بڕیارت دا. وە سیرڕی دانەمەزرانی ئەم عەقدە ئەمەیە کە خالییە لە ئیحتیرامی مەنکوحەکان؛ چونکی ئەگەر ناوی مارەیی نەبرێ باشە لەبەر ئەوە لە پاش دوخوول «مهر المثل» دائەمەزرێ بۆ ژنەکان، بەڵام چوونەلای ئەم کچە مارەیی ئەو کچە بێ و چوونەلای ئەو کچەکە مارەیی ئەم بێ ئەوە ئەبێ بە گاڵتە کردن بەشەرافەتی هەردوو لایان و شتی وەها لە دینا نییە. لەبەر ئەمە ئەگەر حەتا لەگەڵ ئەم مەرجەداماڵیش دابنرێ بۆیان هەر عەقدەکە بەتاڵە. وە وەکوو نیکاحی موتعە کە پێی ئەڵێن «سیغە» بەم شێوە ئەڵێ: ئەم ژنەم لێ مارە کردی بە وادەی حەفتەیێ یا مانگێ یا ساڵێ یا زیاتر؛ چونکی حەزرەت ﷺ نەهی کردووە لەم جۆرە نیکاحە، وە وەکوو لە پاش چەن ئایەتێ بە درێژی باسی ئەکەین (إنشاءاللّه).

وە وەکوو ئیحرامێ کە تەسادوفی کاتی ئیحرامی ژنەکە یا پیاوەکە یا هەردووکیان بکا؛ چونکی حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «لا ینكح المحرم و لا ینكح» واتە: کەسێ لە ئیحراما بێ نە ژن دێنێ و نە ئەدرێ بە شوو. وە وەکوو نیکاحێ کە دوو وەلی بیکەن؛ بەم شێوە برایێ خوشکەکەی مارە ببڕێ لە زەید و برایەکی‌تر مارەی ببڕێ لە عەمر. ئەگەر بە یەکەوە بن یا پێش و پاش لەو دوو عەقدەدا دیار نەبێ. وە وەکوو نیکاحی ژنێ کە لە عیددەدا بێ وە یا لە ماوەی «استبرا»دا بێ؛ چونکی شەرتی نیکاح خاڵی بوونی مەنکووحەیە لە نیکاح و لە عیددەی غەیری خۆی. وە وەکوو نیکاحی ژنێ لە عیددەدا بێ و گومانی ئەوەی هەبێ کە حامیلەیە لەبەر قورسی لەشی (مەسەلا) یا لەبەر جووڵانی شتێ لە سکیا، ئەمە بۆی نییە شوو بکا هەتا ئەو گومانەی لائەچێ.

وە وەکوو نیکاحی ژنی کافری غەیرە کیتابی، یانی بت پەرست یا ئاگر پەرست بێ (مەسەلا)، وە ئەمما نیکاحی کیتابییە ئەوە دروستە ئەگەر شەرتەکەی بێتە جێگە. وە وەکوو نیکاحی سەیید یانی مالیکی جارییە بۆ جارییەکەی لەبەر ئەوە کە ئەو نیکاحە ناکەوێتە یەك لەگەڵ موڵکدا لە ئاسارا.

وە ئەو نیکاحانە کە مەکرووهن. وەکوو نیکاحی ژنێ بە خوازبێنی لەسەر خوازبێنی ناشەرعی مارە کرابێ، وە وەکوو نیکاحی «محلل» ئەگەر شەرتی تەڵاقدانی ژنەکەی پاش چوونەلای لە ناو عەقدەکەدا بەیان نەکرابێ. ئەگەر بەیان کرابێ ئەوە نیکاحەکە حەرامە و چوونەلای ژنەکەیش حەرامە. وە وەکوو نیکاحی ئینسانێ کە مەغروور کرابێ بەوە ئەو ژنە مارەی ئەکات موسوڵمانە یا حوڕەیە، وە نیکاحی پیاوی موسوڵمان بۆ ژنی یەهوودییە یا نەسرانییەیێ کە زیمەی ببێ یا حەربییە بێ، وە نیکاحی ژنێ کە نەخۆشینێکی ببێ، یا خود ژنەکە فاسقە بێ یا کچی فاسق بێ. وە ماعەدای ئەمانە باسمان کردن حەڵاڵن خواه سوننەت بن یا واجب بن، وەکوو نیکاحێ کە ببێ بە

هۆی مەنعی زینا لە خاوەنەکەی و هەر نیکاحیش دەست بدا لەو کاتەدا بۆ دەفعی ئەو زینایە.

وەلحاسڵ نیکاح واجب و مەندووب و مەکرووهە و حەرام و حەڵاڵی هەیە، واتە: ئەحکامی خەمسەی بەسەردا دێت؛ موباحە بۆ کەسێ مەسرەفی ببێ بەڵام موحتاجی ژن نەبێ، وە سوننەتە بۆ کەسێ موحتاج و موشتاق بێ بۆ ژن مادام مەسرەفی ببێ، وە مەکرووهە بۆ کەسێ موحتاج نەبێ و مەسرەفی نەبێ. وە واجبە لەسەر کەسێ کە موشتاق بێ بۆ ژن و بە بێ نیکاح چاری خۆی نەکا لە زینا کردن. وە حەرامە لەو هەموو سوورەتانەدا باسمان کردن و لەسەر کەسێ کە موحتاجی ژن نەبێ و مەسرەفی نەبێ و عیللەتێکی وایشی ببێ مەنعی بکا لە موباشەرەی ژن ئەگەر ئەو ژنە کە مارەی ئەکا ئیشتیاقی بۆ مێرد بە نەوعێ ببێ کە بە بێمێرد گیرۆدەی زینا ببێ.

وە بازێ لە فوقەها لە زەبتی موحەڕەماتی نیکاحا فەرموویەتی: سیویەك ژن نیکاحی حەرامە: پێنج دایك: دایکی نەسەب، دایکی رەزاع، دایکی ژن، دایکی مەوتووئە بە «ملك اليمين»، دایکی مەوتووئەی شوبهە. وە پێنج کچ: کچی نەسەب، کچی رەزاع، کچی ژن ئەگەر مەدخوولە بێ، کچی موتووئەی «ملك اليمين»، کچی مەوتووئەی شوبهە. وە شەش مەوتووئە: مەوتووئەی باوك بە نیکاح، وە بە «ملك اليمين»، وە بە شوبهە، وە مەوتووئەی کوڕ بەم سێ جۆرە. وە سێ خوشك: خوشکی نەسەبی، خوشکی رەزاع، خوشکی ژن لە حاڵەتی جەمعدا. وە سێ خالە: خالەی نەسەب، خالەی رەزاع خالەی ژن لە کاتی جەمعدا. وە سێ عەممە: عەممەی نەسەب، عەممەی رەزاع، عەممەی ژن لە کاتی جەمعدا. وە سێ کچی برا: کچی برای نەسەب، کچی برای رەزاع، کچی برای ژن لە کاتی جەمعی لەگەڵ ژندا. وەسێ کچیخوشك: کچی خوشکی نەسەب، کچی خوشکی رەزاع، کچی خوشکی ژن لە کاتی جەمعی لەگەڵ

ژنەکەیدا. وە زیاد ئەکرێ لەسەر ئەمانە ژنێ کە لیعانت کردبێ لەگەڵیا؛ چونکی ئەویش حەرامی دەوامدارە. وەکوو لە شەرقاوی دا ئەمانە ئەڵێ.

﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ﴾

فەرموودەی خودا «والمحصنات من النساء» مەعتووفە لەسەر «أمهاتكم» وە لە ژمارەی ئەو ژنانەیە کە نیکاحیان حەرامە. واتە هەروا حەرام کراوە لەسەرتان ئەو ژنانە کە پارێزراون لە زینا بە هۆی مێردەوە و خاوەن مێردن.

﴿إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾

ئیللا ئەو ژنە خاوەن مێردانە کە دەستی ئێوە داگیری ئەکا و ئێوە ئەبن بە مالیکیان بە هۆی دیل کردنیان و گرتنیان لە کافرە جەنگاوەرەکان ئەوانە هەرچەن خاوەن مێرد بن مادام لە جەنگا گیران و لە پاش حەربەکە بەش کران بەشی هەرکەسێ ببن دروستە بۆی بڕواتە لایان، بەڵام ئەگەر حامیلە بوون لە پاش ئەوە سکەکەیان لێ ئەبێتەوە و پاك ئەبنەوە لە زەیسانی، وە ئەگەر حامیلە نەبن پاش ئەوە ئیستیبرا بکرێن بە تاقە حەیزێك و لەو حەیزە پاك ببنەوە.

﴿كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾

واتە خودای تەعالا حەرامی ئەو ژنانە کە باسمان کردن لە ئایەتی: ﴿ولا تنكحوا ما نكح آباءكم﴾ەوە هەتا ئێرە هەمووی نووسیوە لەسەر ئێوە بە نووسین و هەمووی قەراردراوە لەسەرتان.

﴿وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ﴾

وە حەڵاڵی کردووە بۆ ئێوە نیکاحی غەیری ئەم ژنانە ئیللا ئەوانە نەبێ کە حەزرەت ﷺ بە فەرموودەی خۆی جیای کردوونەتەوە وەکوو جەمع لە بەینی عەممە و خالەی ژن لەگەڵ ژندا.

﴿أَن تَبْتَغُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ ۚ﴾

حەڵاڵمان کرد بۆ ئێوە غەیری ئەو ژنانە باسمان کردن لەسەر ئیرادە و خواستی ئەوە بیانخوازن بە سەرفی ماڵی خۆتان لە مارەییدا و خۆتان بپارێزن لە زیناو ئاوی خۆتان بە ناشەرعی نەڕێژن و زایەی نەکەن.

﴿فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ﴾

جا هەرکام لەو ژنانە کە لەزەتتان وەرگرت لێیان و چوونە لایان مارەییەکەیان پێبدەن لەسەر ئەساسی ئەوە کە فەرزە و حەقێکە خودا واجبی کردووە لەسەرتان.

﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَٰضَيْتُم بِهِۦ مِنۢ بَعْدِ ٱلْفَرِيضَةِ ۚ﴾

وە گوناحتان لە سەر نییە لە کەم کردن یا زیاد کردنی ئەو ئەندازە کە پێی رازی ئەبن لە پاش قەراری مارەییە واجبەکە، واتە ئەگەر پیاوەکە شتێ زیاتر بدا بە ژنەکە وە یا ژنەکە شتێ لە مارەییەکەی کەم بکات دروستە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٢٤﴾﴾

بە راستی خودا زانایە بە سوودی عالەم و خاوەن حیکمەتە لە هەر حوکمێکا قەراری بدا.

بێدار بن! بازێ کەس وتوویانە: ئەم ئایەتی: ﴿فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن﴾ نازڵ بووە بۆ دامەزراندنی نیکاحی موتعە کە مەشهوورە بە «صیغه» و عیبارەتە لە نیکاحێکی مووەقەت، بە چەن رۆژێ لەسەر میقدارێ پارە وە کاتێ ماوەکە تەواو بوو نیکاحەکە فەسخ ئەبێتەوە بە بێ تەڵاقدانی کابرا و ژنەکەیش لە پاش ئەوە کاتێ یەك حەیزی بەسەرا هات و پاکەوە بوو ئەتوانێ لەگەڵ کەسێکی‌ترا رێبکەوێ. وە ئەو کەسانە چەن دەلیلیان هێناوەتەوە لەسەر ئەم داوایە.

یەکەم: بەکارهێنانی «استمتاع» و کەلیمەی «أجور»؛ چونکی ئیستیمتاع لەزەتێکی وەختییە و ئوجوور بە مانا کرێیە لەسەر ئەو ئیستیمتاعە.

دووهەم: قیرائەتی ئیبنومەسعوود کە خوێندوویەتیەوە: «فما استمتعتم به منهن إلى أجل مسمى».

سێهەم: سوبووتی ریوایەتی حەلاڵیی موتعە لە گەلێ زاتی زانای گەورەوە بە تایبەتی حەزرەتی ئیبنوعەباس رضي الله عنهما.

وە جومهووری ئەهلی دین لە وەڵامی ئەمانەدا فەرموویانە:

جوابی دەلیلی یەکەمتان ئەمەیە کە: ئیستیمتاع بریتییە لە لەزەت وەرگرتن لە ژن، وە ئەمە لە نیکاحی دەوامدارا زۆرترە لە نیکاحی مووەقەت، وە کەلیمەی ئوجوور وەکوو بۆ کرێ ئیستیعمال ئەکرێ بۆ مارەییش ئیستیعمال ئەکرێ وەکوو لە پاش ئەم ئایەتەوە خودا ئەفەرموێت:

﴿فانكحوهن بإذن أهلهن وآتوهن أجورهن بالمعروف﴾ وە لە ئایەتی پێنج لە سوورەتی مائیدەدا خودا فەرموویەتی: ﴿والمحصنات من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم إذا آتيتموهن أجورهن محصنين غير مسافحين﴾ وە لە سوورەتی ئەحزابا لە ئاخری ئایەتی سیوسێدا خودا فەرموویەتی بە حەزرەت ﷺ: ﴿إنا أحللنا لك أزواجك اللاتي آتيتهن أجورهن﴾ وە کەلیمەی «أجور» لەم هەموو ئایەتانەدا بە مانا مارەییە بە بێ خیلاف، کەوابێ «أجور» لە ئایەتەکەی خۆیشمانا عیبارەتە لە مارەیی بۆ ژن لە نیکاحی بە دەواما.

وە جوابی دەلیلی دووەم قیرائەتی «إلى أجل مسمى» لە قیرائەتی شازەیە و ئیستیدلالی پێ ناکرێ نە لەم رووەوە کە قورئانە و نە لەو رووەوە کە فەرموودەی حەزرەتە لەبەر ئەوە قورئان ئەبێ «قطعي الثبوت» بێ، وە فەرموودەی حەزرەت ﷺ کاتێ ئیستیدلالی پێ ئەکرێ کە ئیسنادی سابت بێ، وە لەسەر تەقدیری سوبووتی ئەو

عیبارەتە ئەڵێین وەختی خۆی سابت بووە و لە ئەنجاما نەسخ کراوەتەوە وەکوو لەمەولا باسی ئەکەین.

وە جوابی دەلیلی سێهەم ئەمەیە کە: لە نەفسی حەزرەتی عەلی ﵁ لە ئیبنوعەباسەوە سابت بووە کە فەتوایان داوە بەوە موتعە حەرامە.

ئەمما لە حەزرەتی عەلییەوە ﵁ ئەوە ئیمامی مالیك ریوایەتی کردووە لە زوهری لە عەبدوڵڵا و حەسەن کوڕانی موحەممەدی حەزرەتی عەلی کە مەشهوورە بە «**محمد** بن حنیفة» و یەکێ بووە لە کیباری عالمانی ئەهلی بەیت ریوایەتی کردووە لە باوکیەوە ـ کە حەزرەتی عەلییە ـ کە فەرموویەتی حەزرەت ﷺ نەهی کردووە لە موتعەی ژنان و لە خواردنی گۆشتی کەری خانەگی.

هەروا موحەممەدی کوڕی حەنەفیە ریوایەتی کردووە کە حەزرەتی عەلی رابورد بە لای ئیبنوعەباسا لەو کاتەدا کە فەتوای ئەدا بە حەڵاڵی موتعە وە پێی فەرموو: چۆن فەتوای وەها ئەدەی؟ حەزرەت ﷺ نەهی کردووە لە موتعە و لە گۆشتی کەری خانەگی.

وە ئەمما لە ئیبنوعەباسەوە ئەوە عەتای خوراسانی لە ئیبنوعەباسەوە لە باسی مەعنای ئایەتی: ﴿فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن﴾ دا فەرموویەتی: ئەم ئایەتە مەنسووخە بە ئایەتی: ﴿یا أیها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن﴾[١] واتە ژنی وەرگیراو بە موتعە ئەگەر ژنی شەرعی بوایێ تەڵاق ئەدرا و عیددەی ئەبوو (مع أنه) نە تەڵاق و نە عیددەی هەیە.

هەروا ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە کە لە کاتی وەفاتیا فەرموویەتی: «اللهم إني أتوب إلیك من قولي في المتعة والصرف»، وە مەبەست لە سەرف ئەوەیە کە

---

١. الطلاق: ١.

سەردەمێ فەتوای بە «ربا الفضل» ئەدا لە کاتی پارە گۆڕینەوەدا، وە لە ئەنجاما کە ئەحادیسی حەزرەت ﷺ دەرکەوتن لەلایا لەو فەرموودەیە پەشیمان بووەوە.

بزانن! ئیمامی نەوەوی لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا فەرموویەتی: ئەوەی کە سەواب و موختارە ئەمەیە کە دوو جارحەڵاڵی و حەرامی هاتوون بەسەر نیکاحی موتعەدا؛ لە پێش غەزای خەیبەردا موتعە حەڵاڵ کراوە وە لە غەزای خەیبەردا حەرام کرا، وە جارێکی‌تر لە فەتحی شاری مەککەدا و لە غەزای «أوطاس» دا حەڵاڵ کرا، وە پاش ئەمە بە سێ ڕۆژ حەزرەت ﷺ حەرامی کرد هەتا قیامەت، وە ئیجماع لەسەر ئەمە سابت بوو، واتە نەسخ بەسەر حەڵاڵیی نیکاحی موتعەدا هات لە فەرموودەی حەزرەتا ﷺ وە بە نەسی قورئانی کەریم.

ئەمما سوننەت، ئەوە ڕەبیعی کوڕی سبرەی جوهەنی ڕیوایەتی کردووە لە باوکیەوە ئەڵێ: لە کاتی سبەینێدا گەیشتم بە حەزرەت ﷺ لە حەرەمدا لە ناو بەینی ڕوکن و مەقاما پشتی دابوو بە دیواری کەعبەوە فەرمووی: «يا أيها الناس إني أمرتكم بالاستمتاع في هذه النساء، ألا و إن الله قد حرمها عليكم إلى يوم القيامة؛ فمن كان عنده منهن شيء فليخل سبيلها و لا تأخذوا مما آتيتموهن شيئاً» واتە ئەی ئادەمیزاد من فەرمانم پێدان بەوە کە موتعە حەڵاڵە لە ژنان، ئاگاداربن بە ڕاستی خودای تەعالا حەرامی کرد لە سەرتان هەتا ڕۆژی قیامەت، وە هەرکەسێ لە ئێوە لەم ژنانەی لەلایە با بەرەڵای بکا لەو ماڵەیش پێتان داون نە کەم نە زۆر هیچیان لێ وەرمەگرنەوە.

وە ڕیوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: «متعة النساء حرام»، وە ئەم ڕیوایەتانە ئیمامی واحیدی لە کتێبی «بسیط»دا نەقڵی کردوون.

وە ئەمما ناسیخ لە قورئانی کەریمدا وەکوو ئایەتی: ﴿والذين هم لفروجهم حافظون ۝٥ إلا على أزواجهم أو ما ملكت أيمانهم فإنهم غير ملومين ۝٦ فمن ابتغى وراء ذلك فأولئك

هم العادون ﴿٧﴾[1] واتە: بە راستی رزگار ئەبێ لە عەزابی رۆژی قیامەت ئەو کەسانە کە عەورەتی خۆیان ئەپارێزن ئیللا لە ژنەکانیان یا لەو جارییانە کە موڵکیانە وە ئەوانە سەرزەنشتیان ناکرێ لەسەر ئەم ژنانە، وە ئەم جارییانە و هەرکەسێ غەیری ئەمانە داوای شتێکی‌تر بکا بۆ تەمەتوع و لەزەت و شەهوەت بازی ئەوانە لە فەرمانی خودا لایان داوە و موتەجاویزن لە حودوودی دین.

وە جومهووری عالمەکان ئیستیدلالیان کردووە بەم ئایەتە لەسەر ئەوە کە نیکاحی موتعە بەتاڵە و نابێ بە هۆی لەزەت وەرگرتنی حەلاڵ؛ چونکە خودای تەعالا حەسری موباشەرەی حەلاڵی کردووە لە زەوجە و لە مەملووکەدا و ئەم ژنە کە بە موتعە وەرئەگیرێ نە ژنە و نە مەملووکەیە؛ چونکی ئەگەر ژن بوایێ پێویست بوو میراتی وەربگرتایە لە پیاوەکەی و ئەویش میراتی وەربگرتایە لەم (مع أنە) کەسیان میرات لە کەسیان وەرناگرن. وە ئەمە مەعلوومە، وە ئەگەر ژن بوایێ ئەبوو عیددەی لەسەر بوایێ؛ چونکی خودا بۆ ژنێ کە لە مێردەکە جیاببێتەوە عیددەی واجب کردووە (مع أنە) ژنی موتعە عیددەی نییە. وە ئەگەر ژن بوایێ ئەبوا ئەگەر منداڵێکی لێ ببێ نەسەبی سابت بوایێ لە کابرا کەچی وا نییە. وە دیارە وەکوو ژنی کابرا نییە مەملووکەیش نییە، وە هەر ژنێ ئینسان تەمەتوعی پێ بکا ژنی شەرعی نەبێ مەملووکەیش نەبێ ئەوە تەمەتوع بەو ژنە بە نەسی ئەو ئایەتە تەجاوزە لە حودوودی دین و خاریجە لە شەریعەتی ئیسلام.

هەروا جومهوور ئیستیدلالیان کردووە بەوەی سابت بووە خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەتاب لە خوتبەدا لە حوزووری کۆمەڵێ لە کیباری ئەسحابەدا فەرمووی: ئەو موتعە کراوە لە زەمانی حەزرەتا ﷺ من نەهی ئەکەم لە کردنی و

---

١. المؤمنون؛ ٧ ـ ٥.

عیقابی موباشیرەکەی ئەدەم و ئەم قسەیە لە حوزووری کۆمەڵێ لە پیاوە گەورەکاندا کردووە کەسیان ئینکاریان نەکردووە، وە ئەو قسەیش کە بڵاوبووەتەوە کەس ئینکاری نەکردووە، وە ئەمەیش ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئەوە کە موتعە هەرچەن لە بازێ کاتا حەڵاڵ بووبێ لە سەدری ئیسلامدا بەڵام حەزرەت ﷺ لە ئاخرا مەنعی کردووە، ئەگەرنا عومەر نەیئەتوانی ئەم خوتبە بدا لە ناویانا.

وە بزانن! لە هۆی نوزوولی ئایەتی: ﴿والمحصنات من النساء﴾ وە ئەبوداوود و ترمزی لە بابی نیکاحا ریوایەتیان کردووە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە ﷺ کاتی رووداوی جەنگی ئەوتاس چەن ژنێك گیران و بەش‌کران و کەوتنە بەشی موحاریبەکانەوە ئەو ژنانە مێردی کافریان هەبوو وە ئێمە پێمان نابار بوو بڕۆینە لایان لەبەر ئەوە کە مێردیان هەیە، وە پرسیارمان کرد لە حەزرەت ﷺ وە پاش ئەو پرسیارە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە ئەمەی گەیاند عیسمەت و عەقدی نیکاحی کافر نرخی نییە و دروستە بڕۆینە لایان بەڵام لە پاش وەزعی حەمل لە ژنی حامیلە وە لە پاش ئیستیبرا بە حەیز لە ژنی غەیرە حامیلەدا. وە بە عەلاوەی ئەمانە سابت بووە وەکوو لە پێشەوە لە تەفسیری سوورەتی بەقەرە ئایەتی: ﴿ولا تنكحوا المشركات﴾دا باسمان کرد کە تا موسوڵمان نەبوون ژنە دیلەکان نەچوونەتە لایان و وەتئی مەملووکەی موشریکە دروست نییە.

﴿وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ﴾

واتە: هەرکەسێ لە ئێوە تەواناى نەبێ لە هۆی داراییەوە کە لە ژنانی داوێن پاکی موسوڵمان مارە بکا، واتە ئەو ئەندازەماڵەی نەبوو بیدا بە مارەیی ئەو ژنەدا با مارە ببڕێ بۆ خۆی لەوانەی کە مەملووکەن لە کچە موسوڵمانەکانتان.

﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَـٰنِكُمْۚ﴾

وە لە هۆی ئیمانەوە قەناعەت بکەن بە نیشانەی دیاری و زۆر مەکەونە ناو دوودڵی و خەیاڵاتەوە.

﴿بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍۚ﴾

ئێوە و ئەو مەملووکانە بازێکتان لە بازێکتانن، یانی ریشە و نەتەوەتان ئەگاتەوە بە یەك هەمووتان ئەڕۆنەوە سەر ئادەم و حەواء هەر بەوە کە ئێستە ئەوان خادیمە و کەنیزن بە سووکی و بێباکی مەڕوانن بۆیان ئەگەر لەبەر بازێ یاسا نەبێ هیچ فەرق نییە لە بەینی حوڕە و جارییەدا.

﴿فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

مادام دڵتان هاتە سەر مارە کردنیان مارەیان بکەن بە ئیجازەی خاوەنەکانیان و مارەییەکەیان تەسلیم بکەن پێیان با ببەن بۆیان بە یاسایەکی راستانە و کەم و زۆریان تیا مەکەن.

﴿مُحْصَنَـٰتٍ غَيْرَ مُسَـٰفِحَـٰتٍ﴾

وە «بالذات» لەو جارییانە مارە بکەن کە خاوەن پارێز و شەرم و شکۆهـ بن، نەك لەوانە کە زیناکار و رسوا و نابار و بێعارن.

﴿وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخْدَانٍۚ﴾

وە لەو کەنیزەکە بێئەدەبە فێڵبازانە نەبن کە دۆست و یاری پەنامەکییان گرتووە بۆ خۆیان هەتا بە زاهیر ژنی ئێوە بن و لە پەنامەکیدا یار و دڵداری پیاوە بێناموسەکان بن.

﴿فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ﴾

جا کاتێ ئەو ژنانە پارێزران لە گوناحباری و لە زیناکاری بە هۆی مێردەوە ئەگەر هاتن بە تاوانی ناهەمواری زینا ئەوە لەسەریانە نیوەی ئەو عەزابە کە لەسەر حورەکان هەیە، واتە لەسەریانە جەڵدی پەنجا دار و دوورخستنەوە بۆ مەسافەی قەسر تا شەش مانگ، کەوابێ ئەبێ جارییەی زانییە قەت سەنگەسار نەکرێ. وە «مشبّەبِە» بۆ ئەم جارییە مەملووکانە ئەبێ موحسەناتی بیکر بێ؛ چونکی ئەگەر موحسەناتی بێوە بن رەجم ئەکرێن و رەجم نیوەی نییە.

﴿ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ ٱلۡعَنَتَ مِنكُمۡۚ﴾

وە ئەم جەوازی مارە کردنی مەملووکەیە بۆ کەسێکە کە ترسی گیرۆدە بوونی ببێ بە زینا. وەلحاسڵ دروست نییە بۆ ئینسانی ئازاد کە جارییە مارە بکا ئیللا بە سێ شەرت؛ یەکەم: مارەیی ژنی حورەی نەبێ. دووهەم: ئەو کەسە لە ژن نەهاوردنا ترسی زینای ببێ. سێهەم: ئەو جارییەیە کە مارەی ئەکا موسوڵمان بێ.

﴿وَأَن تَصۡبِرُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۗ﴾

بەڵام خۆگرتنتان لە مارە کردنی جارییەی مەملووکە چاترە بۆتان؛ چونکی بە هۆی نیکاحی ئەوانەوە منداڵەکانتان ئەبن بە عەبد و جارییە بۆ خاوەن جارییەکان.

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٢٥﴾

وە خودا تاوانپۆشە بۆ کەسێ سەبر نەکا و میهرەبانە؛ چونکی روخسەتەکەی داوە.

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمۡ وَيَهۡدِيَكُمۡ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾

خودای تەعالا لە ڕووناککردنەوەی ئەم ئەحکامی نیکاحانەدا لە حەڵاڵ و حەرام خواستی ئەوەیە کە ئەحکامتان بۆ ڕووناك بکاتەوە هەتا بزانن چی حەڵاڵە و چی حەرامە و شارەزاتان بکا لە ڕەفتاری ئەو کەسانە کە لە پێش ئێوەدا بوون چۆن فەرمانی پێغەمبەرانیان وەرگرتووە و حەڵاڵیان بە حەڵاڵ داناوە و حەرامیان بە حەرام داناوە.

﴿وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾

وە خواستی لەسەر ئەوەیشە کە تەوبەتان لێ قەبووڵ بکا کاتێ گەڕانەوە بۆ لای لە پاش تاوانباری و نافەرمانی خودا.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾﴾

وە خودا زانایە بە هەموو شتێ و خاوەن حیکمەتە لە هەموو تەشریعاتێکدا.

﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾

خودا خواستی لەسەر ئەوەیە تەوبەتان لێ قەبووڵ بکا؛ چونکی مادام ئەحکامی بەیان کرد هەرکەسێ هەموویان بەجێبێنێ ئەوە ئەگا بە پایە، وە هەرکەسێکیش نافەرمانی بکا و لە پاشا بگەڕێتەوە بۆ لای خودا ئەوە خودا ڕەحمی پێ ئەکا.

﴿وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾﴾

وە ئەو کافرانەیش کە بە دەوام هەر وان بە شوێنی ئارەزووی نەفسەوە و ئەیانەوێ لە ڕابواردنا فەرق نەخەن لە بەینی مارە کراوی باوك و باپیرە و غەیری ئەوانا، وە فەرق نەخەن لە بەینی دایکی ژن و غەیری ئەوا. بە کورتی ئەیانەوێ کە ئەحکام نەیەتە خوارەوە بۆ ئەوە دنیا بە ئارەزووی ئەوان بێ، وە هەرچی کە نەفسیان داوای ئەکا بیکەن ئەمانە ئەیانەوێ کە ئێوەیش لادەن لە ڕێگای ڕاست بە لادانێکی تەواو.

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ﴾

وە خودا خواستی وایە کە باری سەرشانتان سووك بکا، بۆیە لە کاتێکا دەستان نەڕوا حوڕە مارەبکەن ڕەوای داوە بۆتان جارییەی مەملووکە مارە بکەن.

﴿وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾﴾

وە ئەو بارەی سەرشانی ئێوەیە بۆ ئەوە سووك ئەکا چونکی ئینسان دروست کراوە بە شیوەیێ کە ناتوانێ بەرانگاری گەلێ ناباری ببێ لە ئەحکاما. جا مادام ئەحکامی بۆ سووك کرا ئەویش تا ئەندازەیێ ئەتوانێ لەگەڵیانا دەوام بکا.

جا لە کاتێکا خودای تەعالا باسی خزمایەتی موساهەرە و موناکەحەی کرد کە لە پێویستی ئادەمیزادە لە ماوەی ژیانیا بۆ ئەوە کە بە یاسای دین ئارەزووی نەفسی خۆی بەجێبێنێ و بۆ نەتەوەسازی و بۆ یارمەتی لە گیر و گرفتی ژیوارا، هات باسی موعامەلە و تێکەڵیی ئادەمیزادی کرد و فەرمووی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام، ماڵ و دارایی خۆتان لە ناو خۆتانا بە یاسای ناشەرعی مەخۆن خواه بێتۆڵە بێ وەکوو دزین و داگرتن و غەشکردن لە مامەڵەدا و دەست پیسی لە ئەمانەتا و کەم و زۆر کردن لە کێشانە و پێوانەدا و قومار کردن، یا لە بەرابەری تۆڵەی ناپەسەند و نارەوا وەکوو فرۆشتنی شتی پیس بە وێنەی عارەق و باقی «مخدرات»، وە وەرگرتنی ماڵی خەڵك لە بەرابەری شتێکەوە کە پارەخۆر ئەو شتە نەکا وەکوو وەرگرتنی پارە بەرابەر بە وەزیفەیەك کە وەزیفەکە جێبەجێ نەکا هەروا هەر ماڵێ کەسێ وەریبگرێ لەو کەسانە کە گومانیان وایە ئەم پارەوەرگرە ئەو سوودەی هەیە کەچی لە واقیعا نەیشی بێ. ئەمانە هەموو بەر یاسای خواردنی ماڵی خەڵك ئەکەوێ بە بەتاڵ و ناشەرعی و کردەوەیەکی حەرام و ناپەسەندە بە تایبەتی سوود خواردن و بەرتیل و شیربایی و سوورانە و پووشانە.

﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَـٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾

بەڵام عەیبی تێدا نییە ئەگەر خواردنی ئەو ماڵە لەسەر یاسای تیجارەت واتە ئاڵوویر و مامەڵە کردن و گۆڕینەوەی ماڵ بە ماڵ بێ، خواه ماڵ بە نەخت یا نەخت بە نەخت بێ بەم مەرجە لە راستیدا خواست و رەزای هەردوولای تێدابێ نەك بە رووبازی وەك مەشهوورە: «ڕوویێ لە زۆرێ بەدترە» و بەم مەرجەیش هەر ئاداب و ئەرکانێ بۆ ئەو مامەڵە هەیە هەمووی جێبەجێ ببێ جا لەسەر ئەم ئەساسە واجبە لەسەر موسوڵمانان ئەوەی مومکین ببێ بۆیان لە ئادابی مامەڵە بیزانن وە یاخود لە کاتی مامەڵەکەدا پرسی زانایەکی راساڵ بکەن.

﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾

خۆتان مەکوژن، یانی بازێکتان بازێکتان نەکوژێ؛ چونکی لە پاش کوفر ـ پەنا بە خودا ـ کوشتنی ئینسان لە هەموو گوناحەکان گەورەتر و نابارترە. وە یاخود بە هۆی بازێ تەقالیدی پووچ و بێئەساس خۆتان بە برسی و تینوو مەکوژن؛ چونکی ریازاتی ئینسان ئەبێ لەسەر یاسای سوننەتی حەزرەت ﷺ بێ وەکوو رۆژوو گرتن و کەمخواردن، وە زاهیدی لە دنیادا بە نەوعێ نەبێ بە هۆی زایە کردنی حوقووقی واجبە کە لەسەر کابرایە وە یاخود خۆتان مەکوژن بە هۆی ئەوەوە بە بێ ئوسووڵ خۆتان بخەنە ناو فیتنە و ئاشووبێکەوە کە بە ئێوە چار نەکرێ لەبەر چاو کردن لە خەڵك یا لەبەر شۆرەتی بێسوود ئەمانە هەموو خیلافی دینی ئیسلامن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا بەرابەر بە ئێوە و باقی ئەوانە کە رێگای راست ئەگرن میهرەبانە.

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَٰنًا وَظُلْمًا﴾

وە هەرکەسێ کارێ بکا لەوانە کە خودا فەرموویەتی مەیکەن لەبەر لادان لە حەق و ستەمکردن لە خەڵق،

﴿فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا ۚ﴾

[ئەوە] لەمەولا ئەیهاوینە ئاگرەوە.

﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾﴾

وە ئەمەیش ئاسانە لەسەر خودا.

﴿إِن تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ﴾

ئەگەر دوور بکەونەوە لەو گوناحە گەورانە کە نەهی کراوە لێتان لە کردنی ئەوانە، ئێمە باقی گوناحە بچووکەکانتان دائەپۆشین بە ئیحسان و میهرەبانی خۆمان.

﴿وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾﴾

وە ئەتانخەینە جێگە و ماوایەکی خاوەن حورمەت و کەرامەتەوە کە بەهەشتە.

بزانن! لەسەر زاهیری قورئان و فەرموودەکانی حەزرەت ﷺ گوناح و تاوان کە بریتین لەو نافەرمانیانە بەسەر ئادەمیزادا دێن، بچووك و گەورە و لە گەورە گەورەتریان هەیە، وە ئەو کەسانە کە فەرموویانە گوناحی بچووك نییە مەبەستیان ئەوە بووە مادام تەماشای گەورەیی خودا بکەین و تەماشای قیمەتی فەرمانی ئەو بکەین ئەبێ هەموو نافەرمانییەك بەگەورە و بە خاوەن زیان و بە خەتەرناك تەماشا بکەین.

وە ژمارەی گوناحی گەورە زۆرن هەتا ئیبنوعەباس فەرمویەتی: نزیکی حەوسەد ئەبنەوە، وە حەوت لەوانە بە نەسی فەرموودەی حەزرەت ﷺ بە «موبقات» ناوبراون، یانی ئەو گوناحانە کە خاوەنەکەیان بە هیلاکا ئەبا، وەك فەرموویەتی: «اجتنبوا السبع الموبقات: الشرك بالله، والسحر، و قتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل مال اليتيم، وأكل

الربا، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات» ئەم فەرمووده بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووه. و لە ریوایەتێکی‌ترا ئەفەرموێت: «الكبائر الإشراك بالله والسحر وعقوق الوالدين وقتل النفس» وه بوخاری زیادی کردووه لەسەر ئەم ریوایەتە «واليمين الغموس» وه موسلیم لە باتی ئەمانە ئەفەرموێت: «وقول الزور» وه مەبەست لە ناوبردنی ئەمانە بە تایبەتی ئەوەیە کە ئەمانە خەتەر و زیانیان بۆ دین زۆر زۆرترە لە باقییەکان ئەگەرنا گوناحی کەبیرە بەمانە تەواو نابن.

تەماشا بکەن ئیبنوحەجەری هەیتەمی لە زەواجیرا ئەگێڕێتەوە لە «شیخ الإسلامی علائی»یەوە کە تەسنیفی جوزئێکی کردووە لە گوناحی کەبیرە، بەشێکیان حەزرەت ﷺ نەسی ناوە بەوەدا کە کەبیرەن، ئەوانە: شیرك، قەتل، زینا، وە ناشیرینتریان زینا لەگەڵ ژنی دراوسێدا، راکردن لە حەربی کوفارا، خواردنی سوود، خواردنی ماڵی هەتیو، بوختان کردن بۆ ژنی بە شەرم، جادووگەری، زمان بەرەڵا کردن لە نامووسی موسوڵمانا بە ناحەق، شەهادەتی درۆ لە دادگادا، فیتنەیی کردن، دزی کردن، شەراب خواردن، هەتکی خانەی خودا واتە کەعبەتوڵڵا، شکاندنی پەیمانی رەوا بە ناحەق، تەرکی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، دوورکەوتنەوە لە جەماعەت پاش هیجرەت، نائومێد بوون لە رەحمەتی خودا، ئەمین بوون لە غەزەبی خودا، مەنعی رێبوار لە ئاوی زیادە، خۆپاك نەکردنەوە لە گمێز و پاش گمێز، ئازاردانی دڵی باوك و دایك، وە بوون بە هۆی جنێو پێدانیان، گۆڕینی وەسیەتی موسوڵمان. ئەمانە هەموو نەس نراوە لەسەر ئەوە کە گوناحی کەبیرەن.

جا هەر وەکوو ژمارەی گوناحە گەورەکان زۆرە و بە ئاسانی زەبت ناکرێن تەعریفی جامیع و مانیع بۆ ئەم گوناحی کەبیرەیە نایابە و لە لایەنی زاناکانەوە گەلێ تەعریفی کراوە کە باقی زاناکان پێی رازی نەبوون. بەڵێ «شیخ الإسلام بارزی»

ئەفەرموێ: تاقیق ئەمەیە گوناحی کەبیرە گوناحێکە خودا مەنعی کردبێ بە هەڕەشەیەکی بە هێز یا لەگەڵ لەعنەت لە خاوەنەکەی بە نەسسی قورئان یا سوونەتی نەبەوی، یا حەددێك یا گوناحێ بێ کە فەساد و زیانی وەکوو زیانی یەکێ لەوانە بێ یاخود دەلاڵەت بکا لەسەر بێموبالاتی خاوەنەکەی بە دین.

وە گەورەترینی ئەم گوناهانە کوفرە ـ پەنا بە خودا ـ بە هەموو نەوعەکانی، ئەمجار ئەو گوناهانە کە لە موبیقات دانراون وەکوو لە پێشەوە باسمان کردن.

گوناهی گەورە جینسێکە چەن نەوعی هەیە؛

یەکەم: گوناهێ کە لە دڵدا بێ و سیفەتی نەفسی بێ، وەکوو ریابازی و لەخۆبایی بوون و تەکەببور و، خۆبەزل گرتن و، حەسوودی و، کینەداری و، تەماشا کردنی خەڵك بە سووکی.

دووەم: ئەو گوناحانە کە وان بە دەرەوە و عەلاقەیان هەیە بە زیان دان لە نەفس و ئەعزای ئینسان وەکوو کوشتنی بێتاوان و، دەست بڕین و باقی ئەعزاکان.

سێهەم: ئەوانەیە کە زیان لە ناموسی خەڵك ئەدا وەکوو زینا و مولابەساتی و بوختان هەڵبەستن بۆ بێتاوان.

چوارەم: ئەوانە کە زیان ئەدەن لە دارایی خەڵك کە لەبەر زۆری ناژمێررێن.

پێنجەم: ئەوانە کە زیان لە یەکدڵی خەڵك ئەدەن وەکوو فیتنەیی چلوچوویی و قسە بردن بە ناو خەڵکا و قسە بردن بۆ لای فەرمانداران بۆ خاتری زیانگەیاندن بە پایە و شان و نان و مایەی خەڵك و غەیبەتکردن و خوسپ (جنێودان) بە خەڵك و هەجوی خەڵکی. واتە بەدناو کردنی موسوڵمانان و درۆهەڵبەستن بە دەمیانەوە و نیفاق: دووڕوویی و دووزمانی و، وێنەی ئەمانە کە زیان ئەدەن لە بناغەی یەکیەتی موسوڵمانان و ئیفسادی دڵیان ئەکا.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ﴾ **الآية.**

حاکم و بەیهەقی و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە ئوممو سەلەمەوە رضي الله عنها کە فەرمووی: یا رەسوولەڵلا پیاوان غەزا ئەکەن و ژنان غەزا ناکەن و ناکەونە جەنگەوە هەتا پلەی شەهادەتیان دەست کەوێ و لە دنیایشا لە میراتا نیوەی پیاو میراتیان هەیە، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە ئیبنوئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کە ژنێ هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا پیاوێ دووقاتی ژنێ میرات ئەبا و شەهادەتی دوو ژن بە قەی شەهادەتی پیاوێ بە کار دێ، ئایا لە کردەوەیشا هەروەها حسێب ئەکرێن؟ یانی جەزای کردەوەی ژنان نیوەی جەزای کردەوەی پیاوانە؟ جا خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و فەرمووی:

﴿وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍۚ﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە ئارەزووی دەسکەوتنی ئەوە مەکەن کە خودا بە فەزڵی خۆی داویەتی بە بازێکتان و بووە بە هۆی بەرزی بازێکتان لەسەر بازێکتاندا.

﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُواْۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَۚ﴾

لە بۆ پیاوەکان هەیە بەشێ لەوەی دەسیان ئەکەوێ لە بەشی دینی و دنیاییدا، وە لە بۆ ژنانیش هەیە بەشێ لەوە کە دەسیان ئەکەوێ لە بەشی دینی یا دنیایی، وە ئەم بەشانە ئەوەی بەخشینە لە لایەنی خوداوە ئەوە پەیوەندی نییە بە کەسبەوە وە ئەوەیشی پەیوەندی هەیە بە کەسبەوە فەرقی پیاو و ژن نییە تیایا و ئەجری کەس زایە نابێ.

﴿وَسْـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓۚ﴾

وە هەمیشە داوا بکەن لە خودای تەعالا کە لە نیعمەتی خۆی بەشتان بدا چ لە ئوموورى دینی و چ لە ئوموورى دنیادا. ئیتر ئارەزووبازی و حەسەدکاری و رەخنەسازی لە کاری خودادا مەکەن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٣٢﴾﴾

بە راستی خودا بە هەموو شتێ زانایە و ئاگای هەیە لە ئەووەڵ و ئەنجامی ئیشی دین و دنیا وە هەرچی خودا بیکا واجبە و پێویستە ئینسان بە ئەدەب وەری بگرێ.

﴿وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَٰلِىَ مِمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ ۚ﴾

واتە بۆ هەموو ئادەمیزادێ وە یا بۆ هەموو ماڵ و میراتێ بڕیاری چەن واریس و میرات بەرێکمان داوە لەو ماڵە کە باوك و دایك وە یا خزم و خوێشی زۆر نزیك بەجێی دێڵن لە خاوەن بەشەکانی دیاری و غەیری ئەوان لە عەسەبات.

﴿وَٱلَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَٰنُكُمْ﴾

وە لە میراتی ئەوانە دەستی پەیمانتان عەقدی بەستووە لەگەڵیانا وەکوو ئەو خزمانە کە میراتیان لێ وەرئەگرن و میرات لەوانەیش ئەگرن.

﴿فَـَٔاتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ ۚ﴾

هەرکەس لەمانە بەشی خۆیان پێ بەدن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکا، ئەگەر یەکێ مەنعی بەشی یەکێ لەمانە بکا ئەوە خودا جەزای لێ ئەستێنێتەوە.

بێدار بن! ئیمامی رازیﷺ فەرموویەتی: بازێ لە زاناکان فەرموویانە: ئایەتی ﴿والذين عقدت أيمانكم﴾ مەنسوخە، وە بازێ فەرموویانە مەنسووخ نییە، جا ئەوانە کە فەرموویانە مەنسووخە یەکێ لە سێ وەجھ بەیان ئەکا:

یەکەم ئەمەیە: ئەم ئایەتە باسی هاوپەیمانەکانی زەمانی جاهیلییەت ئەکا؛ وەختی خۆی کەسێ ئەڕۆیشت پەیمانی ئەبەست لەگەڵ یەکێکدا و پێی ئەوت: خوێنم خۆینی تۆیە و، ئارامیم ئارامی تۆیە و، جەنگم جەنگی تۆیە. میراتم لێ وەربگرە و میراتت لێ وەرئەگرم و خوێنت بۆ ئەدەم و خوێنم بۆ بدە، جا ئەم هاوپەیمانە حەقی شەش‌یەکی بوو لە ماڵی رەفیقەکەیا، لە پاشا ئەمە نەسخ بووەوە بە ئایەتی: ﴿و أولو الأرحام بعضهم أولى ببعض في كتاب الله﴾[1] لە سوورەتی ئەنفالدا، وە بە ئایەتی ﴿یوصیکم الله في أولادکم﴾

دووهەم ئەمەیە: کە بازەکەسێ ئینسانێکی بێگانەی ئەکرد بە کوڕی خۆی و لە پاشان میراتی لێ ئەبرد و ئەویش میراتی لە باوکەکەی ئەبرد و پاش ماوەیێ ئەوەیش نەسخ بووەوە.

سێهەم ئەمەیە: حەزرەت ﷺ عەقدی برایەتی دامەزراند لە بەینی گەلێ دوو کەسدا لە موهاجیرین و ئەنسار و ئەمانە حەقی میرات گرتنیان بوو لە یەك هەتا ئایەتی میرات نازڵ بوو ئەوەی نەسخ کردەوە.

وە ئەو کەسانەیش کە ئەڵێن مەنسووخ نییە ئەوانیش ئەم ئایەتەیان بەم جۆرە بەیان کردووە؛ ئەڵێن: ﴿والذین عقدت أیمانکم﴾ مەعتووفە لەسەر «الوالدان» واتە بۆ هەموو سینفێ میراتبەرمان داناوە بۆ ئەو ماڵە و ئەو دارایییە کە باوك و دایك و خزمانی نزیك و خاوەن پەیمانەکان بەجێیان هێشتووە لە ماڵ و دارایی. وە لە تەفسیرەکەیا سێ فیکرە هەیە:

یەکەم: مەبەست لە ئایەتی: ﴿والذین عقدت أیمانکم﴾ ژن و مێردە بەم شێوە ئەڵێ ئەو کەسانە کە بە عەقدی نیکاح بەسراون بەیەکەوە میراتیان ئەگا بە هاوعەقدەکەیان.

---

١. الأنفال؛ ٧٥.

دووهەم: ئەمەیە کە مەبەست لە ئایەتی: ﴿والذین عقدت أیمانکم﴾ ئەوانەن کە بەندەیان ئازاد کردووە، واتە ئەو کەسانە کە عەقدی وەلائیان لە بەینا هەیە میرات ئەبەن لە بەندەکان، ئەمەیش هەر سابتە و مەنسووخ نییە.

سێهەم: ئەمەیە کە موراد لە ئایەتی: ﴿والذین عقدت أیمانکم﴾ هاوپەیمانەکانتانە کە «لایزال» بە لای ئیمامی ئەبوحەنیفەوە ئیرسیان پێ ئەدرێ، بەڵام لە لای ئیمامی شافیعی ئیرس نابەن.

فەرموودەی خودا: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ الآية.

ئیبنوئەبی‌حاتەم و ئیبنوجەریر و ئیبنومەردەوەیھ ریوایەتیان کردووە لە حەسەنی بەسرییەوە‌ ئەڵێ: ژنێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ شکاتی کرد لە دەستی مێردەکەی کە شەپلاخەی لێداوە و داوای تۆڵەی ئەکرد، جا حەزرەت ﷺ بۆی رەوا دا کە ئەمیش وەکوو مێردەکەی شەپلاخەیەکی لێ بدا. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و مەنعی قەساسی کرد لە ژنەکە. وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئێمە خواستمان لەسەر شتێ بوو وە خودای تەعالا خواستی لەسەر غەیری ئەوە بوو وە ئەوەی خواستی ئەوی لەسەرە باشترە. وە ریوایەت کراوە ئەو ژنە حەبیبەی کچی زەیدی کوڕی ئەبووزوهەیر بووە و پیاوەکە سەعدی کوڕی رەبیع بووە لە ئەنسار رضي الله عنه. جا خودا فەرمووی:

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ﴾

واتە: پیاوەکان راوەستاون بەسەر ژنەکانا، یانی خودا کردوونی بە گەورە و چاودێری ژنەکان بە هۆی دوو شتەوە، یەکێکیان وەهبییە کە عیبارەتە لە هێزی وجوود و قووەتی

تەرکیبی لەش و دەماخی بە هێز و هۆشی ڕەسا و خۆگرتن لەبەر باری ناباری ژیانا. وە ئەویان کەسبییە وەکوو مەسرەف کردنی پیاوان بۆ ژنان یانی مارەییان پێ ئەدەن و مەسرەفیان بۆ ئەکەن لە ژینا و ئەوان مەسئوولن لە وەزعی ژیوار نەك ژنان، جا مادام وایە ئەگەر پیاوەکان قەدر و قیمەتێکیان پێ نەدرێ و ئیمتیازیان نەبێ لە ژنان ئیدارە و نیزام تێك ئەچێ، (بناء علیه) دروستە بۆ پیاو تەمێی ژنی خۆی بکات بەڵام لەسەر ئەو یاسا کە لەمەولا خودای تەعالا بەیانی ئەکا.

﴿فَٱلصَّـٰلِحَـٰتُ قَـٰنِتَـٰتٌ حَـٰفِظَـٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ﴾

ئەم جوملە جوانە زاهیرەن ئیخبارە بەڵام وا لە جێگەی ئینشادا و ئەمرە لە لایەنی خوداوە بۆ ژنەکان، واتە ئەو ژنانە کەوا خودا پەرستن و کردەوەی باش ئەکەن واجبە لەسەریان فەرمانی خودا بەجێبێنن و ئیتاعەی مێردەکانیان بکەن لە کار و باری شەرعیدا وە واجبە لە پاشملەدا لە کاتی دیارنەبوونی مێردەکانیانا حوقووقیان بپارێزن و ناموسی خۆیان ڕابگرن و ماڵی مێردەکانیان بە ناحەق نەفەوتێنن وەکوو خودا حیفزی حوقووقی ئەوانی کردووە، وە واجبی کردووە لەسەر مێردەکانیان مارەیی و مەسرەفیان بدەن و خەرجی ئەوان بکێشن.

﴿وَٱلَّـٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ ۖ﴾

وە ئەو ژنانە کە ئاگادار بوون لەسەر دەرچوونیان لە فەرمانی ئێوە ئەوە یەکەم جار ئامۆژگارییان بکەن بە ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و پەندی پێشینان و یاسای ماقووڵ و جوان بۆ ئەوە کە بێنەوە ژێر فەرمانی ئێوە، وە ئەگەر دەوامیان کرد لەسەر ئەو نافەرمانییە ئەوە بۆ دووەم جار لێیان دوور بکەونەوە لە جێگەی

نوستنا، بەم مەعنا مەنوون لەو هۆدەدا ئەوان تیا ئەنوون، یاخود لەو هۆدەدا بنوون بەڵام لە ژێری لیفەیەکدا مەنوون، یاخود ئەگەر لە ژێر لیفەیەکدا نوستن دەستیان بۆ مەبەن هەتا ئازار ئەگا بە دڵیان و لەو نافەرمانییە ئەگەڕێنەوە. وە ئەگەر بەمەیش تەمێ‌گر نەبوون بۆ جاری سێهەم لێیان بدەن، بەڵام لێدانێ نەبێ کە عەیبداریان بکا یا شوێنێکیان بشکێنێ یا نیشانەیەکی وای بکا کە بە عادەت نابار و خاوەن ئازار بێ؛ چونکە ئەو نەوعە ئازاردانە نە لە لای هۆشیارانا مەعقوولە و نە لە یاسای دینا مەقبوولە بەڵکوو هەر زیانێ بدا لە ژنەکەی ئەبێ تۆڵەی بدا بە شێوەی قیساس یا بە دییە یا بە ئەندازەیێ کە قازی بڕیاری بدا.

﴿فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ﴾

ئەگەر ژنەکان فەرمانی ئێوەیان قەبووڵ کرد ئیتر داوای هیچ ڕێگەیێ مەکەن بۆ ستەمکردن لەسەر ئەوان.

موحەدیسی مەشهوور ترمزی ریوایەتی کردووە لە عەمری کوڕی ئەحوەس کە لە سەفەری «حجة الوداع»دا لە خزمەتی حەزرەتا بووە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ حەمد و سەنای خودای کرد و دەستی کرد بە ئامۆژگاری و فەرمووی: قسەی خێری من وەربگرن لە هۆی ژنەکانتانەوە ئەو ژنانە دیلی دەستی ئێوەن بەڵام ئێوە بە یاسای ئیسلام خاوەنی هیچ شتێ نین لەوان مەگەر کارێکی فاحیشە بکەن و سابت ببێ لەسەریان. جا ئەگەر نافەرمانییەکی ئێوەیان کرد لە جێگەی نوستنتانا جیاببنەوە لێیان و لێیان بدەن بە لێدانێکی بێ‌زیان، ئەگەر ئیتاعەیان کردن ئیتر داوای ڕێگەی‌تر مەکەن بۆ ئەوە ستەمیان لێ بکەن. بێدارەوە بن ئێوە حەقتان هەیە لەسەر ژنەکان و ئەوانیش حەقیان هەیە لەسەر ئێوە، ئەمما حەقی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە کە ڕێگەی کەس نەدەن پێ بنێ بەسەر فەرشی ئێوەدا لەوانە کە ئەوان حەزی پێ نەکەن و

ئیزنی کەس نەدەن بێنە ماڵتان لەوانە کە ئەوان حەزی پێ ناکەن. وە حەقی ئەوان لەسەر ئێوە ئەوەیە کە بە پیاوەتی و رەوشتی باش لەگەڵیانا رەفتار بکەن لە خواردەمەنی و لە بەرگ و پۆشاکیانا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾

بە راستی خودا پایەی بەرز و بڵندە بەسەر هەموو مەخلووقاتا و گەورەیە وە ئەگەر ئێوە دەستتان ئەڕوا بەسەر ئەو ژنانەدا خودایش دەستی ئەڕوا بەسەر ئێوەدا و تۆڵەتان لێ ئەسێنێ.

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ﴾

وە ئەگەر ئاگادار بوون ـ ئەی فەرمانداڕانی وڵات ـ بەسەر دەوام و درێژەی ئاشووبی ناو بەینی ژن و پیاوەکەدا دەی زوو حەکەمێ و فەرمانڕەوایێ رەوانە بکەن لە ئەهلی کابرا و حەکەمێ لە لایەنی ژنەکەوە لە ئەهلی ژنەکە؛ چونکی ئەم دوو کەسە باشتر ئاگادارن لە کاری پەنامەکی ئەو ژن و پیاوە و ئەزانن گوناحی کامیانە و چۆن چار ئەکرێن.

﴿إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ﴾

ئەگەر ئەو دوو حەکەمە خواستیان لەسەر میانە باشکردن بێ لە بەینی ئەو ژن و پیاوەدا ئەوە خودا رێکیان ئەخا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴿٣٥﴾﴾

بە راستی خودا زانا و ئاگادارە لەسەر زاهیر و باتینی ئەو دوو فەرمانداڕە ئەگەر بۆ رێکخستنیان حەول بدەن یا بۆ زیان لێدان و جیاکردنەوەیان. هەروا زانا و ئاگادارە

لەسەر زاهیر و باتینی ئەو ژن و مێردە و ئەزانێ کامیان تاوانبارن و خودا هیچی لێ گوم نابێ.

بزانن! لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا ئەم دوو فەرمانداره ناتوانن ئەم ژن و مێردە لە یەك جیابکەنەوە بە بێ ئیزنی ئەو پیاو و ژنە، مەگەر بە سەریحی عیبارەت پیاوەکە حەکەمی خۆی و ژنەکەیش حەکەمی خۆی بکا بە وەکیل لە تەڵاقدان و تەڵاق وەرگرتندا.

﴿وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾

واتە: ئەی ئادەمیزاد بەندەگی خودا بکەن بە بەجێهێنانی واجبات و مەندووبات و بە تەرکی موحەڕڕەمات و مەکرووهات. واتە هەرچی داوا کراوە لێتان کە بیکەن بە تەواوی بیکەن و هەرچی داواکراوە لێتان تەرکی بکەن دووربکەونەوە لێی و شەریك و هاوڕێ بۆ خودا قەرار مەدەن و باوەڕتان وەهابێ کە کەس «واجب الوجود» نییە زاتی خودا نەبێ و کەس پەروەردگار نییە لە کائیناتا بۆ کەم و زۆر خودا نەبێ و کەس عیبادەتی بۆ ناکرێ خودا نەبێ و ئەو کردەوانە کە ئەیانکەن و ئەو شتانە کە تەرکیان ئەکەن هەر لەبەر ئەمر و نەهی خودا و لەبەر بەجێهێنانی فەرمانی ئەو بێ ئیتر رەزای کەس و حەز لێکردنی کەس و تاریف کردنی کەستان نەوێ.

﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا﴾

وە چاکە بکەن لەگەڵ باوك و دایکتانا بە چاکەکردنێکی دیاری و رەسا وەکوو ئەوان چاکەیان کردووە لەگەڵتانا. ریوایەت کراوە لە عەمری کوڕی عاسەوە ﵁ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: رەزای خودا وا لە رەزای باوك و دایکا و ناڕەزایی خودا وا لە ناڕەزایی باوك و دایکا.

﴿وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ﴾

وە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خزم و خوێشییان هەیە لەگەڵتانا حەقی ئەو خزمایەتییە بەجێبێنن، ئەگەر موحتاج بوون یارمەتییان بدەن و ئەگەر نەخۆش بوون خزمەتیان بکەن و هەر کاتێ کەوتنە بەلاییکەوە فریایان بکەون و دیدەنیان بکەن و یا نامەیان بۆ بنووسن. وە چاکە بکەن لەگەڵ منداڵە بێباوکەکانا بە قەی ئیمکان بە ماڵ و بە خزمەت و بە تەمێ کردنیان و بە پاراستنیان لە بەلا، وە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە گەدان بە ماڵ و بە حاڵ. واتە بە قەی ئیمکان لە دارایی خۆتان بەشداریان بکەن و تێکۆشێن بۆ دامەزراندنیان لەسەر کار و کاسبی.

﴿وَٱلۡجَارِ ذِی ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِیلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَیۡمَـٰنُكُمۡۗ﴾

وە چاکە بکەن لەگەڵ دراوسێیەکدا کە خاوەن خزمایەتی بێ وە دراوسێیەك کە بێگانە بێ.

ئیمامی بوخاری رحمه الله ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ کە فەرموویەتی: «والله لا يؤمن والله لا يؤمن والله لا يؤمن! قيل: يا رسول الله من؟ قال: الذي لا يأمن جاره بوائقه» واتە: سێ جار لەسەر یەك سوێندی خوارد بە خودا کە ئیمانی نییە! عەرزیان کرد: کێ ئیمانی نییە؟ فەرمووی: ئەو کەسە کە دراوسێ ئەمین نەبێ لە زیاندانی ئەو. واتە ئەم جۆرە کەسانە کە زیان ئەدەن لە دراوسێیان هەر چەن موسوڵمانن بەڵام ئیمانەکەیان تەواو نییە.

وە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وان لە تەنیشتی ئێوەدا و لەگەڵتانا رائەبوێرن وەکوو هاومەنزڵ و هاومەدرەسە و هاودووکان و هاورێتان لە هەر کارێکا. وە بازێ فەرموویانە: «الصاحب بالجنب» ژنی ئینسانە. واتە چاکە بکەن لەگەڵ ژنەکانتانا و باش رابوێرن لەگەڵیانا و لە وتارا و لە رەفتارا کاری وا مەکەن لێتان وەڕس بن. وە

چاکە بکەن لەگەڵ موسافیرەکانا و لەگەڵ میوانا واتە ڕێبوارێ گەیشتە لای ئێوە ئەگەر بێخەرجی بوو یارمەتی بدەن، وە ئەگەر شەو ڕێی کەوتە لاتان جێگەی بکەنەوە، وە ئەگەر داماوییێکیان بوو چارەی بکەن، وە کاتێ میوانێکتان هات بە قەی حاڵ خزمەتی بکەن و بە چاوی ئیکرام و ئیحتیرامەوە تەماشای بکەن. وە ئەگەر ئینسانێ کەوتە موڵکی ئێوەوە لە پیاو یا لە ژن ڕەفتارتان باش بێ لەگەڵیانا و بدەنە دەرخواردیان لەوەی کە خۆتان ئەیخۆن و لەو بەرگەی خۆتان ئەیپۆشن بەرگیان بۆ بکەن و کارێ مەدەن بەسەریانا کە نەتوانن بیکەن بە ئاسانی و، ئەگەر کارێکتان پیادان یارمەتییان بدەن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ﴿٣٦﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا خۆشی نایێ لەو کەسانە کە خاوەن فیزن و عاریان لێ دێ کە خزمەت و یارمەتی ئینسانی داماو بدەن و موساعەدەی موحتاج بکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ﴾ لەگەڵ دوو ئایەت لەدوایەوە:

ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە کە عالمەکانی بەنی‌ئیسرائیل ئەو عیلم و زانستە کە لە لایان بوو مەنعیان ئەکرد لە خەڵك و نەیانئەوت پێیان. (من جملە) سیفات و نیشانەکانی حەزرەتیان بەیان نەدەکرد.

وە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە کەڕوم کوڕی زەید ـ کە هاوپەیمانی کەعبی کوڕی ئەشرەف بوو ـ و ئوسامەی کوڕی حەبیب و نافیعی کوڕی ئەبوونافیع و حویەیی کوڕی ئەحتەب ئەهاتن بۆ لای چەن پیاوێ لە ئەنسارەکانی مەدینەی مونەووەرە و ئامۆژگارییان ئەکردن ئەیانوت: ماڵی خۆتان سەرف مەکەن بۆ ئەمانە کە هاتوون بۆ لاتان ئێمە ترسمان هەیە کە لات بکەون و زۆر پەلە مەکەن لە خەرجکردنی

ماڵی خۆتانا، ئێوە نازانن دنیا چۆن ئەبێ! جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون. ئەمە لەسەر ریوایەتی ئیبنوجەریر و ئیبنوئیسحاق و ئیبنومونزیر ﷺ لە ئیبنوعەباسەوە. خودا فەرمووی:

﴿ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِ﴾

ئەو کەسانە کە خۆیان بوخل و رژدی ئەکەن لە سەرفی ماڵی خۆیانا و فەرمانیش ئەدەن بە خەڵك لەسەر رژدی.

﴿وَيَكۡتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ﴾

وە کەتمی ئەو شتانە ئەکەن کە خودا پێداون وەکوو نیشانەکانی پێغەمبەر ﷺ واتە ئەو کەسانە لە لای مندا ناشیرینن.

﴿وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ٣٧﴾

وە ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکان عەزابێکی زۆر ناباری وا کە سووکیان ئەکا.

﴿وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر ئەوە پێش چاوی خەڵکی بخەن و مەبەستیان رەزای خودا نییە.

﴿وَلَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۗ﴾

وە ئیمانیشیان نییە بە خودا و بە هاتنی رۆژی جەزا کە رۆژی پاشکەوتووە. واتە ئەم جۆرە کەسانە هاورێ و هاوملی شەیتانن.

﴿وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَهُۥ قَرِينٗا فَسَآءَ قَرِينٗا ٣٨﴾

وە هەرکەسێ کە شەیتانی لەعنەتی هاورێی بێ ئەوە زۆر حاڵی خراپە لە هۆی هاورێوە. واتە هاورێکەی خراپە و هاورێی ئەویش بۆ ئەو شەیتانە خراپە.

﴿وَمَاذَا عَلَيۡهِمۡ لَوۡ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُۚ﴾

ئەوە چی ئەبوو لەسەریان و چ کارێکی نابار ئەهات بەسەریانا ئەگەر ئیمانیان بهێنایێ بە خودا و بە ڕۆژی قیامەت و ماڵی خۆیانیان سەرف بکردایە؟ واتە سەرفیان بکردایە لە ڕێگەی خودا دا نەك لەبەر نیشاندانی خەڵکی لەو ماڵەی کە خودا کردوویەتی بە ڕۆزی ئەوان، وە لە واقیعی حاڵدا هیچ خراپە نەدەهات بەسەریانا بەڵکوو «بالعکس» خێریان بۆ ئەهات و خودای تەعالا ئەو خێرەی لێ قەبووڵ ئەکردن.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمْ عَلِيمًا ﴿٣٩﴾﴾

وە خودای تەعالا هەر زانا بووە و لایەزال بە ئەحواڵی ئەوان و غەیری ئەوان زانایە و ئاگادارە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا ناقیس ناکا لە ئەجر و لە تۆڵەی کردەوەی خێر و زیادیش ناکا لە عیقاب بە قەی وەزنی زەڕڕەیێ کە عیبارەتە لە مێروولەی ورد، وە یا خود ئەو تۆزە وردە کە لەبەر ڕۆژا دەرئەکەوێ لە کلاوڕۆچنە و لە تاقەوە.

﴿وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٤٠﴾﴾

وە ئەگەر ئەو مسقاڵە زەڕڕە کردەوەی چاك یاخود چاکە بێ لە هەر لایەکەوە دەستی بکەوێ ئەوە خودای تەعالا سەوابەکەی زیاد ئەکا بەو ئەندازە کە خواستی خۆی لەسەریەتی. وە ئەدا بە ساحێبەکەی لە لایەنی خۆیەوە عەتایەکی گەورە و خاوەن بایەخ.

﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ﴾

جا ئەوە ئەبێ حاڵی ئەو کافرانە چۆن بێ لە ڕۆژی قیامەتا لە کاتێکا لە هەموو ئوممەتێکا شاهیدێ بێنین شەهادەت بدا لە سەر کوفر و نامەردی ئەوان، وە ئەو شاهیدەیش پێغەمبەرەکەیانە کە ئاگای هەیە لە کردەوەیان.

﴿وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾﴾

وە تۆیش بێنین بۆ سەر ئەوان بە شاهید لەسەر کردەوەی ناباریان؟

﴿يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَعَصَوُا۟ ٱلرَّسُولَ﴾

لەو رۆژەدا حەز ئەکەن ئەوانە کە کافر بوون و نافەرمانی پێغەمبەریان کردووە.

﴿لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ﴾

حەز ئەکەن لەوە کە ئەگەر بخرانایەتە گۆڕەوە و لە پاش ئەوەیش قەبرەکەیان ساف بکرایە لەگەڵ عەرزا و ئاسار و شوێنەواریان نەمێنێ.

﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾﴾

بەڵام یەك قسەیان لە خودا ون نەکردایە و هەموو تاوانەکانی خۆیانیان هەموو باس بکردایە.

ریوایەت کراوە لە عەبدوڵلا ﷺ ئەڵێ: حەزرەت ﷺ فەرمووی پێم: قورئانم بەسەرا بخوێنەرەوە. منیش عەرزم کرد: چۆن من قورئان بەسەر تۆدا بخوێنمەوە و قورئان بۆ تۆ هاتووەتە خوارەوە؟ ئەویش فەرمووی: حەز ئەکەم کە لە غەیری خۆم ببیسم. منیش سوورەتی «نیساء»م بەسەرا خوێندەوە هەتا گەیشتم بەم ئایەتە: ﴿فكيف إذا جئنا من كل أمة بشهيد و جئنا بك على هؤلاء شهيداً﴾ جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بەسە ئیتر، کە تەماشام کرد چاوەکانی فرمێسکیان دائەڕژاندە خوار. «رواه الشيخان والترمذي».

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾.

ریوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ﷺ ئەڵێ: موسوڵمانەکان یاسایان وابوو لەسەر عاداتی زەمانی پێش ئیسلام ئەڕۆیشتن هەتا ئەمرێ یا نەهیێ نازڵ

ئەبوو، وە عادەتی پێشوویان نەگۆڕی، وە لە ئەووەڵی زەمانی ئیسلامییەتەوە شەرابیان ئەخواردەوە هەتا ئایەتی: ﴿یسألونك عن الخمر والمیسر قل فیهما إثم کبیر و منافع للناس﴾[1] وتیان: ئەیخۆینەوە لەبەر مەنفەعەتەکەی. پاش ئەوە پیاوێکیان شەرابی خواردەوە و بوو بە ئیمام لە نوێژێکا خوێندیەوە: «قل یا أیها الکافرون أعبد ما تعبدون» ئەمجار ئەم ئایەتە نازڵ بوو: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تقربوا الصلاة و أنتم سکاری﴾. ئەوانیش وتیان: لە نەفسی ئەو نوێژەدا نایخۆینەوە و لە غەیری ئەو نوێژەدا ئەیخۆینەوە. جا عومەری کوڕی خەتاب وتی: «اللهم أنزل علینا بیاناً في الخمر شافیاً» جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿إنما یرید الشیطان أن یوقع بینکم العداوة والبغضاء في الخمر والمیسر ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلاة فهل أنتم منتهون﴾.[2] جا عومەر فەرمووی: «انتهینا، انتهینا» لە پاشا جارکێش لە لایەنی حەزرەتەوە ﷺ دەرچوو جاڕی دا بە ناو موسوڵمانانا وتی: «ألا إن الخمر قد حرمت» جا خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ ﴾

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا نزیکی نوێژەکانتان مەکەون لە حاڵێکدا کە ئێوە سەرخۆشن هەتا حاڵتان ئارام ئەبێتەوە، وە باش بزانن چی ئەڵێن و چی بە زمانتانا دێ. جا ئەم ئایەتە نەسخ کرایەوە بە ئایەتی: ﴿إنما یرید الشیطان أن یوقع بینکم العداوة﴾. کە لە سوورەتی مائیدەدایە.

بزانن! بازێ لە زاناکان فەرموویانە مەبەست لە «سکر» نوستنە؛ چونکە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «إذا نعس أحدکم في الصلاة فلیرقد حتی یذهب عنه النوم فإنه لایدري لعله

١. البقرة؛ ٢١٩.

٢. المائدة؛ ٩١.

یستغفر فیسب نفسه» واته: کاتێ یەکێ لە ئێوە خەوەنووچکە بردیەوە لە نوێژا با رابکشێ هەتا خەوەکەی ئەڕوا، چونکی یارۆ نازانێ مومکینە لە کاتێکدا بیەوێ ئیستیغفار بکا لە باتی ئیستیغفار جنێو بدا بە خۆی. وە عوبەیدەی سەلمانی وتوویەتی مەبەست لە «سکر» ئەوەیە کابرا تەنگەتاوی گمێز بێ؛ چونکی حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «لا یصلین أحدکم وهو حاقن» با نوێژ نەکا یەکێ لە ئێوە لە کاتیوادا کە تەنگەتاوی گمێزە.

قورتوبی لە تەفسیرەکەیا ئەڵێ ئەم بیرانە راستن؛ چونکە پێویستە نوێژکەر بە دڵ رووی لە خودا بێ و دوور بێ لە هەرچی شتێ کە دڵی پەرێشان بکا، خواه نوستن بێ، یا تەنگەتاوی، یا برسێتی، یا غەیری ئەمانە. حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «إذا حضر العشاء وأقیمت الصلاة فابدؤا بالعشاء» واته: کاتێ کە خواردەمەنی ئێوارە حازر بوو نوێژیش کاتی هات، لە پێشدا خواردەمەنییەکە بخۆن و پاش ئەوە نوێژەکەتان بکەن هەتا داخڵ ببن لە ئایەتی: ﴿قد أفلح المؤمنون (١) الذین هم في صلوتهم خاشعون (٢)﴾.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا﴾.

ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە ﷺ فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی موسافیرێکدا کە جەنابەتی دێ بەسەرا، ئەمە تەیەموم ئەکا و نوێژەکەی ئەکا. «أخرجه البیهقي و ابن‌المنذر و ابن‌أبي‌حاتم». وە ریوایەت کراوە لە ئەسلەعی کوڕی شورەیك وتوویەتی: من وشترەکەی حەزرەتم ﷺ ئامادە ئەکرد شەوێ گیرۆدەی جەنابەت بووم و شەوەکە زۆر سارد بوو ترسام ئەگەر خۆم بشۆم بە ئاوی سارد یا بمرم یا نەخۆش بکەوم. منیش ئەم وەزعەم گێڕایەوە بۆ حەزرەت ﷺ ئەویش بێ‌دەنگ بوو وە جوبرەئیل نازڵ بوو بە ئایەتی:

﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا﴾

جا حەزرەتﷺ فەرمووی: ڕاستەوەبە یا ئەسلەع! تەیەموم بکە و ئادابی تەیەمومی نیشان دام: دەس لە گڵدانێ بۆ ڕوخسار و دەس لە گڵدانێ بۆ هەردوو دەست هەتا ئەنیشکان. منیش هەستام و تەیەمومم کرد ئەمجار بارم کرد. «أخرجه البيهقي والدار قطني وأبونعيم. رحمهم المولى الكريم».

وە ڕیوایەت کراوە چەند پیاوێ لە ئەنسار دەرگای خانووەکەیان لە مزگەوتی حەزرەتاﷺ بوو وە ڕێ‌ئەکەوت جەنابەتیان بەسەردا ئەهات و ئاویان لەلادا نەبوو ئاویان ئەویست و ڕێگوزەریان نەبوو ئیللا لە مزگەوتی حەزرەتاﷺ جا خودا ئەو ئایەتەی نازڵ کرد. «أخرجه ابن‌جرير رحمة الله عليه».

وە ئیبنوحاتەم و ئیبنولمونزیر ڕیوایەتیان کردووە لە موجاهیدەوە ئەڵێ: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی پیاوێ لە ئەنسار نەخۆش بوو نەیئەتوانی خۆی هەستێ و بڕوا دەسنوێژ بگرێ و خادمیشی نەبوو ئاوی بۆ بێنێ. جا ئەم باسە نەقڵ کراوە بۆ حەزرەتﷺ وە پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە ئیبنوجەریر ڕیوایەت ئەکا لە ئیبراهیمی نەخەعییەوە ئەڵێ: ئەسحابی پێغەمبەرﷺ گیرۆدەی برین و زام بوون و لەو سەردەمەدا تووشی جەنابەتیش ئەبوون و شکاتی ئەمەیان برد بۆ حوزووری حەزرەتﷺ پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە لە «أم المؤمنين» عائیشەوەؓ ڕیوایەت کراوە ئەڵێ: دەرچووین لەگەڵ حەزرەتا بۆ بازێ سەفەر کاتێ گەیشتین بە سارا ملەوانەی[١] من بڕایەوە. جا حەزرەتﷺ لەو شوێنەدا مایەوە خەڵکی نارد بۆ ئەوە کە بگەڕێن بۆی، وە ئەو ڕەفیقانە کە لەویا مانەوە ئاویان پێ نەبوو وە شوێنەکەیان شوێنی ئاو نەبوو. جا

---

١. ئەم ملەوانە ماڵی ئەسمای خوشکی بووە و بە ئەمانەت لە لای «أم المؤمنين» ماوەتەوە.

خەڵك ڕۆیشتن بۆ لای ئەبووبەکری سدیق پێیان وت. تەماشا ناکەی کە عائیشە چی کرد پێمان [لەم شوێنە بێئاوە کە ئاویشمان پێ نییە ماتڵی کردین؟]، وە لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ سەری لەسەر ڕانی من بوو وە خەوی لێ کەوتبوو باوکم هات دەستی کرد بە لۆمەکردنم و زۆری پێ کردم و منیش لەبەر ئەوە کە سەری حەزرەت ﷺ لەسەر ڕانمدا بوو نەمەتوانی بجووڵێمەوە، وە کاتێ حەزرەت ﷺ لە خەو بێدارەوە بوو ئاو نەبوو دەسنوێژ بگرن یا غوسڵ بکەن. جا لەو شوێنەدا ئایەتی تەیەموم نازڵ بوو. لەوێدا «ئوسەیدی کوڕی حەزیر» وتی: «ما هي بأول برکتکم یا آل أبيبکر»، وە لە ڕیوایەتێکدا وتی: بە «أم المؤمنین» عائیشە: «جزاك اللّٰه خیراً فواللّٰه ما نزل بك أمر تکرهینه إلا جعل اللّٰه لك وللمسلمین فیه خیراً». (أخرجه البخاري و مسلم و غیرهما).

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە: ئەی موسوڵمانان نزیکی نوێژ مەکەونەوە بە لەشی پیسەوە هەتا خۆتان ئەشۆن مەگەر کاتێ ڕێبوار بن و ئاوتان دەس نەکەوێ ئەوە لەوێدا تەیەموم ئەکەن وەکوو باسی دێت. جا لەبەر ئەوە کە خودا ئایەتی ڕوخسەتی بۆ ئینسانی لەشپیس نازڵ کرد. هات بە تەفسیل حوکمی لەشپیسی و بێدەسنوێژی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ﴾

واتە ئەی موسوڵمانەکان ئەگەر نەخۆش بوون بە جۆرێ کە ترستان بوو ئاو بەکاربێنن تووشی زەحمەتێکی ناڕەوا ببن. یاخود لەسەر سەفەر و ڕێبوار بوون و ئاوتان دەست نەکەوت، یاخود لە ئەدەبخانەوە هاتن، واتە پیسی عادەتی یا غەیرە

عادەتیتان لێ دەرچوو، یاخود دەستتان دا لە ژنان و ئاوتان دەس نەکەوت، خواه دەست نەکەوتنی حیسی بێ یاخود ئاو دەست نەکەوتنی شەرعی بەم جۆرە ئاو بوو بەڵام پێویستتان بوو بۆ خواردنەوەی خۆتان وە یا گیانلەبەرێ پێویست بێ، وە یا خود نەتان توانی ئەو ئاوە بە کاربێنن لە ترسی رووداوی ناهەموار لەم کاتانەدا هەموو لە باتی خۆشۆرین و دەستنوێژ گرتن برۆن قەسدی خاك و تۆزی پاك بکەن و روخسار و هەردوو دەستتان بەو تۆزە مەسح بکەن، واتە جارێ تۆز وەربگرن و دەست بێنن بە روخسارتانا، وە جارێکیتر تۆز هەڵبگرن و دەست بێنن بە هەردوو دەستانا وەکوو دەست نوێژ بە قەسدی حەڵاڵ بوونی نوێژ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾﴾

به راستی خودای تەعالا چاوپۆش و گوناه بەخشە. بۆیێ لە باتی غوسڵ و دەسنوێژ ئەم روخسەتەی پێدان.

لێرەدا چەن واتەیێ هەیە:

یەکەم: لە واقیعا مەبەست لە غوسڵ و دەسنوێژ دوو شتە؛ یەکەم پاکی لەش. دووهەم دەربڕینی عیبادەت و بەندەیی بۆ خودا. جا کاتێ ئاو نەبوو، یا تەوانامان نەبوو بە کاری بێنین دیارە لە تۆز نابارتر نییە و لە دەست و روخساریش نازارتر نییە کە بەندە بەو تۆزە نابارە ئەو دەست و روخسارە نازاری خۆیە تۆزاوی کرد ئیتر لام وایە شیعار و نیشانەی بەندەیی لەمە جوانتر نییە و نابێ.

دووهەم: بزانن وجووبی غوسڵ لەسەر لەشپیس و وجووبی دەسنوێژ گرتن لەسەر بێدەسنوێژ حوکمن و سەبەبی وجووبی غوسڵ لەشپیسیە وە سەبەبی وجووبی دەسنوێژ ئەو بێدەسنوێژییەتە کە وتمان. وە نەبوونی ئاو یا نەتوانینی بەکارهێنانی

ئاوەکە عوزرن بۆ روخسەتی تەیەموم، سەفەر مەزەنەی نەبوونی ئاوە و مەرەز، مەزەنەی نەتوانینی ئیستیعمالی ئاوەکەیە.

جا لەبەر ئەوە کە ئەم ئایەتە بە دوای باسی «جنب»دا هاتووە مەعنای جونوب مەلحووزە و مەعلوومە کە جوملەی: ﴿أو جاء أحد منكم﴾ تا ئاخر لە ئەسبابی حەدەسی ئەسغەرە، کەوابێ حاسڵی ئەم ئایەتە وای لێ دێ: «وإن كنتم مرضى أو على سفر مجنبين أو محدثين كأن جاء أحد منكم من الغائط أو لامستم النساء فلم تجدوا ماء فتيمموا» وە بە زاهیر بە بێ «فلم تجدوا ماء» باسەکە تەواو نابێ؛ چونکی بە باسی «مرض» و سەفەر عوزرەکان تەواو ئەبن و بە ئیعتیباری جەنابەت لەگەڵ ﴿أو جاء أحدكم﴾دا سەبەبەکانیش تەواو ئەبن، ئەمجار زیکری ﴿فلم تجدوا ماء﴾ پێویستە، لەبەر ئەوە کە لە پێشەوە بە سەراحەت باسی نەبوونی ئاو نەکراوە هەروا باسی عەجز لە ئیستیعمالی ئاویش نەکراوە بەڵکوو ئیکتیفا کراوە بە زیکری مەزەنەکەیان واتە مەزەنەی نەبوونی ئاو سەفەرە و مەزەنەی عەجز لە ئیستیعمالی ئاویش مەرەزە و ئیحتیمالی هەیە کابرای مەریز بتوانێ ئیستیعمالی ئاو بکا و کابرای موسافیریش ئاوی دەست بکەوێ وە دیارە تەیەموم لە کاتێکا ئەبێ ئاو نەبێ حیسسەن یا شەرعەن و کابرایش عاجز بێ لە ئیستیعمالی ئاو لەبەر ئەوە پێویست بوو کە خودای تەعالا جوملەی ﴿فلم تجدوا ماء﴾ نازڵ بکا لە ناو ئایەتەکەدا وەکوو نازڵی کرد. جا ئەمجار مەعنای نەبوونی ئاوەکە وایە کە هەر ئاو نەبێ یا ئاو ببێ بەڵام پێویست بێ بۆ خواردنەوە و کابرایش نەتوانێ بە کاری بێنێ. «والله أعلم».

سێهەم: بزانن تەیەموم شەرتی هەیە و ئەرکانی هەیە و سوننەتی هەیە و موبتیلاتی هەیە، جا شەرتەکانی پێنج شتە: بوونی عوزر بە هۆی سەفەرەوە یا نەخۆشینەوە، وە داخڵ بوونی کاتی نوێژەکە، وە داوا کردنی ئاو، وە گەڕان بە نەفسی خۆی یا بە

وەکیل، وە عەدەمە ئیمکانی ئیستیعمالی ئاو بە عادەت، وە گڵێکی پاکی وەها کە تۆزی ببێ.

وە ئەرکانەکانی ـ وەکوو لە ئایەتەکە دەرئەکەوێ ـ چوار شتە؛ قەسدی هەڵگرتنی ئەو تۆزە وە هەڵگرتنی، وە مەسحی روخساری، واتە بەو تۆزەوە دەس بێنێ بە هەموو روخساریدا وە مەسحی هەردوو دەستی لەگەڵ ئەنیشکەکانی، وە ریعایەتی ئەم تەرتیبە، واتە لە پێشا دەست بێنێ بە روخساریا پاش ئەوە بە هەردوو دەستیا.

وە سونەتەکانی سێ شتە؛ «بسم اللّٰه» کردن، وە پێش خستنی لای راست لەسەر لای چەپ، وە فەسڵ نەختسن لە بەینی دەس‌هێنان بە روخسارا و دەس‌هێنان بە هەردوو دەستا.

وە ئەوەی تەیەموم بەتاڵ ئەکاتەوە سێ شتە؛ یەکەم هەرچی دەسنوێژ بەتاڵ ئەکاتەوە. دووهەم دەست کەوتنی ئاو لە پێش ئەوەدا دەس بکا بە نوێژەکەی. سێهەم وەرگەڕانەوە لە دینی ئیسلام ـ پەنا بە خودا ـ

وە هەر نوێژێ کە بە تەیەموم بکرێ لە نۆ مادەدا قەزا کردنەوەی واجبە؛ نەبوونی ئاو لە شوێنێکدا کە بە ئەغلەب ئاو دەس بکەوێ تیایا، وە لەبیر چوونەوەی ئاوێ کە لە لای خۆیا بێ، وە ون کردنی لە ناو بارو ئەسبابی خۆیا وە بوونی ساتیرێ کە دانرابێ لەسەر غەیری تەهارەت، واتە لەو کاتەدا ئەو جەبیرە ئەخاتە سەر پێی ـ مەسەلا ـ: لەشی پیس بووبێ یاخود بێ‌دەسنوێژ بووبێ یاخود پیسیەکی عەفو لێ نەدراو بەو شوێنەوە ببێ وەکوو خوێن، وە دانانی ساتیر لەسەر ئەعزای تەیەموم کە دەم و چاو و هەردوو دەستەکانە موتڵەقا، خواە لەسەر پاکی دانرابێ یا نە، وە پێشکەوتنی تەیەمومەکە لە داهاتنی کاتی نوێژەکە، وە تەیەموم لەبەر سەرمای بەهێز و توند، وە بوونی سەفەر بە سەفەری تاوانباری، وە پیس بوونی لەش بە پیسییەك

کە عەفوی لێ نەدرابێ. وە لە ماعەدای ئەم سوورەتانەدا قەزای نوێژەکەی واجب نییە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی رحمه الله.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا ﴾ **الآيات.**

ئیبنوئیسحاق و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ئەڵێ: رەفاعەی کوڕی زەیدی کوڕی تابووت لە پیاوەگەورەکانی یەهوود بوو، وە کاتێ کە قسەی ئەکرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ زمانی پێچ ئەدا و کەلیمەی تێکەڵ ئەکرد بە کەلیمە، بە جۆرێ ئینسان لە هەموو واتەیەکی حاڵی نەدەبوو ئەیوت: «راعنا سمعك يا محمد حتى نفهمك» وە لە باتی «ارعنا»، «راعنا»ی ئەوت، وە لە پاشا تانەی ئەدا لە دینی ئیسلام و عەیبی ئەگرت. جا خودا ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە و فەرمووی:

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئایا ناڕوانی بۆ ئەو کەسانە کە بەشێکیان پێ دراوە لە تەورات و شتێکی لێ ئەزانن؟

﴿ يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَـٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿٤٤﴾ ﴾

ئەمانە گومڕاهی و دوورکەوتنەوە لە حەق وەرئەگرن و قەبووڵی ئەکەن لە باتی رێگەی راستی ئیسلام و قەناعەت ناکەن بە گومڕاهی خۆیان بەڵکوو ئەیانەوێ ئێوەیش رێگەی راست ون بکەن.

﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَآئِكُمْ ۚ ﴾

ئەمانە بە دۆست مەزانن ئەمانە دوژمنی ئێوەن و دوژمنی‌تریشتان زۆرە ئێوە نایانناسن و خودا زاناترە بە دوژمنەکانتان، بەڵام مەکەونە غەم و مەراقەوە لە بیمی ئەو دوژمنانە.

﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيًّا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرًا ﴿٤٥﴾﴾

خودای تەعالا بەسە بۆ ئێوە لە هۆی دۆستییەوە و خوداتان بەسە لە هۆی یارمەتی‌دانەوە، واتە هەر ئەو دۆستە و هەر ئەو یارمەتی‌دەرە و پاپایی مەکەن بە غەیری خودا.

﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾

لەو کافرە جوولەکانەیە بازەکەسێکی وەها کە کەلیمەی تەورات دوورئەخەنەوە و لای ئەدەن لە جێگەی خۆی، واتە هەر کەلیمەکە مەحو ئەکەنەوە و لە شوێنی خۆیا لای ئەبەن، وە یاخود بە تەئویلی ناڕاست لای ئەدەن لە مەعنای حەقیقی خۆی.

﴿وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا﴾

وە ئەڵێن: واتەی تۆ دەبیێین یا موحەممەد وە ئیتاعەیشت ناکەین.

﴿وَٱسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ﴾

وە ئەڵێن: واتەی ئێمە ببیسە یاخودا قسە نەڕوا بە گوێچکەتا! یانی بمری یا هەر هێزی بیستنت نەمێنێ.

﴿وَرَٰعِنَا﴾

وە ئەڵێن: «راعنا» یانی بۆمان بڕوانە و تەماشامان بکە. بەڵام قسەکەیان بە باری راستی و رەوانیدا بە زمانا نایێ بەڵکوو.

﴿لَيًّۢا بِأَلْسِنَتِهِمْ﴾

واتە ئەڵێن «راعنا» لەگەڵ پێچدان بە زمان و هەڵسووڕانی بۆ بارێ کە مەعنای جنێو و زەم بگەیەنێ؛ چونکی «راعنا» وەکوو ئەبێ بە فیعلی ئەمر و موشتەق بێ لە رەعایەت، قابیلە ئیسمی فاعیل بێ و موشتەق بێ لە «رعن» بە مانا عەقڵ سووکی.

﴿وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ﴾

وە قسەکە ئەکەن لەگەڵ ئیشارەت بۆ تانەدان لە دین چونکی مادام زەمی حەزرەت ﷺ بکەن بە سووکی عەقڵ (معاذ الله) ئەبێ بە گاڵتە کردن بە دینەکەیشی؛ چونکی هێزی وتار لە لای ئینسانی بێئیعتیبار بە قەی هێزی خاوەن وتارەکەیە.

﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ﴾

واتە ئەگەر لە باتی وتارە پێشووەکەیان ئەم وتارەیان بوتایێ و لە باتی «وعصينا»، «وأطعنا» و لە باتی «وراعنا»، «وانظرنا» و تەرکی «غير مسمع»یان بکردایە ئەوە قسەکەیان زۆر باشتر و دامەزراوتر ئەبوو؛ چونکی ئەو عیبارەتە ئەبوو بە نیشانەی ئیمان هێنانیان و باوەڕکردنیان بە دینی ئیسلام.

﴿وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٤٦﴾﴾

بەڵام ئەو یەهوودییە و ڕەفیقەکانی بە هۆی دەوامیان لەسەر کوفر و عەناد و ملەجڕێیان بەرابەر بە دینی ئیسلام خودا غەزەبی لێ گرتوون و دوورکەتوونەتەوە لە ئیعتیبار و پەشیمانی لە گومڕاهی، کەوابێ ئیمان ناهێنن ئیللا یەکە یەکەیەکیان نەبێ یا ئیمان ناهێنن ئیللا کەم جاران.

فەرموودەی. خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ﴾.

ئیبنوئیسحاق و ئیبنولمونزیر و بەیهەقی ڕیوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: جارێ حەزرەت ﷺ فەرمایشی کرد لەگەڵ زانا گەورەکانی یەهوودا وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سوریای ئەعوەر و کەعبی کوڕی ئەسەد فەرمووی: ئەی کۆمەڵی یەهوود لە خودا بترسن و موسوڵمان بن، وەڵڵاهی ئێوە ئەزانن ئەو دینە کە من هێناومە ڕاستە! ئەوانیش وتیان: ئێمە بەمە نازانین کە دینی تۆ ڕاستە و ئینکاریان کرد جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە. فەرمووی:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ ءَامِنُوا۟ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم﴾

ئەی کەسانێ کە تەوراتتان پێ دراوە ئیمان بێنن بەو کتێبە کە من نازڵم کردووە و حاڵی وایە تەسدیقی ئەو کتێبە ئەکا کە لە لای ئێوەیە.

﴿مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَـٰبَ ٱلسَّبْتِ﴾

ئیمان بێنن لە پێش ئەوەدا کە ئاسار و شێوە و روخسارەکان مەحو بکەمەوە و بە وێنەی شێوەی پشتی ملی لێ بکەین. واتە لە پێش ئەوەدا کە بتان مرێنین و وجوودتان تێك بدەین و هەمووی بڕوا بەیەکا و فەرقی روخسار و پشتی مل نەمێنێ. یاخود لە پێش ئەوەدا کە لە دنیادا غەزەبتان لێ بگرین و سیمای جوانی ئینسانیتان بکەین بە شێوەیەکی موشەوەهـ و ناشیرین بە هۆی مەسخەوە وەکوو لەمەوپێش بازێ بەنیئیسرائیلیم مەسخ کردەوە. یاخود لە پێش ئەوەدا کە رۆژی حەشر دەربکەوێ و شێوەتان تێك بدەم و بە شێوەیەکی ناشیرینەوە زیندووتان بکەمەوە و سەوقتان بکەم بۆ سارای قیامەت، یا لە پێش ئەوەدا کە بە تەواوی عاجز بم لێتان و لەعنەتتان لێ بکەم وەکوو لەعنەتمان کرد لەو بەنیئیسرائیلیانە کە نافەرمانی منیان کرد لە هۆی حورمەتی رۆژی شەممەوە.

﴿وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾﴾

وە بزانن کە ئەمری خودا بە هەرشتێ کە خواستی ببێ بیکا نافیزە و بەجێهێنراوە.

فەرمموودەی خودا: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ﴾.

ئیمامی تەبەرانی و ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتیان کردووە لە ئەبوونەییوبی ئەنسارییەوەﷺ ئەڵێ: پیاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەتﷺ عەرزی کرد: برازایەکم

هەیە دەست بەرداری کاری حەرام نابێ! حەزرەت ﷺ فەرمووی: دینەکەی چییە؟ عەرزی کرد: نوێژ ئەکا و تەوحیدی خودایش ئەکا، حەزرەت ﷺ فەرمووی: داوای لێ بکە دینەکەی ببەخشێ پێت ئەگەر نەیبەخشی بە پارە لێی بکڕە. پاش ئەمە مامی کوڕەکە رۆیشت بۆ لای داوای بەخشینی دینەکەی لێ کرد نەیبەخشی وە داوای فرۆشتنی کرد نەیفرۆشت. جا هاتەوە باسەکەی گێڕایەوە بۆ حەزرەت ﷺ. وە پاش ئەمە ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾

بە راستی خودای تەعالا چاوپۆشی ناکا لەوە کە شەریکی بۆ قەرار بدرێ، وە چاوپۆشی ئەکا لە هەموو گوناحێکی تر گەورە یا بچووك؛ خواه خاوەنەکەی تەوبەی لێ کردبێ یا نە ئەم چاوپۆشییەیش بۆ ئەو کەسانەیە کە خواستی خودا لەسەر پۆشینی گوناحەکەیان بێ.

﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾

وە هۆی ئەوە کە خودا چاوپۆشی ناکا لە شیرك ئەمەیە هەرکەسێ شەریك بۆ خودا قەرار بدا ئەوە بە راستی گوناحێکی گەورەی هەڵبەستووە و درۆیەکی بێسەروبەری کردووە.

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و موسلیم ریوایەتیان کردووە لە جابیرەوە رضي الله عنه: کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من لقي الله لا يشرك به دخل الجنة، ومن لقيه يشرك به دخل النار» واتە: هەرکەسێ بمرێ و شەریکی بۆ خودا قەرار نەدابێ ئەچێتە بەهەشتەوە، وە هەرکەسێ بمرێ و شەریکی بۆ خودا قەرار دابێ ئەچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

بێدار بن! هەرچەن خودای تەعالا لەم ئایەتەدا هەر باسی ئەوەی کردووە کە خودا چاوپۆشی لە شیرك ناکا، بەڵام هەموو نەوعێ لە ئەنواعی کوفر وەکوو شیرك وایە و

چاوپۆشی لێ ناکرێ، خواه ئینکاری بوونی خودا بێ یا ئینکاری پێغەمبەرەکان وە یا فریشتەکان وە یا رۆژی قیامەت وە یا باقی ئەو شتانە کە لە موجیباتی کوفرا زاناکان باسیان کردووە و بە کوفریان داناوە، بەڵام چونکی لە زەمانی ریسالەی حەزرەتا ﷺ هەر شیرك باو بووە خودا هەر باسی شیرکی کردووە و زۆر نزیکە کە لەفزی ﴿دون ذلك﴾ ئیشارەی تێدا بێ بۆ ئەم مەبەستە. واتە مادام کە نەیفەرموو: «ویغفر ما سوی ذلك» و فەرمووی: ﴿ویغفر ما دون ذلك﴾ مانای وایە هەر گوناحێ کە لە خواری شیرکەوە بێ ئەوە عەفو ئەکا، نەك هەر تاوانێ کە وەکوو شیرك بێ و موجیبی کوفری خاوەنەکەی بێ.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمْ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تەماشا ناکەی لەو کەسانە لە جوولەکەکان کە تەزکیەی نەفسی خۆیان ئەکەن و خۆیان بە باش ئەزانن و ئەڵێن: «نحن أبناء الله وأحباؤه». وە ریوایەت کراوە: کۆمەڵێ لە جوولەکەکان منداڵەکانیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزیان کرد: ئەم منداڵانە گوناحیان لەسەرە؟ فەرمووی: نە. ئەوانیش وتیان: دەی وەڵڵا ئێمەیش وەکوو ئەو منداڵانە بێگوناحین، ئەو گوناحانە کە بە رۆژا ئەیکەین بە شەوا خودا ئەیانپۆشێ و ئەو گوناحانەیش کە بە شەوا ئەیکەین خودا بە رۆژا ئەیانپۆشێ. جا خودای تەعالا لای دا لەم داوای ئەوانە و فەرمووی:

﴿بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ﴾

بەڵکوو هەر خودا تەزکیەی ئەو کەسانە ئەکا کە خواستی لەسەر تەزکیەیان بێ؛ چونکی غەیری خودا کەس زانا نییە بە حەقیقەتی بیر و باوەڕ و کردەوە و خوو و رەوشتی ئینسان، جا مادام خودا کەسێکی پەسەند کرد ئەوە ئەتوانێ بە راستی تەزکیەی ئەو کەسە بکا.

﴿وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾﴾

وە ئەوانە خودا تەزکیەیان ئەکا بە قەی رشتەی ناوەڕاستی ناوکە خورمایێ ستەمیان لێ ناکرێ لە هۆی تۆڵەی کردەوە و بیر و باوەڕیانەوە. یا خەیر ئەو کەسانە کە بە ناحەق تەزکیەی خۆیان ئەکەن خودا لە رۆژی قیامەتا جەزای ئەو تەزکیەی نەفسەیان لێ ئەستێنێ و بە قەی فەتیلێ ستەمیشیان لێ ناکا.

﴿ٱنظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڕوانە چلۆن درۆ هەڵئەبەستن لەسەر خودا و ئەڵێن: خودا ئێمەی خۆشئەوێ و خودا بە شەوا گوناحی رۆژمان و بە رۆژا گوناحی شەومان عەفو ئەکا.

﴿وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾﴾

وە بەسە ئەم ئیفتیرایە بۆ ئەوان لە جیهەتی گوناحی رووناك و دیارییەوە.

بێدار بن! ئەم زەمە لەم ئایەتانەدا وارید بوون، لەسەر ئەوە[یە] کە ئینسان تەزکیەی خۆی بکا، وە ئەمما مەدحی غەیری خۆی ئەوە ئەگەر بەرەوڕوو بوو بەم جۆرە تاریفی ئەکرد بە عیلم و زانست و کابرا عیلمی نەبوو وە یا مەدحەکەی راست بوو بەڵام یارۆی مەدحکراو نەفام و مەغروور بوو وە بەو مەدحە لە خۆی بایی ئەبوو ئەوە زۆر گوناحە، وە بوخاری ریوایەت ئەکا لە حەدیسی ئەبووبەکرە کە پیاوێ لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ ناوی برا و لەویا شەخسێ گەلێ مەدحی کرد جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «ویحك قطعت عنق صاحبك» وە ئەم کەلامەی چەن جار تکرار کردەوە و فەرمووی: ئەگەر یەکێ لە ئێوە مەدحی کەسێکی کرد بڵێت: من وا ئەزانم و باوەڕم وایە فلاّن وەهایە و وەهایە. ئیتر قەتع نەنێ بەوەدا کە ئینسانێکی وایە لە واقیعدا؛ چونکی ئەم جۆرە مەدحانە زۆریان درۆن و ئەگەر هەمووی درۆ نەبێ درۆیان تێدا

هەیە و ئەگەر هەمووی راست بێ بەڵام کابرا دامەزراو نەبێ، بە خۆی بایی ئەبێ و فەسادی زۆری لێ پەیدا ئەبێ و لەسەر ئەم جۆرە باسانە و ئەم جۆرە مەدحانەیە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «احثوا التراب علی وجوه المداحین» واتە: خۆڵ هەڵوەشێنن بەسەر روخساری ئەو کەسانەدا کە زۆر سەنای خەڵك ئەکەن.

بەڵام ئەگەر مەدحەکە راست بێ و کابرای مەمدووح بایی نەبێ بەو مەدحە ئەوە زۆر باشە ئەگەر ببێ بە هۆی ئەوە کە کابرا زۆرتر لە جاران کردەوەی باش بکا، وە یاخود دیعایە بێ بۆ دین و ئایین وە یا بۆ تەرویجی عالمێ یا کەسێکی خاوەن پایەی خاوەن مایە لە دینا بۆ ئەوە کە خەڵکی پەیڕەوی بکەن و ئیستیفادەی زۆر بکرێ لێی. تەماشا ئەکەین حەسانی کوڕی سابیت و عەباسی مامی حەزرەت مەدحی حەزرەتیان ﷺ کردووە لە شیعری خۆیانا و کەعبی کوڕی زوهەیر مەدحی حەزرەتی کرد بە قەسیدەی مەشهوور بە «بانت سعاد» هەروا حەزرەت ﷺ مەدحی ئەسحابەکانی کردووە و فەرموویەتی : «إنکم لتقلون عند الطمع و تکثرون عند الفزع» ئێوە کەم ئەبن لە کاتی تەماعا و زۆر ئەبن لە کاتی ترسی جەنگدا. وە ئەمما ئەوە کە فەرموویەتی: «لا تطروني کما أطرت النصاری عیسی بن مریم، وقولوا عبدالله و رسوله» ئەوە مەعنای ئەوەیە مەدحی من مەکەن بە سیفەتێ کە تیاما نەبێ وەکوو گاورەکان وتیان «عیسی ابن الله»یە. (العیاذ بالله العظیم).

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ ﴾.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کاتێ کەعبی کوڕی ئەشرەف رۆیشتە مەککە قوڕەیش رۆیشتن بۆ لای و وتیان بە کەعب: تەماشا ناکەی ئەم شەخسە کە بچڕاوە لە عەشرەتەکەی باوەڕی وەهایە کە ئەو چاترە لە ئێمە و ئێمە ئەهلی حەججاج و دەرگاوانی کەعبەتوڵڵا و خاوەن ئاوی «زەمزەم»ین؟! جا کەعب وتی: ئێوە باشترن

لەو وە لە خوسووسی رێگە و ئادابەوە ئێوە موهتەدیترن. جا سوورەتی «کوثر» نازڵ بوو وە ئەم ئایەتانەیش نازڵ بوون. «أخرجه أحمد و ابن‌أبي‌حاتم».

هەروا ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ: ئەو کەسانە کە ئەحزابیان پێکەوەنا لە قورەیش و غەتفان و بەنی‌قورەیزە عیبارەت بوون لەمانە: «حيي بن أخطب» و «سلام بن أبي‌الحقيق» و «ربيع بن أبي‌الحقيق» و «أبو رافع» و «أبو عمارة» باقییەکان لە «بەنی‌نەزیر» بوون. کاتێ ئەمانە هاتن بۆ ناو قورەیش وتیان: ئەمانە عولەمای یەهوودن و خاوەن عیلمن بە کتێبە قەدیمەکان. پرسیاریان لێ بکەن ئایا دینی ئێوە باشترە یا دینی موحەممەد ﷺ. ئەوانیش پرسیاریان لێ کردن، جا جوابیان‌دانەوە و وتیان: دینی ئێوە باشترە لە دینی موحەممەد و ئێوە خاوەن هیدایەترن لە موحەممەد و پەیڕەوەکانی. جا خودا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّـٰغُوتِ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست نابینی ئەو کافرانە کە بەشێکیان پێدراوە لە کیتاب و زانستی تەورات ئەڕۆن لە ناو مەککەییەکانا ئیمان دێنن بە «جبت» و «طاغوت»؟ (مەبەست لە جبت: هەر مەعبوودێکە پووچ و بەتاڵ بێ، وە مەبەست لە تاغووت هەموو شتێکی بەتاڵە مەعبوود بێ یا غەیرە مەعبوود).

﴿وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَـٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴿٥١﴾﴾

وە ئەڵێن بە کافرەکان و موشریکەکانی قورەیش کە: ئەوانە موهتەدیتر و باشترن لە جیهەتی رێگەوە لەوانە کە ئیمانیان هەیە بە خودا و پێغەمبەری خودا ﷺ.

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ﴾

ئەمانە ئەوانەن کە خودای تەعالا دووری کردوونەتەوە لە رحمەتی خۆی.

﴿وَمَن يَلْعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾﴾

وە هەرکەسێ کە خودا لەعنەتی لێ کردبێ ئیتر یارمەتیدەرێکی بۆ دەس ناکەوێ.

﴿أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ ٱلْمُلْكِ فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾﴾

یا خەیر ئەمانە بە خەیاڵی بەتاڵی خۆیان وا ئەزانن کە بەشێکیان لە موڵك و دارایی هەیە وە ئەگەر دەستیان بکەوێ لەم کاتەدا بەشی کەسی لێ نادەن بە قەی «نەقیر»ێ، کە ئەو قووڵاییەتانێ وا لە پشتی ناوکەخورمادا.

﴿أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾

یا خەیر حەسوودی ئەبەن بە حەزرەت ﷺ و ئەسحابەکانی لەسەر ئەوەی خودا پێیداون لە فەزڵ و پایەی بەرزو مایەی بەرێز؟

﴿فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾﴾

مادام حەسوودی ئەبەن بە پێغەمبەری نازار (محمد المصطفى)ی موختار لەم بەخشینی پایەی پێغەمبەرایەتی و بڵاوەبوونی یاسای دینەیا، با بزانن کە حەسوودی سوودیان پێ نادا، ئەوەتە بە راستی دامان بە ئالی ئیبراهیم کیتابی سەماوی و ماریفەتی عەرزی، لە ئاگاداری بەسەر حەقیقەتی ئەسبابی ژینی بەختیارییا و موڵك و پایە و مایە و شان و شکۆهێکی گەورەمان پێدان، جا با بزانم حەسوودی چی کردووە پێیان، یاخود لەمەولا چی ئەکا بەوانە!

بزانن! موفەسیرەکان مەعنای ئەم ئایەتەیان وەها فەرمووە، ئەڵێن: کاتێ کە جوولەکەکان دەستیان کرد بە بڵاوە کردنی قسەی پووچ بە ناو خەڵکا لەبەر حەسوودی بە حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ لە هۆی پێغەمبەرایەتیەوە و لە هۆی زۆری عائیلە و پەیوەندی ناو ماڵی و لە هۆی فیداکاری و جانبازی ئەسحابەکانیەوە،

خودای تەعالا فەرمووی: بۆچی ئەم جوولەکانە لەم حەسوودییە دەسبەردار نابن؟ ئایا ئەوان نازانن ئێمە تا چەندێ نیعمەتمان داوە بە ئالی ئیبراهیم؟ واتە بە حەزرەتی یوسف و داوود و سولەیمان ﷺ، ئەوەتا پایەی پێغەمبەرایەتیم پێدان و پایەی ریاسەت و پاشاییم پێدان و هێزی داگیر کردنی وڵاتم دایە دەستیان، دەی وەکوو تەوانام بووە ئەوە بکەم لەگەڵ ئەوانا تەوانام هەیە وێنەی ئەوە و زیاتر لەو ئەندازەیش بدەم بە پێغەمبەری ئاخرزەمان، وە هەر وەکوو حەسوودی بردنی دوژمنانی زەمانی ئەو پێشینانە بە پێغەمبەرەکان سوودی نەبوو بۆیان و زیانی نەدا لە گیانی ئەوانا، وەها حەسوودی بردنیان ئێستەیش بە موحەممەد و رەفیقەکانی زیان نادا لە مەقامی ئەم زاتەیش.

وە ئەگەر حەسوودی بردنیان لە خوسووسی ژن و ماڵ و پەیوەندە، ئەوە با بزانن گەلێ زۆرتر ماڵ و منداڵ و ژنم دا بە ئالی ئیبراهیم. ئەوەتە حەزرەتی داوود سەد ژنی هەبوو، وە حەزرەتی سولەیمانیش سێ‌سەد ژنی نیکاح و حەوسەد جارییەی مەملووکەی هەبوو، دەی با پێغەمبەری ئاخر زەمانیش شتێکی کەمی ببێ بە نیسبەتی ئەوانەوە.

بەڵام من تەماشا ئەکەم خودای تەعالا پێغەمبەرانی بەنی‌ئیسرائیلی بە عینوانی بەنی‌ئیسرائیل ناوبردووە و جار بە جار بە عینوانی ئەسبات باسی کردوون لەم ئایەتەدا مەقسەد لە ئالی ئیبراهیم ئەبێ هەر حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ بێ؛ چونکی ئەم زاتە لە ئەولادی عەدنانە و عەدنان لە ئەولادی قیداری کوڕی ئیسماعیلە و ئیسماعیلیش کوڕی ئیبراهیمە. جا مەعنای ئایەتەکە دێتە سەر ئەوە یاخود حەسوودی ئەبەن بە موحەممەد و ئەسحابەکانی لەسەر ئەو نیعمەتانە کە من پێمداون چ مادی چ مەعنەوی، با هەر بمرن و دەردی دڵیان بێ وا من بەخشیم بە موحەممەد کە ئالی

ئیبراهیمە کیتاب کە قورئانە و حیکمەت کە فەرموودەی موحەممەد خۆیەتی و موڵك و ریاسەت و پادشاهییەکی پاناوەر و گوشادم پێدا کە لە خۆرهەڵاتی ئاسیاوە تا خۆرنشینی ئەفریقا دائەگرێ. جا با بمرن بە داغی ئەم نیعمەتە گەورەوە کە پێمداوە.

﴿فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا ﴿٥٥﴾﴾

جا لەو کۆمەڵەیە کە حەسوودییەکەیان برد کەسێ کە خودا شارەزای کرد بۆ پیرۆزی و ئیمانی هێنا بە موحەممەدﷺ، وە لەوانیشە کەسێ کە ئیعرازی نا لە دینی موحەممەد و ئیمانی نەهێنا وە بەسە بۆ ئازاردانی ئەو کەسە ئاگری دۆزەخ لە خوسووسی ئاگری بڵێسەدارەوە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَـٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَۗ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئینکاری ئایاتی ئێمەیان کرد و باوەڕیان نەکرد پێیان لەمەولا لە رۆژی قیامەتا ئەیانخەینە ناو ئاگرەوە و بە دەوام هەرکاتێ پێستیان بکوڵێ بە ئاگر ئەو پێستەیان بۆ ئەگۆڕین بە پێستێکیتر بۆ ئەوە کە ئەو عەزابە بچەژن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا زاڵە بەسەر خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەت و خاوەن کاری هەموارە لە عالەما.

بزانن! خودای تەعالا لە رۆژی قیامەتا کە عەزابی ئەهلی دۆزەخ ئەدا خواه بە ئاگر پێستیان بسووتێنێ یا گۆشت یا ئێسقان ئەوە عەزابەکە هەر بۆ رۆحی کابرایە؛ چونکی رۆحی خاوەن شوعوور عەلاقەی بە ئینسانەوە ئەبێ، بە قەتعی ئینسان ئاگادار نابێ لەسەر عەزاب و ئازار، بەڵام بۆیە بە تایبەتی باسی پێستی کردووە لەبەر ئەوە ئەڵێن ئازاری سووتاو وا لە پێستا وە ئەگەر پێستەکەی نەبێ عەزابەکە دەرك ناکا.

﴿ وَالَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوە و لەگەڵ ئیمان و باوەڕەکەیشا کردەوەی باشیان کردووە، ئەوانە بە راستی ئەیانهاوینە ناو ئەو بەهەشتانەی کە جۆبار لە بنی دارەکانیەوە رەوان ئەبێ و حاڵیان وایە بڕیاری دەوامیان داوە بۆ خۆیان لەسەر ئەمری خودا هەتا هەتایە.

﴿ لَّهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ ﴾

کە هەیە بۆ ئەو موسوڵمانانە لەو بەهەشتەدا گەلێ حۆری وەها کە پاك کراونەتەوە لە بەدخوویی و بەدڕوویی وە لە بەدوتاری و بەدکرداری وەکوو پاکن لە خوێنی حەیز و زەیسانی.

﴿ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾ ﴾

ئەیانخەینە ناو سێبەرێکی پڕەوە بە نەوعێ ئازاریان پێ نەگا لە گەرمای رۆژا.

فەرموودەی خودا: ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ ﴾.

ئیبنومەردەویە و ئیبنوعەساکیر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ ئەڵێ: کاتێ کە حەزرەت ﷺ فەتحی شاری مەککەی کرد عوسمانی کوڕی تەلحە کە کلیلەوانی کەعبە بوو بانگی کرد کە هاتە خزمەتی فەرمووی: کلیلەکەی کەعبەم بدەرێ، کاتێ عوسمان دەستی راکێشا کلیلەکە بدا بە حەزرەت ﷺ عەباس عەرزی کرد: باوکم بە قوربانت بێ ئەو کلیلەم بدەرێ با کلیلەوانی کەعبەیش بخەینە پاڵ وەزیفەی سقایەی زەمزەم و هەردوو وەزیفەکە بکەوێتە لای خۆمان. کاتێ عوسمان

ئەم قسەیە بیست دەستی گێڕاوە بۆ دواوە و کلیلەکەی نەدا بە حەزرەت ﷺ وە حەزرەت ﷺ بۆ جاری دووەم فەرمووی بە عوسمان: کلیلەکەم بدەرێ! ئەویش کلیلەکەی بۆ رادا و عەرزی کرد: بیگرە بە ئەمانەتی خودا. جا حەزرەت ﷺ دەرگای کەعبەی کردەوە و رۆیشتە ناو کەعبەوە و دوو رکات نوێژی کرد، کە حەزرەت ﷺ هاتەدەرەوە لە نزیکی کەعبەدا بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و حەزرەت ﷺ ئەمری فەرموو بە عەلی ﷺ کلیلەکەی دایەوە بە عوسمان و لە واقیعەکە حاڵی بوو وە ئەمە بوو بە هۆی موسوڵمان بوونی عوسمانی کوڕی تەلحە و کلیلەوانی کەعبە بوو بە وەزیفەی ئەوان هەتا هەتایە.

جا ئایەتەکە هەرچەن لە پاش فەتحی مەککە و لە هۆی کلیلەکەوە نازڵ بوو بەڵام خیتابی عامە بۆ هەموو موکەلەفێ و ئەمرە بە دانەوەی هەموو ئەمانەتێ. وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾

بە راستی خودای تەعالا ئەمرتان پێ ئەکا، ئەی موکەلەفەکان بەوە کە رەدی ئەمانەتەکان بکەنەوە بۆ لای ئەهلەکەیان. واتە هەر کاتێ ئینسانێ شتێکی دایە دەستان کە لەلاتان بێ بۆ پاراستن ئەوە لە کاتی داواکردنیا بیدەنەوە پێی و هەرکاتێ کەسێ پایە و وەزیفەیەکی هەبوو وەکوو هەر نەوعە ئیدارەیێ: باخەوانی، کلیلەوانی، پاسەوانی. و ئێوە دەستان بەسەراگرت ئەوە مادام خاوەنی ئەوانە بە راستی ئەهلن بۆ ئەو ئیشە واجبە لەسەرتان وەزیفەکە بدەنەوە دەستیان و بە ناحەق عەزلیان نەکەن.

﴿وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ﴾

وە خودا ئەمرتان پێ ئەکا هەرکاتێ کە حوکمتان دا لە بەینی دوو جانیبی «مدعی» و «مدعی علیه»دا لەم ئادەمیزادە لە هەر داوایێ دێتە لاتان ئەی حوکمدارەکان کە

حوکم بدەن لەسەریان بە عەداڵەت و بە شێوەیێ کە حەقی کەس نەدەن بە کەس و حەقی کەس نەفەوتێنن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ﴾

بە راستی زۆر چاکە ئەو وەعز و نەسیحەتە کە خودای تەعالا وەعزی ئێوەی پێ ئەکا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٥٨﴾﴾

بە راستی خودا شنەوایە بۆ هەموو گوفتارێ و بینایە بە هەموو رەفتارێ وە هەرکەسێ لە ئامۆژگاری خودا پشت هەڵ بکا ئەوە روو ئەکا لە دۆزەخ؛ ئەگەر خودا چاوپۆشی لێ نەکا عەزابی سەختی ئەدا.

لام وایە ئەگەر خاوەن دەستان و فەرمانڕەوایان رەفتاریان بکردایە بەم یاسایە گەلێ جیهان بە رووناکی ئەم چرایە رووناك ئەبووەوە و کار نەئەدرا بە نائەهل و ئەهل لە کردەوەی بەکار نەدەکەوت، بەڵام مادام ئەمانەت لە دەستی ئەهلەکەیا نامێنێ و نائەهل وەری ئەگرێ دنیا تاریکە.

بزانن! لەم ئایەتەدا پرسیار ئەکرێ: ئەوانە کە موخاتەبن بەم ئەمرە کێن؟ جوابەکەی ئەمەیە: هەرچەن بەقەرینەی جوملەی ﴿وإذا حكمتم بين الناس﴾دا وا دەرئەکەوێ کە موخاتەب ئینسانی گەورە و خاوەن دەستەڵات بێ؛ چونکی ئومووراتی گەلێ ئادەمیزاد ئەکەوێتە لای و ئەوان بەوان ئەکرێ کە ئەمانەت بدەنەوە بە خاوەنەکەی و حەق بدەنەوە بە خاوەنەکەی و حەق بدەنە دەستی خاوەن حەق و ئەمریان ئەڕوا و ئەمە مەعلوومە، بەڵام زاهیری کەلامەکە بۆ هەموو موسوڵمانێکی موکەلەفە و بە پێی ئەم ئەمرە هەرکەسێ هەر ئەمانەتێکی لەلابێ چ ئەمانەتی خودایی بێ وەکوو نوێژ و، رۆژوو حەج و باقی واجباتێ لەسەر ئیسنان بێ، یاخود حەقی خەڵکی بێ وەکوو

قەرزێ لەسەرت بێ، وەکوو میراتێکی وا کە موشتەرەك بێ لە بەینی ئەو و باقی میرات بەرەکانا کە ئەمە زۆر واقیعە لە بەینی عائیلەکانا برای گەورە هەموو ماڵی ئەو منداڵە هەتیوانە ئەخوا، وە کاتێ گەورە بوون داوای حەقی خۆیان ئەکەن لە باتی حەقەکەیان بدرێتەوە فیتنە و ئاشووب پەیدا ئەکەن، وە وەکوو ماڵێ کە موسوڵمانان لەبەر باوەڕپێکردن بە ئەمانەت ئەیدەنە دەستی کەسێ کەچی ئەو کەسە کارێ ئەکا بەو ماڵە دوور لە دین بێ وە کاتێ خاوەنەکەیشی داوای ئەکاتەوە ئینکاری ئەکەن، هەروا وەکوو ئەوە کەسێ یەکێ ئەکا بە وەسی لەسەر گەلێ هەتیو و ماڵی ئەداتە دەستی سەرفی بکا بۆیان (مع أنه) سەرفی ناکا، یا وەکوو ئەوە ئینسانێ میقدارێ ئەخوێنێ و ئەحکامی دین فێر ئەبێ کە واجبە لەسەری ئەو مەعلووماتە بە دەرس و بە ئامۆژگاری و بە فتوای دانا بگەیەنێ بە خاوەنەکانی (مع أنه) دەرسەکە ئەفەوتێنێ و ئامۆژگارییەکە وەها ناکا سوودی تێدا ببێ و فتواکەیش لەسەر واقیع لائەدا گەلێ جار ئەزانێ کە حەق چۆنە بەڵام ئەیگۆڕێ. وە یا چەند مەئمموورێ لە دائیرەی ئەوقافا یا لە دائیرەیەکی‌ترا بە راستی ئاگایان هەیە لەوە کە فلانە وەزیفە حەقی کێیە و واجبە بدرێ بەو کەسە (مع أنه) بە ئارەزووی نەفس یا بە موقابیلی میقدارێ ئیعتیباراتەوە ئەو کەسە مەحرووم ئەکەن لەو حەقە. ئەمانە هەموو ئەمانەتن و واجبە هەرکەسێ بە قەی حاڵ جێبەجێیان بکا (مع أنه) کەم کەس موبالاتیان پێ ئەکا!

بە کورتی ئەمانەت لەبەر زۆری ناژمێررێن بەڵام موهیمەکانیان لە ئەحکاما چوارن: «ودیعة» و «لقطة» و «رهن» و «عاریة»، واتە ماڵێ بە ئەمانەت دانرابێ لە لات یا شتێ دۆزیبێتتەوە و، یا رەهنێ دانرابێ لات لە بەرابەری قەرزێکەوە ـ مەسەلا ـ وە یا شتێ بە خواستن خواستبێت وەکوو وڵاغێ بۆ سواری، گایێ بۆ جووت‌کردن و لیباسێ بۆ لەبەر کردن و کتێبێ بۆ دەرس تیاخوێندن. (و هكذا).

وە حەزرەت ﷺ لە «حجة الوداع» فەرمووی: «العارية مؤداة، والمنحة مردودة، والدين مقضي، والزعيم غارم» واتە: خواستەمەنی ئەبێ بدرێتەوە، وە حەیوانێ وەرتگرتبێ شیری بخۆی ئەبێ لە ئاخری سالا بیگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکەی، [وە قەرز دەبێ بدرێتەوە، وە کەفیل دەبێتە زامنی ئەو شتەی لە ئەستۆی گرتووە].

هەروا فەرموودەی حەزرەت ﷺ لە باسی ریعایەت و مەسئولییەتەوە ئەویش هەر لەبابی ئەمر بە ئەدای ئەمانەتە کە فەرموویەتی: «كلكم راع و كلكم مسؤول عن رعيته فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته والرجل راع على أهله وهو مسؤول عنهم، والمرأة راعية على بيت زوجها وهي مسؤولة عنه، والعبد راع على مال سيده وهو مسؤول عنه، ألا فكلكم راع و كلكم مسؤول عن رعيته». واتە هەمووتان بە چاودێر و نیگاباں دانراون و هەمووتان پرسیارتان لێ ئەکرێ لەوەی کە وا لەبەر چاوتانا؛ پادشای ئیسلام چاودێرە و پرسیاری لێ ئەکرێ لەوەی وا لەبەر چاویا، پیاو نیگابانە لەسەر عائیلە و ئەولادی و پرسیاری لێ ئەکرێ لەوان، وە ژن نیگابانە لەسەر ماڵی مێردەکەی و ئەو پرسیاری لێ ئەکرێ لەو ماڵە، وە بەندە نیگابانە لەسەر ماڵی سەییدەکەی و پرسیاری لێ ئەکرێ لەسەر ئەو ماڵە. دەی سا ئاگاداربینەوە کە هەمووتان نیگابانن و هەمووتان پرسیارتان لێ ئەکرێ لەو نیگابانییە.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ﴾ الآية.

ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئیمامی ئەحمەد و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه ئەفەرموێت: ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی حەزافەدا رضي الله عنه لە کاتێکا کە حەزرەت ﷺ رەوانەی کردبوو بە سیفەتی فەرماندار لە تیپێ لە یارانا، کاتێ دەرچوون لە رێگەدا لەسەر شتێ غەزەبی لێ گرتن و پێی وتن: ئایا حەزرەت ئەمری نەکرد پێتان کە ئیتاعەی من بکەن؟ وتیان: بەڵێ.

وتی: دەی بازێ دارم بۆ گردبکەنەوە! ئەوانیش دارەکەیان هێنا و ئاگری پێوەنا تا باش هەڵگیرسا، جا وتی پێیان سوێندتان ئەدەم ئەبێ بڕۆن بۆ ناو ئەو ئاگرە! لەو کاتەدا جوانێ لە تیپەکەدا وتی پێیان: ئێمە بۆیە ئیمانمان هێناوە بە حەزرەت ﷺ کە خودا لە ئاگری دۆزەخ دوورمان بخاتەوە ئێستە لە دنیادا چۆن ئەڕۆینە ناو ئاگر؟! خۆتان بگرن تا ئەڕۆینەوە خزمەتی حەزرەت ﷺ و پرسیار ئەکەین، ئەگەر فەرمووی بڕۆنە ناو ئاگریشەوە ئەوسا باشە ئەڕۆین؛ جا کاتێ هاتنەوە باسەکەیان گێڕایەوە بۆ حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی: ئەگەر بچوونایەتە [ناو] ئەو ئاگرە ئیتر دەرنەدەچوون. ئیتاعەی ئامیر لە کاری مەشرووعا پێویستە نەك [لە] غەیرە مەشرووعا.

جا عەللامەی عەسقەلانی لە «فتح الباري»دا فەرموویەتی: مەقسوود لەم ئایەتە فەرموودەی خودایە: ﴿فإن تنازعتم في شيء﴾. الاية. چونکی ئەو جەماعەتە نیزاعیان کرد لە چوونە ناو ئاگرەکەدا و لە ئەنجاما قسەکەیان هێنایەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ، ئەوە بوو ئەویش فەرمووی: ئیتاعە واجبە لە شتی مەشرووعا و لە غەیرە مەشرووعا واجب نییە. خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾﴾

واتە ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە فەرمانی خودا وەربگرن لە هەموو ئەمر و نەهیەکدا کە لە قورئاندا نازڵی کردووە و، ئیتاعەی پێغەمبەری خودا بکەن چ لە تەتبیقی قورئانا و چ لە ئەمر و نەهیەکدا کە خۆی دەیکا، وە ئیتاعەی خاوەن ئەمرەکانیش بکەن لە خۆتان، واتە لە موسوڵمانان، وە ئەگەر نیزاع کەوتە ناوبەینی ئێوە و خاوەن ئەمرەکانتان لە شتێکدا ئەوە ئەو جێگەی نیزاعە بگەڕێننەوە بۆ سەر موافەقەی کیتابی

خودا و سوننەتی ڕەسوول ﷺ وە ئەم گێرانەوەی نیزاعە بۆ لای خودا و پێغەمبەری خودا چاکترە لە ئەنجاما وەی لەوە خۆتان بە بیری خۆتان چاری نیزاعەکە بکەن، ئەگەر ئیمانتان ساغە بە خودا و بە پاشەڕۆژ.

جا با بزانین مەبەست لە خاوەن ئەمرەکان کێیە؟ ئیمامی فەخری رازی ﷫ لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی لە «أولي الأمر»دا چەن بیرێ هەیە؛

یەکەم: مەبەست لەوانە خەلیفە راشیدەکانە کە ئیدارەی ئومووری موسوڵمانان ئەکەن و جێگەداری حەزرەتن.

دووهەم: فەرماندارانی سوپایە بە قەرینەی ئەوەدا کە ئەم ئایەتە لەسەر نیزاعی بەینی عەبدوڵڵای کوڕی حەزافەی کوڕی قەیس و ئەفرادی تیپەکەیا نازڵ بوو.

سێهەم: موراد ئەو عالمانەیە کە فەتوا ئەدەن بۆ موسوڵمانان لە ئەحکامی دینا.

چوارەم: موارد ئیمامە مەعسوومەکانە[١]. وە لە پێش باسی ئەمانەدا فەرموویەتی: مەبەست لە «أولي الأمر» ئیجماعی موجتەهیدینی ئوممەتە کە ئیتاعەیان واجبە.

[١. عیسمەت لە لۆغەتدا بەمانا پاراستن و مەنع کردنە، قورئان ئەفەرموێ: «سآوي إلى جبل يعصمني من الماء» یا «و لقد راودته عن نفسه فاستعصم» یان لە حەدیسدا پێغەمبەر ئەفەرموێ « أمرت أن أقاتل الناس ... تا ... فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دمائهم».

و لە ئیستیلاحدا بریتییە لەوە کە خودای تەعالا پێغەمبەرانی هەڵبژاردەی خۆی بپارێزێ لە گوناە و تووش بوون بە حەرام و هەرشتێ کە خودا نەهی لێ‌کردبێ. کە ئەمەش تایبەتی پێغەمبەرانە چونکە بە فەرموودەی قورئان کەسێ ئەبێ بە سەرمەشق بۆ ئوممەت، ئەبێ لە هەموو تاوانێ دوور بێ: ﴿أولئك الذين هدى الله فبهداهم اقتده﴾ (الأنعام؛ ٩٠) یان ﴿لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾. (الأحزاب؛ ٢١) جا کەوابێ ئەبێ پێغەمبەران لە گەیاندن، لە بیر و باوەڕ، لە کردار و گوفتارا خاوەنی عیسمەت بن بۆ ئەوەی بتوانن سەرمەشق بن بۆ ئوممەتەکەیان.

وە ئەو کەسانەش لە ئوممەتی پێغەمبەران کە بە پلەی ویلایەت ئەگەن لە راستیدا مەحفووزن لە تاوان نەك مەعسووم، بەم مەعنا کە مومکینە و رێئەکەوێ دوچاری تاوان و هەڵە ببن، تەنانەت ڕێش

☜

بەڵام لەسەر موتالەعە و موراجەعەی تەفسیرەکان و لەسەر قەناعەتی خۆم مەبەست لە «أولي الأمر» کار بەدەستەکانی ئیسلامە کە عیبارەتن لە حوکمدارانی هەموو ئادەمیزادی موسوڵمان لەبەر ئەوە ئەم ئوممەتە زۆرە بڵاوبووەتەوە بە جیهانا و کیتاب و سونتەتی پێغەمبەر وەها پێویستە بۆ ئەوە بکرێ بە یاسا و دەستووری رەفتاری موسوڵمانان وەها فەرمانداریکی ئەوێ کە تەنفیز و تەتبیقی کیتاب و سونتەت و شەریعەتی ئیسلام بکا لە ناو عالەما. جا ئەگەر ئەم حوکمدارانە حوکمێکی خاس یا عامیان دا تەماشا ئەکرێ؛ ئەگەر موافیقی شەرع بێ، واتە موافیقی کیتاب و سونتەت بێ «نصا» یا «دلالة» ئەوە زۆر باشە وە ئەگەر موخالیفی ئەمانە بوو ئەوە مادام نیزاعیان کرد لەگەڵیا واجبە بۆ حەلی ئەو نیزاعە موراجەعە بکەن بە نوسووس؛ ئەگەر بە شێوەیەکی راست ئەو نوسووسە شامیلی ئەو حوکمە نەبوو ئەوە واجبە لەسەر موسوڵمانان ئەبێ ئەو حوکمە رەد بکرێتەوە؛ چونکی شتێ نەسی تێدا نەبێ و مەسڵەحەتی عامی تیا نەبێ بەتاڵە. وە باقی ئەو بیرانە لە تەفسیری «أولي الأمر»دا بەیان کراوە هەموو بێعەیب نابن؛ ئەمما خولەفای راشیدین ئەوە دیارە کە ماوەی

☞

ئەکەوێ بە بۆنەی هەڵەیەکەوە لە پلەی ویلایەت دابەزێنرێن، یان گومراه ببن، کە بە درێژایی مێژوو ئەمجۆرە شتە رووی داوە. بەڵام گومراه بوون و لێسەندنەوەی مەقامی نبووەت، رووی نەداوە بۆ پێغەمبەران، چونکە ئەوان هەڵبژاردەی خودا بۆ رێنمایی خەڵکن. وە ئەگەر بێجگە لە پێغەمبەران کەسێکیتر مەعسووم بوایە جیاوازییەك لە نێوان مەقامی ویلایەت و مەقامی نبووەتدا بەدینەئەکرا. کەوابوو جمهووری عولەمایانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت بیر و رایان وایە کە تەنیا پێغەمبەران مەعسوومن، چ پێش لە پێغەمبەرایەتی و چ پاشی، وە باقی خەڵك بە تەبەعییەت لە پێغەمبەرانەوە ئەتوانن بگەنە پلەی ویلایەت و خودا بە لوتفی خۆی مەحفووزیان بکات لە گوناه وەك لە قورئاندا خودا دەفەرموێ: ﴿يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله و آمنوا برسوله يؤتيكم كفلين من رحمته و يجعل لكم نوراً تمشون به و يغفر لكم والله غفور رحيم﴾ (الحديد: ٢٨). بڕوانە: «شرح العقائد للتفتازاني» و «النبوة والأنبياء للصابوني» باسی عیسمەت ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

سی ساڵ نەبێ لە سەدری ئیسلام ئیتر خەلیفەی راشیدمان تاق و تەراییێ بووە لە ماوەیەکی کەمدا، وە فەرمانداڕانی سوپا ئەوە ئەمری ئەوان وەکوو ئەمری کار بەدەستە گەورەکانە، چونکی ئەوان ئەیانکەن بە ئامیری سوپا و فەرمانیان پێ ئەدەن، وە ئەو عالمانە کە فەتوا ئەدەن ئەووەڵەن موسوڵمان مولزەم نییە بەوە لە هەر لایەکدا ببێ و مەجبوور نییە بەوە هەر تابیعی ئەو عالمە بێ، وە لەسەر تەقدیری تابیع بوونی بەو عالمە ئەوە ئەگەر حوکمەکەی یا فەتواکەی موافیقی کیتاب یا سوننەت بێ ئەوە هەر داخڵە لە ئیتاعەی کیتاب یا سوننەتا وە ئەگەر ئیستینبات و ئیجتیهاد بیباتەوە سەر کیتاب یا سوننەت واجب نییە لەسەر کابرای موسوڵمان هەر تابیعی ئەو موجتەهیدە بێ؛ چونکی لە پەیڕەویدا دینی ئیسلام گوشادە. وە ئیمامە مەعسوومەکانیش بۆ ماوەیەکی مەحدوود مەوجوود بوون و پاش ئەو ماوە لازم ئەکا عالەمی ئیسلام بێمەرجەع نەبێ. وە ئیجماعی موجتەهیدینیش، وەکوو ئیمامی رازی فەرموویەتی بەڵێ ئەگەر بە دەگمەن ڕێبکەوێ ئەوە باشە بەڵام ڕێناکەوێ و بەس بۆ ماوەیەکی کەم بووە لە سەدری ئیسلامدا پاش ئەوە نەمانبیستووە مادەیەکی خیلافی بە شێوەی ئیجماع چار بکرێ.

کەوابێ هەر حەق ئەوەیە کە مەبەست لە «أولي الأمر» فەرماندارەکانی ئیسلام بێ، خواه یەك بن وەکوو لە سەدری ئیسلامەوە تا ماوەیێ یەك خەلیفە بووە لە بۆ موسوڵمانان، یاخود زۆر بن وەکوو ئەو زەمانانە کە هەر قوترێ لە ئەقتار بە دەستی گەورەیەکەوە بووە. وە عالەمی ژێردەستەی خۆیانیان داگیر کردووە، جا لەو سوورەتانەدا ئیتاعە و فەرمانبەرداری ئەوانە واجبە هەرچەن کە پیاوی «متغلب» بن چونکی ئیتاعەی کەسێکی «متغلب» گەلێ لەوە باشترە کە عالەمێ بە بێ فەرماندار داکەوێ هەموو شار و لادێیێ ببێ بە جێگەی ئاشووب و کاری ناهەموار وە لەم حاڵەدا ئەگەر حوکمەکەیان موافیقی شەرع بوو ئەوە زۆر موافیقە، وە ئەگەر موخالیفی شەرع

بوو ئەوە مادام کابرا ئیتاعەی شەرع بکا عالمان و پیاوانی بە ئیعتیبار لە ولاّتا کابرای حاکم ئەگەڕێننەوە بۆ ڕێگەی حەق، وە ئەگەر خۆ ئیتاعەی شەرعی نەکرد ئەوە واجبە بە قەی ئیمکان موسوڵمانان تێکۆشن بۆ گۆڕینی وەزع، جا ئەگەر بۆیان گۆڕرا ئەوە باشە ئەگەرنا چار نامێنێ «إنا للّٰه وإنا إليه راجعون» پێویستە مل رابکێشین تا خودا دەروویێ ئەکاتەوە.

عەلاوەی ئەمانە ئەگەر «أولي الأمر» بە غەیری ئەم حوکمدارانە تەفسیر بکەینەوە لەگەڵ زاهیری ﴿فإن تنازعتم في شيء﴾دا ڕێك ناکەوێ؛ چونکی «أولي الأمر» ئیجماع بێ یا ئیمامی مەعسووم بێ نیزاع لەگەڵ ئەهلی ئیجماع وە یا ئیمامی مەعسووم لە خیتابا مەعقوول نییە.

وە ئەگەر خەلیفەی راشید بێ ئەوە راشید بەوە ئەڵێن لانەدا لە حەق، جا مادام لای نەدا لە حەق ئەوە نیزاع چۆن ئەکرێ لەگەڵیا تا رەدی نیزاعەکە بکەینەوە بۆ لای کیتاب و سونەت، وە ئەگەر عالمانی موجتەهید وە یا عالمانی خاوەن فەتوان ئەوە قسەی ئەوان مولزیم نییە بۆ موسوڵمان ئەتوانێ لە قسەی ئەوان لابدا بۆ قسەی کەسێکی‌تر و موبالات بەو نەکا.

فەرموودەی خودا: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ ...﴾ الآيات.

ئیبنوئەبی‌حاتەم و ئیبنوئیسحاق ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما فەرموویەتی: حەلاس کوڕی سامیت و موعتەبی کوڕی قوشەیر و رافیعی کوڕی زەید کە داوای ئیسلامییەتیان ئەکرد نیزاعێ پەیدا بوو لە بەینی ئەوان و جەماعەتێ لە موسوڵمانان وتیان بە حەلاس و رەفیقەکانیان: با بڕۆین بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ حوکم بدا لە ناومانا، ئەوانیش وتیان: نەخەیر بڕۆین بۆ لای کاهینەکان کە حاکمی زەمانی جاهیلییەت بوون. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد.

وە ئیبنوجەریر ریوایەت ئەکا لە شەعبییەوە ئەڵێ: نیزاعێ واقیع بوو لە بەینی جوولەکەیێ و مونافقێکا، جوولەکەکە وتی: من موحاکەمەت لەگەڵدا ئەکەم لەلای گەورەی دینەکەت؛ چونکی ئەیزانی حەزرەت ﷺ حوکم ئەدا بە حەق و مونافقەکە ئەیوت: بڕۆین بۆ لای حوکامەکانی ناو مونافقەکان؛ چونکی ئەیزانی ئەوان بەرتیل وەرئەگرن لەسەر ئەمە ئیختیلاف کەوتە بەینیان و لە ئەنجاما رۆیشتن بۆ لای کاهینێ لە قەبیلەی جوهەینە و ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

هەروا ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کە ئەبووبەرزەی ئەسلەمی کاهین بوو وە جوولەکەکان موراجەعەیان پێ ئەکرد لە مورافەعاتا و موسوڵمانەکانیش جارجار ئەڕۆیشتن بۆ لای هەتا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: لە بەینی مونافقێ و یەهوودییەکدا داوایێ بوو، یەهوودییەکە وتی: با بڕۆین بۆ لای موحەممەد ﷺ و مونافقەکە وتی: نە با بڕۆین بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف و یەهوودییەکە وتی: نابێ هەر ئەبێ بڕۆین بۆ لای موحەممەد، جا مونافقەکە ناچار هات لەگەڵیا بۆ لای حەزرەت ﷺ ئەویش حوکمی دا بۆ یەهوودییەکە! کاتێ هاتنەدەر مونافقەکە وتی: رازی نابم، با بڕۆین بۆ لای ئەبووبەکر، وە رۆیشتن بۆ لای ئەبووبەکر ئەویش حوکمی دا بۆ یەهوودییەکە! مونافقەکە بەمەیش رازی نەبوو، وتی: با بڕۆین بۆ لای عومەر، وە رۆیشتن بۆ لای عومەر. لەویا یەهوودییەکە وتی: رۆیشتینە لای حەزرەت ﷺ و حوکمی بۆ دام و ئەمە رازی نەبوو، وە رۆیشتین بۆ لای ئەبووبەکر ئەویش حوکمی دا بۆم هەر رازی نەبوو. جا عومەر فەرمووی بە مونافقەکە: راست وایە؟ مونافقەکە وتی: بەڵێ وایە. جا عومەر وتی : راوەستن هەتا ئەڕۆمە ماڵەوە و دێم بۆ لاتان. عومەر رۆیشتە ماڵەوە شیرەکەی هەڵگرت و دای لە ملی کابرای مونافق و کوشتی و وتی:

ئاوا حوکم ئەکەم بەسەر ئەو کەسەدا کە بە حوکمی خودا و پێغەمبەری خودا رازی نەبێ. وە یەهوودییەکە ترسا و رای کرد. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، وە حەزرەت ﷺ فەرمووی بە عومەر: «أنت الفاروق» جا خودا فەرمووی:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ﴾

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئایا تۆ تەماشا ناکەی و ناڕوانی بۆ ئەو کەسانە کە گومانیان وایە ئیمانیان هێناوە بەو کتێبە کە نازڵ کراوە بۆ لای تۆ کە قورئانە و بەو کتێبەیش کە نازڵ کراوە لە پێش تۆدا وەکوو تەورات بێ؟ خواستیان لەسەر ئەوەیە کە موحاکەمەکەی خۆیان ببەن بۆ لای کافری خاوەن توغیان کە کەعبی کوڕی ئەشرەفە!

﴿وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ﴾

وەلحاڵ لە لایەنی خوداوە ئەمریان پێ کراوە کە ئینکاری روشدی ئەو کافرە بکرێ.

﴿وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾﴾

وە شەیتانی مەلعوونیش ئەیەوێ کە ئەو فەقیرانە گۆمڕا بکا بە گۆمڕاییەکی دوور لە ئەندازە.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾﴾

وە کاتێ بوترێ بەو مونافقانە: بێن بۆ لای حوکمی خودا و بۆ لای پێغەمبەری خودا، چاوت ئەکەوێ بە مونافقەکان ئیعرازت لێ ئەنێن بە ئیعرازنانێ زۆر تەواو!

﴿ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَـٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَـٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ ﴾

دەی ئەوە کاتێ کە تووشی مسیبەتێ بوون؛ وەکوو کوژرانی ئەو موناففە لە لایەنی عومەرەوە چۆن ئەتوانن سوێند بخۆن کە: ئێمە مەقسەدمان هەر چاکە کردن بوو، وە مەبەستمان رێکخستنی مابەینی هەردوو داواچییەکان بوو؟! ئەگەر راست ئەکەن ئەو رێخستنیانە لە لای پێغەمبەرا ئاسانتر ئەبوو.

﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ ﴾

ئەو کەسانە کەسانێکن کە خودا ئەزانێ بەوەی وا لە دڵیانا لە نیفاق و دووڕوویی و بێ ئیمانی.

﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ ﴾

وازیان لێ بێنە و فەرمان مەدە بە موعاقەبەیان با لەمە زیاتر بێنی نەڕوا بە وڵاتا.

﴿وَعِظْهُمْ ﴾

بەڵام ئامۆژگارییان بکە و ئیرشادیان بکە بە شێوەیێ کە بازێ لەوان بێنەوە سەر رێگەی راست.

﴿وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾ ﴾

وە بڵێ بەوان لە خوسووسی ئەحواڵی نەفسیانەوە قسەیەکی وا موتابیقی حاڵیان بێ، واتە ئەوانە کە موناففن وا تێ ئەگەن کە تۆ ئاگات لە ئەحواڵیان نییە، وە ئەم درۆ و دووڕووییەی ئەوانە دیار نییە لە لات و پێویستە تۆ تێیان بگەیەنی کە خودا بە هەموو شتێ ئەزانێ و ئەحواڵی ئێوەیش دەرئەخا بۆ ئێمە، کەوا بوو سوودی ئێوە بۆ دنیا و قیامەتتان لەوەدایە کە ئیمانەکەتان راست بکەنەوە و لەمەولا بە کردەوەی ساغ

خۆتان بڕازێننەوە هەتا خودا سەرفی نەزرەتان لێ بکات و لە عەزاب رزگار ببن. وە ئیحتیمالی هەیە کە «في أنفسهم» بەسرابێ بە لەفزی «بليغاً»وە واتە قسەیەکیان بۆ بکە کە تەئسیر بکا لە نەفسیانا.

ئیمامی قورتوبی فەرموویەتی وتراوە: کە ئایاتی: ﴿فكيف إذا أصابتهم مصيبة بما قدمت أيديهم﴾ نازڵ بووە لە شانی ئەو کەسانەدا کە مەسجیدی زیراریان دروست کرد. کاتێ کە خودا نیفاقەکەیانی دەرخست و ئەمری کرد بە رووخاندنی مزگەوتەکە سوێندیان خوارد بۆ حەزرەتﷺ: کە ئەم مزگەوتەمان بۆ عیبادەت [دروست] کردووە لەبەر دیفاع لە نەفسی خۆیان.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ﴾

وە ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان رەوانە نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە کە ئیتاعەی بکرێ لەسەر ئیزن و ئیجازەی خودای تەعالا.

﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ﴾

ئەگەر وەزع وابوایێ ئەو مونافقانە لەو کاتەدا کە ستەمیان لە خۆیان کرد بەو موعامەلە ناشیرینە و بردنی موحاکمە بۆ لای گومڕاکان بهاتنایێ بۆ لای تۆ وە داوای چاوپۆشییان بکردایێ لە خودا بە دەربڕینی پەشیمانی و تەوبەیان بکردایە بە ئیخلاس و ساغی وە پێغەمبەری خودایش داوای چاوپۆشی بۆ بکردایەن لە خودا.

﴿لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا ٦٤﴾

بە راستی خودای تەعالایان دەست ئەکەوت بە تەواب و تۆبە قەبووڵکەر و میهرەبان بۆ ئەوان وەکوو بۆ باقی مەرحوومین.

﴿ فَلَا ﴾

ڕەددە بۆ بیر و باوەڕی مونافقەکان، واتە واقیع وا نییە کە ئەوان گومان ئەبەن و ئەو ئیمانەیش کە ئەوان داوای ئەکەن لەسەر حەقیقەت نییە.

﴿وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾

قەسەم بەو کەسە کەوا تۆی پێگەیاند، ئەو مونافقانە ئیمان ناهێنن بە ڕاستی و بە خاوەن ئیمان حسێب ناکرێن لە لای خودا، هەتا بە ئارەزووی دڵ، تۆ ئەکەن بە حەکەم و فەرمانداری فەرمانڕەوا لەو نیزاعەدا واقیع ئەبێ لە ناویانا.

﴿ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾

وە لە پاش ئەوەیش کە تۆیان کرد بە فەرمانڕەوای خۆیان بۆ حوکمی بەینی ئەوان، لە نەفسی خۆیانا هیچ گرانی و تەنگی و ئازارێ نەبینن لەو حوکمەدا کە تۆ حوکمت پێ‌کردووە و بە گیان ملکەچ ببن بۆ تۆ.

جا وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە پاش نیزاعی ئەو جوولەکە لەگەڵ کابرای مونافقدا هەتا «و یسلموا تسلیماً». وە لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە ڕیوایەت کراوە: کە زوبەیری کوڕی عەوام نیزاعی بوو لەگەڵ پیاوێ لە ئەنسار لەسەر ئاوی شیوێ کە هەردوویان ئاوی باخیان پێ‌ئەدا و باخی زوبەیر لە ژوورەوە بوو. ئەنسارییەکە ئەیوت بە زوبەیر: ئاوەکە بەرەڵڵا بکە با بێت بۆ باخەکەی من ئەویش نەیئەکرد و نیزاعەکەیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ جا حەزرەت فەرمووی: ئەی زوبەیر ئاوی باخەکەی خۆت بدێرە، پاش ئەوە ئاوەکە بەرەڵڵا بکە بۆ دراوسێکەت و ئەنسارییەکە لەم حوکمە ڕقی داهات، وتی: یارەسوولەڵڵا ئایا هەر

لەبەر ئەوە ئەم حوکمە ئەدەیت کە زوبەیر پوورزاتە؟! حەزرەت ﷺ لە وەزعی خۆی گۆڕا و فەرمووی: ئەی زوبەیر ئاوی باخەکەت بدە و لە پاشان ئاوەکە حەپس کە هەتاکە ئەگەڕێتەوە بۆ دیواری باخەکە. جا پاش ئەوە ئاوی دراوسێکەیشت بەرەڵڵا بکە، وە بەم جوابە دووهەمە تەواو ریعایەتی حاڵی زوبەیری کرد لە جاری ئەووەڵ باشتر. لەبەر ئەوە باخێ لە ژوورەوە بێ حەقی تەواوی ئەوەیە ئاو بدرێ هەتا ئاوەکە پەنگ ئەخواتەوە و بە قەی ئەندازەی قولاپەی ئینسانێ بەرز ئەبێتەوە. جا حەزرەت ﷺ جاری یەکەم چونکی زانا بوو بەوە کە زوبەیر چاوپۆشی ئەکا و موساعەدەی دراوسێکەی ئەکا هەر ئەوەندەی فەرموو کە ئاوی باخەکەی بدا ئیتر نەیفەرموو حەقت ئەوەیە ئاوەکە پەنگ بخواتەوە لەگەڵ ئەم موساعەدەدا کابرای ئەنسار رازی نەبوو و قسەی زبری کرد. جا بۆ جاری دووەم حەزرەت ﷺ فەرمووی: با باخی زوبەیر حەقی شەرعی خۆی بە تەواوی وەربگرێ و ئاوەکە پەنگ بخواتەوە تا ئەگەڕێتەوە بۆ دیواری باخەکەی ئەوسا بەریبدا بۆ باخی دراوسێکەی. یانی کابرا کە بە زیادە رازی نەبێ چاری ئەوەیە بۆی بێتە سەر حەقە شەرعییەکەی خۆی با لە حەق تێ بگا و عەقڵ بگرێ. جا زوبەیر فەرموویەتی: وا ئەزانم ئەم ئایەتە لە من وە لەو ئەنسارییەدا هاتەخوارێ. وە ئیمامانی حەدیس هەر شەشیان ئەم ریوایەتەیان کردووە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَوۡ أَنَّا كَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ ...﴾ الآية.

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە لە «سدی» ئەڵێ: لە کاتێکا ئایەتی: ﴿ولو أنا كتبنا عليهم﴾ نازڵ بوو سابت ناو کوڕی قەیس کوڕی شەماس و جوولەکەیێ ئیفتیخاریان کرد و جوولەکەکە وتی: وەڵڵاهی خودا نووسیویە لەسەر ئێمە کە خۆتان بکوژن و

ئێمە خۆمان کوشت! جا سابیتیش لە موقابیلی جوولەکەوە وتی: وەڵلاهی ئەگەر خودا لەسەر ئێمەی بنووسیایە کە خۆتان بکوژن خۆمان ئەکوشت. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو و فەرمووی:

﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ﴾

ئەگەر ئێمە فەرزمان بکردایە بەسەر ئەم کەسانەدا کە وان لە دەوری تۆدا و داوای ئیسلامییەت ئەکەن کە: خۆتان بکوژن لە مەیدانی جەنگدا لە جیهادا، یا خود وەکوو بەنیئیسرائیلیەکان کە لە پاش رووداوی «گوێرەکەپەرستییەکەیان» ئەمریان پێ کرا خۆیان بکوژن.

﴿أَوِ اخْرُجُوا۟ مِن دِيَـٰرِكُم﴾

یاخود ئەمرمان پێ بکردایەن لە وڵاتی خۆتان دەرچن وەکوو ئەمرمان کرد بە بەنیئیسرائیلیەکان لەو کاتەدا داوای تەوبەیان لێکرا لە رووداوی گوێرەکەکەدا.

﴿مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ﴾

ئەمرەکەیان بەجێنەدەهێنا ئیللا کەمێکیان نەبێ کە موسوڵمانە موخلیسە فیداییەکانن.

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا۟ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾﴾

وە ئەگەر ئەوانە بەجێیان بهێنایێ هەر کارێ کە وەعزیان کراوە و ئیرشادیان پێ کراوە و ئیرشاد و وەعزیان پێ ئەکرێ، واتە لەمەوپێش یا لەمەوپاش ئەوە زۆر باشتر ئەبوو لە وەقفە و تەرەددود لە ئیقدام لەسەر ئەو کارانەدا و بە هێزتر ئەبوو بۆ دامەزراندنی ئیمانیان.

ئەم ئایەتە ئەگەر هەر لە شانی سابیتی کوڕی قەیس و جوولەکەکەدا نازڵ بووبێ وەکوو وتمان ئەوە مەعنای وایە لە هەموو ئوممەتێ ساڵح و ئەسڵەح هەیە و خالس

و ئەخلەس هەیە و هەموو کارێ و هەموو بارێ لە شانی هەموو کەسێکدا نییە و خودا دائیما میهرەبانە و موناقەشە ناکا لەگەڵ موسوڵمانا، وە ئەگەر موناقەشەی ناتەواوی کار و کردەوە و زەعیفی ئیمان بکرایە کەم کەس رزگار ئەبوو. هەروا دەرئەکەوێ کە ئیمان زیاد و کەم ئەکا و هێزی کردەوە بە قەی هێزی ئیمانە بۆیە فەرق هەیە لە بەینی موسوڵمانانا لە کردەوەدا، وە ئەگەر هەر بە عموومی وارید بووبێ ئەوەیش هەم مەعناکەی دیارەو وێنەی تەقریری پێشووە بەس جانیبی موقابیلی تێدا نییە کە بە تەواوی کافر بێ وەکوو پێشوو.

﴿وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾﴾

وە لەم کاتەدا کە فەرمانبەرداریان بکردایە لە لای خۆمانەوە بە میهرەبانی خۆم ئەجرێکی گەورەم پێ ئەدان.

﴿وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٦٨﴾﴾

وە هیدایەتم ئەدان‌و دامئەمەزراندن لەسەر رێگەی راست کە دینی ئیسلامە بە راستی و ساغی.

فەرموودەی خودا: ﴿وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ﴾ **الاية.**

ریوایەت کراوە لە عائیشەوە ﵂ فەرموویەتی: پیاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا بە راستی تۆ لە لای من خۆشەویستتری لە نەفسی خۆم و تۆ خۆشەویستتری لە ئەهل و ئەولادم و من جارجار لە ماڵی خۆما ئەبم کە بیری تۆ ئەکەمەوە ئارام و سەبرم لێ ئەبڕێ هەتا دێم بۆ لات و ئەڕوانم بۆت، وە کاتێ بیرئەکەمەوە لە مردنی خۆم‌و مردنی تۆ ئەزانم تۆ وای لە بەهەشتا و جێگە و ماوات وا لەگەڵ ماوای پێغەمبەرەکاناو من ـ ئەگەر خودا بەهەشتم پێبدا ـ

جێگەی من دوورە لە جێگەی تۆ و چاوم پێت‌ناکەوێ، وە حەزرەت ﷺ جوابی نەدایەوە هەتا جوبرەئیل نازڵبوو بەو ئایەتەوە.

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ﴾

واتە هەرکەس فەرمانی خودا بەجێ‌بێنێ و موعامەلە بکا بە ئەمر و نەهی ئەو وە مرد ئەوە لە بەهەشتا وا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خودا نیعمەتی پێداون لە پێغەمبەران و لەو کەسانە کە ئەوەندە دڵیان پاکە لە تۆزی عەلاقەی خراپ، بە تەواوی باوەڕیان کردووە بە پێغەمبەرەکان و لەگەڵ کوژراوانی مەیدانی حەربا، وە لەگەڵ ئەوانە کە بۆ خودا سوڵحاون و بەقەی ئیمکان لە خەت لایان نەداوە.

﴿وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ٦٩﴾

وە زۆر جوانن ئەم نەوعە رەفیقە لە خوسووسی رەفاقەتەوە.

وە لە بوخاری شەریفدا ریوایەت ئەکا لە عائیشەوە ﵂ ئەڵێت: بیستم پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: «ما من نبي يمرض إلا خيّر بين الدنيا والآخرة». وە لەو نەخۆشینەدا کە وەفاتی کرد وەزعی وای بەسەرا هات کە دەنگی قورس و زبر بوو گوێم لێ بوو ئەیفەرموو: ﴿مع الذين أنعم الله عليهم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين﴾ کە ئەمەی خوێندەوە من زانیم بەوە کە موختار کراوە لە بەینی ژیان و مردندا.

﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا ٧٠﴾

واتە: ئەو ئەجرە و ئەو زیادە هیدایەتە هەر لەلایەنی خوداوەیە و بەسە خودا لە جیهەتی عیلم و زانستەوە بەوە کە فلان کەس چەندێ کردەوەی هەیە و چەندێ جەزای هەیە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ئیستیعداد و ئامادەیی خۆتان وەربگرن لە بەرابەری ئەو دوژمنانەدا کە وان لە مەلاسدا بۆتان و بۆ هەل ئەگەڕێن. ئادەمیزادی هۆشیار نابێ هۆی بەختیاری خۆی فەرامۆش بکا و لە پەلاماری دوژمن ئەمین بێ.

﴿فَٱنفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُواْ جَمِيعٗا ٧١﴾

دەی دەرچن بۆ جیهاد و جەنگ لەگەڵ کافرەکانا کۆمەڵ کۆمەڵ و تیپ تیپ یاخود دەربچن هەمووتان بە جارێ لەسەر ئەمری فەرماندار. واتە ئەگەر فەرمانی دا بەوە کە تیپێ دەربچێ با تیپێ دەربچێ، وە ئەگەر فەرمانی دا هەموو کەسێ دەربچێ لەبەر ئەوە کە دوژمن زۆر بوون وە یا هاتبوون بۆ ناو وڵاتی ئیسلام، ئێوەیش هەمووتان دەربچن.

﴿ وَإِنَّ مِنكُمۡ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ ﴾

وە بە ڕاستی لە ئێوەیە کەسانێ کە تەمەڵی ئەکەن لە دەرچوون بۆ جیهاد وەکوو مونافقەکان وە ناڕۆن بۆ جەنگ.

﴿فَإِنۡ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَالَ قَدۡ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيَّ إِذۡ لَمۡ أَكُن مَّعَهُمۡ شَهِيدٗا ٧٢﴾

جا ئەگەر مەینەتی و وەیشوومەیەکتان تووش ببێ و لێتان شەهید بکرێ ئەڵێ: ماشەڵڵا خودا نیعمەتی ڕژاند بەسەرما لەبەر ئەوە حازر نەبووم لەگەڵیانا ئەنا تووش ئەبووم.

﴿ وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيْتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾ ﴾

وە بە ڕاستی ئەگەر فەزڵ و کەرەمێکتان پێ بگا لە لای خوداوە واتە غەنیمەتێ وەربگرن و دەسکەوتێکتان بۆ هەڵکەوێ ئەوە لەم کاتەدا بە شێوەی پیاوێکی بێگانە بە داخەوە هەناسە هەڵئەکێشن و ئەڵێن: کاشکی لەگەڵیانا بوومایێ هەتا منیش بگەیشتمایێ بە بەشێکی گەورە و ئەو قسە وا لە دەمیان دەرئەچێ «کأنه» لە بەینی ئەوان و ئێوەدا مەحەبەت نەبووە و یەکتان نەناسیوە و بێ‌عەلاقەن لەیەك.

﴿ فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ ﴾

با جیهاد بکەن لە ڕێگەی خودادا ئەو کەسانە کە ژیانی دنیای خۆیان ئەفرۆشن بە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت.

﴿ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾ ﴾

وە هەرکەسێ جەنگ بکا لەگەڵ کافرانا لەبەر بەرزەوە کردنی دینی خودا و لەو شەڕەدا بکوژرێ لە لایەنی کافرەکانەوە، یاخود ئەم غاڵب بێ و زاڵ بێ بەسەر ئەوانا بە کوشتنیان یا بە بریندار کردنیان یا بەوە کە چەك و سیلاحی ئەوان وەربگرێ، ئەوە لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەجری گەورەی پێ ئەدەین.

﴿ وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ ﴾

ئەوە چیتان دەس ئەکەوێ لە حاڵێکدا جەنگ نەکەن لە ڕێگەی خودادا و لە ڕێگەی رزگار کردنی زەعیفان و زەعیف کراوان لە پیاو و ژن و منداڵانی گیرخواردووی شاری مەککە کە بە هەموو جۆرێ لە بەر دەستیانا کەوتوون و مەنعی دین و ژین و ئاسایش ئەکەن لێیان.؟

﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهۡلُهَا﴾

ئەو پیاو و ژنانە کە ئەپاڕێنەوە لە خودا و ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە دەرمان بکە لەم دێیە و لەم کۆمەڵگایە کە خۆی خۆش و سالمە بەڵام دەسڕۆیشتووەکانی ستەمکار و زاڵمن!

﴿وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾﴾

وە بۆمان ساز بکە لە لایەنی خۆتەوە سەرکارێکی وا کە ئیش و کارمان ڕێك بخا. وە بۆمان ڕێك بخە لە لایەنی خۆتەوە یارمەتیدەرێ کە دەرمان بکا لە ستەم و زۆری ئەو زۆردارانە.

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ﴾

ئەوەیش بزانن فەرق زۆرە لە بەینی ئەم دوو سوپادا کە جەنگ ئەکەن لەگەڵ یەکدا و خۆیان ئەدەن بە کوشت؛ فەرقەکە ئەمەیە: ئەوانە کە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلام جەنگ ئەکەن لە ڕێگەی دینی خودا و بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەقدا، وە ئەمانە پایەی سەربەرزی جیهان و سەرفەرازی و رزگاری پاشەڕۆژیان دەست ئەکەوێ.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ﴾

وە ئەو کەسانە کە کافرن و ئیمانیان نییە شەڕ ئەکەن لە ڕێگەی شەیتانا و لەبەر هەوای هەواپەرستانا کە لەبەر توغیان و لادان لە ڕێگەی ڕاست گومڕا بوون.

﴿فَقَٰتِلُوٓاْ أَوۡلِيَآءَ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ﴾

جا ئەمانە دۆستانی شەیتانن. وە شەڕ بکەن لەگەڵ دۆستانی شەیتانا.

﴿إِنَّ كَيۡدَ ٱلشَّيۡطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ٧٦﴾

بە راستی فڕو فێڵی شەیتان بێ‌هێزە و فڕو فێڵی پەیڕەوەکانی لە فێڵی ئەو زایفترە.

فەرموودەی خودا: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ﴾ الآية.

نەسائی و حاکم ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف و گەلێ لە رەفیقەکانی کاتێ لە مەککەی موکەڕڕەمەدا بوون لە ئەووەڵی ئیسلامەوە گەلێ لە بەردەستی موشریکەکانا کز بووبوون، جا رۆیشتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزیان کرد: ئێمە لەو چەرخەدا کە کافر بووین زۆر خاوەن پایە و مایە و دەستەڵات بووین و لە پاش ئیسلام بوون کز و داماو کەوتین ئیزنمان بدە با جیهاد بکەین لەگەڵ کافرەکانا.

حەزرەت ﷺ فەرمووی: من ئەمرم پێ کراوە بە عەفو وە ئەمرم پێ نەدراوە شەڕ بکەم، سەبر بکەن. جا لە پاش ئەوە کە کۆچیان کرد بۆ مەدینەی مونەووەرە و مەجالی جیهاد کردن و جەنگ کرایەوە ئەوانە خۆیان گرتەوە لە جەنگ و جیهاد وە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمر کرا بە جەنگ خۆیان ئامادە نەدەکرد. جا خودا فەرمووی:

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ كُفُّوٓاْ أَيۡدِيَكُمۡ﴾

ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەی کە لە شاری مەککەدا وترا پێیان لە لایەنی حەزرەتەوە ﷺ: ئێستە دەست بگێڕنەوە لە جیهاد.

﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾

وە ئێستە بەس نوێژ بکەن و زەکات بدەن.

﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً﴾

کەچی کاتێ جەنگ و جیهاد فەرز کرا لە سەریان کوتوپڕ حاڵیان وای لێهات کۆمەڵێ لەوان ئەترسان لە موقابەلەی دوژمنەکان لە جەنگا وەکوو لە خودا بترسن یاخود بە ترسانی زیاتر لەوە؛ چونکە فیعلەن لە مەیدانی جیهادا لێیان ئەکوژرا.

﴿وَقَالُوا۟ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ﴾

ئەیانوت: پەروەردگارا بۆچی لەم کاتەدا جەنگ کردنت فەرز کردووە لە سەرمان؟ ئەوە بۆچی دوات نەخست بۆ ماوەیەکی نزیك!

﴿قُلْ مَتَـٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ: خۆشی وەرگرتن لە رابواردنی دنیا زۆر کەمە، بەڵام خۆشی وەرگرتن لە قیامەتا زۆر بەسوودتر و خۆشتر و پایەدارترە و ئەمانەیش بۆ ئەو کەسە ئەبن کە لە خودا بترسێ.

﴿وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾﴾

وە ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ و حەقتان نافەوتێ بە قەی رشتەیێ وا لە ناو قڵیشی ناوکە خورمادا.

﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾

وا دیارە لەبەر ئەوە حەز بە جەنگ ناکەن بۆ رزگار بوون لە مردن بەڵام ئەم گومانە بێبایەخە؛ چونکی مردن بە ئاکامە و ئاکام لە لای خودادا دیاری کراوە، کەوابێ لە هەر شوێنێکدا بن لە کاتی خۆیا مردنتان پێ ئەگا هەرچەن لە بورجی دەربەستەی بەرزا بن.

﴿وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ﴾

وە ئەم کۆمەڵە موونافقانە کە وان لە ناو موسوڵمانەکانا و زاڵ ئەبن بەسەر فیکری بازێ موسوڵمانی بێهێزا، کاتێ بەش و بارەیەکی باشیان پێ بگا لە: دارایی، لە تەندروستی، لە منداڵی نێرینە، لە خۆش‌گوزەرانی. ئەڵێن: ئەمە لە لایەنی خوداوە هاتووە، وە ئەگەر جارێ ڕووداوێکی ناباریان پێ بگا وەکوو نا ساغی و نەدارایی و تەنگ‌گوزەرانی. ئەڵێن: ئەمە لەبەر تۆیە ئەی پێغەمبەر! واتە بە هۆی هاتنی موحەممەدەوە بۆ مەدینە ئەم شارە گۆڕراوە و بەش و بارەی ئەوساکەی نەماوە و ئادەمیزادی بەیەکا شڵەژاوە.

﴿قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ پێیان بفەرموو: هەموو ئەمانە لە خۆشی و ناخۆشی و لە تەنگی و لە گوشادی. هەمووی هەر لەلایەنی خوداوەیە؛ چونکی هەر خودایە هەر شتێ ئارەزووی ببێ دروستی ئەکا و کەس رایەی ناکەوێ هیچ دروست بکا. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی‌تریشەوە لە ڕۆژێکەوە خودا ئادەمیزادی ناردووەتە سەر زەوی خودا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ تەمێ و تەربییەی باقی ئادەمیزاد و ئەم یاسا پیرۆزی و هۆی بەختیارییە بۆ ئادەمیزاد نەك هۆی ئازار و کەم ژیوارییە بۆیان.

﴿فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾﴾

ئەوە چ دەردێ ڕووی داوە بۆ ئەو کۆمەڵە کەوا نزیك نییە تێ بگەن لە گوفتارێکی خاوەن مەغز و بەراوردی بکەن لە ئینسان و باقی گیانلەبەرەکان هەتا حاڵی ببن کە کەس شتی پێ ناکرێ خودا نەبێ؟

﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ﴾

ئەگەر ئەتەوێ لە حەقیقەت حاڵی ببی ئەی پێغەمبەری من، بزانە ئەوەی کە بە تۆ ئەگا لە نیعمەت و کەرەم و بەخشش هەمووی هەر لە فەزڵی خوداوەیە و بە قەتعی لە موقابیلی کردەوەی چاکەی تۆوە نییە؛ چونکی هەرچی تۆ ئەیکەی ناگا بە میزانی نیعمەتی وجوود و عەقڵ و سیحەت کە پێت دراوە.

﴿وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ﴾

وە ئەوەیش کە پێت بگا لە بەڵاو ئازاری دڵ و کاری نابار هەمووی لە نەفسی خۆتەوەیە؛ چونکی نەفسی ئینسان سەبەبە لە بۆ گیرۆدە بوونی ئینسان بە گوناهباری و گوناهیش سەبەبە لە بۆ ئەوە کە خودا بەڵاو دەرد و مەینەت نازڵ بکا.

جا لەسەر ئەم تەفسیرە کە «حسنه» بە مانا غەنیمە و نیعمەت بێ، وە «سیئه» بە مانا بەڵاو مەینەت بێ و نیسبەت بدرێ لە موخاتەبەکە ئەبێ تەئویل بکرێ بە یەکێ لە دوو تەئویل؛

یەکەم: ئەمە کە ئەم خیتابە سوورەتەکەی لەگەڵ حەزرەتایە ﷺ و حەقیقەتەکەی روو ئەکاتە ئوممەت و مانای وایە «فمن نفس أمتك» وەکوو ئایەتی ﴿یا أیها النبي إذا طلقتم النساء﴾[1] یانی «إذا طلق أمتك النساء».

دووەم: ئەمەیە کە بە یاسای مەشهوور کە فەرموویانە: «حسنات الأبرار سيئات المقربين» هەرچەن پێغەمبەران مەعسووم و بێتاوانن بەڵام قابیلە بازێ کاری وا بکەن کە نیسبەت بە مەقام و شانی ئەوان وەکوو تاوان وابێ و ببێ بە ئەساس بۆ واریدبوونی بازێ بەڵا و مەینەت «من جمله» ئەڵێن: لە واقیعەی ئوحودا ئەگەر

---

١. الطلاق؛ ١.

حەزرەت ﷺ موبالاتی نەکردایە بە بیر و تەدبیری جوانەکان و لەسەر تەدبیرەکەی خۆی و بازێ لە گەورەکان بمایێ تووشی ئەو کوشتار و ئازارە نەدەبوون (مع أنه) ئەو ڕووداوەیش پڕ بوو لە حیکمەت بۆ پاشەڕۆژیان. وە لەسەر تەقدیری ئەوە کە «حسنة» بە مانا تاعەت بێ و «سیئة» بە مانا گوناهـو مەعسیەت بێ ئەوە هیچ ئیشکاڵێ لە ئایەتەکەدا نابێ؛ چونکی مەعناکەی ئەمەیە هەر تاعەتێ تۆ بیکەی لە لایەنی خوداوەیە و بە تەوفیقی ئەوە، وە هەر تاوانێ بکەی ئەوە لە نەفسی خۆتەوەیە بەڵام کەلامەکە بە قاعیدەی نەحوی کە «موصول» وا لە تەقدیری «شرط»ا ئەبێ بە کەلامێکی تەعلیقی، واتە ئەگەر ئەو تاوانە بکەی ئەوە لە نەفسی خۆتی بزانە، بەڵام ئەو تاوانەکەی نەکردووە و نایکا.

بێداربنەوە! کە مونافات نییە لە بەینی ئەم ئایەتە و ئایەتی پێشوودا خودا فەرمووی: ﴿قل کل من عند الله﴾؛ چونکی ئایەتی پێشوو لەسەر ئیعتیباری خەلق و ئیجادە، وە دیارە هەموو چاکە و خراپەیێ خودا دروستی ئەکا، وە ئەم ئایەتە لەسەر ئیعتیباری عەلاقە و بوون بە سەبەبە دیارە ئینسان هەر گوناهێ بکا سەبەبەکەی وا لە خۆیا و ئارەزووی نەفسی خۆی ئەبێ بە ئەساسی ئەوە.

﴿وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا﴾

وە ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بە پەیغامبەر بۆ لای هەموو کەسێ بەڕاستی.

﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾﴾

وە بەسە خودای تەعالا بۆ شاهیدی لەسەر ئەم مەبەستە کە ریسالەتی تۆیە بۆ سەر هەموو ئینسان.

﴿مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾

هەرکەسێ ئیتاعەی پێغەمبەر ﷺ ئەکا ئەوە بە راستی ئیتاعەی خودای کردووە؛ چونکی ئەمری ئەو ئەمری خودایە و نەهیی ئەو نەهیی خودایە.

﴿وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴿٨٠﴾﴾

وە هەرکەسێ پشت هەڵ بکا و ئیتاعەی پێغەمبەر نەکا تۆ حەقت نەبێ بەسەریەوە تۆ هەر حەقی تەبلیغت هەیە ئیتر تۆمان نەناردووە بە نیگاهبان لەسەریان.

﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ﴾

موونافقەکان لە حوزووری تۆدا لە کاتی دەرکردنی فەرمان لەسەر جیهاد ئەڵێن: واجبی ئێمە هەر ئیتاعە و ملکەچییە و چی ئەفەرمووی ئامادەین بۆ بەجێهێنانی.

﴿فَإِذَا بَرَزُوا۟ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ﴾

وە لە کاتێکدا دەرئەچن لە لای تۆ تاقمێ لەوان قسەیەك رێك ئەخا غەیری ئەوە کە تۆ فەرمووت. واتە وا نیشان ئەدا بە هاورێکانی کە ئەو راوێژە تۆ لەسەری دامەزرای باش نییە و لە بیری وادا ئیتاعەی ناکەین.

﴿وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ﴾

وە خودای تەعالا لە دەفتەری ئەعمالیانا ئەنووسێ ئەوەی کە لە ناوی خۆیانا رێکی ئەخەن بۆ ئەوە کە لە رۆژی قیامەتا موحاسەبەیان بکا لەسەری.

﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾

دی تۆ لادە لێیان و ئیعرازیان لێ بنێ و ناویان مەبە و بەرەورووویان مەخەرەوە و لە کار و باری خۆتا پاڵ بدە بە یارمەتی خوداوە.

﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٨١﴾﴾

وە بەسە بۆ تۆ خودای تەعالا لە خوسووسی پاڵ پێوەدانەوە.

﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ﴾

ئایا ئەم کۆمەڵە مونافقانە تەفەککور ناکەنەوە لە قورئانا؟ کە ئەم قورئانە کەلامی خودایە و ئەخبارەکانی هەموو راستن و سیاق و ئوسلووبی لە کەلامی ئادەمی ناچێ و لە پایەی بەلاغەتا لە تاقەتی خەڵکدا نەماوە و مادام ئەمە کەلامی خودایە ئەبێ ئەو کەسەیش ئەم کەلامەی بۆ هاتووە پێغەمبەری خودا بێ، وە واجبە ئینسانی هۆشیار ئیمانی پێ بێنێ و باوەڕی پێ بکا و ساغ ببێتەوە لەگەڵیا ئیتر لەوە زیاتر مونافقی و دووڕوویی نەکا؟

﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾﴾

وە پێویستە تۆزێ تەماشای ئەوەیان بکردایە کە ئەگەر ئەو کەلامە لەلای غەیری خوداوە بوایێ و لە کەلامی فریشتەیێ یا پەریێ یا ئادەمیزادێ بوایێ جیاوازی و گۆڕانی زۆریان تێدا دەس ئەکەوت؛ چونکی غەیری خودا کەس غەیب نازانێ و بەم بۆنەوە لە ئەخبارەکانیا درۆ پەیدا ئەبوو، وە غەیری خودا کەس ناتوانێ تەتبیقی بەلاغە بکات، کەوابوو بازێکی بەلیغ و بازێکی غەیرە بەلیغ ئەبوو. ئێستە کە ئەم قورئانە وا نییە ئەوە مەعنای وایە کەلامی خودایە و پێویستە باوەڕ بە خۆی و خاوەنەکەی بکرێ.

فەرموودەی خودا: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ﴾ **الآية.**

موسلیم ریوایەتی کردووە لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﷺ ئەڵێ: کاتێ کە حەزرەت ﷺ کەناری گرت لە ژنەکانی لەبەر دڵ ئازارییەك کە هات بەسەریا رۆیشتمە مزگەوتەوە کە تەماشام کرد حاڵی بووم کە بازێ کەس بەردە وردەیان بە دەستەوەیە و ژمارەی ئەکەن و ئەڵێن: حەزرەت ﷺ ژنەکانی تەڵاق داوە، منیش

ئارامم نەگرت و زوو ڕۆیشتم دام لە دەرگا و ئیجازەم وەرگرت بۆ چوونەماڵ و ئیزنم بۆ هات و ڕۆیشتم و عەرزم کرد: ئایا ژنەکانت تەڵاق داوە؟ فەرمووی: نەخەیر. منیش وتم «اللّٰهأکبر» و ڕاوەستام لە دەرگای مزگەوتا و بە دەنگی بەرز بانگم کرد: حەزرەت ﷺ ژنەکانی تەڵاق نەداوە جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو وە دەرکەوت من ئیستینباتی ئەو ئەمرەم کرد ئەگەر بڵێین حەزرەت ﷺ ژنەکانی تەڵاق داوە بە هۆی بڵاوەبوونی ئەو قسەوە دەنگوباسێ پەیدا ئەبێ و قازانجی موسوڵمانان وا لەوەدا ئەو قسە کپ ببێتەوە جا خودا فەرمووی:

﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِۦ ﴾

کاتێ باسێکیان پێ بگا لەو باسانە کە هۆی ئەمن و ئاسایش یا بیم و ترس بێ گورج بڵاوی ئەکەنەوە بە ناو خەڵکا و نازانن گەلێ کات ئەو بڵاوکردنەوە زیانی تێدایە بۆ موسوڵمانان.

﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ﴾

وە ئەگەر ئەم خەبەرانەیان نەدایە و حەواڵەی بیر و ڕای پێغەمبەریان بکردایە ـ سەلامی خودای لێ بێ ـ و حەواڵەیان بکردایە بە بیر و ڕای پیاوە خاوەن کارەکانیان ئەوە بە ڕاستی کە پێغەمبەر ﷺ وە ئەو خاوەن ئەمرانە کە ئەهلی ئیستینبات و ئیستیخراجی سوود و قازانجی موسوڵمانانن ئەیانزانی ئایا ئەو باسانە بکرێن یا نە، وە کاتێ بڵاویان بکەنەوە بە چ شێوەیێ بڵاویان بکەنەوە.

﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٣﴾﴾

وە ئەگەر فەزڵ و کەرەم و میهرەبانی خوداتان لەسەر نەبوایە و نەیپاراستنایێ لە بازێ کاری نابار، ئەکەوتنە دووی شەیتان مەگەر کەمێ لە ئێوە.

﴿فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ﴾

دەی جیهاد و جەنگ بکە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دینی خوادا و داوای تێکۆشین ناکرێ لە تۆ ئیللا نەفسی خۆت.

﴿وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ﴾

وە تەرغیب و هانە هانەی موسوڵمانەکان بدە لە سەر جیهاد.

﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ﴾

رجا هەیە کە خودای تەعالا مەنعی زیانی کافرەکانتان لێ بکا.

﴿وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا ٨٤﴾

خودای تەعالا زۆر بەهێزترە لەوان لە هۆی زیانگەیاندن بە دوژمن و بەهێزترە لەوان لە هۆی عەزابدانی کەسێ کە خواستی لەسەر عەزابدانی هەبێ.

﴿مَّن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً حَسَنَةٗ يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٞ مِّنۡهَاۖ﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە لە ناو خۆتانا ئینسانێکی دڵسۆز و غەمخۆر و بارە و ڕێکخستنی یەکیەتی و کۆمەڵایەتی بن و فریای یەکتر بکەون بە دارایی و بە دەم. هەرکەسێ تکایێ بکا بۆ کەسێك کە داماو بێ بەم مەرجە تکاکەی جوان بێ و موخالیفی یاسای ئیسلام نەبێ ئەوە بەشێکی خێری گەورەی لەو تکاوە دەس ئەکەوێ.

﴿وَمَن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةٗ سَيِّئَةٗ﴾

وە هەرکەسێ تکایەکی نابار و ناهەموار بکا و مەبەستی زیانگەیاندن بێ بە کەسێ کە موستەحەق نەبێ ئەوە...

﴿يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَاۗ﴾

بەشێ لە بەرابەری ئەو تکا ناباره ئەکەوێتە سەری. واته هەرکەسێ بە دەم و زمان و بە نامە و خامە و راسپێری، ببێ بە هۆی زیاندان لە کەسێ کە موستەحەقی نەبێ بە شەرع ئەوە بەشێ لە تاوانی ئەو کارە ناباره ئەکەوێتە سەرشانی.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقِيتٗا ﴿٨٥﴾﴾

وە خودای تەعالا قادرە و تەوانایە لەسەر هەموو کارێ. جا ئاگاتان لە خۆتان بێ.

﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٖ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ﴾

هەرکاتێ سەلامتان لێ کرا ئێوەیش وەڵامی ئەو سەلامە بدەنەوە بە جوانتر و شیرینتر لەوە یاخود وەکوو ئەو.

ریوایەت کراوە: پیاوێ هات بۆ لای حەزرەت ﷺ، وتی: «السلام علیکم» حەزرەتیش فەرمووی: «و علیك السلام و رحمة اللّٰه». وە پیاوێتر هات وتی: «السلام علیکم و رحمة اللّٰه» حەزرەتیش ﷺ فەرمووی: «و علیك السلام و رحمة اللّٰه و برکاته». وە پیاوێتر هات وتی: «السلام علیکم و رحمة اللّٰه و برکاته» وە حەزرەت ﷺ فەرمووی: «و علیك»، کابرا وتی: جوابەکەی منت بە ناقیس دایەوە! فەرمووی: تۆ هیچ زیادەت بۆ من نەهێشتەوە، بۆیە منیش ئیکتیفام کرد بە وێنەی سەلامەکەی تۆ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾﴾

خودای تەعالا بە راستی حەسیب و نیگابانە لەسەر هەموو شتێ و حیسابتان لەگەڵ ئەکا لەسەر جوابی سەلام لە کاتێکا تەرکی بکەن.

بزانن! جومهووری ئیمامانی ئیسلام لەسەر ئەوەن کە ئیبتیدای سەلامکردن سوننەتە، جا بە سوننەتی عەین بۆ تاقە کەس و بە سوننەتی کیفایە بۆ کۆمەڵ و جوابەکەی فەرزە بە فەرزی عەین بۆ تاقە کەس و بە فەرزی کیفایە بۆ کۆمەڵ.

واتە ئەگەر یەکێ لەو کۆمەڵە جوابی سەلامەکە بداتەوە بەسە. وە بە فەرموودەی حەزرەت ﷺ سابت بووە کە سونەتە ئینسانی سوار سەلام بکا لە پیادە و راوەستاو لەسەر دانیشتوو وە کومەڵی کەم لەسەر کۆمەڵی زۆر لە کاتێکا بگەن بە یەك. بەڵام ئەگەر کەسێ هات بۆ لایان ئەوە موتڵەقا ئەو سەلام ئەکا. وە سەلام لەسەر مردوانیش وەکوو سەلامە لەسەر زیندوان. وە عائیشە رضي الله عنها ئەفەرموێت عەرزی حەزرەتم کرد: «کیف أقول إذا دخلت المقابر؟ قال: قولي: السلام علیکم أهل الدیار من المؤمنین».

ئەگەر کەسێ بە نامە یا بە پەیاما سەلامی نارد بۆ کەسێ واجبە بە دەم جوابی بداتەوە. ئەگەر دوو کەس بگەن بە یەك و هەردوو سەلام بکەن واجبە لەسەر هەردوویان جوابی موقابیل بدەنەوە. وە سەلامی ژن لە ژن وەکوو سەلامی پیاوە لە پیاو بەڵام سەلامی پیاو لە ژن و ژن لە پیاو بە بێ مەحرەمییەت لە ناویانا جوابی واجب نییە، بەڵکوو ئەگەر ژنەکە جوان بێ حەرامە سەلام و جوابەکەیشی. بەڵێ بۆ پیرەژنی دوور لە گومان قەی ناکا.

دروست نییە سەلام لە ئەهلی «ذمة»، بەڵێ مەرحەبایی و بەخێر هاتنی دروستە ئەگەر ئەوان سەلامیان کرد جوابەکەیان «علیك» یا «علیکم» بە بێ واو ئەبێ. هەروا دروست نییە سەلام لە ئەهلی فیسق و ئینسانی خاوەن بیدعەت ئیللا لەبەر عوزرێ وە یا بیمی ئاشووبێ ئەو جارە دروستە بەڵکوو گەلێ جار واجبە.

وە سونەتە لە کاتی جیابوونەوە لە رەفیقان سەلام بکا لێیان وەکوو لە کاتی گەیشتنیا بەو رەفیقانە، وە جوابی ئەم سەلامەیش واجبە. وە لە وەختی نوێژ و دەسنوێژ و قورئان خوێندنا و قەزای حاجەتا و نان خواردنا نە سەلام سونەتە و نە جوابەکەی واجبە.

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ﴾

ئەو زاتەی کە ناوی خۆی ناوە بە «اللّٰه» و کردوویەتی بە ناوی جامیع بۆ هەموو کەمالێ و مانیع لە هەموو نوقسانێ، هیچ کەس نییە کەوا عیبادەت و بەندەگی بۆ بکرێ بە حەقانیەت ئەو نەبێ.

﴿لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾

جا ئەو زاتە کە ئەوەندە گەورەیە هەر ئەو شیاوی عیبادەت بۆ کردنە سوێند ئەخوا ئەڵێ: بە بێ‌گومان هەمووتان گردئەکاتەوە لە رۆژی قیامەتا. واتە زیندووتان ئەکاتەوە و هەمووتان گرد ئەکاتەوە لە یەك شوێنەوارا لەو رۆژەدا کە رۆژی بازرەسی کردەوە و بیر و باوەڕە.

﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾

ئەوەندە ئەم مەبەستە راستە بۆ ئەوە ناشێ هیچ کەسێ گومانی ببێ تیایا.

﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾﴾

جا ئەوە کێیە کە راستتر بێ لە خودای تەعالا لە هۆی فەرموودەوە؟

فەرموودەی خودا: ﴿فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ﴾.

ئیمامان موسلیم و بوخاری ریوایەتیان کردووە لە زەیدی کوڕی سابیت ئەڵێ: کە حەزرەت ﷺ رۆیشت بو ئوحود کۆمەڵێ لەوانە کە لە خزمەتیا رۆیشتن بۆ ئەوێ گەڕانەوە بۆ مەدینە، ئەمانە کە گەڕانەوە ئەسحابەکانی حەزرەت [لێیان] بوون بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان وتیان: ئەوانە گەڕانەوە ئەیانکوژین و بەشێکیشیان وتیان: نایانکوژین. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ﴾

چیتان دەست ئەکەوێ کە لە حاڵی ئەم موناففقانا بوون بە دوو تاقم؛ تاقمێکتان ئەڵێن: ئەوانە موسوڵمانن و نایانکوژین و تاقمێکتان ئەڵێن: ئەوانە کافرن و ئەیانکوژین؟ بۆچی هەموو بە جارێ بە ئیتتیفاق ناڵێن ئەوانە کافرن؟

﴿وَٱللَّهُ أَرۡكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓاْۚ﴾

وەلحاڵ ئەو کۆمەڵە خودای تەعالا گەڕاندوونیەتەوە بۆ ئاگری دۆزەخ و بۆ عەزاب بە هۆی ئەو بیر و باوەڕە ناهەمواره کە پەیدایان کردووە بۆ خۆیان.

﴿أَتُرِيدُونَ أَن تَهۡدُواْ مَنۡ أَضَلَّ ٱللَّهُۖ﴾

ئەی کەسانێ کە ئەوانە بە باش ئەزانن وە یا بە کافریان نازانن ئایا ئەتانەوێ کە ئێوە بە وتار هیدایەتی کەسانێ بکەن کە خودای تەعالا گومڕای کردوون بە واسیتەی ڕۆچوونیان لە فەسادی عەقیدەدا.

﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ٨٨﴾

وە هەرکەسێ خودای تەعالا گومڕای بکا ئەوە بە قەتعی تۆ ڕێگەی هیدایەت و عینایەتت بۆ ئەو کەسانە دەست ناکەوێ. وە لە ریوایەتێکدا مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتە کەسانێ بوون کە لە دەشتەوە هاتن بۆ مەدینەی مونەووەرە و گومانیان وا بوو کە موهاجیرن و ماوەیێ لەوێ بوون و پاش ماوەیەك وەزعی مەدینەیان لە لا باش نەبوو گەڕانەوە بۆ دەشت و لە دین وەرگەڕانەوە. وە ئەم ریوایەتە زۆر نزیکە لە عەقڵەوە بە دەلیلی ئەوە کە خودای تەعالا لە پاش ئەم ئایەتەوە ئەفەرموێت.

﴿وَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءٗۖ﴾

زۆریان پێ خۆشە کە ئێوەیش کافر ببن وەکوو خۆیان کافرن، یا ئێوەیش لە دین وەرگەڕێن وەکوو خۆیان لە دین وەرگەڕانەوە جا هەمووتان وەکوو یەکتان لێ بێ لە کوفرا.

﴿فَلَا تَتَّخِذُوا۟ مِنْهُمْ أَوْلِيَآءَ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ﴾

ئەوانە مەگرن بە دۆستی خۆتان هەتا بە راستی ئەگەڕێنەوە بۆ مەدینە و کۆچ ئەکەن بۆ لای ئێوە لە ڕێگەی خودادا.

﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ۖ﴾

جا ئەگەر ئەوانە پشتیان هەڵکرد لە ئیمانی راستەقینە و لە کۆچ‌کردن بۆ مەدینە ئەوە لە هەر شوێنێکدا بۆتان ڕێکەوت بیان‌گرن و بیان‌کوژن لە هەر شوێنێکدا دەس‌کەوتن.

﴿وَلَا تَتَّخِذُوا۟ مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾﴾

وە لەمانە دۆست و یارمەتی‌دەر بۆ خۆتان مەگرن و بە موسوڵمانیان مەزانن.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَـٰقٌ﴾

ئیللا ئەوانەیان کە پەیوەندی دراوسێتی یا پەیمانیان هەیە بە قەومێکەوە کە هەیە لە بەینی ئێوە و ئەوانا میساق و پەیمان وەکوو هۆزی «خەزاعە» یا هۆزی «ئەسلەم» چونکی حەزرەت ﷺ پەیمانی کردبوو لەگەڵیانا لەسەر ئەوە کە یارمەتی حەزرەت نەدەن و یارمەتی کەسیش نەدەن لەسەر زیانی حەزرەت ﷺ و پەیماندار لەگەڵ ئەو کەسەدا کە پەیمانی لەگەڵدا کرابێ پێویستە ئەمین بێ و دەستی بۆ نەبرێ.

﴿أَوْ جَآءُوكُمْ حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ أَن يُقَـٰتِلُوكُمْ أَوْ يُقَـٰتِلُوا۟ قَوْمَهُمْ ۚ﴾

وە ئیللا ئەو کەسانیش کە هاتن بۆ لاتان و حاڵیان وابوو دڵیان تەنگ بوو لەوە کە جەنگتان لەگەڵدا بکەن یا جەنگ لەگەڵ قەومەکەی خۆیشیانا بکەن هەرچەن دوژمنی ئێوەن جا،

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَـٰتَلُوكُمْ ۚ﴾

وە ئەو قەومە قەومێکی بەهێزی وا بوون ئەگەر خودا مەیلی ببوایێ زاڵی ئەکردن بە سەرتانا و جەنگیان ئەکرد لەگەڵتانا.

﴿فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ﴿٩٠﴾﴾

جا ئەگەر ئەو قەومە کەناریان گرت لە ئێوە و جەنگیان نەکرد لەگەڵتانا و هەموو ملکەچی خۆیان نیشان دا بە ئێوە، ئەوە لەم حاڵەدا ئیتر خودای تەعالا ڕێگەیەکی ناباری بڕیار نەداوە بۆ ئێوە هەتا بڕۆن بەسەریا بۆ زیاندان لەو قەومە.

موفتی ئەبووسعوودی عیمادیەیی ﷺ لە تەفسیرەکەی خۆیا ئەفەرموێت: ئەم قەومە «بنی‌مدلج» بوون هاتن بۆ مەدینە بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و شەڕیان نەکرد لەگەڵیا و قەراریان دا کە وەکوو جەنگ ناکەن لەگەڵ حەزرەتا جەنگیش ناکەن لەگەڵ قەومەکەی خۆیانا و حەزرەت ﷺ بەمە رازی بوو.

وە درێژەی ئەم باسە ئەمەیە کە ئیبنوئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە حەسەنی بەسرییەوە کە: سەراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی قسەی بۆ گێڕاونەتەوە ئەڵێ: کاتێ حەزرەت ﷺ زاڵ بوو بەسەر کافرەکانا لە ڕووداوی بەدرا و ڕووداوی ئوحود رابورد و گەلێ عەرەب بە دەوری ئەودا موسوڵمان بوون خەبەرم پێ گەیشت کە حەزرەت ﷺ ئەیەوێ خالیدی کوڕی وەلید ڕەوانە بکا بۆ سەر بەنی‌مەدلەج، منیش کە ئەمەم بیست هاتم بۆ مەدینەی مونەووەرە و وتم بە حەزرەت ﷺ: هاتووم داوای خێرت لێ ئەکەم. ئەسحابەکان وتیان پێم: بێ‌دەنگ بە. حەزرەت ﷺ فەرمووی: وازی لێ بێنن جا فەرمووی بە خۆم: چیت ئەوێ؟ عەرزم کرد: بیستوومە سوپا ئەنێری بۆ سەر قەومەکەم و من ئەمەوێ ڕێکەوی لەگەڵیانا و وازیان لێ بێنی. جا ئەگەر قەومەکەی خۆت موسوڵمان بوون ئەمانیش موسوڵمان ئەبن. ئەگەرنا بۆچی

بە بێ سوود ئەم قەومی منە ببن بە دوژمنی قورەیش. جا حەزرەت ﷺ دەستی خالیدی گرت و پێی فەرموو: لەگەڵیا بڕۆ چی ئەوێ بەجێی بێنە. وە خالید ڕۆیشت ڕێکەوت لەگەڵیانا لەسەر ئەوە ئەوان یارمەتی حەزرەت نەدەن و یارمەتی کەسیش نەدەن لە سەری بۆ زیان گەیاندن بە موسوڵمانان، وە ئەگەر قورەیش موسوڵمان بوون ئەوانیش موسوڵمان ببن. جا ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە.

﴿سَتَجِدُونَ ءَاخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُوا۟ قَوْمَهُمْ﴾

یانی بەم نزیکانە کۆمەڵەیەکتان دەس ئەکەوێت ئەیانەوێ ئەمین بن لە ئێوە و ئەمین بن لە قەومی خۆیشیان لە کافرەکان.

﴿كُلَّ مَا رُدُّوٓا۟ إِلَى ٱلْفِتْنَةِ أُرْكِسُوا۟ فِيهَا﴾

وە ئەمانە هەرکاتێك بانگ بکرێن بۆ فیتنە واتە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسوڵمانانا ئەخرێنە ناو فیتنەکەوە. واتە زۆر بە دڵ ئەڕۆن بۆ جەنگ و لەوەی لە دەستیان بێ قوسوور ناکەن.

﴿فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوٓا۟ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَمَ وَيَكُفُّوٓا۟ أَيْدِيَهُمْ﴾

جا ئەگەر ئەم کافرانە دوور نەکەوتنەوە لە ئازاردانی ئێوە و چەکیان فڕەنەدا و ئەمن و ئاسایشیان نەویست بۆ ئێوە و مەنعی خۆیانیان نەکرد لە زیانگەیاندن بە ئێوە واتە بیلعەکس لەسەر دوژمنایەتی ئێوە مانەوە...

﴿فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ﴾

بیانگرن و بیانکوژن لە هەر شوێنێکدا زاڵ بوون بە سەریانا.

﴿وَأُو۟لَٰٓئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿٩١﴾﴾

ئەم کافرانە قەرارمان داوە بۆ ئێوە کە سەیتەرەتان ببێ لەسەریان و زاڵ بن بەسەریانا و غەڵەبەیەکی ئاشکرام بڕیارداوە بۆتان لەسەریان. بە کورتی ئیجازەم پێداون بە هەر جۆری مومکین ببێ بیانفەوتێنن.

بزانن! لە مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتەدا گەلێ قسە هەیە؛ قەتادە ئەڵێ: نازڵ بووە لە شانی قەومێ لە «تهامه» داوای ئەمانیان کرد لە حەزرەت ﷺ بۆ ئەوە کە ئەمین بن لە موسوڵمانەکان و لە لای قەومەکەی خۆیشیان بە ئەمینی بمێننەوە. وە موجاهید ئەڵێ: نازڵ بووە لە قەومێ لە ئەهلی مەککەی موکەڕڕەمە. وە «سدی» ئەڵێ: نازڵ بووە لە نەعیمی کوڕی مەسعوودا کە ئەیویست ئەمین بێ لە موسوڵمانان و لە کافرە موشریکەکانی دەورو بەری خۆیشی. وە حەسەن ئەڵێ: نازڵ بووە لە هۆزی ئەسەد و غەتفاندا. هاتن بۆ مەدینە موسوڵمان بوون لە پاشان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان و کوفری خۆیان دەربڕییەوە وەکوو جاری جاران.

فەرموودەی خودا: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا﴾.

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە لە عەکرەمەوە ئەڵێ: حەرسی کوڕی یەزید لە بەنیعامیری کوڕی لوەی لەگەڵ ئەبووجەهلدا عەزابی عەیاشی کوڕی ئەبوورەبیعەیان ئەدا. پاش موددەیەك حەرس موسوڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ لای حەزرەت ﷺ بۆ مەدینەی مونەووەرە و لە رێگەدا گەیشت بە عەیاش و عەیاشیش لەسەر ئەو تەعزیبە کە لە لایەنی ئەوەوە کرابوو بێ‌پرس و مەسڵەحەت دایە بەر شیر و کوشتی! وە گومانی وابوو هەر کافرە و هات خەبەری دا بە حەزرەت ﷺ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا﴾

رەوا نییەو ناجۆرە بۆ موسوڵمان کە موسوڵمان بکوژێ مەگەر بە هەڵە.

﴿وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ﴾

وە هەر موسوڵمانێ موسوڵمانێکی‌تر بە هەڵە بکوژێ ئەوە فەرزە لەسەری کە بەندەیەکی موسوڵمان ئازاد بکا و هەم واجبی شانیەتی دییەکە تەسلیم بکرێ بە خوێن‌رەسی ئەو کوژراوە سا مەگەر بیکەن بە بەخشش و وەری نەگرن.

﴿فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ ﴾

ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێ بوو کە دوژمنی ئێوە بن.

﴿وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾

وە کابرا موسوڵمان بوو.

﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴾

ئەوە واجبی قاتڵەکە بەس ئازاد کردنی بەندەیەکی موسوڵمانە، ئیتر دییە و خوێنی نییە؛ چونکی ئەو کوژراوە موسوڵمانە و قەومەکەی کافرن و ئەو کافرانە میرات وەرناگرن لە موسوڵمان.

﴿وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَـٰقٌ ﴾

وە ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێکی کافری وابوو کە لە بەینی ئێوە و ئەوانا پەیمان بوو وە دەستان بۆ یەك نەدەبرد.

﴿فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴾

ئەوە واجب دییەیە کە بدرێ بە خوێن‌رەسە موعاهیدەکانی؛ چونکی خوێنی کافری موعاهید ئەدرێ بە کافری موعاهید، وە ئازاد کردنی بەندەیەکی موسوڵمانیشە.

﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ ﴾

وە ئەگەر کابرای قاتڵ دەستی نەدەڕۆیی کە بەندە ئازاد بکا ئەوە واجبەکەی ڕۆژوو گرتنە لە ماوەی دوو مانگدا ڕۆژ بە دوای ڕۆژا وە ئەمە دامەزراوە لەبەر ئەوە کە خودا تەوبە لەو قاتڵە قەبووڵ بکا.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٩٢﴾﴾

وە خودای تەعالا زانایە بە حاڵی هەموو لایێ و خاوەن حیکمەتیشە لە هەموو کارێکدا.

بزانن لەم شوێنەدا دوو قسە هەیە:

یەکەم قورتوبی ئەڵێ: ئایەتی ﴿وإن كان من قوم بينكم و بينهم ميثاق﴾ باسی کافرێکی زیمی یا موعاهید ئەکا کە موسوڵمانێ بە خەتەء بیکوژێ، وە ئەمە دییەو کەفارەتی هەیە. ئەمە بیری ئیبنوعەباس و شیعبی و نەخەعی و شافیعییە و هەم تەبەری ئیختیاری کردووە بە دەلیلی ئەمە کە خودای تەعالا بە «مبهم» لە پێشەوە هێناویەتی و نەیفەرمووە «و هو مؤمن» هەتا بزانرێ ئەمە باسی کوژراوی موسوڵمان نییە.

دووهەم: قەتڵ یا عەمدە، یا شیبهەعەمدە، یا خەتایە. عەمد ئەوەیە کە دەسوەشێن قەسدی فیعل و شەخس بکا و ئەو شتەیش وا بە دەستیەوە هۆی کوشتن بێ بە ئەغلەب. دووهەم ئەوەیە قەسدی فیعل و شەخسەکەی هەبێ بەڵام ئەو شتە بەکاری هێناوە بۆ کوشتن کوشندە نەبێ. سێهەم ئەوەیە یا قەسدی فیعلەکەی نەبێ وە یا قەسدی شەخسەکەی نەبێ. وێنەی عەمد وەکوو ئەوە یەکێ پەلاماری دوژمنی خۆی بدا بە خەنجەر و بیکوژێ. وە وێنەی دووهەم وەکوو ئەوە کابرا بڕوا بە شووڵی باریك بدا لە دوژمنەکەی و بەو لێدانە بمرێ. وێنەی خەتەء وەکوو ئەوە کابرا دەمانچە بتەقێنێ لە دوژمنێ ئەو نەپێکی و یەکێ لە پشتیەوە بێ لێی بدا و بیکوژێ. یاخود بەڕێدا بڕوا و بکەوێ بەسەر منالێکدا بیکوژێ.

فەرموودەی خودا: ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴾ الآية.

ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر رحمهما الله ریوایەتیان کردووە لە عەکرەمەوە کە پیاوێ لە ئەنسار برای مەقیس کوڕی سەبابەی کوشت و حەزرەت ﷺ دییەکەی پێدا و وەری‌گرت و بڕایەوە، پاش ماوەیەك فرسەتی گرت لە یارۆی ئەنساری [و] کوشتی! کە حەزرەت ﷺ ئاگادار بوو لەسەر ئەم غەدرە فەرمووی نابێ مەقیس رزگار ببێ لە کوشتن نە لە حەرەمدا و نە لە غەیری حەرەم پێویستە قیساسی لێ بسەنرێ، جا لە رۆژی فەتحی مەککەدا لە نزیکی کەعبەدا مەقیس کوژرا. پاش ئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

وە سەعیدی کوڕی جوبەیر رحمه الله ئەڵێ: ئەهلی کووفە لە مەعنای ئەم ئایەتەدا ئیختیلافیان تێ‌کەوت، جا من رۆیشتم بۆ خزمەتی ئیبنوعەباس رضي الله عنهما پرسیارم کرد لە مەعناکەی، فەرمووی: ئەم ئایەتی ﴿ومن يقتل مؤمناً متعمداً ﴾ە، ئاخر ئایەتێکە لەو بابەتەدا نازڵ بووە و هیچ ئایەتێ نەسخی نەکردووەتەوە. بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە. هەروا ئەبووداوود ریوایەتی کردووە ئەڵێ: کاتێ ئایەتی [٦٨] سوورەتی «فرقان» هاتەخوارەوە: ﴿والذين لا يدعون مع الله إلهاً آخر ولا يقتلون النفس التي حرم الله إلا بالحق ولا يزنون﴾ موشریکەکانی ئەهلی مەککە وتیان: ئێمە هەموو ئەمانەمان کردووە، جا خودا ئەو ئایەتەی بە شوێنیا نارد: ﴿إلا من تاب وآمن وعمل عملاً صالحاً فأولئك يبدل الله سيآتهم حسنات﴾ ئەم ئایەتە بۆ ئەو موشریکانە نازڵ بوو. وە ئەمما ئایەتی سوورەتی نیساء: ﴿ومن يقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها﴾ ئەوە مەعنای وایە موسوڵمان کە شەریعەت و دینی ئیسلامی ناسی و لەگەڵ ئەوەدا بە ناحەق رۆیشت بە عەمدی موسوڵمانێکی کوشت ئەوە جەزاکەی دۆزەخە هەتا هەتایە و تەوبەی نییە. ئەڵێ: من ئەم قسەمە کرد بۆ موجاهید ئەو فەرمووی: «إلا من ندم».

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﭭ حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسانە کە لە دنیادا کوژراون قاتیلەکانی خۆیان رائەکێشن بە تووکی بەرسەریان و لەو کاتەدا ئەو رەگانە کە کابرای قاتیل بڕیونی خوێنیان پێدا دێتەخوار و کابرای کوژرا و ئەڵێ: یارەببی ئەمە کوشتمی. هەتا نزیکی ئەخاتەوە لە عەرش. جا ئەم باسەیان گێڕایەوە بۆ ئیبنوعەباس و پرسیاری تەوبەیان لێ کرد ئەویش ﴿ومن یقتل مؤمناً متعمداً﴾ی خوێندەوە و فەرمووی: ئەم ئایەتە نەسخ نەکراوەتەوە و نەگۆڕاوە و تەوبە لەو قاتیلە قەبووڵ ناکرێ. ئەمە ترمزی ریوایەتی کردووە بە ئیسنادێکی حەسەن لە ئیبنوعەباسەوە. یانی ئیبنوعەباس بیر و باوەڕی لەسەر ئەوەیە کە موسوڵمانێ دین بناسێ و موسوڵمانێ بە عەمدی و بە ناحەق بکوژێ ئەوە تەوبەی لێ قەبووڵ ناکرێ و هەتا هەتایە وا لە دۆزەخا لەبەر ئەم ئایەتە.

بەڵام هەموو عالمانی دین لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر خیلافی ئەم بیر و باوەڕەن و ئایەتی ﴿إلا من تاب﴾ لەسەر عموومی خۆی ئەمێنێتەوە و ئایەتی: ﴿ومن یقتل مؤمناً متعمداً﴾ موقەیەدە بە ئایەتی: ﴿إن اللّٰه لا یغفر أن یشرك به ویغفر مادون ذلك لمن یشاء﴾[1] وە بەو حەدیسە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی «لو لم تذنبوا لذهب اللّٰه بکم و لجاء بقوم یذنبون فیستغفرون فیغفر لهم» وە ئایەتی: ﴿ومن یقتل مؤمناً متعمداً﴾ تەئویل ئەکرێ بە کەسێ کە کوشتنی ئەو موسوڵمانە بە حەڵاڵ بزانێ، وە یاخود بەو شێوە نازڵ بووە لەبەر زەجری ئادەمیزاد لە کوشتنی ناحەق. جا خودا فەرمووی:

﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴾

هەرکەسێ موسوڵمانێ بکوژێ بە قەسد و مەبەست. وە حەقی کوشتن نەبێ بە یاسای ئیسلام،

---

١. النساء؛ ٤٨ و ١١٦.

﴿فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا﴾

ئەوە جەزای ئەو پیاوکوژە یا ئەو ژنکوژە دۆزەخە و حاڵی کابرا وایە تیایا ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە.

﴿وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ﴾

وە خودا غەزەبی خۆی رژاندووە بەسەریا و نەفرینی لێ کردووە و دووری خستووەتەوە لە میهرەبانی خۆی.

﴿وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾﴾

وە بۆی ئامادە کردووە سزایەکی گەورە.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾.

بوخاری و ترمزی و حاکم ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ ئەڵێت: پیاوێ لە قەبیلەی «بنی‌سلیم» رابورد بەلای کۆمەڵێ لە ئەسحابی پێغەمبەرا ﷺ و بازێ مەڕی لەگەڵدا بوو وە سەلامی کرد لێیان، ئەوانیش وتیان: ئەم کافرە بۆیە سەلامی کرد لە ئێمە بۆ ئەوە خۆی رزگار بکا، هەستان بۆی کوشتیان و مەڕو ماڵەکەیان هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە سەر زەجر و لۆمەیان لەسەر ئەو رووداوە و فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا، کاتێ کە سەفەرتان کرد و رۆیشتن بۆ جیهاد ئاگاتان لە خۆتان بێ و شت رووناك بکەنەوە و زانست وەربگرن لە کارا نەکا بە هەڵەو بە ناحەق دەس درێژ بکەن بۆ گیانی کەسێ یا بۆ ماڵ و دارایی ئەو کەسە.

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا﴾

وە مەڵێن بە کەسێ کە سەلامی لێ کردن بە سەلامی ئیسلام: تۆ موسوڵمان نیت و ئەم سەلامەت لەبەر نیفاقە یا لەبەر خۆ رزگار کردنە.

﴿تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾

لە حاڵێکدا ئێوە بەو وەزعە کە هەتانە تالیبی ماڵ و دارایی خەڵك بن لەم ژیانی دنیادا.

﴿فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ﴾

لە لای خودا دەسکەوتی زۆر هەیە بۆ ئێوە.

﴿كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ﴾

ئێوەیش لە پێش ئیسلامییەتدا وەکوو ئەو کابرایە بوون و ئیمانتان نەبوو بەڵام خودا رەحمی پێ‌کردن و تەوفیقی دان بۆ دینی ئیسلام.

﴿فَتَبَيَّنُوٓا۟﴾

دەی لەمەولا هەمیشە ئاگاتان بێ و لە شت بکۆڵنەوە هەتا حەقیقەت وەربگرن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٩٤﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا بەوەی کە ئێوە ئەیکەن ئاگادارە و لەسەر قوسوور خەبەردارە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَـٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ الآية.

ئیمامی ئەحمەد و بوخاری و ئەبووداوود و ترمزی و نیسائی ریوایەتیان کردووە لە زەیدی کوڕی سابتەوە ﵁ کە: حەزرەت ﷺ خوێندیەوە بەسەرما: ﴿لا يستوي

القاعدون من المؤمنين والمجاهدون في سبيل الله بأموالهم و أنفسهم﴾ لەو کاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی «أم مکتوم» هات و حەزرەت ﷺ ئایەتەکەی ئەخوێندەوە بەسەرما، عەرزی کرد: یا رەسوولەڵڵا من ئەگەر کوێر نەبوایەم جیهادم ئەکرد لە رێگەی خودادا. لەوێدا وەحی نازڵ بوو وە حەزرەت ﷺ سەری لەسەر رانم بوو بە ﴿غير أولي الضرر﴾.

وە بەیهەقی و تەبەرانی ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەو کەلیمە هاتە خوارەوە دەرحەق بەوانە کە نەخۆشین و ئێش و ئازار مەنعی جیهادی کردووە لێیان. واتە ئەوانە ئەجری موجاهیدیان بۆ ئەنووسرێ. جا خودا فەرمووی:

﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْۚ﴾

واتە وەکوو یەك نین لە ئەجر و سەوابا ئەو موسوڵمانانە کە دانیشتوون لە جیهاد و عوزریشیان نییە، وەکوو شەلی و کوێری و نەخۆشی، وە ئەو موسوڵمانانە کە جیهاد ئەکەن لە رێگەی خودادا بە ماڵی خۆیان و نەفسی خۆیان.

﴿فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةًۚ﴾

کە وەکوو یەك نین، مەعنای وایە کە خودا گەورەی کردووە ئەو کەسانە کە جیهاد ئەکەن بە ماڵ و نەفسی خۆیان لە رێگەی خودادا لەسەر ئەوانە کە دانیشتوون و بە بێ‌عوزر جیهاد ناکەن بەدەرەجەیێ و پایەیەك، بەڵام ئەم پایەی غەزایە مایەی پیرۆزی و مایەی رەزایە.

﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰۚ﴾

(مع العلم) کە خودای تەعالا بە هەردوو تاقمەکەیان وەعدەی پایە و جەزای جوانی داوە.

﴿وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَـٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾﴾

وە بۆ تەئكیدی فەرموودە پێشووەكەی دووبارە فەرمووی: خودا موجاهیدینی گەورە كردووە بەسەر ئەوانەدا كە دانیشتوون لە جیهاد و جیهاد ناكەن بە بێ عوزر بە پایەیەكی گەورە و مەقامێكی عالی.

﴿دَرَجَـٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً﴾

ئەو ئەجرە عیبارەتە لە چەن پایەی نەوع نەوع لە بەهەشتا بە گوێرەی ئیخلاس و زرووفی شەهید بوونەكەیان ئەگەر شەهید كرابن، وە بە گوێرەی هێز و قووەتی دوژمنەكانیان ئەگەر شەهید نەكرابن، وە بریتییە لە عەفوی ئەو گوناهانە كە لە دنیادا كردوویانە، وە بریتییە لەو رەحمەتە زیادە و لەو میهرەبانی و ئیكرامە كە لە رۆژی لیقادا نیشانیان ئەدا.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾﴾

وە خودا بووە و لایەزال هەر تاوانبەخش و میهرەبانە.

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ﴾ الآية.

بەیهەقی و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان كردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ كە قەومێ لە ئەهلی مەككە موسوڵمان بوون بەڵام ئیسلامییەتی خۆیان ئەشاردەوە. وە موشریكەكان لە رووداوی بەدرا لەگەڵ خۆیانا هێنانیان بۆ جەنگ و بازێ لەوان بریندار بوون و بازێكیان كوژران و ئەسحابەكان ئەیانناسین. وتیان: ئەمانە موسوڵمان بوون و لەگەڵ كافرەكانا بەزۆر هاتوون، دوعای عەفویان بۆ بكەن. وە ئەم ئایەتە دەربارەی ئەوانە نازڵ بوو وە نووسراو رەوانە كرا بۆ مەككە بۆ لای موسوڵمانەكان و حاڵی بوون كە

عوزریان نییە لە مانەوەیان لە مەککەدا. جا دەرچوون لە مەککە و موشریکەکان کەوتنە شوێنیان و گیرۆدەیان کردن بە فیتنە و ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانیانا کە لە سوورەی عەنکەبووتا رەقەم (١١/١٠)یە: ﴿ومن الناس من يقول آمنا بالله فإذا أوذي في الله جعل فتنة الناس كعذاب الله ولئن جاء نصر من ربك ليقولن إنا كنا معكم أو ليس الله بأعلم بما في صدور العالمين ﴿١٠﴾ وليعلمن الله الذين آمنوا وليعلمن المنافقين ﴿١١﴾﴾ جا موسوڵمانەکان ئەم ئایەتەیان نووسی بۆیان بۆ مەککە، ئەوانیش زۆر غەمبار و دڵگران و نائومێد بوون، ئەمجار خودای تەعالا ئەم ئایەتی سوورەتی نەحلەی رەوانە کرد (رەقەم ١١٠): ﴿ثم إن ربك للذين هاجروا من بعدما فتنوا ثم جاهدوا وصبروا إن ربك من بعدها لغفور رحيم﴾ جا موسوڵمانەکان نووسییان بۆیان کە خودا دەرووی لێ کردوونەتەوە زوو لە مەککە بێنەدەرەوە، ئەوانیش لە مەککە هاتنەدەرەوە و کافرەکان کەوتنە شوێنیان ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوانەیش دەرچوون دەرچوون.

بەڵام بوخاری بە کورتی ئەم باسەی نووسیوە ئەڵێ: کۆمەڵێ لە موسوڵمانان لە شاری مەککەدا لەگەڵ موشریکەکان بوون، قەرەباڵغی کافرەکانیان زۆر ئەکرد لە جەنگدا، وە رێ ئەکەوت تیر ئەهات ئەیدا لە بازێکیان برینداری ئەکرد یا ئەیکوشت. جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە و خودای تەعالا فەرمووی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە بە فەرمانی خودای تەعالا فریشتە ئەرواحیان وەرئەگرێ و ئەیانمرێنێ و حاڵیان وایە کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە هۆی تەرکی هیجرەت و کۆچکردن لە مەککەی موکەڕڕەمە بۆ مەدینەی مونەووەرە.

﴿قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ﴾

مەلائیکەکان پرسیاریان لێ کردن: ئێوە لە چیدابوون لە خوسووسی دینی خۆتانەوە؟ ئەوانیش جوابیان‌دایەوە کە: ئێمە بێ‌دەستەڵات بووین لە وڵاتەکەمانا و یارای هاتوچۆمان نەبوو.

﴿قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ﴾

مەلائیکەکانیش لە رەدی قسەکەیانا پێیان ئەڵێن: ئایا عەرزی خودا گوشاد نەبوو هەتا ئێوە کۆچی تێدا بکەن بۆ مەدینە؟ وەکوو حەزرەت و رەفیقەکانی، یاخود بۆ وڵاتێکی‌تر وەکوو لە پێشا بەعزێ لە ئەسحابەکان چوون بۆ وڵاتی حەبەش.

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ٩٧﴾

جا ئەو کۆمەڵە کە خۆیان داگرت و کۆچیان نەکرد لە مەککە و بوون بە هۆی زۆر کردنی رەشایی سوپای کافرەکان ئەوە مەئواو مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخە و زۆر خراپە لە جیهەتی مەنزلگای ئەنجامەوە.

﴿إِلَّا ٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ﴾

ئیللا ئەوانە نەبێ کە بە زایف ژمێرراون لە لای کافرەکانا و زاڵ بوون بەسەریانا و مەیدانی دەرچوونیان پێ نەداون لە پیاوان و ژنان و منداڵانی وردی نابالغ لە بەندەکان و منداڵانی موسوڵمان.

﴿لَا يَسۡتَطِيعُونَ حِيلَةٗ وَلَا يَهۡتَدُونَ سَبِيلٗا ٩٨﴾

کە تەوانای کارێکیان نەبووە ببێ بە هۆی دەرچوونیان لە مەککە و شارەزای رێگە نەبوون. وە نەبوونی ئیستیتاعەی حیلە یانی ئەسبابی کۆچکردنیان نەبووە وەکوو هێزێ کە بەرابەریی مانیعەکانیان بکا بە ئاشکرا و پارە و مایەیێ کە خەرجی بکەن لە رێگەدا. وە عەدەمە ئیهتیدای سەبیل عیبارەتە لەوە خۆیان «بالذات» رێگەیان نەزانیوە و پارە و ماڵێکی وایشیان نەبووە بیدەن بە دەلیلەکان کە بە ئاشکرا یا پەنامەکی

دەریان بکەن بۆ مەدینەی مونەووەرە یا بۆ شوێنێکی وەها کە بیکەن بە ماوای خۆیان و تیا بژین.

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعۡفُوَ عَنۡهُمۡۚ﴾

ئەمانە نزیکە خودا عەفویان بکا.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورٗا ٩٩﴾

وە خودای تەعالا چاوپۆش و میهرەبان بووە بەرابەر بەعیبادی خۆی. وە باسی عەفو بە نیسبەت ئینسانێکی وا کە تەواناى نەبێ بە دارایی وە یاخود هەر لە پایەی تەکلیفدا نەبێ، لەبەر ئیشارەیە بۆ لای ئەوە ئەوەندە مانەوە لەبەر دەستی کافرانا و دەرنەچوون بۆ وڵاتی ئیسلام خەتەرناکە، لەوانەیە کە گوناحی پێ بنووسرێ لەسەر ناتەوان و منداڵەکان.

ئیبنوعەباس ﵄ فەرموویەتی: من و دایکم لەوانەین کە خودای تەعالا لەم ئایەتی ﴿إلا المستضعفين﴾ دا قەسدی کردوون. وە دایکی «أم الفضل» ـ لوبابە کچی حارسە خوشکی مەیموونەی حەرەمی حەزرەت ﷺ و ـ خوشکەکەی تریان لبابەی سوغرا بووە. ئەمانە نۆ خوشك بوون شەشیان لە باوك و دایکێ، ئەو سیانە وتمان و سەلما و ئەسما و حەفیدە کە ناوی هەزیلە بووە و پێیان وتووە ئوممو حەفید و سێ خوشکیشیان لە دایکیان بوون، ئەوانیش سەلما و سەلامە و ئەسمای کچی غومەیسی خەسعەمییە کە لە پێشا ژنی جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب بوو پاش ئەو شووی کرد بە ئەبووبەکری سدیق و پاش ئەو شووی کرد بە عەلی کوڕی ئەبووتالیب ﵁.

فەرموودەی خودا: ﴿وَمَن يُهَاجِرۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ **الآیة.**

ئیبنوئەبی‌حاتەم و ئەبوویەعلا ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ فەرموویەتی: کە سەمرەی کوڕی جوندوب یا ئیبنولعیس لە شاری مەککەدا بوو وە موسوڵمان بوو

کاتێ ئەم ئایەتی ﴿إلا المستضعفين﴾ی بیست وتی: خودایە بە راستی من دەوڵەتمەندم و من تەوانای حیلەم هەیە و من خۆم دەلیلم و شارەزای رێگەم و هیچ عوزرێکم نییە. وە لەگەڵ ئەوەدا کە نەخۆش بوو خۆی ئامادە کرد و وتی بە خێزانەکەی هەڵم بگرن و دەرم بکەن لەم عەرزی شیرکە بمبەن بۆ خزمەتی رەسوولەڵلا، وە فیعلەن ئەوانیش هەڵیان گرت و دەریان کرد لە مەککە و کەوتە سەر رێگەی مەدینەی مونەوەرە، کاتێ گەیشتە «تەنعیم» وەفاتی کرد لە پێش ئەوەدا کە بگات بە حەزرەت ﷺ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو. وە خودا فەرمووی:

﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِي ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً﴾

کەسێ هیجرەت بکا لە وڵاتی خۆی بۆ وڵاتی دین بە ئیخلاسەوە لە رێگەی خودا ئەوە جێگەی دوور لە فیتنەی دەس ئەکەوێ و گوشادییەکی دەس ئەکەوێ لە رزق و ژیوارا و لە ئارامگادا.

﴿وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾


وە کەسێ لە ماڵی خۆی دەربچێ حاڵی وابێ موهاجیر بێ بۆ لای خودا و پێغەمبەری خودا.

﴿ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ﴾

جا لە پاش دەرچوون مردنی پێ بگات.

﴿فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ﴾

ئەوە بە تاقیق ئەجری دامەزراوە لە لای خودا.



وە خودای تەعالا تاوانپۆش و میهرەبانە.

جا بە موناسەبەی ئەم ئایەتانەوە کە باسی جیهادیان تێدا بوو خودای تەعالا باسی کورتەوە کردنی نوێژی موسافیر و چلۆنیەتی نوێژی خەوفی کرد و فەرمووی: ﴿وإذا ضربتم في الأرض﴾ الآية.

ئیبنوجەریر ئەگێڕێتەوە لە ئیمامی عەلی ﷺ ئەفەرموێ: کۆمەڵێ لە بەنی‌نەججارِ ئەنساری مەدینە پرسیاریان کرد لە حەزرەت ﷺ: ئێمە سەفەر ئەکەین لە سەفەرا نوێژ چۆن بکەین؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، وە پاش ئەوە وەحی بڕایەوە، پاش ئەوە بە ماوەی سێ ساڵ حەزرەت ﷺ رۆیی بۆ غەزا و لەو غەزادا نوێژی نیوەڕۆی کرد کاتێ نوێژەکەیان بە جەماعەت کرد کافرەکان لەناو خۆیانا وتیان: ئەتانتوانی لەم نوێژی ئەوانەدا هێرش ببەین بۆ سەریان و بیانفەوتێنین بۆچی موبالاتتان نەکرد بەم هەلە باشە؟ یەکێ لەوان وتی: نوێژی‌تریان هەیە لە دوای ئەم نوێژە لەو کاتەدا هێرش ببەنە سەریان، وە لە پاش ئەم نوێژی نیوەڕۆ و پێش نوێژی عەسر ئەم ئایەتە نازڵ بوو وە هیوای کافرەکان بە هەوادا رۆیشت و خودا فەرمووی: ﴿إن خفتم أن يفتنكم الذين كفروا﴾ «هەتا» ﴿عذاباً مهيناً﴾.

وە ئیمامی ئەحمەد و بەیهەقی و حاکم و ئەبوداوود و نەسائی ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەیاش «زرقی» ئەڵێ: لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ بووین لە عەسفاندا (ناوی شوێنێکە)، کافرەکان روویان تێکردین بۆ جەنگ و خالیدی کوڕی وەلیدیش لەناویانا بوو، وە ئەوان لە بەینی ئێمە و قیبلەدا بوون و حەزرەت ﷺ نوێژی نیوەڕۆی پێ کردین بە یەکەوە، وە کافرەکان وتیان: ئەمانە لە کاتێکدا بوون غافڵ بوون لە هێرشی ئێمە ئەگەر ئێمە هێرشمان بکردایە باش لێمان ئەدان! یەکێ لەوان وتی: نوێژی‌تریان هەیە پاش ئەم نوێژە کە لەم نوێژە زیاتر خۆشیان ئەوێ. لەو نوێژەدا لێیان ئەدەین! خودای تەعالا لە پاش ئەم نوێژی نیوەڕۆ وە لە پێش عەسرا جوبرەئیلی نارد بەم ئایەتەوە «وإذا كنت فيهم» الآية.

وە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما کە ئایەتی: ﴿ولا جناح عليكم إذا كان بكم أذى﴾ نازڵ بوو بە هۆی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە کە بریندار بوو «رواه البخاري». بە هەر حاڵ خودا ئەفەرموێت:

﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ﴾

واتە: کاتێ کەوتنە سەفەرەوە و بە عەرزا ڕۆیشتن ئەوە گوناحتان لەسەر نییە کە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە. واتە چوار ڕکاتی بکەن بە دوو ڕکات.

﴿إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ۚ﴾

ئەگەر ترستان بوو کافرەکان ناڕەحەتتان بکەن و بێن بەسەرتانا.

﴿إِنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ كَانُوا۟ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾﴾

بە ڕاستی کافرەکان دوژمنێکی دیارین بۆ ئێوە.

﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾

وە کاتێ تۆ لە ناویانا بووی و ویستت نوێژ بکەی بۆیان.

﴿فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ﴾

بیانکە بە دوو تاقم: تاقمێکیان بەرەوڕووی دوژمن ڕاوەستێ و، تاقمێ لەوان ڕاست ببنەوە دەس بکەن بە نوێژ لەگەڵ تۆدا و با چەکی جەنگیشیان وەربگرن لەگەڵ خۆیانا. خوودە لەسەرکەن شیر بکەنە مل. تیر و کەوانیان حازر وەکوو جل.

﴿فَإِذَا سَجَدُوا۟﴾

کاتێ ئەم تاقمە سوجدەکانی ڕکاتی یەکەمیان برد لە پشتی تۆوە.

﴿فَلْيَكُونُوا۟ مِن وَرَآئِكُمْ﴾

با تۆ بەجێبهێڵن و بڕۆن بە دواوە بەرەو رووی دوژمن راوەستن لە جێگەی تاقمەکەی تراو ئاگادار بن لە دوژمنەکان.

﴿وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟ فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ۗ﴾

پاش ئەوە تاقمی یەکەم چوونە دواوە بۆ ئاگاداری لە دوژمنەکان با تاقمێ‌تر کە لە پاشەوە راوەستا بوون و نوێژیان نەکردووە بێن بۆ لای تۆ و نوێژ دابەستن و رکاتێ نوێژ بکەن لەگەڵ تۆدا، بەڵام با ئیستیعداد وەربگرن و چەکەکانیان هەڵبگرن لەو کاتەدا شوێنەکەی خۆیان بەجێ‌دێڵن و دێن بۆ لای تۆ مەبادا دوژمنەکان لەم کاتی وەرگەڕانی ئەوانە فرسەت بێنن و هێرش بێنن بۆ سەرتان.

﴿وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ﴾

کافرەکان پێیان خۆشە ئەگەر ئێوە غافڵ ببن لە چەکی جەنگیتان و لە بەرگ و پۆشاکتان و پێویستی سەفەرتان وە بە جارێ بڕژێن بەسەرتانا بە یەك جار بتانفەوتێنن.

﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ ۖ﴾

وە گوناحتان لەسەر نییە ئەگەر بێ‌ئاسایشییێکتان هەبێ لەبەر باران یاخود نەخۆش بن لەوەدا کە چەکەکانتان دابنێن.

﴿وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ﴾

بەڵام ئیستیعدادی خۆتان وەربگرن و ئاگاداربن لە خۆتان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا ئامادەی کردووە بۆ کافرەکان عەزابێکی وەها سووکیان بکا. وە قەت غافڵ مەبن لێیان و ئاگادار بن لە شەڕیان.

﴿فَإِذَا قَضَيۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾

جا کاتێ کە نوێژە کورتەکەتان تەواو کرد بەو شێوە کە وتمان.

﴿فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمۡۚ﴾

ئیتر ئارەزووی خۆتانە چلۆن زیکری خودا ئەکەن بۆتان دروستە بیکەن؛ خواستتان هەیە بە راوەستانەوە یا بە دانیشتنەوە یا لەسەر تەنیشت زیکری خودای تەعالا بکەن.

﴿فَإِذَا ٱطۡمَأۡنَنتُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۚ﴾

جا کاتێ دڵتان ئەمین بووەوە لە بیمی جەنگ و لە وڵاتی ئاسایشدا مانەوە نوێژەکانتان بە شەرائیت و ئەرکانی خۆیەوە بەجێبێنن بە رەسایی.

﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوۡقُوتًا ﴿١٠٣﴾﴾

بە راستی نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرزێکە بەسراوە بە کاتی تایبەتییەوە فەرزە بە باشی تەواو بکرێ.

لەم شوێنەدا چەن باس هەیە:

[باسی] یەکەم: کورتکردنەوەی نوێژی چوارڕکاتی لە کاتی سەفەردا نەبەسراوە بە مەرجی وجوودی ترسەوە بەڵکوو لە کاتی ئاسایشیشدا هەر دروستە. یەعلا کوڕی ئومەییە ئەڵێ: وتم بە عومەری کوڕی خەتاب. چۆن دروستە بۆ ئێمە نوێژ کورت بکەینەوە و ئێستە ئەمین بووینەتەوە و خودا فەرموویەتی: ﴿إن خفتم أن يفتنكم الذين

کفروا﴾؟! عومەر فەرمووی: منیش تەعەجوبم کرد لەوەی کە تۆ تەعەجوبت لێ کرد و پرسیارم کرد لە حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی: «صدقة تصدق الله بها علیکم فأقبلوا صدقته» فەرمووی: سەدەقەیەکە خودا داویەتی پێتان دەی ئێوەیش قەبووڵی بکەن. جا لەم فەرموودەی حەزرەتەوە ﷺ دەرئەکەوێ کە قەیدی ﴿إن خفتم أن یفتنکم﴾ بۆ مولاحەزەی غالب باس کراوە و مەفهوومی نییە وەکوو ئایەتی: ﴿وربائبکم اللاتي في حجورکم﴾.[1]

باسی دووەم: لەسەر مەزهەبی ئیمامەکان هەر نوێژی چوار رکاتی کورت ئەکرێتەوە و ئەکرێ بە دوو رکات ئیتر باقی نوێژەکان کورت ناکرێنەوە. وە بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی ﵀ ئەو نوێژە چوار رکاتییە کورت ئەکرێتەوە پێویستە نوێژی حازر بێ یا نوێژی فەوتاوی سەفەر بێ، وە بۆ دروستی «قەسر» چەن شەرت هەیە؛

یەکەم: ئەمەیە ئەو سەفەرە دوو مەنزڵ رێگە دوور بێ. واتە حەفتا و دوو کیلۆمەتر بێ.

دووەم: ئەمەیە ئەو سەفەرە حەلاڵ بێ، واتە بۆ دزی وە یا بۆ زیاندان لە موسڵمانان نەبێ.

سێهەم: ئەمەیە هەر لە ئەووەڵی نوێژەکەوە نییەتی قەسر بێنێ.

چوارەم: ئەمەیە لە شوورای شارەکە یا ئەو جێگە کە لێی دەرئەچێ لای دابێت.

پێنجەم: نییەتی ئیقامەتی چوار رۆژی نەبێ.

شەشەم: ئەمەیە لەو نوێژەدا کە کورتی ئەکاتەوە ئیقتیدا نەکا بە ئینسانێکی وا نوێژەکەی بەتاڵ بێ.

---

١. النساء؛ ٢٣.

حەوتەم: ئەمەیە کە لە ئەووەڵەوە قەسدی شوێنێکی مەعلوومی کردبێ.

هەشتەم: ئەبێ لەو نوێژەدا ئیقتیدای نەکردبێ بە ئیمامێ کە نوێژەکەی تەواو بکا.

نۆهەم: ئەمەیە کابرا بیر و باوەڕی وابێ کە کورتەوە کردن دروستە. جا ئەگەر داخڵی ولاتێ بوو بە عەزمی ئەوە کە چوار ڕۆژ جگە لە ڕۆژی دوخوول و خورووج لەو شوێنەدا بمێنێتەوە ئەوە ئیتر هەر گەیشتە ئەو شوێنە ئیتر نابێ نوێژەکەی کورت بکاتەوە. وە ئەگەر نەیئەزانی کەی ئیشەکەی تەواو ئەبێ و عەزمی وابوو هەرکاتێ ئیشەکەی تەواو بوو لە وەلاتەکە دەرچێ ئەوە هەتا هەژدە ڕۆژ بۆی دروستە نوێژ کورت بکاتەوە.

باسی سێهەم: ئەمەیە هەر وەکوو کورتکردنەوەی نوێژی چوار رکاتی دروستە، وەکوو باسمان کرد، دروستە کە لەگەڵ قەسرەکەدا یا بە بێ قەسر نوێژی نیوەڕۆ جەمع بکاتەوە لەگەڵ عەسرا و نوێژی مەغریب جەمع بکاتەوە لەگەڵ عیشادا. جا ئەگەر بە جەمعە تەقدیم بوو ـ واتە عەسری هێنایە لای نیوەڕۆ و عیشای هێنایە لای مەغریب ـ ئەوە واجبە لە پێشا نوێژە خاوەن وەختەکە بکا، وە کە هێشتا ئەو نوێژەی تەواو نەکردووە قەسدی وابێ کە نوێژەکەی دواوەی لەگەڵدا ئەکا. وە ئەگەر بە جەمعە تەئخیر بوو واتە نوێژی نیوەڕۆی برد بۆ لای عەسر و نوێژی مەغریبی برد بۆ لای عیشا ئەوە هەرکامیان لە پێشا بکا دروستە، بەڵام ئەفزەل ئەوەیە ریعایەتی تەرتیب بکا. وە بە شەرت گیراوە بۆ جەمع کە توولی فەسڵ نەبێ لە بەینی ئەو نوێژانەدا لە ماوەی قامەتکردنێ زیاتر بۆ ئەو نوێژە دووهەمە و گەڕانێکی سووك بۆ ئاو لە ولاتێکدا ئاوی تێدا نەبێ. هەروا شەرتە هەتا نوێژە دووهەمەکە دائەبەستێ ئەو سەفەرەی مابێ ئەگەرنا نوێژە پێشووەکەیان ئەبێ بە قەزای بێگوناه ، واتە نوێژەکە قەزایە بەڵام گوناه لە تەئخیرەکەیا نییە.

باسی چوارەم: ئەمەیە نوێژی خەوف چەن نەوعی هەیە؛ یەکەم: ئەمەیە کە دوژمنەکە لە جانیبی قیبلەوە بێ ئەمە لەم سوورەتەدا وەکوو لە نەسی ئایەتەکەدا بەیان کراوە، ئیمام سوپاکەی بکا بە دوو بەشەوە بەشێکیان موقابیل بە دوژمن راوەستن و ئاگادار بن و بەشێکیان بێن لەگەڵ ئیماما نوێژ دابەستن بە جەماعەت هەتا رکاتێ ئەکەن لەگەڵ ئیماما پاش تەواو کردنی ئەو رکاتە ئەمان بڕۆن لە موقابیلی دوژمنەکەوە راوەستن و چینی یەکەم بێن لە قیاما بگەن بە ئیمام ئەمانیش لەگەڵ ئیماما رکاتێ نوێژ بکەن و کاتێ ئیمام دانیشت بۆ تەحییات ئەمانە راست ببنەوە بۆ رکاتی دووهەمیان و تەواوی بکەن و بگەنەوە بە ئیمام کە هەر لە تەحییاتا ماوەتەوە جا تەحییاتەکەیان بخوێنن و لەگەڵ ئیماما پاش ئەو سەلام بدەنەوە. وە سێ نەوعیتر لە نوێژی ترس هەیە. پێویستە موراجەعە بکەن بە زانایانی دین.

﴿وَلَا تَهِنُوا۟ فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ﴾

ئەی موسڵمانان زەعیف مەبن لە کەوتنەشوێنی کافرەکانا بۆ جەنگکردن لەگەڵیانا.

﴿إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ۖ﴾

ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان پێ ئەگا لە جەنگدا ئەوانیش ئێشیان پێ ئەگا وەکوو ئێوە ئێشتان پێ ئەگا.

﴿وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ﴾

وە زیاد لەوە ئێوە هیوای پایەیەکی واتان هەیە لە خودا کە ئەوان نیانە.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾﴾

وە بە راستی خودا زانایە بە باوەڕ و کردەوەی هەردوو لاتان و خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە ئەیکا.

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ﴾ لەگەڵ هەشت ئایەت لەپاشیەوە

ریوایەت کراوە لە قەتادەی کوڕی نوعمانەوە ئەڵێ: ماڵێ بوون مەشهوور بوون بە «بنوئیبیرق» سێ برا بوون: بیشر و، بەشیرو، موبەشیر. بیشر پیاوێکی مونافق بوو شیعری ئەوت و زەمی ئەسحابەی پێغەمبەری ئەکرد و بازە عەرەبێ شتیان پێ ئەدا، وە هەرکاتێ زەمی ئەکرد ئەیوت بە درۆ: فلاّن کەس و فلاّن کەس وتوویانە. کاتێ ئەسحابەکانیش قسەکانیان ئەبیست ئەیانوت: وەڵڵاهی ئەمە هەر قسەی ئەو پیسەیە ئەویش وتی: «أو كلما قال الرجال قصيدة نحلت فقالوا: ابن ابيرق قالها» جا قەتادە ئەڵێ: ئەو ماڵە لە جاهیلیەت و ئیسلاما هەر گەدا و لات بوون و زۆربەی خەڵك خواردەمەنییان لە مەدینەدا خورما و نانی جۆ بوو. وە هەر پیاوێ دەوڵەمەند بوایێ کاتێ کە قافڵەیێ لە شامەوە ئاردی گەنمیان بهێنایێ ئەڕۆیشت بازێکی ئەکڕی بۆ نەفسی خۆی ئیتر ماڵ و منداڵی هەر خورما و نانی جۆیان ئەخوراد. تا جارێ کاروانێ لە شام هاتەوە و ئاردی گەنمیان هێنا بوو وە «رفاعه»ی مامم رۆیشت بارێ ئاردی باشی کڕی و کردیە ناو مەشکەیێ و لە مەشکەکەدا بازێ چەکیش هەبوو وەکوو دوو شیر و دوو زرێ و بازێ ئەسبابی زیادە. لە شەوا دز هاتە سەر ماڵی مامم و کووپەکەیان لە ژێرەوە کون کردبوو ئاردەکە و چەکەکانیشیان برد بوو.

لە سبەینێدا رەفاعەی مامم هات وتی: ئەی برازام ئیمشەو کووپەکەیان کون کردووە و ئاردەکە و چەکەکانیان بردووە ئێمەیش کەوتینە پرسیار کردن تا خەڵك پێیان وتین: ئیمشەو ماڵی «بنو ابيرق» ئاگریان ئەگرا، مەعلووم شتی ئێوەیان دزیوە و خواردوویانە! ئێمەیش چووینە سەریان و پرسیارمان کرد، ئەوانیش وتیان: بە خوا ئەو ماڵی ئێوە کەس نەیبردووە ئیللا لەبیدی کوڕی سەهل نەبێ ئەمەیش پیاوێکی ماقووڵ و خاوەن پایە بوو وە موسوڵمان و ساڵح بوو. کاتێ لەبید ئەم قسەی بیست

ڕقی داهات شمشێرەکەی خۆی رووت کرد و هات بۆ سەر «بنو ابیرق» وتی: ئێوە من ئەکەن بە دز؟! وەڵڵاهی یا بەم شیرە ئەتانکوژم یا ئەبێ ئەم ماڵە بدۆزنەوە! ئەوانیش وتیان: دوور بکەوەرەوە، وەڵڵاهی تۆ پیاوی دزی نیت. ئەلحاسڵ ئێمە بە قەرینە و نیشانەدا باوەڕمان هاتە سەر ئەوە کە ئەو کارە کاری «بنو ابیرق» بووە، جا رفاعەی مامم وتی پێم: بڕۆ بۆ خزمەتی حەزرەتﷺ ئەم باسەی عەرز بکە. منیش رۆیشتم بۆ خزمەتی عەرزم کرد، وە حەزرەتﷺ فەرمووی: باشە تەماشای قەزییەکەتان ئەکەم.

کاتێ «بنو ابیرق» ئاگادار بوون کە من چوومەتە حوزووری حەزرەتﷺ و قسەکەم عەرز کردووە ئەوانیش ئامۆزایەکیان بوو ناوی ئەسیر کوڕی عوروە بوو چوون بۆ لای بۆ ئەوە کە ئەوانیش بە هۆی خزم و عەشرەتەوە تەگبیرێ بکەن، وە فیعلەن کۆمەڵێکیان پێکەوەنا و چوونە خزمەتی حەزرەتﷺ عەرزیان کرد: یا رەسوولەڵڵا قەتادەی کوڕی نوعمان و رەفاعەی مامی ئەیانەوێ هۆزی «بنو ابیرق» بکەن بە دز و ئابڕوویان ببەن «مع أنه» ئەوان ئەهلی خێر و سەلاحن و ئەمانە بە بێ شاهید و ئیسبات، ئەم قسەیان دروست کردووە بۆیان.

قەتادە ئەڵێ: کاتێ هاتمەوە بۆ حوزووری حەزرەتﷺ و قسەم لەگەڵا کرد تەماشام کرد عاجزە لە من و لە رەفاعەی مامم و ئەیەوێ کە بەشیر و براکانی دوور بخاتەوە لەو توهمەتە، وە منیش زۆر موتەئەسیر بووم، وتم: خۆزگا هەموو ماڵەکەم ئەفەوتا و قسەم نەئەکرد لەگەڵ حەزرەتاﷺ! پاش ئەوە رەفاعەی مامم هات بۆ لام وتی: چیت کردووە؟ منیش وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی: بڵێین چی؟ «اللّٰه المستعان». پاش ئەمە ئەونەی پێ نەچوو ئەم ئایاتانە نازڵ بوون: ﴿إنا أنزلنا إليك الكتاب بالحق...﴾ تا ئاخری ئایەتەکان. پاش ئەمە چەك و سیلاحەکەی مامیان

بردەوە بۆ خزمەتی حەزرەتﷺ ئەویش دانیەوە بە ڕەفاعەی مامم، کە هاتم بۆ لای مامم ئەویش پیاوێکی پیر بوو وە وام ئەزانی زۆر دینی قایم نییە. وتی: ڕۆڵە ئەو سیلاحانە هەموو لە ڕێی خودادا بن. جا حاڵی بووم کە مامم موسوڵمانێکی تەواوە. پاش ئەم ڕووداوە بەشیر گەڕایەوە بۆ کوفر و ڕۆیشتەوە بۆ ناو کافرەکان و بە مورتەدی مرد. «العیاذ باللّٰه» جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ﴾

ئێمە بە ڕاستی قورئانمان ناردووەتە خوار بۆ لای تۆ وە حاڵی ئەو قورئانە وەهایە لەگەڵ حەق و ئەحکامی ڕاستایە.

﴿لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ﴾

بۆ ئەوە حوکم بدەی لە بەینی «مدعی» و «مدعی علیه» لەم ئادەمیزادانەدا بەو یاسا و ئوسووڵە کە خودا نیشانی داوی و خستوویەتە بەرچاوت.

﴿وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ﴿١٠٥﴾﴾

وە تۆ قەت مەبە بە خەسیم و موجادیل و موحامی و مودافیع بۆ ئەو کەسانە کە نائەمین و خەیانەت کارن.

﴿وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ﴾

داوای چاوپۆشی بکە لە خودای تەعالا بۆ خۆت بەرابەر بەو مەیلی دڵە کە بە قسەی ئەسیری کوڕی عوروە و ڕەفیقەکانی کەوتە دڵتەوە بۆ کوڕەکانی «بنی‌ابیرق».

﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٠٦﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا چاوپۆشی‌کەر و میهرەبانە.

﴿وَلَا تُجَٰدِلۡ عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ﴾

قەت جەدەل مەکە بۆ مودافەعە لەو کەسانە کە خەیانەت ئەکەن لەگەڵ نەفسی خۆیاندا بە خواردنی ماڵی خەڵکی.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا ﴿١٠٧﴾﴾

خودای تەعالا بە راستی ناحوببێنێ ئەو کەسانە کە خەیانەتکار و تاوانبارن.

ریوایەت کراوە ئەو کابرا کە دزییەکەی لێ دەرکەوت و رای کرد شەوێ رۆیشت بۆ دزی ماڵێکی‌تر و دیوارێکی کون کرد بۆ ئەوە بڕواتە ناو ماڵەکەوە، وە ئەو دیوارە رووخا بەسەریا و مرد.

﴿يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱللَّهِ﴾

کاری ناپەسەند و دزی ئەشارنەوە لە خەڵك و شەرمیان لێ ئەکەن بەڵام نایشارنەوە لە خودا و شەرم لە خودای تەعالا ناکەن.

﴿وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ ٱلْقَوْلِ﴾

وەلحاڵ خودا لەگەڵیانە لەو کاتەدا لە شەوا قسەی ناهەمواری وا ئەکەن کە خودا رازی نییە لێیان.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا ﴿١٠٨﴾﴾

وە خودا هەمیشە موحیت و ئاگادارە لە هەموو ئەو کارانە کە ئەوان ئەیکەن.

﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلْتُمْ عَنْهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾

باشە ئەوا ئێوە ئەو کەسانەن کە موجادەلەتان کرد بۆ رزگاری ئەوان لە عالەمی دنیادا.

﴿فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾

ئەی کێ موجادەلە بکا لەگەڵ خودادا لەسەر ئەوان لە رۆژی قیامەتا؟

﴿أَمۡ مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ١٠٩﴾

یاخود کێ ئەبێ بە وەکیل بۆ ئەوان؟

﴿وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١١٠﴾

هەرکەسێ کارێکی خراپی وەها بکا کە زیانی بۆ غەیری خۆی ببێ، یاخود ستەم بکا لە نەفسی خۆی، بەم رەنگە بازێ کردەوەی ناپەسەند بکا لە زاتی خۆیا، لە پاشان داوای عەفو و مەغفیرەت بکا لە خودا ئەوە بە بێ شوبهە خودای خۆی دەس ئەکەوێ بە چاوپۆش و میهرەبان.

﴿وَمَن يَكۡسِبۡ إِثۡمٗا فَإِنَّمَا يَكۡسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۚ﴾

کەسێ گوناهێ پەیدا بکا بۆ خۆی ئەوە زیانەکەی هەر لەسەر نەفسی خۆیەتی.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١١١﴾

بە راستی خودا عەلیم و زانایە بە ئەحواڵی مەخلووقاتی خۆی و خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە ئیستیعجال و پەلە پەل ناکا بۆ عەزابدانی کەس.

﴿وَمَن يَكۡسِبۡ خَطِيٓـَٔةً أَوۡ إِثۡمٗا ثُمَّ يَرۡمِ بِهِۦ بَرِيٓـٔٗا﴾

کەسێ خۆی گوناهێکی بچووك یا گەورە بکا و لە پاشانا ئەو گوناهە بخاتە ملی کەسێ کە عەلاقەی ئەبەدەن نییە بەو کارەوە.

﴿فَقَدِ ٱحۡتَمَلَ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ١١٢﴾

ئەوە بە راستی ئەو کەسە بوختانێ گەورەی هەڵگرتووە و تاوانێکی ئاشکرا.

﴿وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ وَرَحۡمَتُهُۥ﴾

ئەگەر فەزڵ و کەرەمی خودا زۆر نەبوایێ بەسەر تۆدا و میهرەبانی زۆر نەبوایێ.

﴿هَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ أَن يُضِلُّوكَ﴾

بە راستی تاقمێ لەو کافرانە کە بە وەفد بۆ دیفاع هاتبوون ویستیان رێگە لە تۆ ون بکەن.

﴿وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيۡءٖۚ﴾

ئەوانە ناتوانن کەس گومراە بکەن خۆیان نەبێ وە بە قەتعی زیان بە تۆ ناگەیەنن.

﴿وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾

وە خودای تەعالا کیتابی ناردووە بۆت و مەعریفەتی ئەشیای نیشانداوی وە حیکمەتی فێر کردووی.

﴿وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ﴾

وە ئەو حەقایقەی نیشانداوی کە تۆ لەمەو پێش نەت ئەزانی. ئەوەتە کە لە پێش نازڵ کردنی قورئانا تۆ ئەحواڵی هۆزی «بنو ابیرق»ت نەدەزانی، وە لە پاش ناردنی قورئان ئاگادار بووی.

﴿وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ﴿١١٣﴾﴾

وە فەزڵ و کەرەمی خودا لەسەر تۆ زۆر گەورەیە بە هۆی ئەوەوە رەوانەی کردی بە ریسالەتێ عامە و شامیلە [و] بە دەوام تا رۆژی قیامەت.

وە لە تەفسیری بەیزاوی و فەخرەدینی رازیدا ﷺ نووسراوە ئەم دزە ناوی توعمە بووە، جا ئەگونجێ وەکوو قورتوبی نووسیویەتی ناوی بەشیر بووبێ و لەقەبی توعمە بووبێ. وە بەیزاوی ئەگێڕێتەوە کە توعمەی کوڕی «ابیرق» رۆیشت ئەو هەمانە ئاردەی دزی و چەکەکانیشی تێدا بوو وە هێنای لە ماڵی زەیدی کوڕی سەمینی یەهوودیدا شاردییەوە، کاتێ خەڵك کەوتنە دۆزینەوەی ئەو ماڵە تەماشایان کرد لە

ڕێگەدا ئارد داوەڕیوە و بەو ئاردەدا شوێنی دزییەکەیان برد بۆ ماڵی زەیدی کوڕی سەمین، کاتێ ماڵەکەیان دۆزییەوە زەید وتی: من ئەم ماڵەم نەهێناوە بەڵکوو توعمەی کوڕی «ابیرق» هێناویەتی داویەتە دەستم بە ئەمانەت و دوو سێ جوولەکەی هێنا بە شاهید لەسەر ئەم قسەیە، جا خێڵی «ابیرق» جوولەکەکانیان برد بۆ لای حەزرەت ﷺ و عەرزیان کرد ئەگەر تۆ مودافەعەمان بۆ نەکەی ئەم جوولەکانە ئەم دزییە کە خۆیان کردوویانە ئەیخەن بەسەرمانا و ئابڕووی ئێمە ئەبەن. وە حەزرەت ﷺ لە ئەوەڵەوە وا ڕۆیشتە دڵیەوە کە ئەوانە ڕاست ئەکەن و جوولەکەکان درۆ ئەکەن. ویستی کە مودافەعە بکا بۆ هۆزی «ابیرق» و لەم ناوەدا وەحی نازڵ بوو وە دەرکەوت کە دزەکە توعمەیە، جا توعمە لە دین دەرچوو ڕای کرد بۆ مەککە لەوێش شەو ڕۆیشتە سەر ماڵێ بۆ دزی، خەریك بوو دیواری ماڵەکە کون بکا دیوارەکە ڕووخا بەسەریا و بە کافری مرد.

وە لە «تاج الأصول»دا لە کیتابی تەفسیردا ئەفەرموێت: کاتێ ئەم ئایەتانە نازڵ بوون بەشیر ڕۆیشتەوە بۆ لای موشریکەکان و دابەزی لە ماڵی «سلافه» کچی سەعدی کوڕی «سمیة» جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو: ﴿ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى...﴾ الآيتان. پاش ئەوە حەسانی کوڕی سابت هەجوی سەلافەی کرد بە چەن شیعرێ لەسەر ئەم لەخۆ گرتنی بەشیرە. جا سەلافە بوخچە و کوڵی بەشیری نابەسەریەوە و فڕەی دان بۆ شیوێ، وتی ئەمەیش خێری تۆ بوو بەشیر کە حەسسان هەجوی کردین. ئەم شیعرانی حەسسانە دیاری تۆ بوون هێنانت بۆم.

وە پاش ئەم ڕووداوە هۆزی «ابیرق» دەستیان کرد بە فاك و فیك و هاتوچۆ و چپەچپ کردن و واتەی پەنامەکی لەگەڵ ئەموئەودا بە نەوعێ کە ئینسانی ناشارەزا وای ئەزانی قەزییەیەکی گەورە وا لە ئارادا لەم ئەسنادا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ﴾

هیچ سوودێکی دینی و دنیایی نییە لە زۆر لە چپە چپ و واتە بن‌گۆشی ئەمانەدا.

﴿إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍۭ بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾

واتە لە بناغەدا وتار دانراوە بۆ دەفعی زیان یا بۆ هێنانی سوود و قازانجی دینی یا دنیایی، کە وابێ چپەی ئەو هۆزی «ابیرق»ە کە یەکێ لەمانەی تیا نییە بە قەتعی سوودی تیا نییە، بەڵێ سوود وا لە چپەی ئەو کەسانەدا کە ئەمر ئەکەن بە سەدەقەیێ واتە بە گەیاندنی خێرێکی ماددی وەکوو ئاوێ بەرگێ پارەیێ یا غەیری ئەمانە بە کەسانێ کە پێیان بشێ، یا چپەی کەسێ کە ئەمر بە چاکەیێ بکا و ئامۆژگارییەك بکا یا ناوبەینی خەڵك رێك بخا.

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ 

جا هەرکەسێ چپە بکا بۆ ئەمر بە سەدەقە یا ئەمر بە چاکە یا رێکخستنی میانەی خەڵك لەبەر داواخوازی رەزای خودا نەك لەبەر ئارەزوویەکی نەفسی وە یا حەزکردن لە شۆرەت و یا شتێ کە ناشەرعی بێ و بیەوێ بەم خزمەتانە پێ بگات، ئەوە لە پاشەرۆژی نزیکدا ئەجر و پاداشێکی گەورەی پێ ئەدەین.

ئیمامی رازی زۆر تاریفی ئەم ئایەتە ئەکا ئەفەرموێت: ئەم ئایەتە هەموو خێراتی تیایە؛ چونکی کردەوەی چاکە یا گەیاندنی سوودە بە خەڵك یا چارەکردنی زیانە وە یا گەیاندنی سوودی مادییە ئەوە سەدەقەیە یا بە گەیاندنی سوودی مەعنەوییە ئەوەیش ئەمرە بە چاکە بە دەرس، بە ئامۆژگاری، بە تکا، بە هەر جۆرێ‌تر ببێ وە چاری زیانیش ئیسلاحە لە عالەما.

﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ﴾

هەرکەسێ بەرانبەرکێ و موخالەفەی پێغەمبەر بکا و لە ڕێگەی فەرمانی ئەو لادا پاش ئەوە کە حەقی بۆ دەرکەوت و ریسالەتی بۆ سابت بوو بە هۆی چاوکەوتنی بە موعجیزات یا بە هۆی حاڵی بوونی لە دەلیلی ئیسباتی ریسالەت.

﴿وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾

وە بکەوێتە شوێنی غەیری ڕێگەی موسوڵمانان لە بیر و باوەڕا و لە پەیڕەوی پێغەمبەرا ﷺ.

﴿نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ﴾

ئەیخەینە شوێنی ئەو ڕێگەی گومڕاهییە کە خۆی گرتوویەتی.

﴿وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ﴾

وە ئەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

﴿وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾

وە زۆر نابار و ناهەموارە دۆزەخ لە جیهەتی ماوا و قەرارگاوە.

بە زاهیر ئەم ئایەتە مونتەبیقە بەسەر «ابن‌ابیرق»دا کە لە پاش ئیمانهێنان و مانەوە لە ناو موسوڵمانانا و لە پاش ئەوە کە ریسالەتی حەزرەتی بۆ ڕووناك بووەوە ڕۆیشت لە دین وەرگەڕایەوە هەتا بە کافری مرد. هەروا شامیلە بۆ هەموو کەسێ کە لە پاش دەرکەوتنی ڕێگەی ڕاست لە دینی ئیسلام لائەدا و ئەکەوێتە دووی خەیاڵاتی فاسیدە ـ پەنا بە خودا ـ ئەوە ماوای ئاگری دۆزەخە. هەروا دەرئەکەوێ لەم ئایەتەوە وەکوو لادان لە فەرمانی حەزرەت ﷺ ئەبێ بە هۆی ئەوە کابرا بڕواتە ئاگری دۆزەخ، لادان لە بیر و باوەڕی کۆمەڵەی موسوڵمانان خواه لە ئیعتیقادا یا لە ئەحکامی

عەمەلییەدا خواه مەنسووسە یا موستەنبەتە بێ هەموو ئەبێ بە هۆی چوونە ئاگری دۆزەخ کەوابێ دەرئەکەوێ کە ئیجماع واتە یەك کەوتنی زانا بەرزە بەڕێزەکانی ئیسلام لەسەر هەر حوکمێ هەبوو ئەبێ بە دەلیل بۆ باقی موسوڵمانان؛ چونکە ڕێگەی موسوڵمانان هەرچەن هەموو ڕێگەیێ: ئیعتیقادی و، عەمەلی و، مەنسووس و موستەنبەت، ئەگرێتەوە بەڵام زۆر ئاشکرایە نابێ لە ڕێگەی موسوڵمانان ڕێگەی حوکمە مەنسووسەکان بگرین؛ چونکە بەر ئیتیباعی ڕەسوول ئەکەوێ، وە ئەم ڕێگە ئەبێ ڕێگەی ئیستینباتاتی ئەوان بێ لە پاش وەفاتی حەزرەت ﷺ وە دیارە نابێ لەو موسوڵمانانە نەزانەکان یا زانا تاوانبارەکان مەقسەد بێ، بەڵکوو ئەبێ زانا بەرزە بەڕێزەکان کە پایەیان لە ئیسلاما دیارە وە ئەوانەیش هەر موجتەهیدەکانن کە پێویستە عادل و عالم و دارای هێزی ئیستینبات بن. مادام وابوون فەرموودەیان ئەبێ ئیعتیماد بداتە سەر ئیستینبات لە سەندێ و دەلیلێ لە ئایەت یا لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ وە ئیمامی شافیعی ﵀ ئەم ئایەتەی کردووە بە دەلیلی ئیستیدلال بە ئیجماعی ئیمامانی دین. وە ئەو کەسانە کە موخالیفی هاتنە جێگەی ئیجماعن قسەکەیان بێ‌قیمەتە؛ چونکی شەرع دوورە لە فەلسەفە و وردەکاری فەلاسیفە وە لەسەر زاهیر ئەڕوا، کەوابێ یەکێ حەقی نییە لەم مەوزووعەدا بلێت چۆن ئیجماعی عالمان دێتەجێ لەگەڵ دووری جێگەیان و جیاوازی ڕەغبەتیان؟ چونکی بەسە بۆ عالمی زانای دین کە خودا ئەمری پێ بکا بە خزمەتی ئیسلام و ئیرشادی موسوڵمانان ئیتر داعی و باعیسی‌تری ناوێ بۆ ئەوە بیربکاتەوە لە کیتاب و سوننەت و ئەحکام وەربگرێ لێیان وە کاتێ ڕووداوێکی وەها بووبێ لە ناو موسوڵمانانا وە لە مەککەدا یا لە مەدینەدا قەرەباڵغی عالمەکان بڕیاری شتێکیان دابێ و ئێمە موخالیفمان بۆ مەعلووم نەبێ ئەڵێین ئەوە «ئیجماع»ە. بەڵێ وەکوو ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی عیبارەتی «لم نسمع خلافا» باشترە لە «أجمعت الأمة» وە سالمترە.

وەلحاسڵ مادام تابیع بوونی غەیری ڕێگەی ئەوان حەرام بێ ئەبێ پێویست بێ ئینسان تابیعی ڕێگەی ئەوان بێ، وە مەعلوومە تابیع بوونی ڕێگەی یەکێ لەوان واجب نییە وەکوو تابیع بوون بە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی تایبەتی. کەوابوو مەقسەد تابیع بوونە بە ڕێگەی هەموویان و ئەمە تابیع بوونە بە ئیجماع. هەروا لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ مادام تابیع بوون بە مەجمووعەکەیان ڕێگەی موسوڵمان بێ ئەبێ لە کاتی ئیختیلافدا تابیع بوون بە ڕێگەی زۆربەی ئەو کۆمەڵە زۆر بەجێتر بێ لە تابیع بوون بە ئەقلییەت و کۆمەڵەی کەم. وە لەسەر ئەم ئەساسەیە کە تابیع بوون بە «سەوادی ئەعزەم» لە فەرموودەی حەزرەتا ئەمری پێ کراوە هەتا ببێ بە سەرمەشق بۆ موسوڵمانان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا سەرفی نەزەر ناکا لەوە کە شەریکی بۆ قەرار بدرێ، وە چاوپۆشی ئەکا لە غەیری ئەوە لە باقی گوناحەکان بۆ هەرکەس خواستی ببێ.

﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾﴾

وە هەرکەسێ شەریك و هاوڕێ قەرار بدا بۆ خودا ئەوە بە ڕاستی لە ڕێگە دەرچووە و ڕێگەی ڕاستی گوم کردووە و زۆر دوور کەوتووەتەوە لە ڕێگەی ڕاست.

لەسەر فەرموودەی ئیمامی ڕازی سیرڕی دووبارە کردنەوەی ئەم ئایەتە ئەمەیە کە ئایەتی وەعد و وەعید یانی ئایاتی وادەی خێر و هەڕەشە کردن دژی یەکترن و خودا قەت ئایەتێکی لە ئایاتی وەعیدی دووبارە نەکردووەتەوە بە عەینی لەفز. جا ئەم ئایەتی وەعدەی دووبارە کردەوە بۆ دەلالەت لەسەر ئەوە کە خودا ڕەحمەتی لە غەزەبی زۆرترە و خودا حەز لە عەفو و چاوپۆشی ئەکا. وە لە لایەکی تریشەوە بۆ ئیشارەتە بۆ لای ئەوە ئەگەر توعمەی کوڕی «ابیرق» بە دزییەکەی دەسبەردار ببوایێ

خودا عەفوی ئەکرد. وە لەبەر ئیرتیداد و کوفرەکەی خودا دەری کرد لە ڕەحمەتی خۆی ئەگەرنا عەفوی خودا زۆر گوشادە.

ڕیوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە ﵁ هیچ ئایەتێ لە قورئانا لەم ئایەتە مەحبووبتر نییە لە لای من. وە ڕیوایەت کراوە لە ئەبووهورەیرەوە ﵁ ئەڵێ: کاتێ ئایەتی: ﴿ومن يعمل سوء يجز به﴾ نازڵ بوو ئەسحابەکان زۆر لە لایان گران بوو؛ چونکی کەس نییە کاری گوناحی نەبێ، وە باسی ئەم ئایەتەیان کرد لەلای حەزرەتا ﷺ «فقال: قاربوا وسددوا في كل ما يصيب المؤمن كفارة حتى الشوكة يشاكها أو النكبة ينكبها. و في رواية: هذه معاتبة الله العبد فيما يصيبه من الحمى والنكبة حتى البضاعة يضعها في كم قيصمه فيفقدها فيفزع لها، حتى أن العبد ليخرج من ذنوبه كما يخرج التبر الأحمر من الكير. روى هذه الثلاثة الترمذي الأول بسند غريب والأخيرين بسندين حسنين».

﴿إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا﴾

ئەم موشریکانە عیبادەت ناکەن بۆ غەیری خودا مەگەر بۆ چەن مەعبوودێکی مێچکە؛ چونکی عیبادەتی ئەو بتانەیان ئەکرد وەکوو لات و عوززا و مەنات کە ناوەکانیان لەسەر زمانی عەرەبی «مؤنث»ە بە تیێ تەئنیس یا بە هۆی ئەلفی ئاخرەوە، یا عیبادەتیان بۆ ئەو بتانە ئەکرد کە خۆیان ئەیانتاشین و لەبەر دەستیانا کەوتبوون، وە یاخود عیبادەتیان بۆ مەلائیکە ئەکرد و مەلائیکە ئەگەرچی نە نێرن و نە مێ بەڵام لە زمانی عەرەبا بە «مؤنث» ئەژمێررێن.

﴿وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾﴾

وە عیبادەت ناکەن بە هۆی عیبادەتی بتەکانەوە ئیللا بۆ شەیتانی لە فەرمان دەرچوو؛ چونکە عیبادەتیان بۆ بتەکان لەسەر ئەمری شەیتانە، کەوابێ لە حەقیقەتا عیبادەتی شەیتان ئەکەن.

﴿لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾﴾

وە وتوویەتی بێگومان: من وەرئەگرم لە بەندەکانی تۆ ئەی خودا بەشێکی وا کە بڕیار دراوە بۆ من بە واجبی.

﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾

وە سوێند ئەخۆم کە ئەبێ لە ڕێگە لایان دەم و ئەبێ ئارەزوو و هەوای بەتاڵ و پڕوپووچ بهاوێمە ناو دڵیانەوە هەتا بە هۆی ئەو هەواوە هەموو شتێکی بەسوود و عیبادەتی مەعبوودی حەقیان لە بیر بچێتەوە.

﴿وَلَأٓمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾

وە فەرمان ئەدەم بەو بەندە گومڕاهانە باگوێچکەی وشتر و گاو مەڕ و بزن شەق بکەن بۆ نیشانە لەسەر حەرام کردنیان بە بێ ئەمری خودا.

﴿وَلَأٓمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ﴾

وە سوێند ئەخۆم کە ئەمر ئەکەم بەو بەندە گومڕاهانە با شێوە و سوورەتی مەخلووقی خودا بگۆڕن و لەسەر وەزعی خۆیان نەمێنن. پێیان ئەڵێم گوێی حەیوان ببڕن و بیانخەسێنن و چاوی وشتری فەحلی گەورە دەربێنن و خاڵ بکوتن لەسەر لووت و لێو و دەم و چاو و دەست و پێ و، دانیان تیژ بکەن و ئەو شێوە کە پێغەمەران لە لایەنی خوداوە هێناویانە لە ئەدەب بیگۆڕن. وە مووی بێگانە بلکێنن بە سەری بێتووکەوە وە داخی نابار و ناهەموار بنێن بە ئەعزای گیانلەبەرا. وە ئەمانە هەموو گوناحی گەورەن. هەروا دەرهێنانی موو لە روخساری پیاوان و ژنان بە تایبەتی ئەگەر بۆ دەسبڕینی خەڵکی بێ مەسەلا. ئەلحاسڵ هەرچی گۆڕینێ لە دینی ئیسلاما دامەزرابێ وەکوو خەتەنەکردن، بەرتاشین، بەرسمێڵ کردن، مووی بن‌باڵ هەڵکەندن، نینۆك

کردن. هەموو ئەمانە باشە و لە سوونەتی ئیسلامە «ما باقي» لەبەر ناچاری نەبێ یا لەبەر تەشویهی شێوە نەبێ حەرامە.

﴿وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَـٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾﴾

وە هەرکەسێ شەیتان بکا بە دۆستی خۆی و دوور بکەوێتەوە لە دۆستی خودا ئەوە بە راستی زیانی کردووە لە کار و کەسبی بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆیا بە زیانێکی ئاشکرا.

﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾﴾

چونکی شەیتان وەعدەیان پێ ئەدا و ئارەزووی نابار و پڕوپووچ ئەهاوێتە دڵیانەوە بۆ ئەوە کە گومڕایان بکا، وە شەیتان وەعدەیان پێ نادا ئیللا لە بۆ ئەوە کە مەغروریان بکا و بە ناحەق بایی ببن لە خۆیان.

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ﴾

ئەم کەسانە کە بە هۆی شەیتانەوە بایی ئەبن جێگە و ماوای پاشەڕۆژیان دۆزەخە.

﴿وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾﴾

وە شوێنی فیرار و قەرارگایان دەست ناکەوێ هەتا لە دۆزەخ دەرچن و رابکەن بۆ لای و لە ناویا ئارام بگرن. واتە ناتوانن دەرچن لە دۆزەخ بە هیچ نەوعە وەسیلەیێ و بە هیچ یارمەتیدەرێ.

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ﴾

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی جوان ئەکەن بە یاسای دینی ئیسلام لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەیانهاوێمە بەهەشتەوە، ئەو بەهەشتەی کە لە ژێری دارەکانیەوە جۆبار دەرئەچێ و حاڵیان وایە کە بە دەوام ئەمێننەوە لەو بەهەشتەدا هەتا هەتایە.

﴿وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٗاۚ﴾

خودا وەعدەی داوە پێیان و ئەو وەعدە هەیە بە ڕاستی.

﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا ١٢٢﴾

ئەوە کێیە ڕاستتر بێ لە خودا لە خوسووسی وتارەوە؟ حاشا کەس ڕاستتر نییە لە خودای تەعالا لە وتارا.

فەرموودەی خودا: ﴿ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ ... ﴾ الآية.

ئیبنوئەبی‌حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: جوولەکە و گاور داوایان وابوو ئەیانوت: غەیری ئێمە کەس ناچێتە بەهەشتەوە و ئێمە ئاگری دۆزەخ لێمان نادا ئیللا چەن ڕۆژێکی کەم. وە قورەیش ئەیانوت: ئێمە هەر زیندوو ناکرێینەوە و حسێبمان لەگەڵدا ناکرێ! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

وە ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردووە لە قەتادەوە کە گەلێ لە یەهوود و گەلێ لە نەسارا و گەلێ لە موسوڵمانان دانیشتبوون لە شوێنێکا و خەریکی بەیان و دەربڕینی فەخری خۆیان بوون. جا کیتابییەکان لە یەهوود و نەسارا وتیان بە موسوڵمانەکان: پێغەمبەری ئێمە لە پێش پێغەمبەری ئێوەدا هاتووە و کتێبی ئێمە لە پێش کتێبی ئێوەدا بووە کەوابێ ئێمە موستەحەقترین لە ئێوە بە ڕەحمەتی خودا! وە موسوڵمانەکانیش وتیان: پێغەمبەری ئێمە خاتەمی پێغەمبەرانە و کتێبی ئێمە حاکم و فەرمانڕەوایە بەسەر کتێبەکانی ئێوەدا. جا خودا ئەم ئایاتەی نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿ لَيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ﴾

سەوابی خودا و چوونە بەهەشت و پارازراوی لە دۆزەخ بە ئارەزووی ئێوە نییە ئەی موسوڵمانەکان وە بە ئارەزووی ئەهلی کیتابیش نییە، بەڵکوو ئەمانە یەکەم بە فەزڵی خودایە و دووەم بە ئیمانی خالس و کردەوەی چاکی پاکە.

﴿مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ﴾

ئەینا هەرکەسێ کردەوەیەکی خراپ بکا جەزای ئەدرێتەوە لەسەری.

﴿وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾﴾

وە کەس دەستی ناکەوێ لە لای غەیری خوداوە دۆستێ فریای بکەوێ و یارمەتیدەرێ یارمەتی بدا.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾

وە هەرکەسێ کردەوەی لە کارە هەموارە باشەکان بێ ـ پیاو بێ یا ژن ـ وەلحاڵ کە ئیماندارێکی ساغ بێ.

﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾﴾

ئەوانە ئەچنە بەهەشت و ستەمیان لێ ناکرێ بە قەی ئەو نوختە وا لە پشتی ناوکە خورماوە.

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ﴾

ئەوە کێیە ئەو کەسەی کە جوانتر بێ لە خوسووسی دیانەتەوە لەو کەسەی کە رووی خۆی کردبێ بۆ لای خودای خۆی وەلحاڵ خودای بەیەك بزانێ و کەوتبێتە

شوێن دینی تەوحیدی حەزرەتی ئیبراهیم و لایدابێ لە شتی بەتاڵ بۆ لای شتێ کە کەماڵ بێ؟.

﴿وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾﴾

ئەگەر نازانن کە ئیبراهیم کێیە بزانن خودای تەعالا ئیبراهیمی کردووە بە خەلیل و دۆستی خۆی. ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی مەبەست لەم ﴿من أسلم وجهه﴾ وە ئەبووبەکری سدیقە رضي الله عنه.

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾

هەر بۆ خودایە بە موڵك و بە سوڵتان هەرچی هەیە لە ئاسمانەکاندا و هەرچی هەیە لە عەرزا.

﴿وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطًا ﴿١٢٦﴾﴾

وە خودای تەعالا موحیتە بە هەموو شتێکا، یانی دەستەڵاتی هەیە بەسەر هەموو کائیناتا. کەوابێ خۆشەویستی ئیبراهیمی خەلیلی لەبەر ئەوە نەبووە کە خودا موحتاج بێ بە شتێ تا موحتاج بێ بە ئیبراهیم بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە ئیبراهیم عليه السلام حەقی عوبوودییەت و بەندەیی خودای بە ساغی بەجێهێناوە و خودایش لەسەر سونەت و یاسای خۆی ئەوی خۆش ویستووە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ﴾.

ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە لە عائیشەوە رضي الله عنها فەرموویەتی: وا ئەبوو پیاوێ کچێکی هەتیوی لە لا ئەبوو وە ئەو پیاوە خوێنڕەس و کار بەدەستی کچەکە ئەبوو وە ئەو کچە ماڵێکی بە میرات بۆ هاتبوایەوە لە باوکی، تێکەڵی ماڵی ئەم کار

بەدەستە ئەبوو جا لەبەر ماڵەکەی نەیئەدا بە شوو هەتا ئەو کچە داماوە ئەمرد. جا پرسیار کرا لە حەزرەت ﷺ لەم رووەوە و خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد.

﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِيهِنَّ وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلۡوِلۡدَٰنِ وَأَن تَقُومُواْ لِلۡيَتَٰمَىٰ بِٱلۡقِسۡطِۚ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمٗا ١٢٧﴾

لەم شوێنەدا چەن شتێ بزانن:

یەکەم: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە بە هۆی پرسیاری کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمبەر ﷺ لە کار و باری ژنان و لە میراتیان و غەیری ئەمانە. وە بازێ لەوانە لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە بەیان کراون، وە بازێکیان ماون لەمەولا بەیان ئەکرێن.

دووەم: تەرکیبی ئەم ئایەتە وەهایە کە واوی «وما یتلی» عەتفی «ما» ئەکاتەوە بۆ سەر «اللّٰه» و «في يتامى النساء» مەربووتە بە «یتلی علیکم» و «والمستضعفين» عەتفە لەسەر «يتامى النساء»، «و أن تقوموا» پاش بوونی بە مەسدەر عەتفە لەسەر «المستضعفين».

جا مەعنای ئایەتەکە ئەبێ بەمە: داوای فتوا و بەیانی ئەحکامت لێ ئەکەن لە ژنانا تۆ لە جوابیانا بڵێ: خودا فەتواتان بۆ ئەدا و ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە لە قورئانا لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە فەتواتان بۆ ئەدا. ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە لە بەیانی ئەحواڵی هەتیوە بێباوکەکان و لەو ژنانە کە پێتان نەئەدان ئەو مارەییە بۆیان نووسراوە یا ئەو میراتە کە بۆیان نووسراوە، وە ئارەزوویشتان بوو لەوەدا کە مارەیان

بکەن، یا خۆتان مەنع ئەکرد لەوە کە مارەیان بکەن. وە فەتواتان بۆ ئەدا ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە بەسەرتانا لە باسی حاڵ و حوکمی میراتی ئەو منداڵە هەتیوە زەعیفانە وە لە باسی راوەستان بۆ ئیدارەیان بە عەداڵەت و دادگەری. وە ئەو ئایەتانە کە خوێنرانەوە بەسەریانا لە هۆی کچەهەتیوەکان و منداڵە وردەکانەوە لەسەر ئەم ریزە کە دێت:

١. ﴿و آتوا اليتامى أموالهم و لا تتبدلوا الخبيث بالطيب و لا تأكلوا أموالهم إلى أموالكم إنه كان حوباً كبيراً ﴾ (٢) النساء.

٢. ﴿و آتوا النساء صدقاتهن نحلة فإن طبن لكم عن شيء منه نفساً فكلوه هنيئاً مريئاً﴾ (٤) النساء.

٣. ﴿ولا تؤتوا السفهاء أموالكم التي جعل الله لكم قياماً وارزقوهم فيها واكسوهم و قولوا لهم قولاً معروفاً﴾ (٥) النساء.

٤. ﴿وابتلوا اليتامى حتى إذا بلغوا النكاح فإن آنستم منهم رشداً فادفعوا إليهم أموالهم ولا تأكلوها إسرافاً و بداراً إن يكبروا﴾ (٦) النساء.

٥. ﴿إن الذين يأكلون أموال اليتامى ظلماً إنما يأكلون في بطونهم ناراً و سيصلون سعيراً﴾ (١٠) النساء.

٦. ﴿يوصيكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الأنثيين فإن كن نساء فوق اثنتين فلهن ثلثا ما ترك فإن كانت واحدة فلها النصف﴾ (١١) النساء.

٧. ﴿يا أيها الذين آمنوا لا يحل لكم أن ترثوا النساء كرها ولا تعضلوهن لتذهبوا ببعض ما آتيتموهن﴾ (١٩) النساء.

وە غەیری ئەم ئایەتانەیش لەوانە کە باسی ئەحواڵی ژنان ئەکا وەکوو ئایاتی ئەواخیری سوورەی نیساء.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ﴾ الآية.

ئەبووداوود و حاکم و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە عائیشەوە ﵂ فەرمووی: سودەی کچی زمعە بیمی بوو کە حەزرەت ﷺ تەڵاقی بدا کاتێ کەوتە ساڵەوە وتی بە حەزرەت ﷺ: ڕۆژەکەی من بۆ عائیشە و حەزرەت قەبووڵی کرد. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە سەعیدی کوڕی مەنسوور و ئیمامی شافیعی و بەیهەقی ریوایەتیان کردووە لە سەعیدی کوڕی موسەییەب کە کچی موحەممەدی کوڕی موسلیمە لە لای رافیعی کوڕی خەدیج بوو، ئەویش تۆزێ حەزی پێ نەدەکرد، سا لەبەر پیری یا لەبەر هەرچی، وە ویستی تەڵاقی بدا، ئەویش پێی وت: تەڵاقم مەدە و لە نۆبەی نوستنا چی بڕیار ئەدەی بۆم باشە. وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو ئەوانیش لە ناو خۆیانا باش ڕێکەوتن. وە ئیبنوجەریر ریوایەت ئەکا لە سەعیدی کوڕی جوبەیر ﵁ کاتێ ئەم ئایەتە نازڵ بوو وتی بە مێردەکەی ئەمەوێ کە نەفەقەم بۆ بڕیار بدەی، وە لەوەبەر حەزی ئەکرد کە رای بگرێ تەڵاقی نەدا و کابرا نەیێتە لای. جا خودا ئەمەی نازڵ کرد: ﴿و أحضرت الأنفس الشح﴾.

وە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە لە عائیشەوە ﵂: ئەم ئایەتە نازڵ بووە دەرحەق بە ژنێ کە مێردەکەی زۆر مەیلی نەبوو لەگەڵیا و ئەیویست جیا بێتەوە لێی، بەڵام لەبەر سابیقە ئولفەت وە یا لەبەر ئەوە کە منداڵی هەبوو حەزی نەدەکرد کە تەڵاقی بدا. جا ژنەکەی پێی ئەوت: تەڵاقم مەدە و لە لای خۆت دام بنێ گەردنت ئازاد بێ لە حوقووقی قەسمی من و ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

ئیحتیمالی هەیە هەموو ئەم هۆیانە هاتبنەجێ، وە مانیع نییە؛ چونکی موعارزەی یەکتر ناکەن. وە خودا فەرمووی:

﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا﴾

ئەگەر ژنێ ئەترسا لەوە کە مێردەکەی بە یەکجاری دووربکەوێتەوە لێی وە یاخود جار بە جارێ ئیعرازی لێ بنێ و موبالاتی پێ نەکا.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا﴾

ئەوە گوناحیان لەسەر نییە لەوەدا کە ناوبەینی خۆیان چاك بکەن و لەگەڵ یەکا رێك بکەون لەسەر قەرار و بڕیاری ئەوە کە ژنەکە لە بازێ مارەییەکەی یا لە هەمووی یاخود لە نۆبە نوستنەکەی لەگەڵیا دەست هەڵبگرێ.

﴿وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾

وە رێکەوتنیان و مانەوەیان بەیەکەوە باشترە لە جیا بوونەوەیان نەخوازەڵڵا ئەگەر ئەو ژنە منداڵی لە کابرا ببێ، وە یاخود ماوای باشی نەبێ بۆ ژیان و گوزەرانی، وە لەبەر جوانی ریعایەتی حەقی سوحبەت و ئولفەتی سابیقە و بەستنی دەمی خەڵك لە واتەی بێسوود و لەبەر بەهێز کردنی دۆستی لەگەڵ خزمەکانیا و لەبەر شتیتر غەیری ئەمانە.

﴿وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ﴾

وە لە خیلقەت و دروستکردنی غەریزەی ئادەمیدا نفووسی ئینسان حازر و ئامادە کراوە بۆ بوخل و بۆ ئەوە خۆ نەدات بەدەستەوە لە چاوپۆشی کردن لە ماڵدا. کەوابێ ئەگەر یەکێ لەم ژن و پیاوە ملەجڕێ بکا و لەسەر ماڵەکەی قسە بکا و چاوپۆشی بکەن. ماڵ خۆشەویستە و تەماع وا لەولای ئەرواحەوە.

﴿وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾﴾

وە ئەگەر ڕەفاقەت و میانەتان باش بکەن لەگەڵ ژنەکانتانا و خۆتان بپارێزن لە جیابوونەوەیان بزانن کە بە ڕاستی خودای تەعالا ئاگادارە لەسەر کردەوەی ئێوە جەزاتان بە باش ئەداتەوە.

﴿ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ ﴾

ئێوە قەت ناتوانن کە موساوات و هاومیزانی بکەن لە زاهیر و باتینا لەگەڵ ژنەکانتانا هەرچەن زۆر مەیلێکی گەرمتان بێ لەسەر ئەو هاوکێشییە؛ چونکی ئینسان وەکوو ناتوانێ مەنعی چاو بکا لە دیتن و مەنعی گوێچکە بکا لە بیستن ناتوانێ مەنعی دڵیش بکا لە زیادە خۆش ویستن بۆ ژنێ لەو ژنانە کە لە جەمالا یا لە کەلاما بەرز بێ. بۆیە حەزرەت ﷺ نۆبەی ڕائەگرت لە بەینی حەرەمەکانیا و ئەیفەرموو: «هذا قسمي في ما أملك فلا تؤاخذني فيما تملك و لا أملك» واتە: خودایا ئەمە نەوبە کاری منە لە ناو ژنەکانما بە قەی ئەونە دەستم ئەڕوا و ئەتوانم ئیتر موئاخەزەم مەکە لەو شتەدا کە تۆ دەستت ئەڕوا بەسەریا و من دەستم ناڕوا بەسەریا.

﴿فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ ﴾

بەڵام لامەدەن لە ڕیعایەتی عەدڵ و دادگەری لە ناویانا بەلادانێکی تەواو هەتا ژنەکانتان وا لێ بکەن وەکوو ژنێ کە نە مێردی هەبێ و نە تەڵاق درابێ. بەڵکوو ئەگەر لاتان دا لە حەق با لادانێکی کەم بێ. «فإن ما لا يدرك كله لايترك كله».

ڕیوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ: «من كانت له امرأتان يميل مع أحداهما جاء يوم القيامة واحد شقيه مائل».

﴿وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٢٩﴾﴾

جا ئەگەر چاك بكەنەوە ئەو خراپەیە كردووتانە و ئیتر خۆتان بپارێزن لە پاشەوەختیشا لەو خراپە پێشووتانە ئەوە خودا سەرفی نەزەرکارە و میهرەبانە.

﴿وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦۚ﴾

وە ئەگەر ئەو پیاو و ژنە جیا ببنەوە لەیەك ئەوە خودای تەعالا هەردووکیان بێئیحتیاج و بێمەبەست ئەکا لەوی دی.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ١٣٠﴾

وە خودای تەعالا خاوەن ویسعەت و دەسترۆیشتووە و خاوەن حیکمەتیشە لە هەموو کارێك لە کارەکانیدا.

﴿وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۗ﴾

بۆ خودایە و بەس هەرچی وا لە ئەسمانەکانا و هەرچی وا لە عەرزا.

﴿وَلَقَدْ وَصَّيْنَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَۚ﴾

وە بە راستی ئێمە ئامۆژگاری ئەوانەمان کردووە کە کیتابیان پێ دراوە لە پێش ئێوەدا وە ئامۆژگاری ئێوەیشمان کردووە کە لە خودا بترسن و خۆتان لە نافەرمانی بپارێزن.

﴿وَإِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا ١٣١﴾

وە ئەگەر کوفری خودا بکەن ئەوە بزانن کە خودا خاوەنی هەرچییە لە ئاسمانا هەیە و لە عەرزا هەیە وخودا دەوڵەمەندە و حەمدکراوە لەسەر هەموو نیعمەتێ.

﴿وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ١٣٢﴾

هەر بۆ خودایە هەرچی وا لە ئاسمانەکان و هەرچی وا لە عەرزا و بەسە خودای تەعالا بۆ ئەوە ببێ بە وەکیل و «معتمد علیه» بۆتان.

﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأْتِ بِـَٔاخَرِينَ﴾

خودا ئەوەندە خودایەکی تەوانایە ئارەزوو بکا ئێوە لائەبا لەبەر چاوا، ئەی ئادەمیزاد، وە کۆمەڵێکی تر دێنێ.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرًا ﴿١٣٣﴾﴾

وە خودای تەعالا قادر و تەوانایە لەسەر ئەوە کە ئێوە لاببا و کۆمەڵێکی‌تر دابنێ لە جێگەی ئێوەدا.

لەم ئایەتەدا هەڕەشە هەیە بۆ ئەو کەسانە کە کاری خەڵکی وا لە دەستیانا و تەماشایان ناکەن. ئەفەرموێت: ئەونەی پێ ناچێ ئێوە لائەبەم وەکوو چەن جار ئەم نەوعە ئاڵ و گۆڕەمان چاو پێکەوتووە.

﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ﴾

واتە: هەرکەسێ کە دڵخوازی هەر سوودی ژیواری دنیایە و هەر داوای ئەوە ئەکا و بە شوێنی ئەوا ئەگەڕێ ئەوە زۆر کاری نابار ئەکا؛ چونکی خودای تەعالا خێری دنیا و قیامەتی لەلایە، ئەی جا بۆچی داوای خێری دنیا و ئاخیرەت ناکا؟ با داوای هەردووکیان بکا و بە سیدقی دڵ بڵێت: ﴿ربنا آتنا في الدنيا حسنة و في الآخرة حسنة﴾.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿١٣٤﴾﴾

وە خودای تەعالا شنەوا و بینایە، ئاگای لە وتار و کردار هەیە.

فەرموودەی خودا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە «سدی» ئەڵێ جارێ دەوڵەمەندێ و فەقیرێ نیزاعێکیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ ئەویش کە تەماشای کردن وا حاڵی بوو کە حەقی

فەقیرەکەیە؛ چونکی فەقیر ناتوانێ ستەم بکا لە دەوڵەمەند «مع أنه» حەق لە لای دەوڵەمەندەکەدا بوو. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ﴾

ئەی کەسانێ ئیمانتان هەیە هەمیشە بەردەوام و پایەدار بن لەسەر عەداڵەت تێکوشن بۆ تەرویجی حەق و شاهید بن لەبەر رەزای خودا لەسەر حەق، هەرچەند ئەو شەهادەتی ئێوە لەسەر زیانی خۆتان یا باوك و دایکتان یا خزم و خوێشی زۆر نزیکتان بێ.

﴿إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ﴾

وە ئەو کەسە کە شەهادەتەکەی لەسەر ئەدرێ دەوڵەمەند بێ یا گەدا و لات بێ، ئێوە لە حەق لامەدەن بۆ کەسیان؛ چونکی خودای تەعالا نزیکترە لە چاودێری ئەوانە لە ئێوە. ئێوە مەڵێن: ئەو کەسە گەدایە با ئێمە هەر لای ئەو بگرین؛ چونکی وا ئەبێ حەق وا لە لای دەوڵەمەندەکە، وە یا مەڵێن: ئەو کەسە دەوڵەمەندە با ئێمە حورمەتی بگرین ئیحتیرام وا لە حورمەتی حەقدا.

﴿فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْ ۚ﴾

مەکەونە شوێنی ئارەزووی نەفس، نەکا لادەن لە حەق.

﴿وَإِن تَلْوُۥٓاْ أَوْ تُعْرِضُواْ﴾

وە ئەگەر زمانتان پێچ بدەن و لای‌بدەن لە ئەدای حەق، وە یا هەر ئیعراز بنێن لە ئەدای شەهادەت و حەق ون بکەن.

﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾﴾

ئەوە بە راستی خودای تەعالا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ﴾ **الآية.**

بەغەوی و واحیدی ڕیوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: موسوڵمانەکانی ئەهلی کیتاب هاتن بۆ حوزووری حەزرەت ﷺ وە ئەوانیش عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و ڕەفیقەکانی بوون. وتیان: یا ڕەسووڵەڵڵا ئێمە ئیمانمان هەیە بە تۆ و بەو کتێبە هاتووەتە خوارەوە بۆت و ئیمانمان هەیە بە مووسا و تەورات و عوزەیر ئیتر باوەڕ ناکەین بە هیچ کەس و بە هیچ کتێبێ غەیری ئەمانە. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: وانابێ پێویستە ئیمان بێنن بە من و کتێبەکەم کە قورئانە، وە بە هەموو پێغەمبەرانی پێشوو و بە کتێبەکانیان، جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و خودا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾

واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە من ئەبێ ئیمانەکەتان وابێ کە خودای تەعالا ئیعتیباری پێ بکا، وە ئەگەر ئەتانەوێ لەو ئیمانە تێ بگەن پێتان ئەڵێم: ئیمان بێنن بە خودای تەعالا و بەو پێغەمبەرەی کە ئێستە بانگتان ئەکا بۆ تەوحیدی خودا و بەو کتێبەیش کە خودا نازڵی کردووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی و بە جینسی ئەو کتێبەیش کە خودا لەمەوپێش ناردوونی بۆ پێغەمبەرانی خۆی لە ئادەم هەتا پێش دەوری خاتەم، وە هەرکەسێ ئینکاری خودا بکا یا ئینکاری مەلائیکەتەکانی بکا یا ئینکاری کتێبەکانی بکا یا ئینکاری پێغەمبەرەکانی بکا، هەموویان یا یەکێکیان، وە یا ئینکاری ڕۆژی قیامەت و زیندوو بوونەوەی مردوان و گردکردنەوەیان و حسێبیان و ئەنجامی دۆزەخ و بەهەشتیان بکا ئەوە بە ڕاستی دوورکەوتووەتەوە لە ڕێگەی حەق و ون بووە بە ون بوونێکی دوور لە ڕێگەی ڕاست.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًۢا ﴿١٣٧﴾ ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێنا لەبەر چاوا و لە پاش ئەوە کوفریان ئیختیار کرد بە سیرڕی و پەنامەکی و لە پاش ئەوە دووبارە هاتنەوە ئیمانیان هێناوە بە زاهیر و لە پاش ئەم ئیمانە دووبارە کافر بوونەوە و لە پاش ئەمەیش لە پایەکانی کوفرا سەرکەوتن، یانی وەختی خۆی کوفرەکەیان هەر لە دڵی خۆیانا بوو بەڵام پاش ماوەیێ خەڵکیشیان بانگ ئەکرد بۆ کافرێتی، ئەمانە خودا لەوانە نییە کە لێیان خۆش بێ و لەوانەیش نییە کە شارەزایان بکا بۆ رێگەی رزگاری؛ چونکی بە هۆی وەرگەڕان و هەڵسووڕانی زۆر لە ئیمانەوە بۆ کوفر و لە کوفرەوە بۆ ئیمان ئەمە لە دڵیانا دامەزراوە کە ئیسلامییەت واقیعی نییە و هەر بۆ ئەوە ئەشێ کە گاڵتە بکەن بە خاوەن دەعوەتەکەی و لە روویا ئیسلامییەت دەربخەن و لە پشتەوە بڕۆنەوە بۆ سەر کوفرەکەی خۆیان، جا کە دڵی ئینسان وای لێ‌هات ئەوە ئەو دڵە زایە ئەبێ و ئیتر مایەی ئیمان وەرناگرێ هەتا بە بێ‌ئیمانی ئەمرێ.

﴿ بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ﴾

واتە: ئەوانە باسمان کردن موونافق بوون، وە موژدە بدە پێیان کە عەزابێکی زۆر سەختیان هەیە.

﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ ﴾

ئەو کەسانە کە کافرەکان ئەکەن بە دۆستی راستی خۆیان ئەبن بە هاوڕازیان و ئەیانکەن بە مەحرەمی ئەسرار و ئەیانکەن بە پەنا و داڵدە بۆ کاتی هات‌و هاوار و حەز ئەکەن بە نەمانی موسوڵمانەکان و سەرکەوتنی ئەوان.

﴿أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ﴾

بۆچی وا ئەکەن خۆ بە یارمەتی ئەوان نازین؟ ئەی عەجەبا سەربەرزی و عیززەت و پایەدارییان ئەوێ لە تێکەڵی ئەوان! ئەگەر ئەمەیە بە هەڵەدا چوون عیززەت لەوانەوە دەس ناکەوێ.

﴿فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾﴾

عیززەت بە هەر مەعنایەکی مەرغووب مەعنای لێ بدەیتەوە هەر بۆ خودایە هەمووی، وە هەر لە پڕتەوی خواستی خوداوەیە، ئەگەر یەکێ بەشی لەو عیززەتە دەس بکەوێ. کەوابێ بە راستی و دڵێکی پاك بێن پاڵ بدەنەوە بە جانیبی خوداوە لەم هات‌و هووتەیان گەلێ باشترە.

﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ﴾

ئێوە بە راستی ئەزانن کە خودا لە قورئانی خۆیا بڕیاری داوە و ئەو حوکمەیشی ناردە خوارەوە بۆ ئێوە کاتێ بیستتان ئەو کافرانە گاڵتە ئەکەن بە ئایاتی خودا و کوفری خۆیان دەرئەبڕن بەرابەر بەوانە ئیتر دامەنیشن لەگەڵیانا و گوێ مەگرن لەو واتە بێ‌شەرمانە کە ئەیکەن بەرابەر بە کتێبی خودا و ئایەتی، با وا نەزانن ئێوەیش لە تاقمی ئەو کافرانەن هەتا ئەکەونە باسێکی‌تر غەیری باسی قورئان و دین.

﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ﴾

ئەگەر ئێوە لە ناویانا دابنیشن و تەقریری ئەو بێ‌شەرمی ئەوانە بکەن لەم کاتەدا دەرئەکەوێ کە ئێوەیش لەوانن و بە نیفاق دێنەوە بۆ ناو موسوڵمانان. جا پێتان ئەڵێم:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾﴾

خودای تەعالا ئێوە و کافرەکان و مونافقەکان و جوولەکەکان هاومل ئەکا لە دۆزەخا هەمووتان بە یەکەوە عەزاب ئەدا. ئەم ئایەتانە هەموو لەگەڵ مونافقەکانە، جا خودای تەعالا روو ئەکاتەوە بەلای موسوڵمانەکانا و ئەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ﴾

ئەو مونافقانە کە خۆیان ئەگرن و چاوەڕێی رووداو ئەکەن لەسەر ئێوە.

﴿فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ﴾

جا ئەگەر خودا فەتح و نەسرەتێکی ئێوەی دا و فەتحێکتان بۆ هات لە لایەنی خوداوە مونافقەکان ئەڵێن: ئایا ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟

﴿وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾

وە ئەگەر بۆ کافرەکان بەشێکی بێبایەخ دەس‌کەوت لە وەزعێ کە زاهیرەن بە نەسرەت دابنرێ مونافقەکان ئەڵێن: ئایا ئێمە نەبووین بە هۆی بەرزی ئێوە و باڵمان نەکێشا بەسەرتانا و نەمانپاراستن لە موسوڵمانەکان بە پڕوپاگەندە و بە دیعایە؟!

﴿فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾

جا بزانن ئەی موسوڵمانەکان خودا حوکم ئەدا لە بەینی ئێوە و ئەو مونافقانەدا لە رۆژی قیامەتا لەسەر ئەم وەزعە پیسەیان و لەسەر ئەم گاڵتە لەسەر دووگوریسەیان لەسەر ئەم لە ناڵو بزمار دانەیان؛ چونکی خودا راستە و راستی ئەوێ و نیفاق پەستی ئەخلاقە و خودا شتی پەستی ناوێ.

﴿وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾﴾

وە خودای تەعالا بە قەتعی بڕیار نادا بۆ کافران لەسەر موسوڵمانانی ساغی وەها لەسەر یاسای فەرمانی خودا دەوام بکەن هیچ دەلیلێ و هیچ حوججەتێکی بەهێز و هیچ نەسرەتێکی دامەزراو، وە هەرچی بەسەر موسوڵمانانا دێ لە کزبوونیان بە دەستی کافرانەوە بە هۆی ئەوەوەیە کە موسوڵمانان بێسەر و سامانن و بێیاسا و نیزامن و دینیان بۆ ژین ئەوێ و ژینیان بۆ عیززەتی دین ناوێ. جا خودای تەعالایش وەها کزیان ئەکا لە بەردەستی کافرانا، ئەگەر ئەمان زانا و تەوانا بوونایێ دائیما و هەمیشە بەهێز و تەوانا ئەبوون.

﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ﴾

بە ڕاستی مونافقەکان لەبەر ئەوە کە باوەڕیان نییە بە خودا حیلە و فێڵ ئەکەن لەگەڵ پێغەمبەری خودادا و لەگەڵ موسوڵمانانا و خودای تەعالا لەبەر ئەوە بە هەموو کار و بارێکیان ئەزانێ موعامەلاتێکیان لەگەڵا ئەکا وەکوو موعامەلەی کەسێ کە فێڵ بکا لەگەڵ کەسێکا، ئەوەتە جارجار ئەیانخاوێنێ و بازێ جار ئەیانلاوێنێ تا بە جارێ ئەیاندا بە عەرزا.

﴿وَإِذَا قَامُوٓا۟ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُوا۟ كُسَالَىٰ﴾

وە نیشانەی ئەو مونافقانە ئەوەتە کاتێ هەڵئەستن بۆ نوێژ بە تەمەڵی و نابەدڵی ڕاست ئەبنەوە.

﴿يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ﴾

بۆ ئەوە نوێژ ئەکەن کە خەڵکی چاوی لێیانەوە بێ و بە موسوڵمانیان بژمێرن.

﴿وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾﴾

وە ناوی خودا نابەن و تەقدیسی ناکەن و تەرغیبی خەڵك ناکەن لەسەر عیبادەت مەگەر جاربەجار ئەویش کاتی ئاگاداری موسوڵمانەکان.

﴿مُّذَبۡذَبِينَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ﴾

هاتوچۆ ئەکەن لە بەینی ئەو ناو براوانەدا کە دوو بەشن: بەشی کافر و، بەشی موسوڵمان.

﴿لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِۚ﴾

وە بە راستی نارۆن بلکێن بە کافرەکانەوە؛ چونکی ئەوان کیتابین و ئەمان موشریکن، وە لە واقیعا ئەوانیشیان ناوێ؛ چونکی ئەزانن مانەوەی ئەوان لە ئەنجاما زیانە بۆ ژیانی خۆیان، وە بە راستی روو ناکەنە موسوڵمانەکانیش؛ چونکی باوەڕیان بە دینی ئیسلام نییە.

﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ١٤٣﴾

ئەمانە خودا گومڕای کردوون لەسەر بەدڕایی خۆیان، وە هەرکەسێکیش خودا گومڕای بکا لەسەر بەدڕایی قەت رێگەی رزگاریت دەس ناکەوێ بۆی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ئێوەیش وەکوو موناففەکان مەکەن و قەت کافرەکان مەکەن بە دۆست. نە کافری موشریك و نە کیتابی و نە موناففق (رەش هەر رەشە).

﴿أَتُرِيدُونَ أَن تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينًا ١٤٤﴾

ئایا ئەتانەوێ کە قەرار بدەن بۆ خودای تەعالا بەسەر خۆتانا حوججەت و دەلیلێکی ئاشکرا وەکوو هاوڕێیی کافرەکان بێ؟

﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾

بە راستی موناففەکان وان لە پایەی هەرە خواری دۆزەخ و جێگەی ئاگرا.

﴿وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾﴾

وە قەت تۆ یارمەتیدەرێ نابینی بۆیان کە رزگاریان بکا لە ئاگری دۆزەخ.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَٱعْتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُواْ دِينَهُمْ لِلَّهِ﴾

مەگەر ئەوانەیان کە پەشیمان ئەبنەوە لە کوفر و نیفاق و ئیمان دێنن بە ئیمانێکی راساڵ و ئەو کردەوە خراپانە کە زوو بوویان ئەیگۆڕن و چۆن فەرمانی حەزرەت ﷺ بێ وەها رەفتار ئەکەن و دەست ئەگرن بە خوداوە و دین و بیر و باوەڕ و کردەوە و رەوشتی خۆیان ساف ئەکەن لە گەرد و تۆزی ناهەموار.

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾

جا ئەوانە لەم کاتەدا لەگەڵ موسوڵمانەکانان.

﴿وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٤٦﴾﴾

وە خودا لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەجرێکی گەورە ئەدا بە موسوڵمانەکان.

﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ﴾

خودای تەعالا چی ئەوێ لە عەزابدانی ئێوە؟ ئایا رقێکی لە دڵدایە هەتا بە ئازاردانی ئێوە ئاسایشی بۆ بێت؟ یا ئێوە ئەتوانن زیانی لێ بدەن هەتا بە ئازاردانی ئێوە دەفعی زیان لە خۆی بکا؟ وە یا سوودێکی دەست ئەکەوێ هەتا لە تەعزیبی ئێوەدا سوودێ وەربگرێ؟ حاشا وە کەللا! ئەمانە هیچیان نییە و خودا نە باکی لە کەس هەیە و نە موحتاجە بە کەس، بەڵکوو ئەوەندە هەیە بڕیاری داوە کە بەدئەندیشی و بەدکاری ئادەمیزادی کردووە بە سەبەبی عادەتی بۆ تۆڵە سەندنەوە لەو کەسانە.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾﴾

وە خودا بووە و لایەزال قەبووڵ ئەکا عەمەلی کەم مادام پاك بێ، وە زانایە بە ئەحواڵی ئادەمیزاد.

فەرموودەی خودا: ﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ﴾.

ریوایەت کراوە: شەخسێ رۆیی بوو بە میوانی قەومێ ئەوانیش جێگەیان نەکردەوە، جا کابرا بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە قرەقرِ و رۆیشت لە خزمەتی حەزرەتا شکاتی کرد لێیان. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو. فەرمووی:

﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ﴾

خودا حەزناکا لە دەنگ و وتاری بەرز کە ئینسان قسەی خراپ بکا و خەریکی دوژمنایەتی قەومێ بێ ئیللا بۆ کەسێ نەبێ کە ستەمکار ستەمی لێ کردبێ.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ﴿١٤٨﴾﴾

وە خودای تەعالا زانایە بە ئەحواڵ و بیسەرە بۆ هەموو وتارێ.

﴿إِن تُبْدُوا۟ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُوا۟ عَن سُوٓءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئەگەر خێرێ لە کردەوەی خۆتانا دەربخەن وە یا ونی بکەن یا کەسێ عەفو بکەن لە تاوانێ، وە لە کارێ یا وتارێکی خراپ ئەوە ئیشێکی واتان کردووە خودا حەزی لێ بکا؛ چونکی خودا گوناهبارەکان عەفو ئەکا لەگەڵ ئەوەیشا ئەتوانێ عەزابیان بدا. کەوابێ هەرکەسێ کاری باش بکا خودا خێری پێ ئەدا و پێی خۆشە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾

ئەو کەسانە کە ئینکاری خودا و رەسوولی خودا ئەکەن.

﴿وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾

وە ئەیانەوێ کە خودا و رەهبەران لە یەك جیابکەنەوە، یانی باوەڕیان بە خودا ببێ و باوەڕیان بە پێغەمبەران نەبێ.

﴿وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ﴾

وە ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان هەیە بە بازێکیان و ئیمانمان بە بازێکیان نییە.

﴿وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾﴾

وە ئەیانەوێ کە رێگەیێ بدۆزنەوە لە بەینی ئیمان بە جەمیعی ئەوەی کە ئیمان واجبە بۆی و کوفر بە هەموو ئەوانە و ئیمان بە بازێ و کوفر بە بازێ بکەن.

﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا﴾

ئەوانە کافری راستەقینەن.

﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾﴾

وە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکان عەزابێکی وا کە تەحقیریان بکا.

﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُولَٰئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ﴾

ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هەیە بە خودا و پێغەمەری خودا و جیایی ناخەن لە ناویانا ئەبەدا، بەم نەوعە ئیمان دێنن بە هەموویان. ئەمانە لە موستەقبەلی نزیکدا خودا ئەجر و جەزایان ئەداتەوە.

﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٥٢﴾﴾

وە خودا گوناه بەخش و میهرەبانە بۆ هەموو کەسێ مادام شەریك قەرار نەدا بۆی.

فەرموودەی خودا: ﴿يَسْئَلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ ...﴾.

ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوجورەیجەوە ئەڵێ: یەهوود و نەسارا وتیان بە حەزرەت ﷺ ئیمانت پێ ناهێنین هەتا کتێبێکمان بۆ نەیەنی لە لای خوداوە، یا چەن پەڕەی نووسراو لە ئاسمانەوە بۆ لای فلاّن کە تۆ پێغەمبەری خودای! جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿يَسْئَلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾

واتە: ئەهلی کیتاب داوا ئەکەن لە تۆ کە کتێبێ لە ئاسمانەوە بێنیتە خوارەوە بۆ سەر ئەوان.

﴿فَقَدْ سَأَلُوا۟ مُوسَىٰٓ أَكْبَرَ مِن ذَٰلِكَ﴾

تۆ لەم داوای ئەمانە دامەمێنە، ئەمانە داوایان کرد لە مووسا شتێکی گەورەتر لەوەی کە داوای ئەکەن لە تۆ.

﴿فَقَالُوٓا۟ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾

وتیان: خودامان نیشان بدە بە ئاشکرا کە هەموومان چاومان پێی بکەوێ! ئیتر نەیانئەوت خودایێ کە مادەیەکی نەبێ چۆن بۆ ئەوان ئەبینرێت.!

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ﴾

جا تریشقەیێ لە ئاسمانەوە هات و ئەوانی گرت و کوشتنی بە هۆی ئەو داوا نابارە ناهەموارەوە و بە هۆی ئەم ستەمکارییە کە ئەوان داوای شتێکی وایان کرد.

﴿ثُمَّ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾

وە لە پاش ئەوە کە ئەو قەومە بە ساعیقە مردووەمان زیندوو کردەوە، بە داوای مووسا، چاوپۆشیم کرد لێیان، پاش ماوەیێ هاتن گوناحێ‌تریان کرد کە ئەوەبوو

گوێرەکەیان پەرست پاش ئەو هەموو موعجیزاتە کە هاتەلایان و ئاگادار بوون بەسەریانا، وەکوو: رزگاربوونیان لە دەریای نیل، وەکوو ئەو موعجیزاتی عەسا و یەدی بەیزایە کە مووسا ئیزهاری کردن.

﴿فَعَفَوْنَا عَن ذَٰلِكَ﴾

وە لەمەوپێش عەفوم کردن.

﴿وَءَاتَيْنَا مُوسَىٰ سُلْطَـٰنًا مُّبِينًا ﴿١٥٣﴾﴾

وە دامان بە مووسا تەسەلوتێکی ئاشکرا بە سەریانا کە ئەمری پێ کردن خۆیان بکوژن لە جەزای جەریمەی گوێرەکەپەرستیدا.

﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَـٰقِهِمْ﴾

وە کێوی توورمان بەرز کردەوە بە راسەریانا بۆ ئەوە کە بترسن لە خودا بە هۆی شکاندنی پەیمانەکەیانەوە؛ چونکی وەختی خۆی عەهدیان کردبوو کە رەفتار بکەن بە تەورات و لە پاش هاتنی تەورات رەفتاریان پێ نەکرد.

﴿وَقُلْنَا لَهُمُ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا﴾

وە پێمان وتن: بڕۆن داخڵی دەرگای «مسجد الأقصی» ببن لە حاڵێکا سوجدە ببەن بۆ خودا. ئەمانەم پێ وتن لەسەر زمانی مووسا.

﴿وَقُلْنَا لَهُمْ لَا تَعْدُوا۟ فِى ٱلسَّبْتِ﴾

وە لەسەر زمانی داوود پێم وتن: کە تەجاوز مەکەن لە ئەمری خودا لە رۆژی شەممەدا.

﴿وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَـٰقًا غَلِيظًا ﴿١٥٤﴾﴾

وە پەیمانێکی گەورەیشمان وەرگرت لێیان بۆ رەفتار بەو فەرمانانە کە لە لایەنی ئێمەوە گەیشتووە پێیان بە هۆی پێغەمبەرەکانیانەوە.

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾

جا لە بەر ئەوە کە پەیمانە گەورەکەیان هەڵوەشاندەوە و حورمەتی شەممەیان شکاند و لەبەر ئەوە کە ئیزهاری کوفریان کرد بەو موعجیزاتە کە خودا دابوونی بە مووسا.

﴿وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾

وە لەبەر کوشتنی پێغەمبەرەکانیان وەکوو حەزرەتی زەکەریا و یەحیا بە ناحەق.

﴿وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ﴾

وە لەبەر ئەو قسەیە کە ئەیانوت: دڵی ئێمە وا لە ناو پەردەیەکدا کە مانیعە لە وەرگرتنی قسەی ئێوە.

﴿بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥٥﴾﴾

بەڵکوو خودا مۆری ناوەتە سەر دڵیان لەبەر ئەو کوفر و ناباری و ناهەمواری ئەخلاقیانە کە ئیمان نایەنن ئیللا چەند کەسێکیان وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و رەفیقەکانی.

﴿وَبِكُفْرِهِمْ﴾

وە بە هۆی کوفریان بە عیسا عليه السلام.

﴿وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَٰنًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾﴾

وە لەبەر ئەوە کە قسەی ناڕەوایان دروست کرد بە بوختان بەسەر حەزرەتی مەریەمدا بە بوختانێکی گەورەی ناڕەوا لە بەر ئەوە لە ئەساسا ئەو ژنە لەسەر نەزری دایکی و دڵخوازی خزمەتی «بیت المقدس» خودا پێی دا. وە لە ژیانیا بە چاودێری پووریا و بە ئیدارەی یەکێ لە پێغەمبەران لە ناو میحرابی «بیت المقدس» دا لەسەر

عیبادەت و تاعەت پێگەیشت، وە کاتێ کە منداڵەکەیشی لێ بوو ئەو منداڵە چەن «خرق العادە»ی لێ دەرکەوت وەکوو قسە کردن و دڵخۆشی دانەوەی دایکی و ئەمری ڕاکێشانی لقی دارخورمای بچووکی وا کە کاتی سەمەری نەبێ وە ڕاکێشان و داوەرانی خورما لەو دارە. وە وەکوو قسە کردنی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پرسیاریان کرد لە دایکی بە قسە کردنێکی بەرز و لەسەر موستەوایەکی بڵند.

﴿وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾

وە بە هۆی ئەو واتە درۆیشەوە کە وتیان: ئێمە مەسیح عیسای کوڕی مەریەممان کوشت.

﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ﴾

وەلحاڵ نەیانکوشتبوو وە هەڵیان نەوەستبوو بەڵام شەبەه و هاوشەکلێ واقیع بوو بوو لە بەینی حەزرەتی عیسا و کوژراوەکەدا.

﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ﴾

وە بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە ئیختیلافیان کەوتە ناو لە خوسووسی حەزرەتی عیساوە بازێکیان وتیان: ئەگەر ئەم کوژراوە عیسایە ڕەفیقەکەی خۆمان لە کوێیە؟ وە ئەگەر ڕەفیقەکەی خۆمانە عیسا لە کوێیە؟ وە بازێکیان وتیان: ڕوخسار ڕوخساری عیسایە بەڵام لەشەکەی ئەو لەشە نییە.

﴿مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ﴾

هیچ نەوعە عیلمێکیان نییە بە عیسا علیه السلام وە بە مان و نەمانی ئیللا شوێنکەوتنی گومان نەبێ.

﴿وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾﴾

وە بە قەتعی ئەم کۆمەڵی یەهوودە عیسایان نەکوشتووە بە یەقین.

﴿بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ﴾

بەڵکوو خودای تەعالا بەرزی کردەوە بۆ مەقامی کەرامەت و ئیعتیبارێکی وەها شیاوبێ لە بۆ شانی عیسا علیه السلام وەکوو ئاسمان بێ.

﴿وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾﴾

وە لە واقیعا خودا ئەزەلەن و ئەبەدەن غاڵبە بەسەر ئیختیار کراوی خۆیدا، چی ئیختیار کرد ئەیکا و خاوەن حیکمەتە لە هەموو شەئنێکدا، سەلبەن و ئیجابەن.

﴿وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ﴾

وە هیچ ئەهلی کیتابێ لە یەهوود و نەسارا نییە ئیللا ئیمان دێنێ بە عیسا علیه السلام لە پێش مردنی عیسادا لەو چەرخەدا کە دێتە خوارەوە لە ئاسمان و حەرب ئەکا لەگەڵ دەججالدا و دەججال ئەکوژێ و رەفتار ئەکا بە دینی ئیسلام وەکوو موجتەهیدێ لە موجتەهیدانی دین.

﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴿١٥٩﴾﴾

وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەبێ بە شاهید لەسەریان شەهادەت ئەدا لەسەر یەهوود بە تەکزیبی ئەنبیا و کردەوەی ناهەموار و لەسەر نەسارای پاش رەفعی خۆی بە گۆڕینی قانوونی تەوحیدی «رب العالمین» و لەسەر ئەهلی کیتابی پاش نوزوولیش بە ئیمان و ئەحواڵیان.

لەمشوێنەدا دوو قسە هەیە:

یەکەم: موافیقی زاهیری قورئانی کەریم و فەرموودەکانی حەزرەت ﷺ حەزرەتی عیسا نەکوژراوە و هەڵنەواسراوە و خودای تەعالا بە قودرەت و تەوانای خۆی بەرزی کردووەتەوە بۆ مەقامێ لە ئاسمان کە ئیرادەی کردووە و بەو شێوە خودا ئەیەوێ

ئەمێنێتەوە تا کاتێ کە بە ئەمری خودا دێتەخوارەوە و لە پاش ماوەیێ ئەمرێ و دەفن ئەکرێ. ئەمما ئەوە کە نەکوژراوە و هەڵنەواسراوە ئەوە خودا ئەفەرموێت: ﴿وما قتلوه و ما صلبوه ولکن شبه لهم﴾ وە ئەم ئایەتە نەسە لەوەدا کە حەزرەتی عیسا نەکەوتووەتە دەستی دوژمنەکان و خودا فەرموویەتی: ﴿بل رفعه اللّٰه إليه﴾ ئەمەیش نەسە لەوەدا کە خودا بەرزی کردووەتەوە بۆ ئەو شوێنە ئیرادەی کردووە، وە هەم خودا ئەفەرموێت: ﴿وما قتلوه يقيناً﴾ واتە: بە یەقین و «علم اليقين» بزانن کە جوولەکەکان نەیانکوشتووە، یان «يقينا» مەربووتە بە نەفیەکەوە، یانی یەقین نەکوژراوە وە ئەو مەعنا کە ئەڵێن «يقينا» مەربووتە بە فیعلەکەوە یانی کوشتنی یەقینی نەبووە بۆ عیسا بەڵکوو کوشتنی زەننی بووە، ئەوە هەرچەند زیانی نییە بۆ مەبەستی ئێمە بەڵام مەعنایەکی لاوازە.

وە دەلیلی ئەوەیش کە لە ئاخری زەمانا دێتەخوارەوە ئایەت و حەدیسە. ئەمما ئایەت ئەوە فەرموودەی خودا کە فەرموویە: ﴿و إن من أهل الكتاب إلا ليؤمنن به قبل موته﴾؛ چونکی مەوزووعی بەحس حەزرەتی عیسایە، کەوابێ مەعناکەی وایە کە ئەهلی کیتاب نییە ئیللا ئیمان دێنێ بە عیسا لە پێش مردنی عیسا دا و مەبەست ئەهلی کیتابی زەمانی حەزرەتی عیسایە پاش هاتنەخوارەوەی کە ئەهلی کیتاب یا بە چاو ئەیبینن وە یا بە شێوەی تەواتور و قەتع مەعلوومیان ئەبێ کە وا لە عەرزا.

وە ئەمما فەرموودەی حەزرەت ﷺ ئەوە زۆرە «من جملة» بوخاری و موسلیم و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە ئەبووهورەیرەوە رضي الله عنه «عن أبي‌هريرة عن النبي ـ صلى اللّٰه عليه سلم ـ: والذي نفسي بيده ليوشكن أن ينزل فيكم ابن مريم ـ عليه السلام ـ حكماً مقسطاً فيكسر الصليب، ويقتل الخنزير، ويضع الجزية، ويفيض المال حتى لا يقبله أحد حتى تكون السجدة الواحدة خيراً من الدنيا وما فيها. ثم قال أبوهريرة: فاقرؤوا إن شئتم: «وإن من أهل الكتاب إلا ليؤمنن به قبل موته ويوم القيامة يكون عليهم شهيداً»».

وروى الزهري عن سعيد بن المسيب عن أبي هريرة عن النبي صلى اللّٰه عيله وسلم أنه قال: لينزلن ابن مريم حكماً عدلاً فليقتلن الدجال، وليقتلن الخنزير، وليكسرن الصليب، وتكون السجدة واحدة للّٰه رب العالمين. ثم قال أبوهريرة: اقرؤا إن شئتم: ﴿وإن من أهل الكتاب إلا ليؤمنن به قبل موته﴾ قال أبو هريرة قبل موت عيسى يعيدها ثلاث مرات».

وە مەعنای «وتكون السجدة واحدة للّٰه رب العالمين» یانی لە پێش ئەو ڕۆژەدا لە عەرزا دوو سوجدە براوە: یەکێ بۆ خودای تەعالا کە سوجدەی ئەهلی تەوحید بووە، دووەم بۆ شەریکەکان لە لایەنی ئەو کافرانەوە کە موشریك بوون. بەڵام لەو ڕۆژەدا کە عیسا دێتەخوارەوە سوجدە یەك سوجدە ئەبێ واتە هەر بۆ خودای تەعالا (وحده لا شريك له). جا ئەو کەسانە کە ئەڵێن نەبراوە بۆ ئاسمان وە لە عەرزا وەفاتی کردووە و دەفن کراوە مادام باوەڕی بە قورئان و حەدیس ببێ ناتوانێ قسەی وا بکا؛ چونکی ئایەت نەسە لەوەدا کە نەکوژراوە و هەڵنەوەسراوە، وە ئایەت و حەدیس ئەڵێن لە ڕۆژی خۆیا دێتە خوارەوە. وە ئەگەر ئیستیدلال بە ئایەتی: ﴿يا عيسى إني متوفيك ورافعك إلي﴾[1] ئەکا ئەوە جوابی ئەوەیە مادام ئایەت نەس بوو لەوەدا کە نەکوژراوە و هەڵنەوەسراوە ئەبێ مەعنای ﴿إني متوفيك﴾ ئەوەبێ کە وەرت ئەگرم وە لە واقیعا خودا وەری گرت و بە جازیبەی قودسی بەرزی کردەوە بۆ ئەو شوێنە ویستوویەتی، وەکوو حەزرەتی موحەممەدی ﷺ لە مەککەوە برد بۆ «بيت المقدس» و لەوێوە بەرزی کردەوە و میعراجی پێ کرد و هێنایە خوارەوە لە شەوێکا. خودا عەینی خودایە و قودرەت عەینی قودرەتە و نابێ مەعنای ﴿إني متوفيك﴾ ئەوەبێ کە ئەتمرێنم، لەبەر ئەوە کە «متوفى» وەکوو بە مەعنای «مميت» هاتووە بە مەعنا وەرگریش هاتووە وەکوو لە ئایەتی: ﴿هو الذي يتوفاكم بالليل ويعلم ماجرحتم بالنهار﴾[2] وە وەکوو

---

١. آل عمران؛ ٥٥.

٢. الأنعام؛ ٦٠.

ئایەتی: ﴿اللّٰه یتوفی الأنفس حین موتها و التي لم تمت في منامها﴾.[1] وە لەفز کە دوو مەعنای ببێ و قەرینەی موئەییدە بەڵکوو قەرینەی قەتعییە لەسەر یەکێ لەو دوو مەعنا ببێ ئەوە نابێ مەعنای دووهەمی لێ بگیرێ.

وە ئەگەر ئەساسی قسەی موعاریز لەسەر ئەوەیە کە دوورە ئینسانێ ببرێ بۆ ئاسمان و لەوێ بمێنێ و بژی، ئەوە جوابەکەی ئەوەیە: ئەووەڵەن، ئیستیبعاد نابێ بە دەلیل، وە سانیەن حەزرەتی عیسا تەکوین و مانەوەی و ئاساری هەموو خیلافی عادەت و موعجیزە بوو، ئەوەتە کە بە بێ باوك پەیدا بووە وە کە لە دایك داکەوت قسەی لەگەڵ دایکیا کرد، وە کاتێ خەڵك هاتن بۆ سەر مەریەمعليها السلام پرسیاری ئەم منداڵەیان کرد عیسا کەوتە وتار و قسەی لەگەڵدا کردن و، فووی ئەکرد بە تەیری قوڕینەدا حەیاتی تێ ئەچوو وە ئەفڕی، وە بەڵەك و کوێری مادەرزادی خۆش کردەوە و مردووی زیندوو ئەکردەوە. با ئەم موعجیزەی بەرزەوە بوونەیشی بڕواتە لای باقی موعجیزەکان.

قسەی دووەم: ریوایەت کراوە کۆمەڵێ جوولەکە چوون گەلێ بێشەرمی و بێئەدەبی و ناشیرینیان کرد لەگەڵ حەزرەتی عیسادا ئەویش دوعای لێ کردن و خودا گیرۆدەی رسوایی کردن، جا کاتێ «ملك یهودا» پاشای جوولەکەکان لەو رۆژەدا ئەمەی بیست بیمی پەیدا کرد لەوە کە عیسا دوعا لەویش بکا و لەگەڵ یەهوودییەکانا قسەی کرد وە قەراری کوشتنیان دا، وە خودای تەعالا جوبرەئیلی نارد بۆ لای حەزرەتی عیسا خەبەری پێدا کە قەراریان داوە بتکوژن! لە کاتێکدا لەگەڵ حەوارییەکانا لە ماڵێکدا بوو وە مەئموور بە شوێنیا ئەگەڕان مەنسووبێکی موناقفی بوو وتی: من پێتان ئەڵێم ئەگەر پارەم بدەنێ! ئەوانیش میقدارێ پارەیان پێدا جا ئەویش مەئموورەکانی برد

---

۱. الزمر: ٤٢.

بۆ ئەو ماڵە کە حەزرەتی عیسا لەگەڵ حەوارییەکانا تیایا بوون، وە لەو کاتەدا چوونە ماڵەکەوە خودای تەعالا عیسای بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وێنەی ئەوی خستە سەر ئەو مونافقە و هەرچەن هاواری کرد کە: من عیسا نیم هەر کوشتیان، وە یەهوودەکان پاش کوشتنی ئەو کابرا کە وێنەی عیسای وەرگرتبوو ئیختیلاف کەوتە ناویان وتیان: ئەگەر ئەم کوژراوە عیسایە رەفیقەکەی خۆمان چی بەسەرا هات؟ وە ئەگەر یارۆی رەفیقی خۆمان بوو عیسا بۆ کوێ دەرچوو؟! وە ئینجیلە خاوەن ئیعتیبارەکانی لای نەسارا تەسریح ئەکەن بەوە ئەو کەسە کە عیسای تەسلیمی مەئمووری پاشاکەیان کرد یەهووزای «اسخریوطی» بوو، وە لە پێشا عەلامەتێکی دانا بۆ عیسا وتی: هەرکەسم ماچ کرد ئەوە عیسایە جا کاتێ گەیشت بە عیسا ماچی کرد و مەئموورەکان گرتیان، بەڵام پاش ئەوە خودا ئەوی رزگار کرد و وێنەی خستە سەر یەکێ تریان.

وە ئینجیلی «بەرنابا» ئەڵێ: مەئموورەکان هەر یەهووزا ئەسخریوتیان گرت و وایان زانی کە حەزرەتی عیسایە؛ چونکی وێنەی ئەوی کەوتبووە سەر. بە هەرحاڵ ئەو کەسانە کە حازری ئەو حادیسە بوون لە مەئموورەکانی پاشا حەزرەتی عیسایان نەدەناسی و باقی یەهوودییەکان کەوتنە ئەو ئیشتیباهەوە کە باس کرا، وە قورئانیش تەسریحی پێ ئەکا. ئەلحاسڵ: واجبە لەسەر موسوڵمانی ساغ، لەم قەزیەدا لەسەر زاهیر یا نەسی قورئان و حەدیس بێ کە حەزرەتی عیسا رزگار کراوە بە ئەمری خودا و بە سەلامەتی غائیب بووە لێیان.

﴿فَبِظُلۡمٖ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتۡ لَهُمۡ﴾

واتە: جا بە سەبەبی زوڵم و ستەمێکی گەورەی ناهەموار کە پەیدا بوو لەو کەسانە کە ئایینی یەهوودییان بوو، بە ناو، حەراممان کرد ئەو خواردەمەنییە مەرغووبە دڵخوازە جوانانە کە وەختی خۆی حەلاڵ کرا بوو بۆیان وەکوو خودا لە سوورەتێکی ترا

فەرموویەتی: ﴿وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر و من البقر والغنم حرمنا عليهم شحومهما إلا ما حملت ظهورهما أو الحوايا أو ما اختلط بعظم ذلك جزيناهم ببغيهم و إنا لصادقون﴾.[١]

﴿وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾﴾

هەم لەبەر مەنعکردنی ئەوان ـ بۆ ئادەمیزادێکی زۆر ـ لە دینی ئیسلام لە ئیمڕۆدا، وە لە دینی پێغەمبەرە پێشووەکان لە چەرخی ئەوانا.

﴿وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ﴾

وە هەم لەبەر وەرگرتنیان بۆ سوود، وەلحاڵ کە مەنع کرابوون لە لایەنی خوداوە لەو سوودخواردنە.

﴿وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ ۚ﴾

وە لەبەر خواردنیان بۆ ماڵی ئادەمیزاد بە بێ تۆڵە و بێ موعاوەزە و بە بێ سوود بە بەرتیل و بە چەن نەوعێ‌تر لە فرو فێڵ و دەسبڕینیان.

﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾﴾

وە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکانیان عەزابێکی زۆر توند و گران و ئێشگەیێن لە رۆژی قیامەتا.

بزانن! زاهیری سیاقی ئەم حەوت ئایەتە لەم مەقامەدا ئەمەیە کە هەرچی کار و کردەوەی ناهەمواری یەهوودییەکان بووە هەموویان هۆ بوون بۆ ئەوە کە خودای تەعالا ئەو شتانە کە لە کاتی خۆیا حەڵاڵ بوون بۆیان خودا حەرامی کردوون، وە ئەمە مانیع نییە بۆ ئەوە کە ئەو کردەوە نابارانەی ئەوانە نەبووبن بە هۆی عیقابی

---

١. الأنعام: ١٤٦.

قیامەت و عەزابی سەخت لە رۆژی خۆیا بەڵکوو ئەو کردەوانە بوون بە هۆی بەدبەختی دنیا و قیامەتیان.

جا لەبەر ئەوە کە بازێ لە یەهوودەکان لە وەختی خۆیا کردەوەیان باش بووە، وە هەروا لە زەمانی حەزرەتیشدا ﷺ هاتوون موسوڵمان بوون و خزمەتی دینیان کردووە خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿ لَٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ مِنۡهُمۡ ﴾

بەڵام ئەو کیتابیانە کە دامەزراون لە عیلم و زانستی حەقایقدا وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و رەفیقەکانی.

﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾

وە ئەو دامەزراوانە کە خاوەن ئیمانن.

﴿يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَۚ ﴾

ئیمان دێنن بەو کتێبە هاتووەتە خوارەوە بۆ لای تۆ وە بەوەیش کە هاتووەتە خوارەوە لە پێش زەمانی تۆدا.

﴿وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَۚ ﴾

وە ئیمانیشیان هەیە بەو پێغەمبەرانە کە لە زەمانی پێشوودا نوێژی دینی خۆیانیان دامەزراندووە و رایان گرتووە بە تەواوی.

﴿وَٱلۡمُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾

وە ئەو کیتابیانە کە زەکات ئەدەن.

﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ﴾

وە ئەو کیتابیانە کە ئیمانیان هەیە بە خودا و بە رۆژی پاشەرۆژ کە قیامەتە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ سَنُؤۡتِيهِمۡ أَجۡرًا عَظِيمًا ﴿١٦٢﴾﴾

ئەوانە لەمەولا ئەجرێکی گەورەیان پێ ئەدەین واتە لە رۆژی قیامەتا.

خۆلاسەی کەلام: کیتابییەکان هەموو خراپ نین بەڵکوو ئەوانەیان کە عالم و زانای راستین و خاوەن ئیمان و بیر و باوەڕی باشن هەموویان ئیمان دێنن بەو کتێبە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ لای تۆ وە بەو کتێب و ئەلواحە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرە پێشووەکان، وە ئیمان دێنن بەو پێغەمبەرانە کە نوێژیان راگرتووە لە چەرخی خۆیانا و زەکاتی ماڵیشیان ئەدەن و ئیمانیان هەیە بە خودا و بە رۆژی قیامەت. ئەمانە دارای ئەجری گەورەن لە قیامەتا.

﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ﴾

جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ دڵگران مەبە لەوە کە ئەو کیتابیانە داوای شتی نابار لە تۆ ئەکەن وە ئەیانەوێ تۆ بڕۆی بۆ ئاسمان و لە ئاسمانەوە کیتاب بێنیتە خوارەوە بۆیان بە نەوعێ کە ناویان یەکە یەکە نووسرابێ؛ چونکی من وەکوو تۆم کردووە بە رەهبەر، پێغەمبەرە پێشووەکانیشم کردووە بە رەهبەر و هەر وەکوو داوای ئەم جۆرە شتانە لە تۆ ئەکەن، داوای ئەو شتانەیشیان کردووە لە پێغەمبەرە پێشووەکان و هەر وەکوو ئەوان موبالات و ئیهتیمامیان نەداوە بە قسەی پیاوی خراپ لە رۆژی خۆیانا تۆیش ئیهتیمام مەدە بە قسەی بێسوودی ئەمانە.

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ﴿١٦٣﴾﴾

وە وەحیمان کردووە بۆ لای یەکەیەکەی ئەم پێغەمبەرانەیش، وە زەبووریشمان داوە بە داوود.

﴿وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ﴾

وە ناردوومانە بۆ تەمێ و تەربییەی ئادەمیزاد چەن پێغەمبەرانێ کە باسم کردوون بۆ تۆ وە چەن پێغەمبەرێکیش کە باسم نەکردوون بۆ تۆ.

﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾﴾

وە بە تایبەتی خودا گفتوگۆی کرد لەگەڵ مووسای کوڕی عیمرانا بە قسەکردنێکی وەها بوو بە هۆی ئەوە بە مووسا بڵێن «کلیم اللّٰه».

﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾

حاڵی ئەم زاتانە وابووە کە رەهبەرانێ بوون موژدەدەر بوون بەوانە کە فەرمانی خودا وەرئەگرن، وە ترسێنەر بوون بۆ ئەوانە کە سەرکێشییان ئەکرد لە فەرمانی خودا.

﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ﴾

حیکمەتی ناردنی ئەم رەهبەرانەیش ئەمە بوو کە لە رۆژی قیامەتا دەستئاوێزێ و دەلیلێ نەبێ بۆ ئادەمیزاد لەسەر خودای خۆیان، بڵێن: پەروەردگارا! ئێمە نەزان و بێئاگا بووین ئەبوو پێغەمبەرێکت بناردایێ بۆ سەرمان بە دەستوورێکەوە هەتا فەرمانمان وەرگرتایێ و پەیڕەوی ئەو پێغەمبەرانەمان بکردایە.

﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾

وە خودای تەعالا هەر بووە و لایەزال غاڵبە بەسەر کاری خۆیدا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

بزانن! خودای تەعالا حاکمی موتڵەق و فەرمانداره بەسەر هەموو شتێکدا و بۆی هەیە کە موتیع عەزاب بدا و عاسی و تاوانبار عەفو بکا: ﴿لا یسئل عما یفعل

وهم یسئلون﴾[١] کەوابوو بە مولاحەزەی حەقیقەتی خودایی خودا هیچ کەسێ لە هیچ شتێکدا و هیچ وەختێکدا حوججەتی نابێ بەسەر خودادا. بەڵام لەسەر ئەو یاسا کە خۆی قەراری داوە و فەرموویەتی: ﴿لا یکلف اللّٰه نفساً إلا وسعها﴾[٢] وە مەعلوومە کە نەزان نازانێ چی لەسەرە و چی بکا وە لەسەر ئەوە کە فەرموویەتی: ﴿وما کنا معذبین حتی نبعث رسولاً﴾[٣] شیبهە حوججەتێ و دەلیل و بورهانێکی بە دیمەن هەیە لە بۆ منداڵ و شێت و ئەو کەسانە کە لە عەهدی فیترەتدا بوون وە بۆ ئەو کەسانە وان لە عەهدی ریسالەتا بەڵام حوکمی خودایان پێ نەگەیشتووە و ئیستیعدادی ئەوەیان نەبووە ئەحکام وەربگرن و مەجالی ئەوەیان هەیە بە زاهیر بڵێن: لەسەر چی ئێمە عەزاب ئەدرێین؟ جا بەو بۆنەیەوە خودا فەرموویەتی: ﴿لئلا یکون للناس علی اللّٰه حجة﴾، ئەگەرنا عەبدی خودا مەجال ئیحتیجاجی نییە لەگەڵ خودادا.

﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشْهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيْكَ ۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ ۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَشْهَدُونَ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾﴾

ئەم ئایەتە مەربووتە بە جوابی ئیقتیراح و داواکردنی ئەهلی کیتاب لە پێغەمبەر ﷺ کە بڕوا بۆ ئاسمان و ئەلواح بێنێتە خوار بۆ ئەهلی کیتاب، وە یا هەرکەسێ لەوان نامەیەکی تایبەتییان بۆ بێت هەتا ئەوان ئیمان بێنن ئەگەرنا باوەڕ ناکەن کە پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەری خودا بێ. وە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت بەڵام خودا بە گەورەیی خۆی شەهادەت ئەدا بە راستیی ئەو کتێبە کە ناردوویەتە خوارەوە بۆ تۆ، وە ناردوویەتی بە تەوانایی و زانست و خواستی خۆی، وە فریشتەکانیش شەهادەت ئەدەن، وە

١. الأنبیاء؛ ٢٣.

٢. البقرة؛ ٢٨٦.

٣. الإسراء؛ ١٥.

خودا بەسە بۆ شەهادەت بە ریسالەتی تۆ، وە لەسەر راستی کتێبەکەت، ئیتر ئەهلی کیتاب هەر عەناد و لەجاجیّ بکەن لەم مەوزووعەدا قیمەتی نییە و بە قەتعی موبالاتی پێ مەکە وە ئەمانە هەر خوویان لەسەر عەناد و زمان درێژییە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٦٧﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە خۆیان کافرن بە دینی حەق و مەنعی ئادەمیزادیش ئەکەن لە کەوتنەسەر رێگەی دینی خودای تەعالا بە تەحقیق گوم بوون بە گوم بوونێکی دوور لە رێگەی راست.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ﴾

بە راستی ئەوانە کە کافر بوون و ستەمیان کرد لە حەزرەتی موحەممەد ﷺ بە ئینکاری ریسالەتەکەی و بە مەنع کردنی خەلق لە ئیمان هێنان بەو، ئەوە خودا لەوانە نییە کە لێیان خۆش ببێ.

﴿وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا ﴿١٦٨﴾﴾

وە هیدایەتیشیان نادا بۆ هیچ رێگەیێ لەوانە بێت بە خەیالاّ.

﴿إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ﴾

ئیللا بۆ رێگەی جەهەننەم!

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾

کە دەوامدارن لەوا هەتا هەتایە.



وە ئەم نەوعە تەسەڕوفانە ئاسانە لەسەر خودا.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ﴾

ئەی ئادەمیزادا! بە راستی پێغەمبەری گەورە هاتووە بۆ لای ئێوە لەگەڵ ئەحكامێدا كە مایەی بەختیاری و پیرۆزی ژیانی دنیا و قیامەتە، وە ئەم پێغەمبەرە لە لای خودای میهرەبانی ئێوەوە بۆتان هاتووە.

﴿فَـَٔامِنُوا۟ خَيْرًا لَّكُمْ ۚ﴾

دەی ئیمان بێنن بەوە؛ چونكی ئیمانهێنانتان چاكە بۆ ئێوە.

﴿وَإِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧٠﴾﴾

وە ئەگەر كوفر بكەن بەم پێغەمبەرە ئەوە بزانن كە هەرچی وا لە ئاسمان و لە عەرزا موڵكی خودایە و خودا بێئیحتیاجە لە ئێوە و ئیمان نەهێنانتان زیانی خۆتانە و بەس، وە خودای تەعالا زانا و بە حیكمەتە لە هەموو شەئنێكدا.

﴿يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ﴾

ئەی كەسانێ كە عەلاقەدارن بە كتێبی ئاسمانییەوە ـ كە یەهوود و نەساران ـ زیادەڕەوی مەكەن لە دینەكەتانا و نوقسانیش مەكەن تیایا، و لە شانی هیچ كەسێكا لە ئەندازەی خۆی لامەدەن. ئەی یەهوودییەكان زیادەڕەوی مەكەن لە شەئنی عوزەیردا، مەڵێن عوزەیر كوڕی خودایە. خودا كوڕی نییە نابێ، بێشەرمی مەكەن دەرحەق بە عیسا و مەڵێن ئینسانی پاك نییە، وە بێحەیایی مەكەن دەرحەق بە مەریەم؛ چونكی مەریەم خاوەن عیبادەت و پاك بووە. وە ئەی نەسارا مەڵێن عیسا كوڕی خوایە!

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ ۚ﴾

وە قسە مەکەن لەسەر خودا بە حەق نەبێ. مەڵێن خودا رەفیقی هەیە و عیسا لەگەڵ دایکیا دوو عونسورن لە عەناسیری قودسییە.

﴿إِنَّمَا ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ﴾

نییە عیسای کوڕی مەریەم ئیللا فرستادەیەکی خودایە بۆ سەر بەنیئیسرائیل و موعجیزاتی گەورەی شایاوی چەرخی خۆی پێداوە بۆ ئەوە کە ئادەمیزادی ئەو چەرخە لە حیرس و ئاز و نیازی فاسید و لە دنیاپەرستی و مادەخوازی پاك بکاتەوە.

﴿وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلْقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرْيَمَ﴾

وە وجوودی عیسا بە ئەمری «کن فیکون» بوو لە لایەنی خوداوە کە ئەو کەلیمەیە حەواڵە کرد بۆ لای مەریەم وە ویستی ئەو پێغەمبەرە زاهیدە لەو دایکە عابیدە پەیدا ببێ و بەس.

﴿وَرُوحٌ مِّنْهُ﴾

وە عیسا زاتێکی پاك و رۆحێکی بێرەزیلەی نەفسی و مادییە و لە خوداوە بە فەیزی خواستی ئەو دروست کراوە.

﴿فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾

دەی کەمێ بیربکەنەوە و عەقڵ بە کاربێنن و ئیمان بێنن بە گەورەیی خودا و تەوانایی لەسەر هەموو مومکینات و دووری لە عەیب و بێئیحتیاجی بە کەس وە ئیمان بێنن بە پێغەمبەرەکانیشی و بیانناسن کە چەن بەندەیەکی پاکی رەوشت چاك و پوختە و خۆلاسەی ئادەمیزادن و زیرەك و ئەمین و راست وتارن و ئەحکامی خودایان بە راستی گەیاندووە بە عیبادی خودا و مەحاڵە درۆ و خەیانەت و ونکردنی ئەحکامی خودا بکەن لەوانە و قابیلە هەموو عەواریز و ئەحواڵی ئادەمیزادیان بەسەرا بێت؛ ئەخۆن و ئەخۆنەوە و ساغ و نەخۆش ئەبن و ئەمرن وەکوو باقی ئادەمیزاد.

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ ثَلَـٰثَةٌ ۚ﴾

بە قەتعی مەڵێن خودا سێ کەسن: خودا و، مەریەم و، عیسا (العیاذ باللّٰه)، ئینسانێ کە پێویستی هەبێ بە خواردەمەنی و قەزای حاجەت و نوستن و مردنی بەسەرا بێت چلۆن قابیلی خودایی ئەبێ؟ حاشا! هەر ئەوەندە هەیە عەبدی خۆشەویست خودا پڕتەوێ ئەدا لێی، یانی بە ڕەحمەتی خۆی دڵی نوورانی ئەکا بۆ ئەوە کە بە ساغی بەندەیی خودا بەجێبێنێ.

﴿ٱنتَهُوا۟﴾

دەسبەردار ببن لەوە خودا بە سێ کەس بزانن وە لادەن لەم بیرە تاریکە.

﴿خَيْرًا لَّكُمْ ۚ﴾

وە قەسدی عەقیدە و باوەڕێ بکەن کە باشە بۆتان کە تەوحید و خودا بەیەك ناسینە.

﴿إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ﴾

بە ڕاستی بزانن کە خودا مەعبوودێکی تاق و تەنیایە و زیندوو و زانا و تەوانایە و پێغەمبەرەکان یەك یەك بەندەی بارەگایە.

﴿سُبْحَـٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٌ ۘ﴾

خودا تەسبیح و تەقدیس و تەنزیهـ ئەکەین و دووری ئەخەینەوە لەوە کە کوڕ و کچی ببێ. ئەولاد و تەناسول بۆ پاراستنی نەوعی ئەسڵە و بۆ نیازمەندی و ئارەزووی ئەهلە و لەگەڵ موناسەبەی زات و سیفاتە ئەمانە هەموو دوورن لە خودا. ئیتر باوەڕی پووچی بێسوود دوورە لە مەقسوود.

﴿لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ﴾

هەر بۆ خودایە سەرداری و دارایی هەرچی هەیە لە کائیناتا لە عەرزا و لە ئاسمانا لە پەستی و بوڵندیدا. وە مالیك لەگەڵ مەملووك و خاوەن دەست لەگەڵ ژێردەستەدا دوورن لە موناسەبە و نیازمەندی.

﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٧١﴾﴾

وە خودا بەسە بۆ ئەوە ئیعتیمادی بدرێتەسەر.

﴿لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ﴾

عاری لێ نایێ عیسای مەسیح کە بە بێباوك خودا دروستی کردووە، ببێ بە بەندەی فەرمانبەردار بۆ زاتی خودا و ئەو فریشتانەیش کە لە سیفەتی بێباوك و دایکیدا لە عیسا بێعەلاقەترن و خاوەن پایەن بە بەندەیی بۆ خودای خۆیان شانازی ئەکەن.

﴿وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ﴾

وە هەرکەسێ لە عیبادەت و بەندەیی خودا ئیستینکاف بکا و عاری لێ بێ و خۆی بە گەورە بگرێ.

﴿فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا ﴿١٧٢﴾﴾

ئەوە لەمەولا لە رۆژی حسێبا هەموویان گرد ئەکاتەوە و حازریان ئەکا لەلای خۆی ئەوجارە خۆی ئەزانێ چییان لێ ئەکا.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ﴾

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان بووە و کردەوەی باشیان کردووە ئەوە خودا بە تەواوی پاداش و ئەجری ئەعمالیان پێ ئەدات و لە فەزڵ و میهرەبانی زیاد لە ئەجرەکەیشیان پێ ئەدا لە یەك بەدە تا یەك بەحەفتا هەتا یەك بە حەوتسەد و زیاتریش بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەربێ.

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَنكَفُوا۟ وَٱسْتَكْبَرُوا۟ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾

وە ئەو کەسانەیش کە عاریان هاتووە لە بەندەیی خودا و خۆیان بە گەورە داناوە ئەوە خودا عەزابیان ئەدا بە عەزابێکی ئازارگەیێن.

﴿وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧٣﴾﴾

وە دەستیان ناکەوێ لە لایەنی غەیری خوداوە دۆستێ یا یارمەتیدەرێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُم بُرْهَٰنٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا ﴿١٧٤﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد بە راستی واهات بۆ لای ئێوە زاتێکی خاوەن ئەخلاق و رەوشتی بەرزی وا ئەوەندە کردەوەکانی بەرزن وە ئەوەندە ئەخلاقەکانی گەورەن خۆی بۆ خۆی بووە بە دەلیل و بورهان لەسەر راستی خۆی. وە لەگەڵ ئەوەدا کتێبێکیشمان ناردووە ئەوەندە بیر و باوەڕ و کردەوە و ئادابی رووناك کردووەتەوە، بۆ ئێوە بووە بە نوور و رووناکییەکی ئاشکرا. واتە ئەو پێغەمبەرە ئەوەندە بەرزە بەحەق خۆی بووە بۆ خۆی بە بورهان قورئانەکەیش بە نووری بەیان.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِهِۦ﴾

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا لەسەر تەمێ و تەربییەتی ئەو پێغەمبەرە وە دەستیان گرتووە بەو خوداوە و ئیعتیماد و تەوەکولیان لەسەری هەیە.

﴿فَسَيُدۡخِلُهُمۡ فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ١٧٥﴾

ئەوە لەمەولا ئەیانهاوێتە ناو دائیرەی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆیەوە و ناو زیادەکەرەم، وە شارەزایشیان ئەکا بۆ ڕێگەیەکی ڕاستی وا کە ئەیانبا بۆ حوزووری خودا و شادیان ئەکا بە لیقای خاوەن بەقای ئەو لە ڕۆژی قیامەتا.

فەرموودەی خودا: ﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ...﴾ الآية.

لە حاشیەی جەمەلدا لەسەر تەفسیری جەلالەین ئەفەرموێت: خودا ئاخری سوورەتی نیسائی هێنا بە باسی ماڵی میرات وەکوو ئەووەڵی دامەزراند بە باسی ماڵی میرات هەتا موناسەبە پەیدا بێ لە بەینی ئەووەڵ و ئاخری ئەم سوورەتەدا. وە جوملەی ئایاتی میرات لەم سوورەتەدا سیانن:

ئەووەڵ: لە باسی میراتی ئوسووڵ و فورووعە.

دووەم: لە باسی میراتی ژن و مێردە و برا و خوشکی دایکی.

سێهەم: کە ئەم ئایەتەیە لە باسی میراتی براو خوشکی باوك و دایکی مردووەکە یا برا و خوشکی باوکی. وە ئەمما «أصحاب الأرحام» ئەوە باسیان دێت لە ئاخری سوورەتی «انفال»دا.

وە ئەو کەسە کە ئیستیفتای کرد لە «کەلالە» جابیری کوڕی عەبدوڵڵا بوو لەو کاتەدا کە حەزرەت ﷺ ڕۆیشت بۆ عەیادەتی لەگەڵ ئەبووبەکرا ﷺ، وتی: یا ڕەسووڵەڵڵا «إني كلالة، فكيف أصنع في مالي؟» واتە من بێ‌ئەولادم، چی بکەم لەم ماڵی خۆمەدا؟

وە لە خازیندا ئەڵێ: بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە لە جابیر کوڕی عەبدوڵلاوە ئەڵێ: نەخۆش بووم، جا حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەبووبەکرا هاتن بۆ عەیادەتم بە پێ. منیش لەو کاتەدا لە هۆشی خۆم چووبووم، وە لەو کاتەدا حەزرەت ﷺ دەسنوێژ ئەگرێ و لە ماندەی ئاوی دەسنوێژەکەی ئەپرژێنن لە رووم و منیش هۆشم هاتەوە بە خۆما. وتم: یا رەسوولەڵلا چی بکەم لەم ماڵی خۆمەدا؟ هیچ جوابی نەدامەوە هەتا ئایەتی: ﴿یستفتونك قل الله یفتیکم﴾ نازڵ بوو.

وە لە ریوایەتی ترمزیدا ئەڵێ: وە من نۆ خوشکم هەبوو وە ئایەتی ﴿یستفتونك﴾ نازڵ بوو. وە ئەبووزەرڕی غەفاری ئەڵێ: نەخۆش بووم و نۆ خوشکم هەبوو، حەزرەت ﷺ هات بۆ لام و ئاوی پرژاند بە رووما و هۆشم هاتەوە بەخۆمدا و عەرزم کرد: یا رەسوولەڵلا وەسیەت بکەم بۆ خوشکەکانم بە سێیەکی ماڵەکەم؟ فەرمووی: باشە. عەرزم کرد: وەسیەت بکەم بۆیان بە نیوەی ماڵەکەم؟ فەرمووی: باشە. جا رۆیشتە دەرەوە و بەجێ‌هێشتم. «فقال: یا جابر ما أراك میتاً من وجعك هذا، و إن الله قد أنزل قرآناً، فبین لأخواتك فجعل لهن الثلثین» جا جابیر ئەیوت: ئەم ئایەتە لە شانی مندا هاتەخوارەوە. جا خودا ئەفەرموێت:

﴿یَسۡتَفۡتُونَكَ﴾

پرسیارت لێ‌ئەکەن لە حوکمی ماڵی کەسێ بمرێ و «کەلالە» بێ یانی باوك و ئەولادی لێ بەجێ‌نەمابێ.

﴿قُلِ ٱللَّهُ یُفۡتِیكُمۡ فِی ٱلۡكَلَٰلَةِۚ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ: خودای تەعالا فەتواتان بۆ ئەدا لە «کەلالە»دا:

﴿إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَیۡسَ لَهُۥ وَلَدٌ﴾

ئەگەر کەسێ بمرێ و ئەولادی لە پاش بەجێ‌نەمێنێ.

﴿وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ﴾

وەلحاڵ خوشکێکی باوك و دایکیی یاخود هەر باوکیی ببێ ئەوە نیوەی ماڵی کابرا ئەبا، ئەوەی بەجێی هێشتووە.

﴿وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ﴾

وە ئەو شەخسەیش میرات ئەبا لەو خوشکی خۆیە، واتە: هەموو ماڵەکەی ئەبا ئەگەر ئەو ژنە منداڵی نەبێ.

﴿فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَۚ﴾

وە ئەگەر خوشکەکان دوان بووبن ئەوە بۆ هەردوویان دوو تەقسیم سێ ([$\frac{2}{3}$]) هەیە.

﴿وَإِن كَانُوٓاْ إِخۡوَةٗ رِّجَالٗا وَنِسَآءٗ فَلِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۗ﴾

ئەگەر ئەو میراتبەرانە کە سیفەتی برایەتی یا خوشکایەتییان هەیە لە باوك و دایکەوە یا هەر لە باوکەوە کۆمەڵێ بوون پیاو و ژن ئەوە بۆ نێرینەکەیان دووقاتی بەشی مێکەیان هەیە.

﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ أَن تَضِلُّواْۗ﴾

خودا ئەم حوکمانەتان بۆ رووناك ئەکاتەوە مەبادا گومڕاه ببن.

﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ١٧٦﴾

وە خودای تەعالا بە هەموو شتێ زانایە و پێی خۆشە ئێوەیش زانابن.

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: مادام قسە لە «کەلالە» ئەکەین ـ و کەلالەیش مردوویەکە نە ئەولادی ببێ و نە باوکی ببێ ـ گەرەکە لەگەڵ ئەم خوشکانە یا لەگەڵ ئەم برایانەدا باوکیان

مەوجوود نەبێ، ئەگەرنا باوکەکەیان ئەمانە حەجب ئەکاو میراتەکە بۆ خۆی ئەبێ. وەکوو لە حەدیسی حەزرەتا ﷺ دەرکەوتووە.[١]

دووەم: ئەم براو خوشکانە کە لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت بۆ نێرینە دوو قاتی مێیینە هەیە. بۆ سوورەتێکە هەموو براو خوشکەکان باوك و دایکیی بن، یا هەموویان باوکیی بن، ئەگەرنا ئەگەر تاقمێکیان باوك و دایکیی بن و تاقمێکیان باوکیی بن ئەوە شازدە سوورەت هەڵئەگرێ؛ چونکی باوکیی و دایکییەکان یا هەر نێرینەن، یا نێرینە و مێیینەن، یا تاقە مێیینەیەکە، یا چەن مێیینەیێ، وە باوکەکانیش ئەم چوار سوورەتەیان هەیە وە چوار زەرب چوار ئەگات بە شازدە سوورەت.

جا ئەگەر باوك و دایکییەکان نێرینە بن یا نێرینە و مێیینەبن ئەوە هەموو برا و خوشکەباوکییەکان حەجب ئەکەن، ئەمە هەشت سورەت، وە ئەگەر باوك و دایکییەکان یەك مێیینە بوو ئەوە نیوەی ماڵەکە ئەبا، وە لەم حاڵەدا ئەگەر باوکییەکە نێرینە یا نێرینە و مێیینە بوو باقی میراتەکە ئەبەن، وە ئەگەر تاقە مێیینەیێ بێ یا چەن مێیینەیێ بن ئەوە شەش‌یەکی ماڵەکە ئەبەن. بۆ تەواو کردنی دوو تەقسیم سێ لە میراتەکەدا، وە باقی ماڵەکەیش هەر بەو نیسبەتە ئەدرێتەوە بە هەردوو چینەکە، یانی بۆ باوك و دایکی سێ بەش لە چوار وە بۆ باوکییەکان ـ کەم بن یا زۆر ـ بەشێ لە چوار. وە ئەگەر باوکی و دایکییەکان چەن مێیینەیێ بوون ئەوە باوکییەکان ئەگەر نێرینە بوون باقییەکە ئەبەن، هەروا ئەگەر نێرینە و مێیینە بوون، بەڵام بە یاسای: ﴿**للذکر مثل حظ**

[١. مەبەست لەم عیبارەتە ئەمەیە: کەلالە لە شەرعدا بریتییە لەوەی کەسێ بمرێ و ئەولاد و باوکی لێ بەجێ‌نەمێنێ، ئەوە لەم کاتەدا میراتەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ براو خوشکەکەی، بەڵام لە ئایەتەکەدا تەنها ناوی ئەولاد براوە، بۆیە مامۆستا ئەفەرمێ گەرەکە واتە: پێویستە ئەو مردووە باوکیشی نەبێ چونکە ئەگەر باوکی مابێ برا و خوشکەکەی لە میرات حەجب ئەکات ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].


الأنثيين﴾ بەشی دەکەن. وە ئەگەر مێیینە بوون و بەس ئەوە موتڵەقا حەجب ئەکرێن؛ چونکی خوشکە باوکی و دایکییەکان دوو تەقسیم سێ‌کەیان بردووەو بۆ ئەمان لەوە نەماوەتەوە، باقی ماڵەکەیش رەد ئەکرێتەوە بۆ سەر ئەوان.

سێهەم: بوخاری و موسلیم و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە بەڕائی کوڕی عازیب کە ئاخر سوورەتێ هاتووەتە خوارەوە سوورەتی بەرائەتە، وە ئاخر ئایەتێ نازڵ بووە: ﴿يستفتونك قل الله يفتيكم﴾ بووە. وە ترمزی ریوایەت ئەکا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە فەرموویەتی: ئاخر سوورەتێ هاتووەتە خوارەوە سوورەتی مائیدە بووە. وە ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە کە ئاخر سوورەتێ نازڵ بووە سوورەتی: ﴿إذا جاء نصر الله﴾ بووە. وە ساحێبی «تاج» ئەڵێ: یانی سوورەتی بەرائەت ئاخر سوورەتێ بووە کە نازڵ بووە لە حەربا. وە مائیدە ئاخر سوورەتێکە نازڵ بووە لە غەیری حەربا. وە ﴿إذا جاء نصر الله﴾ ئاخر سوورەتی کورتە، وە ئایەتی کەلالە ئاخر ئایەتی باسی میراتە.

کەوابوو مونافی نابێ بۆ ئەوە کە وتمان ئاخر ئایەتێ هاتووەتە خوارەوە ئایەتی «ریبا» بووە، هەروا ئاخر ئایەت، ئایەتی: ﴿واتقوا يوماً ترجعون فيه إلى الله﴾[1] بووە.

---

١. البقرة؛ ٢٨١.



سورة المائدة مدنية و آياتها مائة و عشرون
[سووره‌تی مائیده، مه‌دینه‌یییه و "۱۲۰" ئایه‌ته]

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سووره‌تی مائیده له سووره‌ته مه‌ده‌نییه‌کانه به‌م مه‌عنا که مه‌ده‌نی ئه‌وه‌یه له پاش کۆچکردنی حه‌زره‌ت ﷺ له مه‌ککه بۆ شاری مه‌دینه هاتووه‌ته خواره‌وه.

ریوایه‌ت کراوه: که ئه‌م سووره‌ته نازڵ بووه له پاش رووداوی حوده‌یبییه له کاتی گه‌ڕانه‌وه‌ی حه‌زره‌تدا ﷺ له حوده‌یبییه بۆ مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره.

وه ناوبراوه به سووره‌تی «مائیده» له‌به‌ر ئه‌وه که ناوی «مائیده» له ئاخری سووره‌ته‌که‌وه براوه. وه ره‌وایه ئینسان بڵێت ناوبراوه به «مائیده» له‌به‌ر ئه‌وه که ئه‌شوبهێ به مائیده‌یه‌کی گوشادی وه‌ها گه‌لێ نه‌وع خوراده‌مه‌نی له‌سه‌ر دانرابێ.

وه له‌م سووره‌ته‌یه ئه‌وه‌ی که نازڵ بووه له ساڵی فه‌تحی مه‌ککه‌دا وه‌کوو ئایه‌تی: ﴿ولا يجرمنكم شنآن قوم﴾ الآية. وه وه‌کوو ئایه‌تی: ﴿اليوم أكملت لكم دينكم...﴾ که له حه‌جی ویداعا وه له رۆژی عه‌ره‌فه‌دا نازڵ بووه و له ناو زاناکانا بڕیار وا دراوه هه‌ر سووره‌تێ که له پاش کۆچ نازڵ بووبێ ئه‌وه به «مه‌ده‌نی» ناوئه‌برێ موتڵه‌قا، ئه‌بوو مه‌یسه‌ره ئه‌ڵێ سووره‌تی مائیده له‌وانه‌یه که له ئاخری ژیانی حه‌زره‌تا نازڵ بووه وه ئایه‌تی مه‌نسووخی تێدا نییه. به‌ڵام ئه‌وه‌ی ناسراوه ئه‌وه‌یه که له پاش رووداوی حوده‌یبییه هاتووه‌ته خواره‌وه بازێکی نه‌بێت.

وە لەم سوورەتەدا گەلێ ئەحکامی موهیممی ئیسلامی هەیە، وەکوو لەمەولا دەرئەکەوێ بۆتان (إنشاء اللّٰه)، جا خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوْفُواْ بِٱلْعُقُودِ ۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە! وەفا بکەن بەو عوقوود و عوهوودە وە بەو ئاد و پەیمانانە کە بەسراوە لەگەڵتانا وە یا بەستووتانە لەگەڵ خەڵکدا.

وە لەو عەهدانەیە: ئەحکامی ئیعتیقادی و بیر و باوەڕ و، ئەحکامی ئەعماڵ و کردەوە، وەکوو نوێژ و ڕۆژوو و باقی واجباتی دین، وە سوننەتەکانی دین کە لە لایەنی خوداوە بە واسیتەی پێغەمبەرەوە ﷺ گەیشتووە بە موسوڵمانان.

وە لەو عوقوودەیە عەهدی فەرمانڕەوای ئیسلام لەگەڵ کافرانا، وە عەهدی موسوڵمانان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی موسوڵمانانا، واتە ئەو بەیعەتە کە ئەیکەن بەوانە واجبە رای بگرن وە بە بێ‌حوججەتی شەرعی تێکی نەدەن. هەروا ئەو عەهد و پەیمانانە کە موسوڵمانان لە ناو خۆیانا ئەیبەستن بە مەرجی ئەوە کە مەشرووع بن، وەکوو عەهدی سەداقەت وە شەراکەت وە یارمەتیدانی یەکتر، وە ئەو عەقدانە کە بۆ ژیانی دنیا جێبەجێ ئەکرێن، وەکوو: بەیع و، سەلەم و، ئیجارە و، رەهن و، نیکاح و، تەڵاق و، نەزر و، غەیری ئەمانە... هەموو ئەمانە واجبە ئینسان بە پێی فەرمانی شەرعی خودا ریعایەتیان بکا.

﴿أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَـٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾

حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە خواردنی گۆشتی ئەو هەشت سنفە حەیوانە، وەکوو: وشتر و، گا و، مەڕ و، بزنی کێوی و، ئاسك و باقی ئەوانە کە وەکوو ئەم حەیوانانەن لە شێوە و ژیانا. ئیللا ئەو حەیوانانە نەبێ کە لە ئایەتی دواییدا ئەخوێنرێنەوە بە سەرتانا.

﴿غَيْرَ مُحِلِّي ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾

حاڵتان وابێ کە نەچیر حەلاڵ نەکەن بۆ خۆتان لە کاتێکدا کە ئێوە وان لە ئیحرامی حەجدا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ۝١﴾

بە راستی خودا حوکم ئەکا وە فەرمان ئەدا بەوەی کە خواستی لەسەربێ.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ...﴾ **الآية.**

لە تەفسیری قورتوبیدا نەقڵ ئەکا «حطم» ناوی کوڕی «هند» کە کافرێکی موشریکی نابار بوو هات بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد: تۆ خەڵکی بۆچی بانگ ئەکەی؟ ئەویش فەرمووی: بانگیان ئەکەم بۆ شەهادەتی «لا إله إلا الله محمد رسول الله»، وە نوێژ کردن، وە زەکات و حەج بۆ بەیتوڵڵا، ئەویش وتی: ئەمانە باشن بەڵام من بازێ گەورەم هەن بێ‌راوێژی ئەوان ناتوانم هیچ ئیشێ بکەم، ئەڕۆم راوێژیان پێ ئەکەم و هیوام وایە موسوڵمان ببم، وە ئەوانیش لەگەڵ خۆمدا بێنم بۆ خزمەتی تۆ و موسوڵمان ببن. وە پاش ئەمە رۆیشت، وە حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەم کابرایە هات بۆ لامان بە روویەکەوە لە رووی کافر ئەچوو، وە پشتی هەڵکرد بە پشتەملێکەوە لە پشتی ملی ئینسانی غەددار ئەچوو، وە لە پاشا نەهاتەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ وە لەو ساڵەدا حەزرەت لەگەڵ ئەسحابەکانا رۆیشت بۆ مەککە بۆ «عمرة القضا» حەتم هات بۆ مەککە بۆ عومرە کردن، بازێ لە ئەسحابەکانی حەزرەت ویستیان پاش ئەوە کە حەتم لە حەرەم دەرچوو بیکوژن، جا ئەم ئایاتە هاتەخوارەوە:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە! لە حودوودی خودای تەعالا لامەدەن، وە ئاداب و مەناسیکی حەج تێك مەدەن، وە هەتکی ئەهلی مەناسیك بە حەڵاڵ مەزانن.

﴿وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ﴾

وە مانگی حەرام حەڵاڵ مەکەن و جەنگی تێدا مەکەن لەگەڵ کەسدا.

﴿وَلَا ٱلْهَدْىَ﴾

وە ئەو حەیوانانە کە هێنراون بۆ حەرەمی مەککە داگیریان مەکەن.

﴿وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾

وە ئەو زنجیرە وا لە ملی حەیوانەکاندا دەستی بۆ مەبەن.

﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾

وە دەست مەبەن بۆ ئەو کەسانە کە قەسدی بەیتوڵڵای حەرامیانکردووە بۆ زیارەت و تەواف و بەجێهێنانی مەناسیکی حەج و عومرە.

﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا﴾

کە حاڵیان وەهایە هاتوون داوای کەرەم و رەزامەندی خودای خۆیان ئەکەن.

﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُواْ﴾

وە کاتێ لە ئیحرامی حەجتان بوونەوە و تەحەللولتان کرد نەچیر بگرن وە ئەو مەنعەی پێشووتان لەسەر نامێنێ.

﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ﴾

با هەڵتان نەنێ کینە و دوژمنایەتیتان بۆ کۆمەڵێ لەبەر ئەوە کە پارەکە مەنعیان‌کردن لە زیارەتی «مسجد الحرام» بۆ عومرە بۆ ئەوە کە تەجاوز بکەن لەسەر ئەو کەسانە یا لەسەر خزم و خوێشیان بۆ تۆڵەسەندنەوە.

﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾

وە یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر کردنی کردەوەی چاك و پارێز لە نافەرمانی خودا.

﴿وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾

وە یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر گوناحکردن و تاوانباری و تەجاوز کردن بۆ سەر خەڵکی.

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾

لە خودا بترسن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ۝٢﴾

بە راستی خودای تەعالا کاتێ عوقووبەتی تاوانبارێ بدات عوقووبەتەکەی زۆر نابار و ناهەموارە.

جا خودای تەعالا کەوتە باسکردنی مەعنای ﴿إلا مایتلی علیکم﴾ و فەرمووی:

﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟ بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ﴾

حەرام کراوە لەسەر ئێوە ـ ئەی موسوڵمانەکان ـ یەکەم: خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو، واتە ئەو گیانلەبەرە کە بە بێ‌سەربڕینی شەرعی مردبێ. دووەم: خواردنی خوێنێ کە رەوان بووبێ. لە زەمانی جاهیلییەتا ئەو خوێنەیان ئەکردە ناو ڕێخوڵەی

حەیوان و ئەیانبرژان جا ئەیانخوارد. جا لە ئسلامییەتا حەرام کرا. سێهەم: گۆشتی بەراز. چوارەم: گۆشتی ئەو حەیوانە کە لە کاتی سەربڕینیا دەنگ بەرز کرابێتەوە بە ناو بردنی غەیری خودای تەعالا. پێنجەم: خواردنی گۆشتی حەیوانی خنکاو بە هەر جۆرێ بێ: بە پەت، یا بە ئاو، یا لە ژێر خانووی رووخاوا، یا یەکێ دەستی نابێتە بینی.. وە وێنەی ئەمانە. شەشەم: خواردنی گۆشتی حەیوانێ لێیدرابێ بە دار یا بە بەرد هەتا مردبێ. حەوتەم: گۆشتی حەیوانێ لە بەرزی کەوتبێتەخوارەوە و مردبێ، یاخود کەوتبێتە ناوی بیرێکەوە و مردبێ. هەشتەم: گۆشتی حەیوانێ کە قۆچی لێدرابێ و بە زۆری قۆچ مردبێ. نۆهەم: گۆشتی حەیوانێ کە دڕندە لێی خواردبێ هەتا گیانی دەرچووبێ، مەگەر ئەوانەیان کە زوو فریایان بکەون و لە پێش ئەوەدا گیانیان دەربچێ سەریان ببڕن، واتە ژیانی راستەقینەیان تیامابێ لەو کاتەدا کە سەریان ئەبڕن، وە ئەمەیش ئەزانرێ بە جموجوولی بەهێز وە بەوە کە خوێنیان لە وەختی سەربڕینیانا پەلەمیزکە ببەستێ. دەهەم: گۆشتی حەیوانێ کە لەسەر بتەکانا سەربڕابێ. وە یا ئەو حەیوانانە کە سەریان ببڕی لەسەر ئەو بەردانەدا کە دانراون لە دەوری بەیتا وە بە هیوای ئیحسان حەیوانیان لەسەر ئەکوژرێتەوە. وە حەرامکراوە لە سەرتان ئەمە کە رزق و رۆزی خۆتان بە «ئەزلام» وەرگرن وە ئەم فیسقە، وە رزق وەرگرتن بە «ئەزلام»ە بە چەن جۆر کراوە:

یەکەم: هەرکەسێ بۆ خۆی سێ بەردی هەڵگرتووە لە کیسەیەکدا لە یەکێکیان نووسرابوو «اِفْعَلْ» یانی بیکە، وە لە یەکێکیان نووسرابوو «لا تَفْعَلْ» واتە مەیکە، وە یەکێکیان هیچی لەسەر نەنووسرابوو. جا کابرا بیویستایە بڕوا بۆ کارێ [یا] بۆ سەفەرێ دەستی ئەکرد بەو کیسەدا ئەگەر بەردی یەکەمی بە دەستەوە بهاتایە ئەڕۆیشت بۆ ئیشەکەی، وە ئەگەر بەردی دووهەمی بۆ بهاتایە نەدەچوو، وە ئەگەر

بەردی سێهەم بوایە ئەو کردەوەیە دووبارە ئەکردەوە. وە باقی نەوعەکان لە تەفسیری قورتوبی و غەیری ئەوا باسیانکراوە هەرکەسێ ئەیەوێ با تەماشایان بکات.

﴿ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ﴾

ئەمڕۆ کە ڕۆژی جومعە و کاتی وەستانتانە لە عەرزی «عەرەفات»دا کافرەکان نائومێد بوون لەوە کە دەرەقەتی دینی ئێوە بێن و دینەکەتان بەتاڵ بکەنەوە.

﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ﴾

ئیتر مەترسن لەوان زاڵ ببن بە سەرتانا، بەڵام لە من بترسن کە لە هەموو کاتێکا و لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئەتوانم هەرچی خواستم هەبێ بیکەم.

﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾

ئەمڕۆ من دەستووری دینی ئێوەم تەواو کرد بە چەن شت:

یەکەم: بە بەیانی عەقیدە و بیر و باوەڕی ڕاست بۆتان لە هۆی ئیمان بە خودا و بە فریشتەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بەو کتێبانە کە بە جارێ یا بە چەن جار ناردوومە بۆیان، وە بە ڕۆژی قیامەت، وە بە قەزا و قەدەر، یانی ئیمان بەوە کە خودا پەروەردگاری هەموو شتێکە.

دووەم: بە بەیانی ئوسوول و تەشریعاتی ئەحکامی خەمسە کە: واجب و، حەرام و، مەندووب و، مەکرووە و، موباحە. واتە لە قورئانا نیشانم داون کە هەندێ شت واجبە و تەرك کردنی ئەبێ بە هۆی عەزابی قیامەت، مەگەر خودا عەفوی بکا، وە کردنەکەی ئەبێ بە هۆی پایەی پاشەڕۆژ و سەواب و نیعمەت. وە هەندێ شت حەرامە و کردنەکەی ئەبێ بە هۆی عەزاب و عیقاب لە قیامەتا، وە تەرکەکەی ئەبێ

بە هۆی سەواب و نیعمەت لەوێدا. وە هەندێ شت مەندووبە، لە کردنیا سەواب هەیە و لە تەرکیا عیقاب نییە. وە هەندێ شت مەکرووهە لە نەکردنیا سەواب هەیە و لە کردنیا عەزاب و عیقاب نییە. وە هەندێ شت موباحە واتە کردن و نەکردنی ڕەوایە.

سێهەم: بەوە ـ ئەی خۆشەویست ـ تۆم مەئموور کردووە بۆ بەیان و تەفسیر و ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتانە کە هاتوونەتە خوارەوە بۆ لات و پێویستیان هەیە بە بەیان وەکوو نەسخ و لابردنی بازێ حوکمی ڕابوردوو بە حوکمێکی تازە، وە تەخسیسکردنی عام و تەقییدی موتڵەق و هاووێنەی ئەمانە وە بڕیارم داوە پەیڕەویت بکەن.

چوارەم: بەوە کە ڕامگەیاندووە بە ئێوەدا گردەوەبوونی موسوڵمانان لەسەر حوکمێ لە ئەحکامی دین ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئەو حوکمە، خواه سەلبی بێ یا ئیجابی، وە لادان لەوە ئەبێ بە عیقابی پاشەڕۆژ.

پێنجەم: بەوە کە ئەمرم کردووە بەوە کاری گرنگ و خاوەن قیمەتتان بە ڕاوێژ بێ وە هەرکەسێکتان دانا بە گەورە و خاوەن کار ئیتاعە و فەرمانبەرداری بکەن وە ئەگەر شۆڕش کەوتە ناوتانەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر کیتابی خودا و سونەتی ڕەسوولەڵلا، وە بەوە کە فەرمانم داوە بە (تَفَقُّه) و فام پەیداکردن بە شەریعەتی ئیسلامی، وە پێویستە ئەوانە کە لەو پایەدا نین ئیتاعەی ئەو زانا خاوەن فیقھ و خاوەن زانستانە بکەن وە هەرچی نەزانن خودسەر نەیکەن وە بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو ئیمام و پێشەوایانە.

شەشەم: بەوە کە نیشانم دان موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خودایە و خاتەمی پێغەمبەرانە و دینی موحەممەد زاڵە بەسەر هەموو دینەکانا و پێویستە هەموو ئوممەتێ پەیڕەوی تۆ بکەن و هەرکەسێ موخالەفەی تۆ بکا بە ستەمکار و خاریج لە دین ئەناسرێ.

وە نیعمەتیشم بۆ تەواو کردوون بە هیدایەتدان و شارەزا کردنتان بۆ ئیسلام، وە بە فەتحی مەککە و رامکردنی عەرەبەکان بۆتان، وە رەزامەندیم هەیە بەوە کە دینی ئیسلام کە دینی خودا بەیەکناسینە و باوەڕ کردنە بە موحەممەد لە تەبلیغاتا دینی ئێوەبێ.

ترمزی و بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە کە: پیاوێ لە جوولەکەکان وتی بە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ: ئەی عومەر ئەگەر ئایەتی: ﴿الیوم أکملت لکم دینکم...﴾ الآیة. لەسەر ئێمە نازڵ ببوایە ئەو رۆژی نوزوولەمان ئەکرد بە رۆژی جەژنی رەسمی بۆ خۆمان. عومەریش فەرمووی بە راستی من ئەزانم ئەو ئایەتە لە چ رۆژێکا هاتەخوارەوە، لە رۆژی جومعەدا کە تەسادوفی رۆژی عەرەفەی کرد بوو. وە واحیدی ئەڵێ: نازڵ بوو لە رۆژی عەرەفەدا لە پاش عەسر لە ساڵی دەی کۆچی لە سەفەری «حجة الوداع»دا، وە لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ سواری ئەو وشترەی بوو کە ناوی «عضبا» بوو.

﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣﴾

جا ئەگەر کەسێ لە برسیەتییەکی زۆرا ناچاری ئەوە بوو لەو حەرامکراوانە ـ وەك گۆشتی مردارەوە بوو و گۆشتی بەراز و... تاد ـ بخوات مادام خۆی گوناهبار نەکا و زیادەڕەوی نەکات لەو خواردنەدا ئەوە تاوانبار نابێ و خودا بەبەزەیی و تاوانبەخشە.

جا کاتێ کە ئایەتی تەحریمی ئەو گۆشتانە کە باسمان کردن نازڵ بوو جێگەی ئەوەیە کە موسوڵمانان پرسیار بکەن: ئەی چ گۆشتێ حەڵاڵە بۆمان؟ جا خودا فەرمووی. ﴿یسئلونك...﴾ الآیة.

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی عەدی کوڕی حاتەم و زەیدی کوڕی «مهلهل» دا کە هەردووکیان تائی بوون، وە ئەم زەیدە مەشهوور بووە بە «زید الخیل» لە پاشا حەزرەت ناوی نا «زید الخیر»، ئەمانە عەرزی حەزرەتیان کرد: یا رەسوولەڵلا ئێمە قەومێکین کە راو ئەکەین بە سەگ وەها ئەبێ کە سەگ ئەو نەچیرەی گرت زوو نەچیرەکە لە ژێریا تەنگەنەفەس ئەبێ و ئەمرێ و بە چەقۆدا ناگا، وە وایش ئەبێ فریای ئەکەوین و سەری ئەبڕین، وە خودا مردارەوە بووی حەرام کردووە لێمان، جا تۆ چی ئەفەرمووی؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو:

﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْ ﴾

پرسیارت لێ ئەکەن چ گۆشتێ رەوا کراوە بۆ ئێمە.

﴿قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ پێیان حەلاڵ کراوە بۆ ئێوە هەر خوراددەمەنییەك کە بە لەززەت بێ و تەبیعەتی سەلیم وەری بگرێ و بە شتێکی خراپی نەزانێ.

﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ ﴾

وە نەچیری ئەو دڕندە و پەلەوەرە راوکەرانە کە تالیمتان کردوون لە حەیوان و پەلەوەری برینکەر وەکوو: سەگ و، تانجی و، وێز و، باز و... غەیری ئەمانەیش کە تالیمتان کردوون لەوەی کە خودا تالیمی ئێوەی کردووە. واتە بەو یاسا کە ئێوە فێربوون و بەراوردتان کردووە تالیمتان داداون.

﴿فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ ﴾

دەی بخۆن لە گۆشتی ئەو نەچیرەی کە گرتوویانە بۆ ئێوە و نەیانخواردووە.

﴿وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ﴾

بەڵام لە کاتی بەرەڵڵا کردنی ئەو حەیوانە راوکەرانەدا ناوی خودا ببەن «بسم اللّٰه بکەن»، وە یا ئەگەر بە زیندوویی گەیشتن بەو نەچیرانە سەریان ببڕن و «بسم اللّٰه»یان لەسەر بکەن.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ﴾

لە خودا بترسن و دووربکەونەوە لەوەی کە خودا حەرامی کردووە وەکوو ئەوانە باسمان کردن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤﴾﴾

بە راستی خودا حەسێبی تاوانباران بە پەلە ئەکات.

﴿ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ﴾

ئەمڕۆ حەڵاڵ کرا بۆ ئێوە خواردنی هەر خواردەمەنییەك کە پاك و بێ‌زیان بێ و لە لای تەبیعەتی ئینسانی میانەدا باش بێ، خواه گۆشت بێ یا غەیری گۆشت، وە مەبەست لە «طیبات» ماعەدای گۆشتە پێشووەکانە کە حەرام کران.

﴿وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ﴾

وە خواردەمەنی ئەو کافرانە کە وەختی خۆی کتێبیان پێدراوە حەڵاڵە بۆ ئێوە، گۆشت بێ یا غەیری گۆشت، بەم مەرجە سابت بووبێ کە ئەهلی کیتابن.

﴿وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ﴾

وە خواردەمەنی ئێوەیش ـ ئەی موسوڵمانەکان ـ حەڵاڵە بۆ ئەوان، کەوابوو دروستە لە چێشت و نانی خۆتان بنێرن بۆیان یا لە میوانیدا بۆیان دابنێن بیخۆن، وە مەبەست لەم رۆژانە رۆژی عەرەفە و جەژن و رۆژی پاش جەژنە کە ئەم ئایەتانە هاتوونەتە خوارەوە لەوانا.

﴿وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتِ﴾

وە بۆتان حەڵاڵ کراوە مارەکردنی ئەو ژنە ئازادانە لەوانە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلام.

﴿وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ﴾

وە حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە مارە کردنی ئەو ژنە حورڕە ئازادانە لەو تائیفە کە لە پێش زەمانی ئێوەدا کیتابیان پێدراوە کە جوولەکەو گاورن.

﴿إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾

کاتێ کە مارەییەکەیان بدەنێ.

﴿مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَـٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ﴾

کە حاڵی ئێوەیش وەهابێ خۆتان بپارێزن لە زینا کردن بە هۆی ئەو مارە کردنەوە، زینا نەکەن بە ئاشکرا و بە پەنامەکی دۆست نەگرن بۆ زینا کردن.

﴿وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَـٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ﴾

وە هەرکەسێ باوەڕ نەکا بەو ئەحکامی ئیسلامە کە خودای تەعالا دایمەزراندووە ئەوە هەر کردەوەیەکی باش بکا بێنرخە و جەزا و پاداشی نییە لە پاشەڕۆژا.

﴿وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ۝٥﴾

وە ئەوە لە ڕۆژی قیامەتا لەو کەسانەیە کە زیانکردوون.

لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ کە خواردەمەنی کافری کیتابی، گۆشت و غەیری گۆشت، خواردنی دروستە بۆ موسوڵمان خواە لەسەر ئەو حەیوانە سەریان بڕیوە «بسم اللّٰه»یان کردبێ یا نەیان کردبێ، چونکی ئەم ئایەتە موتڵەقە و ناوی خودابردنی ئیعتیبار نەکردووە، بەڵێ پێویستە کە سابت ببێ لە ئەهلی کیتابن، وەکوو: یەهوود و،

نەسرانی، وە ئەو کەسانە کە نیسبەتی خۆیان ئەدەن بۆ لای یەهوودییەت یا نەسرانییەت ئەوە ئەگەر زانای دینی ئەو میلەتانە ئیعتیرافیان پێ بکەن گۆشتی سەربڕاوی دەستیان ئەخورێ وە ئەگەر ئیعتیرافیان پێ نەکەن ناخورێ.

وە قەبیلەی مەجووس هەرچەند ئەڵێن کیتابمان هەیە بەڵام حەزرەت ﷺ لە حوکمی ژن مارە کردن و گۆشتخواردنی سەربڕراوی ئەوان جیای کردوونەتەوە و فەرموویەتی: «ئەو مەجووسیانە موعامەلەیان لەگەڵا بکەن وەکوو ئەهلی کیتاب بەس ژنیان مارە مەکەن و تەعامیان مەخۆن».

هەروا دەرئەکەوێ کە سەربڕراوی دەستی کافری موشریك وە کافرێ باوەڕی بە هیچ دینێ نەبێ ناخورێ، وە ژنیشیان بە کافری مارە ناکرێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام کاتێ ویستتان راست ببنەوە بۆ بەجێهێنانی نوێژەکانتان روخسار و دەموچاوتان بشۆرن؛ کە لە پانیدا مابەینی هەردوو گوێتانە وە لە درێژیدا مابەینی جێگەی روانی مووی سەرتانە هەتا ئاخری ئێسکی چەناکەتان، وە لە پاش شۆرینی روخسار، دەستەکانتان بشۆرن لەگەڵ ئەنیشکتانا وە بە ئاوی تازە مەسحی سەرتان بکەن کەم بێ یا زۆر، وە پێکانتان بشۆرن هەتا ئەگاتە هەردوو قولاپەکانتان.

﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ﴾

وە ئەگەر جەنابەت هاتبوو بەسەرتانا، واتە لەشتان پیس بوو ئەوە خۆتان بشۆرن.

﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا﴾

وە ئەگەر نەخۆش بوون و نەتانئەتوانی ئاو بەکاربێنن لەبەر سەرما ـ مەسەلاـ یاخود لە سەفەرا بوون و ئاوتان دەس نەدەکەوت، خواه لەم سوورەتانەدا لەشتان پیس بێ یا بێدەسنوێژ بن، وە یاخود یەکێ لە ئێوە لەسەرئاو هاتەوە و بێدەسنوێژ بوو، یاخود دەستان دا لە پێستی ژنان وە بێدەسنوێژ بوون، وە یاخود جیماعتان کرد لەگەڵیانا وە ئاوتان دەست نەکەوت بە کاری بێنن بۆ لابردنی بێدەسنوێژی یا لەشپیسی ئەوە لە هەموو ئەم سوورەتانەدا قەسدی هەڵگرتنی گڵێکی پاك بکەن.

﴿فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ﴾

وە بەو تۆزەوە دەست بێنن بە دەموچاوتانا و دەستانا لەو گڵە پاکە.

﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ﴾

خوای تەعالا نایەوێ کە زەحمەت بخاتە سەرتان بە نەوعێ ئازارتان بدا، بەڵام ئەیەوێ کە پاکتان بکاتەوە لە لەشپیسی و بێدەسنوێژی و ئەیەوێ دڵتان پاك بکاتەوە لە فەسادی مەعنەوی و لە رەزیلە و چڵکی نەفسی.

﴿وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ﴾

وە خودای تەعالا بەم تەشریعاتە کردوویەتی ئەیەوێ نیعمەتی خۆی تەواو بکا لەسەر ئێوە.

﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٦﴾﴾

ئومێد هەیە کە ئێوە ببن بە ئینسانێکی وەها سوپاسی خودا بکەن لەسەر نیعمەتی ئیسلام و نیعمەتی دامەزراندنی دین لە جیهانا، وە لەسەر ئەوەیش کە خودا ئەم ئادابەی بۆ باس کردوون و ئەم روخسەتانەی پێداون.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: زاهیری ئایەتەکە ئەمە ئەگەیەنێ کە واجبە لەسەر هەرکەس هەستێ بۆ نوێژ، دەسنوێژ بگرێ؛ چونکی ئەمر بە زاهیر بۆ وجووبە (مع أنه) ئیجماع لەسەر خیلافی ئەوەیە. وە ریوایەت کراوە کە: حەزرەت ﷺ لە رۆژی فەتحی مەککەدا هەر پێنج فەرزەکەی بە یەك دەسنوێژ کرد، وە حەزرەتی عومەر عەرزی کرد: ئیمرۆ شتێکت کرد کە لەسەر عادەتی جارانت نەبوو، فەرمووی: بە عەمدی وەهام کرد. مەعنای وەهایە بۆ دەرخستنی ئەوە کە دروستە بە یەك دەسنوێژ چەن نوێژ بکرێ وای کرد. کەوابێ موناسب وایە ئەم ئایەتە خیتاب بێ لەگەڵ بێدەسنوێژەکانا بە قەرینەی حاڵ وە بە دەلیلی ئەوە کە تەیەموم کردن کە بەدەلی دەسنوێژە مەشرووتە بەوە کابرا بێدەسنوێژ بێ (مع العلم) کە دەسنوێژ لەسەر دەسنوێژ «نور علی نور»ە.

دووەم: ئەمەیە کە کەلیمەی «إلی» لە «إلی المرافق»دا بە مەعنای کەلیمەی «مع» ئیستیعمال کراوە لەم شوێنەدا، وە دەلیلی ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ لە کاتی شۆرینی دەستەکانیا هەردوو ئەنیشکی شۆریوە.

سێهەم: ئەمەیە لە لای مەزهەبی ئیمامی شافیعی رحمه الله لە مەسحی سەردا ئیکتیفا ئەکرێ بە کەمتر میقدارێ؛ چونکە «ب» لە «برؤسکم»دا یا زیادەیە یا بۆ «تبعیض»ە بە هەرحاڵ بە هەر ئەندازەیەك مەسحی سەر بکرێ کافییە هەرچەند باش وایە هەمووی مەسح بکەن هەتا لە موخالەفەی باقی ئیمامەکان دەربچین.

چوارەم: «وأرجلکم» ـ بە نەسبەی لام ـ مەعتووفە لەسەر «أیدی» و ئەکەوێتە بەر ئەمر بە غوسڵ، وە «بناء علیه» شۆرینی هەردوو پێ هەتا هەردوو قولاپەکان فەرزە بە دەلیلی سوننەت و رەفتاری پێغەمبەر ﷺ چونکی لە ریوایەتی بێموعارەزەدا

دەرنەکەوتووە کە پێی مەسح کردبێ بە رووتی لە دەسنوێژا. وە لە گەلێ ریوایەتا بە بێموعارەزە سابت بووە کە حەزرەت هەردوو پێکانی شۆردووە لە دەسنوێژا. هەروا سابت بووە کە جارێ چاوی کەوت بە شەخسێ دەسنوێژی گرت و میقدارێ لە پێی نەشۆرابوو وە حەزرەت ﷺ بانگی کرد: «ویل للأعقاب من النار اسبغوا الوضوء» واتە هاوار بۆ ئەو کەسانە کە پاژنەیان ناشۆرن لە عەزابی ئاگری دۆزەخ، دەسنوێژتان باش بگرن. وە زیاد لەمانە خودای تەعالا فەرموویەتی: ﴿وأرجلكم إلى الكعبين﴾ وە وجوودی تەحدید دەلیلە لەسەر ئەوە کە مەقسوود شۆرینی پێکانە نەك مەسح کردنیان.

«وأرجلكم» ـ بە جەڕەی لام ـ کە ئەویش قیرائەتێکی سابتە، یا ئەیهاوینە سەر جەڕەی جیوار وەکوو: ﴿عذاب يوم أليم﴾ کە «أليم» مەجروور کراوە لەبەر موجاوەرەی «يوم» هەرچەند حەقی رەفعەیە لەبەر ئەوە بە سیفەتی «عذاب» واقیع بووە. یاخود حەملی ئەکەینە سەر مەسحی هەردوو پێ لە کاتێکا داپۆشرابن بە «خوف» واتە شۆرینی هەردوو پێ بە رووتی و مەکشووفی وە مەسحی هەردوو پێ لە وەختی داپۆشرانیانا بە «خوف» چونکی روونکردنەوەی قورئانی پیرۆز دراوە بە حەزرەت ﷺ وە ئەگەر مەقسوود لەو ئایەتە مەسحی هەردوو پێ بوایە پێویست بوو ئەوەندە حەزرەت ﷺ مەسحی پێ بکا لە کاتی دەسنوێژ گرتنا کە ئەسحابەکان بە ئاشکرا لەو رەفتارە ئاگادار ببوایەن.

پێنجەم: قورتوبی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی: «سدی» و زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێن: مەعنای ئەم ئایەتە وایە «إذا قمتم من المضاجع يعنى النوم» وە مەقسوود لەم تەئویلە ئەمەیە کە ئەسبابی بێدەسنوێژی بەیان بکرێن، وە بەتایبەتی نوستن کە جێگەی ئیختیلافە دەربکەوێ کە هۆی بێدەسنوێژییە، وە بە گوێرەی ئەم تەئویلە

لەم ئایەتەدا تەقدیم و تەئخیر هەیە و تەقدیری ئایەتەکە وا ئەبێ: «یا أیها الذین آمنوا إذا قمتم إلى الصلوة من النوم أو جاء أحد منکم من الغائط أو لامستم النساء فاغسلوا..» وە مەقسوود لەم مولامەسەیە مولامەسەی بچووکە، یانی دەس لێدانێ کە دەسنوێژ ئەشکێنێ. وە لەسەر ئەم بەیانە ئەحکامی «محدث» بە حەدەسی ئەسغەر لێرەدا تەواو بوو. جا خودای تەعالا فەرمووی: ﴿وإن کنتم جنباً فاطهروا﴾ ئەم ئایەتەیش بۆ بەیانی حوکمی جەنابەت بوو، ئەمجار بۆ هەردوو نەوعەکە یانی بێ‌دەسنوێژ و لەش‌پیس فەرمووی: ﴿وإن کنتم مرضى أو على سفر فلم تجدوا ماء فتیمموا صعیداً طیباً﴾ وە موحەممەدی کوڕی «مسلمە» لە ئەسحابی مالیك ئەم تەئویلەی فەرمووە لەگەڵ کۆمەڵێ لە زانایاندا.

وە جومهووری ئەهلی عیلم فەرموویانە: مەعنای ئەم ئایەتە وایە: «إذا قمتم إلى الصلوة محدثین» وە لەم کاتەدا تەقدیم و تەئخیر نییە لەم ئایەتەدا، بەڵکوو لە ئەوەڵەوە حوکمی ئەو کەسانە بەیان ئەکا کە ئاویان لە دەستایە هەتا ئەگاتە «فاطهروا» وە مولامەسەی بچووك کە دەسکەوتنە لە ژن وا لە ناو مەعنای «محدثین»دا، پاش ئەمە حوکمی ئەو کەسانە کە ئاویان دەس ناکەوێ لە هەردوو نەوع، واتە بێ‌دەسنوێژ و لەش‌پیس. وە مولامەسە لە جوملەی ﴿أو لامستم النساء﴾ بۆ بەیانی مولامەسەی گەورەیە کە جیماعە. ئەم تەئویلە تەئویلی ئیمامی شافیعی و غەیری ئەویشە، وە قورتوبی ئەفەرموێت: «قلت: وهذان التأویلان أحسن ما قیل في الآیة. والله أعلم».

﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾

ئەی موسوڵمانەکان! باسی نیعمەتی خودای تەعالا بکەن با خوداتان بخاتەوە بیر و راتان‌پەڕێنێ بۆ سوپاس.

﴿وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا﴾

وە باسی ئەو عەهد و پەیمانەی خودا بکەن کە لەگەڵ خۆشەویستیا داتان بەست لەسەر گوێگرتن و بەجێهێنان لە خۆشی و ناخۆشیدا لەو کاتەدا کە وتتان: ﴿سمعنا و أطعنا﴾

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾

لە خودا بترسن و نیعمەتی خودا و عەهد و میساقی پێغەمبەری ئیهمال مەکەن وە ئەو پەیمانە تێك مەدەن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٧﴾

بە راستی خودای تەعالا زانایە بە وردە خەیاڵاتی دڵی ئینسان چ جای کردەوەی بەرچاو، وە جەزاتان ئەداتەوە لەسەر ئەوانە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام! ئینسانی لەسەر حەق راوەستاو بن وە شەهادەت بدەن بە راستی.

﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ﴾

با حەملتان نەکا دوژمنی و عەداوەتتان لەگەڵ قەومی موشریکەکان لەسەر ئەوە کە عەداڵەت و راستکاری نەکەن لەگەڵیانا.

﴿ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ﴾

میانەکاری و راستکرداریتان ببێ لەگەڵ خەڵکدا وە ئەم عەداڵەتکارییە نزیکترە بە تەقوا و پارێزگاری.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾

لە خودا بترسن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ⑧﴾

به راستی خودا خەبەرداره بەوەی کە ئێوه ئەیکەن و جەزاتان ئەداتەوە لەسەر خێرو شەڕ.

﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ⑨﴾

خودای تەعالا وەعدەی داوه بەوانەی کە ئیمانیان هێناوه و کردەوەی باش ئەکەن بەوه کە چاوپۆشیی لە تاوان و تۆڵەی گەورەیان هەیە.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ⑩﴾

وه ئەو کەسانەیش کە ئینکاری خودا و پێغەمبەری خودا ئەکەن و بێباوەڕی دەرئەبڕن بە ئایاتی ئێمە ئەوانە هەمیشە وان لە جەهەننمدا و لێی جیا نابنەوه.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ﴾.

ریوایەت کراوه کە موشریکەکان لە واقیعەی «عسفان»دا چاویان کەوت بە پێغەمبەر ﷺ وه ئەسحابەکانی هەستان بۆ نوێژی نیوەڕۆ و نوێژەکەیان بە جەماعەت تەواو کرد وه لە فەوتانی ئەم هەلە زۆر دڵگران بوون و بڕیاریان دا کە لە نوێژی عەسرا هێرش ببەنە سەریان جا خودای تەعالا لە پێش نوێژی عەسرا ئایەتی نوێژی خەوفی نازڵ کرد هەتا حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەسحابەکانیا ئاگادار بوون و تەرتیبی خەڵکەکەی دا بە نەوعێ پارێزران لەو موسیبەتە. جا خودا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ﴾

واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە باسی ئەو نیعمەتی خودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە کۆمەڵێ ویستیان دەستیان راکێشن بۆ سەرتان و ئازارتان بدەن و بتانکوژن وە خودای تەعالا مەنعی دەستی ئەوانی کرد لێتان.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾

وە لە خودا بترسن.

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾﴾

وە پێویستە موسوڵمانان هەر ئیعتیماد لەسەر خودا بکەن.

﴿وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾

بزانن کە بە راستی خودای تەعالا پەیمانی لە بەنیئیسرائیل وەرگرت بە هۆی مووسای عیمرانی پێغەمبەری خۆیەوە.

﴿وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مَعَكُمْ﴾

وە دوازدە ئینسانی بە حورمەتمان لە ئەسبات هەڵبژارد و ناردنمان بۆ تاقیقی ئەحواڵی «عەمالیقە» و میزانی هێزیان، وە لە پاش هاتنەوەیان بۆ لای مووسا خودای تەعالا فەرمووی: بە راستی من وام لەگەڵ ئێوەدا بە زانیاری و تەوانایی و دەستگرۆیی و یارمەتیدانتان.

﴿لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِى وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾

وە پێم وتن بە راستی ئەگەر ئێوە نوێژەکانتان بەجێبێنن و زەکاتی دارایی خۆتان بدەن بە داماوەکانتان و ئیمانتان ببێ بە پێغەمبەرەکانم کە ئەیاننێرم بۆ سەرتان، وە بە ماڵ و نەفس هێزیان پێ بدەن وە لە دارایی خۆتان قەرز بدەن بە خودا بە قەرزێکی جوان، کە قەرزێکە سوودی لەسەر نەبێ و بدرێ بە داماوان وە یا سەرف بکرێ بۆ مەسرەفی سوپا لە جیهادا.

﴿لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ۚ﴾

ئەوە لە پاداشی ئەو کردەوە باشانە و ئەو بیر و باوەڕە پەسەندە، گوناحەکانتان دائەپۆشم و لە رۆژی قیامەتا ئەتانخەمە ئەو بەهەشتانە کە لە بنی دارەکانیانەوە جۆبار رەوان ئەبێ.

﴿فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾﴾

جا پاش ئەمە هەرکەس لە ئێوە کافر ببێ و هەڵگەڕێتەوە بۆ سەر بێباوەڕی و نامەردی ئەوە با بزانێ کە رێگەی راستی ونکردووە.

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَـٰقَهُمْ لَعَنَّـٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَـٰسِيَةً ۖ﴾

جا لەبەر ئەوە کە پەیمانی خودایان تێك دا دوورمان خستنەوە لە رەحمەتی خۆمان و، دڵ ـ کە پاشای وجوودی ئادەمیزادە ـ رەشمان کردەوە بە نەوعێ کە بە ئەنوار رووناك نەبێتەوە. وە لەبەر خۆگرتنیان لەسەر ناباری حاڵیان وای لێ هات.

﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ ۙ﴾

کە کەلیماتی خودایان، کە لە خوداوە نازڵ بووبوون بۆ رەفتار پێکردن و وەرگرتنی پیرۆزی هەردوو دونیا، دوورئەخستەوە لە مەعناکانی خۆیان بە تەئویلاتی فاسیدە، وە یا هەر ئەیانکرِان لە نەفسی شوێنی خۆیا و کەلیمەیەکی‌تریان لە جێگەدا دائەنا.

﴿وَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ﴾

وە بە هۆی ئەم لابردنی کەلیماتە لە جێگەی خویانا وە یا مەعنالێدانەوەیان بە غەیری مەعنای دامەزراوی خۆیان بەشێکی زۆریان لە بیر چووەوە لەو ئاداب و ئامۆژگاری و خێر و بەرەکاتە کە ئەو کەلیماتە ئەیانگەیاندن.

﴿وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾

وە بە جۆرێ ئەو ئامۆژگارییە ناهەموارانە لە ناویانا دامەزراوە پشت بە پشت ئەگەرِا لە ناویانا وە لە باوکەوە ئەهات بۆ کورِەکان ئێستەیش تۆ هەر ئاگادار ئەبی لەسەر بیر و باوەرِی خەیانەت و کردەوەی خەیانەت وە یا لەسەر کۆمەڵێکی خەیانەتبار لەوان مەگەر کەمێ لەوان یا مەگەر کەمێ جار.

﴿فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ﴾

جا لەگەڵ ئەو ناپیاوی و خەیانەتکارییە کە هەیانە تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست عەفویان بکەو چاوپۆشی بکە لە حاڵیان. جا یا لەبەر ئەوە کە ئەو کاتە کاتی موعاهەدە بووە لە بەینی حەزرەت و بەینی یەهوودا، وە یاخود هەر لەو کاتەدا حەزرەت مەئموور بووە بە چاوپۆشی هەتا ئایەتی «سەیف» نازڵ بووە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾﴾

ئەم جوملە دەلیلە بۆ ماقەبلەکەی، واتە: چونکی بە راستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە ئیحسان و نیکوکاری ئەکەن.

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ﴾

واتە هەر وەکوو میساق و پەیمانمان وەرگرت لە یەهوود بە هۆی مووساوە. پەیمانیشمان وەرگرت لە گاورەکان بە واسیتەی عیساوە و لە ئینجیلدا ئایەتی موژدە بە هاتنی موحەممەد بە پێغەمبەرایەتی بۆ ئەهلی ئاخرزەمان نازڵ کراو عیسا خوێندیەوە بەسەریانا و بڕیاری ئەوە درا کە ئیمان بێنن بە موحەممەدﷺ لە کاتی هاتنیا بۆ لایان.

﴿فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾

کەچی ئەو نەسرانییانە بەشێکی گەورەیان لەو میساقە فەرامۆش کرد کە ئیمان هێنان بوو بە حەزرەتی موحەممەدﷺ.

﴿فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ﴾

ئێمەیش لە جەزای ئەو فەرامۆشکارییەدا هاتین دوژمنایەتی و کینەمان هاویتە ناویانەوە هەتا ڕۆژی قیامەت. وەکوو مەعلوومە کە عەداوەت هەیە لە بەینی «نسطوریە» و«یعقوبیە» و «ملکانیە»دا وە هەرکام لەمانە زۆر عاجزە لەوانی تریان.

﴿وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١٤﴾

وە لە پاشەڕۆژیشا خودا خەبەرداریان ئەکا بەوەی کە لە عالەمی دنیادا کردوویانە.

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ﴾

ئەی ئەهلی تەورات و ئەهلی ئینجیل! یانی ئەی یەهوود و ئەی نەسارا بە ڕاستی لە لای ئێمەوە پێغەمبەر ڕەوانە کرا وەکوو «محمد المصطفى»بێ کە بۆتان ڕوون

ئەکاتەوە گەلێ باس لەوانەی کە ئەتانشاردەوە وەکوو سیفاتی موحەممەد ﷺ و ئایەتی رەجم و سەنگەسارکردنی زانی لە تەوراتدا وەکوو موژدەدانی عیسا بە هاتنی «محمد المصطفى» لە ئینجیلدا وە گەلێکیشیان باس ناکا و سەرفی نەزەریان لێ ئەکا.

﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾﴾

وە بزانن بە راستی هات بۆتان لە لایەنی خوداوە نوورێ و چرایەکی جیهانگیر کە حەزرەتی موحەممەد بێ و کتێبێکی ئاشکرا وەکوو قورئان بێ.

﴿يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ﴾

وە خودای تەعالا هیدایەت ئەدا بەو کیتابە کە ناردوویەتی بۆ لای موحەممەد ﷺ ئەو کەسانە کە تابیع ئەبن بە رێگەی رەزامەندی خودا بۆ ئەو شتانە و ئەو کردەوانە کە ئینسان ئەگەیەنن بە سەلامەتی لە عەزابی قیامەت.

﴿وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾

وە ئەو کیتابە دەریان ئەکا لە تاریکی چەند نەوعی گومڕاهی بۆ لای رووناکی و گەیشتن بە رەحمەتی خودا.

﴿بِإِذْنِهِۦ﴾

بە هۆی ئیزن و خواستی خوداوە.

﴿وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٦﴾﴾

وە ئەو کیتابە ئەو ئادەمیزادانە شارەزا ئەکا بۆ رێگەی راستی ئینسان، کە بیر و باوەڕی پەسەند و کردەوەی خاوەن بارە و سوود و پیرۆزییە لە دنیا، وە بەش و بارەی بەرزە لە پاشەڕۆژا.

﴿لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ﴾

به راستی کافرن ئەو کەسانە کە ئەڵێن خودای ئێمە مەسیحی کوڕی مەریەمە.

﴿قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ۗ﴾

تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، بڵێ بەو گاورە بێسەلیقە و بێهۆشانە: ئەگەر عیسای مەسیح خودا بوایەت بە تەنیا یا لەگەڵ مەریەمی دایکیا، ئەبوو کەس نەیتوانیایە بیانکوژێ یا زیانێکیان لێ بدا، یا ئەگەر کەسێ بهاتایێ بۆ زیانپێگەیاندنیان ئەبوو قودرەت و هێزی مودافەعە و چار کردن وە یا تۆڵەسەندنەوەیان ببوایە لەو کەسە، ئێستە پێمبڵێن: کێ مالیك و خاوەنی ئینتیقامە لە خودا ئەگەر خودا بیەوێ کە مەسیحی کوڕی مەریەم و دایکی بفەوتێنێ وە یا هەموو ئەهلی سەر عەرز بفەوتێنێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە بڵێن کەس نییە کە بتوانێ ئینتیقام بستێنێ. جا کە مادام وایە تۆزێ بیر بکەنەوە و لە وتاری نابار و ناهەموار بکەون و ئەم قسانە مەکەن.

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۚ﴾

تەنها هەر بۆ خودایە دەستەڵات و خاوەنداری ئاسمان و عەرز و هەرچی وا لە ناو بەینیانا.

﴿يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ﴾

هەرچی خواستی لێی هەبێ دروستی ئەکا.

﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾﴾

وە بە راستی خودا قودرەت و هێزی هەیە بەسەر هەر شتێکی وا خواستی لێ هەبێ.

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَـٰٓؤُا ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥ ۚ﴾

جوولەکەکان ئەڵێن: ئێمە کوڕی خوداین و خۆشەویستی خوداین، هەروا گاورەکانیش وا ئەڵێن.

﴿قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ﴾

تۆ ـ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ـ بڵێ پێیان: ئەگەر ئەم قسەی ئێوە راست بوایە هەرچیتان بکردایە لە گوناه و تاوان چاوپۆشیتان لێ ئەکرا و نە لە دنیادا و نە لە قیامەتا عەزابتان نەئەدرا؟ کەچی لە دنیا و لە قیامەتا حەقتان لێ ئەستێنێ. دەی بۆچی ئەمە وەهایە؟ وە یاخود ئەگەر قسەکەتان راست بوایە قەت لە ماوەی ژیانا بێ‌ئەمری خوداتان نەدەکرد هەتا لە قیامەتا عەزابتان بدا. کەچی لە دنیادا گەلێ گوناه و کردەوەی ناهەموار ئەکەن.

﴿بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ﴾

نەخەیر ئێوە نە کوڕی خودان و نە خۆشەویستی ئەون ئەوەندە هەیە ئێوەیش ئادەمیزادێکن لەوانەی کە خودا دروستی کردوون.

﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ﴾

لە هەرکەسێ خواستی هەبێ عەفوی ئەکا وە هەرکەسێکیش خواستی هەبێ عەزابی ئەدا.

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾

هەر بۆ خودایە موڵکی ئاسمان و عەرز و هەرچی وا لە ناو بەینیانا وە هەر بۆ لای خودایشە گەڕانەوەی ئەوان و غەیری ئەوان.

﴿يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾

ئەی خاوەن کتێبەکان ئەی یەهوود و نەسارا! ئەوا بە راستی پێغەمبەری ئێمە کە موحەممەدە هات بۆ لاتان و بەیانی ئەحکامی خوداتان بۆ ئەکا چ لە بیر و باوەڕا و چ لە کردەوەدا وە لە کاتێکیشا کاتی نەبوونی رەهبەر بووە و عەرەبستان و ئەترافی عەرەبستان هیچ پێغەمبەری تێدا نەبووە.

﴿أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍۖ﴾

مەبادا بڵێن کەس نەهاتووە بۆ لامان نە رەهبەرێکی موژدەدەر و نە رەهنومایەکی ترسێنەر.

﴿فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌۗ﴾

ئەوا پێغەمبەری موژدەدەر و ترس گەیێن هات بۆ لاتان بۆ ئەوە کە لە پاشەڕۆژا هیچ عوزرێکتان نەبێ بە دەستەوە.

﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١٩﴾

وە خودای پەروەردگار تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا و ئەتوانێ کە پێغەمبەران یەك بە شوێنی یەکا رەوانە بکا وەکوو ئەتوانێ تەرکی ئەوە بکا.

ریوایەت کراوە لە بەینی زەمانی مووسا و زەمانی عیسادا علیهما السلام هەزار و حەوسەد ساڵ بووە تەقریبەن، وە لەو ماوەدا دەوری هەزار کەس لە رەهبەران رەوانە کراون کە هەموو رەفتاریان کردووە بە تەورات و بەنیئیسرائیلیان بانگ کردووە بۆ تاعەتی خودا و لە بەینی حەزرەتی عیسا و حەزرەتی موحەممەدا شەشسەد و شەست ساڵ بووە و لەو ماوەدا سێ کەس لە رەهبەرانی بەنیئیسرائیل رەوانە کراون و یەك کەس لە عەرەب رەوانە کراوە کە خالیدی کوڕی سنانی عەبەسی بووە ئیتر بۆ عەرەبەکان رەهبەر نەبووە.

بزانن! لە جوملەی ﴿أن تقولوا ما جاءنا..﴾ وە دەرئەکەوێ کاتێ کە خودای تەعالا رەهبەر رەوانە نەکا و ماوەی بێرەهبەری زۆر بێ بە نەوعێ کە ئەحکامی پێغەمبەری پێشوو ون بووبێ ئیتر ئادەمیزاد موکەللەف نین و عوقووبەتی قیامەتیان نابێ وەکوو لە گەلێ ئایەت و حەدیسا ئەم مەقسوودە دەرئەکەوێ.

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾﴾

باسی ئەوە بکە ـ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ـ کە مووسا فەرمووی بە قەومەکەی خۆی، کە بەنیئیسرائیل بوون: ئەی قەومی خۆم باسی نیعمەت و رەحمەت و کەرەمی خودا بکەن لەسەر خۆتان کە لە ناو ئێوەدا چەند پێغەمبەری رەوانە کرد لە خۆتان بۆ ئەوە کە تەمێ و تەربییەتتان بکات بۆ ئومووری عیبادەت و سەعادەتی قیامەت، وە چەند پیاوی دەستڕۆیشتوویشی دروست کرد لە ناو ئێوەدا و لە ژێر چەپۆکەی بێگانە دەرچوون. وە بەم شێوە تەقریبەن لە ناحیەی مادە و مەعنادا بێنیاز بوون لە خەڵکیتر. وە ئەوەیشی پێدان لە موعجیزات و لە ریزەنی نیعمەتی خۆی وەکوو جیا کردنەوەی ئاوی رووباری نیل بە نەوعێ کە عوبوور بکرێ بە رێگەی بێئاوا و سێبەر کردنی هەور بە سەرتانا وە باراندنی گەزۆ و پەلەوەری شەلاقە بە سەرتانا کە ئەم نیعمەتانەی نەداوە بە هیچ تائیفەیێ لە زەمانی ئێوەدا.

بزانن! کەلیمەی «مولووك» لەم ئایەتە پیرۆزەدا یا ئەبێ بە مەعنا پیاوی بە حورمەت و خانەدان بێ وەکوو لە تەفسیرەکەیا وتم وە یا ئەبێ ئیخبار بێ لە لایەنی مووساوە بەوەی لە موستەقبەلدا ئەبێ، ئەگەرنا لە پێش مووسادا مولووك لە بەنیئیسرائیلدا نەبوون.

﴿ يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ﴾

ئەی قەومی خۆم برۆن بۆ ناو ئەو عەرزە پیرۆزە کە خودا بڕیاری داوە بۆ ئێوە بە مەرجی فەرمانبەرداری بۆی کە بریتییە لە خانووی «بيت المقدس» و ئەترافی ئەو بەیتە کە پیرۆز بووە بەوە کە بووە بە قەرارگا و ئارامگای پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل.

﴿وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ﴾

وە پاشەوپاش مەگەڕێنەوە لە بیمی کەنعانییەکان و مەترسن لەو جەبابیرانە. یاخود وەرمەگەڕێنەوە لە دینەکەی خۆتان.

﴿فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾﴾

تا واتان لێ بێ کە خەسارەتی هەردوو جیهان ببێ بە بەشتان، لە لایەکەوە و نافەرمانی خودا بکەن و موستەحەقی عەزاب ببن، وە لە لایەکیشەوە دوژمنەکان بە چاوی بێنرخی بڕوانن بۆتان و لە بەشی دنیایشتان مەحرووم و نائومێد ببن.

﴿ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ ﴾

ئەوانیش لە وەڵامی حەزرەتی مووسادا وتیان: ئەی مووسا بە راستی ئوممەتێکی ستەمکار و زۆردار وان لەو عەرزە موقەددەسە پیرۆزەدا.

﴿وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا ﴾

وە ئێمە بە راستی ناچینە ئەو عەرزە مادام ئەو قەومەی تێدا بێ هەتا دەرئەچن لێی.

﴿فَإِن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴿٢٢﴾﴾

جا ئەگەر دەرچوون لەو عەرزە پاش ئەوە ئێمە تێی ئەچین.

﴿قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ﴾

لەو کاتەدا دوو پیاوی بەنیئیسرائیلی لەوانە کە لە خودا ئەترسن و خودا نیعمەتی خۆی رژاندووە بە سەریانا کە ناویان «کالب» و «یوشع» بوو وتیان: ئەی بەنیئیسرائیلی مەترسن و هێرش ببەن بۆ سەریان و بڕۆنە ناو دەرگای شوورای شارەکەیانەوە.

﴿فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ﴾

وە مادام ئێوە رۆیشتن و چوونە ناو دەرگای شوورای شارەکەیان ئیتر ئێوە زاڵ ئەبن بە سەریانا.

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾﴾

هەر لەسەر خودای تەعالا ئیعتیماد بدەن ئەگەر بە راستی موسوڵمانن.

﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا﴾

بەنیئیسرائیلیەکانیش بە رەغمی فەرموودەی حەزرەتی مووسا و ئامۆژگاری ئەو دوو کەسە خاوەن ئیمانە وتیان: ئەی مووسا بە راستی ئێمە ناچینە ناو دەرگای ئەو شارە مادام ئەو جەببارانەی تێدا بن.

﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾﴾

دەی برۆ تۆ و خوداکەت شەڕ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانا وا ئێمە لەم شوێنەدا دانیشتووین ئینتیزاری و چاوەڕێی ئەنجامی جەنگی ئێوە ئەکەین.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى﴾

حەزرەتی مووسا عليه السلام کاتێ ئەم بیم و ترسنۆکی و بێمروەتییەی دی لە بەنیئیسرائیلیەکانەوە بە تەئەسوفەوە عەرزی بارەگای خودای کرد و فەرمووی:

ئەی پەروەردگاری من! من دەستم ناڕوا مەگەر بەسەر نەفسی خۆم و هاروونی براما وە ئەو دوو ئینسانە خاوەن ئیمانەیش ترسم هەیە بگوڕرێن جا تکام وایە،

﴿فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٥﴾

جیایی بخە لە بەینی ئێمە و ئەو قەومە کە لە یاسای ئامۆژگاری دین دەرچوون وە بە هۆی ئەوانەوە لە ئێمەیش زویر مەبە.

﴿قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡۛ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٦﴾

خودای تەعالا لە وەڵامی مووساداعليه السلام فەرمووی: مادام وایە وا بڕیارم دا کە عەرزی موقەددەس حەرامە لەسەر ئەم قەومە کە وان لەگەڵ تۆدا تا ماوەی چل ساڵ کە ئەم پیاوانە یا لە ژیانا نامێنن وە یا ئەوەندە پیر و لاواز ئەبن بە کاری جیهاد نەیەن. وە بڕیارم دا لەم ماوەی چل ساڵەدا بە سەرگەردانی و سەرلێشێواوی بە عەرزی سینادا بسووڕێنەوە سەروبەری خۆیان دەرنەکەن و قیمەت و نرخێکی عالەمییان نەبێ؛ چونکی ئەوانە ئەوەندە بێعەقڵ بوون لەگەڵ ئەو هەموو موعجیزەدا کە چاویان پێی کەوت باوەڕیان نەکرد بەو پەیامی خودا کە بە زمانی مووسا گەیشتە لایان و لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەدا چاویان قایم نەبوو بڕۆن جەنگ بکەن لەگەڵ جەببارەکانا و لە وڵاتی خۆیان دەریان کەن. جا ئیتر هەرچی دێ بەسەر ئەم قەومە نابارەدا تۆ نەکەی خەفەت بخۆی لەسەر کارەساتێ کە دێت بەسەر ئەو قەومە لە فەرمان دەرچوانەدا.

جا ریوایەت کراوە پاش ئەمە ماوەی چل ساڵ قەومی بەنیئیسرائیل لە عەرزی سینای وشکی بێئاوی بێکشتوکاڵدا مانەوە لە مەسافەی کەمدا و هەرچەن ئەیانویست

لەو وڵاتە دەرچن بۆیان رێك نەدەکەوت هەور سێبەری ئەکرد بەسەریانا لە کاتی گەرمادا و ئاویان لەو بەردانەوە بۆ دەرئەچوو کە حەزرەتی مووسا عاساکەی پیادابوو، وە خواردەمەنییان گەزۆ و پەلەوەری شەلاقە بوو، وە ئەم نیعمەتەیشیان هەر لەبەر پایە و مەقام و شەرەفی حەزرەتی مووسا و هاروونی برای علیهما السلام بوو. هەروا ریوایەت کراوە کە هاروون لە سارای سینادا لە زەمانی سەرگەردانی قەومەکەدا مرد و شەش مانگ دوای ئەو حەزرەتی مووسایش کۆچی دوایی کرد وەسیەتی کرد بۆ «یوشع» کە لە پاش ئەو گەلێ لە جوانی موسوڵمانی خوێن پاکی دڵڕووناکی ئیسرائیلی لەگەڵ خۆتا ببە و جیهاد بکە و «بیت المقدس» فەتح بکە. وە فیعلەن لە پاش وەفاتی مووسا علیه السلام بە سێ مانگ حەزرەتی «یوشع» ـ کە مەشهوورە بە پاڵەوانی ئیسرائیلی و خوشکەزای حەزرەتی مووسا بووە و خودا کردوویەتی بە پێغەمبەر و فەرمانی جیهادی پێداوە ـ لەگەڵ سوپای بەنیئیسرائیلدا و لەگەڵ دوازدە نەقیبەکانا رۆیشت بۆ جیهاد و شاری «أريحا»ی گرت و لە پاش ئەوە زۆرتر وڵاتی داگیرکرد.

وە لە رووداوی وەفاتی حەزرەتی مووسادا علیه السلام لە حەدیسی موسلیمدا هەیە بە ریوایەت لە ئەبوو هورەیرەوە کە «ملك الموت» هات بۆ لای مووسا علیه السلام پێی وت: کە هاتووم بۆ قەبزی رۆحت! ئەویش دەستی دا بە چاویا و چاوی دەرپەڕان، پاش ئەمە لەبەر چاوی مووسا غائیب بوو، عەرزی باری تەعالای کرد: کە مووسا چاوی دەرپەڕاندم. وە خودای تەعالا دووبارە ناردیەوە بۆ لای و فەرمووی: بڵێ بە مووسا دەست بخاتە سەر پشتی گایێ بە ئارەزووی خۆی و بە قەی تووکی ئەو گا بە ساڵ عومری پێ ئەدەم، ئەویش رۆیشت عەرزی کرد. ئەمجا مووسا فەرمووی: یارەببی پاش ئەو عومرە زۆرە هەر ئەبێ بمرم کەوابێ هەر ئێستە با رۆحم بکێشێ، جا «ملك الموت» رۆحی کێشا. بەڵام لە پێش ئەوەدا کە رۆحی بکێشێ پاڕایەوە لە

خودا کە نزیکی بکاتەوە لە حودوودی عەرزی موقەددەس بە قەی ئەوەندە پیاوێکی عادەتی بەردێ فڕە بدا بگاتە عەرزی موقەددەس وە خودا وەها نزیکی کردەوە لەو عەرزە، وە حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئێستە ئێمە لەو شوێنەدا بووینایێ قەبرەکەی مووسام نیشان ئەدان کە وا لە تەنیشتی ڕێگەی عامە ڕێگەدا لە ژێر «کثیب أحمر»دا واتە تەپۆڵکەیێ عەرزی سوورە عەرز.

وە لە تەوجیهـ کردنی کردەوەی حەزرەتی مووسا لەگەڵ «ملك الموت»دا کە عاجز بووە لە گیانکێشان و داویە لێی و چاوی دەرکردووە کە ئەم وەزعە موناسبی شانی پێغەمبەران نییە، وە فریشتە کەی وەها چاوی هەیە تا دەربکرێ. چەن قسەیێ کراوە، پەسەندتریان دوو جوابە:

یەکەم: ئەمە کە «ملك الموت» بە سوورەتی ئینسانێکی بێگانە داخڵی هۆدەی حەزرەتی مووسا بوو داوای ئەوەی لێ کرد کە ڕۆحی بکێشێ ئەویش وا حاڵی بووە کە ئینسانێکی جەببارە هاتووە بۆی بیکوژێ، وە لێیداو چاوی دەرکرد، چونکی «دفع الصائل» و دیفاع لە نەفس ئەگەر واجب نەبێ جائیزە.

دووهەم: ئەمەیە کە بڕیار دراوە خودای تەعالا گیانی هیچ پێغەمبەرێ ناکێشێ هەتا خاترخۆی نەکا لە بەینی مردن و ژیانا جا ئەگەر ئیختیاری مردنی کرد ئەوسا گیانی ئەکێشێ، وە «ملك الموت» کە ڕۆیشتە خزمەتی مووسا بەو شێوە قسەی نەکرد و حەزرەتی مووسا لەبەر ئەوە بە خیلافی ئەو یاسا ڕۆیشتە پێشەوە بە مەلائیکەی قەبزی ڕۆحی نەزانی و لێیدا و ئەو چاوەی کە لەو جیسمە بەرزەخییەدا بووی دەری کرد، هەتا جاری دووەم کە بە ئەدەب و بە یاسای تەخییر هاتەپێشەوە حەزرەتی مووسا حاڵی بوو لە مەوزووع و ئیختیاری مەرگی کرد و ئەویش گیانی کێشا، ئەگەرنا دوورە لە پێغەمبەرانەوە کە حەز نەکا بە گەیشتن بە عالەمی ویسالی هەتا هەتا.

ئەوەی عاشق بێ بە باڵای مەحبووب هەر لیقای مەحبووب بۆ ئەوە مەتلووب
ئـارەزووی نـەفس و دنـیای بـێ‌دەوام دووره لە زەوقـی عـاشقی مـەجزووب

جا بە موناسەبەی ئەوەوە کە ستەمکاری بەنی‌ئیسرائیل عەینی ئەو سروشتەیە کە لە وجوودی ئادەمیزادا دانراوە و لەو ڕۆژەوە ئادەمیزاد کەوتووەتە سەر عەرز هەتا هەتایە هەر لەسەر ئەو ڕەوشتە ئەڕۆن بە ڕێدا و بۆ پیاوی ڕەهبەری گەورە دووره کە ئەم یاسای ئادەمیزادەی لێ ون ببێ خودا حیکایەتی کوڕەکەی حەزرەتی ئادەمی گێڕایەوە بۆ حەزرەت ﷺ هەتا باش ئەم وەزعەی بێتەوە یاد.

﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ﴾

تۆ ـ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ـ بخوێنەرەوە بەسەر ئەسحابەکانتا وە یا بەسەر ئەو کەسانەدا کە ئەتەوێ بێنە سەر ڕێگەی ڕاست: ڕووداوی مابەین دوو کوڕەکەی حەزرەتی ئادەم علیه السلام: (قابیل و هابیل).

﴿إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ﴾

لە کاتێکدا کە هەردووکیان یەکی کوشتێکیان کرد بە قوربانی وە لە یەکێکیان قەبووڵ کرا کە هابیل بوو، لە قابیل قەبووڵ نەکرا و ئاگرێ لە ئاسمانەوە هات قوربانییەکەی هابیلی برد بە ئاسمانا، وە ئەم قوربانییەکە لە جێگەی خۆیا مایەوە؛ مەعنای وابوو هابیل گەیشت بە مەقسوودی خۆی و ژنی خۆی دەست کەوت بەڵام قابیل مەحرووم بوو لەو ژنە.

﴿قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَ﴾

جا قابیل لە کینە و داخا وتی بە هابیل: وەڵڵا ئەتکوژم و نایەڵم بگەی بە مەقسوودی خۆت!

﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾

وە هابیل لە جوابیا وتی: بۆچی من ئەکوژی؟ خەتای من نییە، تۆ ئینسانێکی بێتەقوای و رەددی قوربانییەکەت بە هۆی ناپیاوی خۆتەوەیە.

﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى﴾

وەڵڵاهی ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ لای من بۆ ئەوە بمکوژی.

﴿مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ﴾

من لەوانە نیم کە دەست درێژ بکەم بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە بتکوژم.

﴿إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾﴾

بە راستی من لە خودای پەروەردگاری هەموو عالەم ئەترسم.

﴿إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾

من کاتێ لە بەینی ئەم دوو کارەدا بم کە یا من تۆ بکوژم یا تۆ من بکوژی نامەوێ خۆم گوناحبار بکەم و تۆ بکوژم، وە ئەمە ئیختیار ئەکەم کە تۆ تاوانی کوشتنی منیش عەلاوەی تاوانەکانی‌ترت بکەی و لە ئەنجامدا ببی بە ئەهلی ئاگری دۆزەخ.

﴿وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾﴾

وە ئەم جۆرە جەزایە جەزای ستەمکاران و تاوانبارانە.

﴿فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ﴾

جا نەفسی قابیل کوشتنی هابیلی برای جوان کرد بە لایەوە بۆ ئەوە بگا بە خۆشی وەقتی وەرگرتنی ئەو ژنە کە حەزی پێ ئەکا.

﴿فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٣٠﴾﴾

قابیل گەڕا لە جوملەی زیانکردوان لە دینا لەبەر تاوانی کوشتنی ناحەق وە لە دنیایشا وەکوو مەشهوورە هەتا مرد تووشی زویری و دلگرانی بوو.

وە ئەم کارەساتە بازێ ئەڵێن لە نزیکی غاری «حرا»دا لە لای مەککەی موکەڕڕەمەدا بووە، وە بازێ ئەڵێن لە شاری بەسرەدا بووە لەو شوێنەدا کە ئێستە مزگەوتە و جامیعی گەورەی شارەکەیە. جا کاتێ براکەی خۆی کوشت نەیزانی چی لێ بکا، چونکی هابیل یەکەم مردووی ئادەمیزاد بوو.

﴿فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْءَةَ أَخِيهِ﴾

جا خودا قەلەڕەشێکی نارد دەنووکی ئەدا بە عەرزا و هەڵی ئەکەند هەتا نیشانی قابیل بدا چۆن لەشی مردووی براکەی بشارێتەوە.

بەیزاوی ئەڵێ: خودا دوو قەلی نارد بوو بە شەڕیان، یەکێکیان ئەویانی کوشت و بە دەنووك چاڵی هەڵکەند و قەلەڕەشە کوژراوەکەی تێخست و شاردیەوە.

﴿قَالَ يَا وَيْلَتَىٰ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي﴾

قابیل وتی: هاوار بۆ من! ئایا من ناتوانم ببم بە گیانلەبەرێ وەکوو ئەم قەلەڕەشە و چاڵێ هەڵکەنم بۆ براکەم؟

﴿فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ ﴿٣١﴾﴾

وە قابیل گەڕا بە ئینسانێکی پەشیمانی پەرێشان.

ریوایەت کراوە کە: دایکە حەوا بە هەر سکێ کوڕ و کچێکی ئەبوو، وە خودا وەحی کرد بۆ ئادەم کچی هەر سکێ بدەن بە کوڕی سکەکەی‌تریان، بەم یاسا دوو کوڕی حەزرەتی ئادەمعليه السلام ئەبوا قابیل هاولفی هابیلی مارە بکردایە و هابیل هاولفی قابیلی مارە بکردایە. جا لەبەر ئەوە کە هاولفی هابیل وەکوو هاولفی قابیل جوان نەبوو قابیل بەو یاسایە رازی نەبوو ئەیویست هاولفەکەی نەدا بە هابیل و خۆی مارەی بکا! جا حەزرەتی ئادەم فەرمووی پێیان: کە یەکی کوشتێك سەر ببڕن و قوربانی هەرکامیان قەبووڵ کرا بێت ئەو کچە جوانەکە مارە بکات. وە قوربانی هابیل قەبووڵ کرا و ئاگرێك لە ئاسمانەوە هات و قوربانییەکەی برد و قوربانی قابیل لە عەرزا مایەوە و قەبووڵ نەکرا. جا لەسەر ئەم وەزعە ئەو کارەساتە رووی دا.

﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾

جا لەبەر ناشیرینی ئەو قەتڵە ناحەقە کە لە دەستی قابیل دەرچوو، وە لەبەر ئەوە کە بەنی‌ئیسرائیلیش زۆر خوێنڕێژ و نامەردن، نووسیمان و بڕیارمان دا لەسەر بەنی‌ئیسرائیل.

﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾

بە راستی کەسێ نەفسێ بکوژێ بە بێ قیساسی نەفس و بێ فەسادێ لە عەرزا ـ وەکوو جەردەیی و رێگری ـ ئەوە وەکوو ئەوە وایە کە هەرچی ئینسانە هەمووی کوشتبێ؛ چونکی کەسێ بۆ نافەرمانی خودا و رژاندنی خوێنی بێ‌تاوان جەسارەت بکا و خەڵکی‌تریش شارەزای ئەم گوناهە بکا ئەوە ئەتوانێ عالەمێ بکوژێ و خەڵك هەڵبنێ بۆ کوشتنی هەموو کەسێ. کەوابوو ئەوەندە گوناحی پێ ئەگا وەکوو ئەوە وایە کە هەموو کەسێکی کوشتبێ.

﴿وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ﴾

وە هەرکەسێ مەنعی کوشتنی نەفسێ بکا و بە زیندوویی بیهێڵێتەوە ئەوە ئەوەندەی سەواب و ئیحسان پێ ئەگا وەکوو هەرچی نەفسە هەمووی لە کوشتن رزگار کردبن وایە.

وە بازێ کەس فەرموویانە: مەبەست لەو نەفسە ئینسانێکە سوودی گشتی هەبێ وەکوو رهبەرێکی گەورە و زانایەکی بەرز و پێشەوایەکی خاوەن قیمەت؛ چونکە مردنی ئەمانە وەکوو مردنی عالەمێ وایە و زیندوێتی ئەمانە وەکوو زیندوێتی عالەمێ وایە.

بەڵام بە بیری من ئەم قسە باش نییە، لەبەر ئەوە لەم مادەدا کە کابرا رەهبەرێکی عالەمی بکوژێ حەقی خۆیەتی گوناهەکەی گەورە بێ و بە وێنەی کەسێ بێ کە عالەمێکی کوشتبێ. وە مەبەست لە ئایەتەکە ئەمەیە کە پیاو کوشتن و لە ناو بردنی نەفسی زیندوو بە ناحەق جەریمەیەکی گەورەیە و خەڵکیش وادار ئەکا بە فێربوونی ئەو نەوعە جەریمە لەبەر ئەمە عوقووبەتەکەی گەورەیە نەك لەبەر گەورەیی کوژراوەکە.

﴿وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾

وە پاش ئەوە کە ئەو حوکمە بەشیددەتەمان نووسی لەسەر بەنی‌ئیسرائیل و تێگەیشتن بە راستی چەن پێغەمبەرمان هاتن بۆ لای بەنی‌ئیسرائیلیەکان لەگەڵ موعجیزە و بورهانی زۆرا، وە لەگەڵ ئیرشاد و تەبلیغاتی رەسادا و موناسب وابوو ئیتر ئەحواڵیان باش ببێ و لەو گوناحانە دوور بکەونەوە.

﴿ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢﴾

کەچی لە پاش ئەو هەموو ئامۆژگارییە زۆر لە بەنی‌ئیسرائیلیەکان هەر زیادەڕەون لە عەرزا و لە حەق لادەرن و بێ‌موبالاتی بە فەرمانی خودا.

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ﴾ الآية.

ئەمە وارید بووە لە شانی کۆمەڵێ لە هۆزی «عکل» و «عرینە» کە هاتن بۆ مەدینەی مونەووەرە و موسوڵمان بوون وە پاش ماوەیێ هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت، پێغەمبەر ﷺ ئەمری فەرموو چەن وشتری خاوەن شیریان پێدان کە لە خاریجی مەدینەدا بژین لەگەڵیانا و لە شیر و گمێزی ئەو وشترانە بخۆنەوە هەتا سکیان ئەکەوێتە رێ و لەو نەخۆشینە رزگار ئەبن.

ئەوانیش چەن رۆژێ چوونە دەرەوە و لە شیر و گمێزی وشترەکانیان ئەخواردەوە، لە ئاخرا رۆژێ لە رۆژان دەست و پێی شوانەکەیان بڕی و دڕکیان کرد بە چاوەکانیا هەتا مرد! ئەو شوانە ناوی «یسار» بوو، خەڵکی «نوبە» بوو، کە ئەوەیان کرد وشترەکانیان دایەبەر بۆ وڵاتی خۆیان و لە دین وەرگەڕانەوە و رۆیشتن. کە حەزرەت ﷺ بەم کارەساتەی زانی جەریری کوڕی عەبدوڵڵای لەگەڵ کۆمەڵێ ئەسحابەدا نارد بە شوێنیایانا و لە رێگەدا پێیان گەیشتن و بە دیلی هێنانیانەوە بۆ مەدینە. جا حەزرەت ﷺ چاوڕەێی ئەمری خودای کرد تا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوْ يُصَلَّبُوٓاْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ ٱلْأَرْضِ ۚ﴾

واتە: نییە جەزا و پاداشی ئەو کەسانە کە تێکهەڵئەچن لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا، واتە بێفەرمانییان ئەکەن و لە ئەمریان دەرئەچن بە جەسارەت و بێشەرمی و هاتوچۆ ئەکەن لە عەرزا لە حاڵێکا عەرز تێکئەدەن و ئەچن بەگژ یاسا و نیزامی راستا، ئیللا ئەوە نەبێ کە بکوژرێن بە تیر و بەس، ئەگەر هەر خەڵکیان کوشتبێ

و ماڵیان نەبردبێ. یا بکوژرێن و لە پاش کوشتن بکرێن بە دارا بۆ پەندو عیبرەتی خەڵکی ئەگەر کوشتاریان کردبێ و ماڵیشیان بردبێ، یاخود دەست و پێیان ببڕرێ بە شێوەی راست و چەپ، لە جاری یەکەمدا دەستی راستیان و پێی چەپیان ببڕرێ ئەگەر هەر ماڵیان بردبێ و کەسیان نەکوشتبێ، وە یاخود شاربەدەر بکرێن لەم شارەوە بۆ ئەو شار و لەو شارەیشەوە بۆ شارێکی‌تر بە جۆرێ دامەزراندن و ئارامیان نەبێ لە شوێنێکدا ئەگەر هەر رێبواریان ترساندبێ و بەس.

﴿ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾

ئەم کوشتن و بڕین و هەڵاوەسران و شاربەدەرکردنەیان بۆ رسوایی ئەوانە لە دنیادا و لە پاشەڕۆژیشا عەزاب و ئاگرێکی گەورەیان بۆ هەیە.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ﴾

ئەوانەیان نەبێ کە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و دەسبەرداری ئەو کردەوە نابارە ببن لە پێش ئەوەدا کە ئێوە دەستان بڕوا بە سەریانا و بیانگرن.

﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤﴾

ئێوە ئەبێ بزانن خودای تەعالا تۆبەکاران عەفو ئەکا؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا گوناه بەخش و میهرەبانە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥﴾

واتە ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام خۆتان بپارێزن لە بێ‌ئەمری خودا و بگەڕێن بە شوێنی هەر کردەوەیەکدا کە بتانگەیەنێ بە رەزای خودا و جیهاد

بکەن و تێکۆشن لە بەرزەوە کردنی کەلیمەی حەقدا لەبەر رەزای خودای تەعالا نەك لەبەر مەبەستێکی‌تر.

لە واقیعا کەلیماتی ئەم ئایەتە پیرۆزە لە «جوامع الکلم» حسێب ئەکرێن چونکی هەرکامیان بگری بە دەستەوە بۆ رێگەنیشاندان بە موسوڵمان کافییە. مەسەلا «اتقوا اللّٰه» مەعنای خۆپاراستنە لە نافەرمانی خودا و ئەم خۆپاراستنە بە راستی بەوە ئەبێ ئینسان لە هەرچی گوناح بێ خۆی بپارێزێ و هەرچی خێر بێ بیکا.

وە «ئیبتیغائی وەسیلە» بەوە ئەبێ کە ئینسان بکەوێتە دوای هەر شتێ ئینسان ئەگەیەنێ بە خودا، وە ئەمە عیبارەتە لە دوو شت؛ تەرك و فیعل وە یا بە عیبارەتێکی دووهەم «کەف» و «فیعل» واتە مەنعی خۆ کردن لە هەموو موخالەفەیەکی خودا و کردنی هەموو شتێکی پێوست وە ئەمەیش عەینەن وەکوو جوملەی پێشوو دەردەچێ بە بێ کەم و زیاد.

وە جیهادی «في سبیل اللّٰه» سەعی و تێکۆشینە لە رێگەی رەزامەندی خودادا، وە یا بۆ بەرز کردنەوەی کەلیمەی حەق ئەمەیش بەو نەوعە ئەبێ ئینسان لە زاتی خۆیا ئەوامیر بەجێ بێنێ و لە موحەڕەمات لا بدا، وە نیسبەت بە غەیر بە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر و دەفعی هێزی هەرچی کافر و موبتەدیع و فاسیقە. ئەمەیش لەگەڵ دوو جوملە پێشووەکەدا دەبنەوە بە یەك.

بەڵام ئێستە موفەسیرەکان ـ بە تایبەتی ئیمام فەخرەددینی رازی ـ ئەفەرموون: «اتقوا اللّٰه» ئیشارەتە بۆ تەرکی مەنهییات و، ﴿وابتغوا إلیه الوسیلة﴾ ئیشارەتە بۆ فیعلی مەئموورات و لەبەر ئەوە کە دەفعی مەفسەدە پێش ئەخرێ لە جەلبی مەنفەعەت یەکەمی خستە پێشی دووهەمەوە، وە لەبەر ئەوە کە تەرکی مەنهییات و فیعلی مەئموورات زۆر گرانن لەسەر نەفسی ئینسان و بە موجاهەدە نەبێ ئینسان ناتوانێ

بەجێیان بێنێ. بە شوێن ئەو دوو جوملەدا خودا فەرمووی: ﴿وجاهدوا في سبيله﴾ چونکە بە جیهاد نەبێ دووبارە پێشووەکان هەڵناگیرێن کەوابێ موجاهەدەیش پێویستە.

منیش لەم شوێنەدا و بە وەرگرتن لە وتەی مەشایخەکانەوە عەرز ئەکەم: هەرچەند دینداری یا تەرکی مەنهییاتە یا فیعلی مەئموووراتە وە جیهاد بەر ئەوانە ئەکەوێ، بەڵام لەبەر ئەوە کە جیهاد بە مەعنای حەرب و جەنگ لەگەڵ کافرانا بە کاردێت هەر وەکوو بە مەعنای موجاهەدەی نەفس و دەفعی رەزیلە و جەزبی فەزیلە دێت، خودای تەعالا ئەم جیهادەی باس کردووە لەبەر ئیهتیمام و ئیعتینا بە قەزیەی جیهاد خواه جیهادی بە مەعنا غەزا کردن لەگەڵ کافرانا بێ یا جیهادی بە مەعنا موجاهەدەی نەفس بێ.

هەروا ئەڵێم: بە نازڵکردنی: ﴿و جاهدوا في سبيله﴾ خودای تەعالا ئیفادەی ئەمەی کرد کە تەرك و فیعلی موسوڵمان بە جیهاد ئەبێ، وە جیهادی نەفس بە دوورخستنەوەی نەفس ئەبێ لە رەزائیل. کەواتە هەر عەمەڵێ پێویست بێ بۆ دەفعی رەزیلە وەکوو رۆژوو گرتن و خۆبرسی کردن و موجاوەرەی ئەهلی تەقوا و ئەهلی سیدق و دەرس‌وەرگرتن لە ساڵحان و ئەولیای ئوممەت و سوحبەتیان، هەموو ئەمانە بەر موتڵەقی «ابتغاء الوسيلة» و جیهادی «في سبيل اللّٰه» ئەکەون.

وە ئیمامی رازی ئەفەرموێت: تەرك و فیعل دوو ئەمرن ئیعتیبار ئەکرێن لە زاهیری کردەوەکانا و ئەوەی کە تەرکی واجبە عیبارەتە لە موحەڕڕەمات و ئەوەی کردنی پێویستە عیبارەتە لە واجبات. وە ئیعتیبار ئەکرێن لە ئەخلاقدا، یانی خوو و رەوشتا، وە ئەو رەوشتە واجبە تەرك بکرێ سیفاتی رەزیلەیە وەکوو ریا و، عوجب و، تەکەببور و، حەسوودی و.. غەیری ئەوانە، وە ئەو رەوشتەی کە پێویست بێ عیبارەتە لە فەزائیل وەکوو حەیا و، غیرەت و، راستی و وەفا و، عیففەت و، ئەمانەت و ئیستیقامەت و... وێنەی ئەمانە.

وە ئیعتیبار ئەکرێن لە ئەفکارا ئەوەی کە واجبە تەرك بکرێ فیکر کردنەوە لە کوفر و لە بیدعەت و لە تەسەڕوفاتی نابارى ناهەموارا؛ وەکوو موئامەرە بۆ دنیا لەسەر ئەهلی دین و تێکدانی میانەی خەڵق، وە ئەوەی پێویستە بکرێ فیکرە لە دەلیلی وجوودی باری تەعالادا و لە تەنهایی ئەوا و لە وجووبی ئیتاعەتا، وە فیکرە بۆ ئیسباتی ریسالەت و نوبووەت و بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی رزگاری لە دەسیسەی نەفسی ئەممارە و ئەعوانی شەیاتین، وە بۆ ئیسباتی مەعادی جیسمانی و دۆزینەوەی بەهەشت و دۆزەخ و خولوودی لەزەتی ئینسان لە قیامەتا و عەزابی کافر لە دۆزەخا.
هەروا ئیعتیبار ئەکرێن لە رۆحیياتدا وە ئەوەی تەرکی پێویستە ئیستیغراقە لە هەرچی دوورت بخاتەوە لە خودا، وە ئەوەی پێویستە بکرێ ئیستیغراقە لە گەورەیی خودادا.

بزانن! لەبەر ئەوەی کە خودای تەعالا ئیعلامی ئێمەی کردووە کە ئیبلیس دوژمنی ئادەمیزادە و نەفسی ئینسانیش زۆربەی فەرمانەکانی فەرمانە بە شتی نابار و ناهەموار و ئیعلانیشی کردووە هەرکەسێ نەفسی پاك بکاتەوە رزگار ئەبێ و هەرکەس ئیهمالی بکا گیرۆدەی میحنەت ئەبێ و نائومێد ئەبێ لە خێر.

وە بە قانوونی ئوسوولی دین و فیقهـ هەرچی «موقوف علیه» بێ بۆ واجب واجبە، هەروا سابت بووە هەرچی شەرع نەهی لێ نەکردبێ موباحە بە هەر نەوعێ لە زیکر و فیکر و تاعەت و سوحبەت، وە خەڵوەتێ کە فەسادێکی لێ پەیدا نەبێ و بە زاهیر شەرع مەنعی نەکردبێ ئەوە دروستە بۆ ئینسانی موسوڵمان بیانکا، بەڵکوو لە گەلێ کاتا سونەتی ئیجتیهادییە واجبە، وە ئەو قسەیە کە ئەڵێن هەرچی «مصرح بِهِ» نەبێ لە نوسووسی کیتاب و سونەتا وە یا لە عەسری حەزرەتا نەکرابێ ئەوە بیدعەتە و حەرامە. قسەیەکی پووچ و بەتاڵە و موخالیفی عموومی قەواعید و ئوسووڵی ئیسلامە و موخالیفی سیرەتی زۆری موسوڵمانانە و هەرچی موخالیفی ئیجماعی موسوڵمانان

بێ ئەوە بیدعەت و زەلالەتە و هەرچی موخالیفی کردەوەی زۆری موسوڵمانان بێ ئەوە دوورە لە نوور چونکی حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «فإن رأيتم الاختلاف فعليكم بالسواد الأعظم»:

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ الآية.

بوخاری و موسلیم رحمهما الله ریوایەت ئەکەن لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: لە رۆژی قیامەتا خودا ئەفەرموێت بە کەسێ کە لە هەموو دۆزەخییەکان عەزابی سووکتر بێ: ئەگەر دنیا و هەرچی وا لە دنیادا بۆ تۆ بوایە ئەتدا بە فیدیەی نەفسی خۆتا کە لەم عەزابی قیامەتە رزگار ببی یا نە؟ ئەویش ئەڵێت: بەڵێ ئەمدا. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت پێی: من بۆ تۆ حەزم بە شتێکی‌تر ئەکرد کە لەم عەزابە و لەم نارەحەتییە پێی دووربکەوتایەیتەوە، حەزم ئەکرد کە تۆ شەریکم بۆ بڕیار نەدەی وە منیش نەتخەمە ناو ئاگرەوە کەچی تۆ دڵت لەسەر ئەوەبوو کە شەریکم بۆ دابنێی. جا خودا فەرمووی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە کافر بوون و بەو حاڵەوە ئەمرن ئەگەر هەرچی وا لە عەرزا هەمووی موڵکی ئەوان بێ و بە قەی هەموو ئەوەیشیان ببێ بۆ ئەوە کە بیدەن بە فیدیەی سەری خۆیان بۆ رزگار بوونیان لە عەزابی رۆژی قیامەت و فیعلەن بیاندایێ، لێیان قەبووڵ ناکرێ و رزگار نابن لە عەزابەکەی.

﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٣٦﴾﴾

وە بۆ ئەو کافرانە عەزابێکی سەخت هەیە لە قیامەتا.

﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَا﴾

ئەیانەوێ کە دەربچن لە ئاگر وە بە قەتعی ئەوان لەوانە نین کە دەرچووبن لەو ئاگرە.

﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٧﴾﴾

وە بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی دامەزراو.

فەرموودەی خودا: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ﴾.

ئەم ئایەتە لە کاتی دزییەکەی توعمەی کوڕی «ابیرق»دا کە دیرعی دزی بوو ـ وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد ـ نازڵ بوو، جا خودا ئەفەرموێت:

﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا﴾

لە شەرتێکا پیاوێ دزی کرد و ژنێ دزی کرد، واتە ئەو پیاوە یا ئەو ژنە بە بێ ئەوە کە شوبهەی ئیستیحقاقی ئەو ماڵەیان ببێ کە ئەیدزن و ئاگاداربن و هۆشیان بە خۆیانەوە بێ و ئەندازەی قیمەتی روبعی دیناریٛ ئاڵتوون بدزن کە ئەو ماڵە لە شوێنێکی لایەقدا راگیرابێ، ئەوە دەستیان ببڕن لە جومگەی پشتی پەنجەکانەوە.

﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ﴾

لەبەر جەزادانەوەیان بەرابەر بەو خەیانەتە کە کردوویانە وە لەبەر بەجێهێنانی عوقووبەت و تۆڵەسەندنەوە لە لایەنی خوداوە.

﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾﴾

وە خودای تەعالا غاڵبە و زاڵە بەسەر یاسا دامەزراندنا و خاوەن حیکمەتە و کار دروستە، ئەگەر هەر شتێ بکا و هەر یاسایێ دابمەزرێنێ.

﴿ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ ﴾

جا پاش ئەوە هەرکەسێ تۆبە بکا و پەشیمان ببێتەوە لەو دزی و خەیانەتە لە پاش ئەو ستەمە و ئەو دەسدرێژییە کە کردوویەتی و میانەی خۆی و خودای خۆی باش کرد بە عەزمی ئەوە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەیانەتە و، میانەی خۆی و ماڵدزراوەکەی باش کرد بەوە کە ماڵەکەی پێداوە یا بۆی بژارد یا گەردنی خۆی پێ ئازاد کرد.

﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۗ ﴾

ئەوە بە راستی خودا ئەگەڕێتەوە بۆ سەری بە قەبووڵی تەوبەکەی.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ٣٩ ﴾

بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٤٠ ﴾

ئایا ئەی خاوەن هۆش و ئەی خاوەن بیر و باوەڕ نازانی کە بە راستی خودای تەعالا موڵك و دارایی ئاسمانەکان و عەرز بۆ ئەوە و عەزابی ئەوانە ئەدا کە خواستی لەسەر عەزابدانیانە، وە چاوپۆشی ئەکا لەوانە کە خواستی لەسەر چاوپۆشی لێکردنیانە، وە خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا و هەرچی لە ئیمکانا بێ لای خودا ئاسانە؟

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ...﴾ الآية.

موسلیم ریوایەت ئەکا لە یەحیای کوڕی یەحیا لە ئەبوموعاویەوە، لە بەرائی کوڕی عازیبەوە ﵁ ئەڵێ: جارێ لە جاران رابورد بە لای پێغەمبەرا ﷺ جوولەکەیێ

کە زینای کردبوو وە داخیان کردبوو و داریان لێدابوو لە حەددی زینادا. حەزرەت ﷺ بانگی کردن فەرمووی: ئێوە حەددی زینا وایە لاتان لە تەوراتا؟ وتیان: بەڵێ وەهایە. جا کوڕێکی بانگ کرد لە یەهوودەکان فەرمووی پێی: سوێندت ئەدەم بەو خودایە کە تەوراتی نازڵ کردووە بۆ سەر مووسا عليه السلام ئێوە حەددی زیناتان وا چاو پێکەوتووە لە تەوراتا؟! ئەویش وتی: نەوەڵلا! وە ئەگەر سوێندت نەدامایە قسەم بۆ نەدەکردی، حەددی زینا بە موافیقی تەورات ئەمەیە کابرای زیناکار سەنگەسار (ڕەجم) بکرێ، بەڵام ئەشرافەکانمان زۆر جار زینایان ئەکرد و ئێمەیش هەر کاتێ یەکێ لەو ئەشرافە زینای بکردایە مەرەخەسمان ئەکرد و هەر کاتێ فەقیرێ زینای بکردایە حەدمان بەسەرا جاری ئەکرد. پاش ماوەیەك بۆ گەورە و بچووك و ئەشراف و غەیرە ئەشراف بڕیامان دا داخ بکرێ بە ڕژاندنی ئاوی گەرم بە سەریا و داری حەدی لێ بدرێ لە باتی سەنگەسار. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «اللّهم إني أول من أحيا أمرك إذا أماتوه فأمر به فرجم» جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد: ﴿يا أيها الرسول لا يحزنك الذين يسارعون في الكفر﴾، هەتا فەرموودەی خودا: ﴿إن أوتيتم هذا فخذوه﴾ واتە یەهوودییەکان ئەڵێن: بڕۆن بۆ لای موحەممەد ئەگەر فەتوای بۆ دان بە داخکردن و دارلێدان وەری بگرن، وە ئەگەر فەتوای دا بە سەنگەسار دووربکەونەوە لێی. وە فەرموودەی خودا: ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون﴾ لە شانی یەهوودایە هەتا: ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الظالمون﴾ وە هەر لە شانی یەهوودایە هەتا: ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون﴾ هەموو ئەمانە لە شانی کافرانا نازڵ بوون.

هەروا موسلیم ریوایەتی کردووە لە بەرائی کوڕی عازیب کە حەزرەت ﷺ دوو جوولەکە ـ پیاوێك و ژنێکی زیاناکار ـ ی ڕەجم کرد. جا قسە و باس کەوتە ناو جوولەکەکانەوە جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست با دڵت زویر نەکا کردەوەی ناپەسەندی ئەوانە کە بە تالووکەن لە دەربڕینی کوفر و قسە و باسێکی وا کە موناسبی کوفرە، وە ئەمانەیش لەو کەسانەن کە ئەڵێن بە دەم ئیمانیان هێناوە و لە واقیعا دڵیان باوەڕو ئیمانی نییە.

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ﴾

وە لەو جوولەکانەیش وە ئەوانە گوێڕاگرن و ئامادەن بۆ بیستنی درۆ و دەلەسە و گوێڕاگرن بۆ کۆمەڵێکی‌تر لە جوولەکە کە هێشتا نەهاتوون بۆ حوزووری تۆ.

﴿يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ﴾

کە کەلیماتی تەورات دوور ئەخەنەوە لە شوێنی خۆی لە پاش دامەزراندنیان لە شوێنەکانی خۆیانا.

﴿يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ﴾

وە ئامۆژگاری باقی جوولەکەکان ئەکەن ئەڵێن: ئەگەر لە لایەنی موحەممەدەوە ئەمەتان پێدرا کە ئێمە خۆمان بڕیارمان داوە بۆ حەددی زیناکار کە داخ و جەڵدەیە، وەری بگرن لێی و قەبووڵی بکەن، وە ئەگەر ئەمەتان پێ نەدرا خۆتانی لێ بپارێزن و قەبووڵی مەکەن.

﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ﴾

وە هەرکەسێ کە بە هۆی بەدبیری و بەدکردەوەیی خۆیەوە خودا بیەوێ لای بدا لە رێگەی راست تۆ بە قەتعی خاوەنی هیچ شتێ نیت نیسبەت بەو لە لای خوداوە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ﴾

ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە ناپاکە ناهەموارانە کە دەوامیان کرد لەسە دوژمنایەتی رەهبەر و دینەکەی بە نەوعێ کە پەردەی رەش هات بەسەر دڵیانا، ئەوانە کەسانێکن کە خوا خواستی ئەوەی نییە دڵیان پاك بکاتەوە لە خەوش و خاڵی رەزیلە و نامەردی.

﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٤١﴾

ئەمانە لە دنیای یەکەم و لە عالەمی ژیاندا خیزیی و رسوایی دامەزراوە بۆیان و لە پاشەڕۆژیشا عەزابێکی گەورەیان بۆ هەیە.

﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ﴾

ئەمانە گوێڕاگرن بۆ درۆ و دەلەسە و بخۆری ماڵی حەرامی ناڕەوا و ناشیاون.

﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ﴾

جا ئەگەر ئەمانە هاتن بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە موحاکەمەیان بکەی و فەسڵی خوسوومەت بکەی لە ناویانا بە مەیلی خۆت رەفتار بکە: ویستت حوکم بدەی لە بەینیانا حوکم بدە، وە ویستت ئیعرازیان لێ بنێی ئیعرازیان لێ بنێ.

﴿وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ﴾

وە ئەگەر ئیعرازیان لێ بنێیت و حوکم نەدەی لە بەینیانا لێیان مەترسە و قەت ناتوانن زیانت پێ‌بگەیەنن.

﴿وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ﴾

وە ئەگەر حوکمیشت کرد لە بەینیانا حوکم بە عەداڵەت بکە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٤٢﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە عەداڵەتکار و راستڕەون و لە سنووری بڕیاری خودا دەرناچن.

﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٣﴾﴾

واتە: ئەم یەهوودانە چۆن تۆ ئەکەن بە حەکەم لەسەر خۆیان و رازی ئەبن بە حوکمی تۆ، وەلحاڵ تەوراتیان لە لایە و حوکمی خودای تیایە و لە پاش ئەوە کە ئەزانن حوکمی خودای تیایە پشتی لێ هەڵئەکەن؟ ئەمانە لە ئەساسا ئیمانیان نییە بە تەورات چ جای بە تۆ ! وەلحاسڵ ئەم جوولەکانە کە مەفرووز وایە ئیمانیان ببێ بە تەورات و پێویست بوو کە بە ئەمری ئەو رەفتار بکەن، رەفتار ناکەن پێی ئێستە چۆن تۆ ئەکەن بە حاکمی خۆیان لەگەڵ ئەوەدا باوەڕیان بەوە نییە کە تۆ پێغەمبەری خودای؟!

فەرموودەی خودا: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ﴾.

ریوایەت کراوە لە ئەبووهورەیرەوە ﵁ ئەڵێ: پیاو و ژنێ لە جوولەکە زینایان کرد جا لە ناو خۆیانا وتیان: با بڕۆین بۆ لای ئەم پێغەمبەرە ئەو رەهبەرێکە رەوانە کراوە بۆ ئاسانکردنی تەکلیفات جا ئەگەر فەتوای بۆ داین بە حەددێ کە لە رەجم سووکتر بوو قەبووڵی ئەکەین و ئەیکەین بە دەلیلی خۆمان لە لای خودا و ئەڵێین ئەمە فەتوای پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرانی خۆت. جا هاتن بۆ حوزووری پێغەمبەر و عەرزیان کرد: «یا أبا القاسم» حوکمی تۆ چییە لە پیاو و ژنێکدا کە زینا بکەن؟ حەزرەت ﷺ جوابی نەدانەوە هەتا رۆیشت بۆ ماڵی ئەو مالوومە کە دەرسیان پێ

ئەڵێ و لە دەرگای ماڵەکەدا راوەستا و فەرمووی: سوێندتان ئەدەم بەو خودایە کە تەوراتی ناردووە بۆ مووسا ئێوە خۆتان چی ئەبینن لە تەوراتا لە حوکمی ئەو پیاو و ژنەدا کە زینا ئەکەن لە کاتێکا ژنەکە مێردی بێ و کابرایش ژنی بێ؟ ئەوانیش وتیان: ئاوی گەرم ئەرژێنن بەسەریانا و بەرو پشت سواری کەر ئەکرێن بۆ ئەتکیان و ئەگێڕرێن بە ناو شارا. وە لەویا جوانێکیان بێدەنگ بوو، کە حەزرەت ﷺ چاوی پێی کەوت کە بێدەنگ بوو قسەی نەدەکرد حەزرەت رووی لێ کرد و ئیلحاحی لەگەڵا کرد لە بەیانی واقیعی ئەم حوکمەدا جوانەکەیش وتی: مادام تۆ ئازارمان ئەدەی لە تاقیقی ئەم حوکمەدا: بزانە کە ئێمە لە تەوراتا تەماشامان کردووە حوکمی ئەمانە سەنگەسار کردنە، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی پێی: قسەم بۆ بکە سیڕی چی بوو وا ئێوە لە حوکمی تەورات لاتان دا؟ ئەویش وتی: خزمی پاشاکەمان زینای کردبوو لەبەر پایە و مەقام حەددی رەجم جاری نەکرا بەسەریا. لە پاش ئەو پیاوێکی بە حورمەتیش زینای کرد، ویستیان رەجمی بکەن قەومەکەی نەیانهێشت، وتیان: نابێ ئەم کابرا رەجم بکرێ هەتا گەورەکەی تریش نەهێنن بۆ رەجمکردن! جا هەردوولایان رێکەوتن لەسەر ئەوە کە حەددی زینا بکەن بە داخ و سوار کردنی کەر بەرەودوا و دارلێدان. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: کەوابێ من هەر حوکم ئەکەم بەوە کەوا لە تەوراتا و ئەمری کرد هەردوکیان رەجم کردن جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

زوهری ئەڵێت: پێمان گەیشتووە کە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لەوانا یانی ئایەتی: «﴿إنا أنزلنا التورية فيها هدى و نور يحكم بها النبيون الذين أسلموا﴾ وكان النبي ﷺ منهم، و قال معمر: أخبرني الزهري عن سالم عن ابن عمر قال: شهدت رسول الله ﷺ حين أمر برجمها فلما رجما رأيته يجنأ بيده عنها ليقيها الحجارة». مەعنای «وكان النبي منهم» ئەمەیە کە رەجمی زیناکار لە دینی ئەمیشدا بووە.

خودا ئەفەرمویت:

﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ﴾

ئێمە تەوراتمان ناردووەتە خوارەوە بە وەزعێکی جوان و هەیە لەوا ئایاتی وا کە ئینسان هیدایەت ئەدا و شارەزای ئەکا بۆ حەق، نوور و رووناکی وایە رووناك ئەکاتەوە بەرچاوی تابیعانی ئەو کیتابە.

﴿ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ ﴾

حوکم ئەکا بەو تەوراتە ئەو پێغەمبەرانە کە زوو رابوردن وەکوو پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل و ئەو تەوراتە کە نازڵمان کرد بۆ ئەو کەسانەمان نازڵ کردووە کە یەهوودی بوون.

﴿ وَٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ ﴾

هەروا حوکم ئەکا بەو تەوراتە ئەو زاتە رەببانییە خوداپەرستانە وە ئەو زانا بەرزانە کە عالم و زانای دینن لەبەر ئەوە حوکمی پێ ئەکەن چونکی ئەو کیتابە دراوەتە دەستیان بۆ ئەوە بیپارێزن.

﴿ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ﴾

وە لە سەر تەورات حازر و ئاگادار بوون، وە خودای تەعالا پێی فەرموون:

﴿ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ ﴾

لە خەڵك مەترسن و لە خودا بترسن.

﴿ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ﴾

وە لە بەرانبەری ئەو ئایاتی منەدا قیمەتێکی کەم وەرمەگرن.

﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤﴾

وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خودا نازڵی کردووە بزانە ئەوانە زۆر بە دڵ کافرن و بە کردەوەی نابار و بیر و باوەڕی خۆیان رازین.

﴿وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ﴾

وە فەرزمان کرد لەسەر بەنیئیسرائیل لە تەوراتا کە نەفسێ ئەکوژرێ لە موقابیلی کوشتنی نەفسەوە و چاوێ کوێر ئەکرێ لە بەرابەری چاوێکەوە، وە لووت ئەبڕرێ لە باتی لووتی شەخسێ و گوێ ئەبڕرێ لە بەرابەری گوێی شەخسەوە ئەگەر گوێی بڕرابێ، یا هێزەکەی مەنع ئەکرێ ئەگەر ئەو خاوەن جینایەتە [کە] هێزەکەی لابردبێ، وە ژان لە بەرابەری ژانەوە، وە بڕیارمان داوە کە لەسەر برینیش قیساس ببێ بە مەرجێ کە برینەکە قابیلی هاووێنەیی بێ، وەکوو دوو لێوە و زەکەر و هێلکەگون و هەردوو دەست و هەردوو پێ، وە ئەوانەیان کە هاووێنەیی زەحمەت بێ تیایانا وەکوو کوترانی گۆشت یاخود شکانی ئێسقان یا برینێ لە سکدا. ئەوە تۆڵەکەیان حوکوومەتە، واتە حاکمی شەرع لەسەر موتالەعەی خۆی قیمەتێ دائەنێ و ئەیدا بە یارۆی بریندار.

﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ﴾

هەر برینداری و هەر خاوەن حەقێ قیساسێك ئیحسان بکا بە یارۆی جانی و پیاو کوژ یا چەقۆ وەشێن بە سەرفی نەزەر لە حەقەکەی ئەوە ئەو سەدەقەیە ئەبێ بە کەفارەتی ئەو گوناهانە کە وەختی خۆی کردوونی.

﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥﴾

دەی هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خودا نازڵی کردووە لە قیساس و لە تۆڵەی ئازار ئەوە لە ستەمکارانە ئەگەر لەگەڵ باوەڕ بە «ما أنزل اللّٰه»دا لابدا لەو «ما أنزل اللّٰه». وە لە کافرانە ئەگەر باوەڕی نەبێ بەوە کە خودا نازڵی کردووە.

﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ﴾

وە بە شوێن ئەو پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلەدا عیسای کوڕی مەریەممان هێنا.

﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾

کە حاڵی وابوو باوەڕی هەبوو بەو کتێبە لە پێش ئەوا هاتبووە خوارەوە کە تەوراتە.

﴿وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ﴾

وە ئینجیلمان نازڵ کرد بۆ سەر عیسا کە حاڵی ئینجیل وابوو لە مەعنای ئەودا هیدایەت و شارەزاکردنی ئادەمیزاد هەبوو بۆ ئەو دەلیلانە کە یەکیتی خودایان ئەگەیاند و خودایان تەنزیه ئەکرد لە ژن و ئەولاد و لە وێنە وە دوژمنێ بەرانبەرکێی لەگەڵدا بکا، وە هەروا باسی ریسالەت و نوبووەتی تێدا بوو وە باسی مەعادی جیسمانی و زیندوو بوونەوەی جین و ئینسی تێدا بوو وە نووریشی تێدا بوو واتە رووناك کردنەوەی ئەحکامی عیبادەت و تەکلیفاتی ئادەمیزاد بە ئەحکامی شەرعییە.

﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٦﴾﴾

وە حاڵی ئینجیل وابوو باوەڕی دەرئەبڕی بەو کتێبە لە پێش خۆیەوە نازڵ بوو کە تەوراتە و هیدایەت و شارەزا کردنی عالەمی تیابوو بۆ نزیکی هاتنی پێغەمبەری ئاخر زەمان کە موحەممەدە ﷺ وە وەعز و نەسیحەتی ئادەمیزادی تالیب بۆ تەقوای تێدا بوو.

﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ﴾

وە لەو کاتەدا کە ئینجیلمان دا بە عیسا بڕیارمان دا کە ئەهلی ئینجیل واتە پێغەمبەرەکە وەکوو حەزرەتی عیسا بێ و پەیڕەوەکانی وەکوو حەوارییەکان حوکم بکەن بەوەی کە خودا نازڵی کردووە و بەیانی کردووە تیایا. یاخود با ئێستە ئەهلی ئینجیل حوکم بکەن بەوەی کە خودا لە ئینجیلدا دەری بڕیوە وەکوو ریسالەتی موحەممەد بێ ﷺ.

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾

وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی خودا نازڵی کردووە ئەوە بە فاسقێکی تۆخ ئەناسرێن، واتە بە کەسانێ کە دەرچوون لە فەرمانی خودای تەعالا.

﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست قورئانمان نازڵ کردووە بۆ لای تۆ بە نازڵکردنێ کە لەگەڵ راستی و واقیعیەتایە، درۆی تێدا نییە و موخالیفی واقیع و موباینی وەزعی ئادەمیزاد نییە.

﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾

حاڵی ئەو قورئانە وایە باوەڕ دەرئەبڕێ بە جینسی ئەو کیتابە کە لە پێش ئەودا نازڵ بووە وەکوو ئینجیل و زەبوور و تەورات.

﴿وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ﴾

وە حاڵی قورئان وایە نیگاهبانە بۆ ئەو کتێبە کە لە پێشدا نازڵ کراوە. واتە ئەگەر بیانەوێ دەستیان بۆ ببەن و تەحریفێ بکەن گورج ئەم بەیانی ئەو تەحریفە ئەکات.

﴿فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾

هەر کاتێ هەر قەزیەیەکیان هێنایە لای تۆ، تۆ حوکم بدە لە ناویانا بە یاسای ئەو کتێبە کە خودا نازڵی کردووە وەکوو قورئان بێ.

﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ﴾

وە مەکەوە شوێن ئارەزووی ئەوانە بە نەوعێ کە لات بدا لەو قورئانە حەقە کە هاتووەتە لات، چونکی ئەمڕۆ رۆژی قورئانە و دەستوور هەر قورئانە و زمانی ئێوە و ئوممەتی ئێوە ئوممەتی ئەم شەریعەتە بەرزەیە کە قورئان ئیفادەی ئەکا، وە حوکم لەسەر کتێبە قەدیمەکانیان نییە.

﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ﴾

بۆ هەرکامێ لە ئێوە شەریعەت و مینهاج و رێگە و یاسایەکم داناوە، زەمانی پێشووی کۆن زەمانی شەرعی ئیبراهیمی خەلیل بووە، لە پاش ئەو زەمانی شەرعی عیسا بوو، وە ئەم زەمانیشە زەمانی شەرعی «محمد المصطفی»یە.

﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾

ئەگەر خودا بیویستایە ئێوەی ئەکرد بە یەك ئوممەتی تەنیا لە بیر و باوەڕدا و لە کردەوەدا و لە خێر و شەڕدا.

﴿وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۖ﴾

بەڵام هەرکام لە ئێوە شەریعەتێکی پێداوە بۆ ئەوە کە تەجرەبەتان بکا لەو ئەحکامە موختەلیفە و لەو یاسا جیاوازانەدا.

﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ﴾

دەی تێکۆشێن بۆ ئەوە بکەونە پێشەوە و بە ئوممەتێکی بەرز حسێب بکرێن.

﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا﴾

گەڕانەوەی هەمووتان هەر بۆ لای خودایە.

﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾﴾

جا لە ڕۆژی خۆیا خودا خەبەردارتان ئەکا بە حەق لەو مەسئەلانەدا کە ئێوە ئیختیلافتان هەبوو تێیانا، وە باش حاڵی ئەبن کامتان لەسەر حەق و کامتان لەسەر ناحەقن و جەزای کردەوەکانیشتان باشە یا نە.

فەرموودەی خودا: ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم...﴾ الآیة.

ئیبنوعەباس ﷺ ئەفەرموێت: کۆمەڵێ لە یەهوود وەکوو کەعبی کوڕی ئوسەید و عەبدوڵلای کوڕی سوریا و شاسی کوڕی قەیس لە ناو خۆیانا وتیان: با بڕۆین بۆ لای موحەممەد بەڵکوو هەڵیسووڕێنین لە فیکرەی دینەکەی! جا هاتن بۆ خزمەتی و وتیان: ئێمە ئەشرافی یەهوودین ئەگەر پەیڕەوی تۆ بکەین باقی یەهوود ئیمانت پێ دێنن و ئێستە ئێمە لەگەڵ بازێ دوژمن و ناحەزمانا موحاکەمەیەکمان هەیە ئەیهێنین بۆ لای تۆ ڕجا وایە کە تۆ حوکم بۆ ئێمە بدەی جا ئێمەیش بە یەك دڵ و یەك زمان ئیمانت پێ دێنین و حەزرەت ﷺ فەرمووی: حاشا ئێمە بە غەیری حەق حوکم بدەین، حەق بۆ هەرکەسێ بوو حوکم بۆ ئەو کەسە ئەدەین، جا ئایەتەکە نازڵ بوو:

﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾

واتە ئێمە کیتابمان نازڵ کردووە بۆ لای تۆ بە حەق و بەمە کە حوکم بدەی لەناویانا بەوەی کە خودا نازڵی کردووە و مەکەوەرە شوێنی ئارەزووی ئەوان، چونکی ئارەزوویان لەسەر خیلافی حەقە.

﴿وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾

وە خۆت پەنا بدە و خۆت بپارێزە لەوان و لە فیتنەی ئەوان، واتە لەوە کە دوورت بخەنەوە و هەڵتسووڕێنن لە رەفتار کردن بە بازێ لەوەی کە خودا نازڵی کردووە بۆ لای تۆ یانی لەو مەسئەلەدا کە ئەیانەوێ بە ئارەزووی ئەوان حوکمی تێدا بدەی.

﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ﴾

جا ئەگەر لایان دا لەو حوکمە شەرعییە کە تۆ بەیانت کردووە و کەوتنە دووی هەوای خۆیان ئەوە بە یەقین بزانە خودای تەعالا ئەیەوێ کە ئەو جوولەکانە بە بازێ لە گوناهەکانی خۆیان گیرۆدە بکات، لای کەمی گوناهی ئەم پشتهەڵکردنە لە حوکمی تۆ[1].

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ۝٤٩﴾

وە بە راستی زۆربەی ئەم ئادەمیزادە لە فەرمانی خودا دەرچوون.

﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾

ئایا ئەمانە حوکمی زەمانی نەفامی و نادانی و حوکمی ئارەزووبازییان ئەوێ لە زەمانی پیرۆزی ئیسلاما و لەو خاوەنی دینە کە بۆ ئەوە هاتووە حەق دابمەزرێنێ لە جیهانا؟

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٥٠﴾

کێیە باشتر و جوانتر و راستتر بێ لە خوسووسی حوکمکردنەوە لە خودا بەرابەر بەو قەومەی کە باوەڕیان هەیە بە حەق.

---

١. لام وایە کەلیمەی «بعض» لەم شوێنانەدا بۆ تەفخیم و تەکسیرە، یانی «أن یصیبهم بکثیر من ذنوبهم». [م.ع.ق]

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟﴾.

عەتیەی عەوفی ئەڵێ: عوبادەی کوڕی سامیت هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا گەلێ دۆست و ئاشنام هەن لە یەهوود بە ژمارە زۆرن و ئامادەی یارمەتین، بەڵام من لە دۆستی ئەوان لائەدەم بۆ دۆستی خودا و پێغەمبەری خودا. وە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی وتی: من پیاوێکم لە مسیبەتی دنیا زۆر ئەترسم و قەت ناتوانم لە دۆستی یەهوود دەسبەردار ببم! جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبوحەباب هەر دۆستێك و هەر یارمەتییەك کە لە یەهوودەوە دەست ئەکەوێ بۆ عوبادەی کوڕی سامیت ئەوەیش هەر بۆ تۆ بێ نەك بۆ ئەو. عەبدوڵڵایش وتی: قەبووڵم کرد، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام! یەهوود و نەسارا مەگرن بە دۆستی خۆتان!

﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ﴾

بازێ لەوانە دۆستی بازێکیانن و دۆستی ئێوە نین.

﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ﴾

وە هەرکەسێ لە ئێوە ئەوانە بکا بە دۆست ئەوە لەوانەو بە زاڵم و ستەمکار ئەناسرێ و خودا یارمەتی نادا و رێگەی ناکەوێ لە شتی خێر.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾

بە راستی خودا هیدایەتی کۆمەڵی زاڵمان نادا.

﴿فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ﴾

تەماشا ئەکەی ئەو کەسانە کە لە دڵیانا نەخۆشی نیفاق هەیە پەلە پەل ئەکەن بۆ چوونە ناویان و دۆستی کردن لەگەڵیانا.

﴿يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ﴾

ئەڵێن: لەبەر ئەوە ئەمانە ئەکەین بە دۆستی خۆمان ترسمان هەیە کە کارەساتی نابار بێت بە سەرمانا با ئەو کۆمەڵەمان بیێ بۆ یارمەتی!

﴿فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ﴾

ئومێد هەیە کە خودای تەعالا فەتح و نەسرەتێ بدا بە موسوڵمانان بەسەر کافرەکانا، یاخود ئیشێکی‌تر لای خۆیەوە بێنێتە رووی کار بەم نەوعە وەزعێ رێبکەوێ ببێ بە هۆی دەرچوونی یەهوود لەم وڵاتە.

﴿فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾

جا ئەم کەسانە کە یەهوودییەکانیان ئەگرت بە دۆست بۆ یارمەتیدانیان لە سەر ئەو بیر و باوەڕە کە لە دڵیانا بوو پەشیمان ببنەوە.

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ۚ﴾

جا لەو کاتەدا کە خودا وەزعی دنیای گۆڕی و جوولەکەکان لێ‌کەوتن و مونافقەکان نەیانتوانی یارمەتی جوولەکەکان بدەن بەڵکوو خۆیشیان کەوتنە ترس و بیمی نەفس و ماڵ و حاڵی خۆیانەوە، موسوڵمانەکان ئەڵێن بە جوولەکەکان: ئایا ئەم مونافقانە بوون کە سوێندی قورسیان ئەخوارد کە لەگەڵ ئێوەدان و هەمیشە یارمەتیتان ئەدەن و نایەڵن لە لایەنی موسوڵمانەکانەوە زیانتان پێ بگا وە ئەگەر جەنگتان لەگەڵدا بکرێ یارمەتیتان ئەدەین ونایەڵین بشکێن؟!

﴿حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾

جا خودا ئەفەرمویّت: ئەو موونافقانە کە ئامادە بوون بۆ یارمەتی جوولەکەکان و گەلیّ هاتوچۆ و فڕو فیّلیان کرد هەموو کردەوەکانیان بە زایە چوو و سوودیان لیّ وەرنەگرت و ئەنجامی ئەو موونافقانە زیانکاری بوو.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾

ئەی کەسانیّ کە ئیمانتان هەیە بەدینی ئیسلام هەرکەسیّ لە ئیّوە وەرگەڕیّتەوە لە دینەکەی کە دینی ئیسلامە بزانن دینی ئیسلام بە وەرگەڕانی ئەوانە نافەوتیّ و لە پاش ئەوان خودای تەعالا قەومیّ دیّنیّ بۆ هەلّگرتنی دینی ئیسلام کە خودا ئەوانی خۆش ئەویّ و ئەوانیش خودایان خۆش ئەویّ. لە سیفاتی ئەو قەومە ئەمەیە کە: لەبەر میهرەبانی و ئارامی خۆیان کز ئەکەن لە لای موسولّمانەکان لەبەر شکۆهی زاتی، وە عەزیز و زالّن بەسەر کافرەکانا.

﴿يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

وە جیهاد ئەکەن و ئەڕۆنە ناو جەنگی کافرانەوە بە بیّ ئومیّدی دەسکەوتیّکی دنیایی، بەلّکوو تەنیا لە ڕیّگەی ڕەزای خودادا و لەبەر بەرز کردنەوەی کەلیمەی «لا إله إلا الله».

﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ﴾

وە لە کاتی دەوام لەسەر بەجیّهیّنانی ئەحکامی ئیسلامدا و لە کاتی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بە نەوعیّ بە ساغی جیّبەجیّیان ئەکەن کە سەرزەنشتیان نایەتە سەر لە لایەنی کەسەوە هەتا لەوە بترسن، وە یاخود واجبی خۆیان بەجیّ دیّنن و هەرکەس بە هەر شیّوەییّ سەرزەنشتیان بکات موبالاتی پیّ ناکەن و لیّی ناترسن.

﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾

ئەم نەعت و وەسفی ئەوانە کە باسمان کرد لە فەزڵ و گەورەیی خوداوەیە کە لەگەڵ ئەوانا کردوویەتی.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾﴾

خودای تەعالا واسیع و خاوەن دەستەڵاتە لە فەزڵ و رەحمەتا زانایشە بەوانە کە ئەهلن بۆ ئەو فەزڵە ئەیانداتێ.

ئەم ئایەتە بەرزە زۆر بەرێزە و ئیخبار بەغەیبی تێدایە و لە واقیعا گەلێ عەرەب لە دین وەرگەڕانەوە کەچی زیانیان نەدا لە دینی ئیسلام و دین زیاتر بەرزەوەبوو، وە لە ئاخری عەهدی حەزرەتا ﷺ سێ تائیفە لە دین وەرگەڕان، یەکەم: فیرقەی «بنی مدلج» و گەورەی ئەمان «أسود عنسی» بوو مەشهوور بوو بە «ذي الحمار!» ئەمە لە یەمەندا داوای پێغەمبەرایەتی کرد بۆ خۆی و گەلێکی لە وڵاتی یەمەن داگیر کرد. لە پاش ماوەیەك فەیرۆزی دەیلەمی لەو شەوەدا حەزرەت ﷺ وەفاتی کرد کوشتی، وە هەر لەو شەوەدا حەزرەت ﷺ لە پێش وەفاتیا خەبەری بە ئەسحابەکان دا کە «أسود عنسی» ئیمشەو کوژرا، وە موسوڵمانەکان زۆریان پێ خۆش بوو، ئەم باسە لە ئاخری «ربيع الأول»دا گەیشت بە مەدینەی مونەووەرە.

دووهەم: «بنوحنيفة» کۆمەڵی موسەیلەمەی کەززاب، ئەمیش داوای پێغەمبەرێتی کرد و نامەی نووسی بۆ حەزرەت ﷺ: «من مسيلمة رسول الله إلى محمد رسول الله. أما بعد فإن الأرض نصفها لي ونصفها لك. فأجاب رسول الله ﷺ: من محمد رسول الله إلى مسيلمة الكذاب! أما بعد: فإن الأرض لله يورثها من يشاء من عباده والعاقبة للمتقين».

جا پاش وەفاتی حەزرەت ﷺ ئەبووبەکری سدیق بە کۆمەڵێکی زۆر لە موسوڵمانانەوە جەنگی لەگەڵدا کرد و وەحشی ـ ئەوەی کە حەمزەی مامی پێغەمبەری لە ئوحودا شەهید کرد ـ رۆیشت «مسیلمە»ی کوشت و شافەیان بڕایەوە.

سێهەم: بەنیئەسەد قەومی «طلیحة»ی کوڕی «خویلد» داوای نوبووەتی کرد و حەزرەت ﷺ خالیدی کوڕی وەلیدی ناردە سەری، ئەویش لە پاش جەنگێ رای کرد بۆ شام و لەوێ گەڕایەوە بۆ ئیسلامییەت و بووبە موسوڵمانێکی باش.

وە لە زەمانی حەزرەتی ئەبووبەکرا رضي الله عنه حەوت قەبیلە:

یەکەم: قەبیلەی «فەزارە» قەومی «عویەینەی کوڕی حیسنی فەزاری».

دووهەم: «غطفان» قەومی «قرەی سەلەمەی قوشەیری».

سێهەم: قەبیلەی «سلیم» قەومی «فوجائەی کوڕی عەبد یالەیل»،

چوارەم: قەبیلەی «بەنییەربووع» قەومی «مالیکی بەنینووەیرە».

پێنجەم: بازێ لە قەبیلەی «تەمیم» هۆزی «سەجاح کچی مونزر» کە داوای پێغەمبەرێتی کرد و شووی کرد بە «موسەیلەمەی کەززاب».

شەشەم: قەبیلەی «کندە» قەومی «ئەشعەس کوڕی قەیس».

حەوتەم: قەبیلەی «بەنیبەکری بەنیوائیل» لە بەحرەیندا کە قەومی «حطم»ی کوڕی زەید بوون، خودا هەموو ئەمانەی لەسەر دەستی ئەبووبەکری سدیقدا لە ناوبرد.

وە لە عەهدی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا «غسان» قەومی «جەبەلەی کوڕی ئیهەم» بوون بە گاور و رۆیین بۆ شام.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ ..﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە رضي الله عنه کە جارێ عەبدوڵلای کوڕی سەلام هات بۆ لای حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا کۆمەڵێ لە یەهوودی «بني‌قريظة» و «بني‌النضير» تەرکیان کردووین و سوێندیان خواردووە کە لەگەڵمانا

دانەنیشن و ئێمەیش ناتوانین بگەین بە ئەسحابەکانی تۆ لەبەر دووری جێگەیان و زۆر ئازاری دڵی خۆیان دەربڕی ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و خودا فەرمووی:

﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾

دۆست و هاوڕاز و نیازی ئێوە هەر خودایە و پێغەمبەری خودایە و ئەو کەسانەن کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام.

﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾﴾

ئەو کەسانە کە بە ڕەسایی نوێژەکانیان بەجێ دێنن و زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بە داماوان، وەلحاڵ ئەهلی خوشووع و خەوف و خەشیەتن لە نوێژەکانیانا. وە بازێ ئەڵێن: ئەم ئایەتە نازڵ بووە دەرحەق بە حەزرەتی عەلی کە لە ڕوکووعا بووە فەقیرێ داوای شتی لێ کردووە ئەویش ئەنگوسیلەی لە پەنجەی خۆی دەرهێناوە و داویە بە فەقیرەکە.[١]

﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾

وە هەرکەسێ خودا و پێغەمبەری خودا و موسوڵمانەکان بگرێ بە دۆست و خۆشەویست.

﴿فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾

ئەوە ئەو کەسە غاڵب و سەربەرزە، چونکی ئەو کەسە لە کۆمەڵی خودایە و کۆمەڵی خودا غاڵب و سەرکەوتوون.

[١. ئەم ڕووداوە لە ڕوانگەی زۆربەی موفەسسیرەکاندا ڕووداوێکی باوەڕ پێنەکراوە؛ چوونکە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکاندا بە حەدیسێکی مەوزووع دانراوە لەبەر زەعیفی ئەسنادەکەی و نەناسراوی ڕاوییەکانی. بۆ ئاگاداری زیاتر سەیری تەفسیری ئیبنوکەسیر و فەخری ڕازی و تەفسیری ڕوحولمەعانی و «التحرير والتنوير» بکە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾.

ئیبنوعەباس ﷺ فەرموویەتی: ڕەفاعەی کوڕی زەید و سوەیدی کوڕی حارس ئیعلانی ئیسلامییەتیان کرد و لە پاشا کەوتنە ناو نیفاقەوە، کەچی لەگەڵ ئەمەدا موسوڵمانەکان دۆستییان لەگەڵ دەکردن جا خودا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام مەگرن بە دۆستی خۆتان ئەو کەسانە کە دینی ئێوەیان کردووە بە جێگای گاڵتە و یاری لەوانە کە کیتابیان پێدراوە لە پێش ئێوەدا و لە کافرەکانی تر، چونکە ئەمانە نابن بە دۆستی ساغی ئێوە وە دۆستی لەگەڵ ئەوانا بێ ئەنجامە.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ۝٥٧﴾

وە لە خودا بترسن و خۆتان بپارێزن لە دۆستی کافران ئەگەر بە ڕاستی خۆتان بە خاوەن ئیمان ئەزانن.

﴿وَإِذَا نَادَيۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ﴾

وە کاتێ بانگ ئەدەن و موسوڵمانان بانگ ئەکەن بێن بۆ نوێژ کردن، ئەو نوێژە یا ئەو بانگدانی ئێوە ئەکەن بە گاڵتە و گەپ و بە شتێکی بێ‌سوود و بێ‌نرخی دائەنێن.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ۝٥٨﴾

ئەم گاڵتە کردنیانە بە بانگ یا بە نوێژ لەبەر ئەوەیە ئەمانە قەومێکی بێ‌عەقڵ و نەفامن و ئاگاداری ئەنجامی ئەم بانگ و نوێژە نین، نازانن و باوەڕیان نییە ئەم دینی

ئیسلامە راستە ئەگینا ئادابی دین پێویستە کاتی دیاری بێ و کەسێ ئەهلی دینە ئاگادار بکرێ لەو کاتە، چونکی گەلێ کەس بە هۆی کار و کردەوەوە کات فەرامۆش ئەکەن و پێویستیان هەیە بە ئاگادار کردن. وە ئایەتی: ﴿ومن أحسن قولاً ممن دعا إلى الله﴾[1] نازڵ بوو.

ئەگێڕنەوە: گاورێ بوو لە مەدینەدا هەرکاتێ بانگی ئەبیست و بانگدەرەکە ئەیوت: «أشهد أن محمداً رسول الله» ئەیوت: درۆزن ئاگری تێ چێ! جا رۆژێ لە رۆژان خزمەتکارەکەی ئاگری بردە ماڵەوە و پزیسکێ لە ئاگرەکە کەوتەوە ماڵ و خانووەکەی ئاگری تێچوو خۆی و ئەهلی خانووەکەی سووتان.

﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ: ئەی خاوەن کیتابەکان! ئایا ئێوە عەیب ئەگرن لە ئێمە ئیللا بەم عەیبە کە ئێمە ئیمانمان هەیە بە خودا و بەو کیتابە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ لای ئێمە وەکوو قورئان بێ و ئەو کیتابەی کە نازڵکراوە لە پێش ئێمەدا وەکوو ئینجیل و تەورات بن، وەلحاڵ ئێوە زۆربەتان فاسقن و لە ڕێگەی ڕاست دەرچوون.

فەرموودەی خودا: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ.. ﴾ الآية.

ئیبنوعەباس ﷺ ئەفەرموێت: کۆمەڵێ یەهوود هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و پرسیاریان لێ کرد کە: تۆ ئیمانت بە کێ لە پێغەمبەران هەیە؟ ئەویش فەرمووی: ئیمانم هەیە بە خودا و بەو کیتابە کە هاتووەتە خوار بۆ لای ئێمە و بۆ لای ئیبراهیم

---

١. فصلت: ٣٣.

و ئیسماعیل هەتا گەیشتە: ﴿ونحن له مسلمون﴾ جا کاتێ کە حەزرەت ﷺ باسی نوبووەتی عیسای کرد جوولەکەکان ئینکاری نوبووەتیان کرد و وتیان: وەڵلاهی نازانین کەس ببێ وەکوو ئێوە بێبەخت لە دنیا و قیامەتا و نازانین بە دینێ کە خراپتر بێ لە دینی ئێوە! جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو:

﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ﴾

تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، بڵێ بەو جوولەکانە: ئایا من خەبەرتان پێ بدەم بە کەسێ کە خراپتر بێ لەو کەسەی ئێوە بە خراپی ئەزانن لە خوسووسی جەزای لای خوداوە؟: ئەوە ئەو کەسەیە کە خودا لەعنەتی لێ کردووە و غەزەبی لێ گرتووە، وە کەسانێ کە خوا بازێکیانی مەسخ کردەوە و کردنی بە مەیموون وەکوو ئەو یەهوودانە کە بێفەرمانی خودایان کرد لە شەممەدا و کەسانێ کە خوا بازێکیانی مەسخ کردەوە و کردنی بە بەراز وەکوو ئەوانە کە لە مەسئەلەی «مائدە»کەی عیسادا کوفریان کرد، وە یاخود ئەو یەهوودە نافەرمانانە کە جوانەکانیان مەسخ کراوە و بوون بە مەیموون و پیرەکانیان کران بە بەراز و کەسێکی وا کە عیبادەتی کرد بۆ شەیتان و گوێرەکەی پەرست وە یاخود کاهینە نامەردەکانی پەرست.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾﴾

ئەوانە کە خودای تەعالا لەعنەتی لێ کردوون زۆر خراپترن لە موسوڵمانەکان و زۆرتر دوورکەوتوونەوە لە ڕێگەی ڕاست و گومڕاترن لە خوسووسی ڕێگاوە.

﴿وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا﴾

ئەو جوولەکانە لە کاتێکا دێن بۆ لای تۆ ئەڵێن ئیمانمان هێنا بە خودا و پێغەمبەری خودا.

﴿وَقَد دَّخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ﴾

وەلحاڵ ئەو جوولەکانە بە کوفرەوە داخڵی حوزووری تۆ بوون و هەر بەو جۆرەیش بە کوفرەوە دەرچوون.

﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ (٦١)﴾

وە خودای تەعالا عالمتر و زاناترە بەو کردەوە نابارانە و بەو وتارە ناهەموارانە کە ئەوان ئەیانکەن.

﴿وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾

وە گەلێ کەس لەو جوولەکانە یا لەو موونافقانە ئەبینی کە پەلە ئەکەن لە خواردنی ماڵی حەرامدا بە بێ ترس و پەلە پەل ئەکەن لە ستەمکردنا.

﴿وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾

وە پەلە ئەکەن لە بەرتیل خواردنا کە زۆر حەرامە. یا پەلەپەل ئەکەن لە گوناهکردن و دوژمنایەتی ئەوانەدا کە لەسەر حەق و راستی ئەڕۆن و لە خواردنی ماڵێ کە حەرام بێ وە ئەم خووە و ئەم کردەوە نابارە زۆر ناهەموارە.

﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٦٢)﴾

بە تەئکید بزانن کە زۆر خراپ و نابارە ئەو کردەوانە کە ئەوان ئەیکەن.

﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾

ئەوە بۆچی پیاوە خوداناسەکانیان ـ بە داوای خۆیان ـ وە پیاوە زاناکانیان مەنعی ئەو یەهوودانە ناکەن لە وتاری ناشیرین و موخالیف بۆ ئایین و لە خواردنی ریشوە و بەرتیل؟

﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ (٦٣)﴾

زۆر خراپە ئەم یاسایە کە بە دیقەت دایانمەزراندووە بۆ خۆیان کە وەها زاق زاق ئەڕوانن بەو کردەوە نابارانە و ئەو ڕەفتارە ناهەموارانە کە لەبەر چاویانا ئەکرێ و بە قەتعی وەکوو کەڕو لاڵ بێ‌دەنگ داکەوتوون.

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ﴾

جوولەکە بێ‌شوعوورەکان ئەڵێن: دەستی خودا زنجیر کراوە و مەنع کراوە لە ماڵ سەرفکردن بۆیە ئەوەندە ماڵ سەرف ناکا کە هەموو کەس دەوڵەمەند ببێ.

﴿غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا﴾

یا خوا دەستی ئەو جوولەکانە زنجیر بکرێ و دوور بخرێنەوە لە ڕەحمەتی خودا لەسەر ئەم قسە قورسە بێ‌مەعنایانە.

﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾

بەڵکوو هەردوو دەستی خودا کراونەتەوە.

﴿يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾

وە سەرفی دارایی و پایە و مایە ئەکا هەرچۆنێ خواستی هەبێ، بەڵام خودا لەسەر حیکمەتی خۆی یاسایەکی داناوە بۆ گیانلەبەر بە تایبەتی بۆ ئادەمیزاد کە بریتییە لە یاسای فێربوون بە عیلم و سەنعەت و تێکۆشین بۆ وەرگرتنی دەسکەوتی باش، جا هەرکەس یا هەر کۆمەڵێ لەسەر ئەم یاسا ڕۆیشتن بە ڕێگەدا غالبا سوودی زۆری لێ وەرئەگرن. ئەمە لە ناحییەیەکەوە لە لایەکی‌تریشەوە خودا خۆی عالەمی دروستکردووە و ئەفرادی گیانلەبەرەکانیشی دروستکردووە و ئەزانێ حاڵیان چۆنە و چی موناسبە بە حاڵیان وە ئەم تەمیزە لە سەر ئەو حیکمەتەیە و غەیری خودا کەس ئەوە نازانێ.

«بناء علیه» حەقی قسە کردنیان نییە و هەرچی بلێن زیاد و بێسوودە و زیانی هەیە بۆ خۆیان.

﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۚ﴾

وە ئەم قەومی یەهوودە ئەوەندە حەسوود و نامەردن حەسوودی ئەبەن بە بەش و بارەی هەموو کەسێ، وە زیاد ئەکا بۆ گەلێ لەوان و بۆ زۆربەی ئەوان ئەم ئایاتە کە لە لایەنی خوداوە دێنەخوارەوە بۆ سەر تۆ زیاد ئەکا بۆیان توغیان و کوفر و لادان لە ئەمری خودا.

﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ﴾

وە دوژمنایەتیمان خستووەتە ناو بەینی ئەم کۆمەڵی بەنیئیسرائیلەوە بازێکیان لەگەڵ بازێکیان بە دڵ رێك ناکەون هەتا رۆژی قیامەت. وە بازێ فەرموویانە مەعنای ئەم ئایەتە ئەمەیە کە ئێمە عەداوەتمان خستووەتە ناوبەینی گاور و جوولەکە و ئەم دوو کۆمەڵە عەداوەتیان لە ناوا ئەبێ تا قیامەت. وە ئەم فەرموودە زۆر موافیقی واقیعە، چونکە جیدال و دوژمنایەتی لەبەینی نەسارای ئەورووپا و جوولەکەی ئەو وڵاتەدا بە ئاشکرا دیارە.

﴿كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ﴾

جا لەم قەومە بێئەخلاقە مەترسن بە توولی زەمان هەر کاتێ ئاگرێکیان بۆ حەرب هەڵگیرساندبێ خودای تەعالا کوژاندوویەتیەوە.

﴿وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ﴾

لەگەڵ ئەوەیشا هەمیشە سەعی ئەکەن بۆ ئەوە کە فەساد بەرپا بکەن لە عەرزا، وە بە تایبەتی لە عەرزێکدا کە پەیڕەوانی حەزرەتی موحەممەد ﷺ بێ.

﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەوەیش بزانن کە خودای تەعالا ئەوانی خۆش ناوێ، چونکی ئەوان فاسیدن و ئیفسادیش ئەکەن و خودای تەعالا موفسیدی خۆش ناوێ.

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾﴾

واتە: ئەگەر ئەهلی کیتاب ئیمانیان بهێنایە بە ئایینی ئیسلام و خۆیان بپاراستایێ لە گوناه ئەوە ئێمە بە کەرەمی خۆمان گوناهە گەورەکانیانمان دائەشارد و داخڵی بەهەشتمان ئەکردن کە ماوای رەزامەندی ئێمەی تیایە.

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ﴾

ئەگەر لە شەرتێکدا ئەم ئەهلی کیتابە ئیمانیان بهێنایە بە حەقیقەتی ئیسلام و ئیحتیرامی تەورات و ئینجیلیان راست بگرتایە و ئیحتیرامی ئەم قورئانەیان بگرتایە، کە وەکوو هاتووەتە خوارۆ بۆ سەر موحەممەدﷺ و پەیڕەوەکانی بۆ ئەوانیش هاتووە.

﴿لَأَكَلُوا۟ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم﴾

ئەوەندە خودا جەزای ئەدانەوە کە لە واریداتی ئاسمان و بەرەکاتی عەرزی سوودیان وەرئەگرت و ئەیانخوارد.

﴿مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ﴾

لەم ئەهلی کیتابەیە کۆمەڵێ کە موقتەسید و میانەکارن و بە عەداڵەت و راستی ئەڕۆن بەرێدا.

﴿وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ﴿٦٦﴾﴾

و زۆریشیان خراپە ئەو کردەوەیە کە ئەوان ئەیکەن، واتە بەشی زۆریان بەدخوو و خراپەکارن.

لێرەدا چەن باسیٚ هەیە:

یەکەم: ئەو واتە کە دەستی خودا زنجیر کراوە بازیٚ لە موفەسیرەکان فەرموویانە واتەی «فەنحاسی کوڕی عازوراء» بووە و وەختی خۆی دەوڵەمەند بوو وە گەلیٚ هاومالّی دەولّەمەندیشی بوو لە جوولەکەکان، چونکی بە هەموو نەوعیٚ دەستیان ئەڕۆیشت لە تیجارەت و ئالّ و وێرا لە ناو عەرەبەکانا، پاش ئەوە کە حەزرەت ﷺ هاتە مەدینەی مونەووەرە و دینی ئیسلام دەستی کرد بە بلاّوەبوون و وەزعی ژیان گۆڕراو خەڵکی چاویان کرایەوە مەیدانی ئەو تیجارەتە پێشووە بۆ جوولەکەکان نەما و دارایی و ماڵیان کەم بووەوە، جا فەنحاس بە شێوەی عەناد و تەشائوم بە هاتنی دینی ئیسلام و تووڕە بوون لە خودای تەعالا ئەو قسە نابارە بیٚمەعنایە بەدەما هات و لەبەر ئەوە کە کابرا لە ناو جوولەکەکانا ناو و نیشانێکی هەبوو قسەکە نیسبەت درا لە هەموویان.

وە بازیٚ لە موفەسیرەکان فەرموویانە: کە حەزرەت ﷺ هاتە مەدینەی مونەووەرە و جارجار داوای یارمەتی لە جوولەکەکان ئەکرد بۆ ئەوە کە دییە (خوێنی کوژراوی هەڵە) بدریٚ، هەروا داوای ئەکرد لە خەڵك کە یارمەتی فەقیر و بیٚنەواکان بدەن و ئەمەی بە «قرض الحسنة» دائەنا گوایە ئەمە قەرزدانە بە خودا جوولەکەکان ئەمەیان ئەکرد بە هەل: بۆچی خودا داماوە و بیٚماڵە هەتا یەکیٚ قەرزی پیٚ بدا؟ وە بازیٚ بە بیٚشەرمی ئەیانوت: نەخەیر دەستی لە زنجیرایە ناتوانیٚ دەریان بێنیٚ و ماڵ دەربکا

بیدا بە فەقیر و هەژارەکان! وە بەم جۆرە واتە بێشەرمانە رایان ئەبوارد و ئیتر بیریان نەدەکردەوە لە مێژووی ئوممەتی خۆیان کە چەن دەوری فەقیری و داماوییان بەسەرا هاتووە و خودایش هەر عەینی خودایە و بیریان نەدەکردەوە کە خودا دنیای لەسەر یاسای ئەسباب داناوە وە هەرکەس مەیدانی هاتوچۆ و تیجارەتی نەبێ یاخود منداڵ و بێسەر و پێ بێ، یاخود غەریب و بێکەس تا ماوە پێویستی هەیە بە یارمەتی لە لایەنی ئادەمیزادە دامەزراوەکانەوە ئەم قسەیانە بە دەمدا ئەهات، جا خودای تەعالا بە شیددەت لەعنەتی لێ کردن و رەدی قسەکانی کردنەوە.

دووەم: بزانن کە لە قورئانی پیرۆزا گەلێ جار نیسبەتی «ید»: دەست دراوە بۆ لای خودا، جا بازێ جار بە تەعبیری «مفرد» وەکوو: ﴿يد الله فوق أيديهم﴾[1]، وە بازێ جار بە تەعبیری تەسنیە وەکوو﴿بل يداه مبسوطتان﴾ وە بازێ جار بە تەعبیری جەمع وەکوو ﴿أولم يروا أنا خلقنا لهم مما عملت أيدينا أنعاماً﴾.[2] وە «مجسمە»کان بە ئاشکرا نیسبەتی «ید» و جیسمییەت ئەدەن لە زاتی باری تەعالا.

وە عالمە بەرزەکان لەم باسەدا دوو بەشن: بەشێکیان ئەڵێن: ئەو یەدە کە نیسبەت دراوە لە زاتی باری نابێ و بە عەقڵ مەحاڵە عیبارەت بێ لەو جیسمە مەخسووسە و ئەو تەرکیبە مەعلوومە، ئێمە ئیمانمان هەیە بەوە کە خاوەن «یەدە» بەڵام زانستی وەزعەکەی حەواڵەی عیلمی خودا ئەکەین. نە ئەڵێین دەستی نییە، نە ئەڵێین وەکوو دەستی ئێمەیە. بەڵکوو بە ئەدەب «لا تعطيل ولا تشبيه» ئیمانمان بە یەد هەیە ئیتر حەواڵەی خۆیەتی: ﴿ليس كمثله شيء﴾[3] وە ئەمە بیر و باوەڕی سەلەفی ساڵحە.

---

١. الفتح؛ ١٠.

٢. يس؛ ٧١.

٣. الشورى؛ ١١.

وە بەشی دووەمیان ئەڵێن: قورئان نازڵ بووە بۆ ئیرشادی ئادەمیزاد و باقی خاوەن تەکلیفەکان. وە لە عورف و عادەتا زۆر وتار بەکار ئەبرێ هەمووی رێك و رەوانن و مەعنای زاهیریشیان مەقسوودە وەکوو ئەڵێن: فلانە گەورە دەستی زۆر درێژە، وە یا لە هەموو مەجلیسێکدا کە باسی بازە شتێك ئەکرێ یا خود چاوی فلان دووربینە. هەروا بەم شێوە کەلیمەی یەد بەکاردێ بۆ مەعنایێ کە موناسب بێ. ئێستە ـ مەسەلا ـ لە قورئاندا دەست بەکار هاتووە بۆ ئەو عوزوە تایبەتییە وەکوو: ﴿فاقطعوا أيديهما﴾،[1] وە بۆ مەعنای نیعمەت وەکوو ئەڵێن: «لفلان عندي يد أشكره عليها»، وە بۆ مەعنای قووەت و هێز وەکوو ﴿أولي الأيدي والأبصار﴾،[2] وە بۆ موڵك وەکوو ئەڵێت: «هذا البستان في يد فلان أي في ملكه»، وە بۆ مەعنای غایەت و ئیهتیمام بە شت وەکوو ئەڵێت: فلان کەس ئەو شتەی گرتووە بە دەست و دڵەوە. وە ئێمە لە هەر شوێنێکا کەلیمەی «يد» بەکار هات ئەو مەعنایە لێ ئەگرین کە موناسبی ئەو شوێنە بێ؛ خواه «يد» موشتەرەك بێ لە بەینی ئەو مەعنایانەدا یا مەجاز بێ وە بە هەر حاڵ قەرینە لەسەر ئەو مەعنایە لە کاتی ئیستیعمالا هەیە، ئەگەر یەکێ تەماشای بکا وە لەسەر ئەو ئیعتیبارە ئەڕۆین. وە ئەگەر کەسێ بڵێ: «يد» هەر مەعنایەکی ببێ «تەسنیە» هەڵناگرێ کەوابێ هۆی تەسنیە کردنەوەی لە غەیری عوزوی مەخسووسدا نییە.

ئەڵێین: یەکەم موعارەزەی ئەم قسەیە ئەکەین بەوە ئەگەر یەد عوزوی تایبەتی بێ هۆی جەمعکردنەوەی نییە دەی بۆ ئەفەرموێت: ﴿أنا خلقنا لهم مما عملت أيدينا﴾[3] بە تەعبیری جەمع؟ وە عەلاوەی ئەمە ئەڵێین: هۆی تەسنیە کردنەوەی یەد تەماشا

١. المائدة؛ ٣٨.

٢. ص؛ ٤٥.

٣. يس؛ ٧١.

کردنی قووەتی سەلب و ئیجابە وەکوو «ئیعانە» بەهێزە «ئیهانە»یش بە هێزە، کەوابوو تەسنیە کردنەوەی یەد بە مەعنای قووەت ـ مەسەلا ـ مەعقوول و راستە.

هەروەها هەر کەلیمەیێ لەم بابەتە بە کارهاتبێ لە قورئانی پیرۆزا کە زاهیرەن بۆ خودا دەست نەدا ئەم باسانەی تێدایە، وە ئێمە کە ئەهلی تەئویلین وەها تەئویلیان ئەکەین وە موسوڵمانان ئیرشاد ئەکەین «و الحمد للّٰه علی ذلك».

سێهەم: ئەم چەن ئایەتە پیرۆزە بە ئاشکرا دەلاڵەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە قەومی جوولەکە گەلێ گەلێ مادی و عادی بوون، وە لە وتاری ناشیرین و کرداری نابار دەسبەردار نەبوون، وە قەومێکی خاوەن رەزیلەی لە خەڵك زیاتر بوون و عەداوەت و رقەبەری و کینەکاری لە ناویانا زۆر بووە، چ نیسبەت بە موسوڵمانان و چ نیسبەت بە خۆیان بازێکیان لەگەڵ بازێکیانا، وە یەهوود لەگەڵ نەسارادا. وە هەمیشە مەشغووڵی پەلە پەل کردن بوون لە مەیدانی قسەی ناهەموار و خواردنی حەرام و کردەوەی تاوانباریدا، وە گەلێ موشاغەبەچی و شەڕەنگێز و ئاشووباوی بوون لەگەڵ رەهبەرانا و لەگەڵ هاومالّی خۆیانا، وە لەگەڵ دراوسێیانا، وە ئەمانە وەکوو «سەرەتان» وەها فیتنەیان ریشەدار و بەردەوام و ئێشگەیێنە بە ئادەمیزاد و بە تایبەتی بە موسوڵمانان. وە لەگەڵ ئەمەدا کە هەمیشە شەڕەنگێز بوون لە دنیادا قەت کاریان تەواو نابێ و هیچیان بە هیچ نابێ، وە لە ئەنجاما مەقهوور و سەرکز دائەکەون، وە ئەم نفووز و دەسەڵاتە ئێستە هەیانە دەسەڵاتی خۆیان نییە و بە هۆی بێگانەکانەوەیە کە لەبەر سوودی خۆیان ئەم بەردەیان داناوە لەسەر دڵ و سینەی موسوڵمانان. و لەسەر «بیت المقدس» دانیشتوون و بە وێنەی گورگی برسی ئەڕوانن بۆ نیل و فورات و بۆ مەدینەی مونەووەرە. وە بە قەتعی بزانن بە هێزی ئایەتی: ﴿وإن عدتم عدنا﴾[1] کە

---

١. الإسراء؛ ٨

شەرت هاتەجێ جەزاکەی حازرە و خودای تەعالا لەسەر وەعدەی خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ سەریان و سەریان پێ شۆڕ ئەکاتەوە (إنشاءاللّٰه).

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ﴾.

موسلیم ریوایەت ئەکا لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ئەفەرموێت: غەزامان کرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ غەزایێ لە جانیبی وڵاتی نەجدەوە حەزرەتمان پێ گەیشت لە شیوێکدا کە داری «عضا»ی زۆر بوو، جا حەزرەت دابەزی ئیسراحەتی کرد لە ژێر دارێکدا و شمشێرەکەی هەڵاوەست بە لقێ لەو دارەدا و خەڵك بڵاوەیان کرد هەرکەسێ بۆ سێبەری دارێ.

جابیر ئەڵێت: پاش ئەوە حەزرەت هات بۆ لامان فەرمووی: پیاوێ هات بۆ سەرم و من لەو کاتەدا نوستبووم و شمشێرەکەمی هەڵگرت و بە سەرمەوە راوەستا، بە خۆم نەزانی هەتا شمشێرەکەمی بە رووتی گرت و بانگی لێ کردم: کێ رزگارت ئەکا لە دەستی من؟

منیش وتم: «اللّٰه». دووبارە وتی: کێ لە دەستم رزگارت ئەکات؟ من وتم: «اللّٰه». فەرمووی: لە پاش ئەمە شمشێرەکەی کردەوە بە کێلانەکەیا کابرایش ئەوەتانێ لە لامان دانیشتووە.

لە ریوایەتێ‌ترا لە غەیری موسلیمدا ئەڵێ: لە کاتێکا ئەو وتی: کێ رزگارت ئەکا لە دەستی من منیش وتم «اللّٰه»، کابرا شمشێرەکەی لە دەست داکەوت و من هەڵمگرت. ئەمجار من وتم: کێ تۆ نەجات ئەدا لە دەستی من؟ ئەویش وتی: عەفوی خۆت، جا حەزرەت ﷺ عەفوی کرد جا رۆیشتەوە بۆ ناو عەشرەتەکەی خۆی پێی وتن: من لەلای «خیر الناس»ەوە هاتووم بۆ لاتان. ئەڵێن کابرا موسوڵمان بوو لەگەڵ قەومەکەیا.

وە قازی «عیاض» لە کتێبی «شفا»دا ئەڵێت: ئەو شەخسە ناوی «غورث» بوو وە حەزرەت ﷺ عەفوی کرد.

وە موسلیم ریوایەتی کردووە لە عائیشەوە رضي الله عنها فەرموویەتی: شەوێ پێغەمبەر ﷺ نەدەنووست فەرمووی: خۆزگا پیاوێکی ساڵح لە ئەسحابەکانم ئیمشەو حەراسەتی بکردمایە. ئەونەمانە زانی تەقەی چەکمان بیست! حەزرەت ﷺ فەرمووی: کێیە؟ ئەویش وتی: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس. حەزرەت ﷺ فەرمووی: بۆچی هاتی بۆ ئێرە؟ وتی: لە خۆمەوە ترسێ کەوتە دڵمەوە لە خوسووسی حەزرەتەوە وا هاتووم بۆ ئەوە حەراسەتی بکەم، جا حەزرەت ﷺ دوعای بۆ کرد.

وە لە غەیری سەحیحی موسلیمدا ریوایەتی کردووە ئەڵێ: لەو کاتەدا کە ئێمە لەو شەوەدا قسەمان ئەکرد دەنگی چەکم بیست، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: کێیە؟ وتیان: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و حوزەیفەی کوڕی یەمان، هاتووین بۆ ئەوە حەراسەتی تۆ بگرین، پاش ئەوە حەزرەت ﷺ نوست بە نەوعێ دەنگی سینەمان ئەبیست. وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو، جا حەزرەت سەری لە قوببەکەی خۆی هێنا دەرەوە و فەرمووی: ئەی مەخلووق بڕۆنەوە لاچن. بە راستی خودا پاراستوومی و موحتاجی حەرەس نیم!

جا خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست هەرچی نازڵ کراوە لە لایەنی منەوە بۆ تۆ و تۆیش ئەبێ تەبلیغی بکەی هەمووی تەبلیغ بکە بەوانە کە موکەللەفن.

﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ﴾

وە ئەگەر ئەمە نەکەی ئەوە بزانە کە تۆ ریسالەتی خودات نەگەیاندووە بە خەڵک.

﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾

وە خودای تەعالا تۆ ئەپارێزێ لە زیانی ئادەمیزاد.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا کۆمەڵی کافران هیدایەت نادا.

وە پێویستە بزانن ئەم ئایەتە نەسە لەوەدا کە هەر حوکمێ لە ئەحکام و ئادابی ئیعتیقادی و عەمەلی کە خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەر بە تەواوی و رەسایی گەیاندوونی و قەت حوکمێکی لە ئەحکام نەشاردووەتەوە لەم ئوممەتە، وە هیچکەس ئیختیساسی نەبووە بە حوکمێکەوە بەم مەعنا کە ئەو حوکمە هەر بۆ ئەو بووبێ و بۆ کەس نەبووبێ، چونکە لە سیفاتی واجبەی حەزرەتە «سیدق» و «فەتانەت» و «ئەمانەت» واتە راستی لە وتارا و زیرەکی و هۆشیاری لە کردارا وە ئەمینی لە گەیاندنی ئەحکامدا.

فەرموودەی خودا: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾.

ئیبنوئەبی‌حاتەم و ئیبنوجەریر ریوایەت ئەکەن لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێت: رافعی کوڕی حاریسە و سەلامی کوڕی حورەیملە و مالیکی کوڕی سەیف هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزیان کرد: ئەوە نییە کە تۆ باوەڕت وایە وای لەسەر دینی ئیبراهیم و باوەڕت هەیە بەو کتێبە لە لای ئێمەیە و شایەتی ئەدەی بەوە کە حەقە و لە لایەنی خوداوە هاتووە؟ فەرمووی: بەڵێ باوەڕم وایە. وتیان: ئەی بۆچی ئێمە باش نین لە لای ئێوە؟ فەرمووی: لە بەر ئەوە بازێ ئایاتی تەوراتتان شاردەوە لە خەڵك و ئینکاری ئەکەن، ئەوەتانێ کە نیشانەی راستی و حەقانیەتی دینی ئیسلامی تیایە و ئێوە باوەڕی پێ ناکەن.

جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو خودا فەرمووی:

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو یەهوودانە و بەو نەسرانییانە: ئێوە لەسەر هیچ دینێکی حەق نین هەتا بە ساغی تەورات و ئینجیل ڕاست نەکەنەوە و دەریان نەبڕن و ئیعلانی ئەوە نەکەن کە وا لە تەورات و ئینجیلدا لە خوسووسی دینی ئیسلامەوە، ئەوەیە لە تەوراتا ئەڵێت: نووری کەرەمی خودا لە کێوەکانی «فاران»دا دەرئەکەوێ و دنیا ڕووناك ئەکاتەوە؟ وە مەبەست کێوی حیجازە، وە باسی نیشانەی ڕەفیقەکانی حەزرەتی موحەممەد ﷺ لە سیفری «شعیا»دا کراوە وە ئێوە ئەمانە ئەشارنەوە! وە لە ئینجیلدا عیسا ؑ موژدەی داوە بە هاتنی حەزرەتی موحەممەد ﷺ وە ئێوە موبالات ناکەن و ونیان ئەکەن.

﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾

وە بە ڕاستی ئەو ئایاتە کە ڕەوانە ئەکرێن بۆ سەر تۆ لە لایەنی خودای تەعالاوە هەر توغیان و کوفر و زیادەڕەوی لە گومڕاهیدا زیاد ئەکا بۆ زۆربەی ئەو یەهوود و نەسارایە.

﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾﴾

ئیتر غەم مەخۆ لەسەر لادانی ئەو کۆمەڵە کافرە بەدبەختانە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە هاتوون ئیمانیان هێناوە بە تۆ ئەوانە رزگار بوون لە شەقاوەت و چوونەتە ناو کۆمەڵی خاوەن سەعادەت و بەختیارانەوە و لە قیامەتا ترسیان لە مانەوەی ئاگری دۆزەخ نییە و دڵگرانی و زویریشیان نییە بۆ شتێ لە دەستیان دەرچووبێ، وە ئەو کەسانەیش کە مەنسووبی یەهوودین و ئەو کەسانەیشی کە بە سائیبە مەشهوورن و ئەوانەیش بە نەسارا ناسراون هەرکەس لەمانە ئیمانی بە خودای تاق و تەنیا ببێ و بە وێنەی جوولەکەکان عوزەیر بە کوڕی خودا حسێب نەکەن و بە وێنەی سائیبە پێشووەکان نیسبەتی تەئسیر لە ئەستێرە نەدەن و، بە وێنەی گاورەکان عیسا و مەریەم بە خودا دانەنێن، وە ئیمان و باوەڕیان ببێ بە ڕۆژی ئاخیرەت بە رووی راستی نەك وێنەی جوولەکەکان کە ئەڵێن: بەهەشت هەر بۆ جوولەکە ئەبێ! وە نەك وێنەی سائیبە و نەسارا کە ئەڵێن: بەهەشت هەر بۆ ئەوان ئەبێ! وە کردەوەی باش بێ، وە ئەو رەفتارانە کە دینی ئیسلام بە خراپی ئەزانێ تەرکی بکەن و ئەو رەفتارانە کە بە باشی ئەزانێ بیکەن. یانی بێن داخڵی یاسای دینی ئیسلام ببن ئەوە ئەوانیش وەکوو باقی موسوڵمانەکان نە ترسیان هەیە لە مانەوەی ئەبەدی لە دۆزەخا و نە زویر ئەبن لەوەی کە لە دستیان دەرچووە؛ چونکی دنیای رابوردوو لە لای پایەی بەرزی قیامەتا لەوانە نییە غەمی بۆ بخورێ.

﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾

بە راستی عەهد و پەیمانمان لە بەنیئیسرائیل وەرگرت لەسەر دەوامی بیر و باوەڕی راست و پەیڕەوی پێغەمبەرەکان.

﴿وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا﴾

وە چەند رەهبەریشمان رەوانە کرد بۆ لایان بۆ ئەوە کە ئیرشادیان بکەن بۆ دین و پێویستی دین؛ کەچی ئەو بەدبەختانە پەیمانەکەیان شکاند و عەهدیان فەرامۆش کرد.

﴿كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا۟ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ﴿٧٠﴾﴾

کەچی هەر کاتێ پێغەمبەرێ ئەهات بۆ لایان لەگەڵ ئادابێکی وەها کە نەفسیان پێی خۆش نەبوایە ئەو چارەڕشانە تاقمێکیان لە پێغەمبەرەکان بە درۆ ئەخستەوە و باوەڕیان پێ نەدەکردن و تاقمێکیشیان ئەکوشتن.

﴿وَحَسِبُوٓا۟ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾

وە گومانیان وابوو کە لە جەزای ئەو بێباوەڕی بە ڕەهبەرانە و کوشتنی ئەو پێغەمبەرانە لە لایەنی خوداوە هیچ جەزا و جەفا و دەرد و بەڵایێ نابێ بۆیان.

﴿فَعَمُوا۟ وَصَمُّوا۟﴾

جا کوێر بوون لە تەماشا کردنی کارەساتی جیهان و ڕووداوی عیبرەتی زەمان و کەڕ بوون لە بیستنی ئامۆژگاری ڕەهبەرەکان.

﴿ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾

لە پاشان تەوبەیان کرد لەو گوناحە کە کردوویانە و خودایش تەوبەی لێ قەبووڵ کردن.

﴿ثُمَّ عَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ﴾

لە پاشان هەم وەکوو جاری پێشوو زۆریان کوێر و کەڕ بوونەوە لە تەماشا کردنی هۆی عیبرەتگرتن و لە بیستنی ئامۆژگاری هەروا ئەم سەرکێشییە لە ناویانا کۆنە و نوێ کەوتەوە هەتا ئەم چەرخەیش کە حاڵ و کردەوەیان وا لە پێش چاوتا.

﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٧١﴾﴾

وە خودای تەعالا بینایە و چاوی وا لەو کردەوانەوە کە ئەوان ئەیکەن. ئەمە کە باسمان کرد بۆت، وەزعی جوولەکەکان بوو وە وەزعی گاورەکانیش ئەمەیە کە باسی ئەکەین.

﴿لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾

بە راستی کافر بوون بە خودا و لە ریزی کافرانا نووسران ئەو کەسانە کە وتیان بە راستی زاتی خودا هەر عەینی عیسای کوڕی مەریەمە و خودا و عیسا بوون بە یەك زات وەکوو تاقمی «یعقوبیة» لە گاورەکان کە بیر و باوەڕیان لەسەر ئیتیحادە و ئەڵێن زاتی خودا و عیسا یەك زاتن.

﴿وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ﴾

لەگەڵ ئەوەیشدا عیسای کوڕی مەریەم ئامۆژگاری باشی کردن و کەلیمەی حەقی نیشان دان و فەرمووی: ئەی بەنیئیسرائیل عیبادەت بکەن بۆ زاتی خودا کە پەروەردگاری منە و پەروەردگاری ئێوەیە و هاوڕێ و شەریك بۆ خودا قەرار مەدەن.

﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾

وە تەهدیدی کردن و فەرمووی: بە راستی هەرکەسێ شەریك و هاوڕێ بۆ خودا قەرار بدا ئەوە بە راستی خودا بەهەشتی حەرام کردووە لە سەری و مومکین نییە بڕواتە ناویەوە و جێگە و ماوای ئەو کەسە ئاگری دۆزەخە.

﴿وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾

وە بۆ ئەوانە کە لە ستەمکارانن یارمەتیدەر نییە لە کاتی هاتنی سزای خودادا.

﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ﴾

جا هەر وەکوو ئەو گاورانە کە وتیان خودا بووە بە عیسا و ئەو دوو زاتە بوون بە یەکێ، هەروا کافر بووە ئەو کەسەیش کە وتی عیسا خودایەکە و مەریەمیش

خودایەکە، وە خودایش سێهەمی ئەو سێ کەسەیە، واتە خودا بووە بە سێ عونسور و سێ ئەسڵ؛ یەکێکیان عیسایە و، یەکێکیان مەریەمە و، یەکێکیان خودایە، وە ئەم بیر و باوەڕە شەڕەیش بیر و باوەڕی دوو تاقمی‌ترە کە «ملکانیە» و «نسطوریە»ن لە گاورەکان.

﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾

وە نییە لە عالەمی وجوودا تاقە خوایە نەبێ کە هەر ئەو «واجب الوجود»ە بوونی بە حەق پێویستە، هەیە و قەدیمە و باقییە و پێویستی بە کەس نییە و وێنەی نییە و زیندوو و زانا و تەوانا و خاوەن خواستە و بیسەر و بینا و گۆیایە، وە هەر بۆ ئەوە عیبادەت و بەندەگی و هەر ئەوە کە پەروەردگاری هەرچی هەیە لە عالەما.

وە ئەو گاورانە کە ئەم بیر و باوەڕە ناڕەوایانە دەرئەبڕن بە هەڵەدا چوون؛ چونکی زاتی خودا مادەی نییە هەتا بازێکی لێ جیاببێتەوە و ببێ بە کەسێکی‌تر، وە زاتی خودا هەمیشە بووە و ئەمێنێ هەتا هەتایە، بەڵام ئەم عالەمی ئادەمیزادە هەمووی بەرباد ئەبێ و شتی دەوامدار لەگەڵ بێ‌دەواما نابن بە یەك، وە زاتی خودا موحتاج نییە بە هیچ کەس و بە هیچ شتێ بەڵام ئەم ئادەمیزادە بە گەلێ شت موحتاجە و کەسێ کە بێ‌نیاز بێ لەگەڵ کەسێك کە نیازمەند بێ نابن بە یەك. وە ئەگەر لە بەر موعجیزاتەکەی بەهەڵەدا چوون ئەبێ بزانن موعجیزات لە تەئسیراتی خودایە و بۆ هەر کەسێ لە پێغەمبەران نەوعە موعجیزەیەکی خەلق کردووە؛ وە ئەو موعجیزاتە لە خۆیانەوە نین و لە فەیزی زاتی خوداوەن و جیلوەی کەرەمی خودا و رژاندنی رەحمەت عامە بۆ هەموو خۆشەویستانی خودا لە ئەنبیا و ئەولیا.

﴿وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ﴾

ئەگەر ئەو گاورانە دەسبەردار نەبن لەو قسانە کە ئەیلێن.

﴿لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾﴾

بە راستی ئەدا لەو کەسانە کە کوفری خودا ئەکەن و بیر و باوەڕی نابار دەرئەبڕن لە ناو ئەوانا عەزابێکی ناهەموار.

﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٤﴾﴾

ئایا پاش ئەم هەموو کارەساتە بەدبەختییە ناگەڕێنەوە بۆ لای خودا و داوای عەفو و چاوپۆشی لێ بکەن؟ وە خودای تەعالا غەفوور و چاوپۆش و میهرەبانە لەگەڵ ئینسانا.

﴿مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ﴾

عیسای مەشهوور بە مەسیح کوڕی مەریەمی عەزراء هیچ نییە ئیللا پێغەمبەرێکی وەهایە کە لە عالەمەوە دیارە، مەعنای پێغەمبەر چییە و بە راستی لە پێش ئەوا چەن پێغەمبەر رابوردوون کە نەسەب و حەسەبیان دیارە، وە دایکی حەزرەتی عیسا کە مەریەمی عەزرایە یەکێکە لەو ژنە عابیدە راستانە کە باوەڕیان هەبووە بە پێغەمبەران و بە عالەمی غەیب.

﴿كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ﴾

حاڵی عیسا و دایکی وابووە کە بە یاسای عادەتی ژیاون و خواردەمەنییان ئەخوارد.

﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْءَايَٰتِ﴾

جا تەفەککور بکە ئەی خۆشەویست بە چ شێوەیێ ئایات و نیشانەی بەندەیی عیسا و مەریەم بەیان ئەکەم بۆیان و تێیان ئەگەیەنم ئەم کوڕ و دایکە پێویستیان بوو

بە خواردەمەنی و بە بێ خواردەمەنی نەئەژیان و هەرکەسێ موحتاجی خوارەدەمەنی بێ بۆ خودایی ناشێ، هەروا کە موحتاجن بە خواردەمەنی و موحتاجن بە قەزای حاجەت و موحتاج بە خۆشۆرین.

﴿ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٧٥﴾

پاش ئەوە بڕوانە چلۆن ئەمانە دوور ئەخرێنەوە لە بیستنی قسەی ڕاست؟

﴿قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرًّا وَلَا نَفۡعًاۚ﴾

تۆ ـ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ـ بڵێ بەو نەسرانییانە: ئایا ئێوە شوعوورتان ئەوە قەبووڵ ئەکا کە عیبادەت بکەن بۆ غەیری خودای تەعالا بۆ ئەوانەی نە مالیکی زیانن و نە خاوەنی سوودن بۆ ئێوە؟ واتە ئەو کەسانە کە ئێوە ئەیانپەرستن لەسەر ئەساسی یەکیەتی لەگەڵ خودادا، وە یا لەسەر ئەساسی جیاوازی لە خودا، کەسێکن خۆیان لە نەبوونەوە دروستکراون و پێویستیان هەیە بەوەی کە ئادەمی موحتاجە پێی و لە واقیعدا «متصرف» و مالیك نین لە جیهانا بۆ سوود و زیان بۆ هیچ کەسێ وە شتی وا هەرگیز شیاوی ئەوە نییە پەرستیاری بکرێ.

﴿وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٧٦﴾

وە خودای تەعالا هەر ئەو بیسەرە بۆ هەموو دەنگێ و زانایە بە هەموو شتێ بە هەموو ڕەنگێ و ئاگای لە نیازی ئێوە هەیە و جەزاتان ئەداتەوە بەوەی لایەق بێ.

﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ بەو گاورانە: ئەی خاوەن کیتابەکان زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتانا بە ناحەق هەتا ببێ بە ئیفرات و دامەپەڕن بۆ لای خوارەوەیشی تا ببێ

بە تەفریت، وە مەڵێن بە حەزرەتی عیسا خودایە یاخود تێکەڵە لەگەڵ خودادا. ﴿تعالی اللّٰه عن ذلك﴾ وە تەنزیلی پایەیشی مەکەن و بە کەمتر لە پایەی رەهبەری راست تەماشای مەکەن.

﴿وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّواْ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرًا﴾

وە مەکەونە شوێن ئەهوا و ئارەزووی قەومێکی پێشووی وا کە گومڕا بوون لەمەوپێش و خەڵکێکی زۆریشان گومڕا کرد.

﴿وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾﴾

وە ئێستە لە زەمانی دەرکەوتنی ئیسلامیشا لەگەڵ ئەم نوورە بەرزەدا رێگەی راستیان ون کردووە و ئیمانیان نەهێنا پێت.

﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَۚ﴾

واتە: لەعنەت کراوە لەوانەی کە کافر بوون لە بەنیئیسرائیلیەکان جا ئەوانەیان کە بێئەمری خودایان کرد لە مەسئەلەی حورمەتی رۆژی شەممەدا کران بە مەیموون و ئەوانەیشیان کە بێئەمرییان کرد و کوفریان دەربڕی لە کاتی نوزوولی مائیدەکەی حەزرەتی عیسادا گۆڕران بە بەراز.

﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ﴾

ئەمەیان لەبەر ئەوە بەسەرا هات کە عیسیانیان کرد.

﴿وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾﴾

وە حاڵیشیان وابوو تەجاوزیان ئەکرد بەسەر شەرعی خودادا.

﴿كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ﴾

حاڵیان وەها بوو کە لە ناوی خۆیانا بازێکیان نەهی و مەنعی بازێکیان نەدەکرد لەو گوناهانە کە ئەکران و موجامەلەیان ئەکرد لەگەڵ خاوەن تاوانەکانا.

﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾﴾

وەڵلاهی زۆر خراپ بوو ئەوەی کە ئەوان ئەیانکرد.

بزانن! لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ کە هەر قەومێ لە کاتی دەرکەوتنی کردەوەی نابار و بیر و باوەڕی ناهەموارا بازێکیان تێدا نەبوو کە مەنعی ئەو خراپانە بکا ئەوە هەموویان گیرۆدە ئەبن؛ خاوەن تاوانەکان لەبەر تاوان وە بێتاوانەکان لەبەر تاوانی بێدەنگ بوون لە مەنعی ئەو خراپانە.

﴿تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾

تەماشا ئەکەی ئەبینی گەلێ کەس لە ئەهلی کیتاب دۆستی ئەکەن لەگەڵ کافرە موشریکەکانا و ئەیانکەن بە برادەر.

﴿لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾

زۆر شتێکی خراپە ئەوەی کە نەفسی ئەوان پێشیخست بۆ خۆیان کە ئەوەیش عیبارەتە لەوە کە خودا عاجز بوو لێیان و غەزەبی لێ گرتن.

﴿وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾

وە لە قیامەتیشا ئەمێننەوە لە عەزابا هەتا هەتایە.

﴿وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ﴾

ئەگەر ئەم ئەهلی کیتابە ئیمانیان بهێنایە بە خودای تەعالا و بە پێغەمبەری خودا کە حەزرەتی موحەممەدە و بەو کتێبە کە ڕەوانە کراوە بۆی ئەو کافرانەیان نەئەکرد بە دۆستی خۆیان و بە چاوی دۆستی تەماشایان نەدەکردن.

﴿وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨١﴾﴾

بەڵام زۆر کەس لەو ئەهلی کیتابە لە حەق دەرچوون و موبالات بە دین ناکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ﴾.

ریوایەت کراوە کە جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب و ڕەفیقەکانی لە حەبەشەوە هاتنەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە لەگەڵ حەفتا پیاو کە هەموو بەرگی خورییان لەبەردا بوو شەست و دوو کەسیان لە حەبەشە بوون و هەشتیان لە ئەهلی شام بوون. ئەمانە: بوحەیرای ڕاهیب و، ئیدریس و، ئەشرەف و، ئەبرەهە و، سەمامە و، قەسم و، دورەید و، ئەیمەن [بوون]. جا حەزرەت ﷺ سوورەتی یاسینی خوێندەوە بەسەریانا هەتا ئاخر، ئەوانیش کە قورئانەکەیان بیست گریان و وتیان: ماشەڵڵا ئەم قورئانە زۆر لەو کیتابە ئەچێ کە نازڵ بوو بۆ سەر عیسا عليه السلام جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە:

﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ۖ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەزانی کە بەهێزترینی ئادەمیزاد لە دوژمنایەتی موسوڵمانانا جوولەکەکان و کافرە موشریکەکانن.

﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ﴾

وە ئەزانی کە نزیکتریان لە جیهەتی دۆستی و مەحەبەتی موسوڵمانانەوە ئەو کەسانەن کە ئەڵێن ئێمە نەساراین.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾﴾

ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە لە ناو ئەو نەسارادا قەشە و روهبان هەیە کە ئەمانە خاوەن زانست و خاوەن ریازەت و خاوەن تەمێ و تەربییەی باشن و ئەمانە بە راستی مەعنای عیبادەت و عوبوودییەت ئەزانن و بەم هۆوە فیز و دەمار ناکەن بەسەر هەژارانا.

﴿وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ﴾

وە کاتێ ئەو قورئانە ئەبیسن کە نازڵ کراوە بۆ لای پێغەمبەر وا هوژم دێنێتە سەر دڵیان، دڵیان ئەکوڵێ بە گەرمای نووری قورئانی پیرۆز و ئەبینی کە چاوەکانیان ئاورێژان ئەکا لە فرمێسك ئەمەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە زانیویانە و حاڵی بوون لە ئایەتەکان لەو حەق و حەقیقەتە کە پێغەمبەرەکانیان هێناویانە لە لای بارەگای خوداوە.

﴿يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾﴾

ئەڵێن: پەروەردگارا ئیمانمان هێنا بە تۆ و بە رەهبەرانی تۆ دەی بمان‌نووسە لە دەفتەری ئەو کەسانە کە شەهادەتیانِ داوە بە حەق.

﴿وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ﴾

چیمان دەست ئەکەوێ ئەگەر ئێمە ئیمان نەهێنین بە خودا و بەوەی کە پێمانگەیشتووە لە تەنهایی خودا و دووری ئەو لە تێکەڵی ئادەمیزاد؟

﴿وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٤﴾﴾

وە ئێمە گەلێ هیوادارین و ئومێدمان هەیە کە خودا داخڵمان بکا بە رەزای خۆی لەگەڵ ئەو قەومەدا کە بۆ خودا ملیان راکێشاوە.

﴿فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُوا۟ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٥﴾﴾

خودای تەعالایش سەوابی پێدان و بارەمەندی کردن بە هۆی ئەو قسە جوانانە کە کردیان و بەو پاڕانەوە کە تەقدیمیان کرد. بە چەن بەهەشتێ کە لە ژێری دارەکانیانەوە جۆبار رەوان ئەبێ و ئەمانەیش کە ئەڕۆنە ناوی بڕیاری ئەوەیان داوە لەو بەهەشتانەدا بمێننەوە هەتا هەتایە وە ئەم نەوعە جەزای خاوەن ئیحسانەکان و بیر و باوەڕ چاکەکان و کردەوە باشەکانە.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿٨٦﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش کافر بوون و بێباوەڕییان دەربڕیوە بەرابەر بە دینی ئیسلام ئەوانەیش هەمیشە وان لە دۆزەخا و هاوڕێی ئاگری دۆزەخن.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ **الآية.**

موفەسیرەکان ئەڵێن: رۆژێ حەزرەت ﷺ وەعزی کرد بۆ ئەسحابەکان و باسی قیامەتی بۆ کردن و خەڵکەکەیش دڵیان نەرم بوو گریان، جا دە کەس لە ئەسحابەکان لە ماڵی عوسمانی کوڕی مەزعووندا گردەوە بوون کە ئەمانە بوون: ئەبووبەکری سدیق، عەلی کوڕی ئەبووتالیب، عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود، عەبدوڵلای کوڕی عومەر، ئەبووزەڕی غەفاری، سالمی ئازاد کراوی ئەبووحوزەیفە، میقدادی کوڕی

ئەسوەد، سەلمانی فارسی، مەعقەلی کوڕی موزەر. بڕیاریان دا کە لە ڕۆژدا بەڕۆژوو بن و لە شەودا شەونوێژ بکەن و لەسەر فەرش نەنوون و گۆشت و چەوری نەخۆن و دەس بکەن بە عیبادەت لەسەر کەژ و کێودا و بە وێنەی راهیبەکان مەشغووڵی عیبادەت بن، جا ئەم قسە گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ ئەویش ئەمانەی گرد کردەوە و فەرمووی: خەبەردار بووم کە ئێوە فیکرێکی واتان کردووە؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ یا رەسوولەڵلا، بەڵام ئێمە قەسدمان هەر لەسەر خێر بووە. جا حەزرەت فەرمووی: من ئەمرم پێ نەکراوە بەم شێوە، بە راستی هەیە بۆ نفس حەقێ لەسەر ئێوە؛ بە رۆژوو بن و رۆژوو بشکێنن و، نوێژ بکەن و بنوون.. من وا ئەبێ نوێژ ئەکەم و ئەنووم و بە رۆژوو ئەبم و بەڕۆژوو نابم و گۆشت و چەوری ئەخۆم.. وە هەرکەسێ لابدا لە یاسای سوننەت و رەفتاری من ئەوە لە من نییە!

جا تەشریفی رۆیشت بۆ ناو قەرەباڵغی و خوتبەی بۆ خوێندن و فەرمووی: بۆچی بازێ کەس ژنیان حەرام کردووە لە خۆیان وخواردەمەنی باش ناخۆن و بێنخۆشی نادەن لە خۆیان و نانوون و ئارەزووی حەڵاڵیان حەرام کردووە لەسەر خۆیان! ئەی مەخلووق ئاگادار بن! من فەرمانم نەداوە بە ئێوە کە ببن بە قەشە و راهیب. بزانن لە دینی مندا گۆشت نەخواردن و نەچوونە لای ژن و مانەوە لە گۆشەی عیبادەتخانەدا نییە. بزانن دنیاگەردی بۆ ئوممەتی من هەر رۆژوو گرتنە و، راهیبێتی جیهادە. ئەی موسوڵمانان عیبادەتی خودا بکەن و شەریکی بۆ قەرار مەدەن و حەج بکەن و عومرە بکەن و نوێژەکانتان بکەن و رۆژووەکانتان بگرن و زەکاتیماڵتان بدەن. بزانن ئەو ئوممەتی سابیقە بە هۆی ئەوەوە هەلاکەتی بەسەردا هات کە زەحمەتی زۆریان دامەزران لەسەر خۆیان خودایش ئازاری دان، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە، جا عەرزیان کرد: ئەی چی بکەین لەو سوێندانە کە خواردوومانە لەسەر تەرکی ئارەزووی نەفس؟ جا ئایەتی: ﴿لا یؤاخذکم اللّٰه باللغو﴾ هاتە خوارەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دین، لەسەر خۆتان حەرام مەکەن ئەو شتە دڵگیرە جوانانە کە خودا بۆی حەڵاڵ کردوون لە: خواردەمەنی و، پۆشاك و، لە نوستن و ئاسایش و، گەڕان و، ژیان لەگەڵ ژنەکانتانا بە یاسای شەرعی خودا.

﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ﴾

بەڵام لامەدەن لە ئەندازە لەم حەڵاڵانە هەتا بکەونە ناو حەرام ـ مەسەلا ـ ئەوەندە بخۆن نەخۆش بکەون، یا ئەوەندە رابوێرن تووشی عیللەت و دەردی خراپ ببن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ۝٨٧﴾

خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە لە سنوور تەجاوزیان کردووە.

﴿وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا﴾

وە بخۆن لەوەی کە خودا کردوویەتی بە رزقی ئێوە خواردەمەنی حەڵاڵی خۆش.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ۝٨٨﴾

وە خۆتان بپارێزن لە عیقابی ئەو خودایە کە ئێوە ئیمانتان هەیە پێی.

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾

لە ناو سوێندەکانیشتانا خودا عیقابتان ناکا بەوەی کە بە بێ مەبەست بەدەمتانا هاتووە.

﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ﴾

بەڵام موئاخەزەتان ئەکا بەوەی بە دڵ داتانمەزراندووە لە سوێندەکانتان.

﴿فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾

واتە: کەفارەتی ئەو سوێندە دامەزراوە کاتێ کە شکاندتان ئەوەیە خواردەمەنی دە میسکین بدەن لە میانەی ئەو خواردەمەنییە کە ئەیدەن بە ژن و منداڵی خۆتان، یا بەرگ و پۆشاکی دە میسکین بدەن لە میانەی ئەو بەرگ و پۆشاکە کە ئەیکەن بۆ ژن و منداڵی خۆتان وە یاخود عەبدێ ئازاد بکەن.

﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ﴾

جا ئەگەر یەکێ لەو سوێند کەوتوانە ئەوانەی دەس نەکەوت ئەوە پێویستە رۆژووی سێ رۆژ بگرێ بە نیەتی کەفارەتی سوێندی کەوتوو.

﴿ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾

ئەوەی بەیانمان کرد کەفارەتی سوێندی کەوتووی ئێوەیە لە پاش سوێند خواردن.

﴿وَٱحْفَظُوٓاْ أَيْمَٰنَكُمْ﴾

وە سوێندی خۆتان موحافەزە بکەن، یانی سوێند مەخۆن بۆ هەموو شتێکی بەقیمەت و بێقیمەت. یاخود کە سوێندتان خوارد لەسەر شتێ سوێندەکەتان مەشکێنن مەگەر بۆ ناچارییەك.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾﴾

ئاوا خودای تەعالا بەیان ئەکا بۆ ئێوە ئایاتی ئەحکامی شەرع و دینی خۆی، رجایە ئێوە سوپاسی نیعمەتی خوێندنەوەی ئایات و فێربوونی ئایات و رەفتار کردن بە ئایات بکەن.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ..﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە ئەبوومەیسەرەوە لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﵁ کە پاڕایەوە لە خودا و فەرمووی: «اللّٰهم بين لنا في الخمر بياناً شافياً» جا ئەو ئایەتەی سوورەتی

بەقەرە نازڵ بوو کە ئەفەرموێت: ﴿يسألونك عن الخمر والميسر﴾[1] لەویا بانگ کرا لە عومەر و ئەو ئایەتەی بەسەرا خوێنرایەوە، ئەمجارەیش عومەر وتی: «اللّٰهم بين لنا بياناً شافياً في الخمر والميسر» جا هاتە خوارەوە: ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلوة و أنتم سكارى﴾[2] ئەمجارەیش فەرمووی: «اللّٰهم بين لنا بياناً شافياً في الخمر والميسر» جا ئەم ئایەتی: ﴿يا أيها الذين آمنوا..﴾وە هاتە خوارەوە.

وە ریوایەت کراوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوەﷺ ئەڵێ: هاتم بەسەر تاقمێ لە موهاجیریندا دانیشتبوون وتیان: وەرە با خواردەمەنی و شەرابت بدەینێ، وە ئەمە لە پێش حەرامکردنی خەمرا بوو، ئەڵێ: منیش رۆیشتم بۆ ناویان تەماشام کرد گۆشتی برژاو حازرە و خواردم و لە پاش ئەوە شەرابیشم خواردەوە وەکوو ئەو رەفقیانە، وە لە پاش ئەمە باسی موهاجیرین و ئەنسارم کرد و وتم: موهاجیرین باشترن لە ئەنسار و یەکێ لە ئەنسارەکان شەویلەی حەیوانە سەربڕراوەکەی دا بە لووتما بریندارى کرد و من هاتم لە لای حەزرەت شکاتم کرد جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾

واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام بزانن خواردنەوەی خەمر ـ مەشرووباتێ کە ئینسان سەرخۆش بکا ـ وە یاری کردن بە «مەیسیر» قومار بە هەر شێوەیەك بێ پاش ئەوە کە ماڵی خەڵك خواردن بوو، بە یاری کردن بە بێ یاسای دینی ئیسلام. وە پەرستنی «ئەنساب» کە بتەکانە، وە بازێ ئەڵێن: یارییە بە

١. البقرة؛ ٢١٩.

٢. النساء؛ ٤٣.

نەرد و تاوڵە و وێنەیان.. وە بە کارهێنانی «ئەزلام» ئەمانە چەن کارێکن کە لە دینا و لە ڕەوتی ئادەمیزادی تەبیعەت ساغ و بێ‌نەخۆشینا پیسن لەوانەن ئینسانی ژیر دووربکەوێتەوە لێیان. وە لەو کردەوانەن کە شەیتان ئەیانهاوێتە ناو دڵی ئینسانی هەوابازی کەم هۆشەوە بۆ ئەوە یەکەم‌جار ئەو کەسانە بەدبەخت بکا و، دووەم‌جار ئەوانیش بکا بە سوپای خۆی بۆ ئەوە کە ئینسانی‌تر گیرۆدە بکەن بەو دەردانەوە، کەوابێ واجبە لێیان دووربکەونەوە و نزیکی ئەو شوێنە مەکەونەوە کە دروست ئەکرێن تیایا و ئەو کەسانەیش کە ئەمانە بەکارئەهێنن؛ چونکی ئادەمیزاد لە ڕەوشتی هاوڕێی خۆیەوە تووش ئەبێ، ئومێد هەیە کە بەم پەندە ڕەفتار بکەن ڕزگار ببن؛ چونکی دووری لە شەڕی ئەمانە ئینسان دوورئەخاتەوە لە گەلێ شەڕی بێ‌سامان و بێ‌ئامان.

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ﴾

شەیتان لە تەلبیساتی خۆی و لە ئیلقائاتی خۆی بۆ ئەم شتانە هەر ئەوەی ئەوێ کە دوژمنایەتی و ڕق و کینەکاری بخاتە ناو ئێوە لە کاتی بەکارهێنانی ئەمانەدا، لەبەر ئەوە ئینسانێ کە هۆشی نەما قسەی نابار بە خەڵك ئەڵێت و کابرایش کە بیستی ئەجۆشێ و کاتێ قومار لەسەرکەوتن و پارەوەرگرتنی بازێکیان بێ یارۆی کەوتووی پارەدۆڕێن لە حاڵی تەبیعی دەرئەچێ و قسەی ناشیرین ئەڵێ ئیشی ناهەموار ئەکا و ئاشووب لە ناودا پەیدا ئەبێ.

وە لە باری دینیشەوە خۆ بێ‌هۆشکردن وە یا خۆخەریککردن بە قومار ئینسان بێ‌مەجال ئەکا لە خواپەرستی بەڵکوو دڵی ڕەش ئەکاتەوە و نووری ئیمانی یا کز ئەبێ یا نامێنێ وە لە زیکری خودا و عیبادەت دوورئەکەوێتەوە وەکوو خودا فەرموویەتی.

﴿وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾

واتە شەرابخواردنەوە و قومار کردن مەنعتان ئەکا لە زیکری خودا و لە نوێژ کردن.

﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾﴾

جا ئایا ئێوە لە پاش ئەم بەیانە دەسبەردار ئەبن؟ واجبە کە دەسبەردار بن.

﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَٱحْذَرُوا۟﴾

فەرمانبەری خودا و پێغەمبەر بکەن و خۆتان بپارێزن لە عەزابی دنیا و قیامەت.

﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٩٢﴾﴾

جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم فەرمانانە بزانن کە پێغەمبەری ئێمە هەر گەیاندنی فەرموودەی خودای بە شێوەیەکی رووناك لەسەرە و بەس، ئیتر ئێوە کەیفی خۆتانە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە کە ئیبنوعەباس و بەڕائی کوڕی عازیب و ئەنەسی کوڕی مالیك رضي الله عنهم فەرموویانە: کاتێ کە ئایەت نازڵ بوو بۆ حەرامکردنی شەراب کۆمەڵێ لە ئەسحابەکان فەرموویان: ئەبێ حاڵی ئەوانە چۆن بێ کە مردوون و لە وەختی خۆیا شەرابیان خواردووە و قوماریان کردووە؟ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە:

﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ [وَعَمِلُوا۟] ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟﴾

واتە: گوناح و تاوان نییە لەسەر ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە یاسای دینی ئیسلام و کردەوەی باشیان کردووە، لەو شەرابەدا کە خواردوویانەتەوە و لەو کردەوانەدا کە کردوویانن.

﴿إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾


مادام ئیمرۆ لەسەر ئەو ئیمانە مابن و خۆیان بپارێزن لەو شتانە کە حەرامکراون لەسەریان و ئیستیمرار بکەن لەسەر کردەوەی چاکە لە بەینی خۆیان و نەفسی خۆیانا بە بێ ئەوەی کەس پێیانبزانێ.

﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟﴾

پاش ئەوە دەوام بکەن لەسەر تەقوا و ئیمان لە بەینی خۆیان و خەڵکدا.

﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ۗ﴾

پاش ئەوەیش تەقوای خودا بکەن و کردەوەی چاکە بکەن لە بەینی خۆیان و خودادا. واتە ئیمان و تەقوا و کردەوەی چاکە یەکەم پلە وا لە لای نەفسی خۆیا، دووەم پلە وا لە بەینی خۆی و خەڵکدا، سێهەم پلە لە بەینی خۆیان و خودای تەعالادایە. وە بازێ فەرموویانە: تەقوا و ئیمانی پلەی یەکەم بۆ ئەو زەمانە پێشووەیە کە شەراب حەرام نەکراوە و قومار باو بووە لە ناودا، وە پلەی دووهەم بۆ زەمانی پاشترە کە ئەوانە حەرامکراون، وە پلەی سێهەم بۆ دەوام و مانەوەیە لەسەر ئەو حاڵە باشە هەتا ئەمرێ.



﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾

وە خودای تەعالا پیاوچاکان و چاکەکەرانی خۆش دەوێ.

فەرموودەی خودا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ﴾ **الآية.**

ئەم ئایەتە لە ساڵی حودەیبییەدا نازڵ بوو ئەسحابەکان لە ئیحراما بوون و حەیوانە کێوی نزیك ئەبوونەوە لێیان بە نەوعێ کە تیر و رمیان پێ ئەگەیشت و نەچیر کردنیان ئاسان بوو. جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام بە راستی خودا بەراوردتان ئەکا بە شتێکی کەم لە نەچیر کە لە کێوەکانەوە دێنەخوارەوە بۆ بەردەستان بە نەوعێکی وەها کە دەستتان و رمتان پێیان ئەگات.

﴿لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ﴾

هەتا عیلمی خودا تەعەلوق ببەستێ بەو کەسانەوە کە لە خودا ئەترسن لە بەینی خۆیان و خودادا.

﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٩٤﴾﴾

جا هەر کەسێ پاش ئەم نەهیە دەستدرێژی بکا بۆیان ئەوە عەزابێکی سەخت و بە ئازاری هەیە.

فەرموودەی خودا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە کە: لە عومرەی حودەیبییەدا کەرە کێوییەك دەرکەوت، جا «ابوالیسر» بە رمەکەی لێیدا و کوشتی، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە لە کاتێکا کە ئێوە لە ئیحرامدا بن نەچیر مەکوژن.

﴿وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾

وە هەرکەسێ لە ئێوە نەچیرێ بکوژێ بە عەمدی و بزانێ، ئەوە لە سەریەتی جەزا و تۆڵەدانەوە بە حەیوانێ کە وەکوو ئەو نەچیرە وابێ و دوو پیاوی خاوەن عەداڵەت دایبنێن و حوکمی پێ بکەن.

﴿هَدْيًا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ﴾

کە حاڵی وابێ بکرێ بە حەیوانێکی نێرراو بۆ حەرەمی مەککە و لەوێ سەری ببڕرێ.

﴿أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ﴾

یا کەفارەتێ بدا کە بریتییە لە قیمەتی ئەو حەیوانە بە خواردەمەنی و بیدا بە فەقیر و هەژار.

﴿أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾

یاخود بە ئەندازەی ئەو تەعامە بەڕۆژوو بێ بەم شێوە لە باتی هەموو مشتێ ڕۆژێ بە ڕۆژوو بێ. وەلحاسڵ ئەو نەچیرە کە بە عەمدی کوشتوویەتی ئەگەر وێنەی هەبێ کابرا خاترخۆیە لە بەینی سێ شتا: یا سەربڕینی وێنەکەی لە حەرەمی مەککەدا بۆ فەقیرانی ئەوێ، یاخود قیمەتی ئەو حەیوانە بدا بە دانەوێڵە و بیدا بە فەقیران، یا لە باتی هەموو مشتێ ڕۆژێ بە ڕۆژوو بێ، وە ئەگەر حەیوانە نەچیرەکە وێنەی نەبوو ئەوە خاترخۆیە لە بەینی دوو شتەکەی دواییدا.

﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ﴾

ئەم جەزای نەچیرە واجبە لەسەری بۆ ئەوە کە ئازاری ئەم کارە ناباری خۆیە بچێژێ.

﴿عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ﴾

خودا عەفوی کردووە لەو نەچیر کوشتنە کە لە زەمانی جاهیلییەتدا بووە یا کە لە زەمانی ئیسلامدا لە پێش تەحریمی نەچیر کوشتندا بووە، یا لەم جارەدا کە «ابواليسر» کوشتی.

﴿وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ﴾

وە هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆ سەر نەچیر کوشتن ئەوە بێجگە لەو جەزایە کە بڕیاردراوە بۆی خودا ئینتیقامی لێ وەرئەگرێ لەبەر ئەوە یاسای تێکداوە.

﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ٩٥﴾

خودای تەعالا غالبە بەسەر خواستی خۆیا و تۆڵەسێنە لەوانە تاوانبارن بە تایبەتی لەوانە کە دەوام لەسەر تاوانکردن ئەکەن.

﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَـٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾

حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە، ئەی موسوڵمانان، نەچیری دەریا و خواردەمەنی دەریا لەوی کەوتبێتە سەر ئاو یاخود رۆچووبێ، لەبەر لەزەت وەرگرتنتان لەو نەچیر و خواردەمەنی دەریایە بۆ ئێوە کە نیشتەجێ بن وە بۆ کاروانیتان خواه لە ئیحرامدا بن یا لە ئیحراما نەبن.

﴿وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا﴾

وە حەرام کراوە لەسەرتان نەچیری وڵاتی وشکان مادام لە ئیحرامدا بن.

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ٩٦﴾ ۞

خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی ئەو خودایە کە ناتوانن لە دەستی دەرچن وە بۆ حوزووری ئەو گردئەکرێنەوە لە قیامەتا.

﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ﴾

خودای تەعالا ئەو کەعبە کە خانوویەکە خاوەن پایە و شان و شەرەفە و ناڕەوایە تیایا بێئەدەبی و نافەرمانی حەق، کردوویەتی بە هۆی ڕاوەستانی هەموو موسوڵمانێ بە هۆی ئەوەوە کە لە ئەساسا کردی بە جێگەی هاتنە خواری پەیامی خودایی بۆ ڕەهنومایی ئادەمیزاد و کردی بە هۆی فێربوونی ئادابی دینی و دنیایی بەهۆی نازڵکردنی قورئانەوە، وە بە هۆی مانەوەی دین و ئەخلاقی ئیسلامی وە بە تایبەتی کردی بە هۆی ڕاوەستانی ئەو ئوممەتە کە وان لە دەوروبەریا کە خودای تەعالا کردوویە بە پەنا و جێگەی هێمنی و لە هەموو جانیبی دنیاوە خەڵکی دێن بۆ حەج و ڕزق و ڕۆزی و ژیواری بۆ دێنن و لەوێ سەرفی ئەکەن بە پیاوەتی و خێرۆمەندی وە یا بە هۆی بازرگانییەوە هەروا لە ڕۆژێکەوە دروست کراوە هەتا هەتایە.

﴿وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ﴾

هەروا مانگی حەرام کە مانگی قوربانە کردوویەتی بە هۆی ڕاوەستانی ئادەمیزاد لەم جیهەتەوە کە کاتی عیبادەتە و ئاشووب نییە تیایا یاخود هۆی سوودی دینی عیبادەت و عەفو کردنی تاوانی تاوانبارە، یا لەم هۆوە کە تیجارەت و سوودی دنیای تیایە.

﴿وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَٰٓئِدَۚ﴾

هەروا خودا حەیوانی «هدی» کە حەیوانێکە بە دیاری ببرێ بۆ مەککە لە مەوسیمی حەجدا وە بە تایبەتی ئەوانە کە گەردەنبەند کراوەتە ملیان و دیاری کراون.

﴿ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾

ئەم فەرمانانەم بڕیار دا هەتا بزانن کە خودای تەعالا زانایە و ئەزانێ بە هەرچی وا لە ئاسمانەکانا و هەرچی وا لە عەرزا.

﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ۝٩٧﴾

نەك هەر ئەوانە بەڵكوو بە هەموو شتێ زانایە.

﴿ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٩٨﴾

وە بزانن کە عیقابی خودا توندە و بە راستی خودا خەتا پۆش و میهرەبانە و پێویستە ئاگاتان لەم فەرمانانە ببێ.

﴿مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ۝٩٩﴾

وە لەسەر پێغەمبەر نییە گەیاندنی فەرمانی خودا نەبێ وا گەیاندی و ئەیگەیەنێ وە خودا زانایە بەوەی ونتان کردووە لە خەڵك و ونی ئەکەن وە بەوەی دەرتان بڕیوە و دەری ئەبڕن و غەیب و شەهادە لە لای خودا یەکسانە.

فەرموودەی خودا: ﴿قُل لَّا يَسْتَوِي ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ﴾ الآية.

واحیدی و ئەسفەهانی ریوایەتیان کردووە لە جابیرەوە رضي الله عنه: پاش ئەوە کە خودا شەرابی حەرام کرد حەزرەت رۆژێ باسی حەرامی شەرابی کرد و عەرەبێ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا من بە هۆی تیجارەتی شەرابەوە ماڵێکی زۆرم پێکەوە ناوە، ئایا سوودی هەیە بۆم ئەگەر ئەو ماڵە سەرف بکەم لە رێگەی خودادا؟ حەزرەت لە وەڵامیا فەرمووی: «خودا تەنها شتی پاك وەرئەگرێ» جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد.

وە بازێ کەس ئەڵێن: نازڵ بووە لە کاتێکدا کە موسوڵمانەکان ویستیان دەست راکێشن بۆ حەجاجی یەمامە کە لە عەهدی کوفر و شیرکا هاتبوون بۆ حەج و بیانکوژن و ماڵەکەیان لێ بسێنن، وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو نەهی کرد لە موسوڵمانەکان لەو دەسدرێژییە و فەرمووی:

﴿قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ پیس و پاك وەكوو یەك نین لە هیچ بابەتێكدا چ لە ئینسانا چ لە كردەوەدا چ لە ماڵدا.

﴿وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ﴾

هەرچەند ئەو ماڵە پیسە یا ئەو شتە پیسە بتخاتە تەعەجوبەوە لەبەر زۆری یا هەرچەن بتخاتە شادمانییەوە لەبەر زۆری؛ چونكە ڕەفیقێكی باش لە دە ڕەفیقی نابار باشترە، وە تاقە دینارێكی حەڵاڵ لە دە دیناری حەرام باشترە، وە تاقە نوێژێكی بە خوشووع لە دە نوێژی بێ‌خوشووع باشترە. كەوابێ پێویستە بۆ هۆشیار بە دەوام قەناعەت بكا بە كەمێكی باش و لانەدا بۆ زۆرێكی خراپ.

﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

دەی خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خودا ئەی خاوەن دەماخەكان و خاوەن هۆشەكان بەڵكوو ڕزگار ببن.

فەرموودەی خودا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟...﴾

ریوایەت كراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه: كە ڕۆژێ حەزرەت ﷺ خوتبەی ئەخوێندەوە زۆر عاجز بووبوو لەبەر پرسیاری زۆری بێ‌مەعنا ئەویش فەرمووی: هەر شتێ پرسیار بكەن جوابتان ئەدەمەوە، جا كابرایێ بانگی كرد: باوكم لە كوێیە؟ حەزرەت فەرمووی: وا لە ناو ئاگرا. وە پیاوێ‌تر وتی: باوكی من كێیە؟ فەرمووی: باوكت «حذافە»یە، وە لەو وەختەدا نیسبەت بە یەكێ‌تر ئەدرا. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە کاتێ ئایەتی: ﴿ولله على الناس حج البيت﴾[1] نازڵ بوو سەراقەی کوڕی مالیك عەرزی کرد: هەموو ساڵێ؟ وە حەزرەت جوابی نەدایەوە، دووبارە پرسیاری کردەوە حەزرەت هەر گوێی پێ نەدا، جا بۆ جاری سێهەم عەرزی کردەوە، جا حەزرەت فەرمووی: نەء هەر یەك جار وە ئەگەر بم وتایە بەڵێ واجب ئەبوو نەیشتان ئەتوانی، جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام پرسیار مەکەن لە پێغەمبەر ﷺ لە بازە شتێکی وا ئەگەر حەقیقەتەکەی دەربکەوێ بۆتان تووشی نارەحەتیتان بکا و غەمبارتان بکا.

﴿ وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ ﴾

وە ئەگەر ئێوە پرسیاری لێ بکەن لەو کاتەدا کە قورئان نازڵ ئەبێ و وەحی دێتەخوارەوە بۆتان دەرئەکەوێ.

﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَاۗ ﴾

خودا عەفوتان بکا لەو پرسیارە بێموناسەبانە کە لەمەوبەر کردووتانە ئیتر مەگەڕێنەوە بۆ وێنەیان.

﴿ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٞ ١٠١ ﴾

خودای تەعالا خەتاپۆش و خاوەن حیلم و بە کەرەمە.

﴿ قَدۡ سَأَلَهَا قَوۡمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡ ثُمَّ أَصۡبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ ١٠٢ ﴾

---

١. آل عمران؛ ٩٧.

بە راستی کۆمەڵێ لە پێش زەمانی ئێوەدا پرسیاری وەکوو ئێوەیان کرد و چەن شتێکیان داوا کرد، بەڵام لەبەر ئەوە کە بە شێوەی عەناد و ناباری بوو هەرچەن داوا کراوەکەیان پێ درا لە ئەنجاما ئینکاری حوقووقی ئەوانەیان کرد، ئەوەتە قەومی ساڵح داوای وشترێکیان کرد کە لە بەردێك بۆیان بێتەدەرەوە وە بۆیان کرا و لە ئەنجاما کوشتیان، بەنیئیسرائیلیەکان داوای پاشایان کرد کە خودا پاشای بۆ دیاری کردن پێی رازی نەبوون هەتا فەرز کرا بەسەریانا، وە قەومی عیسا داوای «مائیدە» ـ سفرەی ـ ئاسمانییان کرد و بۆیان هاتەخوارەوە کەچی پاش هاتنەخوارەوە بوو بە هۆی فیتنە و تێکچوونی دڵی بازێکیان. ئێوەیش لەسەر ئەم نەوعە پرسیارە دەوام بکەن تووشی فیتنە ئەبن.

﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٖ وَلَا سَآئِبَةٖ وَلَا وَصِيلَةٖ وَلَا حَامٖ﴾

خودای تەعالا ئەم نەوعە شتانەی لە دینا بڕیار نەداوە.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ١٠٣﴾

بەڵام ئەو کەسانە کە باوەڕیان نییە بە خودا و بە دینی خودا درۆ دروست ئەکەن و دەمهەڵبەست ئەکەن لەسەر خودا و ئەڵێن ئەمانە هەن و مەشرووعن وەلحاڵ زۆری ئەم کۆمەڵە کە ئەمانە ئەکەن و ئەم درۆ و دەلەسە هەڵئەبەستن هۆشیار نین و شوعووریان ناڕوا بۆ ئومووراتێ کە خێری تێدا بێ بە بێئەساس ئەو شتانە دروست ئەکەن.

یاسای عەرەبە موشریکەکان وابووە کە هەروەختێ وشترێکیان پێنج سك بزایێ و دوا سکەکەی نێر بوایە ئەهاتن گوێی ئەو وشترەیان هەڵئەقڵیشان و بەرەڵایان ئەکرد: نە سواری ئەبوون و نە ئەیاندۆشی، «بەحیرە» بەو وشترە ئەڵێن، یانی گوێ هەڵدڕراو. وە بازێ کەس کە نەخۆش ئەکەوت ئەیوت: ئەگەر خودا شیفای دام لەم نەخۆشییە فلانە وشتر «سائیبە» بێ، یانی مەرەخەس بێ و بەرەڵا بێ، ئەمەیش «سائیبە»یە.

وە ئەگەر وشترێ بزایێ بە مێچکە ئەوە خۆیان هەڵیان ئەگرت و خۆشیان ئەویست و ئەیانوت: ئەمە بۆ خۆمانە، وە ئەگەر بەچکەکەی نێر بوایێ ئەیانوت: ئەمە بۆ بتەکانە وە سەریان ئەبڕی، وە ئەگەر بە سکێ مێچکەیەك و نێرەیەکی ببوایە ئەیانوت: ئەم بەچکە مێچکە براکەی هێناوەتە لای خۆی لەبەر خاتری ئەو مێیە نێرەکەیشیان ئەهێشتەوە و سەریان نەدەبڕی و ناو ئەبرا بە «وصیلە» یانی «موصولە» واتە لکاوە بە مێچکەکەوە و لەبەر ئەوە سەری نابڕن.

وە هەر وشترێکی «فەحل» بە هۆی پەڕینی ئەوەوە وشترێك دە جار بزایە، بەو وشترە نێرەیان ئەوت پشتی خۆی پاراستووە و سەری نابڕین ئەمەیش ناوئەبرا بە «حامی» خۆپاراستوو لە سەربڕین. ئەمە هەموو یاسای زەمانی نەزانی بوون.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ١٠٤﴾

ئەفەرموێت: بێعەقڵی ئەو قەومە ئەوەندە غاڵبە بەسەریانا ئەگەر پێیان بوترێ وەرن بۆ فەرمانی ئەو حوکمەی خودا رەوانەی کردووە و بێن بۆ لای پێغەمبەری خۆشەویست و ئامۆژگاری لەو وەربگرن. لە وەڵاما ئەڵێن ئێمە نایەین بۆ لای کەس، بەسە بۆ ئێمە ئەو یاسا و ئەو جۆرە رەفتارە و ئەو جۆرە بیر و باوەڕە کە باوك و باپیرەمان بۆی بەجێ هێشتووین و ئێمە ئەوانمان لەسەر ئەو شێوە دەس کەوتووە، خودایش لە رەدکردنەوەیانا ئەفەرموێت: ئایا ئەگەر باوك و باپیرەکەیشیان هیچ نەزان بووبن و لەوانە بووبن کە شارەزا نەبووبن بۆ رێگەیەکی راست هەر ئەکەونە شوێنیان و هەر بەسیانە بیر و باوەڕی ئەوان و کار و کردەوەی ئەوان؟ زۆر جێگەی سەرنجە

ئەم کارە! واتە واجبی هۆشیار ئەوەیە کە شت لێکەوەبدا و خراپەکەی دەفع بکا و چاکەکەی وەربگرێ و یاسایێ هەمووی ناشیرین بێ بۆ وەرگرتن ناشێ.

فەرموودەی خودا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﵁ کە حەزرەت ﷺ نامەی نووسی بۆ لای خەڵکی «هەجەر» و، لەو کاتەدا مونزیری کوڕی ساوی گەورەیان بوو، بۆی نووسی: بێن موسوڵمان ببن، کاتێ ئەو نامە گەیی بە مونزیر نیشانی قەومەکەی دا لە عەرەب و لە یەهوود و نەسارا و سابیئە و مەجووس هەموو ئیقراریان کرد بە جیزیەدان و نەیانویست کە موسوڵمان ببن. جا حەزرەت ﷺ بۆی نووسییەوە: «أما العرب فلا تقبل منهم إلا الإسلام أو السيف، و أما أهل الكتاب والمجوس فأقبل منهم الجزية» فەرمووی: قەومەکەت ئەوەی عەرەبە هەر ئیسلام بوونیان لێ قەبووڵ بکە، بەڵام ئەوانەیان کە کیتابی و مەجووسین ئەوە جیزیەیشیان لێ وەربگرە. کاتێ ئەم نامە گەیشتەبەرەوە عەرەبەکان هەموو موسوڵمان بوون بەڵام ئەهلی کیتاب و مەجووسییەکان جیزیەیان دا. جا عەرەبە مونافقەکان وتیان: سەرمان سووڕماوە لە موحەممەد کە خودا ناردوویەتی بۆ ئەوە کە شەڕ بکا لە وەختی خۆیا لەگەڵ هەموو کافرێکدا هەتا موسوڵمان ئەبن و جیزیە قەبووڵ نەکا لە ئەهلی کیتاب نەبێ کەچی ئێستە جیزیە لە کافرەکانی ئەهلی هەجەر وەرئەگرێ؟! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە لە عەرەب هیچ زیان نادا لە ئێوە گومڕاهی ئەوانە گومڕاهـ بوون لە ئەهلی کیتاب و ئێوە موسوڵمان ببن، وە ئێوە لەسەرتانە کە خۆتان بپارێزن لە هەموو بیر و باوەڕێکی نابار وەکوو کوفر و بیدعەت و لە هەموو کردەوەیەکی

ناپەسەند وە مادام ئێوە حاڵتان وەها بوو ئیتر کوفر و فیسق و بەدکاری خەڵکی زیان نادا لە ئێوە؛ ئەوانە کە جیزیە ئەدەن و لەسەر کوفر ئەمێننەوە خۆیان زیانبار ئەبن نەك ئێوە، وە تانە و تەشەری ئەو عەرەبانە کە ئەیانەوێ ئێوە هەر لەسەر دینی پووچی زەمانی جاهیلییەت بڕۆن تەئسیری خراپی نابێت بۆتان.

﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾

هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەتان بە تێکڕایی.

﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

جا خودا خەبەرتان پێ ئەدا بە جەزا و تۆڵەی ئەو گوناهانە کە کردووتانە.

ریوایەت کراوە لە ئەبووبەکری سدیقەوە ﵁ فەرموویەتی لەم ئایەتی: ﴿لا یضرکم من ضل إذا اهتدیتم﴾ەدا من بیستوومە لە پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: هەر کاتێ کە کۆمەڵەی ئادەمیزاد چاویان کەوت بە کەسێکی زۆردار و غەددار و نەیاندا لە دەستی ئەوە نزیکە خودای تەعالا عەزابی هەموویان بدا.

وە ئەبووئومەییە ئەڵێ: پرسیارم کرد لە ئەبووسەعلەبە لە مەعنای ﴿یا أیها الذین آمنوا علیکم أنفسکم لا یضرکم من ضل إذا اهتدیتم﴾ ئەویش فەرمووی: وەڵڵا منیش پرسیارم کرد لە ئاگادارێکی گەورە، پرسیارم کرد لە حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی: ئەمر بکەن بە چاکە و نەهی بکەن لە خراپە هەتا زەمانێ کە چاوتان ئەکەوێ بە رژدێکی فەرمانبەرداری کراو، وە ئارەزووبازی و کەوتنە شوێنی هەوا. جا کە وەزعی دنیا وەها گۆڕا لەسەرت بێ ئەو شتانە کە عەلاقەیان هەیە بە نەفسی خۆتەوە و واز بێنە لە رەشە ئادەمیزاد؛ چونکی لە پاش ئەم رۆژەتانا چەند رۆژێکی وا دێت خۆ گرتن لەو رۆژانەدا وەکوو ئەوەیە پشکۆیێ ئاگر بخەیتە مشتتەوە، وە لەو رۆژەدا هەیە بۆ ئەو کەسانە کە کردەوەیان باشە پاداشی پەنجا کەس لە ئێوە. جا عەرزی

کرا: پەنجا کەس لە ئێمە یا لە خۆیان؟ فەرمووی: ئەجری پەنجا کەس لە ئێوە. ئەم حەدیسە ئەبوداوود و ترمزی ریوایەتیان کردووە.

وە بازێ کەس وا حاڵی بوون هەرکەسێ خۆی نەختێ کردەوەی باش بێ ئیتر ئەگەر حەقی نەبێ بەسەر کەسەوە ئەوە دروستە، بەڵام ئەم فیکرە هەڵەیە چونکی خودا فەرموویەتی: ﴿لا یضرکم من ضل إذا اهتدیتم﴾ وە هیدایەتی راستی لە کاتێدا جێبەجێ ئەبێ کە کابرا واجباتی خۆی جێبەجێ بکا. وە لە جوملەی واجباتی ئینسانی موسوڵمان ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەرە، ئەگەرنا مادام ئەم واجبە بەجێ نەهێنێ ئەوە بە موهتەدی کامڵ ناناسرێ و بەر مەعنای «إذا اهتدیتم» ناکەوێ.

بێدار بن! زاناکان لە مەعنای فەرموودەکەی حەزرەتا کە فەرموویەتی «یەکێ لەوان ئەجری حەفتا[١] کەسی لە ئێوە هەیە» زۆر قسەیان کردووە:

١. بازێکیان ئەڵێن ئەوەندە دەلیلی زۆر لە ئایەت و لە حەدیسا هەیە لەسەر زیادە پایەی ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ ئەبێ مەعنای ئەم حەدیسە وەهابێ بڵێین هەر بۆ تەشویق و تەرغیبی ئوممەتی ئاخر زەمانە لەسەر رەفتاری باش ئەگەرنا رەفتاری ئەوان ناگاتە پایەی رەفتاری ئەسحابە چ جای ئەوە زیاد بکا لەوە!

٢. وە بازێکیان ئەڵێن مەبەست تەنیا پایەی خەڵکە لەو رەفتارە شەرعییەدا کە لە کاتی تاریکی دنیا و هێرشی فیسق و فجوورو تەماعی دنیا و غەریب کەوتنی دیندا ئەیکەن ئەگەرنا پایەی سوحبەتی حەزرەت ﷺ بۆ کەس نابێ.

٣. وە بازێکیش فەرموویانە مانیع نییە لەوە کە بەعزێ لە خەواسی ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ لە ئاخر زەمانا لەبەر ئیخلاسی و ساغی دڵ و رەفتاری باش و

[١. لە حەدیسەکەدا پەنجا کەس وتراوە، لەوە ئەچێ ئەم وشەی حەفتا کەسە هەڵەی چاپی بێ ـ بڵاوکردنەوە کوردستان].

بڵاوکردنەوەی دین ئەجری بە قەی گەلێ ئەسحابە بێ کە ئەو نەوعە خزمەتەیان نەکردبێ ئیتر پایەی سوحبەت مەبەست نییە لەو فەرموودەدا.

فەرموودەی خودا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ ﴾.

ترمزی و بوخاری ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ئەفەرموێ: پیاوێ لە «بەنیسەهم» لەگەڵ تەمیمی داری و «عەدی»ی کوڕی «بەدداء»دا چوون بۆ سەفەر، پیاوە «سەهمی»یەکە لە ڕێگەدا مرد لە شوێنێکا موسوڵمانی تێدا نەبوو، کاتێ دوو پیاوەکەی هاوڕێی میراتەکەیان هێنایەوە جامێکی زیو ـ کە مێخی ئاڵتوونی تێدا بوو ـ دیار نەبوو، پێغەمبەر ﷺ سوێندی دان، دوایی جامەکە لە مەککە دۆزرایەوە، وتیان لە «عەدی» و «تەمیم»مان کڕیوە، لەوێدا دوان لە خزمی یارۆی سەهمی ـ کە مرد ـ سوێندیان خوارد و وتیان: شایەتییەکەی ئێمە ڕاستترە لە شایەتی ئەو دوانە ـ دوو هاوڕێی یارۆی مردوو ـ و جامەکە جامی خزمەکەمانە، ئیبنوعەباس ئەڵێ: ئەم ئایەتی ﴿یا أیها الذین آمنوا شهادة...﴾ە لەوانەدا هاتە خوارەوە.

ریوایەت کراوە: کە ئەو جامە کاسەیێ بوو لە زیو نەخش کرابوو بە ئاڵتوون وەکوو «خوص»، و تەمیمی داری لە پێش ئیسلام بوونیا کە نەسرانی بوو چووبوو بۆ شام بۆ تیجارەت و عەدیی کوڕی بەددائی لەگەڵدا بوو، لەوێدا ئەو بەدیل ناوی مەولای عەمری کوڕی عاسی وائیلی سەهمییە کە چووبوو بۆ شام بۆ تیجارەت لە شامدا نەخۆش کەوت و وەسێتی کرد بۆ تەمیم و عەدی کە: ئەو ماڵە و ئەو جامە ببەنەوە بۆ میراتبەرەکانی لە هۆزی «سەهم» ئەوانیش وایان کرد بەڵام جامەکەیان نەداوە و فرۆشتیان بە هەزار درەم و لە ناو خۆیانا بەشیان کرد و یەکی نیوەیان هەڵگرت. جا کاتێ تەمیم موسوڵمان بوو هات بۆ مەدینە جامەکەی دەرخست کە فرۆشراوە و

پێنج‌سەد درەمەکەی لای خۆی دایەوە بە هۆزی سەهم ئەوانیش داوای باقی پارەکەیان کرد لە عەدیی ئەو ئینکاری کرد و نیزاعەکە گەیشتە لای حەزرەتﷺ و داوای شاهیدی کرد لە هۆزی سەهم شاهیدیان نەبوو وە داوای سوێندی کرد لە عەدیی سوێندی خوارد، جا ئایەتی: ﴿یا أیها الذین آمنوا شهادة بینکم...﴾ هاتە خوارەوە. وە عەمری کوڕی عاسی کوڕی وائیلی سەهمی و مەتلەبی کوڕی وەداعەی سەهمی بە هۆی بەیانەکەی تەمیمی دارییەوە لەسەر عیلمی خۆیان بەوە کە جامەکە ناسراو بوو سوێندیان خوارد و جامەکەیان وەرگرتەوە.

ئەم ریوایەتە لەگەڵ زاهیری ئایەتەکەدا و زاهیری ئەو حەدیسە شەریفەیش کە ترمزی و بوخاری ریوایەتیان کردووە رێك ناکەوێ و پێویستە بە تەئویل؛ چونکە زاهیری ئایەتەکە ئەوەیە کە حەزرەتﷺ سوێندی تەمیم و عەدی داوە و سوێندیان خواردووە و لە پاش ئەو خەیانەتەکەیان دەرکەوتووە.

وە لە ریوایەتێکی‌تردا ئەڵێت؛ تەمیمی کوڕی ئەوسی داری و عەدی کوڕی زەید دەرچوون بۆ تیجارەت بۆ شام و لەو کاتەدا نەسرانی بوون و بەدیلی کوڕی ئەبوومەریەم ـ عەبدی عەمری کوڕی عاس ـ لەگەڵیان رۆیشت بۆ شام بۆ تیجارەت و موسوڵمان بوو، کاتێ گەیشتنە شام بەدیل نەخۆش کەوت و کاغەزێکی نووسی حیسابی هەمووماڵەکەی خۆی تێدا بوو خستیە ناو بوخچەی جل‌وبەرگەوە و باسی ئەمەی نەکرد بۆ تەمیم و عەدی و وەسیەتی بۆ کردن ئەم کەل و پەلی منە هەموو ببەنەوە. پاش ئەوە بەدیل مرد و ئەم دوو کەسە گەڕان بەناو کەل‌و پەلەکەیدا جامێکی زیویان دیتەوە سێسەد مسقاڵ وەزنی بوو وە نەخش کرابوو بە ئاڵتوون، ئەم جامەیان دەر کرد و باقی کەل‌وپەلەکەیان دایەوە بە خاوەن ماڵەکە و ئەوانیش کاغەزەکەیان دەرهێنا و خوێندیانەوە و ئاگادار بوون لەوە ئەو جامە نەماوە. جا پرسیاریان کرد لە «تەمیم»

و «عەدی»: ئایا بەدیل لەو ماڵی خۆیە هیچی فرۆشت؟ وتیان: نەخێر. وە وتیان، ئایا نەخۆشینەکەی توولی کێشا هەتا پێویستی ببێ بە قەرزێ یا فرۆشتنی ماڵێ لەوەی کە لەلای بووە؟ وتیان: نەخێر، بەڵکوو کە گەیشتینە شام نەخۆش کەوت و ئەوەندەی پێ نەچوو مرد. جا وتیان: دەی ئێمە لە کاغەزێکدا کە ئەو نووسیویەتی چاومان پێ ئەکەوێ جامێکی ناردووەتەوە لە زیو کە نەخش کراوە بە ئاڵتوون و وەزنەکەی سێسەد مسقاڵە. ئەوانیش وتیان: ئاگامان لێی نییە، بەس وەسێتی بۆ کردووین کە ئەم کەل‌وپەلە بدەین بە ئێوە ئەوەتا هێناومانە بۆتان، ئیتر ئاگامان لە جام نییە. جا شکاتی خۆیان برد بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو وە حەزرەت لە پاش عەسرا دوای نوێژ تەمیم و عەدی سوێند دا لە پاڵ مینبەردا، سوێندی دان کە خەیانەتیان نەکردووە کەم و زۆر لەوەی بەدیل تەسلیمی کردوون و حەزرەت ﷺ فەرمووی: بڕۆن. لە پاش ئەمە جامەکەیان لە مەککەدا دەرکەوت و میراتبەرەکانی بەدیل ئاگادار بوون و داوایان کرد لە تەمیم و عەدی، ئەوانیش وتیان: وەختی خۆی ئێمە کڕیبوومان لە بەدیل بەڵام لەبەر ئەوە کە شاهیدمان نەبوو بە باشمان نەزانی ئیقرار بکەین بەو مامەڵە، جا بردنیانەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ، جا ئایەتی: ﴿فإن عثر على أنهما﴾ نازڵ بوو وە عەمری کوڕی عاس و «مطلب»ی کوڕی وەداعەی سەهمی سوێندیان خوارد کە تەمیم و عەدی بە درۆ سوێندیان خواردووە و خەیانەتیان کردووە جا ڕۆیشتن جامەکەیان هێناوە بۆیان و تەسلیمیان کردەوە بە خاوەنە شەرعییەکەی، خودا ئەفەرموێت:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَـٰدَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام! شەهادەتدانی ناو ئێوە کاتێ کە مردن هاتبێتە سەری و بیەوێ وەسیەت بکا، شەهادەتی دوو کەسی عادڵ و راساڵە لە ئێوە و لە موسوڵمانان.

﴿أَوْ ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَأَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةُ ٱلْمَوْتِ ۚ﴾

یاخود شەهادەتی دوو کەسیترە لە ئێوە ئەگەر ئێوە لە سەفەردا بوون و مسیبەتی مردنتان بەسەراهات، جا پاش ئەوە کە ئەو کەسە کران بە جێگەی باوەڕ بۆ کابرای مردوو وە وەسیەتی بۆ کردن و مرد.

﴿تَحْبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعْدِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾

ئەو دوو کەسە رابگرن لە پاش نوێژی عەسر.

﴿فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِى بِهِۦ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۙ وَلَا نَكْتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْءَاثِمِينَ ﴿١٠٦﴾﴾

جا ئەگەر گومانتان پەیدا کرد با ئەو دوو کەسە سوێند بخۆن و بڵێن: بەخوا بەم سوێندە کە ئەیخۆین مەبەستمان ئەوە نییە کەماڵێکی دنیای پێ پەیدا بکەین، با ئەو کەسەیش کە بە سوێندەکەی ئێمە ماڵی دەس ئەکەوێ لە خزم و خوێشانی ئێمە بێ، وە ئێمە شەهادەتێ کە خودای تەعالا بڕیاری داوە لە دینا نایشارینەوە و وەسیەتی کابرای وەسیەتکەر وناکەین و ئەگەر ماڵی دونیا وەربگرین لە کەس یا شەهادەت ون بکەین ئێمە لە جوملەی تاوانباران ئەبین.

﴿فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَٰنِ﴾

جا پاش شەهادەتی ئەو دوو کەسە ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە ئەو دوو شاهیدە تاوانبار بوون و بەو شایەتییە گوناهبار بوون و درۆیان کردووە ئەوە دوو کەسی‌تر راوەستێنن لە جێگەی ئەو دوو شایەتە تاوانبارانە کە شەهادەتیان لەسەر دان لەم تاقمە کە حەق کەوتە سەریان کە نزیکترن بە مردووەکە.

﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا﴾

جا سوێند بخۆن بڵێن: شایەتی ئێمە راستترە لە شایەتی ئەو دوو کەسە.

﴿وَمَا اعْتَدَيْنَا﴾

وە لەم شایەتییەدا کە ئێمە ئەیدەین بە سەر حەقی کەسدا ناڕۆین.

﴿إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ ﴿١٠٧﴾﴾

بە راستی ئەگەر ئێمە تەجاوز بکەین لەسەر حەقی خەڵك دەرئەکەوێ کە ئێمە لە گرۆهی ستەمکارانین و لەوانەین کە حەق ئەشارینەوە و بەتاڵی لە جێگەدا دائەنێین.

﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾

ئەم یاسا کە دامانانا لە وەسیەتکردنی ئینسانی نزیك بەمردندا بە تایبەتی لە سەفەردا کە وتمان پێویستە دوو پیاوی عادڵ لە خۆتان یا دوو کەسی‌تر شەهادەت بدەن لەسەر وەسیەتەکە وە لە کاتی گومانی خەیانەتیشا شایەتەکان سوێندی لەگەڵدا بخۆن وە بێجگە لەمەیش ئەگەر خەیانەتیان لێ دەرکەوت دوو کەس لە تاقمی میراتبەر کە نزیکترن بە مردووەکە سوێند بخۆن لەسەر مانەوەیماڵەکەیان. ئەم جۆرە یاسا زۆر نزیکترە لە راستی و ئەدای شەهادەت لە لایەنی وەسییەکانەوە بە شێوەی واقیع، وە نزیکترە لە ترسی گەڕانەوەی سوێند بۆ لای میراتبەرەکان؛ چونکی ئەگەر لە ئەسڵا

شایەتی وەسییەکان موئەککەد نەبێ بە سوێند هەروا بە بێ ئیهتیمامی شەهادەتێ ئەدەن و گوێ بە راستگۆیی نادەن لە شەهادەتەکەیانا و لەم لایشەوە کە حەقی سوێند بێ بۆ جانیبی میراتبەر زۆرتر جانیبی وەسی ئەترسن لە خەیانەتباری نەبادا شتێکیان لێ دەربکەوێ و ئەم لا سوێند بخۆن لەسەر خەیانەتەکەیان و ئابڕوویان بچێ لە دنیادا.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا﴾

لە خودا بترسن و ئەو ئەحکامانە کە دایانئەمەزرێنن وەریانبگرن و بە گوێی قەبووڵ بیانبیسن.

﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴿١٠٨﴾﴾

وە ئەگەر لە خودا نەترسن و حوکمی خودا نەبیسن فاسق ئەبن و خودای تەعالا هیدایەتتان نادا؛ چونکی قەومێ کە فاسق بێ و سوور بێ لەسەر ناباری خودا هیدایەتی نادات.

بزانن: لەم ئایەتەدا چەن شتێ هەیە:

یەکەم: لە ناو موفەسیرەکانا مەشهوورە کە ئەم سێ ئایەتە لە گرانترینی ئایاتی قورئانن لە جیهەتی ئیعراب و مەعنا و حوکمەوە و پێویستە ئینسان باش بە وردی بچێتە ناویان و تێیان بگات.

دووەم: ساحێبی تەفسیری بەیزاوی ئەفەرموێت: حوکمی سوێند خواردنی ئەو دوو کەسە مەنسووخە ئەگەر شاهید بن لەسەر وەسییەکان؛ چونکی شایەت سوێند نادرێ هەرچەند موتەهەم بن. بەڵێ حەزرەتی عەلی ﵁ فەرموویەتی: ئەگەر شایەت موتەهەم بێ سوێند ئەدرێ، وە ئەگەر ئەو دوو کەسە ئەوانە بن کە بوون بە وەسی

و کابرای نەخۆش وەسیەتی بۆ کردوون ئەوە دروستە سوێند بدرێن، بە تایبەتی لە کاتی توهمەتا؛ چونکی ئەسڵ مانەوەی ماڵی کابرای مردووە بۆ میراتبەرەکانی مادام ئەم دوو وەسییە ئەڵێن کابرا ئەوەندە ماڵی خۆی داناوە بۆ فلاّن کەس یا بۆ فلاّن جیهەت دروستە میراتبەرەکان سوێندیان بدەن، جا کاتێ خیانەتیان دەرکەوت و شاهیدی خاریجیش نەبوو بۆ ئیسباتی راستی ئەوان لەم کاتەدا سوێند ئەکەوێتە لای میراتبەرەکان؛ چونکی ئەسڵ ئەوەیە حەقی غەیر بەو میراتەوە نەبێ.

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا عِلْمَ لَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١٠٩﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! باسی ئەو رۆژە بکە کە خودای تەعالا پێغەمبەرەکانی تێدا گردئەکاتەوە و بە جیلوەی خودایەتی خۆی پڕتەو ئەدا و پرسیاریان لێ ئەکا: بە چ جۆرە جوابدانەوەیە لە لایەنی ئوممەتەکەتانەوە جوابتان درایەوە؟ بە جوابدانەوەی قەبووڵ و فەرمانوەرگرتن یاخود بە جوابدانەوەی سەرکێشی و نافەرمانی؟ ئەوانیش لەبەر ئەوە کە یەکەم هەیبەتی خودا داگیری کردوون و زانستی خۆیان لە لادا کوژاوەتەوە، وە دووەم لەبەر ئەوە کە عیلم و زانستی ئادەمیزاد ئیحاتە نادا بە هەموو کردەوەیەکدا گەورە و بچووك، وە سێهەم لەبەر ئەوە کە هەرچی ئەوان بیزانن هەر لە خوداوە وەریان گرتووە و سەربەخۆ دارای زانست نین، جوابیان داوە وتیان: ئەی پەروەردگاری ئێمە! ئێمە لەوانە نین لە حوزووری تۆدا زانستی خۆمان دەربڕین؛ چونکی نمێ لە ئاو بە نیسبەتی دەریای نەبڕاوەوە نیسبەتی نییە و ئێمە ئاگادار نین لە چلۆنی جوابی هەموویان بە ئاگادارییەکی رەسا و هەر شتێ ئێمە بیزانین لە زاتی تۆوە دەستمان کەوتووە، بە راستی تۆ هەر تۆی بە رەسایی زانای بە هەموو رازێکی نهێنی و ئێمە قەناعەت ئەکەین بە زانستی خۆت.

جا پاش ئەوە دەفتەری حسێب ئامادە ئەکرێ و میزانی بیر و باوەڕی هەموو کەسێ لە گەورە و بچووك حازر ئەکرێ، خودای تەعالا فەرمان ئەدا کە هەموو ئوممەتەکان یەکە یەکە لە شوێنی تایبەتیدا ریز ئەکرێن و پێغەمبەری هەر ئوممەتێ لەسەر ئوممەتەکەی ئەکرێ بە موراقیب و لە هەر مادەیەکدا کە بە ناحەق هەرکەس لە هەر ئوممەتێ ئینکاری تاوانێ بکا پێغەمبەرەکەی شایەتی لەسەر ئەدا.

وە لەسەر ئەم تەفسیرە مونافات نییە لە بەینی ئەم ئایەتەدا کە نەفی عیلم ئەکا لە پێغەمبەرەکان ـ سەلامی خودایان لێ بێ ـ وە لە بەینی ئەو ئایەتانەدا کە ئیسباتی ئەوە ئەکەن پێغەمبەرەکان شایەتی ئەدەن لەسەر ئەفرادی ئوممەتەکەیان و پێغەمبەری ئێمەیش شایەتی ئەدا لەسەر راستی شایەتی باقی پێغەمبەرەکان.

﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱذْكُرْ نِعْمَتِى عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا﴾

کە خودا پێغەمبەرەکان گردئەکاتەوە و حسێبی ئوممەتەکانیان ئەکرێ خودای تەعالا بۆ دەربڕینی پایە و مایەی بەرزی رەهبەران بازێ گەورەیی و شەرەفیان لە ناو کۆمەڵی ئەهلی مەحشەردا دەرئەبڕێ.

«من جملة» خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! باسی نیعمەتەکانی من بکە لەسەر خۆت و لەسەر دایکت، چۆن ئەو دایکە مەعسوومە بە حورمەتەی تۆمان گرتە پەنای خۆمان و بە تاعەت و عیبادەتکردن لە بەیتی مەقدیس عیبادەتخانەی خۆما لە باوەشی پووری خۆیا و لەبەر چاودێری یەکێ لە رەهبەرانی پایەبەرزا بەخێومان کرد؟ وە چلۆن بە فەرمانی خۆمان فریشتەی هێمنی خۆمان نارد فووی کرد بە بەرۆکیا هەتا حامیلە بوو بە تۆ و تۆ کەوتیتە ناو عالەمی جیهانەوە و لەو کاتەدا کە لە دایك بووی تۆم تەئیید و تەنویر کرد بە فەیزی

«روح القدس» فریشتەی بەرزی بەڕێزی بارەگای خۆم جوبرەئیلی ئەمین و هێزی وتاری خستە ناو دڵ و دەمتەوە و قسەت کرد لەگەڵ دایکی خاوەن پایەتا و دڵت دایەوە و قسەت کرد لەگەڵ بەنیئیسرائیلیەکانا لەو کاتەدا کە لە بێشکەدا بووی و ریسالەتی خۆتت دەربڕی بۆیان، هەروا لە کاتی «کەهل»یدا فەرمانی خودات گەیاند بە ئادەمیزاد وەکوو کاتی منداڵیت.

﴿وَإِذْ عَلَّمْتُكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە کە خوێندنەوەی نووسراوی ناو ئادەمیزادم نیشان‌دای ئەحواڵ و ئاساری ئەعیانی مەوجوودەم بە ئیلهام و خەلقی عیلمی رەببانی تێ‌گەیاندی و ئەحکامی تەورات فێربووی و ئینجیلم بۆ ناردیتە خوارەوە و کردم بە دەستوور بۆ خۆت و ئوممەتەکەت لە بابەتی بیر و باوەڕ و کردەوە و رەوشتەوە.

﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ بِإِذْنِى فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِى﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە کە بە وەحی و ئیلهامی من تێمگەیاندی هەیکەڵ و قەوارەت دروست ئەکرد وەکوو قەوارەی پەلەوەر بە ئیزن و ئیجازەی من جا فووت پێدا ئەکرد و ئەو قەوراە ئەبوو بە پەلەوەرێکی گیانلەبەری راستەقینە بە ئیجازەی من.

﴿وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِى﴾

وە ئەو کاتە کە کوێری سکوما و ئینسانی بەڵەکت خۆش ئەکردەوە بە ئیجازەی من.

﴿وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِى﴾

وە ئەو کاتە کە مردووت لە گۆڕ دەرئەکرد و بە ئیجازەی من زیندووت ئەکردەوە.

﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١١٠﴾﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە کە مەنعی بەنیئیسرائیلیە سەرکێشە بەدبەختەکانم لێ کردیت و نەمهێشت بتکوژن لەو کاتەدا کە تۆ ئایاتی بەیینات و بورهان و موعجیزاتی خودات نیشان ئەدان کەچی ئەوان لە باتی ئەوە موسوڵمان ببن ئەیانوت: ئەم جۆرە شتانە کە عیسا نیشانی ئێمەی ئەدا جادوویەکی ئاشکرا نەبێ هیچیتر نییە.

﴿وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە کە ئیلهامم کرد بۆ دڵی کۆمەڵێ لە ئادەمیزادی خاوەن بیرورِا و هۆشیار کە لە ئەنجامدا مەشهوور بوون بە «حواری» یانی پەیرِەوانی ساغی عیسا، کە ئیمان بێنن بە من و بە فرستادەی من و یارمەتی دینی خودا بدەن و خزمەتی عیسا بکەن ئەوانیش وتیان ئیمانمان هێنا بە تۆ ئەی خودا و بە پێغەمبەری تۆ کە عیسایە و ئەی پەروەردگار تۆ بزانە، هەرچەن تۆ هەموو شتێ ئەزانی، کە ئێمە موسوڵمانین و ملکەچ و فەرمانبەردارین بۆ تۆ و بۆ فرستادەی تۆ دەی تەوفیقمان بدە بۆ رێگەی راست.

فەرموودەی خودا: ﴿إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ﴾ الآيات.

عەمماری کورِی یاسیر رضي الله عنهما ریوایەت ئەکات لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: کاتێ لەسەر داوای عیسا مائیدە و سفرە هاتە خوارەوە نان و گۆشتی تێدا بوو، ئەمریان پێکرا هیچی لێ هەڵنەگرن بۆ سبەینێ، کەچی خەیانەتیان کرد و لێیان پاشەکەوت کرد، لە تۆڵەی ئەوەدا خودا قاری لێ گرتن و کردنی بە مەیموون و بەراز.

﴿إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾﴾

تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، باسی ئەوە بکە لە کاتی خۆیا حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا لەسەر ئیقتیراحی قەومی بەنیئیسرائیل وتیان: ئایا خودای تەعالا کە پەروەردگاری تۆیە و لە تۆوە ئەم هەموو کارەساتی موعجیزە دەرئەکەوێ، پێی ئەکرێ سفرەیێ لە ئاسمانەوە بنێرێتە خوارەوە بۆ ئێمە کە خورادەمەنی لەسەر بێ؟ وە عیسا پێی فەرموون: لە خودا بترسن و داوای شتێ مەکەن کە لە ئەنجاما ببێ بە هۆی دەردیسەری بۆتان مادام ئێوە ئیمانتان هەیە بەو خودا کە ئێوەی دروست کردووە و منی دروست کردووە و ئەو موعجیزاتە بۆ من دەرئەخا.

﴿قَالُوا نُرِيدُ أَنْ نَأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَنْ قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ ﴿١١٣﴾﴾

ئەوانیش وتیان: ئەمانەوێ لەو سفرە و لەو خورادەمەنییە وا بەسەریەوە بخۆین و دڵمان دابمەزرێ لەسەر ئەوە خودا لەبەر پایەی تۆ نیازی ئێمە بەجێ دێنێ و بە زانستێکی بێگومان بزانین کە تۆ راست ئەکەی لەگەڵ ئێمەدا لە داوای ئەوەدا کە فرستادەی خودای و لەسەر ئەو موعجیزەی مائیدەیشە ببین بە شایەت لە ناو ئادەمیزادا.

﴿قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنْزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِنْكَ وَارْزُقْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ﴿١١٤﴾﴾

جا عیسای کوڕی مەریەم لە خودا پاڕایەوە و فەرمووی: خودایە! پەروەردگاری ئێمە! سفرەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرە و لەگەڵ خورادەمەنییەکی پاکی چاکی ئارەزوو کراوی نایابی وەها کە ببێ بە جەژن و شادی بۆ ئێمە هەموومان؛ ئەوەڵمان و

ئاخرمان، واتە ئەو رۆژی هاتنە خوارەوەی مائیدەیە ببێ بە رۆژی جەژنێکی تەقلیدی لە ناومانا و ببێ بە دەلیلێکی رووناکی گەورە لە لایەنی تۆوە بۆ ئێمە، وە ئەو مائیدە و نیعمەتە بێژمارەکانیترت و سوپاس لەسەر ئەوانە بکە بە رۆزی بۆ ئێمە و دیارە کە تۆ باشترینی رۆزیدەرەکانی.

﴿قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١١٥﴾

خودای تەعالا فەرمووی: ئەی عیسا بە راستی من تکای تۆ وەرئەگرم و دوعاکەت قەبووڵ ئەکەم و ئەو مائیدە ئەنێرمە خوارەوە بۆتان، بەڵام هەرکەسێ لە ئێوە کوفری خودا بکا پاش ئیستیفادە لەو سفرەیە عەزابی ئەدەم بە عەزابێ کە عەزابی کەس وا نەدەم، ئەو عەزابە لە دنیادا بێ یا لە قیامەتا.

لێرەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: ئەم حەواریيانی حەزرەتی عیساعليه السلام بازێ ئەڵێن پێغەمبەر بوون و خودا ئەمری پێ کردوون تابیعی حەزرەتی عیسا ببن، بە گوێرەی ئەم قسە ئایەتی: ﴿و إذ أوحيت إلى الحواريين﴾ لەسەر مەعنای مەشهوورە بۆ وەحی. وە بازێ ئەڵێن پێغەمبەر نەبوون وە بە گوێرەی ئەم قسە «أوحيت» بە مانا «ألهمت» ئەبێ، وەکوو: ﴿و أوحينا إلى أم موسى﴾[1] و ﴿و أوحى ربك إلى النحل﴾.[2] وە ئەم قسە راستە.

دووەم: ئەمەیە ئەم حەوارییانە چ پێغەمبەر بووبن و چ لە پیاوچاکانی ئوممەت بووبن ئەم داوا و رجایانە لە حەزرەتی عیسا بە عیبارەتی: ﴿هل يستطيع ربك﴾ موناسب

١. القصص؛ ٧.
٢. النحل؛ ٦٨.

نییە؛ چونکی شك و گومان لە ئیستیتاعەی خودادا لەسەر مومکینات کوفرە. هەروا جوملەی: ﴿إن كنتم مؤمنين﴾ لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێ پێغەمبەر یا پیاوچاك بووبن. هەروا ئایەتی: ﴿فمن يكفر بعد منكم﴾ چونکی بە گوێرەی ئەوە کە حەوارییەکان پێغەمبەر بووبن تەسەوور ناکرێ کە کافر ببن. وە جوابەکان بەم جۆرەن کە دێن.

یەکەم: سوئال بە ﴿هل يستطيع﴾ لەسەر مەعنای حەقیقی نییە بەڵکوو لەسەر مەعنای مەجازییە و لە جێگەی ئەوەدایە «هل يطمئن ربك قلوبنا بأن ينزل علينا مائدة من السماء؟» چونکی ئەم سوئالە داوای ئیتمینانی دڵەو بەس.


دووەم: «يستطيع» بە مانا «يفعل» بەکارهێنراوە نەك بە مەعنای «يقتدر» وە شك لە توانایی خودادا کوفرە نەك شك لە کردنی کارێ لە کاران.

سێهەم: لە «استطاعة»یە بە مەعنای موناسبی حیکمەتی خودایی لە ناردنی مائیدەکەدا نەك لە ئەسڵی ناردنەکەیدا، واتە: ئایا موافیقی حیکمەتی خۆیەتی ئەو مائیدەمانە بۆ نازڵ بکات یا نە؟

چوارەم: «يستطيع» وا لەسەر مەعنای «يستحب» کە بەرانبەری «يستكره» بەکار ئەبرێ، واتە «هل يحب ربك أن ينزل علينا مائدة؟».

پێنجەم: ئەم پرسیاری حەوارییانە لە لایەنی خۆیانەوە نەبووە بەڵکوو لە لایەنی کۆمەڵێ بووە لە بەنیئیسرائیل کە داوایان لە حەوارییەکان کردووە ئەم موعجیزەیانە پێ نیشان بدا، وە عیبارەتی ﴿هل يستطيع﴾ و ﴿إن كنتم مؤمنين﴾ و ﴿فمن يكفر بعد منكم﴾ بۆ ئەوانە بە کارهێنراون نەك بۆ حەورایيەکان خوا پێغەمبەر بووبن یا پیاوچاك.

فەرموودەی خودا:



لە مەعنادا بەسراوە بە ئایەتی: ﴿إذ قال الله يا عيسى ابن مريم اذكر نعمتي﴾ الآية. کە لە پێشەوە قسەمان لێ کرد واتە باسی ئەوە بکە کە لە ڕۆژی قیامەتا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی عیسای کوڕی مەریەم.

﴿ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾

ئایا تۆ وتووتە بە خەڵك کە ئێوە من و دایکم قەرار بدەن بە دوو خودا و بمانپەرستن وەکوو دوو خودا بێجگە لە خودا هەتا خودا ببێ بە سیان؟!

﴿قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ﴾

ئەی پەروەردگاری عالەم بە تەسبیح و تەقدیسەوە تۆ دوورئەخەینەوە لەوە کە شەریك و هاوڕێت ببێ، وە بۆ من ڕەوا نییە و نابێ کە شتێکی وا بڵێم و وتنی بۆ من دروست نەبێ و ئەو شتە خیلافی حەق و واقیع بێ.

﴿إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ﴾

ئەگەر شتی وام وتبێ بە ڕاستی تۆ ئەیزانی دیارە کە نەم وتووە، وە ئەگەر ئەو مەبەستە لە دڵیشما بووبێ تۆ پێی ئەزانی؛ چونکی ئەزانی بەوەی وا لە دڵی مندا بەڵام من ئاگام لەوە نییە وا لە عیلمی تۆدا.

﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾﴾

بە ڕاستی تۆ زانای هەموو شتێکی نهێنی و ئەسراری دەروونی.

﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾

من پێم نەوتوون ئەوە نەبێ کە تۆ ئەمرت کردووە بڵێم پێیان، ئەوەیش ئەمەیە کە عیبادەت و بەندەیی خودا بکەن کە پەروەردگاری ئێمە و ئێوەیە.

﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ﴾

وە من ئاگادار بووم لە سەریان هەتا لەناویانا بووم و نەمهێشتووە پەیڕەوەکانم قسەی هەڵە بکەن.

﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ﴾

وە لە کاتێکیشەوە کە تۆ منت وەرگرت بۆ شوێنی خۆم تۆ هەر بە تەنیا خۆت ڕەقیب و ئاگادار بووی لە سەریان.

﴿وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾﴾

وە تۆ بەسەر هەموو شتێکدا، بێ گیان و گیانلەبەر، غەیرە موکەللەف و موکەللەف، شاهید و زانای ڕاز و نیاز و خاوەنی دەستەڵاتی.

﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾﴾

جا بەرابەر بە تاوانباری ئەوان ئەگەر عەزابیان بدەی بە ڕاستی ڕەوایە بۆ تۆ؛ چونکی ئەوان بەندە و دروستکراوی تۆن و تۆ پەروەردگار و گەورەی گشتی، ئەتوانی هەموو جۆرە شادیی و ناشادییەك بێنی بەسەر پەروەردەکراوی خۆتا، وە ئەگەر تۆ تاوانیان بپۆشی بە ڕاستی تۆ خاوەن دەستەڵات و خاوەن حیکمەتی لە هەموو کارێکدا لە دوو جیهانا لە ئاشکراو پەنهانا.

﴿قَالَ اللَّهُ﴾

جا لەو کاتەدا کە ئەم پرسیار و جوابە لە بەینی خودای تەعالا و لە بەینی حەزرەتی عیسادا ڕوو ئەدا خودا ئەفەرموێت:

﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ ۚ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ﴾

ئەم رۆژە رۆژێکە کە سوود ئەدا بە راستکاران و راستگۆیان راستییەکەیان و بۆ ئەوان هەیە چەن بەهەشتێك کە جۆبار لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان ئەبن و هەتا هەتایە دەوام ئەکەن لە ناویانا.

﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ﴾

خودای تەعالا رازییە لەوان و ئەوانیش لە خودا رازین.

﴿ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١١٩﴾

ئەم پایە ئەوان پێی‌گەیشتوون پایەیەکی زۆر بەرزە و گەیشتن بەم پایە، گەیشتنە بە پایەیەکی زۆر گەورە.

﴿لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ ١٢٠﴾

جا خوای تەعالا بۆ دەربڕینی گەورەیی خۆی و بۆ ئیعلانی ئەوە کە هەموو رەهبەران و ئەفسەرانی جیهان هەموو وان لەبەر بارەگای تەوانایی ئەوا و بە هیچ جۆرێ هیچ‌کەس رایەی ئەوەی ناکەوێ پەیوەندی ببێ بە جیهانەوە بە بەندەیی خودا نەبێ، وە بۆ دەربڕینی فەسادی عەقیدە و بیر و باوەڕی نەسارا لە داوای خودایی یا تێکەڵی لەگەڵ خوادا بۆ عیسای کوڕی مەریەم و بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم جۆرە قسانە فەرمووی: هەر بۆ خودایە سەرۆکی و پادشایی لە سەر هەموو ئاسمانەکان و عەرز و هەر شتێ وا لە ناو ئەوانا، واتە قەراری گرتووە لەسەریان یا لە ناوەڕۆکیانا، وە خودای تەعالا بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایە و جیهان هەمووی لە دەستی توانایی ئەودایە.

